

دانەر

سوپاس بۆ ك. جەماوەر ئەحمەد بۆ سكان كردنی ئەم كتێبە

# سەرەتا

ئەم نوسراوەی ئیستە لەبەر دەستایە باسی میژوی کورد ئەکا لە زۆر کۆنەوە هەتا ئەمرۆ ، بە دریژی‌و بەپێ‌نوسینکی رەوان ، هەمو ئەو پلەو رووداوانەی بەسەر گەلی کوردا هاتوە ئەیخاتە پێش‌چاو • وەکو هەمو نوسراوێکی‌تر ئەمیش لایەنی تەواو ناتەواوی هەیە •

لایەنی تەواوی زۆر تیایە بەلای منەوە هەرەگرنگیان ئەوەیە کە نوسەر بە هەستێکی نیشتمان پەروەریتی‌یەوە میژووەکەی نوسیوەتەوە ، بەلام ئەم هەستە وای لێ نەکردوە لە رێ لابدات‌و دەمار بیگری‌و لەخۆیەوە رووداو دروست بکات‌و بەخورایی بەشان‌و باهوی نەتەوەو میژوکەمانا هەلدات • لەبەر ئەوە ئەبینن پەتی نوسینی زانستی بەرەللا ناکات ، وە لەو شوینانەی ئەهێنێ ، شانازی ئەکات‌و بەسەریا هەل‌ئەدات وە لە شوێنی تریش پلاری رەخنە ئەهاوێ‌و ئازایانە ئەو نەخوش‌و ناتەواویانە دەست‌نیشان ئەکات کە لەمیژەوە بونەتە هۆی دواکەوتن‌و یەک نەگرتنی میللەتی کوردو نیشتمانەکەی •

لایەنێکی گرنگی‌تریش هەیە ، ئەوەش ئەوەیە ، کە هەتا ئەمرۆ هەرچی لەسەر میژوی کۆن‌و سەدەکانی دوای پەیدابوونی ئیسلامی میژوی کورد ، بەجۆرێکی وەها ئالوزاو نوسراوەتەوە مەگەر پسپورێک سەری لێ‌دەرکات بەلام نوسەری ئەم کتێبە لەبەر ئەوەی ماوەیەکی دریژ مامۆستا بووە توانیویتی ئەم میژووە دورو دریژە بەجۆرێکی وەها رێک‌وپێک بنوسیتەوە کە هەمو خوێندەوەرێک بە ئاسانی تێ‌ی‌بگات‌و روخسارو وینەی کۆن‌و نوێ‌ی میللەتەکەی بەروونی بێتە بەرچاو • هەرلەبەر ئەمەشە ئەمەوێ ئەوە بلێم کەئەم نوسراوە یەکەمین هەولدان‌و بەرهەمە لەم‌لایەنەوە، ئەشێ لەقوتابخانەکاندا بخوینرێت •

رەنگە قورسترین لایەنی ناتەواوی ئەم‌نوسراوە کەسەرنج زۆر

رانەکێشێ ئەوەبێ ، کەنوسەر زۆر بەکورتی لەمێژووی نوێی گەلی کورد دواوە ، بگرە هیچی دەربارەی بزوتنەوەی رزگاری کورد لەکوردستانی عیراق لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە نەنوسیوە • لێرەدا جێی رەخنەو لۆمەیە ، نەک تەنیا لەبەرئەوەی مێژوی نوێی گەلەکەمان وەک ئەو سوتەمەنی‌یە وایە کەئاگری خەباتی رزگاری ئەمرۆی کورد جۆش ئەداو نەک هەرلەبەر ئەوەش ئەومێژوە داستانی بزوتنەوەی رزگاری راستەقینەی کوردە ، بەڵکو لەبەر ئەوەش نوسەر لەو سەردەمە پرلە روداوانەدا ژیاوە وبگرە بەشداری بەشێک لەو روداوانەی کردوە بەتایبەتی سەردەمی بزوتنەوەکانی شیخ محمودی نەمر • لەبەر ئەوە ئەیتوانی زۆر بەدرێژی لەسەرئەو ماوەیە بنوسێ‌و شتی نوێ‌مان زۆر بداتێ • بەمە سامانێکی مێژویی گەورەی لەدەست داین ، چونکە ئەمرۆ پیویستیمان زور بەو باس‌و روداوانە هەیە کەلەدەرون سنگی ئەم‌و ئەودا شاراوانەوەو هێشتا نەخراونەتە سەرکاغەز • ئەوباسانە کە نوسینەوەی هێندەی‌تر کون‌و قوژبنی مێژوی نوێمان بۆرروناک ئەکاتەوە • لەبەرئەوە ئەمە بەهەل ئەزانم کەداوا لەهەمو ئەو کەسانە بکەم شتێک دەربارەی مێژوی نوێمان ئەزانن جا زۆربێ یان کەم بیخەنە سەر کاغەز پێش‌ئەوەی لەگەڵ خۆیانا بیبەنە گورەوە •

دوایی هیوامانە کە بڵاو کردنەوەی ئەم نوسراوە هاندەرێک بێت بۆنوسەری تر چی‌یان هەیە دەربارەی مێژوی کورد بیخەنە بەردەست چونکە میللەتەکەمان زۆر پیویستی هەیە بەشارەزایی لەمێژوەکەی •

دواشت ئەمەوێ بڵێم : کە ئەم کتێبە لە کۆنەوە نوسراوەتەوە ، بێ ئەوەی دەستکاری بکەین ، بڵاومان‌کردەوە • چونکە ئەم جۆرە نوسینە بلەیەکە لە بلەکانی نوسین‌و ئیملای کوردی •

**دکتور کاوس قەفتان**
**بەغدا تابی ١٩٦٨**

# پێش ڕەو

بەدیار چاومانەوە ئیمرۆ دنیای ئینسانیەت لە هەموولایەکەوە مشووری حاڵی خۆی ئەخوات • لەم عالەمەدا هەر نەتەوەیەك لەنیشتمانی خۆیا بۆخۆشیی باشەڕۆژی خەریکی پێکەوەنانی کۆشك و سەرای زیندەگانیی و شارستانی یە ، کەچی بەرامبەر ئەمە ئێمە کولانەیەکمان پێکەوە نەناوەو لەناحیەی زانستیدا بۆ داگیرساندنی چرای هۆشیاری لەمێشکی مرۆڤی نەتەوەکەمانا ، لەمێژووەکەی ( ئەمین زەکی بەگ ) بەولاوە ئەثەرێکی بەنرخی ترمان نەهێناوەتە کایەوە • هەمووشمان ئەمانە ئەزانین و پێی لێ ئەنێین کەلەم ڕووەوە چ کلۆلی یەکمان بەسەر هاتووە • خۆزگە لەناو ئەم عالەمەدا بەتەنیا ئێمە لە کەمتەرخەمیدا ئەوەندە پێشکەوتوو نەبووینایە !

لە زۆر دەمێکەوە مەراقم بوو کە مێژوویەکی میللی بنووسمەوە ، بەڵام لەبەرئەوەی بەتەواوی شارەزای زمانی بێگانە نەبووم تا لە موتاڵای ئاثاری ئەوانەوە ئەوی پێویستە بۆنووسینی مێژوویەکی وەها پەیای بکەم و ئەم ئەتوانی تەقەلایەك بدەم ، چونکە هەموو ئەیزانین کە مێژوونووسین شتێکی ئاسان نییەو ، هەر قسەی وشك کەڵك و مەصڵەحەتی عیلمیی تیانی یە • هەواڵی ڕابوردوو خوێندنەوە ، ئەگەر لەسەر بناغەیەکی ڕاست و دروست نەبێت و وریایی یەکی ئەدەبیی و کەڵکێکی زانستی نەبەخشێت ، چ فائزاجێکی ئەبێ ؟ مادام لەخوێندنەوەی ( مێژوو ) مەبەس ئەوەیە کەڕووناکی یەك بۆ ئەنکار پەیدا بێت و لەتەجرەبەی کۆن بۆ حاڵی حازر کەڵك وەرگیرێت و بۆ وریایی و قایمکاریی باشەڕۆژ خۆحازر بکرێت و ئەمەش ئەبێ لەسەر بناغەیەکی زانیاری و وردبوونەوەیەکی هونەروەری مێژوویی بنیات بنرێت ، ئەنجا ئەو کەڵکە دەسگیر ئەبێ •

کەوابوو بەپێی ئەم تێبینی یانە بۆئەوەی بتوانم مێژوویەکی میللی

بنووسمەوە ، لە چاوەڕوانی کردنی هەڵێك بەولاوە هیچ دەرەتانێکی تر نەمابوو • بەرەکەتدا تێکۆشینی ( ئەمین زەکی بەگ ) نەیهێشت ئەم ئاواتە ببمە گڵەوە • هەرکە مێژووە بەنرخەکەی دەرچوو ئەم فرمانە بۆمن گەلێك ئاسان بوو ، چونکە ئەم پیاوە بزورگەوارە ، ئاثاری تەئریخی، جوغرافیو ئەنثۆغرافیی هەموو نەتەوەکانی ڕۆژاوای نزیکی زۆر بەسەلیقەیەکی زانیارانە پشکنیوەو ، لەکتێبەکانیا ناوی نەتەوەکانی هێناوە ، وە ڕووداوەکانی لەدوای بژاردن بەیان کردووەو لە ئەنجامی کارا گەنجینەیەکی علمیو مێژوویەکی هونەروەریی نەتەوەی ( کورد )ی ئەوتۆی بەرهەم هێناوە کەمانەندی نەبێتو هەر ئەوەی پێ ئەوێ کەلەسایەی موتالاکردنی ئەم گەنجو جەواهێراتی علمیەوە کەسێك بیەوێ مێژوویەکی میللیو بۆقوتابییانی مەکتەب ( مەدرەسی ) بەرهەم بێنێتو بیخاتە کایەوە تاکو پەیڕەوکاری ئەوسەرداری زانستییە بێ ، بەڵکو بەوبۆنەیەوە چرای هوشیار بوونەوەی نەتەوەکەمان لەئاسۆکەی (ئەمەل) دەرکەوێ ؟!

ئەنجا منیش بەهیوای دەس وەشاندنێکی وەهاو ، بەڵام لە ترسی غەڵەت کردن زۆر بەشێنەیی ئەم چەند وەختە خەریك بوومو ، دووەم شەڕی جیهانو حاڵەتی خووی خۆمو مەترسیی دەست درێژیی (دەوری بائید) زۆر دوای خستم ، بەڵام نەبەزیمو لەتەقەلادان دوانەکەوتم، هەتا ئاواتم بەجێ هاتو ئەم نووسراوەم بەرهەم هێنا ، وەبەناوی ( مێژووی نەتەوەی کورد )ەوە ناوم ناو پێشکەشی کۆمەڵی لاوانم کرد •

جا دوایی وتەمو لەیاداشتی ئەم ئەرکەما ئەوپەڕی نیازم ئەوەیە کە لەپێناوی هۆشیار بوونەوەی ( گەلەکە ) ، ئەگەر کەڵکێکم بووبێت ، ئەوەم بەخزمەتێکی ( مەعنەوی ) بۆ حیساب بکرێ خۆم بەبەختیار ئەژمێرم •

**نوسەر**

**سلیمانی ١٦/٤/١٩٥٩**

# سەرەتا

## پەیدابوونی ئادەمیزاد لەسەر زەمین

لەسەر ئەم زەمینە هەندێك تیرە ئینسان هەیە هێشتا بەڕووتی ئەژین ، هیچ هۆیەکی مەدەنی‌یانە نازانن کەبەوهۆیەوە خۆیان بژێنن . نەکشت‌و کاڵ ئەزانن ، نەحەیوان بەخێو کردن . وەك ڕووت وانـــە ، کێوی‌یانـە ئەژین بە ڕاوی حەیوان وەیا بەری دارو درەخت‌و بەرەگیا کۆ ئەکەنەوە ، ئەوە ئەخۆن .

ئەنجا ئادەمیزادەکانی سەر ئەم زەمینە لەپێش پێشا هەموو وەهابوون ، کەس نازانێ باسی ڕابوردوویان چلۆن بووە ، بەڵام کەنووسین‌و خوێندنیان داهێنا ئەوسـا توانی‌یان باس‌و هـەواڵی خۆیـان بنووسن‌و بگێڕنـەوە . لەبەرئەوە مێژوونووسەکان هەواڵی مێژوویی ئادەمیزادیان کردووە بـــە دوو بەشەوە ، ئەوانەی کە نووسینیان نەزانیوە ناویـــان نـاون ئینســـانی ( پێش مێژوو ) ، وە ئەوانەی کە نووسینیان بووەو باسی خۆیان نووسـیوە ئەوانەشیان ناو ناوە ئادەمیزادی ( دەوری مێژوو ) ..

ئینجا ئێمە لەپێشا جارێ باسی ئینسانی پێش مێژوو ئەکەین لـەدوای ئەوە ئەچینە باسی مێژووەکەی خۆمانەوە لەم کتێبەدا ، چونکو وەها نەکەین کتێبەکەمان بەناتەواو دائەنێین ؟!

لە دوای ئەم چەند وتەیە ئینجا سەرەتایەکیش ئەنووسین لـەبارەی مێژووی نەتەوەکەمانەوە .

پێش ئەوەی بچینە ناوەڕۆکی باسەکەمان ، ئەگەر بێتوو لەسەرەتای ئەم کتێبەمانا دەربارەی هەواڵ ونیشتمانی ئێستەی ( کوردان )و سـنووری

ولاتەکەمان زانیاری‌یەك بدەین ، ئینجا دەس بکەین بەگێڕانەوەی مێژووی ڕابوردوومان ، بەوە لەمێژووی نەتەوەکەمان چاکتر تێ ئەگەین .

هەرگایە ڕوانیمانە هەواڵی تەئریخی میللەتانی تر ئەبینین هەموو نەتەوەیەك بۆ ساغ کردنەوەی ڕەگەزی قەومایەتی‌ی خۆی تەقەلای داوەو شتێکی‌پێکەوە نووساندووە . کەواتە ئێمەش بۆ نووسینی مێژووی خۆمان پێویستە وەك ئەوان بکەین .

مادام ئیمڕۆ نەتەوەیەك هەیە بەزمانو کردەوەیەکی تایبەتی‌ی میللی‌ی خۆیەوە ئەژی‌و ناوی ( کورد )ەو لەولاتی نەژادیا لەکاتی پێش مێژووەوە جێگیر بووەو کردوویە بەنیشتمان بۆخۆی‌و تائیستە ئەو ولاتەی پاراستووەو بە ڕەوشت‌و خوو بەزمان جیایە لەمیللەتانی تر ، گومان نامێنێ کەئەمیش وەك میللەتەکانی تر ڕابوردوویەکی هەیەو لەژیانا وەك ئەوان لەگەڵ ژیرەو زوورو ئاڵۆزی‌ی ژیانا جەنگی لێکداوەو خەباتی کردووە .

**دەوری بەرد :**

وێنەی ئالەتی دەستکردی ئینسانی پێش مێژوو ، کە لەئێستەك کردوویەتی . ئەم تاقمە بەردە ڕێك خراوو تیژ کراوانە ئادەمیزادە زۆر کۆنەکان دروستیان کردووەو لەباتی‌ی شەڕیان پێ کردووەو هەندێکیانیان بۆشتی تریش بەکار هێناوە .



**ئادەمیزادی کۆن :**

سێ وێنە ئادەمیزادی زۆر کۆن کە لەسەرزەوین بەینێك ژیاوە ، ئەنجا نەماوە :

١ ـ وێنەی یەکەم ئادەمیزادی هەرەکۆنە لە (جاوە) دۆزراوەتەوەو ناونراوە ( کنثرۆبۆس ) یەعنی جۆرێك لە مەیموون •



١

٢ ـ لە شوێنی ( نیاندرتاڵ ) ناوا لەئەڵمانیا ئەم وێنەیە دۆزراوەتەوە کە لەعێراق‌و جێگای تریشا بینراوە •



٢

٣ ـ ئادەمیزادێك کە بە ( کرۆمانیۆن) ناو نراوە ، دۆزراوەتـــەوە کە لەچاو ئەوانەی لای سەروو ئادەمیزادی هـــەرەتازەیـەو دانراوە بـە ( نەژاد )ی ئادەمیزادی ئیستە •



٣

### دەوری ئەشکەوت :

لەنیوەی دەوری بەردی کۆنا ( نیاندرتاڵەکان ) لەناو بەفرو سەرما خزاونە ئەشکەوتەکان . بەوە ماڵی بوون‌و ترسی درندەشیان لەکۆڵ کەوتووە . ئاگریان ئەسووتان . لەم دەورەدا ئادەمیزاد گەلێک شت فێر بووە ، ڕێک‌و پێک قسەی کردووە ، وێنەی حەیوانانیان ڕەسم کردووە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان کەڕاویان کردون‌و گۆشتیشیان خواردوون . ئەشکەوتەکانی ئەورووپا پڕن لەم ڕەسمانە .



هەواڵنامەی کتێب

### ئادەمیزادی پێش مێژوو :

ئادەمیزاد زۆر درەنگ‌و بەڕێکەوت تووشی ( ئاگر ) بووە . جارێ لێی ترساوە ، توخنی نەکەوتووە . ئینجا کەزانی لێی جیا نەبووەتەوە .

ئادەمیزادی دەوری بەردی کۆن بەڕاو خۆی ژیانـدووە ، چونـکو هێشتا فێری کشتو کاڵ نەبوەو ئاژاڵ بەخێوکردنیشی نەزانیوە •

بەڵام وردە وردە کاسەو کەوچك دروست کردن فێر بووە ، ئەویش لەدوای هەزاران ساڵ سەری گرتووە •



# ئینسانی پێش مێژوو چۆن ژیاوه ؟ [1]

**کاتی پێش مێژوو :**

لەپێش هەموو شوێنێکی سەرزەمینا ( مێژوو ) لە ( عیراق ) و لە ( میصر )دا گوشادبووە ، ئەویش لەسەرەتای سێهەم هەزار ساڵی پێش میلاد بووە ، واتە ئەو کاتە دەس کراوە بەخوێندنو نووسین •

ئینسانی پێش ئەوکاتە شتی بەردەستی خۆی لە ( بەرد ) دروست کردووەو بەجێی هێشتووە • لەو بەردانەوە ئەزانین کە ئینسان لەوێدا ژیاوە • ئەمانە بەردیان تێژ کردووەو کردوویانە بەچەك کە خۆیانی پێ پارێزن • بۆیە زاناکان ئەم دەورەیان ناوناوە ( دەوری بەرد ) • جارێ لەمە زیاتر ئینسان هیچی تری نەزانیوە ، تەنانەت وەکو حەیوانات ژیاوە هەتا نووسین فێربووەو هەواڵی خۆی نووسیوە • بۆیە مێژوو نووسەکان پەیدابوونی نووسینیان داناوە بەسەرەتای تەئریخو پێش ئەوەشیان داناوە بە بە ( دەوری پێش مێژوو ) ، یەعنی داهاتنی نووسین •

ئەنجا دەوری پێش مێژوو زۆر گران کەوتووەتە سەر ئادەمیزادو زۆر بە ناخۆشی ژیاون • بەڕاوی حەیواناتو کۆکردنەوەی بەری دارو درەختو بەرەگیا ژیاون •

ئەم دەوری پێش مێژووە زۆر درێژە ، لەسەدا ، نەوەدو پێنج (٩٥٪)ی هەموو کاتی ژیانی ئینسان ئەگرێتەوە هەتا ئیمڕۆ •

ئەم دەورە بەردینەش کراوە بە دوو بەش ، هەر دەورە بەشتو مەکی تایبەتیی خۆی جیا بووەتەوە ، بەپێی شتو مەکێك کەئینسانەکان

---

(١) ئەم باسە لەکتێبی مێژوویی ( طە باقر ) چاپی پێنجەم وەرگیراوە ، چاپی ١٩٥٦ی م •



هەولێرنامەی کتێب

توانیویانە دروستی بکەن بۆخۆیان ، وە ناونــراون بە ( دەوری بــەردی کۆن ) و ( دەوری بەردی تازە ) •

**دەوری بەردی کۆن :**

لەم دەورەدا مرۆڤ زۆر کێوی بووە ، بۆ ژیان تــەقــەلای داوە ، خواردەمەنی‌ی کۆکردووەتەوە لەبەرەگیاو دارو درەخت ، وە بەشــوێن حەیوانا عەودال بووە بۆ ڕاوکردنی • خۆی هیچ خواردەمەنی‌یەکی پێـک نەهێناوەو دانەنیشتووە لەجێگایەکا • نە کشت‌و کاڵی زانیوە ، نەحــەیوان ماڵی کردن • لەبەر ئەوە ئەگونجێت بەم دەوری بــەردی کۆنـە بڵێین : ( دەوری کۆکردنەوەی خواردەمەنی ) • وە چونکو هێشــــتا بەئاگری نەزانیوە ، خواردەمەنی‌یەکانی بەکاڵی خواردووە •

بەڵام لەدەوری بەردی تازەدا ژیانی ئابووری‌ی ئینسان لـەبنـەڕەت گۆڕاوە ، چونکو فێری کشت‌و کاڵ بووە ، ئاژاڵی ماڵی کردووە ، خانوو بەرەی پێکەوە ناوە ، کاشی‌و کاسەی لەقوڕ دروست کردووە • جاران کە خواردەمەنی‌ی لەکێوان کۆ ئەکردەوە ، ئیستە خۆی خواردەمەنی‌ی پێـک ئـەهێنـا •

**ئینسان لە دەوری بەردی کۆنا :**

سروشت شتی بەکەڵکی بەخشیوە بەئینســـان • مرۆڤ بەزیرەکی‌و زرەنگی خولقاوە ، لەبەر ئەوە چارەی سەختی‌ی ژیانـەکـەی کردووە • هەر بەو هۆیەوە ( نیشتەنیتی )ئی پێکهێناو توانی بەسەر سروشتا زاڵ ببێ • شتی هەرە کۆنی لەبەرد دروســـت کردووە ، پاچی بــەردینی گرتووە بەدەستەوە • لەپاشا گەلێك جۆر ئالەتی چاکتری لەوبەردانە پێکهێناوە • لەخۆیەوە پێویستی تری لێ زیاد کردووە ، ئەمجا توانی بەکێردی بەردین حەیوان سەر ببڕێت ، گۆشت پارە پارە بکات • لەتووك‌و خوری‌ی حەیوان

( جلی ) عادی دروست بکاو بیکاتە بەر خۆی • بەئالەتی بـــەردین داری بڕیوەو ڕەگی دەرهێناوەو لە ( ئیسك ) سووژنی دروست کردووە •

**دۆزینەوەی ئاگرو بەکار هێنانی :**

بەدەگمەن لەسەر زەمین ئاگر بـەر ئەبێتـــەوە • زۆر ئـەگونجێت لەڕێکەوتێکی وەهادا ئینسانی کۆن زانیبێتی کە ئاگر هەیە • ئەنجا ئینسـان تێ گەیشتووە کەشتێکی باشە ، تێکۆشاوە هەتا فێربووە ئاگری کردووەتەوە، وە لەوە زۆر قازانجی دیوە • ئێستەش عەشایرە پاشکەوتووەکان دار لەیەك ئەخشێنن ئاگر ئەکەنەوە ••

لەدوای فێر بوون ئینجا ئینسان خۆی بـەئاگر گەرم کردووەتەوە ، چێشتی پێ لێناوە ، لەدەوری دانیشتوون ، لەم کۆمەڵایەتی‌یانەوە گەلێك شت فێر بوون ، پێکەوە دانیشتن و قسەکردن ڕێگای بۆ کرایەوە ، زمـان و قسەکردن پێش کەوت •

**سەرو شوێنی ئادەمیزادی کۆن ( بینە ) :**

ئینسان لەدەوری بەردی کۆنا زۆر بەسەختی ژیاوە ، بـەمەینەتـەوە تێکۆشاوە تا لەناو نەچێت •

جگە لەسـەرو شوێنە بێ‌فەڕەکەی ، دڕوندەی زۆر بەهێزیش دوژمنی بووە• کەرکەدەن ، فیلی ماموث ، ئەسپی ڕووبار ، پۆلە گاکێوی‌ی دڕوندە، ورچ و شێر ، لەدەوری ئەشکەوتەکانا پەلاماری ئینسـانیان ئـەدا • وادەرئەکەوت کەئینسان دەرەقەتی ئەم جانەوەرانە نایەت ، کەچی لەسەر ئەوەشا ئادەمیزاد بەهۆی تواناکانیەوە توانی لەناو ئەم کێوی‌یانە دا خۆی بژێنێ بەڵکو بەسەریشیانا زاڵ بێت •

**دەوری بەستەڵەك :**

لەم کاتی پڕ مەینەتی ئینسانەدا سەرزەمینیش تووشی ( ســـەهۆڵ

بەندان ) بووە ، لەدوای سەرمایەکی بێ ئەندازەدا بەفرێکی زۆر باریبوە ، بووەتە سەهۆڵ بەندان • باکووری ( ئۆراسیا )ی گرتووەتەوە هەتا (٤٠°) دەرەجە عەرضی شیمالی ، وە لەئەورووپادا هەتا شاخەکانی ( ئالب ) هاتووەو ئەمریکای شیمالی‌یشی داپۆشیوە •

ئینسانەکان لەتاوانا بەرەو جونووب ڕایان کردووە ، خزاونەتە نـــاو ئەشکەوتەکانو ئەوجێگایانە کە خواردەمەنی‌یان تیا دەس کەوێت • ئـــەم سەهۆڵ بەندانە بۆتە جاروبار ، ساڵەهای ساڵ بەفر باریوە ، ئەمجا خۆشی کردووەو بەفر کشاوەتەوە • ئەم جۆرە دەورە گەلێک جار تـەنـانــەت

دووبارە بووەتەوە ، بەهەزاران ساڵ ( مەناخ ) بەم جۆرە ڕۆیشتووە• لەخۆشی‌یەکانا ئینسانەکان لەئەشکەوت دەرپەڕیون خۆیان خستووەتـــــە بەرهەوا • کە سەهۆڵ بەندان ئەهاتەوە لەئەفەریقاو خۆرهـــەڵاتی نزیکدا باران بارین زۆر ئەبوو ، تەنانەت لەعەرەبستانو چۆڵەکانی ئەفەریقا شـــا باران زۆر باریوە •

لەکاتی سەهۆڵ بەندانی ئەورووپادا کە خۆشانی دەستی پێ ئەکرد ، لەخۆرهەڵاتا دەوری وشکانی پەیـدا ئـەبوو • ئێمە ئێستە لەدوا دەوری وشکانی خۆرهەڵاتی نزیکدا ئەژین •

**هەوالی کۆمەلایەتی ئینسان :**

لای سەرەوە وتمان ئینسان لەدەوری بەردا زۆر بەشپرزەیی ژیاوە• لەئەوەلەوە زۆر کێوی بووە ، لەدوایدا بەرە بەرە لەحاڵەتی کۆمەڵایەتیدا ڕووی کردووەتە چاکی ، چونکو سروشت توانای داوە بەئینسان • ئـــەم دەورەش زۆر درێژ بووە ، بە دەهەزاران ساڵی پێ چووە هەتا ئێســـتە • جا ئەوشتو مەکانەی بەجێ ماوە بەراورد کراوەو بەپێی توانایـان جیـا کراوەتەوە بەدووبەش :ـ

١ ـ دەستە شتی هەرە کۆن کەناقۆلاو نــاڕێکە ، دانراوە بـەهی ئینسانی دەوری بەردی هەرەکۆن • ئەو جۆرە ئادەمیزادانە لەناوچووە ، بەلام ئیسکی ناولەش و کەللە سەریان دۆزیونەتەوە • ئەمە وەهـا نیشـان ئەدات کە لە ڕەسەنی ئینسانی ئیستەنین ، بەلکو بەپێی تەرتیبی لەشـیان لە ( مەیموون ) ئەچن • لەبەر ئەوە بەم بەشی دەوری بـەردی کـۆنی ئینسانە ئەڵێن : « عەصری ئینسانی کۆن » •

٢ ـ ( نیاندرتاڵ ) :

لەو جۆرە ئینسانەی کە لەناوچووە بەشێك هەیە ( نیاندرتاڵ ) یـان پێ ئەڵێن بەناوی جێگا دۆزراوەکەیەوە • هەوەڵ کەڕەت لە ( ئەڵمانیـا ) ناو نراوەو لەپاشا لە ( فەلەستین )و لە ئەشکەوتەکانی ( زەرزی )و لـــە ( هەزارمێرد )یش لە ( سولەیمانی ) نیشانەیان دۆزراوەتەوە • هی ئـەم نیاندرتاڵانە دەرکەوتووە کە لەم جێگایانەشا ژیاون •

بەلام بەشی دووەم لەدەوری بەردی کۆن ، لەوێدا ئینســـان خـۆی پێش خستووە ، ئالات و شتە بەردینەکانی جوان ڕێـك و پێـك کـردووەو لەجاران زۆر چاکتر دروستی کردوون وشتی تریشی خستووەتە ســـەر لەئیسك و لەدار ، وەکو : دەرزی و سووژن و دارەسمە ( مثقب )و دەسك و باج و بێڵ و نەخش و نیگارو وێنە کردن فێر بوون • لەئەشکەوتەکانا کـــە پەنا گای ئینسانی ئەوکاتە بووە ڕەسم و نەخشی ڕەنگاوڕەنگیـان کردووە ، لەمانە زۆر دۆزراوەتەوە کەهونەری ئینسانی ئەوکاتە نیشان ئەدا زۆرتــر ڕەسمی ئەو حەیوانانە کراوە کە ڕاویان کردوون و گۆشــــتەکەیان خواردوون •

لەم چەرخەدا ئینسان هەنـدێك ( بـیرو باوەڕ )ی پـەیـدا کردووە ، لەڕەسمەکانا ئەم تەرحە حاڵە ئەبینرێت • وەها دیارە ســـەرەتای ( ئایین ) لێرەوە دەس پێ ئەکات • وە هەروەها لەم دەورەدا ( مت و مووروو )وشانە

پەیدا بووە • لەگەڵ شتەکانی لای سەرەوودا ئەمانەش دۆزراونەتەوە • لەم چەرخی بەردی کۆنەدا گەلێك جۆر ئینسان پەیدا بووە کەلەگەڵ ئینسانەکانی پێشووترا جیاوازن ، چونکو زۆرتر دێنەوە سەر ئینسانەکانی ئیستە •

هەندێ زانا ئەڵێن ئەمانە لەخۆمانن • لەبەر ئەوە ئەم چەرخە لەدەوری بەردی کۆن ناونراوە ( دەوری ئینسانی تازە ) وە یا ئینسانی قامیدە • بەوە جیا کراوەتەوە لەئینسانی عەصری یەکەم •

**دەوری بەردی تازە :**

لەوەپێش وتمان ئەوی ( دەوری بەردی کۆن ) جیا ئەکاتەوە ئەوەیە کە ئینسانی ئەوحەلە بەسەر زەمیندا گەڕاوە خواردەمەنیی پەیدا کردووە، چونکو هێشتا هیچی نەبوەو زانیوە ، واتە ڕاوکەر بووە •

بەڵام لەئاخریو ئۆخری دەورەکەدا بەسایەی دروست کردنی هەندێك شتو مەکەوە حاڵی ئینسان لەبناغەوە گۆڕاوە ، چونکو ئیتر شتی بەدەستی خۆی ئەکرد ، بۆیە ناونراوە ( دەوری بەردی تازە ) ، لەمەولا زەویی بەئالەتی بەردین کێلاوە ، کشتو کاڵ فێر بووە ، بەکۆمەڵ بەرهەمی زەوییەکەی هەڵگرتووە ، ئاژاڵو باڵندەی ماڵیی کردووە ، خانوو بەرەی پێکەوە ناوە ، بەدیار دەغڵەکەیەوە دائەنیشت • لەمانەوە دێهات پەیدا بووە • دوابەدوای ئەمە ئینجا ئینسانەکان خوێندنو نووسینیان دۆزییەوەو چوونە ناو سنووری ( دەوری مێژوو )ەوە •

# کوردستان کوێیە ؟

هەموومان ئەیزانین لەناو میللەتانا واباوە کەئەوجێگاو شـــوێنەی قەومێکی تیا دانیشتبێ دائەنرێ بە (نیشتمان = وطن) بۆ ئـەو نەتەوەیـەو بەناوی ئەوەوە ناوئەنرێ وەکو ئێمە بەزمانی خۆمان بەوڵاتی ( عـەرەب ) ئەڵێین ( عەرەبستان )و بەهی ( تورك ) ئەڵێین ( تورکستان ) • ئەمە وایەو چ سلەمینەوەیەکی تیا نی‌یە ، چونکە شتێکە بۆ هەموان ڕەنگی وا ڕێژراوەو بڕاوەتەوە •

**وتاری تەئریخی :**

لە تەئریخی کۆنی ڕۆژهەڵاتی نزیکا مێژوونووسەکان وگەلێك زانای ئاثار لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی‌یەوانەکان لەبابەت کوردو کوردستانەوە زۆر جار دواون‌و لە مەیانی مێژوودا لە نووسینەکانیـانا لـەگـەلێك جێگادا نزیـك بەناوەکانی ئیستای ناوی کوردیان بردووە وەکو : لە دەورو پشتی سەدەی حەوتەم‌و شەشەمی ( پ.م )دا بەهەندێ نەتەوەی کوردســـتانیان وتووە ( کوردۆ ) وە یا بە ( کاردا ) ، ( کوردۆئەن ) وە یا هەندێك ناوی تـر کە لەمانە بچێ ناویان ناون‌و لەدوو لەوحەی کۆنی دوو هەزار ساڵ پێش میلاددا لە شوێنێکی کوردستانا نووسراو هەیە باسی وڵاتێك ئەکا کـە پێ‌ی وتراوە ( کارداکا ) وە لەدوای ئەمە بەهەزار ســـاڵ لەدەوری حوکمی ( تیغلات پلای زەر )ی شای ئاسووریدا هەر لەسەمتی ئەو وڵاتانەدا کـە وا لای سەرەوە ناوی برا لەشکری ئاسوور لەگەڵ قەومی (کورتی = گۆتی) ناوا جەنگیوە •

بەمانەدا وا دیارە ئەم جۆرە ناوانە لەدەمێکەوە لەکوردستانـا بووە • هەر کەسێك بە چاوی زانیاری لەم ناوانە ورد بێتەوە بێ خۆگرتن ئەڵێت

ئەمانە یەك ناون وهەمووشیان لەگەڵ وشەی ( کورد )دا لە سەرچاوەیەکەوە هەڵقوڵاون[1] ٠

جا وڵاتەکانی لای سەروو کە میللەتەکانیان ناونووس کراون ئەمانەن کە لای خوارەوە ناوەکانیان بەکورتی ئەنووسین :

( دیاربەکر ، بتلیس ، مووش ، وان ، بۆتان ، حەکاری ، شەمدینان، سعرد ، مەلاذگرد ، مەلاتیە ، خەرپووت ، دێرسم ، ئەرزنجان ، کەماخ ، قارس ، نووسیبین )و گەلێ ناوی تری ئیستەیە کـەوا ئیمڕۆش نەتەوەی کوردی تیا دانیشتووە ٠ زانایانی ئاثارو مێژووزانو موستەشریقینی ڕۆژاوا هەموو لەوبیرەدان کە ئەو نەتەوە کۆنانە ڕەگەزو نەژادی کوردەکانی ئیمڕۆن کەوا ئیستە لەو وڵاتانەدا دانیشتوون ٠

لەبەر ئەوە ئەم وڵاتانە بەبێ گومان بە ( کوردستان ) ئەژمێرزێن[2] ٠ بەڕاستی ئەگەر ئیمڕۆ ئێمە بچینە شوێنەکانی لای سەروو کەوا قەڵەمڕەوی جەمهووریەتی ( تورکیا )یەو پێیا بگەڕێین ، کەژوکێو ، دۆڵو دەشت ، ئەشکەوتو قەراغ زێو چەمو شیوەکانی بپشکنین ، ئەبینین لەدێهاتیا زوربەی دانیشتووی ئەو وڵاتانە ، سەدی حەفتا ( ٧٠٪ ) کورد زمانەو خۆیان ئەڵێن ئێمە کوردینو ، باوكو باپیرەشمان کورد بووە ٠ خەڵکی شارەکانیش بەکوردی قسە ئەکەنو تورکی‌یش ئەزانن ٠ لە گەلێ جێو شوێن دا خەڵك هێشتا لەسەر ڕەوشتو خووی عەشرەتی‌ی جاران ئەژی ، نەریتی خێڵاتی‌یان هێشتا ماوە وەك لە ( نەخشە ) قەومی‌یە مێژوویی‌یەکەی

---

(١) مێژووی کوردو کوردستانی ئەمین زەکی بەگ‌ـجەلدی یەکەم٠

(٢) ئەطلەسی تەئریخی عموومیو عوسمانی کە لەچاپخانەی مەکتەبی حەربیەی ئەستانبوول لە چاپ دراوە لە ( ١٩١١م ـ ١٣٢٩ هـ )٠ لە زەمانی حوکوومەتی عوسمانیدا لە خەریتەکانا ( کوردستان ) زۆر نووسراوە ، حاشای لێ ناکرێت ٠

ئەمین زەکی بەگ‌دا ئەبینین ، واتە خەریتە تەئریخی‌یە گشـــتی‌یەکەی ئەمین زەکی بەگ . ئەمانە لە ولاتەکانی ڕۆژ هەلاتی ( ئەنەدولّ ) دا هەتا پالّ ئەدا بە ( ئەسکەندەروون ) و ( ئەدەنە )و ( مەلاتیە ) و ( ئەگین ) و ( سیواس )ەوە سەرتاپا خوار لەو زەوی‌و زارانەدا دانیشتوون .

ئەم ولاتانە لەڕۆژهەلاتەوە خۆی ئەدا لەسەر چاوەی چەمی (یەشیل ئیرماق )و بانی ( ئەرزڕۆم )و شاری ( قارس )و لەسەمتی لای جەنووبـا تاسەر سنووری ( تورکیا )و ( سووریە ) دێت ، کە لەوێـــدا ( کورد )و ( تورك )و ( عەرەب ) ئاوێتەی یەك بوون‌و لەناوچەی ( جزیرە )دا ئەهالی هەمووی ئەبێت بەکورد . بەدرێژایی سنووری عیراق‌و تورکیا خێـلات‌و عەشایرو ئەهالی دێهات‌و شارستان گشـــتی کوردە ، وە لـەڕۆژهـەلاتا لەسنووری ئیران‌دا بەپێەوی لە هەردوو دیوی ســنوورەکـەدا ( عێل‌و خێلاتی کورد ) دانیشتووی دێهات‌و شارو شارۆچکەکانـە . ئـەم هـەموو ( زەوی‌و زاری کوردستانی تورکیا )یـە ئیمڕۆ ئیدارەتـەن تورکەکـان کردوویانە بە ١٩ بەشەوە بەهەریەکە ئەیەژن ( ویلایەت )وهـەریـەکـە ( والی )یەکی خراوەتە سەر ، ئەمانە ئیش‌و کاری ولاتەکە ئەگێڕن ، بـە ئیدارە لەلیواکانی عیراق ئەچن‌و ناوەکانیان ئەمانەیە :

( جۆلە مێرگ . وان . بایەزید . قارس . ئـەرزڕۆم . بتلیس . سعرد . ماردین . دیاربەکر ( ئامەد ) . ئۆرفە . عەین تاب . مەلاتیـە . عەزیز . ئەرزنجان . گمووش خانە . قەرە حەساری شەرق . سیواس . مەرعەش . عوسمانی‌یە ) . لە مانەدا :

لە سیواس‌و قەرە حەسارو گمووش خانەدا کوردو تورك تێکەلاوە . لەوانی ترا زوربەی دانیشتووان کوردەکانە . جا ئەم شوێنانە گشتی بەسەر یەکەوەیەو ، هەمووی ( کوردستانی تورکیا )یە .

بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تورکیا بـەلای جەنووبا هــەر لە دەوامدایە ، بەڵام ئەم پارچەیە ئیدارەتەن بەشی ( عیراق )و نیشـــتمانی کوردە • ئینجا ئەم بەشەش ( کوردستانی عیراق ) وەختە بڵێم دانیشتوانی ئەم کوردستانە گشتی (کورد)ە • لێرەدا کوردەکان بە ( پەیمانی برایەتی ) لەگەڵ ( عەرەب )ی عیراقدا کە لەکوردەکان گەلێـك زۆرتـرن پێکەوە ئـەژیـن •

ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تورکیاش‌و عیراقیش شاخەکانی (زاغرۆس) بەربەستی کردوون • ڕۆژهەڵاتی ئەم زاغرۆســـانە بانی ( ئێران )ە و ئێران داگیری کردووە ، حوکمی ئـەکـا ، بـۆیـە ( کوردســـتانی سێهەم ) ، هەرچەندە ئەم سەرزەمینانە بەهەردوو دیوا ئەرزو ئینســـانی چون یەکە بۆئەوە ناشێت بەش بکرێت • بەڵام ئێرانەکان کردوویانـە ! لە ( سووریە ) شا بەدەم کوردستانی عیراق‌و کوردستانی تورکیاوە هەندێـك ( کورد ) دانیشتووەو لەناو وڵاتەکەشا هەندێك پەرا گەندە بووە ، بـەڵام ناگونجێ بیکەین بە ( کوردستانی چوارەم ) ، واتە ئەقەلیاتە[1] •

---

(١) تەماشای نەخشە ( خەریطە ) تەئریخی‌یەکان بکەن کە بۆ ئەم کتێبە دروست کراوە •

لە دەست نوسەکەدا ئەم نەخشە مێژوویی‌یەمان نەدۆزی‌یەوە •

– ك –

# باسی جوغرافیی کوردستان‌و نه‌ته‌وه‌کانی

ئه‌وی ته‌ماشای نه‌خشه‌ی ئه‌م کتێبه ئه‌کاو بۆ تاقی کردنه‌وه ئه‌چێت‌و به‌ولاته‌کانا ئه‌گه‌ڕێ ، ئه‌بینێت پاڵ به پاڵی جه‌مهوریه‌تی تورك ، له‌ولاته‌کانی عیراق‌و ئێرانیشا میلله‌تی ( کورد )دانیشتووه ، به شێوه‌و زمان‌و ئاینی‌و خوێن‌و پیشه گشتی وه‌ك یه‌ك وه‌هایه • باجێ جێ له‌هجه‌و زمانه‌که‌یان چون یه‌کیش نه‌بێت ، که ڕوانیته بناغه‌ی زمانه‌که‌یان ، ئه‌بینین که جیاوازی‌یان وه‌ك جیاوازی‌ی زمانی عه‌ره‌بی‌ی ( یه‌مه‌ن )و عه‌ره‌بی‌ی ( عیراق ) وه یا تورکی‌ی ( ئه‌سته‌مووڵ )و تورکی‌ی ( ئه‌نه‌دۆڵ ) وایه • ئه‌م ڕه‌وه‌نده ( سیاح ) یه که‌ته‌ماشای نه‌خشه‌کان ئه‌کات و له شوێنی له‌یه‌ك دانی سنووری تورك‌و ئه‌رمه‌نی ئێرانه‌وه که چیای ( ئارارات )ه ده‌س ئه‌کا به ڕۆیشتن ئه‌بینێت ناوچه‌ی ڕۆژاوای کیشوه‌ره گه‌وره‌که‌ی ئێران هه‌تاسه‌ر ( خه‌لیجی فارس ) گشتی کورد زمان تیا دانیشتووه ، هه‌ر له ڕۆژ هه‌ڵاتی ( عه‌ماره )و ( به‌صره ) له سنووره‌کانا عه‌ره‌ب‌و کورد تێکه‌ڵاوه • به‌کورتی ئیستیعمار ڕێی نه‌گرتایه ڕۆژاوای ئێران گشتی به‌کوردستان ئه‌ژمێردرا ••

ئینجا وڵاتی ناوداری کوردستانی ئێرانیش ئه‌مانه‌ن :

له شیمالی ئێرانه‌وه : ( ماکۆ • خووی • سه‌لماس • دیلمان • میان دواو • مه‌هاباد • شنۆ • لاهیجان • موکریان • سه‌قز • ئه‌رده‌ڵان • کرماشان • نه‌هاوه‌ند • سووسته‌ر • لوڕستانه‌کان هه‌مووی به به‌ختیاری‌یه‌وه‌و له‌توڕڕه‌ی خه‌لیجی فارس‌و کارۆن دا وڵاتی له‌ك‌و زه‌ندو ئه‌یلی ) هه‌مووی کورده •

بێجگه له‌مانه به‌شێکی ( ورمێه ) هه‌تا زه‌نگان‌و لای ئازه‌ربایجانی ئێران‌و له ناوچه‌ی ( خوراسان )و ( مازینده‌ران )و ( هه‌مه‌دان ) یشا

ئەقەلیاتی کورد هەیە • وە لە شیمالی گەرووی ( هورمز ) یشدا ناوچەیەك هەیە بەزوربە کوردی تیایەو لەناو ئەمانەدا عێلێکی گەورەو ناودار هەیـە ( شوانکارە )ی ناوە • لە ( سیستان )و ( کرمان )یشدا کورد هەیە • لـە ئێرانا کورد (تەهجیر) کراوە وەك لە تورکیاشا دیسان وەهایان لێ کردوون، بۆیە ئەوەندە بڵاو بوونەوە •

بێینەوە سەر کوردی ( عیراق ) • ڕەوەند ( سیاح )ە کەمان کـــە بەناوچەکانی عیراقا گەڕا ئەبینێت شمالو شیمالی شەرقی عیراق هـــەمووی کورد زمانی تیا دانیشتووە لە ڕۆژاوای ( مووسڵ )دا توڕڕەی ( سنجار )و لەشیمالدا قەضاکانی لیوای ( مووسڵ ) گشتیو زوربەی خەڵکی لیواکـانی ( هەولێر )و ( کەرکووك )و هەموو دانیشتوانی لیوای ( ســـولەیمانی )و ناوچەی ( خانەقین )و ( مەندەلی ) نەتەوەی کوردن • ڕۆژهەڵاتی لیواکانی ( کووت )و ( عەمارە ) کۆمەڵ کۆمەڵ کوردی تیایە •

بەکورتی ، لەبەینی کوردو عەرەبدا ڕیزە شاخی حەمرین ســـنوور دروست ئەکا • ئەمە بەینی شیمالو جەنووب • وە بەینی ڕۆژ هەڵاتو ڕۆژاواش لەلیوای کەرکووکو هەولێرا ( ڕووباری دەجلە ) بۆتە سنوور ، واتە لەم دوو لیوایەدا کوردو عەرەب لەسەر دەجلە بە تێکەڵاوی دانیشتووە، ئەنجا شارو شارۆچکە ناودارەکانی کوردی عیراقیش ئەمانەن :

( زاخۆ • عەمادیە • دهۆك • ئەکرێ • زێبار • سنجار • هەولێر • ڕەواندز • کۆیە • مەخموور • کەرکووك • چەمچەماڵ • گل • شیروانە• سولەیمانی • قەڵادزە • هەڵەبجە • خانەقین • قەرەغان • مـەنـدەلی ) • بێجگە لەو وڵاتانەی لای سەروو کە باس کران کەم تا بێش ( ئەقەلیات )ی کوردی کەش هەیە لە جێگایانی ترا دانیشتووە وەکو لە جەمهووریەتەکانی سۆڤیاتی قافقاس واتــە لەجەمهوریەتی ( ئــەریوان )ی ئـــەرمـــەنیو

جەمهووریەتی ئازربایجان لــە دەوری ( جوان شـیر ، ئاراس ، ئاراش ) گەلێك تیرەو کۆماری کورد هەیە بە ئازادیو سەربەستی ئەژینو بەزمانی کوردی بەنووسینی لاتینی لە قوتابخانەی میللی خـۆیـانـا ئـەخوێنن • لەگورجستانیشا دیسان هەندێك کورد دانیشتووە •

لە دوای ( شۆڕشی دیرسم ) لە تورکیا ، تورکەکان ڕەنگە ملیۆنێك زیاتر کوردیان ( تەهجیر ) پێ کردبێ • لە ولاتەکانی ڕۆژاوای تورکیادا ئەمانەیان بلاو کردووەتەوە ، تەنانەت نایەڵن بە زمانی کوردی قسە بکەن !

لە بلووجستانا هەندێك تیرە کورد هەن ( براخویی )یان پێ ئەڵێن لـــە ناوچەی ( کیلات )دا شوێنێکی گەورەیان کردووە بە نیشتمانی خـۆیـان و تیا دانیشتوون • ئەمانە لەشیمالا چوونــەتــە ( ئــەفغــان )ەوە ، وە لـــە ڕۆژهەلاتیشەوە چوونە هیندوستانەوە • زمانیان وێنــەیەکــە ( کوردی )و ( بلووجی ) تێکەلاوە • بێجگە لەمە لەڕۆژاوای ( هێرات ) لە شـــیمالی ئەفغانیشا کۆمەلێك کورد زمان هەیە •

بێینەوە سەر کوردی ( سووریە ) • لەکاتی ڕابوردوودا تیرەو تایەفەی کورد ڕوویان کردووەتە سووریەو لەکوردستانی تورکیاشــــــەوە بۆی کشاونو ئیستە پۆل پۆل لەهەندێك شوێنی ســووریەدا ئــارام گــربوونو بوون بەنیشتەنیی ئەوێ •

لە ناوچەی ( ئەسکەندەروون )و ( ئەنتاکیە )دا گەلێك کورد هەیــە کە ئەمجارە فەرانسزەکان ولاتەکەیان بەخشین بەتورکیا• لە (ئەلجەزیرە)و لەدەوری ( حەلەب )و لەشیمالو ڕۆژاوای ( حەما )و بەینی ( حومص )و ( تەرابلوسی شام )و لەناوچەی ( حارم )دا ئەقەلیاتی کورد دانیشـتووەو ، لەشاری ( دیمەشق )دا گەڕەکی ( صالحیە ) هەمووی کوردە •

ئەگەر تەماشای مێژووەکەی ( ئەمین زەکی بەگ ) بکەین لە جەلدی

یەکەم‌و جزمی یەکەمیا ئەبینین لەبابەت حاڵەتی جوغرافیایی ئیستەی نەتەوەی کوردو لەبارەی ژمارەی نفووس‌و بەیانی جێگاو شوێنیانەوە ئەم پیاوە بیر بەرزە زۆر ورد بووەتەوە ، بیرو هونەری زانیارانەی بەکـــار هێنـــاوەو تائیستە لەکوردا کەس بەجۆری ئەو هەوڵی نەداوە .

لەبەر ئەو تاڵاوەی کە تورکیا دەرخواردی کوردەکانی ئەداو لەبـەر ئەو دارو فەلاقەیەی تورکیا بۆکوردەکانی داناوەو بەئاگر وئاسن لەگەڵیانا ئەجووڵێتەوە ، ژمارەی کوردی تورکیا ڕوو لەزۆر بوون‌و پەرەسـەندن نی‌یە . لەوێدا تورکەکان بە بیروباوەڕێکی سیاسی‌ی دروست نیشان کراوی خۆیانەوە ئەیانەوێ نەتەوەی کورد بەزۆر لەناوبـەرن وبی‌یان توێننەوەو بی‌یانکەن بە « تۆرك » و هەروەها لەئێرانیشا بیرێکی وەها هەیە ئەیانـەوێ کوردەکانی ئێران بەزۆر یا بەخواهیشت بکەن بە « فورس » . ئەنجـــا سـەرگرتنی ئەم جۆرە کردەوەو بیرو خەیاڵە لەم سـەدەی بیستەمینی پڕ سیاسەت‌و وریایی‌یەدا ئەگونجێ یان نا ، ئەوە دیارو نومایان نی‌یە ، بەڵکو لەمابەینی هەراو هووریای جیهانا لەمەولا ئەمەش ساغ ئەبێتەوە .

ئەنجا لەدوای ئەم موتالاّ تەئریخی‌یانە ئەچینەوە سەر باسەکەی ئەمین زەکی بەگ کە بەم بۆنەیەوە لەبابەت نفووسی تەخمینی‌ی کوردستانەکانەوە وتوویەتی ، بۆ ئەوەی باسی جوغرافیەکەی بەدەستمانەوەیە تەواو بکەین . بەسەر دەرچوونی مێژووی ئەمین زەکی بەگدا سی ـ چـڵ ســـاڵێك ڕابووردووە ، زانستی ئەو کاتەو ئیستا زۆر فەرقی هـەیە ، نفووس زۆر

زیادی کردووه • ئیمەش قایمەی نفووسی ولاتەکانمان بەپێی تەخمینی ئیستە کردووە کە ئەوەتە لای خوارەوە نووسیومانە :

| ولات | ژمارەی نفووسی |
|---|---|
| کوردی ئێران | ٢ ٧٥٠ ٠٠٠ |
| کوردی تورکیا | ٣ ٠٠٠ ٠٠٠ |
| کوردی عیراق | ١ ٧٥٠ ٠٠٠ |
| کوردی سووریە | ٢٥٠ ٠٠٠ |
| کوردی ڕووسیە | ١٣٠ ٠٠٠ |
| ئەفغان ، بلووج ، هیند ، پاکستان | ٣٠٠ ٠٠٠ |
| | ٨ ١٨٠ ٠٠٠ |

# هەڵکەوتی سروشتیی مەڵبەندی کوردستان و ، تەئثیر کردنی لە گیانی کوردا

پێویست نی یە لێرەدا لەسەر باسی چۆنیەتیی زەوی و زاری کوردستان دوور و درێژ قسە بکرێ ، چونکو لەوە زیاتر بێت ئەبێ لە جوغرافیادا بنووسرێت • ئەوانەی شارەزای علمی نهۆم ( طبقات )ی ئەرزن ئەزانن کە ئەم سەرزەمینە کوتووپڕ دیمەن ( شکل )ی ئیستەی وەرنەگرتووە ، بەڵکو لە دوای ملیۆنەها ساڵ و جۆرەها گۆڕین و بەسەرهات ئینجا لەسەر حاڵەتی ئیستەی بۆتەوە ، گەلێ ئەرازی هەیە زۆر جار ژێر دەریای دبوە کە ئیستە وا ئەزانرێ ئەوەتەی خوا دنیای داناوە هەر بەدەرەوە بووە •

ئەگەر بڕوانینە نەخشەی ڕۆژاوای ( ئاسیای نزیك ) ئەبینین لەوێدا کیشوەری ( ئیران )و شوبهی جەزیرەی عەرەبستان و وڵاتی ( تورکیا ) لە هەیئەتی سێ بانی بەرزی پڕ کەژ و کێوا یەکانگیرن • کە باش لە نەخشە ورد بووینەوە ئەبینین وڵاتی کوردستان ئەو شوێنانەیە کە لە مابەینی ئەم سێ کیشوەرەدا پێکەوە نووساوە و شوێنی هەرە بەرز و سەختی ئەم سێ بانەیە •

وازانراوە کە لە سەرەتای پێکهاتن و گۆرانی دەوری چوارەمی دروست بوون و پێکهاتنی زەمیندا ئەم سێ بانە تێکومەکان چووە لەگەڵ دەریاکانی دەوروپشتیا • ئەم ئەرازییانە بە کەژ و هەردو دۆڵ و بانەکانی ئیستەیانەوە ئەو حەلە پەیدا بووە و روخساری ئیستەی وەرگرتووە • ڕەنگە ( تۆفان )یش هەر ئەوسا پەیدا بووبێت •

ڕۆژاوای بانی ئیران بەپێزە شاخی بڵند بەربەست بووە • لە مێژوودا

ئەم کێوانە ( زاغرۆس )ی ناوە کە ئیستە پێی ئەڵێن ڕیزە شـــاخی کوردستان • حاڵی حازر ( خەت )ی باڵای ئـــەم کێوانـــە لە مابـــەینی ( ئێران ـ تورکیا ـ عیراق ) دا بووەتە سنوور بەبێ گیروگرفت لە هـەر سێ لا لە ناو پایە و دۆڵی ئەم کەژ و کێوە بەرزانە دا ئیســـتە نـەتـەوەی ( کورد ) دانیشتووە و ، لە پێش تەئریخەوە لەوێـدا گیریـان خواردووە کردوویانە بە نیشتمان ( وطن ) •

بەدرێژایی سنووری ئێران و تورك بە دیوی ڕۆژاوادا کە موڵـکی تورکیایە ئەرازی دیسان ( بان )ە ، بەڵام بانێکی بەرز و بە کێوی بڵنـد و دۆڵی قووڵی پەل پەل بووی ئەوتوویە کە ئێجگار نارەحەت و مەڵبەندێکی سەختە و هەتا پاڵ ئەدا بە بانی ( ئەنەدۆڵ )ەوە • ئەم بانە بەم سەختی‌یـە ئەکشێت • ڕووباری ( دەجلە ) و ( فورات ) و قۆڵەکانیان لـەگـەڵ زابی گەورە کە بە ( بادینان ) ناوبانگدارە لە ئاوڕێژی ئەم بانانە پەیدا بـوون • دێهات و شار و ئاوایی ( کوردەکان ) لە گوێ ئەم ئاوانە و لە ناو کەژ و دۆڵەکانا دروست بوون • تێکڕا بە گشتی ئەڵێن بانی ( کوردســـــــتانی تورکیـــا ) •

لە مێژوودا هەر چەندە ئەم بانە بەپێی جێگا گەلێك ناوی جیاجیای بووە ، بەڵام مێژوونووسـەکان دیسان لەسەر ( زاغرۆسـەکان ) حیسابیان کردوون و لە هەندێك شوێنیشا بەشی لای ڕۆژاوایان بە (ئانتی تەورووس) ناو ناوە ، ئینجا ئەم بانە بەرزە بە ڕیزە کێوی ( تەورووس ) تەواو ئەبێ و لەوێدا ئەنووسێت بەبانی ( ئەنەدۆڵ )ەوە •

لە بەشی عیراقدا سەرزەمینی کوردستانی عیراق کەوتووەتە ژوورووی وڵاتی عیراقەوە • جا سنووری تورك و عیراق لەوێدا دروست کراوەو خاکی کوردستانی عیراق لەڕووی جۆری پێکهاتنەوە هەر پاشـماوەی خـاکی

کوردستانەکەی تورکیایەو کوتومت لەو ئەچێ ، بەڵام هەر ئەوەندە هەیە ئەوەندەی ئەو سەخت نی یەو لەلای ڕۆژاواشیەوە ( پێدەشت )ی زۆرە •

ئەم دوو پارچە کوردستانە لە ڕۆژهەڵاتیشەوە نووساوە بەسنووری ئێرانەوە • بەمە پارچەی سێهەمی کوردستان یەتە کایەوە •

ئا بەم جۆرە ( ئیمپریالیزم ) لە پێناوی قازانجو سوودی خۆیا خاکی نازداری میللەتێك کوت کوت ئەکاتو ئەیکات بەسێ بەشەوە ، چونکە هاتەسەر سوودی خۆی گوێ نادانە هیچ شتێکی تر •

**بێینەوە سەر دیمەنی بەشی لای ئێران :**

ئەمیش بە سروشت ( طبیعت ) بەرزو شاخستانە • ئەوەندە هەیە ئەم بەشە وەك کوردستانەکەی تورکیا سەختو کووڕو کەم ڕزق نی یە ، بەڵکو ڕیزە شاخی ( زاغرۆس ) کە سنووری ڕۆژاوای ئێرانەو موورگەی پشتی کوردستانە •

بەرزایی بەدیوی ئێرانا زۆر دائەکەوێت بگرە لەدوای هەندێك پەلو تیرە شاخو دۆڵو نزار لە گەلێك شوێنا ئەبێتە پێدەشت •

ئاوی چیا بەرزەکان کە لەدۆڵەکان دەرچوون لەم دەشتو بانە بەرزە نەرمانەدا بۆ ئەهالی ئەبێتە پیتو بەرەکەت • بۆیە سەر زەمینەکانی کوردستانی ئێران ، ئەگەر شۆڕشو هەڵای ناوخۆ بی‌یەڵێت ، بەباخو بێستانو گوڵو لالەزاری کوێستانانو فەلاحەتو کشتو کاڵ ئەبێتە بەهەشتی دنیا • لەسەر ئەوەشا شوێنی سەختو نالەباریشی زۆر هەیە وەك لە وڵاتی ( هەورامان )و تووڕەی ( کرماشان )و لوڕستانو پشت کێودا ئەبینرێت • ئاوی بچووكو ڕووباری سیروان ( دیالە )و ( ئەلوەند )و

( کەرخا )و گەلێك ( چەم )ی تر ، لەم بانانەدا ئەبن‌و ئەڕۆن‌و ئەڕژێنە ( دەجلە )وە •

بەکورتی ، ماوەی کوردستان لە لایەکەوە لە شاخی ( ئارارات )ەوە دەس پێ ئەکا تا ئەگاتە ڕیزە شاخی ( حەمرین ) ـ فەشـقە ـ لـەعیراق ، کەئەمە شوێنی هەرە پانی کوردستانە نزیکەی ۳۰۰ میل پانە • شوێنی هەرە درێژیشی لەتورکیا لە ولاّتی ( مەلاتیە )و ( کەمـاخ )ەوە دەس پێ ئەکـا بەسەر ڕۆژهەلاّتی کوردستانی عیراقدا ئەڕوات ئەچێتە کوردستانی ئێرانەوە ، لەوێ هەموو لوڕستان‌و کێوو کەژی بەختیاری ئەگرێتە ناو خۆی‌و بەسەر ڕووباری ( کارۆن )دا ئەچێتە سەر ( خەلیجی فارس ) ولەوێ ئەبڕێتەوە کە پێوانەی ئەم درێژی‌یەش نزیکی ۸۱۰ میل ئەگرێتەوە •

جا هەڵکەوتی خاکی کوردستان خواکرد بەم جۆرە بە ولاّتێکی سەخت و نالەبارە ئەرك ئەخاتە گیانی دانیشتووە کانیەوە ، سەختی‌و بێ ڕێگاو بانی نەیهێشتووە ئەم دانیشتووانە بنووسێت پێکەوە ، بەڵکو کردوونی بە دوژمنی یەك‌و بەتەبیات بوون بەشەڕانی‌خواز •

ولاّتی سەخت ڕزقی کەم‌و کووڕە ، ئەهالی‌یەکەی هەژارو بێ‌تاوانە• ئەم حاڵەتانە بەئەنجام دوو تەئثیری گیان داری لە ژیان‌و چارەنووسی کوردا خولّقاندووە :

یەکێکیان ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی ولاّتەکەیان سەخت بووە کوردەکان لەناو دۆڵ‌و مێرگ‌و نزاریا بە ناچاری کۆمەڵی وردو دیهاتی بچووك‌و گەورەیان پێکەوە ناوەو تیا ژیاون ، وردە تیرەی ئازاو بەجەرگ‌و بەتاقەت لەناویانا پەیدا بووە ، هۆگری سەربەخۆیی ناوچەیی بوون ، یەکی ئەوەیان کەوتووە کە بتوانن کۆمەڵی زل‌و دەوڵەتێ پێکەوە بنێن کەبچنە

ژێر حوکمی ماقوولانی یەکتری‌یەوە ، بەڵکو بەپێچەوانەی یەک گرتن بە درێژایی مێژوو دەسیان بۆسەر یەکتر درێژ کردووەو چوون بەگژ یەکترا • بیری سوودی گشتی‌ی یەکتریان نەماوەو لە وڵاتەکەیانا بە نەفام‌و نەزان ماونەتەوە •• نەیانتوانیوە خزمەتی خۆیان‌و نیشتمانەکەیان بکەن ، لەبەر ئەوە گەلێک جار تووشی هێرشی جیهانگیرانەی نەتەوە گەورەکان بوون‌و تیا چوون • لەدوای ئەم جۆرە مەینەتی‌یە گەورانە ئینجا دەستیان کردووە بەخەبات بۆ ڕزگار بوون •

دووەم تەئثیریش ئەوەیە کە بێ ڕێگاو بان‌و سەختی‌ی وڵاتەکە نەیهێشتووە ئەقوامی گەورەی هێزدار لەوێدا بحەوێنەوە ، بەڵکو ئەوانەی کە بەتەمای داگیر کردنی بوون نەیانتوانیوە ئارامی تیا بگرن ، چونکو لەلایەکەوە لەبەر فەقیری‌و کەم رزقی‌ی وڵاتەکە لەشکرەکەیان بۆ بەخێو نەکراوەو ، لەلایەکی ترەوە ئەهالی‌یەکەش لێیان کەوتوونە کەژەکان ، شەوو ڕۆژ پەلاماریان داون شپرزەیان کردوون • جا لەبەر ئەمانە جیهانگیرەکان هەر ئەوەندەیان توانیوە کە بەوڵاتەکەدا بڕۆن‌و بۆیان نەگونجاوە تێیدا بمێننەوە • کەواتە سەختی‌و کووڕی‌ی وڵات لێرەدا بۆ کوردەکان بەخێر گەڕاوە ، ئازادی‌و سەربەخۆیی‌یە ناتەواوەکەیان بە درێژایی زەمان بەپارێزراوی بۆ ماوەتەوە •

ئەنجا بەهۆی ئەم هەڵکەوتن‌و سروشتی نیشتمانەوە میللەتی ( کورد ) بەدرێژایی مێژوو ، لەژێر باری ئەو دوو ماددەیەی سەرەوەدا نەیانتوانیوە تەکانێک بدەن‌و خۆیان بترازێنن • زۆر داخێکی گرانە لەجگەردا کەئەم قەومە ساڵەهای ساڵ نەیانتوانیوە لە چوار چێوەی ئەو دەستوورە خۆیان قوتار بکەن‌و ئەو قاوغە بشکێنن‌و لێی بچنە دەرەوە •

# ئاوو هەوای کوردستان

وڵاتی کوردستان بەدیمەن لە شیمالی ڕۆژاواوە بۆ جەنووبی ڕۆژهەڵات درێژاو درێژ هەڵکەوتووە • لەلایەکەوە سەری بردووە بۆلای دەریای سپیی ناوەڕاستو لەوسەریشەوە ڕووی کردووەتە ( خەلیجی فارس ) • وەکو سروشت ( طبیعت ) ویستبێتی واجب بەجێ بێنێت ، وڵاتەکە بگەیەنێتە گوێ بەحر ، کەچی داخی گرانم بەپێچەوانەی ئەم سەودای سورشتی‌یە دانیشتووانی وڵات چونکە بێکارەبوون بەشە واجبی خۆیان نەهێنا ، وەپێویستی‌یەکە بە ناتەواوی مایەوە •

وەکو لەسەرەوە وترا کوردستان درێژۆلکە هەڵکەوتووەو بەشی زۆری کەوتووەتە تورکیاوە • لە ڕۆژاوای ( کەماخ )ەوە بەسەر ( بیتلیس- عیمادیە - سولەیمانی - کرماشان - دیزفول ) دا تاسەر (بەحری فارس)و نزیك ( بەندەر بوشەر ) کە ئەوپەری کوردستانە خەتێك تەصەوور بکرێ هەشتصەدو دە (٨١٠) میل واتە ( ١٤٥٠ کیلۆمەتر ) درێژایی ئەگرێتەوە ، بەڵام پانایی کوردستان بەم جۆرە فراوان نی‌یە ، بەڵکو لە شوێنی هەرەپانیا کە مابەینی ( مووسڵ - فارس‌و بایەزید )ە نزیکەی ٣٠٠ سێصەد میل واتە (٥٠٠) کیلۆمەترەیەکە ، تێکڕا پانایی لە (١٧٠ وە تا ٤٠٠) کیلۆمەتر پانی ئەگرێتەوە •

وڵاتی کورد کەوتووەتە بەینی ٣٠ - ٤٠ دەرەجە عەرضی شیمالی‌یەوە واتە لەخوارەوە بۆ ژووروو ، وە لەڕۆژ هەڵاتەوە تا ڕۆژاوا کەوتووەتە ناوەندی ٣٧° تا ٥٠° دەرەجەی طوولەوە • جا بەم جۆرە کوردستان وڵاتێکی زۆر گەورەو پاکشاوە ، بۆیە ئاووهەوای گشت لایەکی چون یەك نی‌یە • لای جەنووبی لەلای شیمالی گەرمترە ، لەسەر ئەوەشا بۆ ئەوەی تەعریفێکی زۆر نزیك بەڕاست بۆ ئاوو هەوای کوردستان بکەین ،

ئەبێت هەڵکەوتنی طەبیعی ( سروشتی )ی سەرزەمینەکە بخەینە بەرچاو • مادام کوردستان کەمو زۆر هەمووی کەژو کێوو شاخە ، بەپێی قانوونی طەبیعی کە خوا بۆ کەژو کێوی داناوە ، وڵاتەکە لەزستانا ( سارد )و لەهاوینا فێنك وخۆشە • تێکڕا لەسەر نیظامی ئاوو هەوای بەحری سپی ناوەڕاست ئەڕوات • زستانانو نیوەی پایزو بەهار بارانی لێ ئەبارێت • هاوینان و شکەڕۆکە ، بارانەکەی بۆهەموو بابەتە کشتو کاڵێکی مەنطیقەی موعتەدیلە بەش ئەکا • کشتو کاڵی زستانە بەئاوی بارانەو ، هی هاوینە لەسەر ئاوداشتنە • لەدەوری ( زێ )و چەمو شیوەکانی کوردستانا دەشتو ( ڕەن )و کێڵگەی بەبەرەکەت ئێجگار زۆرە • ئەهلەکەی هەرچەندە پەرە بسێنێت دیسان ئەتوانێ بەکشتو کاڵی وڵاتەکەی خۆی تیا بژێنێت • هەر خوائەزانێت لەژێر نهۆم ( طبقات )ی خاکی کوردستانا و لەناو دۆڵو لاپاڵەکانیا چ جۆرە ( کان )و ( مەعدەن )و خێرو بەرەکەتی داپۆشراو هەیەو هەمووشی سەرمۆرە چاوەڕوانی کەوتنەکاری بازووی زانیاریی ڕۆڵەکانی ناو سینەی خۆیەتی کە بییان خاتە کار •

## سەرچاوەی مێژوویی ئەقوام ڕووناك نی یە

ساغ کردنەوەی کانگاو ڕەگەزی نەتەوەیەك شتێکی ئاسان نی یە • لە سەرزەمینا ئیمڕۆ هیچ نەتەوەیەك نی یە بتوانێ داوا بکا کەوا ڕەگەزو بنچینەی خۆی بردووەتە سەر سەرەتای پەیدا بوونی ئادەمیزادو بڵێت نەتەوەی ئێمە لە ( فلان ) هۆزو تایەفەیەو لە فلان شوێنا پەیدا بووەو ئەوی بەسەریانا هاتووە بزانێتو بتوانێ بیگێڕێتەوە • لەبەرئەوە ئەبێ بزانرێت کە سەرچاوەی مێژوویی هیچ قەومێك بەتەواوی ( ڕووناك ) نی یە • کام نەتەوە ئیمڕۆ بەهێزە لەسەر ئەم سەرزەمینەو لە شارستانێتیدا گەیشتووەتە پۆیەی پێشکەوتنو بەرزیو لافی کۆنیەتیی ئەزادی خۆی لێ ئەدا

دیسان ناتوانێت پێچەوانەی قسەکانی لای سەروو لاف لێبداو بەڵگەی عیلمی ی هەبێ بتوانێ بیسەلمێنێ •

ئینگلیز ، ئەڵمان ، فەرانسز ، چین ، عەرەب ، تورك و ئیرانی یەکان هەر کامێکیان بگریت هەموویان تاڕادەیەك ئەتوانن لەبنچینەی نەژادی خۆیان قسە بکەن و کەگەیشتە دوو سێ هەزار ساڵ پێش میلاد ئەبینی ئەکەونە تاریکی یەوە ئەوسا دەس ئەکەن بەڕاوو ڕێوی کردن و بۆ شتێکی پەنهان و نەزانراو بەبیرو بەقەڵەم ئەکەونە تەقەلادان و ئاخری یەکەی تێ ئەفکری گشتی ئەبەستن بە ( ڕەنگە )و ( دووری یە )و شتی وەهاوە •

بەمەڕاقی ئەم باسەوە ئەوی مێژووی ئەقوام بپشکنێت لەهەموو جێ یەکا تەنگ و چەڵەمە تێ ئەکەوێ مێژوو نووسەکان ئەبینێت • کە ئەمەمان بۆ دەرکەوت زۆر داخ بەوەوە ئەخۆین کە بەرەبەیانی مێژوو ئەوەندە ڕووناك نی یە تائینسان بتوانێت لەبابەت ئادەمیزادی کۆنەوە بیرێکی ڕاست و تەواو پەیدا بکات ، چونکە زاناکان ئەڵێن دووسەد هەزار ساڵ زیاترە لەم سەر زەمینەدا ئینسان پەیدا بووە ، بگرە هەندێکیان ئەڵێن پەیدا بوونی ئینسان لەسەر ئەرز پێنج سەد هەزار ساڵە • کەچی خوێندن و نووسین هەمووی شەش هەزار ساڵە داهاتووەو زۆر درەنگ بڵاو بووەتەوە بەناو ئینسانا ، بگرە هەندێك قەوم هێشتا نیوە کێوی یەو خوێندن و نووسین فێر نەبوە ، وە یا بە زمانی خۆیان کتێب و شت نەنووسراوەتەوە •

## کۆچ و ڕەوی ئەقوام مێژووی هێناوەتە کایەوە

کەواتە لەم چەند سەد هەزار ساڵی ڕابوردووەدا ئەبێ ئینسان چۆنی ڕابواردبێت ؟

لە وەڵامی ئەمەدا زاناکان ئەڵێن : هەر کەئینسان پەیدا بووەو پەرەی سەندووە ، لەژێر تەئثیری غەریزەی خۆژیاندنا بۆ سك تێر کردن پۆل

پۆل بەسەر زەمینا سووڕاوەتەوەو ، بەیەکا چووەو بەپێی قانوونی تەقەلای ژیان یەکتریان هێناوە وبردووە یا فەوتاندووە ، وە یــا کردوویانن بــە ( کۆیلە ) و دەست بەسەرو دەستو پێوەندی خۆیان • کەئەم جــۆرە ئینسانانەش لە دواییدا بەکاوو خۆ تێکڕا ئاوێتەی یەك بووەو لەمانە تیرەو تایەفەی تازە تازە پەیدا بووەو وتەو زمانی تازە بەرهەم هاتووە • لەدوای ئەم هەموو ڕووداوانە ڕێکەوتی وەها بووە لەم کاتەدا شەپۆلە کۆچەری تازە هەڵمەتی هێناوە ئەمیش نەماوە وە پاشتە دروست بووەکانی پێشووی تێكو مەکان داوەو هیچی نەهێشتووە • جا مادام بۆ ئەم هــەموو تێــکەو لێکەیە نووسراو نەبێت کە بەڕاستی ڕووداوەکانمان بۆ بگێڕێتەوە ، چۆن ئەتوانرێ شتی زۆر کۆنو ڕەگەزی ئەقوامی هەرە پێشوو بەناوو بەنیشانو جێو ڕێ بەدۆزرێتەوە ؟ بێ گومان هەموومان ئەیسەلمێنین کەئەمە نابێ !

لەدوای ئەم تێبینی‌یە بابزانین ئەو میللەتانەی شارستانیەتی ( مدنیت ) تاڕادەیەکی زۆر لەناویانا بڵاو بووەتەوە ، چۆن باسی نەژادی خۆیــــان ئەکەنو ڕەگەزیان چۆن ئەدۆزنەوە ؟

ئینگلیزەکان ئەڵێن یەك دوو هەزار ساڵ پێش میلاد لە دۆرگەکـانی بەریتانیادا هەندێك تیرەو قەوم دانیشتوون لە جینسو ڕەگەزی ( سەلت ) بوون ناویان ( بریتوون ) بووەو هێشتا لەدەوری بەردا بوون ، مەعدەنیان نەناسیوەو کەسیش نازانی ئەمانەکەیو چۆن هاتوونەتە ئەوێ • لەدوایی‌یا گەلێ تایەفەی تر لەئەورووپاوە بە ( دەریا )دا پەڕیونەتــەوە بــەری دۆرگەکانو تێکەڵ ئەم کۆنانە بوون ، ئەمجا لە فەرەنساوە لێشاوێکی تــر هێرشی بردووەتە دۆرگەکانو داگیری کردووە • ئەنجا ئــەمانە بەرەودوا تێکەڵ بوونو نەتەوەی ئینگلیز دروست بووە !

هەموو قەومەکانی ئیستەی ئەورووپا بۆ دۆزینەوەی ڕەگەزی خۆیان

لەتەعریفێکی وەها وەیا نزیك بەم حیکایەتی ڕەگەزو بنچینەی ئینگلیزەکان زیاتر شتێکی کە ناتوانن بڵێن •

زانستی بنو بنچینەی ئەقوام لە بەری ( ئاسیا ) شدا لەمە زیاتر نی یە وەکو عەرەبەکانیش لەبابەت ڕەگەزو بنچینەی نەتەوەکەی خۆیانەوە ئەڵێن : قەومی ( عەرەب ) لە دۆرگەی ( عەرەبستان ) ا پەیدابووە ، وە بۆ ئەم پەیدابوونەش لە هەندێك سەرگورەشتەو ڕیوایەتی ( سام )و ( نووح ) بەولاوە هیچی تر نازانن و ناتوانن بزانن ، وەکو ئەڵێن :

لە زۆر کۆنەوە لە عەرەبستانا ئەقوام دانیشتووە • ئەمانە لە ( سامی کوری نووح پێغەمبەر ) کەوتوونەوەو بە ناوی ( یعرب ) ناوی سەرۆکیانەوە ناویان بووەتە ( عەرەب ) • کەچی زاناکان ئەم سەرگوزەشتەیە بە شتێکی هیچو پووچ دائەنێنو ئەڵێن عەرەبەکان لە عەرەبستانا پەیدا بوون ، بەڵام کەس نایزانێت چلۆن پەیدابوون وە یا چلۆنو کەی هاتوونە ئەرێ ناویان ناون نەتەوەی ( سامی ) • ئەمانە جاروبار لە عەرەبستانەوە پۆل پۆل هاتوونە دەرەوە وڵاتانی چواردەوری خۆیان داگیرکردووەو حوکوومەتی دەوری ( کۆن )یان هێناوەتە مەیدانو لە دوای هەموویان ئەنجا عەشایری تازەتر کەناویان ( عەرەب )ە کۆچ کۆچ کشاونەتە دەرەوەی عەرەبستان جێگای تایەفەکانی پێشوویان داگیرکردووەو گەلێك سەرزەمینی تر کە سامی یەکانی پێشووبۆی نەچووبوون ئەوانەشیان تێکەوە پێچاوە ، هێندێك نەتەوەی غەیری سامی یش یان تێکەڵاو بووە ، ئەنجامی کار هەموو بوون بە ( عەرەب ) •

ئەنجا بە کورتی حیکایەتی ڕەگەزو بنچینەی ئەقوام هەمووی بەم جۆرەیە •

کەوابوو ( کورد )ەکانیش بەپێی ئەم ڕووداوانە ڕەگەزو بنچینەی نەتەوەی خۆیان ئەتوانن لە ( کوردستانا ) بدۆزنەوە[1] .

## کورد لە کوردستانا پەیدابووە

دیارە لە کوردستانا ئیمڕۆ گەلێ تیرەو نەتەوە دانیشتووە ، وەکو ولاتانی دراوسێی . ئەمانە ( لك )یان لێ‌بووەتەوەو پەرەیان سەندووەو ، زمانی تایبەتی‌یان هەیە قسەی پێ ئەکەن . بەلام زمانەکان هەموو ئەچن وەیا ئەچنەوە سەریەكو نەتەوەکان هەمووشیان بەخوێن‌و سەرو سەکوت‌و ڕوخسارو کردەوەو ( ئایین ) وەك یەك وەهان‌و بەهەمووشیان ئەلێن ( کورد ) . بەمەدا هیچ گومان نامێنێ کە ئەمانیش لە نەتەوەی کۆن بەرهەم هاتوون‌و بەدرێژی‌ی وەخت وەکو نەتەوەکانی‌تر ئاوێتەی یەك بوون‌و لکیان لێ بووەتەوە ..

بەم حیسابە ئەگەر مێژوو زانەکانی کوردیش مێژووی کۆنی نەتەوەکانی ئاسیای ڕۆژاوا پشکنن‌و لەناو هات‌و بڕۆی ئەو خێڵ‌و کۆمارانەی کە لە سەر زەمینەکانی کوردستانا پێکهاتوون‌و تێکەڵ بوون شارەزایی هەڵهێنجن یا لە نووسراوەکانا شتی بەکەڵك بدۆزنەوەو لێکیان بدەن ، ئەو حەلە مێژووی نەتەوەی ( کورد )یش وەك هی نەتەوەکانی‌تر دێتە مەیدان .

ئەگونجێ هەبێ بڵێت نەتەوەی کورد کوا شوێن‌و کردەوەی دیارە . لە مێژوودا ناوی نی‌یە وەیا ڕابوردووی وەهای نی‌یە کە هاوتای نەتەوەکانی‌تر بکا . ئەوسا ئیمەش ئەلێین :

خۆ تەئریخی ئەقوام گشتی وەك یەك ڕێك‌و پێك نی‌یە . نەتەوەی

---

(١) مێژووی عوصووری قەدیمەی ( هنری براستید ) . ( شعوب هندو ئەورووپا ) ص١٣١ ـ ١٣٣

( بەختیار ) هەیە مێژووی قەومی‌یان زۆر بڵندە ، لە پێ گەیاندنی مەدەنیەتە بەرزەکەی ئیمڕۆدا بەشدارە • بێ گومان لاپەڕەی مێژوویان پڕە لە کردەوەی بەرزو خزمەتی گشتی بۆ خۆیانو ئادەمیزاد ، بەڵام زۆر نەتەوەش هەیە ( میرات )ی وەهایان بۆ بەجێ نەماوەو لەم ڕووەوە مایەی تەئریخی میللی‌یان فەقیرانەیە • لەسەر ئەوەشا ئیستە بەنەوەیەکی تایبەتی دانراونو لە ناو ( دەوڵەتان ) ا ناوونیشان دارن ، چونکە ( کەیان ) یان هەیەو هەر لەبەر ئەوەشە مێژووی قەومی‌یان قوبووڵ کراوە ، بەڵام نەتەوەی ( کورد ) ئیستیعمار نەیهێشتووە کەیانی بێت ، بۆیە خۆیو مێژووی قەومی‌یەکەی دەرنەخستووە ، ئەگینا نەتەوەی کوردیش مێژووی خۆی هەیە و مێژووەکەشی مایەدارەو ڕووداوی بەنرخی تیایە • بگرە لەگەڵ دراوسێ ( کەیان ) دارەکانیا پێکەوە خزمەتی مەدەنیەتو ئینسانیەتی کردووە • بێ گومان گەلێك هاووڵاتو هاودین لە ئەقوامی ئیسلام بەسایەی بازووی کوردەوە ڕۆژی تەنگانە سەرکەوتنی تەئریخی‌ی دەس کەوتووە • کەچی ئەو ڕەفیقانە ئەو سەرکەوتنەیان بە بەری ڕەنجو تەقەللای خۆیان داناوەو ناوی ( کورد )یشیان هەر لە کوولەکەی تەریشا نەبردووەو خۆیان نەخستووەتە ئەو دارەتە کە جگە لە خۆیان کەسێ تر بووبێ ئەو شەڕەی بۆ بردبنەوە ، وە یا دەستێکی بووبێ لەو بردنەوەیەدا • هەرچی کوردەکەیە ( کەیان )ی نەبوە بەشە خوێنی ڕژاوی بۆ نەنووسراوەو ناوو نیشانیشی دەرنەکەوتووە •

لە مێژوودا ئاشکرایە کە ( کورد ) بووەتە پەرژینی پایەدارێتی‌ی ئاینی ئیسلام • دەوری ( صلاح الدین )ی ئەیووبی شاهیدی ئەم پایەداری‌یەیە • لەشکرو سوپای صلاح الدینو دەهای حەربی‌ی ئەم سەرداری کوردە نەیهێشت ئیسلامیەتی لە ناو بچێت • پێویستە هەموو بزانین ئەگەر کورد نەبوایە ڕەژیمی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌ی نەتەوەکانی

ڕۆژاوای نزیك ئیسته جۆرێكی‌تر ئه‌بوو ، وه ئه‌نجامی شه‌ڕی صه‌لیب بۆ نه‌ته‌وه موسوڵمانه‌كانی كه‌نار ( ده‌ریای سپی‌ی ناوه‌ڕاست زۆر كوشنده ئه‌بوو[1] ، وه له گه‌لێك زیره‌و ئووروو به‌سه‌رهاتی مێژوویی تردا ، ( كورد ) بووه‌ته هۆی پاراستن‌و نه‌ڕووخانی ( كه‌یان )ی نه‌ته‌وه دراوسێكانی له خوادووی ڕۆژاوای ئاسیای نزیكا ، وه‌ڕژێم‌و قانوونی بۆ ڕاگرتوون وه‌كوو له ( شه‌ڕی سه‌ربه‌خۆیی توركیا ) دا ئه‌بینرێ كه له‌گه‌ڵ ( یۆنان ) ا كرا ، ئه‌وه‌بوو كه كورده‌كان گه‌یشتنه فریای توركه‌كان‌و به‌ركه‌وتیان بۆ ( مسۆگه‌ر ) كردن ، چونكه ئه‌گه‌ر وانه‌بوایه توركیای ( مسته‌فا كه‌مال ) له‌ناو ئه‌چوو .

## نه‌ته‌وه هه‌ره كۆنه‌كانی ڕۆژاوای ئێران‌و ڕۆژهه‌ڵاتی عیراق

ئه‌م ئینسانانه‌ی ئیسته‌ی سه‌رزه‌مین كه به‌هه‌موو شوێنێكا بڵاو بوونه‌ته‌وه ، هه‌ر قه‌ومه شوێنێكی ته‌رخان كردووه بۆ خۆی‌و تیا دانیشتووه ، وه‌نه‌بێت ده‌م‌و ده‌ست له‌خۆیه‌وه په‌یدا بووبێت وه‌یا وه‌ك دارو ڕه‌خت له‌جێیه‌ك ده‌رهاتبێ‌و له‌وێدایه‌ره‌ی سه‌ندبێت ، به‌ڵكو ئه‌م نه‌ته‌وه قامیده‌و به‌ئیمتیازه وه‌ك له‌باسه‌كانی سه‌ره‌وه‌دا بێژرا زۆر به‌نه‌رك‌و به‌ناڕه‌حه‌ت په‌یدا بووه‌و ، هه‌تا گه‌یشتووه‌ته ئه‌م حاڵی ئیسته‌یه جۆره‌ها ئاڵ‌و گۆڕی دیوه‌و له‌كاتی كۆنا به‌كۆچ‌و ڕه‌و بۆ نیشتمانێك گه‌ڕاوه كه‌تیا دامه‌زرێت‌و ئیتر نه‌جووڵێت .

له‌م ته‌قه‌لایه‌دا هه‌ندێك سه‌ركه‌وتووه‌و تاقێكیش تیا چووه‌و نه‌ماوه.. جا سه‌ر گوروشته‌ی كۆنی ئینسان زۆری عیاره‌ته له‌م كۆچ‌و ڕه‌وانه . نه‌ژادی هه‌موو نه‌ته‌وه‌كانی پێشوو ، وه‌له‌ناویاندا نه‌ژادی كوردیش ئه‌مه‌ی

---

(1) حورووبی ئه‌هلی صه‌لیب‌و ده‌وری ئه‌یووبی‌یه‌كان .

دبوە • لەدوای گەلێك سەردە ئەنجا ئەم نەتەوەیەی لێ پەیدا بووە وەکو لای خوارەوە باسیان ئەکرێت : چلۆن عەرەبستان جێی پەیابوونی نەتەوەی ( سامی )یەکان بووە ، سەرزەمینەکانی چواردەوری بەحری (قەزوێن)یش شوێنی جەولانگای عەشایری ( قافقاس )و ( هیندۆ ئەوروپایی ) واتـــە ( ئاری )و ( تورك )و ( مەغوول ) بووە •

عەشایری سامی لەپێش مێژووەوە هەر کە لێی قەوماوە پۆل پۆل عەرەبستانی بەجێ هێشتووەو کۆچی کردووە بۆ دەوری عەرەبستانو لەوێ دانیشتووە • هەر لەبەر پێویستی‌یەکی وەهاش جۆرە عەشایری ( قافقاس‌و ئاری ) لە مێژوودا بەبێن بەبێن نیشتمانی کۆنی خۆیان کە سەرزەمینەکانی گوێ بەحری ( خەزەر ) بووە ، بەجێیان هێشتووەو ڕوویان کردووەتـە ولاتەکانی دەوری خۆیـــانو گرتوویانەو ئەنجا ئەوێیان کردووە بـــە نیشتمانی تازەیان • بەر تەرحە لەدوای چەند پشتێك لەبیریشیان چووەتەوە کە باوكو باپیریان لەجێی دوور بەکۆچ و ڕەو هاتوون ، بەلکو وایـــان زانیوە کەنەژادیشیان هەر لەو ناوەدا خولقاوە •

بەپێی وتەی زانایەکانی جوغرافیا[١] وادیارە لە زۆر کۆنا ئیقلیمی دەریای ( قەزوێن ) وەك ئیستەکەم بارانو چۆڵ تەبیـــات نەبوە ، بەلکو وەك عەرەبستان لەزۆر کۆنا ولاتیکی بەباران بووە ، چوار دەوری بەحری ( خەزەر )یش[٢] وەهابووە • ئەوحەلە ئەم بەحرە لەئیستا گەورەتر بووەو بە دۆلی ( مانیچ ) دا کەوا لەزوور کێوی قافقوەیـە لــەگــەل بەحری ( ئازۆف )و بەحری ( ڕەش ) پەیوەست بووە • ئەوحەلە ئەو ناوە بەپیت‌و بەرەکەت بووە • بۆیە ئینسانەکانی ئەوێ لەو سەردەمەدا بە ئاسوودەگی ژیاونو بە ( ڕەوە ) مالاتیان بەخێو کردووەو پەرەیان سەندووە •

---

(١) جوغرافیای طەبیعیی تورکی ( فایق صبری ) •
(٢) تەئریخی عوصووری قەدیمە ( برایستد ) ل ٦ ـ ٧

بەڵام لەدوایی‌دا تەبیعەتی وڵاتەکە گۆڕاوە ، بارانی کەم بووەتەوە ، دەریای ( خەزەر )و دەریای ( ئازۆف ) چوونەتە شکڵی ئیستەیانەوە • جا ئەم حاڵەتە بەشوێن دۆڵەکەی ( مایێچ )ی ئیستەشا دیارەو ئیسباتە ، بۆیە لەدوای مەسەرەدەیە بەرە بەرە ئیقلیمی ئەوناوە تێکچووەو گۆڕاوە بووەتە وڵاتێکی ( دیمەڕۆك )ی ئەوتۆ ئیتر نەتەوەکانی ئەوێ نەیانتوانیوە وەك جاران بەئەرەحی لەوێدا بحەوێنەوە ، بۆیە یەکتری‌یان نارەحەت کردووەو هەڵمەتیان بردووە بۆسەر یەکتر • ئەوی دەرەقەت نەهاتووە جووڵاوە بۆ پەیدا کردنی جێگایەکی تازە • سەبارەت بەمە دەس کراوە بەکۆچ و ڕەو ، ئەوی شکاوە شوێنی خۆی بەجێ هێشتووە • لەوەشا گومان نی‌یە ، نارەحەتی‌و تەعەدا کردنی خێڵاتەکان لەسەر یەکتری ئەگونجێت لەڕووی هەڵمەتی تایەفەکانی ( جینسی زەرد ) لەتورکستان‌و مەغوولستانەوە ڕووی دابێت کە لە ڕۆژهەڵاتی ئەمانا بوون •

ئینجا عولەمای ( ئەتنۆغراف ) ئەم عەشایەرە کۆنانەیان داناوە بە نەژادو ( ڕەگەز )ی ئەقوامی ( ئاری ) وەیا وەك ئەورووپایی‌یەکان ئەڵێن ( هیندۆ ئەورووپایی ) وەیا ( هیندۆ جەرمەن )ی ئیستە • زاناکان ئەڵێن تاقمێك لەمانە ڕووی کردووەتە ( ئەورووپا )ی ئیستەو پێ‌یدا بووەتەوە کەلەئەنجامی کارا نەتەوەکانی ئیستەی ئەوێ‌یان خستووەتەوە کە ( لاتین ، جەرمەن ، سلاو )ەکانە ، وە ئەڵێن هەندێك تیرەو کۆماریش بەرەو جەنووب بۆقافقاس‌و بەرەو جەنووبی ڕۆژ هەڵات ڕۆیشتوون چوونەتە ( هیندوستان )و ( ئێران ) لەوێ خۆیان گرتووەتەوەو کردوویانە بە نیشتمان‌و پێ‌یدا بڵاو بوونەتەوە کەئەمانەش نەژادی نەتەوەکانی ئیستای (هیند ، ئەفغان ، ئێران ، وەکورد)ەکانە ، واتە گشت نەتەوەکانی (ئاری)ی ئاسیای ئیمڕۆ لەوان کەوتوونەتەوە • جارو باریش هەندێك لەم نەتەوە ڕەوەکی‌یانە لە ( دەربەند )ەکانی کێوی قافقەوە هاتوونە خوارەوە ڕوویان

کردووەتە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ( ئەنەدۆڵ )و ڕۆژاوای ( ئێران ) ، بەرە بەرە تێکەڵاوی نەتەوە کۆنەکانی ئەوێ بوون کەلای خوارەوە بەتایبەتی باسی ئەو کۆنانە ئەکەین • بێجگە لەمانە لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا تیرەیەکی کۆن دانیشتووە ( هتیت ـ حت ) یان پێ ئەڵێن کەرەگەزەی ئەمانە هێشتا بنج بەست نەبوە ، بەڵام لەنەتەوە بەناوبانگە کۆنەکانن ، لەپێش هاتنی ئاری یەکان لەناو چوون •

جا زاناکان هەبوویان ئەم مسەوەدەی کۆچو ڕەویان سەلماندووەو عەشایرە کانیشیان بەئەژادی قەومە ئاری یەکان ( ئاسیا )و ( ئەورووپا )ی ئیستە داناوە • تەنانەت هەندێك لەو زانایانە ئەڵێن کۆنەکانی پێشوو کە ( عەیلام ، گۆتی ، کاسی ، لۆللۆ ، سۆباری و ، میتانی )یەکانن • دەستە کۆچو ڕەوی یەکەمین لەپێشی دوو هەزار ساڵی پێش میلادا هاتوون ، خوارو ژوور لە ( زاغرۆس )ە کانا گیرساونەتەوەو لەگەڵ ( سۆمەر )و ( ئەکاد )ـ کانا هاوچاغ بوونو بەشەڕو بەئاشتی ڕایان بواردووە •

مەوجەی دووەم کە ( ماد ، مانای ، پارت ، فارس ، کاردۆخ ، ئەفغانو ، هیند )ەکانن دەستەی دووەم جارنو هەردوولایان ( ئاری )ن • ئەمانیش لەناوچەی بەحری ( خەزەر )ەوە پێش سەدەی ١٠ یەمینی پێش میلاد هاتوون • بەس ماد ، فورسو کاردۆخەکان بۆلای ( زاغرۆس )ەکان هاتوون لای نەتەوەکۆنەکان گیرساونەوە •

ئەم تازە هاتووانە بەئەنجام حاکم بوون بەسەر کۆنەکاناو لەدواییدا تێکەڵو ئاوێتەی یەکتر بوون • جا ( کورد )و ( فورس )و ( هیند )و ( ئەفغان )ی ئیستە لەم ئاوێتە بوونە دروست بووە • ئەم تەعریفە وەها ئەگەیەنێ کە قەومایەتی ی ئیستەی ( کورد )و ( فورس ) بەم دوو مەوجە کۆچەرە بەرهەم هاتووە •

بەڕاستی کە ئەبۆلی مەوجەی دوایی هاتووە ، ئەش تایەفە کۆنەکە هێشتا ماوەو ئەوە زۆر ئاشکرایە کەئەم ئاری یە تازانە تێکەڵ کۆنەکان بووە • زمانی ئێستەی ( هیند ، ئەفغان ، فورس و کورد ) لە دوای تێکەڵ بوون پەیدا بووە • نەتەوە کۆنەکان ( دەور )ی مێژوویی خۆیان بەجێ هێنابوو کە مەوجەی دووهەم هات • هەرچی ( سۆمەر )ەکانە لەپێش تەئریخەوە چوونەتە ( عیراق )و ڕەگەزیان هێشتا ساغ نەبووەتەوە ، وەکەمەوجەی دووەم هاتووە ئەمان نەماون • بەڵام پێویستە ئەوە بزانرێ باعەی ئاوەدانیو خوێندەواریو نووسینی ئەم سۆمەرانە دایان هێناوە لە عیراقا[1] •

بەڵام هێشتا هەموو زاناکان بڕوایان بەم ( نەظەریە )یە نەکردووە ، بەڵام ئەو زانایانەی کە دانەری ( نەظەریە )کەن زۆر ورد بوونەتەوە لە نەظەریەکە ، چونکو ڕاستە ئەبێ نەتەوەکانی مەوجەی یەکەمیش ( ئاری ) بووبن ، بۆیە بەسووکیو ئاسانی گونجاوە ئاوێتە بن ، واتە مەیەتی تێکەڵ بوون سووک ڕۆیشتووە • ئەوکاتە تورکمانی هێشتا پەیدا نەبوە تابڵێین ئەگونجێت تورکمان بووبن •

جا لەبەر ئەوەی هەردوو مەوجەکە شکی تیا نی یە بووەو ئاوێتە بوونەکەشیان ڕاستە ، پێویست ئەبێت ئەحواڵی تەئریخی ی نەتەوەکانی هەردوو ( مەوجە ) بنووسرێت لەمێژووەکەمانا ، چونکە کوردو ئێرانی یەکانی ئەوسا تێکەڵاوی ئەو کۆنانە بوون ئینجا بوون بە ( کورد )و ( فورس )ی ئێستا •

بۆیە ئەبێت بنچینەو ڕەگەزی ئێمە لەوانەوە دەس پێ بکا •

زۆر ئەگونجێت کەشەش نەتەوەکەی لای سەروو لەجینسی سپی

(١) مێژووی ( دوکتۆر شاکیری خەصباك ) ل ٩ ، وە مێژووی ( کوردەکان )ی باسیل نیکیتینو ، مێژووی مینۆرسکی •

بن ، چونکە کەس نالێت و نەی وتووە ئەمانە ( سامی )ن • سەرو سەکوت و قیافەت و زمانیان سامی نەبوەو لەناو زەوی و زارە شـــاخاوی یەکـــەی ( زاگرۆس ) ا ژیاون مەیلی دەشتی یان نەکردووەو لە سەرەتای مێژووەوە هاتوونە ئەوێ • هیچ زانایەك نەیوتووە کە لەپێش مێژوودا تـایـەفـەی مەغوول وەیا تورك هاتووە بەو ناوچەیەدا کـەوابوو ڕێگای تر نی یـە ، ئەمش تایەفەکەی پێشوو ئەگەر ( ئاری ) نەبن ئەبێت ( قافقاسی ) بن •

ئەگونجێت ئەم دەستە ( نەتەوانە ) لەدەوری ( غلاسیە = بەستەلەك ) کەلەشیمالی ( ئۆراسیە )دا ڕووی داوە لە ١٠ هەزار ساڵی پێش میلادا ، لەسەرمانا هەڵاتوون بۆلای گەرمیان و بەئەنجام گەیشتبنە زاگرۆسەکان[١] ، لەپێشەوە ( سۆمەر ) ئەمجا ( عیلام )و لەپاشا ئەوانی تریش گەیشـــتبنە ( زاگرۆس )ەکان لەوێدا وەستاون و دامەزراون ، ئەمجا پێویستە چاوەڕوان بین کەئەمە لەمەولا لای زاناکان ساغ بێتەوە •

## مەوجەی یەکەم :

## دەستە نەتەوەی پێشینان و پەیدا بوونی (عیلام ، کاسی ، گۆتی ، لۆللۆ ، سۆباری ، مێتانی)

ئەگەر بڕوانینە مێژووی ( نەتەوە کۆنەکان )ی ڕۆژهەڵاتی نـزیك ئەبینین لەزۆر کۆنا لەعیراق و دەوری عیراقا هەندێك قەوم هەبوون ناویـان زانراوە ، بەڵام کەس نازانێت ئەمانەکەی هاتوونە ئەوێ و لەو ناوەدا چۆن جێ گیر بوون •

بەڵکو لەگەڵ هەندێك ڕیوایەتا هەر ئەوەندە نووسراوە کەلەسەردەمی هەرە کۆنا لە جەنووبی عیراقا نەتەوەیەکی ( سۆمەر ) ناو هەبوەو عێلاتی

---

(١) تەئریخی عوصووری قەدیمە ( بریستید ) ، خەریطەی عەصری جەلیـد • ل ٦

( عیلام )و ( لۆللۆ )و ( کاسی ) ناویش لەڕۆژهەڵاتی ( عیراق ) لەناو چیاو دۆڵەکانی سنووری ئیستەی ( ئێران )و ( عیراق ) دانیشتوون • دیسان لەناو کەژو کێوەکانی ژووررووتردا لەعیراق دوو تیرە قەوم ( گـوتی )و ( سۆباری ) ناو بلاو بووەتەوەو ئارامگیر بووە کە بەبڕوای هەندێك زانا ئەمانە ( زمان )یان لەیەك چووەو بەڕەسەنیش لەهۆزی ( قافقاس )ەکان بـوون ••

ئەمانە کەنەتەوەی تریان لەپێشەوە نەبیزاوە ئایا چلۆن پەیـدا بوون وەیا چلۆن هاتوونە عیراقو لەڕۆژهەڵاتیا دانیشتوون ؟

لەم باسەماندا خەریکی حەل کردنی سەر گوزەشتی هاتنی ئەمانـەو کردگاریان ئەبین ، چونکە ئەم عەشرەتانە لەگەڵ ڕەگەزو بنچینەی قەومی کوردا پەیوەندیان هەیە ، بگرە ئەتوانین بڵێین کەنەتەوەکانی ( کـورد )و ( ئێران ) بەڕەسەن خوێنی ئەمانەیان تیایەو ، ئیمڕۆ لەم سەرزەمینەدا هیچ نەتەوەیەك نی یە کەتێکەڵاو نەبووبێتو ، تێکەڵاو بوونی ئەقوامە ئەوەنـدە گرفتی تیا نەماوەو ، گەلێك ئەقوام لەیەکا تواونەتەوە ، گۆڕیـان گـوم بووەو ناویان نەماوە • لەمێژوودا ئەمانە دیارن • لەبەر ئەمانە باس لـە مێژووی هەر نەتەوەیەك بکرێ چ قەومێکی تر چ قەومێکیتر تێکەڵیـان بووبێت پێویستە باسی ئەحواڵی ئەوانیش بکرێت ، چونکە پیشەو خولقو کردگارو شێوەی زمان لـەیەکتر وەرئـەگرنو ، نـابێت هیچی بـەنهان بمێنێت •

لەبەر ئەوە باسی تەئریخی گشت ئەو نەتەوانە ئەکەین کـە تێـکەڵ کوردان بوون لەکاتی کۆنا •

# ڕەگەزی نەتەوە کۆنەکانی عیراقو پەیابوونی مەدەنیـەت

زاناکانی جوغرافیا ئەڵێن پێش بیرەوەری‌ی ئادەمیزاد ( خـەلیجی بەصرە ) هەتا ( زووروی ) ( بەغداد ) هاتووە ، یەعنی کێلگــەکانی جەنووبی عیراق کەئیستە دەشتو نەرمانە وەختێ خوی ( دەریـا ) دای پۆشیوە • بەڵام لەدوایی‌دا بەدرێژایی زەمانی قوڕاوی ( ڕووبارەکـان ) ڕژاوەتە گوێ ئەم دەریایە ویڕی کردووەتەوە ، تابەئەنجام شـوێنەکەی بۆتە دەشتو بەجێ ماوە • ئەوشتانەی کە لەشوێنی نەتەوە کۆنـەکـانی خوارووی عیراقا لەقووڵایی زەمینا لەلایەن زانایانی ( ئاثار )ەوە دەرهێنراوە ئەمە ساغ ئەکاتەوەو گومانی تیا ناهێڵێ[1] • لەزۆر کۆنا لە ( دۆرگـەـ جزیرە )ی عەرەبستانەوە عێلاتی ڕەوەکی ڕووی کردووەتە عیراق هەتـا گەیشتوونە سەر ڕووباری ( فورات ) وەیا قـەراغ ( دەریـا ) لـەوێ گیرساونەوەو دانیشتوون ، ئەوسا بەرە بەرە دەسیان کردووە بـە ئاوا کردنەوەی ئەوناوە •

جا عێلاتی ( ئەکەد ) یەکێکە لەوانەو یەکەمینیانە • ئەوسا ( دەریا ) لای ( سەماوە )ی ئیستا بوو • ئەمانە کەهاتن وڵاتەکەیان ( ئـاوەدان ) دی، شاری ڕازاوەو نەتەوەی خوێندەواریان تیادی ، ئەم شوێنە ئاوەدانانە وڵاتی ( سۆمەر )ەکان بوو • ( ئەکەد )ەکان هاتنە شیمالی ئاوەدانی‌یەکـەی لای ( حیللە )ی ئیستە لەسەر فورات وەســـتان لـەژێـر دەوارا لـەگـەڵ سۆمەرەکان لای ( حیللە )ی ئیستەو لەوانەوە فێری نیشتەجێ‌بی بوون ، شاری ( ئەکەد )یان دروست کردو بەگژ سۆمەرەکانا چوون لـە ٢٩٠٠ ساڵ لەپێش مێلاددا •

---

(١) تەئریخی حەضارەی ( طاها ) پاشــا هاشــمی‌و ، مێژووی بریستید ( ل ١٣٥ ) شوعووبی ئاری •

( سۆمەرەکان ) یەکەم کۆماری ئادەمیزادی مەدەنین لەسەر ئەم سەرزەمینە • لەپێش میلادا بە ٣٥٠٠ ساڵو بەڵکو زیاتر ئەم ( سۆمەرانە ) لەناو چیاکانی ئێرانەوە بەهۆی هەر بۆنەیەکەوە بوبێت کشاون بۆ ( عیراق ) بۆ پێی دەشتی هاتوون ، لای ( دەجلە )یان پەسەند نەکردووە چونکە ئاو نەی گرتووەتەوە • ئەمجا پەڕیونەتەوە بۆ سەر ( فورات ) ، لەوێ ئارامیان گرتووە ، خۆیان لەپێش تەئریخەوە هاتوون لەعیراقا داخڵی تەئریخ بوون ، قەومێکی ناوداری بەرزن لە مێژوودا و لە ( مەدەنیەت ) ا ، لەگوێ ( فورات ) دەسیان کردووە بەکشتو کاڵ ، ئاوەدانی‌یان پێکەوە ناوە یەك لەدوای یەك گەلێك شاریان دروست کردووە، هەر شارە حوکومەتی جیاوازی بووە سەر بەخۆ ژیاوە ، دەستووری سیاسەتی ( سۆمەر )ەکان ئەوکاتە وابووە هەر شارە حوکومەتێکی جیاوازی بووە ، لەمێژوودا ناو نراون ( حوکومەتی شاران ) • ئەمانە ناکۆك بوون لەگەڵ یەك • بەئەنجام ئەم جۆرە سیاسەتە بووە بەهۆی لەناو چوونی سەربەخۆیی سۆمەرەکان •

لەمێژوودا پێش هەموو ئەقوامی سەرزەمین ( سۆمەر )ەکان نووسینیان داهێنا ، وە لە ٣،٥٠٠ ساڵ پێش میلادا لە ( وێنە ـ صوورەت )ی شت نووسراویان داهێنا ، لەدواییدا چووە سەر شکڵی ( مێخی ) •

ڕەگەزو ڕەسەنی ئەمانە بەتەواوی ساغ نەبوەتەوە • ئەڵێن ڕەسەنی سپین ، ( سامی )و ( تووڕانی )نین • بەشێك لەزاناکان ئەڵێن ئەمانە کەهاتوونە عیراق هێشتا لەدەوری ( بەرد ) ا بوون ، تازە فێری کشتو کاڵ، وووبوون • لە نووسراوەکانیانا کەدۆزراوەتەوە جینسو ڕەسەنیان نەنووسراوە • خۆشیان نەیان وتووە لەکام ڕەگەزن وەیا لەسەرەتادا لەکوێوە هاتوون • ئەم شوێنانە هیچی دیار نی‌یە •

لەبەر ئەوەی لەپێش هاتنی ( ئاری )یەکانا ئەمانە لەناوچوون لەگەڵ

( ئێرانی )و ( کوردەکان )دا هیچ تێکەڵایەتی‌یان نی‌یە • لەبەر ئەوە دەربارەی ( سۆمەرەکان ) لەمە زیاتر پێویست نی‌یە هیچ بنووسین •

ئەنجا ( شارستانیەتی )ی کۆنی عیراق کە لەمێژوودا بەناوبانگەو زاناکان دایان ناوە بەبنچینەی ( شارستانیەتی - مەدەنیەت ) ، سەرزەمین ئەم سۆمەرانە بناغەیان داناوە ، وە ئەکادە سامی‌یەکانو بەڵکو هەموو ئەو نەتەوانەی تر کە لەسنووری ڕۆژهەڵاتی عێراقا دانیشتوون گشتیان شارستانیەتی‌یان لەم بناغەیە وەرگرتووە •

وەکوو مێژوو ئەڵێت ئینسانی سەر ئەم ئەرزە لەپێشا شارستانی نەبوە• ئادەمیزادی هەرە پێشوو ڕاوچی بووە • خۆیو ماڵو منداڵی بەڕاو ژیاندووە ، لەدوایدا ( ئاژاڵ )ی ماڵی‌ی بەخێو کردووە ، بەگەلەو ڕەوە حەیواناتی بەخێو کردووە کە ئەوەش بەناچاری ئادەمیزادی تووشی ( کۆچەرێتی ) کردووە • بۆ ( حەیوان ) لەوەڕاندن گەڕاوە بەدەشتو دۆڵو کەژو کێوا • لەدوای ئەمە فێری کشتو کاڵ کردن بووە • بەناچاری بەدیار کشتو کاڵەکەیەوە پاسەوانی‌ی کردووە کە لەناو نەچێت • وەقۆخی دروست کردووە بەدیار زەرعەکەوە تیا دانیشتووە ، ئینجا چەند قۆخێکی وەها بۆتە ( دێ )یەك ، بەوە کۆمەڵو دێکانی پەیابووەو لەوەشەوە گەل ، کۆمارو نەتەوەو ( ئاوایی )و شاری گەورە هاتوەتە کایەوە •

وەنەبێ ئادەمیزادی ئەو حەلە هەموو بەیەکجار وەیا لەهەموو شوێنێکا لەیەك وەختا وەیا وەکو یەك بەو پلانی ژیانە ڕۆیشتبن بەڵکو لەشوێنێکا کە ( دانیشتوو ) بووە هەر لەو شوێنەدا یان زۆر لەنزیك ئەوانەوە ( ڕەوەکی )یش بووە • جا لەبەر ئەوە تەقالیدو خوو ڕەوشتو جۆری ژیانو نەریتو هەڵس‌وکەوتیان لەیەك جوێ بووە ، ناحەزی

لەبەینیانا پەیدا بووە • لەبەر ئەمانە لەبەینی ئینسانی کۆنا شەڕو دووبەرەکیو ڕقەبەری هیچ نەبساوەتەوە • دوو بەشە ئینقیلاباتی سەر ئەم زەمینە لەو ڕووەوە بووە •

لە مێژوودا بە هەزاران ئەم جۆرە ڕووداوانە ئەبینرێتو ، ئەو نەتەوانەی هاتوونەتە عیراق دەرەجاتەکانی لای سەرەوەیان هەموو بڕیوە •

هەموو مێژوو نووسو زاناکان ئەڵێن لەپێش هەموو جێگایەکی سەر ئەرز لە ( عیراق )و ( میصر )دا ئادەمیزاد تۆوی ( ئاوەدانیتی ) ڕشتووە ، وەلەوێوە بەسەر زەمینا بڵاو بووەتەوە • هێشتا لەهیچ جێیەك ( ئاسار )ی ئینسانی مەدەنی دەر نەکەوتووە کەبووتری ئەمە پێش بەجێ ماوە کۆنەکانی ( عیراق )و ( میصر ) دروست کراوە • عیراق پێش میصریش کەوتووە • تەنانەت حیکایەتی ( تۆفان ) لەعیراقا دروست بووەو لە ( ئاثار )ەکانیانا نووسراوی وەها هەیە •

لەبەر ئەمانە پێویستە بڕوانینە مێژووی کۆنی عیراق تابزانین لە نەتەوە کۆنەکان کامیان لەگەڵ نەژادو ڕەگەزی ( کورد ) ا تێکەڵیی هەیە بیدۆزینەوەو لە مێژووی کوردا ناونووسی بکەین •

## پەیدابوونی حوکووماتی هەرە کۆنی زاغرۆس

هەتا ئێرە لەحاڵەتی نەتەوە کۆنەکانی پێشووی ڕۆژاوای ئاسیای نزیكو کۆچ کردنەکانیان دواین • لەمەولاش باسی جێ گیربوونو ئارام گرتنو ڕابواردنەکانیان ئەکەین •

وەك لەلای سەرەوە وترا هەرچی نەتەوەی کۆن هەیە گشتی لە عەشایەری یەوە پێگەیشتووەو ، بەدەم حەیوان بەخێو کردنەوە کۆچەرێتی کردووە ، یافێری کشتو کاڵ بووە ئەوسا بۆی دانیشتووە ، وازی لەم هاتو چۆیە هێناوە •

هەموومان ئەوە باش ئەزانین کە ئەگەر یاساو دەستوورو ئەمینداری نەبێت ( کۆمەڵ ) پێکەوە نانووسێ ، وەبۆیە پیاو ماقووڵو هەڵکەوتووی عێلاتی کۆنیش بۆ ڕاگرتنی ( ئەمنیەت )و ئاسایش‌و ( یاسا )ی ناوکۆمەڵ‌و پاراستنی باری سیاسی‌و قازانج‌و کردو کۆشی ناو خۆیان زەمانە فێری کردوون‌و ناچاری کردوون کە ( حوکوومەتی عەشیرەتی ) پێکەوە بنێن‌و بیکەن بەدەستووری ژیان بۆ خۆیان •

بۆیە ئەبینین ئەقوام دەسەڵاتیان داوە بەماقووڵو سەرۆکەکانیان تاکو نیظامیان بۆ ڕاگرن‌و نەیەڵن دەست بۆیەکتری بەرن‌و لەکاتی ترس‌و تەنگانەو مۆلەکەشا بۆ پاراستنی کۆگاکەیان چەکیان هەڵگرتووەو چوونە ژێر ئەمرو فەرموودەی ئەو ئاغا وماقووڵانەیانەوە ، ئەوسا بەگژ ئەوانەدا چوون کە تەماعیان تێ کردوون‌و دەستیان بۆ هێناون وەیا هاتوونە سەر نیشتمانەکەیان •

جائینسانەکانی پێشوو بەم جۆرە توانیویانە ( کۆگا ) ڕێك بخەن‌و موجتەمەع پێکەوە بنێن ، کەئەمانە دروست بووە ( نیشتمان )و هەست ( حس )ی پاراستنیشی هاتووەتە پێشەوە • لەدوای ئەوە بەپێی ئەم دەستوورانە لەخۆیەوە حوکوماتی ( سەرەتایی ) داهاتووەو گەرای حوکووماتی ئێستە دانراوە • کەواتە بەپێی ئەم دەستوورە بابزانین لەعەشایری کۆچەری کۆنی ڕۆژهەڵاتی نزیك کام حوکوومەت پەیدا بووەو چی‌یان بەسەر هاتووە ، یەکە یەکە لای خوارەوە بۆیان نووسین •

## سۆمەرەکان

لەباسەکەی لای سەرەوودا وتمان لەبەر ئەوەی سۆمەرەکان لەپێش هاتنی ئاری‌یەکانا لەناو چوون ، لەم مێژووەدا هیچ پێویستی‌یەکمان بەوە نامێنێت کەباسیان بکەین ، چونکو کوردو ئێرانی‌یەکان ئەمانەیان نەدیوە •

## ١ ـ عیلامەکان :

جەنابی ئەمین زەکی بەگ لەمێژووە نازدارەکەیا تیرە قەومەکانی ( گۆتی ، لۆللۆ ، کاسی ، سۆباری ) داناوە بە ( پۆلی یەکەمینی مەنظوومەی زاغرۆس ) • بێ گومان ئەم زاتە لەدوای وردبوونەوەیەکی زانایانەیە ئەم تەعبیرەی بەکار هێناوە • کەواتە لەو ناوانەدا هەرچی نەتەوەیەك بووبێت پێویستە بخرێتە ئەم ڕیزەوە وەکو ( عیلام )و ( سۆمەر )ەکان بێت ، جینسی ئەمانە هێشتا ساغ نەبوەتەوە • بەڵام بڕیاری زاناکان لەسەر ئەوەیە کە ئەم دوو نەتەوەیە لەڕەسەنی سپین ، چونکو بەشێوەو قیافەت لەوان ئەچن‌و تێکڕا ئەمانە پێکەوە ژیاون ، تەنانەت وڵاتی عیلام لەگەڵ دیاری ( کاسای ، گۆتی‌و ، لۆللۆ )کانا بەجێگاو ڕێگا لەپاڵ یەکا بوون ، جا بەم پێ‌یە ئەبێ گشتیان یەك ( مەنظوومە )بن • بەکورتی وادیارە ئەم عیلامانە لەبنەڤەی هەوەڵ عەشایری زاغرۆس‌و ئەوەتەی بینراون ئەمانە پێکەوە بوون • هاتوونە جەنووبی ڕۆژاوای یانی ( ئێران ) • سۆمەرەکان یاتیرەیەك بوون لەمان‌و جیا بوونەوە چوون بۆ جەنووبی عیراق وەیا عیلامەکان لەدوایی‌یا هاتوون سۆمەرەکانیان دەرپەڕاندووەو خۆیان لەجێ‌ی ئەوان لەسەر ( کارۆن ) دامەزراون ، هەرکامێکیان ڕاست بێت ماددە ناگۆڕێ واتە لەڕەسەنی سپی‌یە کۆنەکانن ، چونکە لە ٣ر٤ هەزار ساڵ پێش میلادا لەوێ بوون کە ( ئاری )یەکان هێشتا نەهاتوون ، زۆر ئەگونجێت عیلامەکان لەمەوجەی ( ئاری )یەکانی یەکەم بن •

ئەم عیلامانە لە توڕڕەی ڕووباری (کارۆن)و ( کەرخا )دا بوون کەوا بریتی‌یە لە سەرزەمینەکانی ( لوڕستان )و فارس‌و پشت کێوو بەختیاری‌ی نیستە •

لەمێژووی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆنا ئەم عیلامانە ناوبانگدارن ، لەگەڵ ( سۆمەر )ەکان هاودەور بوون • ئەوەندە هەیە

وەك سۆمەرەكان پێشكەوتوو نەبوون • لەگەڵ ( ئاژەڵ )دا زۆر خەریك بوون ، لەناو شاخ و دۆڵ و ولاتەكەیانا بە ڕەوە حەیوانانیان ڕائەگرت و بەدەم ئەوەشەوە لەگەڵ كشت و كاڵ كردنا خەریك ئەبوون • نەتەوەیەكی دڕو بەهێزو جەنگی بوون لەگەڵ ( سۆمەر )ەكانا زۆر بەشەڕ هاتوون • گەلێ جار ( سۆمەر )و ( ئەكەد )یان داماڵیوە لەناكاو داویانە بەسەریانا ، شاری ( بابل )و گەلێك شاری تریشیان داگیر كردوون و هەتا بەینێكیش لەژێر حوكمیانا ماوەتەوە ، بەلام شەڕ هەر دەوامی كردووە هەتا عیلامەكان شكاون و دەركراونەتەوە ناو كەژەكانی ولاتی خۆیان •

هەتا ناكۆكی نەكەوتووەتە ناوخۆیان حاڵیان زۆر چاك بووە ، مەملەكەتیان ئاوەدان و ئەهلەكە بەئاسوودەگی ژیاوە ، شارەكانیان ڕازاوەو ڕێك و پێك بووە • پایتەخت شاری بەناوبانگی ( سووز ) وەیا (شەوشەن) بوو • ئەم شارە لە پێدەشتیدا لەسەر ڕووباری ( كاروَن ) نزیك تێكەڵ بوونی بە ( دەریا ) دروست بووبوو • بەتالانی ولاتی ( سۆمەر )و ( بابل ) ئەم پایتەختەیان ڕازاندووەتەوە • كۆشك و سەرای بەرزی تیا كرابوو • ( پادەشی ـ پادشاه ) كانیان لەوێدا ڕایان ئەبوارد • بەكورتی عیلام لە ( ٢/٣٠٠ ) ساڵ زیاتر سەربەخۆ ژیاوەو تا دوایی ساڵی ٦٥٠پ٠م لە ڕەنگی دەوڵەتێكی سەربەخۆدا ماوە ، بەلام لەبەر ئەوەی هەمیشە دەس درێژیی ئەكرد بۆسەر عیراق و لەو كاتەشا ئاشوورییەكان لەعیراقا حوكمیان ڕەوای هەبوو وە لەبرەوا بوون ( ئاشۆر بانیپال )ی پادشای ئاشۆری بەلەشكری قورسەوە داویە بەسەر عیلاما • سۆپای عیلام شكاوە ، شاری ( سووز )ی جوان لەدوای تالان كردن وێرانیش كراوە • ئەمجا كیشوەری عیلام هەمووی زەوت بووەو ئەهالی بەیەخسیر گیراوە • لەوكاتەوە دەوڵەتی عیلام لەناوچووە •

ئەگەرچی ( سووز ـ سەوسەن ) لەزەمانی فارسەكانا دووبارە ئاوا كراوەتەوە ، بەلام ئەمجارە ( شای ئێران ) حوكمی تیا كردووە •

# شارستانیەت (مدنیت)ی عیلام

عیلامەکان لە سۆمەرەکانەوە شارستانیەتی‌و نووسین فێربوون . نووسین بە زمانی خۆیان بووە ، هەندێك نووسراویان بەجێ ماوە . خەتەکەیان لە ( برفاری ) ئەچێت ، بەڵام هێشتا ( حەل ) نەکراوەو نەخوێندراوەتەوە . ئەمانە ( بت ) پەرست بوون ، وایان زانیوە ( ڕۆژ )و ( مانگ ) خوان‌و دەسەدارن خوایەتی ئەکەن .

وادیارە ئەم عیلامانە کەدام‌و دەزگای سیاسی‌یان‌و نەیانتوانی جارێکی تر لەوڵاتەکەیانا بنەوە بەحاکم ، تێکەڵ بە عێل‌و خێلانی بەهێزی ( فورس )و ( ماد ) بوون کەوا دەمێك بوو بە کۆچ‌و ڕەو هاتبوونە خوارووی ڕۆژاوای ( ئێران ) . ئەمانە چاوەڕوانی هەل بوون کە وڵاتەکەی عیلام بخەنە ژێر چنگی خۆیانەوەو بن بە حاکم لەوناوەدا . کاتێك کە عیلامەکان لێیان قەوماو تووشی هەڵمەتی کوشندەی ( ئاشووری‌یەکان ) بوون ، سەرداری عێلاتی ( فورس ) ئەمەی بەهەل دانا چنگی خستە ئیش‌و کاری عیلامەوە ، خۆشیان بووبێت یاترش دەستیان گرت بەسەر کاروباریانا هەتا بۆیان ساغ بووەوە ، وە ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە هەڵگێڕانەوەیەکی مێژوویی قەومایەتی‌ی نوێ کەوتە ئێرانەوە وەك لەمەولا باسی ئەکرێت . لەسەر زەمینی عیلامدا ئێمڕۆ تیرەو تایەفەی ( لوڕ )و ( لەك ) دانیشتووە کەهەردوکیان دوو نەتەوەی ( کورد )ی پەتین .

جا لەباسەکانی دوایی ئەم کتێبەمانا تێ‌ئەگەین کە ئەم دوو عەشرەتە لەو شوێنەدا چلۆن پەیدا بوون .

## ٢ ـ گۆتی‌یەکان :

گەلێك لە ڕۆژهەلات زان « مستشرق »ەکان بەئاشکرا ئەڵێن

نەتەوەی ( گۆتی - کورتی ) بنچینەو ڕەگەزی هەرە کۆنی نەتەوەی کوردە ، وە ئەڵێن ئەمانە گەلێك شوێنی زاغرۆسەکانیان بەدەستەوە بووەو حوکوومەتی وردەلەی سەربەخۆیان تیا بنیات ناوە • بەپێی ورد بوونەوە وموتالای ( ئەمین زەکی بەگ ) خاوەنی مێژووی ( کوردو کوردستان ) لەنووسراوی موستەشریقەکان را دەرئەکەوێ ئەبێ ( گۆتی یەکان ) قەومێکی ئێجگار گەورەی فرەتیرە بووبن وەك :

هەندێکیان لە خوارو ژووری (زێی بچووك)و (ئارارفە - ئارارنجا - کەرکووك ) دا بوون • بەشێکیشیان لەجەنووبی ئەوانا بوون ، چونکە تێکەڵایەتی ی نەتەوەی گۆتی لەگەڵ ( سۆمەر )و ( ئەکەد )و دروست کردنی حوکوومەت لەناو ئەوانا وای دەر ئەخا کە ( گۆتی یەکان ) دوو تاقم بوون :

تاقمێکیان لای ( سۆمەر )ەکانەوە بووە وەیا لەو کاتەدا لەشیمالی عیلامەکانا لای سنووری ئێستەی ( عیراق ) بوون •

کە ( ئەکەد )ە سامی یەکان هاتوونە شیمالی ( سۆمەر )ەکانو لەزەمانی ( سارغۆن )و ( نارام سین )دا بوون بەزۆردارو دەستیان درێژ کرد بۆ دەوری خۆیان ، گۆتی یەکان بزووتوونو کردوویانەتە دوژمنایەتی لەگەڵ ( ئەکەد )ەکان • ئەگینا ناگونجێت ئەم ( گۆتی )یانە هەر ئەو تاقمە بووبن کە لە وڵاتی ڕووبادی ( زێی بچووك )و ( کەرکووك )ی ئێستەدا بوونو ئەوان لەشکریان کردبێو هاتبن بۆسەر ( سۆمەر )و ( ئەکەد )و عیلام ، چونکە : ئەگەر دووری ی ئەم وڵاتانە لە یەکتری و کەم دەسەڵاتی ی عەشایر بۆ شەڕی دوورو نەشارەزایی ئەقوامی ئەو کاتە بخەینە بەرچاو ، بەئاسانی دەر ئەکەوێ کەئەمانە لەبەر دووری ڕەنگە ئاگاداری ڕووداوەکەشیان

نەبووبن • ئینجا هەر ئەوە ڕاستە کە لەکاتی پێشووترا تاقمێکی بەهێز لە گۆتی‌یەکان هاتوونە لای شیمالی ڕۆژهەڵاتی سۆمەرەکان لای چیاکانی ( پشتکێو )و دۆڵی ( کەرخا )و ( ئەلوەند ) دامەزراون‌و لەدوایی‌دا تاویان داوەتە سەر وڵاتی سۆمەرو هەندێکیان داگیر کردووە لەسەدەی ۳۱ پ•م دا •

بەگوێرەی، لەسەدەی ۳۱ پ•م دا ئەم عەشرەتە گەلێك زۆردار بووە• سەردارەکەیان کەناوی ( ئانانتوم ) بووە چووە بەگژ عیلاماو لەبەر دەوڵەمەندی‌و ئاوەدانی چاوی بڕیوەتە شاری ( لاقاش ـ لەجش ) کەوا وێرانەی ئەم شارە ئێستا لای ( شەترە )یە لەعێراقاو داگیری کردووەو خۆی ناوناوە ( پادشای لاقاش ) •

ئەم سەرکەوتنە ناوبانگی ( گۆتی )یەکانی خستووەتە مێژووەوە • وەها دیارە ئەمانە لەگەڵ تیرەکانی تری گۆتی‌دا کەوا لای سەرەوە باس کران لەمەولا پەیوەندی‌یان پەیدا کردووەو هەمیشە لەوانەوە (کۆمەك)یان بۆهاتووەو بەم تەرحە کەهێزیان سەند، ئەمجا دەسەڵاتیان خستووەتە سەر هەموو وڵاتی ( سۆمەر )، بەڵکو یەکیەتی‌ی ڕەسەن‌و ڕەگەزو چۆنیەتی‌ی زمان‌و خزمایەتی‌ی قەومی، ئەم تێکەڵی‌یەی ئاسان کردووەو لەبەر ئەوەی سۆمەرەکان لەناو خۆیانا یەك نەبوون با لەشارستانیەتیدا لەوان لەپێش تریش بووبن، دیسان ئەم گۆتی‌یانە لەڕووی سیاسەتەوە بەسەر سۆمەرەکانا زاڵ بوون، وە وادیارە گەلێك شەڕ بووە لەبەینیانا، چونکە لەسەدەی ۳۱ ەوە تا ۲۸ پ•م ئەم تەقەڵاو هەرایە دوایی نەهاتووە • لەم ڕووەوە بەڵگەی زانای ئاثارو موستەشریقەکان ئەوەیە ئەڵێن لەم عەسرانەدا ناوی تایبەتی‌ی ( سۆمەر )و ( گۆتی ) تێکەڵاو زمانەکەیان بووە • یەکێك لەپادشاکانی ( گۆتی ) سەدەی ۲۸ پ•م کەناوی ( ئانۆ باینی ) بوو، بۆ ئەوەی یەکیەتی‌یەکی سیاسی گەورەی ( گۆتی )و ( لۆللۆ ) پێکەوە بنێت

بەلەشکرەوە چووە سەر وڵاتی ( لۆللۆ ) ناوچەی ( هاڵمان )ی لێ داگیر کردوون کەئێستە ئەوێ ( زەهاو )ی پێ ئەڵێن • بەم شکستە لۆللۆکان چاو بەرەژێری گۆتی یەکان بوون ، • ئانۆبانینی • بەناوی ئەم سەرکەوتنەوە لێرەدا واتە لە ( زەهاو ) ا ئەستوونێکی ( سەرکەوتن )و لەوحەیێکی نووسراوی بۆ یادگار بەجێ هێشتووە •

زانای ئاثار ئەمانەی لەم دوایی یەدا دۆزیوەتەوە لەگەڵ دوو لەوحەی نووسراوی ترا کەهی پادشاهەکانی ساسانین •

وا دیارە لەدوای ئەم پادشاهە گەورەیە لەمابەینی ( سۆمەر )و ( گۆتی )یەکانا ئاگری شەڕ ئەوەندە بڵێسەی سەندووە هەردوولای پی کزبوە ، بۆیە ( ئەکەد )ەکان ئەمەیان بەهەل زانیوە پادشاکەیان کەناوی ( سارغۆن ) بووە بەلەشکرەوە هاتووەتە سەریان • یەکە یەکە هەموو شارەکانی سۆمەری داگیر کردووەو ڕووی کردووەتە بەشە وڵاتەکەی ( گۆتی ) کە لە (سۆمەر)دا هەیان بوو • ( سارغۆن ) لەشکری ئەوانیش شکاندووەو لەو ناوەدا دەسەڵاتی گۆتی یەکانی نەهێشتووە •

بەڵام گۆتی یەکانی شیمالی ڕۆژەڵاتی عیراق لەم بار ( وەرچەرخان )ە سڵەمیونەوەو کەوتوونە خۆ کۆکردنەوەی ( تۆڵە ) سەندنی خزمەکانی جەنووبیان ، کەچی لۆللۆکان ئەمەیان بەهەل زانیوەو لەگۆتی یەکان جیابوونەوە کە ئەمە بۆ هەردوولایان خراپ بوو چوونکە ( سارغۆن )ی مەلیکی ( ئەکەد )و ( سۆمەر ) بۆساغ کردنەوەی پاشە ڕۆژی حوکومەتە تازەکەی بەلەشکری زۆرەوە ڕووی کردووەتە وڵاتی ( گۆتی )و (لۆللۆ) چووەتە ناو وڵاتە سەختەکەیانو یەك یەك شەڕی لەگەڵا کردوونو شکاندوونی ، وە لەدوای ئەم مەلیکە ( نارام سین )ی جێ نوشینی دیسان بەلەشکری زۆربەوە هاتووەتە سەریان ، گشت وڵاتی گۆتیو لۆللۆی داگیر کردووە •

ئەم هەرایانە لەدوای سەدەی ٢٧ پ.م بووە . ئەم ( نارام سین )ە لەدوای سەرکەوتنی لە ( دەربەند )ی گەورەی قەرەداغ ، نیشانەی سەرکەوتن ئەستوونێکی ڕەسم لەسەر کراوی بەجێ هێشتووە باسی ئەم شەڕانەی تیا نووسیوە . ئەوەندە هەیە ئەم سەر کەوتن و دەست درێژیی پادشایانی ( ئەکەد )ە لەمە زیاتر درێژەی نەکردووە ، چونکە لە ئاخری و ئۆخری پادشاهێتیی ( نارام سین )دا گۆتی یەکان بەلەشکری فورسەوە هەڵیان کوتاوەتە سەر ( ئەکاد )و دووبارە ئەو ناوەیان داگیر کردووەتەوە . بەمە سەر لەنوێ دەورێکی حوکمڕانیی تازەی گۆتی لەسۆمەرو ئەکەدا پەیدا بووەتەوە .

بەقسەی موستەشریقەکان ئەم دەورە تازەیە هەتا دوایی سەدەی ٢٦ پ.م درێژەی کردووەو ( گۆدی پادەشی ) ناو حوکمدارێکی زۆر بەدەسەڵاتیان لێ هەڵکەوتووە . وەها دیارە ئەمانە لەبەر بێ ئیدارەیی هەتا هاتووە هێزیان کەم بووەتەوە ، تاکو لە دەمە دەمی سەدەی ٢٥ پ.م دا پادشای شاری ( ئۆر )ی سۆمەر کەناوی ( ئۆتو ـ هیگال ) بوو چووە بەگژیاناو دەوڵەتەکەی لەناو بردوون ، لەسەر ئەمە گۆتی یەکان کشاونەوە ناو وڵاتە شاخاوی یەکەی خۆیان و ئیتر لەدەست و قووەت کەوتوون ، لەجێی ئەوان وڵاتی سەربەخۆی وردەلە پەیدا بووە کەجۆری ئیدارەی سیاسیی سۆمەرەکان وەها بووە ( حوکوومانی مودون ). وادیارە ( عێلامی کاسای ) کەتا ئەم کاتە بێ ناوونیشان لەناوچەی ( لوڕستان )ی ئیستەدا ژیاوە بێ دەسەڵات بوونی ( گۆتی )یەکانیان بەهەل زانیوە لەمەولا پۆل پۆل هاتوون و خزاونە ناو ئەرازی یەکانی ئەمانەوەو بەرە بەرە تێکەڵ یەکتری بوون و ئیتر لەو ناوەدا ناوی ( گۆتی ) نەماوە ، بەڵکو ناوی ( کاسای ـ کاسی ـ کێشی ) جێ گیر بووە .

ئەوەندە هەیە گۆتی یەکانی ناوەندی هەردوو ڕووبارەکەی

( سیروان )و ( زێی بچووك ) كە مەركەزیان ( ئاررابخا ـ كەركووك ) بووە تووشی ئەم كۆست كەوتنە نەبووەو ناوی گۆتی لەوێ هەرماوە •

لەناوەندی قەرنی هەژدەمینی پێش میلادا كەعیلانی ( كاسی ) هەڵی كوتایە سەر ( بابلستان ) گۆتی یەكانیان لەگەڵا بووە •

داخی گرانە !! لەدوای ۲٥۰۰ پ•م كە تەئریخی لەناوچوونی حوكوومەتی ( گۆتی ) ولاتی ( سۆمەر )ە تاساڵی ۱۳٥۰ پ•م لەناو ڕووداوی مێژووی كۆنا ناوی ( گۆتی ) نی یە • بەمەدا وادیارە ئەم نەتەوە زۆردارە لەجەنگ‌و هەراكانی درایی‌یانا زۆر شپرزە بوون‌و ئیتر دەسەڵاتی سیاسی‌یان هیچ نەماوە •

بەپێی ئاثاری دۆزراوە كە ڕەوشتی ڕووداو نیشان ئەدا وەها دیارە كە ( گۆتی )یەكانی شیمال‌و لۆللۆكان لەم بەینەدا پێكەوە ژیاون • دەسەڵاتیان بەسەر خۆراوای ولاتی خۆیانا هەبووە كەئەم ناوچەیە لەپاشا ئیمپەراتووریەتی ئاشۆری‌ی لێ پەیدا بووە ، چونكە ئاشۆری‌یەكان لەو كاتەدا دەسەڵاتیان هێشتا دیاری‌ی نەداوەو لەبەر پیت‌و بەرەكەتی ولاتەكە ( گۆتی )و ( لۆللۆ )كان حاڵەتی ئابووری‌یان زۆر بەفەڕ بووە ، بە ڕەوە نازڵیان هەبوە ، لەبەر ئەوە لەپێشا ئەمان بەسەر ئاشۆری‌یەكانا زاڵ بووبوون • بۆیە ئەبینین گەلێك ناوی ئەمیرو حاكمانی ئاشۆری‌ی كۆن لەناوی ( گۆتی )و ( لۆللۆ ) ئەچێت •

لەلایەكی ترەوە كە كاسی‌یەكان زەبرو زەنگیان پەیدا كردو حوكوومەتی كاسی‌ی ( بابل )یان هێنایە مەیدان ، گۆتی‌و لۆللۆكان بوون بە پشتیوانیان • خوێن • یەكی‌و هاوڕەگەزی یارمەتی‌ی ئەم تێكەڵی‌یەی داوە • ئەوەندە هەیە لەسەدەی ۱٤ هەمی پ•م بەدوارە كە ئاشوری‌یەكان دەسەڵات‌و توانایەكی تەواویان پەیدا كرد ، هەوەڵ نیشانیان ئەوە بوو

لەگەڵ خەڵکی شاخیدا کەوتنە هەراو بگیر ، بۆدەسەڵات پەیدا کــردن بەسەر یەکا • حوکمدارانی ( ئاشۆر ) لەم کاتەوە ، واتە هەڵمەتیان بـۆ سەرزەمینی ( گۆتی )و ( لۆللۆ )وە دەستیان کردووە بــە جیهـانگیری • ئەوکاتە دراوسێی نزیك ئەم گۆتیو لۆللۆیانە بووە بۆیە بەر هـەڵمەتی ئەووەڵ کەوتوون •

لە نووسراوێکی دۆزراوەدا کە هی ساڵی ( ١٣١٠ – ١٢٨١ پ•م )ە مەلیکی ئاشۆر ( ئاداد نیراری ) ئەڵێت : لەشکرەکانی ( کاســی ، گۆتی ، لۆللۆ ، وەسۆباری )م شکاند • ( سەلمانسر )ی یەکەمیش کە لە مێژووی ( ١٢٨٠ – ١٢٦٠ پ•م )دا حوکمدار بووە ، بۆ گۆتی یەکان ئەڵێت : ئـەم نەتەوە درە کە لەگشت قەومان ئازاترە گەلێك شەڕی کردووە لەگەڵما •

جا قسەی ئەم کابرایە ئەوەمان پێ ئەســـەلمێنێ کە ( کورد ) لــە نەژادیانەوە ناویان بە ئازایی و چالاکی ڕۆیشتووەو ئەم ئازایی یە یـەکێکە لەمەزایای نەتەوایەتی ی ئیستەشیانو ئەمە پشتاو پشت لەباوكو باپیرانیانەوە بەمیرات بۆیان بەجێ ماوە •

بەڵام ئاشۆری یەکان زۆر زاڵم بوون • لەمێژووی کۆنا جێگا نی یـە لەشـکری ئـشـۆری پـا ڕۆیشـتبێتو وێران نـەبووبێ • بـەم پێ یـە ئاشۆری یەکان بەشەڕی دوورو درێژ گۆتی یەکانیان پەریشـان کردووە ، وەکو یەکێك لەپادشاکانی ئاشـــۆر وتوویـــە : « خوێنی گۆتی وەك ئـاو ڕێژراوە » •

جا بەم شەڕانە وڵاتی گۆتی لەناو چووەو بووەتە پارچـــەیـــەك لەکیشوەری ئاشۆر ، وەلە دوایی دا دەوڵەتی ئاشۆر بەر هەڵمەتی ( ماد )و ( کلدان ) کەوت • حوکوومەتەکە بەیەك تەکان لەناوچوو وڵاتی گۆتیو لۆللۆ دەور بوونەوە بۆ میدیەو لەوانیشـــەوە بۆ دەوڵــەتی فارس بۆ

( کەیخوسرەو )ی گەورە ساغ بووەتەوە •

لە مێژووی کۆنا لەزۆر جێگادا باسی نەتەوەی گۆتی‌و نیشتمانی گۆتی کراوە ، تەنانەت بابلی‌یەکان ئەڵێن ( کەشتی )یەکەی حەزرەتی نووح لەدوای ( تۆفان ) لەسەر شاخی ( جوودی ) وەستاوە • جا ئەم ناوە هیچ گومان نی‌یە بەزمانی سامی‌یەکان لەباتی‌ی ( گۆتی ) بەکار هێنراوە ، واتە : کەشتی‌یەکەی ( نۆح ) لەدوای ( تۆفان ) لەسەر شاخێك کەناوی ( جوودی )یە ڕاوەستاوە کە ئەویش لە وڵاتی ( گۆتی )دایە • بەپێی ئەم سەرگوزەشتە مێژوویی‌یە ئەبێت ئادەمیزاد جاری دووەم لەوڵاتی ( جوودی - گۆتی - کوردی )یەوە بەسەر زەمینا بڵاو بووبێتەوە • گۆتی‌یەکان کەوڵاتی ( ئاکاد )یان داگیر کردووە زەرەرو زیانێکی زۆریان لێ داوەو ، پەرێشانیان کردوون ، لەبەر ئەوە خەڵکی ( ئەکاد ) ئەمانەیان بەکێوی ( باربار ) داناوەو لە مێژووی خۆیانا ناویان بەچاکی نەهێناون ، هەرچەندە لەدوای ئەوە کە حاکم بوون بەسەریانا گۆتی‌یەکان لەوانەوە فێری مەدەنیەت واتا شارستانیەتی بوون‌و لەگەڵ (خوای گۆتی)دا ( خوای ئەکەد )یش‌یان پەرستووەو چوونە سەر بڕوای ئەکەدەکان ، بەڵام ئەم تێکەڵ بوون‌و شارستانیەتی‌یە نرخ‌و قەدری زیادی بەگۆتی‌یەکان نەداوە ، بگرە هەروەك جاران بەچاوی ( بێگانە )و ئینسانی زاڵم تەماشایان کراوە ، چونکو گۆتی‌یەکان خەڵقی شاخ‌و ئەکەدەکان دەشتەکانی بوون ، زمانیشیان جیاواز بووە بۆیە پێکەوە نەلکاون •

حاڵەتی کۆمەڵایەتی‌و مەدەنیەتی ( گۆتی‌ی ژوورو - شیمال - لەگەڵ لۆللۆکانا ) چوون یەکە ، لەبەر ئەوە لەباسی لۆللۆدا پێکەوە باس کراوە[١] •

---

(١) ئەم باسانە لەمێژووەکانی ئەمین زەکی بەگ بەرهەم هاتوون.

## ٣ ـ لۆللۆکان :

گۆتی یەکانو لۆللۆکان دوو نەتەوەن کە خوێنیـان تێکەڵ خـوێنی ( کورد ) بووە ، بەڵام داخەکەم بەتەواوی نەزانراوە کە ئەمـانـەکـەیو چلۆنو لەکوێوە هاتوونە کوردستان • ئەم دوو تیرە ( قەوم ) مەنظومەی زاغرۆسە مێژوویان تێکەڵاوە، وە لەبەر ئەوەی لە دەستو مەقامی خۆیانەوە نووسراو بەجێ نەماوە ، حاڵەتی مێژوویی‌یان زۆر ناتـەواوەو بـەبۆنـەی ڕووداوو تێکەڵی‌یان لەگەڵ دراوسێ نەتەوەی ترا کە لەمێژووی خۆیانـا ناویان بردوون گونجاوە دەرحەق ئەمانە زانستی‌یەك پەیدا بکرێت وەکو : ئەمانە هاودەوری ( سۆمەر )و ( ئەکـــاد ) بوونو دراوسێشیان بوون • لەگەڵ ئەوەدا هەمیشە بەگژ یەکا چوون • جا بەو بۆنەیـــەوە لە مێژووی خۆیانا باسیان کردوونو لەمانـــەوە ئەوەش زانراوە کـــە ( گۆتی ) و ( لۆللۆ )کان لەپێش ( کاسی )یەکانا بەخۆیانا هاتوونو شارستـانی بوونو دەسەڵاتیان پەیدا کردووە • لۆللۆکان لەشیمالی کاسی‌یەکانا بوون ، لـــە ( سلێمانی ، شارەزوور ، زەهاو )ی ئێستا ، واتە لە مابەینی ڕووبارەکـانی ( زێی بچووك ، سیروان ، ئەڵوەند )دا ژیاون کە ئەم شوێنانە ئێســـــتا سەدی سەد ( کوردستان )ە • مەڵبەندی ( زەهـاو ) ئـەو حـەلـە نـاوی ( هەڵمان ـ نارمان ) بووە ، لەکـاتی ئیـسـلامیەتیشـا ( حەلوان ) یـان پێ وتووە ، ڕەنگە ناوی ( هەورامان ) لەم نـاوانە پـەیـدا بووبێت • وڵاتی ( سولەیمانی )یش ئەو حەلە ( زاموا )ی ناو بووە وەیا ئاشـــوری‌یەکان وەهایان پێ وتووە • لەو شتانەوە کە بۆمـان بـەجێ مـاوەو لـەموتـاڵای موستەشریقەکانیشەوە دەربارەی سـەرگوزەشـتەی تـەئریخی لۆللۆکـان هێشتا شتێکی تەواو ساغ نەکراوەتەوە • لە وتەی ئەمانە وەها دەر ئەکەوێ ئەو حەلەی ( سۆمەر )ەکان جەنووبی عیراقیان ئاوا کردووەتەوە ( لۆللۆ )و

( گۆتی )یەکانیش حوکمڕانی وڵاتی خۆیان بوون • لەدەوری سێ هەزار ساڵی پێش میلادا ئەمانە لەهەرەتی گوڕو هێزیانا بوون •

ئەمەش بەوەدا دیارە کە لەمێژووی سیاسیی ( سۆمەر )و (ئەکەد)ی ئەو دەورەدا ناوی ئەمانە زۆر هێنراوە ، وە لەگەڵیانا خەریکی زرمە زلێی دوورو درێژ بوون •

ئەڵێی ( سۆمەر )و ( گۆتی )و ( لۆللۆ )کان خزمایەتیی نەتەوەیی یەکتریان خوێندۆتەوە ، بۆیە کە ( ئەکەد )ی سامی زاڵ بووە بەسەر ( سۆمەر )ەکانا ، گۆتیو لۆللۆکان کەوتوونەتە لاشەوەو لەگەڵ (سارۆن)و ( نارام سین ) ناو پادشا بەناو بانگەکانی ( ئەکەد )دا گەلێك جەنگاون ••

زاناکان ئەڵێن مەرکەزی حوکومەتی لۆللۆ شاری ( زیمری )و پرۆفسۆر ( سوپای زەڕ )یش ئەڵێت ( ئەراکدی ) بووە • ئەم شارانە لەوڵاتی ( سولەیمانی )ی ئیستەدا بوون ، بەڵام شوێنەکانیان نەزانراوە • بەوەدا کە ( ئانۆبانینی ) ناو پادشای ئازای گۆتی بە لەشکرەوە هاتووەتە سەر لۆللۆو ( زەهاو ) بەشەڕ لێ‌سەندوون لە سەدەی ۲۸ پ•م دا • ئەبێ لەم دەورەدا لۆللۆکان کەوتبنە ژێر چەپۆکی گۆتی‌یەکانەوە ، بەڵام زۆری پێ نەچووە لۆللۆکان لەسایەی ( لاسیراب ) ناو پادشایانەوە دووبارە ئازادو سەربەخۆ بوونەتەوە ، ئەوەندە هەیە جیابوونەوەی ئەم دوو قەومە لەیەکتری بۆ هەردوولا بووەتە خراپە •

چونکە لەم بەینەدا ( ئەکەد )ە سامی‌یەکان وڵاتی ( سۆمەر )یان کە داگیر کردووە بایان داوەتەوە سەرگۆتی‌یەکانو ئەوانیشیان شکاندووە • پادشای ( ئەکەد ) سارغۆنی گەورە لای زەهاوەوە لەسەر شکستەی ئەمانە ڕۆیوەو ، چووەتە وڵاتی ( لۆللۆ )شەوە تاکو ( هەڵەبجە )ی ئیستای ماڵیوەو لەوێ شاری ( هارهار )ی زەوت کردووە ، وە نەبێت لۆللۆکان

هەر بەم تۆزە زیانە لەمەینەتی شەڕ ڕزگار بووبن ، بەڵکو ( نارام سین )ی مەلیکی ئازای ئەکەدیش لە ئاخری و ئۆخری سەدی ٢٧ ب.م دا بەلەشکری زۆرەوە هاتووەتە سەریان و شکاندوونی و خستوونیە ژێر حوکمی خۆیەوە .

نارام سین ئەم شەڕو سەرکەوتنی خۆیەی لەسەر لەوحەیەکی بەردین بەخەتی سورمەیی نووسیوە وەك لای سەرەوە نووسراوە لەباسی گۆتیدا . خەڵکی قەرەداغ بەم ڕەسمو نووسراوە ئێستە ئەڵێن ( نیشانەی گاور کرد ) . ئیتر لەدوای ئەم زانستی‌یانە باسی وڵاتی ( لۆللۆ ) لە مێژوودا ونە . وادیارە قەومەکە بەم شەڕانە کزبووە ، هەرچەندە گۆتی‌یەکان لەمە دواتاویان داوەتەوە سڕ ئەکەدو داگیریان کردووەو بەمە لۆللۆ کانیش لەیەخسیری ڕزگار بوون ، بەڵام هەراکانی پێشوو لۆللۆی ئەوەندە بێهێز کردبوو بەم جۆرە یارمەتی‌یانە نەهاتوونەوە سەر خۆیان ، بەڵکو کەوتوونە ژێر دەسەڵاتی گۆتی‌یەکانی خزمیانەوەو جارێکی تر توانای سیاسی‌یان نەژیاوەتەوە هەتا سەدەی ١٩ یەمی پ.م ئەو کاتە خوێنێکی تازەی گیاندار، هاتووەتە لەشیان بۆ ( ئازادی ) کەوتنەوە تەقەلادان . ئەمجارە گۆتی‌یەکانی لای ( زێی بچووك ـ ئارانچا ـ کەرکووك ) کەوتوونە ژێر دەستی ئەمان ، وە تابەینێك هەردوولا حوکمیان بەسەر ئاشۆری‌یەکانیشا کردووە . تەنانەت هەندێك لەزاناکان وەها ئەزانن کە ئەمانە لەگەڵ ئاشۆری‌یە سامی‌یەکان لێرەدا تێکەڵاو یەکتری بوون ، بەڵام بەناوی ( ئاشۆری )یەوە . ئەوکاتە هێشتا نەهاتوونە مەیدانی سیاسەتەوە . لە ١٣١٠ پ.م بەدواوە حوکمدارانی ئاشۆر باسی ئەو جەنگانە ئەگێڕنەوە کە لەگەڵ ( لۆللۆ ) کاندا کردوویانە .

لەمانە سێ شەڕیان کە ( ئاشۆر ناسرپاڵ ) کردوویەتی زۆر گرنگە . یەکەم شەڕ لە ( ٨٨٤ ەوە تا ٨٦٠ ب.م )ی پێ چووە . پادشای ئاشۆر ئەڵێت :

لەبەر یاخی گەری‌ی لۆللۆکان لەشکری ئاشۆر چووەتە سەریان‌و ولاتی ( زاموا ) ، واتە ( ولاتی سولەیمانی )ی ئیستە ، گیراوە لەدوای سێ جەنگ • لەپێشا لە ( دەربەند )ی بازیان‌دا شەرێکی قورس بووە تا دیوی ( سورداش ) داگیر کراوە ، لەشکری ئاشۆر جاری دووەم ناوچەی ( سووورداش )و ( سولەیمانی )و هەموو شارەزوور تاسیروانی داگیر کردووە • لێرەدا ئاشۆری‌یەکان ناوی ٢٥ شار ئەڵێن کەوا لەم ولاتە ئاوەدانەدا داگیریان کردووە ، بەڵام :

پادشای لۆللۆ ( ئامیخا ) نەبەزیوە ، لەقەڵای ( تیسیر )دا لەسەر شەڕ ڕۆییوە • لەجەنگی سێهەما لەشکری ئاشۆر ڕووی کردووەتە ( پێنجوین )ی ئیستە • لەکەژی ( ئاڵپاریز )دا لەشکری زاموایی‌یەکان لەدوای جەنگێکی مەردانە شکاوەو ئاشۆری‌یەکان تا ( مەریوان لەسەر شکستە ڕۆییون • لەم شەڕانەدا لەشکری ئاشۆر بەهەڵمەتی زاڵمانە کوشتاری زۆری لەخەڵکی ئەو ناوە کردووە ، لەسەر ئەوەشا لۆللۆکان لەسەر شەڕ هەر لەدەواما بوون تا شارەکانی شارباژێڕو هاورامان گیراوە ، ئەوسا شەڕ کۆتایی هاتووە • پێش ئەم شەڕانە ولاتی ( لۆللۆ ) زۆر ئاوەدان بووە • ئەوشارە زۆرانەی ئاشۆری‌یەکان داگیریان کردووەو ناویان نووسیون‌و پێویست نی‌یە ئێمە لێرەدا ناوەکانیان یاد بکەین ، نیشانەیە بۆ ئاوەدانی‌ی ولاتەکە • پادشای ئاشۆر ( ئەستوونی سەرکەوتن )ی ئەم جەنگانەی لەسەرای ( نەینەوا )دا بەڕەسمەوە نیشان داوە ، بەڵام لۆللۆکان ڕام‌و بێ دەنگ نەبوون ، تا پەیدابوونی ( ماد )ەکان جارو بار یاخی ئەبوون‌و بەگژ لەشکری ئاشۆرا ئەچوون بۆئەوەی ( ئازادی )ی جاران بگرنەوە باوەش !!

وە کە ( ماد )ەکان هاتوون ، لەشکری ئاشۆر بەسەر ئەمانا تێپەڕیوە چووە بۆسەر مادەکان ، جا ولاتی لۆللۆ بەم بوونەیەشەوە زۆر وێران

بووە ، تەنانەت لەدوای کزبوونی ئاشۆری یەکانیش ( لۆللۆ ) نەیتوانیوە جارێکی تر بجووڵێتەوە ، بەڵکو لەشکری ( ماد ) کەچووە بۆ سەر ( نەینەوا )ی پایتەختی ئاشۆری یەکان • فۆڵێکی ئەم لەشکرە بەولاتی لۆللۆدا ڕۆیشتووە ، لە ٦١٢ی پ•م دا وە لەدوای لەناوچوونی دەوڵەتی ئاشۆر لەلایەن ( ماد )ەکانەوە ولاتی لۆللۆ دەور بووەتەوە بۆ دەوڵەتی تازەی ماد • لە مێژووی ٥٥٨ پ•م دا کە ( کەیخوسرەو )ی گەورە دەستی کرد بەجیهانگیری ، ئەم ولاتەشی داگیر کردووە ، ئەوسالە ڕووباری ( دەجلە )وە تاسنووری ئیستەی ئێران گشت سەرزەمینەکانی مابەینی ڕووباری ( سیروان )و ( زێی بچووك ) کەبۆ ئیدارە کردن دابەش بووە لەدەوڵەتە تازەکەی کەیخوسرەوا ناوی بووەتە ولاتی ( گۆتۆ - کوردۆ ) • ئیتر ناوی ( لۆللۆ ) نەماوە •

## مەدەنیەتی لۆللۆو گۆتی

هەرچەندە گۆتی و لۆللۆکان مێژوویەکی سەربەخۆیان بەجێ نەهێشتووە بۆمان و ناوو کردەوەی ئەم دوو نەتەوە کۆنە لەمێژووی ( سۆمەر )و ( ئەکەد )و ( ئاشۆر )دا نووسراوەو لەمێژووەکانی ئەوانا حاڵەتی ئیدارەو کردگاری قەومی یان لەگەلێك جێگادا بەبۆنەی ( مەبەست )ی خۆیان کە لەگەڵیانا ڕوودلویان بووە بۆیان نووسیون ، وەها دەرئەکەوێت کە گۆتی و لۆللۆکان لە ئەقوامی کێوی نەبوون ، بەڵکو لەمەدەنیەتا بەپێی حاڵەتی ئەو حەلە پێشکەوتوو بوون •

بەهەزاران ساڵ لەپێش میلادەوە حوکم و دەسەلاتیان هەبوە لە ولاتی خۆیانا ، سەربەخۆیی خۆیان پاراستووەو بۆ ڕاگرتنی کەیانی خۆیان گیانیان بەخت کردووە ، کەم و زۆر ئیدارەی حوکومەتی مەدەنی و عەشایەری یان هەبووە ، چونکو ولاتەکەیان ئاواو دەوڵەمەند بووە ،

پادشاکانی ئاشۆر شاهیدی مەدەنیەتی ئەمانەن •

ئاشۆر ( ناسرپاڵ )ی پادشای ئاشۆر بۆخاتری شارەکانی ئاسۆریە نوێو ئاوا بکاتەوە ، بەکۆمەڵ وەستاو صەنعەت کاری لۆللۆکانی بردووە بۆ ئاسۆریە ، بێجگە لەمە بوونی ئەو هەموو قەڵاو شاری لۆللۆیە کە پادشاکانی ئاسۆر باسیان کردووە ، بەڵگەیەکی ئاشکرایە کە ئەمانە دوو میللەتی مەدەنیو بەکەڵك بوونو بەقابیلیەتی ئێستای وڵاتەکەشا گومان نی‌یە کەئەمە ڕاستە • چونکە سامانی ئەم وڵاتە ئەوەندە زۆرە گومان نامێنێت کە بووبێتە هۆی پێشکەوتنی لۆللۆکانی ئەوکاتە •

بەکردەوەکانیانا دیارە ئەم نەتەوە ( بێ‌وەی ) بووەو ، وەزنی نەبوە • موستەشریقین ئەڵێن زمانی لۆللۆو گۆتی‌یەکان لەیەك چووەو هەردوو زمانەکەش چووەتەوە سەر زمانی ( عیلام ) ، بەلام ئەم جۆرە موتالاو تاقی‌کردنەوەیە لەلایەن زاناکانەوە هێشتا ( پەیوەند )ی تیانی‌یە •

گەلێك لەموستەشریقەکان بەوڵاتی ( سلێمانی )ی ئێستەدا گەڕاون ، هەموویان ئەڵێن ویرانەی کۆن لەم وڵاتەدا زۆرە ، بەلام پێویستە دەرخرێنو ( کەشف ) بکرێن • ( پەی‌کولی ) جێگا ( بتخانە )ی کۆنە • لە ( هۆرێن وشێخان ) ا شتی بەجێ ماوەی کۆن زۆر هەیە • هەندێك لەجولەکەکانی ( بابل ) کە ( نەبۆخذنەصر ) بەدیل هێنابوونی بۆ عیراق لە ( زەهاو ) بوون تا ( کەیخوسرەو ) لەوێ ئازادی کردن • قەڵای ( شەمێران )و ( شیروانە )و ئاثارەکانی ( سرۆچك )و گردۆڵکەکانی ( شارەزوور )و خەزێنەی داپۆشراوی ئاثار ( نیشانە )ی کۆنن • شاری ( شارەزوور )و ( نیم‌ڕاە ) لەدەوری ( ساسانی )دا شاری هەرە بەناوبانگی توێڕەی شارەزوور بوون • ڕێگای ( ئاتەشکەدە )ی موقەددەسی ( شیز ) کەلەمەداین ( ختی‌سیفوون )ەوە ئەهات بەم شارانەدا تێپەڕ ئەبوو • ئەگونجێت ئەم شارانە لەکانی ( لۆللۆ )کانیشا ئاوا بووبنو لەوانەوە بەجێ

مابن ، ئەشبێت ئاثار ( نیشانە )ی ئەو دەورانە لەژێر گلدا هێشتا مابێت تاقی بکرێتەوە دەر ئەکەوێ • جێگا قەڵاو وێرانە کۆنەکان کە لە ( ئارابخـا )و ( زاموا )دا هەن نیشانەی ئاوەدانی‌ی کۆنی ئەم وڵاتانەن •

بەپێ‌ی ئەو دەسەڵات‌و زیندەگی‌یە کە مێژوو بۆی نووسیون ئەبێت لەناو ئەم نیشانانەدا ( ئاثار ) بەشی لۆلۆکان هەبێت • ئەو لۆلۆانە کەنەتەوە بێ‌خێرەکەی ئیستایان تەنانەت ناوی ناواسایی‌یەکەیـان نـازانن‌و یـادیـان ناکـەن •

## ٤ ـ ( کاسی ـ کێشی )یەکان :

نەتەوەی ( کاسی ) تیرەیەکی زۆر بەهێز بووە لەمیللەتە کۆنەکـان • نیشتمانی میللی‌یان کیشوەری ( کرماشان )و ( لوڕستان )ی ئیسـتـەبووە • سامی‌یەکان پێ‌یان وتوون ( کاشی ـ کێشی ـ کۆشۆ )و جوولـەکەکانیش لەنووسراوی خۆیانا بە ( کۆشی ) ناویان بردوون • بەڵام زانایـانی ئاثار بەوتەی ( کاسی ـ کاسای ) ناویان خوێندوونەتەوە • گومان نی‌یە ئەمانەش خزمی عیلام‌و گۆتی‌یەکانن کە باسمان کردن ، وەلە تاقمە عێلی کۆچەری پێشوون کە هاتوونـــە ڕۆژاوای ئێران‌و نزیك عیـــلام‌و گۆتی‌یـــەکان دانیشتوون • ( لای ئێمە وەهایە کە دەستە عێلاتی ـ ئاری ـ ی کۆنن ) • ئەو کاتانە کە ( سۆمەر )و ( عیلام )و ( گۆتی )یەکان لەبرەوا بوون ئەمانە هێشتا هیچ نەبوون • ئەوەندە هەیە ئەمانە واتە کاسی‌یەکان ئەو حەلە لـە ئاوایی‌یەکانی خۆیانا خەریکی کشت‌و کاڵ بوون ، لەگەڵ ئەوەشا چونـکە وڵاتەکەیان پووش‌و پاوەن‌دار بوو ، کۆچەرێتی‌یان پێ‌خۆش‌بوو ، بەگەلە ئاژاڵ‌و ڕەشە وڵاخیشیان بەخێو کردووە • لای ڕوژاوایانەوە لـــە گـــەڵ قەومەکانی لای سەرەوەدا تێکەڵی‌و ئامۆشۆیان هەبووە •

لەبەر ئەوەی دراوسێکانیان لەوان ( مەدەنی )تر بوون کاسی‌یـەکـان لەوانەوە نووسین‌و خوێندن فێربوون‌و لەشارستانێتی‌یشا پێش کەوتوون •

کاتێك کە گۆتی یەکانی جەنووب شکستیان هێناو گەڕانــەوە نـاو کەژەکانی ( پێشتوون )و ( ئەڵوەند ) کاسی یەکان ئەوەیان بەهــەل زانیو دەسەڵاتیان نواندووە بەسەر گۆتی یەکانا سواریان بوون ، ئەمجا لەگــەڵ ( بابل )یشا کەوتوونە تەماسەوە تەنانەت لـەمێژووی ۱۹۷۷ پ.م بەدواوە واتە لەکاتی ( عەمووری )یەکانی ( بابل )دا ئەم کاسی یانە کە هــەستی دەسەڵاتداری ی خۆیانیان کرد ، دەسیان کرد بە شێواندنی وڵاتی (بابل)ی حەمووڕابی .

وا ڕێکەوتووە لەو بەینەشا ( هیتیت )ەکانی ( ئەنادۆڵ ) وەك لافــاو هورووژمیان کردووەتە وڵاتی ( جەزیرە )و ( عیراق ) هەتا بابلستان ڕایان ماڵیوە . بەمە خانەدانی ( حامورابی ) لەناوچووە . لەدوای تاڵان کــردنی ئەو ناوە ( هیتیت )ەکانی گەڕاونەوە . جالەمەولا لەبەر بێ حوکوومــەتی عیراق تووشی پاشـــا گەردانی بووە ، ئەمەش بەطەبیعەتی حاڵ مەبــەسی کاسی یەکانی پێکهێناوەو دەسیان کردووە بە داگیرکردنی ( بابلستان ) .

## دەوری بەرز بوونەوەی کاسی

لەساڵی ۱۷٦۰ پێ.م بەدواوە نەتەوەی (کاسی) ناوی بەرز بووەتەوە. لەم کاتەدا سەردارێکیان کەناوی ( غاندیش ) بووە بەلەشکرێکی زۆرەوە چووە بابلستانی داگیر کردووە . لەم شــــەڕانەدا سوپــای ( گۆتی )و ( لۆللۆ )ی خزمیشیان لەگەڵ بووە . ئەم ســــەردارە جارێ دەســـتی نەبردووە بۆ وڵاتی سۆمەر کە لەجەنووبی بـابـل دابوو ، ئـەگــەرچی سۆمەرەکان ئەو زەبرو زەنگەی جارانیان نەمابوو بەڵام لەسیاسەتا هێشــتا وریاو زیندوو بوون . ئەوەندە هەیە کاسی یەکان لەدوای ساغ کردنەوەی داگیر کردنی بابل ئەمجا ڕوویان کردووەتە جەنووبو چوونەتە ســـەر سۆمەرەکان دەسیان کردووە بەداگیر کردنی وڵاتو شارەکانی ئەوانیش. تەنانەت یەك قەڵایان مابوو لەسەر ( خەلیجی فارسی ) ئەویشیان لەســـاڵی

١٧١٠ پ.ز.م دا زەوت کرد • بەمە مێژووی سۆمەر پێچراوەتەوە • ئیتر ئەم نەتەوە بەرزو بەمەعریفەتە ناوی لەمێژوودا نەماوە •

بەدبەختی‌ی گەورە ئەوەیە کە ( زمانەکەشیان ) لەناوچووە ، هەر قەشەکان زانیویانە تابەیێکی تریش کتێبی ( ئایینی )ی سۆمەر بخوێننەوە •

ئەوسا هەموو وڵاتی بابل‌و کاسی‌و گۆتی‌و لۆللۆ لەژێر سایەی تەختی پادشای کاسیدا بووەتە یەك ( دەوڵەت ) ، وە لەم مێژووەوە پادشاکانی کاسی عینوانی ( کاردۆنیاش )یان دراوەتێ ، ئەمەش بەزمانی کاسی ناوبانگێکی موقەددەس‌و پیرۆز بووە[1] •

لەم کاتەوە تا ساڵی ١١٨٠ پ.ز.م واتا نزیکی شەش سەد ساڵ ئەم کاسی‌یانە بە دەسەڵاتداری‌و زەبرو زەنگەوە لەعێراقا فەرمانڕەوایی‌یان کردووە • پادشای هەرەبەناوبانگیان ( ئاکووم کاکریم ) ناوبووە • ئەم پادشایە هەتا لای سووریەی زەوت کردووەو ( هیتیت )ەکانی شکاندوە • تەنانەت ئەو بتانەشی لێ سەندوونەوە کەوا ئەمانە لەوەپێش لەتاڵانی بابل‌دا بردبوویان • کە کاسی‌یەکان بتەکانیان هێناوەتەوە بابل ، میللەتەکە زۆر پێ خۆشحاڵ بووە •

داخی گرانم لەدوا ئەم ناوداری‌و دەسەڵات بەرزی‌یە کە کاسی‌یەکان بەهێزو دەسەڵاتی میللی‌ی خۆیان پێکیانەوە نابوو تاسەردەمێك لە مێژوودا ناویان نی‌یەو ئاثاریان ونە • کەچی لە ١٤٥٠ پ.ز.م دا دیسان ناویان پەیدا ئەبێتەوە ، لەم کاتەدا پادشایەکیان کە ( کارائینداش )ی ناو بووە زۆر بەناوبانگە •

مێژوو نووسەکان ئەڵێن کەلاوەی ( عەقرقوف ) جێگا شاری کاسی‌یەکانە لای ڕۆژاوای ( بەغداد ) •• وەلە سەدەی ١٤٠٠ پ.ز.م دا

---

(١) ڕەنگە ئەم ناوە عینوان وەیا ناوی خوایەکی زۆر کۆنیان بووبێت‌و لەدواییدا کرابێت بەناوی ئینسانێ •

حوکمدارێکی کاسی بنیاتی داناوە تەنانەت زانای ئاثار لەم ( عەقرقوف )ەدا گەلێك شتومەکی کاسی یەکانیان دۆزیوەتەوە ، بەلام هێشتا باسیان لەوە نەکردووە .

## دەوری نوشوست

بەبۆنەی دەسەلات پەیداکردنی ئاشۆری یەکان لەشیمالی عیراقا ، وادیارە هێزی کاسی یەکان ڕووی کردووەتە کزی . یەکێك لەپادشاکانی کاسی لەدوای سالی ١٣٥٠ پ.م چووەتە سەر عیلام ، ولاتەکەی داگیر کردووەو شاری ( سۆز )یشی گرتووە ، بەلام بەرامبەر هەلمەتی ئاشۆری یەکان سوپای کاسی لەتاوانا گەڕاوەتەوە .

ئەم نشوستە بۆ کاسی یەکان بووەتە ( لێقەومان ) . لەمەولا حوکوومەتی کاسیی بابل بەدەس ناڕەحەتیی ناوخۆیان و شەڕو هەرای سوپای ئاشۆری یەوە هەمیشە لەمەترسیدا بووە . لەم دەوری مەینەتی یەدا لە خوارووی ڕۆژهەلاتەوە عیلامەکانیش هاتوونە سەریان ، وەسامی یەکانی ناوخۆشیان لێیان هەلساونە سەرپێ ، لەبەر ئەوەی سامی یەکان هەموو کاتێك کاسی یەکانیان بەبێگانە داناوە . هەر کەهێزی حوکوومەتی مەرکەزی بەشەڕو هەرای لاوەکی هاتوونە کزبوون ، ئەم سامی یانە دەسیان کردووە بەیاخی گەری . ئەنجامی کار لەدەوری ١١٨٠ پ.م دا بەهەرایەکی ناوخۆ حوکوومەتی کاسی بەیەکجار لەناوچووە .

لەعیراقا کەحوکمی ( کاسی ) نەما ، سامی یەکان جێگایان بەکاسی یە لێقەوماوەکان تال کرد کە بەهۆی حاکمیەتی یانەوە هاتبوونە ( بابلستان ). لەسەر ئەوە ئەوی توانیوبە ولاتی بەجێ هێشتووە ڕۆیشتووەتەوە بۆ نیشتمانی کۆن بۆ ناو کەژو کێوەکەی ڕۆژهەلاتی عیراق لای خزمەکانیان .

بەڵام پەکی ئەوەیان کەوتووە کە بتوانن جارێکی تر بێنەوە سەر بابلستان • وا دەردەکەوێ لەمەولا ئەنجا عیلامەکان بزووتوونەوەو چەکیان بردووە بۆ سەر کاسی‌یەکان ، بەڵام هێزو هێرشی ئاشۆری‌یەکان مەیدانی نەداوە بەهیچ لایەکیان • سوپای ئاشۆر هاتووەتە سەر ئەو ناوەوگشتی داگیر کردووە ، هیچ نەتەوەیەك نەما بتوانێ ( کەیان )و سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت •

لەدوای ئەم ئینقیلابانە ئەگەرچی کاسی‌یەکان دەسەڵاتیان نەمابوو ، بەڵام ناویان مابوو • زۆری پێ نەچووە ( ماد )و ( فورس )و ( کاردۆخۆ )کان هاتوون ، لە دەوری ئەمانا تەنانەت هەتا دەوری ( ئەسکەندەر )ی گەورەش ناوی کاسی‌یەکان هەرماوە •

بەوتەی زاناکانا وادیارە ناوی ( کاسی ) تا دوای میلادی ( عیسا )یش هەر ماوە لەوەلا ون بووەو ئەڵێن لەجێی ئەوان ئەمجا ناوی ( لوڕ ) پەیدا بووە • ئەگونجێت لوڕەکان تیرەیەك بووبن لە نەتەوەی ( کاسی ) ، کەعیلامو کاسی‌یەکان کزبوون ئەمجا ئەم ( لوڕ ) انە دەرکەوتوون ، وە لەدواییشا ناویان واتە ناوی ( لوڕ ) براوە بەسەر عەشرەتەکانی ئەوناوەدا • لەلایەکی ترەوە سەرەڕای ئەم ڕووداوو ئینقیلابانە کە ئەقوامی ( ئاری ) پەیدا بووەو هاتووە بۆلای ڕۆژاوای بانی ( ئێران )و ئەو ناوەی هەموو داگیر کردووە • پاش ماوەی ( عیلام )و (کاسی )یەکانی لای سەروو کە لەبەر ڕووداوی دوورو درێژی کۆن زۆر پەرێشان بوون ، ئەمجا بەرەنگاری ئەم عەشایەرە تازە جیهانگیرانە بوون • لەبەرئەوە نەیانتوانیوە خۆیان بگرن لەبەریانا ، بۆیە خێرا تەسلیمیان بوون ، ئەگەرچی پاشماوەکانی ( عیلام )و ( کاسی )ی لای سەروو ئەوکاتە لەڕووی سیاسەتەوە بەهیچ نەئەچوون ، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتی‌یەوە کۆنو تازە گشت ئەونەتەوانە بەدرێژایی زەمان تێکەڵاو یەك بوون ، تیرەو

تایەفەی تازەو ناوونیشانی نوێ لەو ناوەدا پەیدا بووە • ( لوڕ ، لەك ، فەیلی ، وە بەختیاری )یەکان لەدوای ئەم ئاویتەبوونە ناویان هاتووەتەکایەوە •

## مەدەنیەتی کاسی یەکان

گشت زاناکان بڕوایان وایە کە کاسی یەکان لەڕەگەزی ( سپی ) بوون و زمانیشیان لەزمانی ( عیلام ) چووە کە ئەم زمانانە بۆنی ( ئاریتی )یان تیایە ، وە لەناوی ( خوا )و ( پادشا ) کانیانا ئەم بەراوردە بەتەواوی دیارە ، وە هەندێك بڕواشیان وەك هی ( هیندو ئەوروپایی یەکان وەهایە • ئایینیان ( بت )پەرستی بووە • لای ئەمانە خوای هەرە گەورە ( ڕۆژ ) بووە • کە بەیاپان لەسەر شاخەکانەوە ( ڕۆژ ) هەڵ ئەهات ئەیان پەرست • بەزمانی خۆیان ( سەرپاش )ی ناوبوو ، ( شاخ ) ناوی خوایەکی تریان بووە ، وە لەدوایدا کە زاڵ بوون بەسەر بابلستانا بڕوای دینی ی ئەوانیشیان وەرگرتووە • بەپێی ڕەوشتی خەڵکی ئەو کاتە ئەبوایە بابلی یەکانیش پادشای کاسی یەکان بەخوا بناسن ، چونکە لەژێر حوکمیانا بوون ، کەچی خەڵکی ( بابل ) ئەم قەدرو بزورگی یەیان نەداوە بەکاسی یەکان بەڵکو بەچاوی سووك تەماشایان کردوون • دەوری بەرزی تەئریخی ( کاسی ) عیبارەتە لەو ٦٠٠ ساڵە کە لەعیراقدا حوکمڕان بوون ، لەئاسیای ڕۆژاوای نزیکدا ئەوەڵ جار ( وڵاخی بەرزە ) لای ئەمان بینراوە ، کەچوونە عیراقو بابلی یەکان دیویانە سەریان سوڕماوە ، وەلەوکاتەدا دەنگ وابووە کە کاسی یەکانیش ئەم وڵاغە بەرزانەیان لەنەتەوەکانی ڕۆژ هەڵاتی خۆیانەوە دەس کەوتووە کە ئەونەتەوانەش ( هیندۆ ئەورووپایی ) وەیا ( ئاری )یەکان بوون کەتازە هاتبوون بەکۆچو ڕەو لەژووررووی ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە •

کاسی یەکان لەعیراقا هیچ هەوڵی ئەوەیان نەداوە کە نەژادو جنسیەتی

ئەوخەڵکانە بگۆڕن کەبەسەریانا زاڵ بوون‌و کەوتوونە ژێر دەسـتیانەوەو هەوڵی ئەوەشـیان ئەداوە کـەقـەرەمیـەتی بـابـلی بکەن بـە ( کاسی ) ۰ کاربەدەستی میری ( حوکومەت )ی نـاو خۆیـان بەبێ جیـاوازی لەبابلی‌یەکان‌و پیاو ماقووڵی کاسی‌یەکان هەڵبژاردووە چونکە بابلی‌یـەکـان لەکاسی‌یەکان مەدەنی‌تر بوون ، لەوانەوە گەلێ شـتو گەلێ خوڵق‌و ڕەوشت فێربوون‌و بەژن‌و کچ خواستن تێکەڵاویشیان بوون ۰ گـەلێـك نامەو پەیامی سیاسی‌و بازرگانی لەبەینی پادشاکانی کاسی‌و فیرعـەونـەکانی میصرا کەبەنووسینی ( مسماری )ی بابل‌و ( هیرۆغلیفی )ی میصـری نووسراون لەناو گەل‌و پەل‌و ئاثاری میصری‌یەکانا لـەکـەلاوەکـانی ( تل العمارنة ) دا دۆزراوەتەوە لەم دوایی‌یەدا ، وەئـەوەتـە لـەمۆزە خانەکانا لەمیصر[1] ۰

## ٥ ـ نەتەوەی ( سۆباری ) :

وەك لەمێژوودا نووسراوە لەکاتی پێش تـەئریخەوە گـەلێـك تیرە خێلاتی ( سۆباری ) لەوڵاتی ( کوردستان )ی ئیستەدا ژیاوە ۰ ئەگەرچی مێژووی کۆن ناوی ئەم نەتەوە بەهێزە لەزۆر جێگادا ئەبات ، بـەڵام هیچ کاتێ بەناوی میللەتێکی زۆر گەورەی دەسەڵاتدار وەیا بۆ ئیـدارەیـەکی سیاسی‌ی بەهێزو بەدەوام ناوی نابات ، بەڵکو لەمـوتاڵای مێژووەکـان وا دەرئەکەوێ کە لەکاتی ( سۆمەر )و ( ئەکەد ) دا ناوی ( سـۆبـاری ) بەوڵاتێك بێژراوە کە لەشیمالی ( عیلام )ەوە تاچیای ( ئامـانۆس ) درێـژ بووەتەوە ۰ ئەم چیایە کەوتووەتە بەینی ( ئەدەنە )و ( ئەسـکەندەرۆن )ی ئیستەوە ۰ لەم سەرزەمینەدا لەزەمانی نەزانراوەوە گـەلێك جـۆرە تیـرە ( قەوم ) دانیشتووە ، وە ئەمانە هیچیان لەگەڵ دراوسێ‌کەیا یەك قسـە

---

(١) بۆ زانیاری‌ی زیاتر لەمە تەماشای مێژووی ئەمین زەکی بەگ‌و ( طه ) باشا بکەن ۰

وەیا ( پەیوەندار ) نەبوە • بەمەدا وەها دیارە ئەم ناوە زۆر کۆنەو عەشرەتێکی زۆر گەورەی فرەتیرەیە بەم ناوەوە لەم وڵاتە گەورەیەدا دامەزراوە •

بەڵام چونکە پەرش و بڵاو بوون بۆیان نەلواوەو نەیانتوانیوە حوکومەتێك و ئیدارەیەك پێکەوە بنێن • بگرە لەژێر حوکمی ( گۆتی )و ( لۆللۆ )کانا بوون و بەیێنێك لەناو قەومەکانا ناویان هەربووەو قسەیان لێ کراوە ، وەزۆریش دوور نی یە کەلەبەشە ( کوردستان )ی تورکیادا ئەم ناوە زیاتر مابێتەوە •

چونکە لەزەمانی حوکومەتی ( ئاشوری ) دا ، هەندێك عەشایری ئەوناوە خۆیان هێشتا بە ( سۆباری ) داناوە ، بۆیە ئاشوری یەکانیش بەوتەرحە ناویان بردوون لەمێژووی خۆیانا •

بەمەدا دیارە کە مێژووی سیاسی ی هەرەکۆنی نەتەوەی (سۆباری) ونە • تەنیا ئاشوری یەکان بەتایبەتی هەر ئەوان ناویان بردوون ، وەتەنانەت لەگەڵیانا تووشی شەڕیش بوون • پادشای ئاشور ( تیغلات بلایسەر )ی یەکەم لەمێژووی ( ١٢٠٠ - ١١٠٠ پ.م )دا شەڕی لەگەڵ عەشرەتی سۆباری و پەیوەند دارانی ڕەفیقی کە ( موشکی )و (کارتی)یەکان بوون - کردووە ، وەشاری ( شەریش )ی سۆباری یان پێچاوە • مێژووی ئاشوری یەکان ئەڵێت ئەمانە زۆر بەئازایی شەڕیان ئەکرد لەگەڵمانا •

کەچی لەدوای ئەم دەورە لەمێژووی ئاسوریشا ناوی سۆباری بەرە بەرە کوێر بووەتەوەو لەجێگای ئەوان ناوی ( نایری )و ( خوری )و ( میتانی ) باوی سەندووە •

زاناکان ئەم سێ تایەفەیە بەتیرە عەشایری ناوداری ( سۆباری ) دائەنێن و ئەڵێن : لەمانە نەتەوەی ( هوری - خوری ) پەیدا بووە لەناوچەی

( دواوان ـ بين النهرين ) دا ، وه لەوێدا ژیاوه •

لەسەدەی ۱۷ ھەمی پێش زاینی (میلاد)ەوه میتانی یەکان لەناوچـەی رووباری ( خابوور )و ( فورات )ەوه دەسـەڵاتیان پەیـدا کردووەو ( نایری )یەکانیش لە ( ئەلجەزیرە )ی ژووررووو ڕۆژاوای گۆمی (وان) دا لەسەدەی ۱۲ یەمی پێش زاینێ بەدواوه خۆیان نواندووه •

ئەنجا لەبەرئەوەی بۆ ئەم دوو تیرە نەتەوەی ( سۆباری )یە شـتێك زانستی ھەیە لەمێژووداو ئەمانەش لەگەڵ ڕەگەزی ئیستای تورکیـادا تێکەڵاییەتی یان ھەیە ، بەپێویست زانرا لەمیانی باسی سـۆباریدا چەردەیەك لەمێژووی ئەمانیش بدۆیین •

## ٦ ـ نەتەوەی ( میتانی ) :

ئەگەرچی ھەندێك زانا ھەن ( میتانی )یەکان بـە لـکێکی ( کاسی ) دائەنێن ، بەڵام دانانیان بەتیرەیەك لەسۆباری یەکانی گونجاوترە ، چونـکە ئەمانە لەوڵاتی سۆباری دا بوون نەك لە وڵاتی ( کاسی )دا •

لەسەدەی ۱٦ ھەمینی پێش زایین دا ئەمانە لەبەینی مووسـڵو جرابولسی ئیستەدا حوکوومەتێکی بەھێزیان دامەزراندووه • لـەو دەورە چوار دەوڵەتی گەورەی وەك ( میصر ، ھیتیت ، کاسی و میتانی ) ھـەبوه • ئاوایی ھەرە بەناوبانگی میتانی یەکان شـاری ( واشئوغانی ) بووه ، ئیدارەی وڵات لەوێوه کراوه • وەچونکە ناوی سۆباری یشیان ھـەر پێ وتوون ھەندێك موستەشریق ئەڵێن ناوی ئەصڵی ی قەومەکە (سۆباری)یەو ( میتانی ) لەقەبی خانەدانی حوکمدارەکانیانە ، وە بەوڵاتەکەشیان بێژراوه ( ھانی گاڵبات ) کە لەوحە دۆزراوەکانی کەرکووکیش ئەمە ئەگرێتەوه •

لەلایەکی ترەوه میصری یەکان بەم میتانی یانەیان وتووه ( ناھاری ) ، وە لە ( تەورات )یشا بە ( نەھارام ) ناوبراون • ئەگونجێت ناوی (نایری)

لە نەھاری‌یەوە ھاتبێت • لەناوەندی سەدەی ١٦ یەمی پێش میلادا حوکوومەتی ( میتانی ) زۆر بە دەسەڵات بووە ، ھەتا ( کەرکووك )ی ئێستەیان داگیر کردووە • بەمەدا دیارە لەگەڵ ( گۆتی )یەکانیشا بەشەڕ ھاتوون‌و بەسەریشیانا زاڵ بوون • لەمێژووی ١٨٥٠ پێ•م دا فیرعەونی میصر ( تەحوتمیش )ی یەکەم کەھات ئاسیا داگیر بکات لەشیمالی سووریەدا میتانی‌یەکانی شکاندووە ، بەڵام ئەم میتانی‌یانە لەدوایەدا بووژاونەوەو ئەمجا ئەمان میصری‌یەکانیان شکاندووە • لەسەر ئەمە سەردەمێك لە شیمالی سووریەدا ھەر خۆیان دەسەڵاتداربوون • ئەوەندە ھەیە دەس ڕۆیبوی تازەیان زۆر پایەدار نەبوە • ھەم دیسان کزبوونەوە، چونکە لەمابەینی سێ دەوڵەتی لە خۆی قەوی تری وەك ( میصرو ھیتیت‌و ئاشۆری )دا بوون • ئەم سێ حوکوومەتە زلەش ئەوکاتە لەگەڵ یەکا لە ڕقەبەرێ‌دا بوون • ئاخری کار ( ھیتیت )ی‌یەکان ناوچەی ڕۆژاوای ( فورات )و میصری‌یەکانیش بەشی ( سووریە )یان لێ سەندن • مایەوە وڵاتە ئەصلی‌یەکەی خۆیان • ئەویش ( ئاشۆری )یەکان دەمیان تێ‌ژەندو تاسەدەی ٨ پێ•م کشتیان داگیر کرد • بەمە دەوڵەتی ( میتانی ) بەتەواوی لەناو چووە •

## مەدەنیەتی میتانی‌یەکان

میتانی‌یەکان نەتەوەیەکی ( مەدەنی ـ شارستانی ) بوون ، نۆصەد ساڵ زیاتر بەھێزو بەناوبانگ حوکمڕانی گەلێك وڵات بوون • لەوێرانەکانی ناوەندی فورات‌و لەکەرکووك کە سەردەمێك بەدەستیانەوە بووە زۆر شت ( ئاثار )یان دەر کەوتووە ، لەمێژووی ( میصر ، ھیتیت ، وە ئاسۆری )یشا زۆر باسیان کراوە • بەپێی ئەم باسانە وادەرکەوتووە کەمیتانی‌یەکان زمانی تایبەتی‌ی خۆیان ھەبوەو بەخەطی ( مسماری ) بەو زمانە نووسیویانە • ئەمانە بەڕەسەن‌و بەڕەگەز لە نەتەوەی ( قافقاس )ن و

لەسەر ئاینی ئاری‌ی کۆن بوون‌و زمانەکەشیان لە زمانی ئەوان چووە •

## ٧ ـ نایری‌یەکان :

ئەم قەومە لەناو نەتەوە کۆنەکانا ناوی نی‌یە ، بەڵکو لەسەدەی ١٢ پ٠ز٠م بەدواوە لە مێژووی ئاشۆریدا ناویان دەر کەوتووە ، وە لەگەڵ ئاشۆری‌یەکانا گەلێك خوێنی یەکتری‌یان ڕشتووە •

لە سەرەتای مێژووی ئاشۆرا باسی سۆباری‌یەکان هەیە کەچی نەتەوەی دوایی ئەم ئاشۆری‌یانە لەشوێنی نیشتمانەکەی ( سۆباری )دا ناوی نەتەوەی ( نایری ) ئەبەن‌و باسی سۆباری‌یەکان ناکەن • بەمەدا دەرئەکەوێ کە نایری‌یەکان تیرەیەکی تازەن • زۆر ئەگونجیت ئەمانە تیرەیەکی بزێوی سۆباری‌یەکانی ژووروو بووبن‌و ، بەرە بەرە دەسەڵاتیان بەسەر گشت تیرەکانی ترا پەیدا کردبێ‌و بەئەنجام بەسەر هەموویانا زاڵ بووبن ، ئەوسا ناوی سۆباری نەمابێت‌و ناوی ( نایری ) بەو ناوەدا بڵاو بووبێتەوە • گەلێك زانا ئەم بیرو ڕایە ئەسەلمێنن‌و ئەشڵێن دێهات‌و خێڵاتی ( نایری ـ نەهری )و ( بۆتان )و ( شەمدینان ) پاشماوەی ئەم نایری‌یە کۆنانەن •

لەدوای پەیدا بوونیان ئەم نایری‌یانە نەتەوەیەکی دڕو نەبەزیان لێ‌هاتۆتە مەیدان ، لەسەدەی ١٠ پ٠ز٠م دا سەرزەمینەکانی مابەینی زێی گەورەو ڕووباری ( دەجلە ) لەژێر حوکمیانا بووە • بەڕەوشت‌و ڕووداوەکانیانا وا دەر کەوتووە کە نیظامی حوکم لەنایریدا ئیدارەی مەرکەزی نەبوە ، بەڵکو تەرحە حوکوومەتی ( وردەڵە )یان لە وڵاتەکەدا پێکەوە ناوە لە وێنەی ( ڤیدەراڵی ) پەیوەندیدا •

ئەمانە هەریەکە ( سەرۆك )ی خۆیان هەبوە • ئاشۆری‌یەکان لەقەبی ( پادشایی )یان داوە بەم ( سەروکانە ) • ( تیغلات پلایزەر )ی یەکەمی مەلیکی ئاشۆر لە دەشتی ( مەلازگرد )دا لەگەڵ لەشکری ٢٣ پادشای

نایری شەڕێکی گەورەی کردووەو سەرگوزەشتی ئەم شەڕەی لەسەرچاوەی دەجلە لەسەر ئەستوونی سەرکەوتن ( ظەفەر )دا دوورو درێژ نووسیوە • لەوڵاتی نایریدا جێگا نی‌یە لەشکری ئاشۆری پێدا نەڕۆیشتبێت‌و لەگەڵ سوپای نایریدا تێك هەڵ نەچوو بێت •

لەشکری ( ئاشۆر ) بەشەڕی دوورو درێژی نایری‌یەکان تەنك بووە ، وە بووەتە هۆی کزبوونی حوکوومەتەکەشیان •

هەر لەمێژووی ١١٠٠ وە تا ٦٨٠ پێ•م کە سەردەمی لە ناوچوونی ئاشۆری‌یەکانە حوکمدارانی ئاشۆر یەکە یەکە بەگژ هەموو نایری‌یەکانا چوون • ئەم شەڕانە بۆ ئەوە نەکراون کە وڵاتی نایری داگیر بکرێت ، بەڵکو بۆ ئەوە کراون کە خاکی ئاشۆر لەتاڵان‌و بڕۆی نایری‌یەکان ڕزگار بکرێت • کە ئاشۆری‌یەکان لە ناوچوون‌و کیشوەرەکەیان بۆ دەوڵەتی ( ماد ) بەجێ ما ، لەوڵاتی نایری‌دا ناوی ( کوردۆئەن ـ کوردوستان ) پەیدا بووە ، کە ئەمە سەرەتای پەیدابوونی ناوی ( کورد )ە وسەرەتای تەطەوراتی دوایی‌یەتی •

بەمەدا وەها دەر ئەکەوێ کە بەشەڕە دوا بڕاوەکانی ئاشۆر نایری‌یەکانیش بێ هێز بوون ، وەتەنك بوونی ئەمانە بووەتە هۆی ـ پەیدابوونی عێل‌و خێڵانی تازە وەکو ( کاردۆخۆ ، کوردۆیی ، مانای ) ناو تیرە عەشرەتەکانی ( ماد ) ئەمانە ئەم سەردەمەیان بەهەل زانی‌و هاتنە پێشەوە ، لەناوچەی شیمالی ڕۆژاوای ئێرانەوە لەبەر کزبوونی ئاشۆری‌یەکان‌و بەو ناوەدا بڵاو بوونەتەوە ، چونکە تا ئەو حەلە لەبەر هێزی ئاسوری‌یەکان ئەم عەشرەتانە نەیان ئەتوانی ڕوو بکەنە ڕۆژاوای خۆیان لەئێران وە هەروەها لەبەر ئەوەی نایری‌یەکانیش کزبووبوون ، ئەمانیش توانایان نەمابوو کە تازە هاتووەکان بەرهەڵست بکەن ، جا لەبابەت

ئەحواڵی ئاریی‌یەکانەوە داخەکەم لەمە زیاتر زانیاریی دروســـــت لەمێژوودا مست نەکەوتووە •

## ئەهالی کۆنی ڕۆژهەلاتی (ئەنەدۆڵ)

لەبەر ئەوەی زوربەی دانیشتوانی ئیستەی ڕۆژهــەڵاتی ( ئەنادۆڵ ) کوردن‌و ئەمانەش نەتەوەی ئەو قەومانەن کە بەزنجیرە لەکۆنەوە لــەوێ ژیاون ، پێویستە بزانین ئەم نەتەوە کۆنانە چ کارە بوون‌و چی‌یان بەســەر هاتووە تاکو لەبابەت موتالای نەژادی نەتەوەی کوردی ئــەو ناوەوە هیچ باس‌و ئەحواڵێك پەنهان نەمێنێتەوە •

وەکوو مێژوو ئەڵێت لە کۆنەوە لەڕۆژهەڵاتی ( ئەنادۆڵ )دا گەلێك نەتەوە ژیاوە کەچی لەوانە ئیستا دوو بەشیان نەماوە ، چونکە ئەم وڵاتانــە سەرەڕێ بوون هەمیشە لەژێر پێخوستی ئەقواما بوون • لەسەرێکەوە لــە قافقاسەکانەوە هەمە جۆر تیرە عەشایری ڕەوەکی نێوە وەحشی وەك لافــاو بۆیێ هاتووەو بووە بەسەر چاوەی خراپە بۆ عالەمی ئــەوحەلــە لەلایەکی تریشەوە لەئێرانەوە ئەقوام هاتووەو لێرەدا گیری خواردووەو هەر وەها لە ڕۆژاوای ئەنادۆڵیشەوە بابەتە تیرەی جیاواز ڕووی کردووەتە ئــەو نــاوە کە یەکێك لەوانە ( ئەرمەنی )یەکان بوون •

جا چونکە ئەم نەتەوانە هەندێکیان کێوی بوون وەك دڕندە بــەگژ یەکا چوون • ئەوانە پایەدار نەبوون لـــەنـــاو چـــوون • بێ گومـــان ڕووداوەکانیان ون بووە • هەر ئەو نیشانانە هەیە کـــە وەك حیکایــەت بیستوومانە وەکو : ناوبانگی کێوی قاف‌و ڕووداوی دروست کردنی سەدی ئەسکەندەری مەقدۆنی لە قافقاس‌و خەبەراتی ( ذو القرنین ) • ئەنجـــا مێژوو نووسەکانی ئەمڕۆ ئەڵێن :

بۆ بەربەست کردنی هەڵمەتی ئەم عەشایرە کێوی‌یانە ، ســەردارو

پادشاهە کۆنەکان زۆر هەوڵو تەقەلایان داوە • مێژوو نووسی مـەزن ، وەزیری مەعاریفی پێشووی هیند ( ابو الکلام آزاد ) لـەبـابەت ئـەم سەرگوزەشتانەوە نامیلکەیەکی هەیە لەوێدا دوورو درێژ لەم باسـە دواوە[1] • تومەز دێوو درنجەکانی کێوی قافی زەمـانی کۆن کـە بەحیکایەت باسیان ئەکردن ، ئەم عەشایرە وەحشی‌یانە بوون کە ئەیـان وت لە دەربەندەکانی کێوی قافەوە دەربـەڕیونـە دەرەوەو وڵاتـە مەدەنی‌یەکانیان داماڵیوە • ئەوە بوو کردەوە وەحشی‌یەکانیان ئەگێڕانەوە•

بەکورتی : ئێمە لێرەدا باسی ئەو نەتەوانە ئەکەین کە نیشتمانیـان پێکەوە ناوەو ئاوەدانی‌یان بەجێ هێشتووە • تەنانەت ئەو نەتەوانە کـە لەگەڵ ( کورد ) ا پێکەوە ژیاونو لەمێژوودا جێگایان بووەتەوە ، بەڵام بۆ ئەوەکانی‌تر ئەگەر هاتو باسیان کرا ، بەپێی مەبەسی خۆمـان بەکورتی باس لەوانیش ئەکەین •

## هیتیت ـ ئیشی

لەناو میللەتە کۆنەکانی ڕۆژەڵاتی ( ئەنادۆڵ )دا ئەم نەتەوەیە زۆر گرنگو ناودارە لەمێژوودا • ئەگەرچی لەگەڵ نەژادی هەرە پێشووی کوردی ئەنەدۆڵدا هیتیی‌یەکان تێکەڵیو ماجەرایان بووە ، بـەڵام ئـەم هیتیانە زوو لەناو چوونو بەتەطەوراتی ئاخری ( کورد ) ا نەگەیشتوون• لەبەر ئەوە هەر بۆئەوەندەی بی‌یان ناسین باسیان ئەکەین •

ئەمانە لەو قەومە مەدەنیو دەسەڵاتدارانەن کە لە ( کوردستان )ی تورکیای ئیستەدا ١٥٠٠ ساڵ پتر ژیاون •

بەتەواوەتی نەزانراوە ئەمانە لەکوێوەو کەی هاتوونـە ناوەنـدی

---

(١) نامیلکەی ( شەخصیەتی ذو القرنین ) هی ( ابو الکلام ئازاد ) وەزیری مەعاریفی پێشووی هیند •

( ئەنادۆڵ ) • هەر ئەوەندە زانراوە یا لەشیمالی ئێرانەوە ، وە یا لەقافقاسەوە لەکاتی پێش تەئریخەوە هاتوون • ئەگەرچی هیتیتی یەکان لەگەڵ نەتەوە کۆنەکانی زاغرۆسدا پێکەوە ژیاون ، بەڵام لەپێش هاتنی ئاری یەکانا واتە : لەپێش هاتنی مادو فورسدا لەناو چوون • لەبەر ئەوە ( کورد )یان نەدیوە ، بۆیە لێرەدا لەمە زیاتر ئێمەش باسیان ناکەین •

## ٩ ـ ئۆرارتۆو هاڵدی ـ خاڵدی :

ئەم دوو ناوە ناوی وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ( ئەنادۆڵ )و ناوی خەڵکی کۆنی ئەوێیە • وە لەساڵی ١٢٥٠ پێ•م بەدواوە پەیدا بووە • ئەهالی یەکە بەبێ گومان ئەو عەشرەتانەن کە بوون بەهۆی لەناوچوونی حوکومەتی ( هیتیت ) کە لەسەرەوە باسمان کردو جێگای ئەوانیان گرتووەتەوە • ئەگونجێت ئەمانە بەڕەگەزیش لە جینسی ئەوان واتە ( ئیشی )یەکان بووبن •

ئۆرارتۆکانو ئایری یەکان هاو چاخی یەکن • یەکەمینیان لە ڕۆژهەڵاتی ئەوی ترا بووە بگرە مێژووشیان تێکەڵاوە • ئەوەندە هەیە ئاشۆری یەکان جیا جیا ناویان بردوون • ئەم ئاشۆری یانە بەسەر زەمینی ڕۆژاوای گۆمی ( ورمیە )و دەرویشتی گۆمی ( وان )یان وتووە • ( ئۆرارتۆ ) کە ( تەورات ) ئاراراتی پێ ئەڵێو بە ئەهلەکەشیان وتووە ( هاڵدی ـ خالدی ) لە سەدەی ١١ هەمی پێ•م دا عەشرەتێکی تازە کە ناوی ( مووشکی ) بووە هاتووەو داویە بەسەر ئەم وڵاتانەداو لەوێ وەستاوەو لە دوایدا ئەمانە کۆنو تازە هەموویان ئاوێتەی یەك بووە • کۆنەکانیشو ئەم تازانەش تێکڕا حوکوومەتی وردەڵەی (ئازادی خواز)یان پێکەوە ناوە ، وە بۆ ئەوەی ئەم سەربەخۆیی یە بپارێزن هەمیشە ئامادە بوون لەگەڵ ئاشۆری یەکانا ئازایانە شەڕ بکەن ، وە بگرە لەگەڵ

نایری یەکانی دراوسێ یشیانا بۆ خێری هەردولا پەیوەندیان کردووە لــە ترسی هەڵمەتی ئاشۆری یەکان • تا بەو جۆرە کۆڵەکەیان داوە لەگەڵیاناو هیچ کۆڵیان نەداوە •

ئەم ( خالدی )یانە گەلێك پادشـای ناوداریان هـەبووە ، وە لــە دەوروپشتی خۆیانا گەلێك شوێنیان زەوت کردووە • یەکێك لەو پادشاهە ئازایانە ( ساردۆریس ) کوڕی ( ئاری ) ناو زۆر بە ناوبانگ بووە • ئەم پادشایە شاری ( تۆس پاس - وان )ی بینـا کردووەو کردوویــە بــە پایتەختی خۆی • ئەمانەش بەپێی دەستووری نایری یەکــان کــە لای سەرەوە باسمان کرد ، ( فیدەراڵی ) ئیدارەی خۆیان کردووە •

لەسەدەی ٩ یەمی پێ•م دا کە ناوبانگی عەشایری ماد پەیدا بـوو ، وە لەگەڵ ئاشۆری یەکانا تێك ئاڵان ( ئۆرارتۆ )کان تۆزێك حەسانەوە ، بەڵام لە سەدەی ٨ پێ•م بەدواوە کە خێڵاتی ( کیمەری )و ( سـکیت )ی کێوی لای قافقاسـەوە هەڵمەتیان هێناو بوون بە ئافــەت بۆ ئـــەو ناوە ، ئۆرارتۆکان لەتاوانا بوونە لایەنگیری ئاشۆری یەکانو بەرامبــەر ئـــەم کێوی یە دڕانە لەسەر یەکیان ئەکردەوە •

ئەو دەمەی ( میدیە ) ئاشۆری یەکانی لەناوبرد ، وڵاتی ( ئۆرارتۆ ) بە میرات بۆ مێدیە مایەوە • ئەمجا لەژێر ئیدارەی دەوڵەتی تازەدا هەردوولا پێکەوە لەسـەر نیظامی ئەوکاتە لەگەڵ یەکا ژیاونو ئاوێتەی یـەك بوون • ئەمجا بەرە بەرە ناوی قەومە کۆنــەکانی ( ئۆرارتۆ ) لــە مێژوودا ون بووەو لەجێی ئەوان ناوی ( ماد )و تیرەکانی ماد جێگیر بووە •

**مەدەنیەتو شارستانیەتی :**

بەمەزەندە شاری ( تۆسپاس - تۆشیا ) کە وێرانەکــەی لای گۆمی وانە ، ناوجەرگەی هالدی یەکان بووە • هەندێ نووسراوو شـتی بـەجێ

ماو ( ئاثار )ی ئەمانە لەو ناوەدا دۆزراوەتەوە ، بەڵام تەعریفی ئەوانە دەست ئێمە نەکەوتووە •

هاڵدی یەکان ( ڕۆژ ) پەرست بوون • هەموو خەڵکی ( ئۆرارتۆ ) لە ئاشوری یەکانەوە فێری ( مەدەنیەت بوون • لە پێشا بە ئاشوری‌و لە دوایدا بەزمانی خۆیان‌و بەخەتی ( مسماری ) نووسیویانە [1] •

## ٩ ــ ئەرمەنی یەکان :

ناتوانین لێرەدا دوورو درێژ قسە لە مێژووی ( ئەرمەنی ) بکەین ، بەڵام چونکە ئەمانە تێکڕا لەگەڵ کوردەکانا پێکەوە ژیاون‌و بەتێکەڵاوی‌و دراوسێتی هاتوونە خوارەوە ، بە پێویستمان زانی نەختێکیش لە کردگارو مێژووی ئەمان بدوێین •

ئەرمەنی یەکان خۆشیان بەتەواوی نایزانن کە لەکوێوەو چلۆن هاتوونە ئەنادۆڵ • هەندێك ئەڵێن ئەمانە لە ( هاڵدی )وە یا لەبەشی دوایی (ئیشی)یەکان پەیدابوون ، بەڵام ڕەنگە ئەوە ڕاست بێت کەئەڵێن تیرەیەکن لەنەتەوەی ( هیندۆ ئەورووپایی ) •

لە سەرەتای سەدەی شەشەمی پێش میلادا ئەمانە لای گەرووی ( بوسفۆڕ )و ( داردانیل ) پەڕیونەوەو کشاون بۆ لای ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ‌و ، لەناوچەی ( ئۆرارتۆ )دا لەناو ( کورد )ەکانا جێ گیربوون • زاتەن گەلێك تایەفەی تریش لەو هەنگامەدا هەر لەو گەروانە پەڕیونەتەوەو لەناوەندو ڕۆژاوای ( ئەنادۆڵ )دا دامەزراون کە ناوو ڕەوشت‌و کردەوەیان لەمێژووی گشتی‌دا نووسراوە • هەرچەندە ئەرمەنی یەکان لەلایەن هەندێك تایەفەی تازە هاتوو لە قافقاسەوە کە ( کیمەری )یەکان

---

(١) باسەکانی ئەم ئاخری‌یە لەمێژووی ( بریستیە ) وەرگیراوە •

یەکێکن لەوانە ـ بەیەنێک شپرزە کراون ، بەڵام زۆری پێ نەچوە دیسان خۆیان کۆ کردووەتەوە ••

وە لە ( ئۆرارتۆ ـ ئەرمەنستان )دا کەوتوونە تەقەلادان بۆ دروست کردنی دام‌و دەزگایەکی ئازادی سەر بەخۆ بۆ خۆیان ، کەچی لەبێ تالعیی خۆیان لەو دەمەدا ئیمپەراتووریەتی تازەی ئێران ، واتە ( کەیخوسرە )ی گەورە پەیدا بووەو گشت ئەو وڵاتانەی داگیر کردووە • ئەرمەنی‌یەکانیش وەک قەومەکانی تر چارو ناچار (٢٠٠) ساڵێك بەمسکێنایەتی‌ی ئێران مانەتەوە • هەر جارو بار لەگەڵ کوردەکانا ئەمانیش بەبێ ئەنجام یاخی گەری‌یان کردووە لە خزمەت ( شاهەنشای ئێران ) ا • ئەوەندە هەیە ئەم ئەرمەنی‌یانە لە کوردەکان چاکتر مشووری حاڵی خۆیان خواردووەو بۆ یەکەوە نووسانیش هێشتا ئەمان باشتر بوون لە کوردەکان • لەبەر ئەوە لەعاستی حوکووماتی ئێرانیش‌و ڕۆمیشا جاروبار توانیویانە یاخی بن‌و ئازادی بسێنن بۆ خۆیان‌و لەژێر ئیدارەی مەلیکی خۆیانا لەو ناوەدا بەناوی ( ئەرمەنستان )ەوە ( حوکوومەت ) بکەن • تەنانەت کوردەکانی ئەو ناوەش لەسەدەی ( ١ و ٢ پێ‌م ) دا کەوتوونە ژێر حوکمی ئەرمەنی‌یەکانەوە تاکو ( ڕۆم )ەکان هاتوون‌و وڵاتەکەیان لە ئەرمەنی‌یەکان سەندووەتەوە • لە سەدەی (٣ هەمی پ‌م)دا پادشای ناوداریان ( دیکرانی دووەم ) بووە ، بەڵام لەدوای میلادی حەزرەتی عیسا قەوەمایەتی‌ی ئەمانیش تەنگ بووەو هێزی جارانیان نەماوە ، بۆیە حوکوومەتەکەشیان لەلایەن ( ڕۆم )ەکانەوە لە ناوبراوە • لەهەموو کاتێکا کوردو ئەرمەنی‌یەکانی ڕۆژەڵاتی ئەنادۆڵ یەکەوە بوون • ئەمان ، یەعنی ئەرمەنی‌یەکان ، بووبوونە شارستانی ، کەچی زوربەی کوردەکان بەخەڵکی شاخی مابوونەوەو لە دێهاتا ئەژیان •

کوردەکان حەزیان بە بەکارهێنان‌و هەڵگرتنی ( چەک ) ئەکرد •

ئەرمەنی یەکان حەزیان لە بازرگانیو فرمانی تیجاری ئەکرد •

لەگەڵێك کاتا کوردی دێکانیشو کوردی شارستانی یش بەکەڵکی حوکوومەتی ئەرمەنی هاتوون •

ئەرمەنی یەکانیش لەپێشا وەك کوردەکان لەسەر ئایینی سروشت ( طەبیعەت ) پەرستی بوون • ئەگونجێت بەیێنکیش بووبن بە (زەردەشتی)، بەڵام چونکو لە عەشرەتایەتیدا ( کورد )و ( ئەرمەنی ) یەکتریان بە بێگانە داناوە ، نەگونجاوە یێکەوە بنووسێنو کە ئەرمەنی یەکان لە دەوری ٣٠٠ی میلادیدا بەبیرێکی سیاسی بوونە ( مەسیحی )و کوردیش لەسەر ( بتپەرستی ) مایەوەو لەدوایشا بووە بە ( موسولمان ) • ئیتر هیچ هیوای یەك گرتن نەماوە لە بەینیانا •

ئەرمەنی یەکان هەموو دەمێك لێهاتوویيو زیرەکیی قەومیی خۆیان نواندووە ، وە لەناو ئەم هەموو هەراو هوریای مێژوویی یەدا خۆشەویستی وبیری قەومایەتیی هەر بووە • ئەمانەی هەتا ئیستا هێشتووەتەوەو پاراستوونی[1] •

بە تەواوبوونی ئەم باسە حاڵو ئەحواڵی نەتەوەکان کە ناسراون بەخزمی ( کورد ) ئەبڕێتەوە • ئەمجا سەرگورشتەی کۆچو ڕەوی ( ئاری )یە تازەکان دێتە پێشەوە ، وەکو لای خوارەوە باسیان ئەگێڕینەوە •

---

(١) بڕوانەرە کتێبی مێژوویی ( کوردو مەسئەلەی کوردستان ) نووسینی دوکتۆر شاکر خصباك ، لەلاپەڕە ٢١ دا •

# کۆچ و ڕەوی دوایی
## هاتنی ئەقوامی ئاریی تازە :
## ( ماد ، مانای ، پارت ، پارس (فورس) ، کاردۆخۆ)

ئەگەر زۆر چاك سەرنج بدەینە ئەحوالی مێژووی نەتەوە کۆنەکان ، ئەبینین لە پێش و پاشی میلادی عیسادا لەناو نەتەوەکانی سەرزەمینا ئارام و وەستان نەبووە ، بگرە لافاوی قەومە ڕەوەکی یەکان لە هەموولایەکەوە بەسەر ولاتی نەتەوە نیشتەنی یەکانا شەپۆلی داوە . ئەمانە هەر وەکو مەدەنیەت و ئاوایی یەکانیان تێك و مەکان داوە ، بناغەی عالەمێکی تازە و گەرای کۆمەلایەتی یەکی گەورە تریشیان داناوە ، وەکو :

ئەبینین ئەوکاتەی ( کاسی یەکان ) لە ڕۆژهەلاتەوە پەلاماری عیراقیان داوە ، عەشایەری کۆچەری ( ئاری )یش لەڕۆژئاوای دەریای خەزەردا لە جۆش و خرۆشی (کۆچ و ڕەوا)بوون بۆلای بانی ( ئێران )و (هیندوستان). ئەمانە دەستە ( مەوجە )ی ( هیندۆ ئەورووپا ) وەیا ( ئاری )یە تازەکان بوون کە ڕەویان کردووە و خەریکی کۆچ بوون لەو بیابانانەدا . بەپێی وتەی زاناو مێژوونووسەکان ئەم کۆچ کردنی تازەیە لە دەوری سەدەی ١٦ و ١٨ی پێش زایینی ( میلاد )دا ڕووی داوە .

ئەلێن ئەم ( عەشرەتانە ) هێشتا لە دەوری ( بەرد )ی دوایيدا بوون ، توانای کشت و کالیان پەیدا کردبوو . کەچی عیراق و میسری یەکان ئەو حەلە ( مەعدەن )یان بەکار هێناوە و شتیان لێ دروست کردووە . ئەم عەشایەرە ڕەوەکی یانە بە ڕەوە ئاژالیان بەخێو کردووە . هێشتا هەستی مەدەنیەت ( شارستانیەتی ) تەواو پەیدا نەبوە لەناویانا بە ڕەوە ( ئەسپ )و ( ماین )یان هەبوە کە لە عیراق و میسری شارستانیدا ئەم جۆرە چوارپێیە

هێشتا نەبیزرابوو • لەسەر ئەوە شاخواستی کشتو کاڵ هەبوو لەناویانا وەك لای سەرەوە وترا ••

ئێمە لەسەر ئەو بیرەین کە ئەم ( ڕووداو )ە کۆچو ڕەوی دووەم جاری ( ئاری )یەکانە چونکە شەپۆلی یەکەمین ، عیلام ، گۆتیو کاسیو ڕەفیقەکانی کردیان • ئەوەبو لەڕۆژاوای ئێرانا خوارو ژوور دامەزران وەك لە نووسراوەکانی لای سەرەوە باسمان کردن • ئەوسا لەعێراقا ( سۆمەر )و ( ئەکەد )ەکان دانیشتبوونو خەریکی کشتو کاڵ بوون •

لە کۆنا لەبەر نەبوونی (لەوەڕ) جلۆن هەندێك خێلاتی ( سامی )ی عەرەبستانی بەجێ هێشتووە چووە بەم لاو بەولادا • وەها دەرکەوتووە ئەم عێلاتی ( ئاری ) دوایی‌یەش لەبەر بێ بارانیو کەم لەوەڕی وەیا لەبەر ناکۆکی‌ی خۆیانو دراوسێکانیان ناچار بوون بەعێلجاڕی دووبارە کۆچو ڕەو بکەنەوە چونکە ڕەوشتی ئیقلیمی‌ی هەردوولا ( چۆڵ ) تەبیاتە خەلکی ئەم جۆرە چۆڵانە هەمیشە مەعرووضی ئەم حاڵەتانەن بۆیە ئەگونجێ ئەم کۆچو ڕەوە دووەم ( مەوجە ) بێت • لەمانە خێلاتی شیمالی ( قافقاس )و دەریای خەزەر ڕوویان کردووەتە ( ئەورووپا )و هەرچی خێلاتی ڕۆژەلاتی دەریاکەشە لێك جیابوونەوە ، بەشێکیان چووە بۆ (هیندوستان)و ( ئەفغان )و هەندێکی تریشیان ڕووی کردووەتە بانی ( ئێران ) • بە گردەوە ئەمانە هەموو ناویان ( ئاری ) بووە ، تەنانەت ناوی ئێرانیش لەم ناوە پەیدا بووە • ئەگونجێت هەندێك لەم عێلانە لە قەفقاسەوە هاتبێت •

جا سەرگوروشتەی ئەم کۆچو ڕەوانە لە کتێبی ( ویداس )ی هیندی‌یەکانا نووسراوە[1] •

---

(١) مێژووی عوصووری قەدیمەی براستد ، باسی مادوو فورس • ل ١٣٥ شوعووبی ئاری • وە مێژووی ( کوردو کوردستانی ) ئەمین زەکی بەگ •

دەستە عەشایەری ( ئێران ) کەهاتوون گەلێك تیرە بوون ، بەڵام ئەوەی بڕە بووەو لەمێژوودا ناوی بەجێ ماوە ( ماد ، پارس ، پارت ، کاردۆخۆ ، یافت ، سەغد )ەکان بوون • ئەمانە هەر یەکە عێلێکی گەورەی ئەوتۆ بوون وەك عەشرەتە زلەکانی ئێستا چلۆن بەناو یەك عێلن کەچی لە دابەش بوونی ناو خۆیانا ئەبن بە گەلێك تیرە ، جا ئەم عیلاتە کۆنانەش ئاوەها فرە تیرە بوون وەکو ( جاف ) ناوی یەك عەشیرەتی گەورەیە کەچی لەناو خۆیا ١٢ تیرەیە •• ئەگینا ئاری‌یە کۆچەرەکان نەیان ئەتوانی (ئێران) بڕ بکەنەوە •

بۆ ئەوەی ئاژەڵیان یە ئاسانی بۆ بەخێو بکرێ هەریەکە لەم عەشرەتانە ڕووی کردووەتە سەمتێکی ئێران • لەسەر ئەوەشا بەڕیز خوارو ژووری یەکتری بوون چونکە مەترسی‌یان بووە نەك تووشی پەلاماردانی بێگانە بن •

جا ئەم کۆچو ڕەوانە نەپساوەتەوە زۆر درێژەی کردووەو بەرەو ڕۆژاوای ئێران تەنیوەتەوە • هێشتا دووەم هەزار ساڵی پێش میلاد تەواو نەبوە کە بەرایی‌یان لەگەڵ نەتەوەکانی پێشووی خزمیان کە بە (مەوجە)ی یەکەم هاتبوون لای ڕۆژاوای ئێران یکدگیر بوون •

**وتاری تەئریخی :**

ئەم تیرە نەتەوانە کە بەئێرانا بڵاو بوونەتەوە ، لە نزیك نەتەوە کۆنەکانا ئارامیان گرتووە • لەدوایی‌یا تێ گەیشتوون کە ئەم قەومە کۆنانە هێزی عەشایەری‌و توانای جەنگاوەری‌ی پێشوویان نەماوە ، بەڵکو لەژێر تەئثیری مەدەنیەتی ( سۆمەر ، بابل ، وە ئاشوور ) دا بەیەکجار لەدەماری ڕەقی عەشرەتایەتی کەوتوون • ئەوسا دەستیان بۆ درێژ کردوون ، لەبەرئەوە لەناویانا شەڕو هەرا دەستی پێ کردووە بەبێ شك تازەکان بەسەر کۆنەکانا زاڵ بوون‌و وڵاتەکەیان لێ داگیر کردوون •

سەرکەوتووەکان لەوەدوا وەك یەخسیر تەماشای خەلکە کۆنەکانیان کردووە ، هیچ مافیان پێ نەبەخشیون • بەم جۆرە وردە وردە بوون بە ( ئاغاو مسکین ) ، تاحەزیی پێشوویان لەبیر چووەتەوە تێکەلاو یەکتر بوون • لەکاتی کۆنا ئەم جۆرە ڕووداوانە لە مابەینی عەشایەرە کۆچەرەکانو شارستانی یە کۆنەکانا زۆر ڕووی داوە • لەئەنجامی ئەم چەشنە تێکەلّ بوونەدا سەرۆکی ( نوێ )و ئەقوامی ( نوێ )و دەولەتی تازە قەلّلاّ هاتووەتە کایەوە ، وە لەزۆر جێگادا بەم جۆرە ڕووداوانە نەخشەی جیهان تێكو مەکان چووە •

بەکورتی : لەئەنجامی کارا قەومایەتی ی ( ئاری )یەکانی ئێران وەهای لێ بەسەر هاتووە کە لای خوارەوە نووسراوە[1] •

١ ـ لەم عەشرەتە زۆرانە خێلاتی ( کاردۆخۆ ) بەشیمالی عیراقا تێپەڕیوە بۆ ناو ولاتی ( سۆباری )و ( ئۆرارتۆ ) لەوێ دامەزراوە • دیارە ئەم داگیر کردنو دەست بەسەرا گرتنە کە کۆچەرەکان کردوویانە لەدوای لەناوچوونی ( دەولەتی ئاشور ) هێزی سەندووەو پێك هاتووە • جائەم خێلە تازانە بوونە حاکم بەسەر نەتەوە کۆنەکانی ئەوێدا • لەدوای بەینێکی دوورو درێژ بەپێی قانوون ( تێکەلّ ) بوون ، کۆنو تازە خەلکەکە ئاوێتەی یەك بووەو بەشی حاکم کە کاردۆخۆکان بوون ناو بانگیان بەرز بووەتەوە •

٢ ـ تایەفەکانی ( ماد )و ( ماتای ) کە دەسەلاّتدارتر بوون ، شیمالی غەربی ئێرانیان کردووە بە نیشتمانی ( تازە )ی خۆیانو لە ولاتی ( لۆللۆ ، گۆتی ، کاسای )دا جێ گیر بوون ، بەلاّم ئاشۆری یەکان پەلاماریان داوە ، ولاتەکەیان داگیر کردوون ، ئەنجا ئەمان بوون بەمسکینی ئاشۆری یەکان

---

(١) موهاجەرەتی ئەقوام لەمێژووی گشتی ی گەورەی ( احمد رفیق )دا موتالاّ بکرێت ، بەرگی ٤ •

هەتا دوایی سەدەی هەشتەمی پێش میلاد مادەکان خەریك بوون کۆتـایی بە دەسەڵاتداریی ئاشۆریی‌ەکان بێنن‌و ئازادیی جارانیان بسـێننەوەو ئاشۆریی‌ەکان دەرکەن لەنیشتمانەکەیان هەتا لەدوای ئـەو تـەئریخـە سەرکەوتن بەسەریانا ئاشۆریی‌ەکانیان شکاندو لە ( میدیە ) دەریان کردن .

٣ - ( پارت )ەکان هەرچەندە لە ڕۆژەڵاتی ئێراندا ئـەمـانـە ماونەتەوە ، بەڵام لەدوایدا کەوتوونە ژێر دەسەڵاتی مادەکانەوەو لەدوای ئەوانیش چوونە ژێر حوکمی ( ئەخەمینی )یەکانەوە .

٤ - مایەوە تایەفەی ( پارس )ەکان . ئـەوانیش لـە جـەنووب‌و جەنووبی غەربی ئێراندا جێ‌گیربوون ، بەڵام هەندێك هۆزیـان لـەوڵاتی ( عیلامی کۆن )دا دامەزراوە . ئەوەنـدە هەیە پارسی‌یەکـان جـارێ کەوتوونە ژێر حوکمی مادەکانەوە کە لە شیمالیانا بوون . ئەنجا ناوی عیلام لەمەولا نەماوە . وا دەر ئەکەوێ سەرەتای ئەم ڕووداوانەی دوایی لـە دەورو پشتی هەزار ساڵی پێش میلادا هاتووەتە دی ، وە لەماوەی پێنج صەد ساڵێکا گشت ئەم تیرە ( نەوەی )ی ئاریی کۆن‌و تازەیە ئاوێتەی یەك بووە، واتە ( انصهار ) بووەو بنچینەی نەتەوە ئاریی‌یەکانی ئێستە هاتووەتە پێشەوە کەوا فورسەکانی ئێران‌و پارتەکان‌و هینـدیی‌یەکان‌و ( کورد )ەکـانی ( تورکیاو ئێران‌و عیراق‌و سووریە )ن . ئەم کاتە سەرەتای پـەیـدا بوونی دەوڵەتی ( میدیە ) بووە لە ئێران .

جا هیچ دوور نی‌یە ئەم ڕووداوانە کاتی خۆی بەم ( تـەرحـەوە ) یاتەحریکی نزیك ئەم جۆرە هەڵسووڕا بێت ، چونکە ئەم جۆرە ڕووداوە وەنەبێت بەتاسوخی هەر بۆ ئەمان بووبێت ، بەڵکو ڕووداوی یەك گرتنی نەتەوە ( سامی )یەکانیش لەمە ئەچێت ، یەعنی هەموو تیرە سامیی‌یەکان کە لەعەرەبستان هاتوونە دەرەوە لە هیلالی خەصیب‌و لەشیمالی ئەفریقادا بەرەو

دوا لەگەڵ ئەهالیی ئەو شوێنانەدا ئاوێتەی یەك بوون ، تا لە ئەنجامی کارا گشتی بەزۆری لە نەتەوەی عەرەبدا ون بووە •

ئەم ئەنجامە لە تورکیاشدا عەینی شتە • نەتەوەیەکی بچووکی تورکی حاکم کە لەدەرەوە هاتووە ئەکثەریەتێکی گەورەی بێ دەسەڵاتی مەحەلیی قووت داوە•جا بەکورتی دوور نی‌یە نەتەوە کۆنەکانی زاغرۆس لەگەڵ ئە نەتەوە تازەکانی دوایدا بەناوی ئاری‌یەتی‌یەوە ئاوێتەی یەك بووبن،ئەوسا کۆگای هەردوو نەتەوەی ( کورد )و ( فورس ) پێکهاتووە ، حاڵی حازر ( کورد )و ( فورس ) دوولقی درەختی کۆنە ساڵی ( ئاری نەژاد )ی ئێرانین •

## وەستانی کۆچو ڕەوو

## پەیدا بوونی نەتەوەی دوایی ( ئاری )ی ئیستە

عەشایەری مەنظوومەی زاغرۆسی دوایی لەنووکەوە ئەگەرچی وەك لافاو داویە بەسەر بانی ئێرانا تا گەیشتووەتە ڕۆژاوای ولاتەکە هەموو شتێکیان داماڵیوە ، بەلام کەزاڵ بوون بەسەر خەڵکە کۆنەکەی ئەویدا ، ئەمجا ئارامیان گرتووەو دەسیان کردووە بە ڕێکخستنی ئیش‌و کاری قەومەکەیان ، ئەوەندە هەیە لەمانە هەردوو عێلی گەورە خۆی گرتووەو حوکوومەتی مەدەنی‌ی پێکەوە ناوە • ئەویش لە پێشەوە ( ماد )و لە دوایی‌دا ( فارس )ەکان بوون • تیرە ئاری‌یەکانی تر بەشێنەیی کەوتوونە ژێر دەسەڵاتی ئەمانەوە ••

ئەگەرچی لەپێشا ئەمانە یاسا ( نظام )ی عەشیرەتی‌ی خۆیان ڕاگیر کردووە ، بەلام بەئەنجام کۆن‌و تازە گشتیان تێکەڵاو یەکتر بوون • ئەم دوو نەتەوە باسکراوەی سەروو لەدوای ئارام گرتن بەرەو دوا ( دوو ) ئیمپەراتووریەتی ( ئاری )ی ئەوتۆیان هێناوەتە کایەوە کە گشت عالەمی

( شارستانی )ی ئەو حەلە پابەندی فەرمانو حوکمیان بووە • نەتـەوەی ( کورد ) لەبەینیانا تیرەیەك بووە لە عیلە گەورەکـەی ( مـاد ) بەپێی ( یاسا )ی ئاری یەکان ئەمانە لەئیدارەو سیاسەتو ئیجتیماعا جارێ جیاجیا نەبوون ، بەڵکو لەژێر ئەمری سەروکێ گشتیدا بوون • لـەبـەر ئـەوە پێویست وەهایە جارێ باسو هەواڵی مێژووی کۆنی هەردوو عەشـرەتە گەورەکە بەکورتی بگێڕنەوە •

## مـادو فورس

**سـەرەتا :**

هەموو زانای ئەقوام بەیەك ئاواز ئەڵێن تیرە عەشرەتەکانی نەتـەوەی ( ماد ) ناو پشتەی ڕەگەزی پاكو خاوێنی میللەتی ( کورد )ە • لـەوانـە تیرەی ( کاردۆخۆ ) پێشڕەوی تیرەکانی تر بووە • وتەی ( کاردۆ ـ خۆ ) دوو پیتە • ( کاردۆ ) ناوی تیرەکەیە • ( خۆ ) ئەداتی جەمعە بە زمـانی ئەرمەنی • ئەوان بەم جۆرە ناویان هێناون وەك ئێمە ئەڵێین (کوردەکان) •

جا لەدوای ئەم باسە کورتە پێویستە بۆ ئێمە دروســت بوونی حوکومەتی مادی کۆن بەبناغەی سەربەخۆیی ( کورد ) دانێین ، وەك لای خوارەوە باسی ئەکەین •

عێلاتی ماد لە سەدەی دەیەمی پێ•م دا گەیشـــتوونەتە ڕۆژاوای ( بانی ئێران ) ، وە تاسەدەی نۆیەم هەموو سەرزەمینەکانی ( زاغرۆس )ی دیوی ئێرانیان داگیر کردووەو لەگەڵ ئاشۆری یەکانا کـە گـەورەترین دەوڵەتی سەرزەمین بووە ئەوحەلە ڕوو بەڕوو وەستاون لە ٨٣٥ پێ•م دا • مادەکان ئەیانویست : حوکومەت پێکەوە بنێن ، پایەدار بن • لەبەر ئەوە بەناچاری تووشی شەڕو هەرای خوێن ڕێژانە بوون لەگەڵ ئاشۆری یەکانا •

ئەم شەڕانە بەسەد ساڵەها درێژەی کردووە • مادەکان لە پێشـــا

کەوتوونە ژێر حوکمی ئاشووری‌یەوە ، ئازارو مەینەتی حوکمی بێگانەیان زۆر چەشتووە • مێژوو ئەڵێت : کاتی ئازادبوونی مادەکان کەنزیك بووەوە لەژوور ئەمانەوە هەرایەکی تر قەوماوە ، یەعنی لە ئاخرو ئۆخری سەدەی هەشتی پێش میلادا • دوا بە دوای یەك دوو عەشرەتی دڕی تازە لەقافقاسەکانەوە هاتوونە خوارەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیك ، یەکێکیان ( سیکیت )و ئەوی تریان ( کیمەری )ی ناو بووە لەپێشا قەومی ( سکیت ) هاتووە ئەو ناوەی شڵەقاندووەو لەدوای ئەمانە ئینجا کیمەری‌یەکان هاتوون •

ئەمانە زۆر دڕو بێ‌ڕەزا بوون • وڵاتەکانی ژووروی ئاشۆری‌یان جارێ بێزاوە ئەوسا دامرکاون ئاشۆری‌یە بەمە زۆر پەرێشان بووە ، سوپاکەی کزێتی‌ی هێناوەو تەنك بووە بۆ لەناوچوون • ئەمە خزمەتێکە قازانجی ( ماد )ی تیا بووەو کیمەری‌یەکانیش ئەمە تەنکی کردوون ، زانای تورك ئەڵێن ئەمانە تورکمان بوون کەچی زاناکانی تر بێ لەمە نایێن •

بێ‌ینەوە سەر عەشایری ( پارسی – فورس )ەکان • ئەمانیش کە هاتوون لەپاینی مادەکانا یەعنی لە جەنووبی ڕۆژاوای ئیستەی ئێرانا دامەزراون • لەپێشا مادەکان نیشانەی زیندوویەتی‌یان پیشان داوەو حوکومەتیان دروست کردووە • دەنگ وایە پارسی‌یەکان لای مادەکان بێ بایەخ بوون • ڕەنگە ئەم کەم نرخی‌یە لەبەر ئەوە بێت کە ئەم دوو عەشرەتە گەورەیە لەگەڵ یەکا ڕقەبەری‌یان کردووە ، بۆیە مادەکان سڵیان لێ کردوون‌و ناحەزیان بوون • واڕی کەوتووە لەپێشا پارسی‌یەکان کەوتوونە ژێر حوکمی مادەکانەوە بەڵام دواجار حوکومەتی ماد بەهەڵمەتی لەشکری ( پارس ) لە ناو چووەو کەیانی قەومی ماد نەماوە •

پادشاکان‌و کاربەدەستانی ئەم پارسی‌یانە لەبەر ناحەزی‌یەکەیان وەیا

لەبەر بیرێکی سیاسی ی تر بۆ نەهێشتنی ناوونیشانی ( ماد ) هەوڵیان داوە • مادەکان چونکە ناکۆك بوون لەناو خۆیانا تەقەلای پارسی یەکان سەری گرتووە • ئەگەرچی جاروبار هەندێك تیرەی ماد بۆ سەندنەوەی سەربەخۆیی جارانیان شۆڕشیان بەرپا کردووە کە هیچیشی لێ پەیدا نەبوە وەکو لەمەولا باسی ئەکەین ، ( هیرودۆتی )ی بەناوبانگ و مێژوو نووسی یۆنانی کە چووە بۆ ڕۆژهەڵات و گەڕاوە بەئێرانا لە دەوری ( ٤٥٠ پێ٠م )دا ئەڵێت :[١]

کەمن چوومە ئێران ناوبانگی ( میدیە ) لەناوخەڵکا زۆر کەم بووبوەوەو ئەهالی ڕووداوەکانی پێشوویان لەبیر نەمابوو •

جا لەبابەت بنچینەو ڕەگەزی ( کورد ، گۆتی ، مادو میدیە )وە زاناکان لەگەڵ یەکا پەیوەندیان نی یە • هەندێکیان ئەڵێن نەتەوەیەك کە ناوی ( ماد ) بووبێت نەبووە لە ( میدیە ) داو ئەو سەرگوزەشتانە کە بۆ ( ماد )و ( میدیە ) لەلایەن ( هیرودۆت )و ( یۆنان )ەکانەوە ڕاست نی یە ، چونکو بەڵگەی بەهێز نابینین لەو وڵاتانەدا کەناونراوە ( میدیە )، نەتەوەیەکی ( ماد ) ناو لەوێ دانیشتوو بوبێت ، وە ئەڵێن ( هیرودۆت ) بە ئارەزووی خۆی میدیەی پێکەوە ناوەو ناو بانگی مادی بڵاو کردووەتەوە، خەڵکیش لەسەر نووسینەکانی ئەو ڕۆیشتوون ، بەڵام ئەم قسانە ئەو ڕاستی یە تێك نادا کە نەژادی کوردەکانی ئیمڕۆ لەو وڵاتەدا ژیاوەو بە ( هەڵە ) ئەوسا مێدیەی ناونراوە ، وە ئێستە گەلێك بەڵگە هەیە کە کوردەکان لەنەتەوەی گۆتی یەکانن ، ئەمانیش لەزاوزێ ی ئەو نەتەوانەن کە بەکۆچ و ڕەوو بەدووسێ مەوجە هاتوون لەئەقوامی ئاری و

---

(١) تەئریخی گەورەی ( احمد رفیق ) بەتورکی • بەرگی دووەم ، باسی یۆنان •

لەزاغرۆسەکانا گیرساونەوەو ئاوێتەی یەك بوون[1] •

بۆ ئەم مەسئەلە ڕای زانا ( مینۆرسکی )یش ئەوەیە کە کوردەکان لە تێکەڵ بوونی گەلێك قەومی ئاری دروست بووە لە کوردستانەکەی ئێستەیانا • هەر چەندە شەخصیەتی بوونی ( ماد ) لەگیرو گرفتا بێت ، بەڵام ئەسەلمێنرێت کە ئەم ناوە بووبێتو بەو هۆیەوە لە دواییدا بووبێتە ( ناو ) بۆ دەوڵەتو وڵاتەکەش • ئەگونجێت هەر ناوی ناوچەیەکیش بووبێت لە دەوڵەتەکەداو ( مادەکان ) لەوێ دانیشتبن ، چونکو ئاشۆرییەکان لە مێژووی خۆیانا ناوی وڵاتێك ئەبەن کە ( میدیە )ی ناو بووە لە دیاری ( ماد )دا •

شۆرەت وایە ( ماناى ) ناوی ناوچەیەك بووە لە ( میدیە ) • هەندێکیش ئەڵێن تیرەیەك بووە لەنەتەوەی (ماد) • ڕەنگە (ماد) ناوی خێڵێکی گەورە بووبێت کە لە ٨ ـ ٩ کۆمار دروست بووە ، ( ماد )یش یەکێك لەو کۆمارانەو لەگەڵ ئەوەشا سەرۆکایەتیی گشتیش هی ئەو بووە • وەیا بەناوی (ماد)ەوە هیچ تیرەیەك نەبوە ، بەڵام ناوی گشتیی عێلەکە ماد بووە ، وەکو عەشیرەتی گەورەی ( جاف ) لەلیوای سلێمانیی ئێستە کە تیرەیەکی نییە ناوی ( جاف ) بێت ، بەڵام عێلەکە لە ١٣ تیرە دروست بووە کە هەر تیرەیە ناوی تایبەتیی خۆی هەیە ، کەچی ناوی ( گشتی )ی عێلەکە ( جاف )ە • ئەمانە هەمووی ئەگونجێ بووبێت شك نییە ناوی (ماد) بەخۆڕایی دروست بووە •

بەکورتی : بنچینەی مێژووی ( ماد ) وەك لای سەرەوە باسکراوە ساغ نەبوەتەوە • ئەگونجێت پاشە ڕۆژ مێژووزانەکان بگەنە بنجو بناوانو

---

(١) مێژووی ( کوردو مەسئەلەی کورد ) هی دوکتۆر شاکر خصباك • ل ١٢ ، ١٣ وە کتێبی باسیل نیکیتین کە ناوی ( الاکراد )ە لە لاپەڕە ٢٠ ، ٢١ دا •

ساغی بکەنەوە • ئیستە باسی تەئریخی ( ماد )و (میدیە) لەسەر ئەمە یەکی ناکەویت ، چونکە عیلی ماد وەیا تیرەکانی ڕاستن هەبوونو ئەمانە کردگاری تەئریخیی خۆیان بەجێ هیناوە • لەبەر ئەوە چارە نی‌یە لەسەر باسەکانی ( ماد )و ( میدیە ) هەر ئەڕۆین ( کارتۆخۆ )کانی ( زەینۆفۆن ) ناو زانای یۆنانی کە لەکتیبەکەیا ناوی بردوونو لەدوایی‌دا ( ڕۆم )ەکانیش ناوی ولاتەکەیانی بە ( کوردۆئەن ) نووسیوە کە مەعنای ( کوردستان ) ئەگرێتەوە بەڕۆمی ، لەمێژووی گشتی‌دا نووسراون • ئەمانە لە کوردستانەکەی ئیستای ( تورکیا ) لە ڕۆژهەلاتی ( ئەنادۆل ) دا بوون کە بەنق ڕۆژاوای ( میدیە )ی ئەو حەلە بوو • ئەوە بوو ( کاردۆخۆ ) بە زمانی ( ئەرمەنی )و ( کوردۆئەن ) بەزمانی ڕۆمی پێشرەوی (ماد)ەکان بوون لە کاتی کۆچ کردنا هاتبوونە ئەوێ ، ئەتەوە کۆنەکانی ئەو ناوەیان خستبوە ژێر دەسەلاتی خۆیانەوەو ئەمە لە ئەتلەسی تەئریخی ئەو کاتەدا نیشان دراوە • جا ئەم ( کاردۆخۆ )یانەن کە ڕێگایان لە (کەسەنۆفۆن )ی سەرەك لەشکری ١٠ هەزار سەر بازی شکستەی یۆنانی گرت کە بە ڕۆژەلاتی تورکیای ئیستەدا گەڕابوونەوە هەتا سەر ( دەریای ڕەش ) جەنگیان لەگەڵ کردبوون لە ٤٠٢ پێ•م دا • ئەم چەرمەسەری‌ی دە هەزار سەربازی شکستەیە ( یادداشت )ی حەربی‌ی کەسەنۆفۆن نووسیبووی‌و ناوی نابوو ( ئانا بازیس ) کە گەڕاوەتەوە بۆ یۆنانستانو داویە بە حوکومەتی یۆنانی ئەو کاتە[1] •

---

(١) - مێژووی گشتی‌ی گەورەی ( احمد رفیق ) بەتورکی ، بەرگی یۆنان •

# حوكوومەتی مـــاد
## ٨٦٠ ـ ٥٥٠ پ٠ز٠م

پێش پێکهێنانی حوکوومەتی (ماد)ەکان ژیانی عەشیرەتی‌یان هەبوە • لەبابەت هاتنیان بۆ ڕۆژاوای ( ئێران )و ئارام گرتنیان و تەشکیلاتی تایفی‌یان لای سەروو زۆر قسەمان کردووە ، لێرەدا پێویست نی‌یە ئەمانە دووبارە بکەینەوە •

هەموو خێڵێك لەمادەکان سەرۆکی هەبووەو لە ئیدارەی قەبیلەیی‌دا سەربەخۆ بوون وەك حوکوومەتێکی بچکۆلە ، بەڵام لەکاتی تەنگانەدا کە بەر هەڵمەتی بێگانە بکەوتنایە سوپای عەشرەتەکان لـەقیادەی سـەرۆکـا ئەچوون بە هاواری یەکەوە • ئەمە لە جوملەی تەقالیدی کۆنیان بوو •

عەشایری ( ئاری ) کە هاتبوونە ئێران گەلێك تیرە بوون • لەبابـەت جێ گیربوونیا لە ئێران و ڕووداوەکۆنەکانی ناو خۆیانەوە زانیاریمان زۆر کەمە • ئەمانە هەر یەکە لە سەمتێکی ئێرانا دانیشتوون و کردوویـانـە بە نیشتمانی مێژوویی خۆیان • هەندێکیان سەر بە (ماد) بوون و بەشێکیشیان سەر بە ( فورس )ەکان بوون • ئەمانەی لای خوارەوە سەر بە مادەکـــان بوون • ئەویش هەر لەکاتی تەنگانەدا بەهاواریانەوە ئەچوون :

پاڤت : لە ئەفغانی ئیستەدا لای سنووری ئێران •

پادث : لای خوراسان •

مامای : مادەکان بە خۆیـــان وتووە ( مـــانـــای ) لە ڕۆژهـــەڵاتی ( ورمی‌یە )دا بوون •

کاردۆخۆ : تیرەی هەرە بەهێزی (ماد) بووە لە جەنگا پشـــتیوانی سوپای دەوڵەتەکە بووە •

خوارەزم : لەناوچەی ڕووبارەکانی ( سەیحوون )و (جەیحوون) دا بوون[1] .

باختەر : لەسنووری ئەفغان‌و لای شیمالی ئێران‌دا دانیشتوون .

سەغد : لە شیمالی باختەرا بوون .

هەرقانی‌یە : لە جەنووبی دەریای ( خەزەر )دا لای مازینـــدەران بوون .

کاتێك کە ئەم عەشرەتانە لەناو دۆڵ‌و کەژەکانا دامەزران‌و لەخەڵکە کۆنەکانەوە فێری ژیانی دێکانی بوون بوونە نیشتەنی ، گوزەرانیـان بـــە کشت‌و کاڵ‌و حەیوان بەخێو کردن ئەکرد ، وە پێشـــەو ڕەوشـــتی عەشایری‌یشیان مابوو .

باوکی مێژووزانان هەروودووتی یۆنانی لەبابەت دانـانی بنچینـەی حوکوومەتی مادەوە ئەڵێت :

لە دوای ئەمە کە حوکوومەتی ئاشۆری ٥٢٠ ساڵ لە ئاســـیای ڕۆژاوادا حوکمڕانی‌ی کـــرد ، پێش هـــەموو نـەتـەوەکـــان کـــە لەژێر چەپۆکی ئیستیعماری‌یا بوون ، قەومی ( ماد ) دەستی وەشـــاندو شۆڕشی هەڵگیرساند ، واتە ڕوو بەڕووی ئاشۆر وێســـتا . ســـوپای هەردوولا کە بەرامبەر یەك وەستان‌و چوون بەگژ یەکا ســـوپای مـــاد سەرکەوت ، ئەو سا نەتەوەکانی تریش چاویان لەماد کردو گشتیان لـە ئاشۆر هەڵسانە پێ‌و ، خۆیان لە دیلی ڕزگار کـــرد . لـــەدوای ئـەمـە هەروودووت ئەڵێ : لەم کاتەدا ( دیۆسەس - کەی قوباد ) نـــاو پیاوێکی زۆر زیرەك لە میدیە پەیدا بووە ئەهالی‌یەکە زۆر پەسەندیان کـــردووە ، پیاوەکەش بەڵێی لێ گرتوون کە بیکەن بە ( سەرۆك )ی خۆیان . لەسەر

---

(١) تەماشای نەخشەی تەئریخی گەورەی گشتی‌ی ( احمد رفیق ) خەریتەی ئیمپەراتووریەتی ئەسکەندەری گەورە بکرێ .

ئەوە قەومەکە هەڵیان بژاردووەو کردوویانە بە ( پادشا )ی خۆیان • ئینجا کەی قوباد ( ئاقباتان ـ هەمەدان )ی کرد بە پایتەختو بانگ درا کـــە بەئەمری ( یەزدان ) کەی قوباد کرا بە پادشای میدیە • جا حوکـوومەتی ماد بەم جۆرە هاتووەتە مەیدان •

جا طەبیعی ئەم بەیانە ڕاست نی‌یە ، چیرۆکی پادشایەتی‌یەو پێشینان دروستیان کردووە • ئەوی ڕاست بێت بۆ دروست بوونی ســەربەخۆیی (ماد) کزبوونی دەسەڵاتی ( ئاشۆری )یەکانە • بەوە ڕێگا کراوەتەوە مـاد بێت بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ ، لەپێشەوە ئاشۆری‌یەکان لەهـەرەتی هێزو گوڕیانا بوون • وڵاتانی گۆتی‌و لۆللۆیان بەتـــەواوی زەوت کردبوو • ئۆرارتوو نایریشیان خستبوە ژێر چنگی خۆیانەوە ، خەریکی بەربەسـت کردنی خراپەی عەشایرە باربارەکـانی (ســکیت)و (کیمەری) بوون‌و هەروەها کە عەشایەری دژی مادیش پەیدا بوو ئاشۆری‌یەکان بەرەنگاری ئەوانیش بوون ویستیان ئەوانیش بخەنە ژێر چەپۆکی ئیســـتیعماری خۆیانەوە ، بەڵام لە دوای یەك دوو جار پێکا هاتن بۆ ئاشـــۆری‌یەکان دەرکەوت کە بەی دەست کردنی ( مادەکان ) شتێکی ئاســـان نی‌یەو مادەکانیش لە هێزو گوڕی ئاشۆری‌یەکان زۆر ترساون • جا ئـەم دوو حیسابە لەبەینی ئەم دوو هێزەدا بووەتە هۆی ئەوە کەمادەکان لەناوانا یەك بگرن‌و سەروکێك هەڵبژێرن‌و بیکەن بە پادشای خۆیان‌و لەژێر فەرموودەی ئەو پادشایەدا بە لەشکرەوە لەڕووی ئاشۆرا بوەستن تاکو نەکەونە ژێـــر چەپۆکیانەوە •

ئاشۆری‌یەکانیش لەشکری زۆریان لەسنووری سەرزەمینی میدیەدا ڕاگرتووە تا لەهەلکەوتا بچن بە گژیانا بۆ ئەوەی بەتەواوی مادەکان لـــە ناوبەرن • ماد کەتوانیویە ڕوو بەڕووی ئاشۆر بوەستێت ســەختی‌ی وڵاتی میدیە بووە چونکو چیای زاغرۆس قەڵایەکی قایم بووە بۆ ( ماد )ەکان •

لە سەر ئەوەشا وا دەرکەوتووە ئاشۆری یەکان بە ئەنجام زاڵ بوون بەسەر میدیادا • ئاشۆری یەکان هەندێك پێویستی یان خستووەتە سەر مادەکان ، وەکو (١) هەموو ساڵێك ( خەرج و باجیان ) لێ سەندوون (٢) لەموڵکی میدیادا سوپای ئاشۆر دانرێت (٣) لە تەنگانەدا لەشکری ماد بچێت بۆ یارمەتی ی ئاشۆر • جا لەبەر ئەوە مادەکان هەتا ئاشۆر بەشەوکەت بووە هەمیشە سڵیان لێ کردوون و لە پارێزا وەستاون چەند صەد ساڵێك لەم حاڵەدا ، ئەمجا شارەکەی بە بینای جوان ئاواو بەکۆشك و سەرا ڕازاندووەتەوە وهەر چوار دەوری کردووە بەقەڵا ، جا وێرانەی ئەم شارە کۆنە ئیستە لای شاری هەمەدانە •

ئەم پادشایە لە زیرەکی خۆیەوە زانیویە کە جارێ خەریکی یەك گرتن و دامەزراندنی وڵاتەکەی بێت باشترە لە شەڕو شۆڕ کردن ، بۆیە هەتا دوایی ژیانی خەریکی ئەم کارە خێرانە بووە ، وە لە بەر ئەوەشە توانیویە مادەکان دامەزرێنێت و ماڵ و حاڵیان ڕێك خات و فرمانی حوکومەتەکەش ڕێ بەڕێ بکات • بەرەکەت دا لەم سەردەمەدا ( سەناخریب )ی پادشای گەورەو بەجنگی ئاشۆر لە بابل و عیلاما گیرۆدەی شەڕو هەرا بووە نەی پەرژاوە نەیەڵێت کەی قوباد شاە ئەم جۆرە ڕێکخستنانە بەجێ بێنێت لە کیشوەرەکەی خۆیا ، لە بەر ئەوە کەیقوباد لە کاتی ٥٠ ساڵی سەڵتەنەتەکەیا بەمرادی خۆی گەیشتووەو بە بێ دەنگی میدیەی کردووە بە دەوڵەتێکی هێزداری ئەوتۆ کە نەنەوەکانی بتوانن ئیمپەراتووریەتی ئاشۆر لەناو بەرن • لە دوای ( کەی قوباد ) ( فرائۆرت ـ فەرهاد )ی کوڕی بووەتە شاە • ئەم پادشایەش جارێ لەسەر پێ و شوێنی باوکی ڕۆیشتووەو لە گەڵ ئاشۆری یەکانا موداری کردووە ، هەندێك عەشایری ئاری کە تازە هاتبوون خستوونیە ژێر حوکمی خۆیەوە• لە دوای ئەمە ڕووی کردۆتە جەنووب عەشیرەتەکانی ( پارس )یشی

کردووە بە دەستەو دائیرەی خۆی • ئیتر حوکمی ماد لە خەلیجی فارسەوە تا بەحری ڕەش لە هەموو ڕۆژاوای ئیراندا ڕۆیشت • ئینجا فەرهاد شاە وای زانیوە کە هێزو دەسەڵاتی مانەندی نی یەو شوێنی ئەو باوەڕە کەوتووە کە دەرەقەتی ئاشوری یەکان دێو ئەتوانێ لەمیدیە دەریان کاتو ئاواتی نەژادی بێنێتە جێ •

بۆیە لە ٦٣٣ پێ•م دا چووە بەگژ ئاشوری یەکانا ، بەڵام سوپاکەی بەرگەی تەوژمی دوژمنی نەگرت ، شکاو خۆیو گەلێك سەرداریشی کوژرا • لەدوای ئەم ( کەی ئەخسار )ی برا بچووکی بووەتە حوکمداری ماد •

ئەم ذاتە پادشایەکی وریاو تێ گەیشتوو بوو • سەرکردەیەکی ئازاو هوشیاریشی هەبوو • لەشکستی فەرهادی برایەوە زانیبووی کەوا سوپای ( میدیە ) تا لەسەر نیظامی عەشیرەتی بێنێت قەت دەرەقەتی سوپای ڕێكو پێکی ئاشوری نایەت • لەبەر ئەوە دەسی کرد بە ڕێکخستنی لەشکرەکەیو خستیە ژێر نیظامی عەسکەری ی ئەو حەئەوە • پیادەی لە سواری جیا کردەوە ، چەکی ئەوحەلەی پێ دان • بەمەنە سوپایەکی پڕ چەكو تەعلیم تەواو دروست بوو بۆ میدیە ، ناوبانگی چالاکیو ئازایی سواری یەکەی بڵاو بووبووەوە • چەکیان ڕم ، تیرو کەوان ، شیرو خەنجەر بووە •

کەی ئەخسار لەدوای ئەم دامو دەزگایە کەوتووەتە هەڵسووڕاندنی سیاسەتی دۆستو ڕەفیق پەیدا کردن ، لەگەڵ ( نابو پۆلاسر )ی مەلیکی بابلستانا لە ضیددی ئاشور پەیوەندی بەستو یەکیان گرت کە بەجووتە بچن بەگژ ئاشورا [1] • لە ساڵی ٦١٥ پێ•م بە ( زاموا - لای سلێمانی )ی ئیستەدا سوپای ( ماد ) چووەتە سەر وڵاتی ئاشور ، بۆسەمتی ( ئارارفە - کەرکووك )ی ئیستەو داگیری کردووە کە ئەمە بۆ بەجێ هێنانی

---

(١) مێژووی حوکووماتی کوردی ئەمین زەکی بەگ • بەرگی دووەم

حەرەکاتی جەنگی دوایی سوپای ( ماد ) زۆر گرنگ بووە ، چونکو تیرە لەمەدوا بووەتە ( یەکە ) بۆ پەلاماردانی ولاتی ئەصلیی ئاشور •

لەم کاتانەدا بۆ قایم کردنی پەیمانەکەی بەینیان ( کەی ئەخسـار ) هاتووە کچی ئاستیاغی کوڕی خۆی داوە بە ( نەبوخدنەصر ـ بەختنصر )ی شازادەی بابل • لەشکری ئاشور لەم کاتانەدا لە هەموو لایەکا گیرۆدەی تەسکینی شۆڕشەکانی ئەقوامی ناوخۆی بوو ، تا لەم کاتەدا هاواریان بـۆ ( کەی ئەخسار ) هێنا کەوا عەشایری ( سکیت )بە هاندانی ئاشوری یەکان پەلاماری ( میدیە )ی داوە • لەسەر ئەمە سوپای ( ماد ) گەڕاوەتەوە بـۆ مادو چووە بەگژ سکیتەکانا شکاندوویانو لە میدیە دەریان کردوون ••

لە سالی ٦١٢ پ•م دا ( کەی ئەخسار ) دیسان چووەتەوە سـەر ئاشور ، ئەمجارە لەشکری موتەفیقی بابلیشی پیا گەیشتووە • لـە بەری ڕۆژاوای دەجلەوە سوپای کلدانو لە ڕۆژهەلاتی دەجلەوە سوپای مـاد واتە هەردوو سوپاکان چوون بۆسـەر ( نەینـەوا ) کـە پایتـەختی ئاشوری یەکان بوو پێچاویانە •

ئەمجارەش ( سکیت )ەکان دووبارە بە یارمەتی ئاشـوری یەکانەوە هاتوون ، بەلام ئەم کەڕەتە ( کەی ئەخسار ) پێش دەستیی کـرد بـە هیوای تالانی ئاشوری یەکان ئەم عەشرەتە دڕەشی فریو داو پەیمانی لەگەلا کردن کە هەرچی یەکیان دەسکەوت بەشی بکەن • لەسەر ئەمە ( کـەی ئەخسار ) عینوانی ( ئوممان ـ ماندا )ی وەرگرت ، یەعنی بووەتە پادشـای هەموو ( ماد ، ماتای ، سکیت ، کیمەری ) • بەم جۆرە سـوپای هەموو لایەك گشتی یەکی گرتو شارەکەیان بە توندی دوورو درێژ پێچاوە هەتا زۆردارانە زەوتیان کردووە •

پادشای بەدبەختی ئاشور ( سین ـ شار ـ ئیشـکوم ) بۆ ئـەوەی بەساغی نەکەوێتە دەس دوژمن لەگەل مالو منالیان خۆیان هاویشتووەتە ناو

قەلاکەیان کە ئاگریان تێبەردابوو ، بەو جۆرە مەردانە خۆیان سووتاندووە •

ئەمجا یەك گرتووەکانیش شارە ئاواو جوانەکەی ( نەینەوا )یان لەدوای تالان کردن سووتاند ، وە بۆئەوەی جارێکی تر ئاوا نەبێتەوە خانووەکانیان هەموو وێران کرد ، بەپێی هەندێ مێژوو ئەم لە ناوبردنە لە ٦٠٦ پێ•م دا ڕوویداوە • لەبەش کردنی میراتی ئاشوری‌یەکاندا هەموو سەرزەمینەکانی کوردستانی ئیستەی ( تورکیا ) لەگەڵ شیمالی عیراقی ئیستا ، یەعنی تا شاخی حەمرین گشت ڕۆژهەلاتی دجلە بەر ( میدیە ) کەوتووە ، وە بەشی ناوەندو جەنووبی ( عیراقو )و ( سووریە )و ( فەلەستین )یش بەبەر ( بابلستان ) یەعنی ( کلدانی‌یەکان ) کەوتووە • جا بەم جۆرە یەکەم دەوڵەتی جیهانگیری عالەم کە زۆر زاڵمو خوێنڕێژ بوو لە ناوچووە •

میدیە ئەوەندە گەورە بوو بوو دەوڵەتەکانی دەورو پشتی مەترسی‌یان لێ ئەکرد • لە ڕۆژاوای ( ئەنادۆڵ ) دا ئەوکاتە دەوڵەتی ( لیدیە ) هەبوو • حوکوومەتێکی دەوڵەمەندی بە خۆناز بوو لە دەسەلاتداری‌ی (میدیە ) ڕقی هەڵسابوو ، ئەیویست بیشکێنێ •• لەسەر ئەوە جەنگێکی دوورو درێژ کەوتووەتە بەینیانەوە • ئەوەندە هەیە لە ٥٨٥ پێ•م دا لە گەرمەی شەڕا وا ڕێ کەوتووە ڕۆژ گیراوە ، لەسەر ئەوە هەردوولا ئەم ڕۆژ گیرانەیان بە تووڕەبوونی ( خوا )یی داناوەو دەسیان لەشەڕ هەڵگرتووە ، وە لەدوایی‌دا ڕێك کەوتوونو ئاشتیان بووەتەوەو ڕووباری ( هالیاس ـ قزل ئیرماق )یان داناوە بەسنوور لەبەینی هەردوو دەوڵەتەکەدا ، وەبۆ ئەوەی ئەم ئاشتی‌یە قایم تر بێت ( کچی ) مەلیکی ( لیدیە )ش لە ( ئاشتیاغ )ی کوڕی ( کەی ئەخسار ) مارە کراوەو بوون بە خزمی یەکتری •

ئەنجا لەدوای ئەم هەموو کەین و بەینەو خزمەتە جوانانە بە سالێك کەی ئەخسار مردووە . ئەوسا ( ئاستیاغ )ی کوڕی لەسەر تەختی شاهی ی میدیە دانیشتووە ، جا سەرەتای حوکوومەتی ئەم ( ئاستیاغ )ە شایە بێ شەڕو هەرا ڕابواردووە .

**وتاری تەئریخی :**

کە شەڕو هەرای ( میدیە )و ( ئاشووری ) هەڵگیرسا سوپای ( میدیە )و ( نەتەوەی ماد ) ئەیان ویست تۆڵەی چەند سەد ساڵی پێشووەکانی یەخسیری ی نەژادیان لە ئاشووری یەکان بسێنن . بۆیە گشت عەشرەتە ئاری یەکان دەسیان داوەتە چەك و ڕوویان کردووەتە ( ئاشووری یە ) . سوپای (ماد) لە ٦١٢ پێ . م دا بە دوو قۆڵ ڕووی کردووەتە ئاشووریە . قۆڵی یەکەم لە ( ئەڕارفە ـ کەرکوك )ی ئێستەوەو قۆڵی دووەمیش لەڕێی ( ڕەواندز )ی ئیمڕۆوە بەسەر ( ئەربەئیللۆ ) یەعنی ( ئەربیل ) شاری موقەددەسی ( خواکان )ی ئاشوورا کەوتووەتە ڕێ .

بە ڕەوشتی حاڵا وادیارە قۆڵە سوپای هەرە قەوی (ماد) بەرەی ( کاردۆخۆ )کان بوو کە لەم قۆڵی دووەمەدا بووە ، چونکە لەوە پێشی لەکاتی حوکمڕانی ی ئاشووریدا کاردۆخۆکان لەوناوەدا نەبوون و دیارە کاردۆخۆ بەهۆی هێرش کردنە سەر ئاشووری یەکانەوە زۆ بەرقەوە، هاتوە سوپاکە بەلای ( ئاربائیللۆ )دا تێ بەڕیوە شارەکەی پێنجاوەو زەوتی کردووە ، ئەنجا ڕوویان کردووەتە سەر نەینەوا ئەوێ یشیان گرتووەو ئەهالی یەکەیان قەلاچۆ کردووە ، بۆیە لە ( میدیە )وە بێ باکانە ئەهالی بەهێرش هاتوون بۆ ئەو ناوە . چونکە ئاشووری یە نەمابوو کە لێی بترسن . شاری ئەربەئیللۆ کە داگیر کرا مادەکان خۆیان تیا دانیشتوون ، ئینجا بۆیە باش لەناو چوونی ئاشووری یەکان بە دوو صەدو دە ساڵ کە سوپای شکستەی گەسەنەفۆن گەڕاوەتەوە بۆ یۆنان و بەلای زاخۆی ئێستەدا

تێبەڕیوە ، تووشی هەڵمەتی ( کاردۆخۆ )کانی ماد بوون‌و هەتا سەر دەریای ڕەش لەگەڵ ئەو عەشرەتەدا بەشەڕ ڕۆیشتوون •

جا ئەمە ئەوەمان تێ ئەگەیەنێت ئەو وڵاتانەی ئاشوور کە ئیستا ( کوردستان )ی تورکیاو ( کوردستان )ی شیمالی عیراقە لەو حەلەوە بەکوردە فاتیحەکانی ( ماد ) مەسکوون بووەو ئەوەش بە ڕەزامەندی‌ی ( میدیە ) کراوە چونکە سیاسەتی میدیە وەهابووە کە لەئاشووری‌یەکان کەس نەمێنێت لەو وڵاتانەدا • جا ئەم تازە هاتووانە ناوی شاری ( ئەربەئیللۆ )ی ئاشووری‌یان بە گورجی گۆڕیوە کردوویانە بە ( ئەربەل )و لەدواییدا بووەتە ( هەولێر ) • ئەمە ٢٥٧٠ ساڵە ئەهالی‌ی ئەم وڵاتانە بەدێهات‌و شارەکانیەوە وەك لەسەرەوە نووسراوە گشتی بووەتە ( کاردۆخۆ )ی نەژادی کوردی ئیمڕۆ ، هەرچەندە ئەم چەند وەختە گەلێك نەتەوەی جیهانگیر ئەم وڵاتانەی داگیر کردووە ، بەڵام بونیەی نەتەوەکە نەگۆڕاوە ، هەر کوردەو هەر کورد بووە • ئەنجا قەومایەتی‌ی وڵاتی ( ئەربەل )و هەموو وڵاتەکانی شیمالی مووسڵ‌و لەپشت سنووری عیراقیشەوە گشت سنووری کوردستانی تورکیای ئیستا کە ( زەینۆفۆن )ی زانا پیا ڕۆیشتووە لە ئاشووری‌یەتیەوە کە بووەتە کوردایەتی جارێکی تر نەگۆڕاوە هەر بەکوردایەتی ماوە • داخی گرانە لە مێژووی گشتی‌دا ئەم بەسەرهاتانە هیچ تەفسیر نەکراوە چونکە نەتەوەی کورد ( کەیان )ی نەبوە کە بەسەرهاتی خۆی (خۆی) بنووسێت‌و تەفسیری بکاتەوە ، کەسێکی تر دەخلی چی‌یە بەسەریەوە ؟

قەومی ئاشوور بەو گەورەیی‌یە لەناو چووە • لەجیاتی‌ی نەتەوەی ئاشوور کە نەماوە نەتەوەیەکی ( کاردۆخۆ ) ناو هاتووەتە وڵاتەکەوە تیا دانیشتووەو بە تەواوی پڕیشی کردووەتەوە • کەچی مێژووە گشتی‌یەکان هیچ لەم بەسەرهاتانە نانووسن‌و ناڵێن کە حوکوومەتی (ماد) ئاشووری‌ی لە

ناوبرد ، ئەهالی ( میدیە ) هاتن لە وڵاتەکانی ئاشوورا دامەزرانو کردیان بەنیشتمانی خۆیان • ئیتر لەو کاتەوە لەوێدا ئاڵو گۆڕێکی تر نەبووەتەوە •

## پشێوی وڵاتی مادو

## هەڵسانی قەومی ( پارس ـ فورس )

لەکاتی کۆنا عادەت وابووە دەوڵەتێکی بەهێز وڵاتێکی هاو سنووری داگیر بکردایە ، ساڵی خەرجێك ئەخرایە سەر وڵاتە بەزیوەکە • دووەم لەشەڕا ئەیان بردن بۆ کۆمەك • سێ‌یەم لە بارەگادا پادشاکەیان لای خواروو دائەنیشتو قەومێکی شکست خواردوو ـ ئەگەر پێویست نەبوایە لەناو ببرێن ـ ئەمانەی لای سەروو داوا ئەکرا • جا میدیەش لەگەڵ قەومە بەزیوەکانیا لەسەر ئەم پێوەدانە ڕۆشتووە •

کەوابوو ڕاگرتنی ( تابیعەت ) لە کاتێ کۆنا دڵنیایی تیا نەبووە ، ڕێگای یاخی گەری هەمیشە بەرەڵلا بووە • بۆیە میدیە بەهۆی فتووحاتەکانیەوە ناچار بووە کە دەوڵەتەکەی ڕێك بخاو زۆر دەستەکانی لەخۆی نەڕە نجێنێت • جا بەم حیسابە پێویست بوو پادشاکانی میدیە ( و ریاو ) ئازاو کارامە بن‌و سەرداری سوپاکانی دڵسۆزو وریاو موقتەدیر بن •

کەچی ( ئاستیاغ ) لەو پادشایانە نەبوە کە بتوانێت بە دیرایەتی خۆی تەختو تاجی دەوڵەتەکەی بپارێزێت ، وە بۆ بێوڵەتی سەرەڕای ئەم کەم دەسەڵاتی‌یەی هاتووە لەبڕواو ئایینی قەومەکەشیا زۆرداری کردووە کەوا بەم هۆیەوە خەڵکی وڵاتەکەش تەنگەتاو بووە ، وە لەگەڵ زوڵم‌و زۆری ترا کە کردوویەتی گەلێك لە ماقوولانی دەوڵەتەکەشی لێ ڕەنجاوەو ئازاوە کەوتووەتە ( میدیە )وە • لەلایەکی ترەوە ڕزگار بوون • لەم دەورەدا خانەدانی ( ئەخەمەنی ـ کەیانی ) لە فارس حوکمیان ئەکرد • ئەمانە هەموو تیرە عەشرەتەکانی ( پارس ، تیرکان ، پارت )یان بەوریایی‌و

زیرەکی ی خۆیان خستبوە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە •

ئەمجا کەهەستیان کرد پشێوی ڕووی داوە لە میدیـــەدا ، ئەمانیش لێ‌یان ڕاست بوونەوە • مودیـــری ئـــەم یاخی گـــەری‌یە حوکمداری بەناوبانگی ( پارس ، فورس ) ( سیرۆس ، کۆرش ، کـەی خوسرەو )ی گەورە بووە • ئەم پیاوە گەورەیە حەوتەمین شای کەیانی‌یەکـــان بوو • لە نووکەوە تەنیـــا حاکمی فورس بوون ، بـــەڵام لـــەدوای کزبوونی ئاشۆری‌یەکان وڵاتی ( عیلام )یان زەوت کردووە ، ئەوســـــا عینوانی شایەتی‌یان داوە بەخۆیان ، واتە بوون بەشای (فارس) • لەسەر ( ئەوەشا ) چونکە ( میدیە ) لەمان بەهێزتر بووە ، هێشتا حوکمیـــان ڕەواجی بـــووە بەسەر فورسەکانا • ئەوەندە هەیە ( میدیە ) هیچ پەلی لە فورســـەکان نەگرت لەقەبی شایەتی‌یان بۆ خۆ ئیعلان کرد ، چونکە بەپێ‌ی عەقلیـــەتی ئەو کاتە ئەوەیان بەگەورەیی دائەنا کە تابیعەکانیان لەقەبی شـــایەتی‌یـان بێ‌و لە پارەگایانا دابنیشن ، یەعنی پادشای ( مێدیە ) شای شاهان بێت •

## لە ناوچوونی مێدیە

لەکاتی ( ئاستیاغ )دا ( کەیخوسرەوی دووەم ) کـــە بە ( کۆرشی گەورە ) بە ناوبانگە ، بووەتە ( حوکمداری فارس ) • ئەم پیاوە گەورەیە سەرداری هەرە بەڕێز وبە دەسەڵاتی کاتی کۆنە • کە چووەتە ســـەر تەخت لە خۆیا توانای جیهانگیری‌ی شك بردووە ، وە کـــە بێ کارەیی ئاستیاغیشی دیوە ، دامێنی بزورگەواری‌ی کردووە بەلاداو دەستی کردووە بە داگیر کردنی وڵاتانی چوار دەوری خۆی • هـــەموو تیرەقەومـــەکانی ئێرانی جەنووبی‌ی لەژێر سایەی خۆیا کۆ کردووەتەوەو کردوونی بەیەك ئەمجا سوپایەکی پرمەشق‌و پرچەکی پێکهێناوە • ئەو کاتە هیچ دەوڵەتێك لەوە چاکتر چەکی نەبوە • لە دوای ئەم خۆ قایم کردنە بۆ جەنگ لـــە حوکومەتی مێدیە یاخی بووەو پەلاماری ( ماد )ی داوە • کەیخوسرەوی

زرنگ‌و زۆرزان ئاگاداری ناپێکی‌ی ناوخۆی مێدیە بووە • بگرە لەژێرەوە تەفرەقەشی خستبوە ناویانەوە ، هەندێک سەرداری کردبوو بە لایەنگری خۆی‌و وای لێ کردبوون لە کاتی جەنگدا لە ئاستیاغ شا هەڵ گەڕانەوەو بە لەشکری خۆیانەوە لایان داوەتە لای سوپای کەی خوسرەو • بەم خەیانەتە لەشکری ئاستیاغ شا زۆر کزبووە •

لەسەر ئەوەشا هەردوولا کە دەستیان کردووە بە جەنگ ، پاشماوەی لەشکری ( مێدیە ) بۆ پاگرتنی شەرەفی قەومەکەی ، شەڕێکی زۆر مەردانەی لەگەڵ هۆردووی کەیخوسرەوا کردووەو عابازی دوژمن بووەو زۆریان لێ کوشتوون • بەڵام ئەم ئازایی دواییە دایی نەداوە ، لەدوای کوشتارێکی زۆر مادەکان شکاون بەجۆرێکی وەها شکاون کە لەگەڵ ( شاهی ماد )دا گەلێك سەردارو پیاو ماقوڵیش کەوتووەتە ناو کەمەندی دیلیەتی‌ی کەیخوسرەو شاوە • لەسەر ئەم ڕووداوە کە لەساڵی ٥٥٠ پێ٠م دا بووە ئاستیاغ بەسەرو ماڵەوە تیا چووەو دەوڵەتی ( مێدیە )ئی لە ناو بردووە •

چونکە لەدوای ئەم سەرکەوتنە کەیخوسرەو لە ئاقبانانەدا هەموو سەردارەکانی مێدیەو پیاو ماقووڵی ( پارس )و سەرکردەی کۆمارەکانی تری ئاری کۆ کردووەتەوە ، لەمانە ( موئتەمەر )ێکی گشتی‌ی قەومی‌ی مێژوویی پێکهێناوە • لەم کۆگای میللی‌یەدا لەدوای مەشورەت بەڵێن دراوە لەسەر ( عەزڵ ) کردنی ئاشتیاغ لە ( شایەتی )و بانگدانی ( پادشایەتی )ی کەیخوسرەو لەسەر هەموو کیشوەری ( ئێران )و سەرزەمینەکانی-تری ( مێدیە )[1] •

زرنگی‌و بلیمەتی‌ی کەیخوسرەو هەر ئەوە نەبوە کەلای سەرەوە

---

(١) لە کتێبی کوردو کوردستانی محمد امین زکی ، بەرگی دووەم ل ٢٢ – ٢٣ وە لە نووسراوەکان توفیق وهبی‌و مێژووی شێخ محمد مەردۆخی ئێران گەلێك وەرگیراوە بۆ ئەم باسانە •

وتمان ، بەڵکو کردگاری جوانتری بەجێ هێناوە لەمەولا ، وەکو :

لەدوای ئەم کۆنگرەو قەرارانە لەئیش‌و فرمانی حوکوومەتی‌یا لەگەڵ سەردارو پیاو ماقووڵی میدیە کردەوەی شیرین‌و جوانی بەجێ هێنـــاوە • فەرقی پیاو ماقووڵی ( فورس‌و ماد ) نەکراوە • حوقووق‌و ئیمتیازیان چون یەک بووە ، وەکو یەک ڕای گرتوون لە مەجالیس‌و دانیشتن‌و رابواردنا •

لەلایەکی تریشەوە ئەو حوکم‌و زۆرداری‌یە کە ئاستیاغ دایـــنابوو لەسەر ئایینی قەومی ماد کەیخوسرەو لەسەری لابردوون •

بەکورتی ، ئەم سیاسەتی نەرم‌و بەنرخی شاهانەیە بووەتە هۆی ئەوە کە مادەکان لەم ئاڵ‌و گۆڕە دڵ شکست نەماون چونکو ئەیـــان دی وەك ئەهلی وەطەن تەماشا ئەکرێن وە لەگەڵ فورسەکانا چون یەك ڕائەگیرێن • لەبەر ئەوە بە حوکوومەتەکەی کەی خوسرەو شـــاهەوە گورج‌و گوڵ نووساون • جا ئەم تەرحە یەك گرتن‌و تێکەڵ بوونەیە بووەتە هۆی پەیـدا بوونی ئیمپەراتووریەتی گـــەورەی ئێران‌و بەئاســـانی لە نـــاو چوونی حوکوومەتی میدیەی کۆن ، تەنانـــەت ناوی ( مـــاد ) زۆر زوو لـــەبیر چووەتەوە •

لەدوای ئەمە لەژێر سایەی ئەم دەوڵەتـــە جیهانگیرەدا هـــەموو تیرە نەتەوەی بچووك‌و گەورەو کۆن‌و تازەی ئاری تێکەڵاو بووەو بنـــاغـەی نەتەوایەتی ئیستەی ڕۆژهەڵاتی ( ئەنەدۆڵ ) وشـــیمالی عیراق‌و هـەموو ئێران ، لەسەر ڕەنگی دوایی دامەزراوە •

بەکورتی حوکوومەتی ( ماد ) لەدوای حوکمڕانی‌یەکی سەدوپەنجـا ساڵی بە ئینقیلابێکی گرنگی مێژوویی لـەناو چووەو لـەجێی ئـەو دووەم دەوڵەتی جیهانگیر لە مێژووی گشتی‌دا کە دەوڵەتی ( ئەخەمەنی‌ی ئێران )ە پەیدا بووە •

# حوکوومەتی ( فارس - ئێران )ی کۆن
## - ٥٥٠ پێ٠م -

وەکوو لای سەرەوە باس کرا ، ئیمپەراتووریەتی ( ئێرانی کۆن ) بادشای بزورگەواری ( ئەخەمەنی )ی فارس کەیخوسرەو شای دووەم دای مەزراند ، لەدوای ئەوە کە بەیەك هەڵمەتی کوشندە دەوڵەتی ( ماد )ی لە ناوبرد ٠

کیشوەری ( فارس ) ناوچەی جەنووبی ڕۆژاوای ئێرانە لەسەر کەناری خەلیجی فارس عەشایری ( ئاری ) دوایی کە بەکۆچ ڕەو هاتوون لەوێ باریان خستووە لە سنووری ڕۆژهەلاتی وڵاتی عیلام ( ئیلام )دا ٠

عیلام ئەو کاتە پەرێشان بوو بەدەس سوپای ئاشۆری‌یەوە ٠ ئەمانە دەستووریان هەبوو ، سەرۆکی تیرە عەشرەتەکان کۆ ئەبونەوە یەکێکیان هەڵ ئەبژارد ئەیان کرد بە ( سەرۆکی گشتی )ی هەموویان ٠ جا لەوکاتەدا سەرۆکی گشتی لە خێزانی ( ئەخەمەنی ) هەڵبژێررابوو ٠ ئەم خانەدانە ( ئەنشانی ) وەیا ( ئەنزانی ) بوون ، ئەوەتە لای جەنووبی ڕۆژهەلاتی لوڕستانی ئیستە ٠

ئەمانە لەپێشەوە هەر بەسەر ( فارس )دا حوکمیان کردووە ، تەنانەت وەکو لەمێژووی ماد وترا ئەمانە سەردەمێك لەژێر حوکمی مادیشا بوون ٠ ئەمەش ئەوکاتە بوو کە ئاشۆری‌یەکان خەریك بوو کز ئەبوون ٠

سەرداری گشتی‌ی فورسەکان ئەوکاتە مەلیکایەتی‌ی خۆی ئیعلان کردو ناوچەی خوراسانیشی داگیر کرد کەعێلاتی ( پارت ) ( هیرکان - خوراسان )ی تیا دانیشتبوو ، بەپێ‌ی کیتابەی ( بەهستوون )و وتەی ( مستەر هوّل ) خێزانی ئەخەمەنی لەناوەندی سەدەی حەوتەمی پێش

میلادا لەسەر تەختی ( شاهەنشاهی ) دانیشتوون • بەڵام لــەدوای دووەم حوکمدار خانەدانی مەلیکی بووەتە دوو قــۆڵ • مێژووی ئێرانی کــۆن ئـەڵێت :

قۆڵێکیان ( پارس )و ئەوی تریـان ( ئـەنزانی ) بووە • مستەر هۆڵ وتوویە لە بەرەی ئەنزانی چوار پاشا ، وە لەبەرەی پـارسی سێ حوکمدار هاتووە ( قوروس ـ کورش ـ کەیخوســرەو )ی دووەم کـە مێژوو بـە خوسرەوی گەورەی ناو ناوە حەوتەمین پادشایە وە لەبەرەی ئەنزانی یە[1] •

لەباسی حوکوومەتی فورس دا ئەم تۆزە زانستی یە کە لەســەرەوە نووسراوە بەسە بۆ کتێبەکەی ئێمە، چونکە ئەدواری مێژوویی حوکوومەتی فارسی کۆن کە هی کانی ( کەیانی ، ئەشکانی ، وە ساسانی )یەکانە لــە مێژووی ئێرانا نووسراوە • وە هەر چەندە خزمایەتی ی قەومی ( کورد )و ( فورس ) شتێکی ئاشکرایە ، بەڵام لەبەرئەوەی پێویستی ئێمە باس کردنی مێژووی تایبەتی ی ( کورد )ە ، بۆیە لەبابەت سەرگوزەشــتی مێژوویی ( فورس )ی کۆنەوە هەر بەم نەختە زانینە وازمان هێنا •

## ناوی ( کورد ) چلۆن ساغ بووەتەوە ؟

هەتا ئێرە باسی هەردوو دەستە قەومە کۆنەکانمان کرد کــەوا لــە ( کوردستان )ا ژیاونو نەتەوەی کوردی ئیستەیان لێ هەڵ کــەوتووە • لەمەودواش ، یەعنی لە دوای لەناوچوونی ( میدیە )وە کە دەوری تطوری دوایی کوردە ، باسی ئەوە ئەکەین کە نەتەوەی کورد هــەتا پەیـابوونی ئیسلامیەت چی بەسەر هاتووە • ئەم دەورە لە ٥٥٠ پێ•م•وە تا ٦٤٢ پا•م کە کەیانی ئاری ی کۆنی یا ڕووخاوەو ئیســلامیەت پەیــدا بووە ، دەوام ئـەکـات •

---

(١) مێژووی کۆنی ڕۆژهــەڵاتی نزیک ( هۆڵ ) لاپــەڕە ٥٥ لــە مێژووی ئەمین زەکی بەگ بەرگی دووەم لاپەڕە ٢٢ ـ ٢٣ •

بەمەدا دیارە ساغ بووەتەوە بونیەی میللەتی کورد لەسەر ڕووکـــار ( شکل )ی ئیستەیان نزیکەی ١٢٠٠ ســالی پی چــووە ، چونــکە نــاوی ( کوردو کوردایەتی ) لەم دەورەیەدا بەتەواوی ساغ بووەتەوەو لــەگەل ئەوەدا ناوە کۆنەکانیشی یەکە یەکە کونر بووەتەوە یەعنی هـــەرچی تیرە ئەومەکانی کوردستان هەیە کە لە ( میدیە )ی جارانا ژیاون تیکڕا نــاوی کوردیان لەسەر ساغ بووەتەوە •

بەتەواوی کەس نایزانی ئەم ناوە چلۆن ساغ بووەتەوە ، لەم ڕووەوە زانای ئەقوامو متخصصینی زمان گەلیك ورد بوونەوە ، گشتیان ئەلین ناوی کورد لە ناویکی وەك ناوەکەی خۆی پەیدا بووە • هەر چەندە باســەکەی لای خواروو لە سەرەتای کتیبەکەدا بــە کورتی وتراوە ، بــەلام زۆر پیویست بوو ( لیرە شا ) دووبارەی بکەینەوە • لەبەر ئەوە دووبارەمـــان کردووەتەوە •

لە میژووەکانی ٢ ـ ٣ هەزار سالی پیش میلاددا نــاوی نەتــەوەی ( گۆتی ) لەناو باسو هەوالی ( سۆمەر )و ( ئەکاد )دا براوەو لە ئەلواحی دۆزراوەی دوو هەزار سال پیش میلاددا باسی ولاتی ( کارداکا ) کراوە لە ( کوردستان )ی ئیستەی تورکیادا بووە ، وە لە میژووی ( ئاشۆر )یشـــا بە بۆنەی ڕووداو لە بەینی خەلکی کوردســتانو ئاشـۆرەکانــا زۆر باسی نەتەوەی ( گۆتی ، کورتی ، کاردۆ ) کراوە ، وە لـــە نووســـــراوی ئارامییەکانیشا ئەمانە ناویان هاتووە ( کرت )یان پی وتوون • (ئیسترابۆن) ناو زانای یۆنانیش پیی وتوون ( کورتی )و لـــە کـۆچو ڕەوی تــیرە ئیلەکانی ( ماد ) ١ یەکیکیان کە ( کاردۆخۆ )ی ناو بووە چووتە ســـەر زەمینی ( ئۆرارتو )و ( نایری )بەوە لەوی دامەزراوە کە ناویشـــــتەی کوردستانی تورکیای ئیمرۆیە • وە هەروەها لە کاتی حوکمی وایەکــانی ( ئەسکەندەر )و بەتایبەتی لە کاتی دەسەلاتی دەولـــەتی ( ڕۆم )دا بــەم

ولاّتانه ( کوردۆئەن )و به خەلکەکەی ( کوردۆ ) بێژراوه (٢٥٠ پێ•م) •

به کورتی : بەرەودوا ناوی دانیشتوانی کۆنی کوردستانی ئیمڕۆ وه ناوی ( سیرتی ، کاردۆك ، کورتیوی ، کوردۆکی ، کاردۆخۆ ، کوردۆشی، بەکاردا ، کالدی ، خالدی ، گۆتی ، کورتی ، کەرت ، کوردۆ ) لەلایەن مێژوو نووسەکۆنەکانو ئیدارەی حوکوومەتەکانی کاتی هەزار ساڵی پێش میلادەوه ئەم ناوانەی لای سەروو ناونووس کراوەو بەبۆنـەی جـەنگو جۆو داگیرکردنی مۆلكو شتو هاشەوه لە گەلێك جێگای تریشا هـــەر بەم جۆره باسی ئەم قەومانە کراوه کە ئەوشوێنانە ناوجەرگەی کوردستانی ئەصلیی ئیمڕۆیه ، وه لەسەردەتای ئیسلامیەتاکانی ٤٠٠ ســاڵی هیجری سەلجووقی‌یەکان بەناوچەی ( میدیه )ی جارتیان وتووه ( کوردستان ) وه بەخەلکەکەی ئەو ناوەیان وتووه ( کورد ) • جا ئەم وشە چەوتانه کـــە بەتەواوی ناچنەوه سەر وشەی کـــورد • بێ‌گومان لـــە بەرچـــەوتی‌و ئیختیلافی لەهجەو زمانی قەومەکانی ئەوحەلەیە ناچنەوه سەریەك ، لە ناو وتاری قەومەکانی ئیستەشا ئەم جۆره چەوتایەتی‌ی زمـــانو وتــه هـەر هـــەیـه •

جا گریمان ئەم ناوانه هیجیان بەتەواوی وشەی ( کورد ) نەگرێتەوه، خۆ چۆنیەتی‌و نزیکی‌یان بەیەکتری قسەی تیا نی‌یە • ئایا نـاگونجێ بلێین بەدرێژایی زەمان ئەم ناوانە تطوری کردووەو لەسەر وشەی ( کـــورد ) ساغ بووەتەوه ؟ •

مێژوو لەم تەحرە شت دروست کردنانەدا زۆر ئازایه ، وەکو :

لەپێش ئیسلامیەتا ناوی ( عەرەب ) هیچ وەك ئیستە دنیای نەگرتبووەوه بگرە ئەو حەله بەهەندێك عەشایری ناو عەرەبستان بێژراوه ( عەرەب ) ، کەچی لەدوای فوتووحاتی ئیسلام ئەوەتە ئەبینین ئەم ناوه به هەموو لایەکی جیهانا بلاّو بووەتەوه ، گشت ئەقوامی ( سامی )و ( غەیری ســـــامی )

خستووەتە ناو باوەشی خۆیەوە • بەپێی مێژوو میصری یەکان لە نەتەوەی ( قبطی )ن و لە ڕەسەنی ( حام )ن ، کەچی بەپێی تطـوراتی مێژوویی نەوەتە بوونەتە ( عەرەب ) • لە مێژووی ئەمریکادا حالێ حازر ئەم جۆرە تطورە ئەوەندە زۆرە نەبینەوە • لەوێ نەك ناوی نەتەوەیەك ، بەڵکو ناوی پیاوێك بەسەر وڵاتێك وە یا نەتەوەیەکا بڕاوە • ئـەی نـاوی نـەتـەوەی ئینگلیزی ئیستە ؟ لە تطوراتێکی وەها دروست نەبوە ، ئەی چی یە ؟ ناوی ( ئانگل ـ ساکسۆن ـ بریتۆن ـ نۆرماند ) کە چوار نەتەوە بوون لـــە بەریتانیا چی لێ هاتووە ؟ ئەم چوار ناوە چلۆن بووەتە ناوی ئینگلیز ؟ غەیر ئەم نەتەوانە لە بەریتانیادا ئاوێتەی یەك بوون و ( انصهار )یان کردووە ، لە باتی ی هەر چوار ناوەکە وتەی ( ئینگلیز ) بەجێ مـاوە ؟ جا ئـەم تطوراتانەی لای سەروو نموونەیەکی تەئریخی یە ئەگونجێ لە مێژووەکەی لای ئێمەشا عەینی تطور دروست بووبێت •

یەعنی قەومە باسکراوەکانی لای سەرووی خۆیشمان کە گشتی لـە کوردستانا ژیاوە و ئیستە لەجێ ی ئەوان تەنیا ناوی کوردو نەتەوەی کورد پایەدار ماوەتەوە ، مەعنای ئەوەیە کە ئەو نەتەوانە گشتی لـە نـەتـەوەی ( کورد ) ا ( انصهار )ی کردووەو بڕاوەتەوە !

## دوای لە ناوچوونی (ماد) مێژووی کورد

وەکو لای سەرەوە باس کرا ، دوای لـــە ناوچوونی حوکـوومەتی ( ماد ) هەموو سەر زەمینەکانی ( کوردستان ) لە ناو میراتی مادا بۆ دەوڵەتی ( ئەخمەنی ) ـ کەیانی یان ) فارس ماوەتەوە • ئـەگـەرچی لـــە دوای ( کۆرش ) بەفیتی ( موغەکانی ماد ) یەعنی مەلاکان ، بۆ ســـەندنەوەی سەربەخۆیی جاران ( غۆماتا ) نـــاو ســــــەردارێك و جارێکی تریش ( فەراتۆرتیش ـ فەرهاد ) ناو سەردارێکی تری ماد لەکەیانی یـــە کـــان هەڵساونە پێ و ویستوویانە دووبارە حوکوومەتی نەتەوەیی خۆیان دروست

کەنەوە بەڵام ئەم هەرایانە سەری نەگرتووەو لە لایەن ( دارایۆس ) شاوە تەفروتوونا کراوە ، وە هەراکەش لە جەشنی یاخی گەریدا چووەتە مێژووەوە نەك ( شۆڕشی ئازادی ) ، ( ٥١٨ پ.م ) .

دارایۆس ئەم سەرکەوتنەی لەسەر لەوحەی ( بەهیستوون ) لای ( کرماشان ) نووسیوە بۆ ئەوەی هەمووکەس ببینێت ، لەسەر شەقامی گشتیی ڕێبوارانا لە ئێران لای بێستوون دانراوە . ئەنجا ئەم سەر زەمینانە لەو حەلەوە تاهێرشی ( ئەسکەندەر )ی گەورە کە دووسەد ساڵێك ئەگرێتەوە ، لە ژێر حوکمی کەیانی یەکانا ماوە . بە ئەمرو فەرمانی شاهانی ( ئەخەمەنی ) گەلێك لە یاخی گەرەکان تەهجیر کراون بۆ جەنووبی ئێران لای لوڕستانی ئێستا لەوێ دایان مەزراندوون .

بۆ ئەوەی چاوی یاخی گەرانی پێ بشکێت ، لەسەر ئەوەشا یاخی گەری هەر ڕووی داوەو دەربەدەری تریش کراوەتەوە شك نی یە بەشی زۆری ئەم دەربەدەرانە ( کاردۆخ )ەکان بوون .

لە دەوری ئەردەشێر شادا کەیخوسرەوی برای شاه کە والی‌ی ئەنەدۆڵ بوو ، یاخی بووە ، ویستوویەتی تەختو تاجی ئێران لە ئەردەشێری برای داگیر بکات . جا ئەم شازادەیە بە سوپای قورسەوە ڕووی کردووەتە ئێران . لەم لەشکرە بەکرێ گیراوەدا ١٣ هەزار سەربازی یۆنانی‌یش بۆ کۆمەك لە خزمەت شازادە خوسرەوا بووە . کەچی ئەم شازادە بەدبەختە لە شەڕا کوژرا لە عێراقو لەشکرەکەی شکا . جا گەسەنوفۆن ناو جەنەڕاڵێکی یۆنانی لەناویانا بووەتە سەرداری ئەم شکستەیە لە مێژووی ( ٤٠٢ پ.م )دا . ئەمانە گەڕاونەتەوە بۆ یۆنان ، جا ئەم جەنەڕاڵە بە یۆنانی کتێبی ( ئەنا بازیس )ی بەناوی ئەم سەفەرەوە نووسیوەو ناوی ناوە ( گەڕانەوەی دە هەزاران ) لەوێدا وتوویە ، هەر لە زاخۆوە تا نزیك دەریای ڕەش بەناو قەومی کاردۆخودا بە شەڕ کردن

هاتووین ، چونکە کوردەکان وازیان لێ نەهێناوین » • تا ئـەو حەلە ناوی ئەم نەتەوەیە بلاو نەبووبووەوەو لە ڕووداوی مێژووەکانا نەنووســـراوە ، وەیا ناویان نەهێنراوە ، بگرە ئەمە هەوەڵ کەڕەت بوو • ( کەسەنۆفۆن ) لە کتێبەکەیا باس کردوون • لە سەرگوزەشتەکەیا ئەڵێت « ئەم نەتـەوەی کاردۆخۆیە قەت سەری بۆ حوکوومەتی ئێران دانەنەواندووە • تەنانـەت جارێکیان پادشای ئێران لەشکرێکی ١٢٠ هەزار کەسیی ناردووەتە سەریان کە بەزۆر بی‌یان خاتە ژێر حوکمی خۆیەوە ، بەڵام لـەدوای جەنگێـکی خوێنینی ئەمانە لەشکرەکەی شاهیان شەق‌و پەق کردووە »[1] •

بەم دادپارە نەتەوەی کورد لە دەوری حوکوومـــاتی ( مێدیە )ش‌و ( کەیانی )یشا وەک سەربەخۆ وەها بوون • وڵاتەکەیان هــەر بـەناو لەجیسمی ئیمپەراتۆریەتی ئێرانا بووە • بەڕاستی ئەم نەتەوانە بـەرەو دوا لە کاتی حوکوومەتی دوای ئەمانیشا بەناوو هەر بـە ڕەسمیات مســکێنی حوکوومەت بوون ، بۆ تالان کردن لەگەڵ لەشکری شـــاە ئەچوون بۆ شەڕو تالانیان ئەهێنا • بەڵام کە زۆریان بۆ هاتبێت گەڕاونەتەوە • بــەم جۆرە لەدەوری ( ماکدۆنی )و ( ساسانی ) دا هەتـا حوکوومـــەت بەهێز بووبێت سەرێنچی‌یان نەبووە • لەکاتی ئاژاوەی نـــاو خۆدا ئــاڵای یاخی گەری‌یان هەڵ کردووە لەژێر فەرمانی سەرۆکی خۆیانا ، نەیان هێشتووە ( کەس ) حوکمیان بکات بەسەردا • ئەوەندە هەیە ڕەسما بەحوکوومـــەت نەناسراون • ڕەنگە لەناو یەکتریشا پێکەوە نەنووسابن • ئەگینا هەســتیان بەهێزو توانای خۆیان ئەکردو ، ( تامی ) ئازادی‌و ســەربەخۆیی ئـەبوە ( کەڵکەڵە ) بۆیان •

دەوڵەتی کەیانیانی ئێران ( ئەسکەندەری گەورە ) لە ناوی برد لـــە

---

(١) مێژووی گـەورەی احمد رفیق ، بـەرگی یۆنـانو ، مێژووی امین زکی ، بەرگی دووەم •

۳۳۰ پ.م دا ، وە لەدوای ئەسکەندەر کیشوەری کوردستان یەعنی مادو کوردۆئەین کەوتووەتە ژێر حوکمی ( سەلەفکۆسەکان ) کە میرات گری ئەسکەندەر بوون • ئەمانە لەسوورییەوە حوکوومەتە گەورەکەی خۆیان ئیدارە ئەکرد • لەم کاتەدا بەشەڕو شۆڕی ناو خۆوە سەردەمێکیش کوردەکان بوون بەمسکێنی ئەرمەنی لەسەدەی دوویەمی پ.م بەدواوە • با ئەوەش بزانین کە ئێران زوو لە حوکمی سەلەفکۆسەکان خۆی ڕزگار کردو دەوڵەتی ( پارت ـ ئەشکانی ) لەئێرانا پێکهێناوە لە ناوەندی سەدەی سێهەما ( ۲۵۰ پ.م ) •

سەلەفکۆسەکان کە میرات گری ئەسکەندەر بوون لەگەڵ حوکوومەتی ئەشکانیی تازەدا کە دەوڵەتی ئێرانی زیندوو کردبووەوە هەمیشە لەشەڕو بەربەرەکانێ‌یا بوو • مەیدانی ئەم هەراو هوریایانە زۆری لە ئەرمەنستان‌و کوردستاندا ڕووی داوە • لەدوایدا کە دەوڵەتی ڕۆماش پەیدا بوو دەسی کرد بەجیهانگیری کردن ، جارێ سەلەفکۆسەکانیان لەناو بردووە ، چونکە دەستەو یەخە ئەوان لەپێشەوە بوون • ئەنجا بەزمی ڕقەبەرێ کردن کەوتە بەینی ڕۆم‌و ئەشکانیی‌یەکان هەر لەسەدەی یەکەمی پێش میلادەوە تا ئاخری‌و ئۆخری سەدەی حەوتەمی پاش میلادو پەیدا بوونی ئیسلامیەت کە نزیکی ۷۰۰ ساڵ ئەکا • بەربەرەکانێی ئەمانە لەگەڵ خانەدانی ئەشکانی‌و ساسانی‌ی ئێران نەپساوەتەوە • زوربەی ئەم جەنگانەش لە خاکی پاکی کوردستانا بووە • ڕۆمەکان خۆیان بە کوردستانیان وتووە ( کوردۆئن ) یەعنی کوردستان ناوێکی کۆنە • چونکە سەرەڕێ بوو لەبەینی ئەم دوو دەوڵەتە ڕۆژهەڵاتی‌و ڕۆژئاوایی‌یەدا ، هەر یەکە لەمانە ویستوویەتی کوردستانی بۆ بمێنێتەوە تاکو بتوانێت بەسەر ئاسیای ڕۆژاوادا زاڵ بێت ، لە ناو کۆیی‌دا ئەوی زەرەرمەند بووە بەطەبیعەتی حاڵ کوردو ئەرمەنەکان بوون • چونکە نیشتمانەکەی ئەمان لەژێر پێی لەشکری

هەردوولادا ویران بووە ، بەرەکەت‌دا ، کوردەکان ئیشیان بەوە چاك بووە کە فاتیحەکانیان هەمیشە بەبێگانە زماردووە ، وە زووتر هەر لەبۆ قازانج ( مەصلەحەت ) بەدوایانەوە بوون . لەگەڵ ئەوەشا مشـــوری ئەوەیـــان خواردووە کە بەزەرەری کەمتر ڕزگار بن ، ئەگینا ئەم شەڕو هەڵمەتـە دوابڕاوانە نەکوردیان ئەهێشت و نەکوردستان و ئەرمەنستان .

هەنگامی ئەشکانی‌یەکان تاکو ٢٢٤ یێ.م درێژەی کێشاوە . ئەمانـە لەبەر هەرای بەردەوامی ڕۆم نەیان پەرژاوە ئیصلاحاتێـکی بەکەڵك لــە کوردستانا بکەن . ( دین کەرت ) ناو کتێبی ئایینی‌ی زەردەشتی‌یەکان لەم دەورەداو لەناوەندی سەدەی یەکەمی دوای میلادا کۆ کراوەتەوە[1] .

لە ٦٠ پاەم بەدواوە وڵاتەکانی ئەرمەنستان و کوردســــتان و مادی بچووك تووشی هەڵمەتی نەتەوەی ( ئالان )و ( گورجی ) بووە . ئـەمانـە ( ئاری ) نەژاد بوون . ئەو وڵاتانەیان بێزاوە . حوکوومەتی ئەشـــکانی هیچ بەهاواری خەڵکی ئەو ناوەوە نەچوە ، بەڵکو عەشـــایری کوردو ئەرمەن خۆیان لەم عەشایرە کێوی‌یانە ڕابەڕیون ، مەردانە بەرامبەریـان وەستاون و بەربەستیان کردوون . لەسەدەی یەکەمی پاش میـلاد بەدواوە کوردستان بەرەنگاری هەڵمەتی قەیســـەری بەناوبانگی ڕۆم ( ترازان ) بووە . ئەم قەیسەرە حوکوومەتی ئەرمەنی لەناو بردو کوردەکانیشی شپرزە کرد . لەم کوردانە هەرچی توانیویـــە داویـەتـە کێو ، یـەعنی قــەڵا سروشتی‌یەکەی خۆی ، تا فورتەنەی ( قەیسەر ) تێپەڕ بووە .

لەکاتی ســاســانی‌یەکانا دووبەرەکی‌ی ڕۆم و ئێران گەرمتر بووە ، چونکو ساسانی‌یەکان خۆیان بە میرات گری ئەشـــکانی‌یەکان دانــاوە ، ویستوویانە ڕۆمەکان لە وڵاتی کوردستان بکەنە دەرەوە . بەهۆی ئەم بیرەوە هەمیشە خەریکی لەشکر ئارایی و جەنگ بەرپا کردن بوون . (ئەردەشێری

---

(١) مێژووی امین زکی بەگ ، بەرگی یەکەم .

پاپەکان ) کە باغەی خانەدانی ساسانی ی دانا وە ڕۆمەکانی شکاندووەو ئاینی زەردەشتی ی کردووە بە ئاینی ڕەسمی ی دەوڵەتی ئێران و بوونە ناحەزی ئاینەکانی تر • لەدڵی ساسانی یەکانا هێزێکی گەرماو گەرمی قەومایەتی ( ئاری ) هەبووە ، لەگوێ ڕووباری ( دەجلە ) شاری ئێتیسفوون ( مەدائین ) یان ئاوا کردووەتەوەو کردوویانە بەپایتەختی زستانەو بەهاوینیش ئەچوونەوە کوێستانەکانی ئێران • تاقی ( کیسرا ) ئەمان دروستیان کردووە • ڕۆمەکانیش لەدەوری گۆمی ( وان ) حوکومەتێکی ئەرمەنی یان پێکهێنابوو ئەیانویست بیکەنە چەکوشی شەڕو بی یان کەن بەگژ ئێرانەکانا ، تەنانەت بۆدڵ خۆش کردنی ئەرمەنەکان هەندێك ناوچەی کوردستانیشیان دابوونێ •

لەبەرئەوەی ڕۆمەکان بووبوونە ( مەسیحی ) بەم هۆیەوە ئەرمەنەکانیش لەدوای ٣٠٠ ساڵی پاش میلاد بەبیرێکی سیاسی و بۆ مەسڵەحەتی قەومی ی خۆیان چوونە سەر ئەم ئاینە • وەچونکە کوردەکان لەسەر ئاینی ئەزادی خۆیان مابوونەوە ، ئەمجا بە تەواوی بوونە ناحەزی ئەرمەنەکان و بە ئاشکرا بوونە لایەنگری دەوڵەتی ئێران • لەبەر ئەمەیە کە لەم تەئریخە بەدواوە ڕقەبەری ی سیاسی ، دوو بەرەکی ئاینیش چووە سەر • ئەمە گەشەی داوە بە تەفرەقەو ماڵ وێرانی ی هەردوولا • شای ئێران بە ناوی ئاینەوە گەلێك کوشتاری لە ئەرمەنەکان کردووە • ئەرمەنەکانیش لە هەلکەوتا تۆڵەیان لە کوردەکان کردووەتەوە • وە لە دەوری ( شاپوور ) شاو ( بارامی گۆڕ )دا لەشکری ڕۆم و ئێران لە کوردستانا زۆر بەگژ یەکا چوون ••

لە سەدەی شەشەمی زاینی دا عەشایری ( گۆزان )ی کورد بەسەرداری ی ( گواتارا ) ناو سەرۆکێکیان هەڵساونە پێ و داوای سەربەخۆیی یان لە شاهی ئێران کردووە •• تومەز خەیاڵی ( ئازادی و

سەربەخۆیی ) مەزەی کوردەکانی بزاوتووە ، وە حوکوومەتی ئێرانیشیان کزو بێ‌هێز دیوە • بۆیە ئازایانە ئەم قیامەیان کردووە • تەنانەت حوکوومەتێکی بەجێو بەڕێیشیان پێکەوە ناوە ، شاری ( کرماشان ) یان کردووە بەپایتەخت ، وە تا ئازەربایجان حوکمو دەسەڵاتیان ڕۆیشتووە •

لەسەر ئەوەشا وادیارە پادشاکانی ساسانی دەستوبرد لەشکریان بردۆتە سەر ئەم حوکوومەتە تازەیەو نەیان هێشتووە خێر لە (ئازادی)ی خۆیان ببینن ، بەڵکو خێرا حوکوومەتەکەیان لەناو بردوون •

لەکاتی (نەوشیرەوان)و ( خوسرەوی پەروێز )دا بەیێک ئێرانی‌یەکان زاڵ بوونەوە بەسەر دەوڵەتی ڕۆمیی بێزانسی وەیا ڕۆژهەڵاتا • بەڵام قەیسەر ( هەراقلیۆس ) لەدوایدا خۆی کۆ کردووەتەوە بەلەشکری زۆرەوەو لە ئەرمەنستانو کوردستانەوە گەلێک سەفەری کردووەتە سەر ئێرانو زۆر زەرەری خستووەتەوەو خوێنی ڕشتووە لە کوردو لەئێرانی‌یان چووەتە ئێرانو ( ئاتەشکەدە )کانی ڕووخاندووە • تەنانەت ( ئاتەشکەدە )ی ( ئازەر گوشتاسب )یش بەو ناوداری‌یە لەوێران بوونو بە تاڵان چوون ڕزگاری نەبوە •

لە سەر دەمی ( خوسرەوی پەروێز )دا ئەم مەینەتانە کوردستانی شڕو وڕ کردووە • وە بەتایبەتی ناوچەی ( شارەزوور ) زۆر پەرێشان بووە • شارو دێهات لە ژێرپێی لەشکری هەرقەلی قەیسەردا لەناو چووە• تەنانەت ( هەرقەل ) بەمە دەستی هەڵ نەگرتووە بەدوای خەسرەو شاهدا چووەتە ( ئەردەڵان ) لەوێیش دەری بەڕاندووە •

جا لەم کاتەدا بووە کە ئایینی موبارەك پیرۆزی ( ئیسلام ) لە (مەککە) دەر کەوتووەو ، چاوی عالەمی ئینسانیەتی ڕووناك کردووەتەوە •

حەزرەتی محمد ( صلعم ) لە ٥٧١ یامم دا تەشریفی هێناوەتە دنیاو

له ٦٢١ یاەم یشا بانگی ئیسلامەتی‌ی فەرمووە ، وەلە ٦٢٢ یاەم دا تەشریفی بردووە بۆ مەدینەو لە ٦٣٢ یاەم یشا لەوێ وەفاتی کردووە .

بەمەمێژووی هەواڵی ( کورد )ی پێش ئیسلامیەت ئەبڕێتــەوە . وە لەبەر ئەوەی هەموو نەتەوەی کورد چووتە ســـەر ئایینی ئیـسلامیەتو ئەمەیش بۆی بووەتە دەورێکی تازەو ژیانێکی نەوظوهورر ، بۆیــە لێرەدا کۆتایی بەداستانی پێشوو ئەهێنین‌و لــە فەصڵێکی تـازە شـا باس وهەواڵی دوای ئیسلام بوونیان ئەکەین[1] .

## مادی بچووك

## ـ لە ٣٢٠ پێ٠م‌ەوە تا ٣٣ پێ٠م ـ

**هەندێك مێژووزان وڵاتی مادیان داناوە بەدوو بەش :**

١ ـ مادی گەورە کە بریتی بووە لەسەر زەمینی کوردســـــتانی تورکیاو عیراق ، وە بێجگە لە ( لوڕستان )و ( بەختیـــاری ) هـــەموو کوردستانی ئێران ، یەعنی ( میدیە )ی جاران .

٢ ـ مادی بچووك کە بریتی‌یە لـــە وڵاتی ئازەربـــایجان وەیـــا ئاترۆپاتین . ڕەنگە ناوی ئازەربایجان لەناوەکەی دوایی دروست بووبێت .

ناوی بەشی دووەم لـــە پاش داگیر کردنی ئێـــران لـــە لایـــەن ( ئەسکەندەری گەورە )وە پەیدا بووە . ئەویش بەناوی ( ساتراپ )ە کەی ئەسکەندەرەوە کە والی‌ی ئازەربایجان بووە ناونراوە . ئەم ســاترابە وەك والی‌یەکی سەربەخۆ هەڵ سووڕاوە لەوێ .

---

(١) بۆ مەعلووماتی زیاتر تەماشـــای مێژووی امین زکی بـــەگ ، بەرگی یەکەم بکرێ .

وا دەر ئەکەوێ لەدوای ( ئەسکەندەر ) کە دەوڵەتی ( سەلفکۆس ) پەیدا بوو ، لەبەر زلی‌و گەورەیی دەوڵەتەکەو دووری ئازەربایجان لـــە ( مەرکەزی ) حوکوومەتەوە ، والی‌ی ئازەربایجان یەعنی ( مادی بچووك ) جۆرە سەربەخۆیی‌یەکی پەیدا کردووەو ، کە دەوڵەتی ئەشکانی‌یش لــە ئێرانا دروست بوو ئەم سەربەخۆیی مادی بچووکە هەر دەوامی کردووە ، چونکو ئەشکانی‌یەکان ( پارت ) جارێ گیرۆدەی سەلفکۆســەکان بوون نەیان پەرژاوە بەمادی بچووکەوە خەریک بن • بەمەدا دیارە حوکوومەتی مادی بچووك کە بە حوکوومەتێکی کۆنی کورد ئەژمێررێت ، گـەلێـك زیاوە وە تـا تەئریخی ٣٣ پێ٠م بەردەوام بووە • ئەو حەلە ( فەرهاد )ی چوارەم‌ی پادشای ئەشکانی چووەتە سەر مادی بچووك‌و حوکوومەتەکەی لەناو بردوون •

کوردێتی‌ی ئازەربایجان شکی تیانی‌یە • ( کورد یەعنی ماد ) چونکو ( ماد ) ناوی گشتی‌ی نەتەوەکەیە • زمانی ( مادو عەشرەتەکانی ) هـەموو یەکەو ئەویش لەسەر کوردی ساغ بووەتەوە ، چونکە وەختێك کـــە زاناکانی ئیسلام چوونە ئازەربایجان ، دیویانـە ئەهــالی‌یەکەی هــەموو عەشایری کوردە •

بەم حیسابە کاتی سەربەخۆیی حوکوومەتی ( مـادی بچووك ) ٣٠٠ ساڵێك ئەگرێتەوە • بەڵام لەدوای ئەو مێژووە ، ئیتر ناوی (مادی بچووك) نەماوە • دیارە حوکوومەتی ئەشکانی وە لەدوای ئەمان خانـەدانی ساسانی زۆردار بوون نەیانهێشتووە کوردەکانی ئازەربایجان جارێکی تر دەسـت پەیدا بکەنەوەو بنەوە بە حوکوومەتەکەی جاران •

داخم ناچێت کە لەبابەت ڕووداوی مێژوویی ئەم کیشـــوەرەوە ، نە بۆکاتی سەربەخۆیی‌یان وە نە دەربارەی باس‌و هەواڵی دوایی‌یان هیچ زانستی‌یەکمان نی‌یە ، هەتا دوای ئیسلامیەت گشتی ونە !! چونکو هەردوو

سەڵتەنەتەکە بۆ ئازربایجان هیچی نەنووسیوە بەرەکەت دا مێژووزانی ئیسلام باس و هەواڵی پاش ئیسلامەتی ی تیرەیان بۆ نووسیوین • لەسەر ئەوەشا هەر چەندە جارێکی تر حوکومەتی سەربەخۆ لێرە پەیدا نەبووەتەوە ، بەڵام بەپێی سیاسەتی ئیداریی ئەوکاتە عەشرەتەکانی ئازەربایجان کە هەموو ( مید )ین و کوردن دیسان تەرحە سەربەخۆیی یەکی عەشرەتی ی ناوخۆیان هەبوە • ئەوەندە هەیە تا دەوری ئیسلامیەت ئەم وڵاتە بووەتە مەیدانی شەڕو هەرای بەینی هەردوو دەوڵەتی ئەشکانی و ساسانی لەگەڵ دەوڵەتی ( ڕۆمای ڕۆژاوا ) وە لەدوای ئەو دەوڵەتی ( بێزانس ) یەعنی دوو دەوڵەتی ئاسیای ڕۆژهەڵات و دوو دەوڵەتی ئەورووپایی ڕۆژاوا کە هەمیشە سوپایان بەڕێوە بووە بۆ سەر یەکتری لە ئازەربایجانا • ( بۆیە ) لەم ڕووداوانەدا بەشی ئازەربایجانیش هەمیشە وێرانی و سەرگەردانی بووە • ذاتا بۆ ئەو جۆرە وڵاتانە کە خۆشەویستی ی قەومی تیا پەیدا نابێت لە دڵی نەتەوەکانیاناو یەك گرتن فێر نابن ماڵ وێرانی و سەرگەردانی هەمیشە بە باڵایان بڕاوە •

## مەدەنیەتی نەژادی کورد

## شکڵ و تەبیات و ژیانی عێلاتی پێشوو[1]

هەروەك لە باسەکانی پێشوودا لە ڕووداوی مێژوویی نەژادی کورد گەیشتین ، پێویستە لە وتارەکانی لەمەولاشا لە بارەی ئاوەدان کردنەوەی وڵاتی خۆیان چی یان کردووەو ، لە ڕێی نیشتەجێ یی دا چلۆن هەڵسووڕاون ئەوانەش بزانین ، تا لەبابەت شکڵ و تەبیات و ژیانی کۆمەڵایەتی یشیانەوە چەردەیێك زانیاری پەیدا بکرێت •

هەموو زاناکانی ئەورووپا ، ئەوی کەم و زۆر لەگەڵ ڕەوشت و

---

(١) مێژووی کوردو کوردستان هی امین زکی ، بەرگی یەکەم ، فەسڵی حەوتەم ، ل٢٩٠ – ٢٩٣

مەدەنیەت‌و شکڵ‌و تەبیات‌و زیانی کوردەواریدا خەریک بووە ، بەیەک زمان ئەڵێن : کەس ناتوانێ شکڵ‌و سەرو سەکوتی نەتەوەی ( کوردی )ی کۆن بە یەک تەعریف بەیان بکات • ئەمە بەڵگەیەکە بۆ ساغ بوونەوەی ئەوە کە کوردی ئیستەو کۆن لە یەک ڕەگەزی ( تایبەتی )یەوە نەهاتووە ، بەڵکو لە گەلێک نەتەوەی بەشکڵ‌و ڕووکار چون یەک وەیابە ( زمان ) خـــزم‌و نزیک بە یەک پەیدا بووە ، وەکو لای ســـەرەوە وتمان نەظەریەی دوو مەوجە ئەقوامی کۆن لە زاغرۆسەکانا تێکەڵ یەک بووەو ئەو ئاوێتە بوونـە نەتەوەی کوردی بەرهەم هێناوە بیرێکی زۆر ڕاستە پەشیمانیی تێدا نی‌یە •

« دائیرەی مەعاریفی ئیسلام » ئەڵێت : ئەو شکڵ‌و تەبیاتە کە موستەشریقەکان بۆ ( کورد ) وتوویانەو دەربارەی کردگاری هەندێکی کەمیان کە دیویانن ئەیلێن ، ناتوانین بیکەین بە تەعریف بۆ هەموو ئەو نەتەوە زۆرانە کەئەلێن نەتەوەی ( کورد ) لەوان کەوتووەتەوە •

ئەمانە هەر وەکو مێژوویەکی تایبەتی‌یان بۆ ڕێک نەخراوە ، لە بابەت ڕەفتاریشیانەوە دووبارە درێژە بەقسە بدەن بۆیان • جا لە بەر ئەمە ڕاستیی قسە ئەوەیە کە لەبابەت ڕەوشتیانەوە کەس ناتوانێ تەعریفێکی تەواویـــان بۆ بیەژێ ، بەڵکو هەر ( سەربۆتێک ) ئەتوانرێ باسی شـــکڵ‌و تەبیـات‌و تەرحی ژیانیان بکرێت •

لەپێش هەموو شتێکا ئەوە زانراوە کە ئەمانە لەسەر ڕەوشـــــتی عەشیرەتی‌و لەسەر حاڵەتی ( ڕەوەکی ) زۆر ماون • بۆیە لە شـارستانێتی ( مدنیت )دا وەها دواکەوتوون • لەمانە ئەو کۆمارانەی هاتوونە پێ‌دەشتی‌و لەسەر ئاوی گەورە ژیاون ، دەست‌و برد قابیلیەتی شارستانیەتی‌ی خۆیانیان نواندووە ، وەکو لە ( سۆمەر )و ( عیلام )ەکانا بینراوە • بەڵام داخـــم ناچێت ، بۆیەش گەلێک تایەفەکانی تر ئەم خێرو بـــەرەکـــەتە هـــەڵ نەسووڕاوە ؟ گەرچی لە سۆمەرەکانەوە شارستانیەتی بـــەرپوەتە نـــاو

چیاکان‌و بەناو تیرە ( ئاری )یەکانی نەژادی ( کورد ) ا کە ( گۆتی ، لۆللۆ ، کاسی ، سۆباری ، وەمیتانی‌و مادەکان ) بوون بڵاو بووەتەوە • بەڵام لەبەرئەوەی سەرزەمینی کوردستان سەخت هەڵکەوتووە ئەم تەئثیرانە زۆر ناتەواو بووە ، وە لەبەر ئەوەی هات‌و چۆ کەم بووە لە ناویانا تەئثیرانەکەش هەر بەنسیبی چەند تیرەیەك بووە ، وە لەویێشا هەر لەحاڵی لاسایی ( تەقلید ) کردنا ماوەتەوە •

لەبەر ئەوەی جۆری خۆراك‌و ئاوو هەواو تامی خاك‌و ئەرز تەئثیری هەیە لەسەر بونیەو ڕەنگ‌و شکڵ‌و تەبیاتی مرۆڤ ، زۆر ئەگونجێ ئەم بابەتە ڕەوشتانەی نەژادی کورد لەگەڵ هەیئەتی مرۆڤی عەشیرەتەکانی ئیستەدا کەوا بەرودوا لە عەینی ولاتا پەروەردە بوون ، فەرقێکی ئەوتۆی نەبێت • بگرە نەتەوەی ئیستە زۆر ئەگونجێ لە پێشینەکان بچێت •

بەپێی ڕەوشتی ( قاعدە ) : خەڵکی شاخستان وەك تەبیاتیان تونکە ، ئەگەر هێشتا لەحاڵی عەشرەتی‌یا بن ، لەگەڵ تونکە تەبیعەتەکەیانا شەڕ ئەنگێزیش ئەبن • جا کوردەکانیش کە هەمیشە لەم حاڵەتەدا بوون وازیان لە خووی شەڕو شۆڕ کردن نەهێناوە ، لەبەر ئەوەشە تاکو ئیستە هەر بەدواکەوتوو ماوەتەوەو هیچ یەکیان نەگرتووەو بێ هێز ماون • وە بە تەمانین بن بە میللەتی گەورە ، چونکە لەبەر ئاژاوە نەیان پەرژاوە مشووری حاڵێ نیشتەنێتی‌ی خۆیان بخۆن •

بەناوی کۆگای نەتەوایەتی ( هەیئەتی ئیجتیماعی )یەوە چوار شتی مومتاز لە کورددا دیارە ، پێویستە بووترێت :

١ ـ لە نەژادیانەوە هەتا ئیمڕۆ کوردەکان کردوویانە بەخوو لە فرمانا لە دەوری ( سەرۆك )یان ئاڵاون‌و لەقسەی دەر نەچوون ، وە لەخۆیان گەورەتریان ژماردوون •

٢ ـ لە فرمانا قسەی سەرۆکیان بەجێ هێناوە .

٣ ـ پیشەو خووی ئەزادی‌یان ڕاگرتووە . تەرکی خووی کۆنیان بەعەیب ژماردووە .

٤ ـ شارستانی‌یەکانیان توجارو بازرگان ، پیشە سازو کارگەجی‌و فرمان بەڕێ کەر بوون . خەڵکی شاخ‌و دەشتەکانیشیان زوڕاع‌و ڕەنجبەر ، وەیا کۆچەرو ئاژاڵ بەخێوکەرو ڕاوچی بوون . کەواتە صنف صنف بوون ، وەکوو : ئاغاوات‌و خاوەن موڵك‌و ئەهلی دین بوون . ئەمانە دەستەی هەڵبژاردە بوون ( زوڕاع‌و مسکین‌و خاوەن هونەرو یەخسیر)یش دەستەی عەوام‌و بێ نرخ بوون . لەم کوردانە ئەوی دامەزراوەو جێ گیر بووە لە شوێنێکا ، هەچ تیرەیەکی لە دەورو پشت بووبێت کردوویە بە ( کورد )و ئاوێتەی خۆی کردووە . ئیمڕۆ لە عیراقا هەندێك تایەفە هەیە ئەصلا کورد نین ، کەچی بەتەئثیری دراوسێتی لە پەنای کوردا بەمروور بوونە کورد .

کورد ، بەتەبیات حەزی لەژیانی دامەزراو کردووە . کەچی بەحوکمی پیشەی عەشیرەتی شەڕو هەرای دائیمی سەرمایەی فەخرو خۆهەڵکێشانی بووە . مەراقی یەك گرتن‌و دروست کردنی دەوڵەتێکی وەطەنی‌و میلی هیچ ماندووی نەکردووە . بە کورتی :

ئەوەندە زانراوە کە لەناو ئەقوامی ئاسیای ڕۆژاوادا وێنەی تایبەتی‌و ڕوخساری نەتەوایەتی ( ئاری ) ئیستا کە لەدوو نەتەوەدا ماوە . ئەوانیش ( فورس )و ( کورد )ەکانی ئیمڕۆن کە لە ( ئێران )و ( کوردستان )ەکانا ئەژین‌و ماون .

لە بابەت پیشەی کۆگایی ( ئیجتیماعی )ی کوردانەوە ، دائیرەی مەعاریفی گەورەی ئینگلیز ، بینا لەسەر قسەی زاناو سەیاحەکانی ئینگلیز

ئەڵێت : « فرمانی ناوماڵو حاڵەتی خێزانیی کورد زۆر ئەوصافی پێشکەوتووی تیایە . کورد ڕوو خۆشو دڵ پاکەو زۆر بەغیرەتە . میوانی لا بەحورمەتە . ئافرەتی کورد سەربەستو ئازادو پاکە . لەم ڕووەوە زوور ئافرەتی فورسو تورك ئەکەوێت . سەرو ڕوو کراوەیە لە دێهاتا . سەروپۆتلاك دایۆشراو نی یە . لەناو شاریشا لە بێگانەوە ڕووداپۆشینی وەر گرتووە . ئافرەتی زۆر بە ناوبانگو لە کوردا هەڵکەوتووە . هەندێکیان رەئیسەی عەشیرەت بوون . وە نەبێ کورد حەز بکا لەیەك(ژن) زیاتر بێنێت ، هەندێك دەوڵەمەند نەبێت . کەچی زۆر حەز لە گۆرانیو سەماو هەڵپەڕکێ ئەکەن »[1] .

# ئایینو بڕوا

ئەوانەی چاك سەرنجیان داوەتە مێژوو ، وە لە ئایینو بڕوای ئینسانە کۆنەکان ورد بوونەتەوە ، بێ گومان لەوە حاڵی بوون کە هەموو ئادەمیزادی ئەم سەر زەمینە لەپێش هاتنی کتێبی ئاسمانیدا شتە گرنگو سەیرەکانی سروشتیان بە ( خوا ) زانیوەو ، پەرستوویانە ، وەکو : ئاسمان ، ڕۆژ ، مانگ ، ئەستێرە ، دەریا ، برووسکە ، باران ، با ، خاكو ، ئاگر ، وە شتی وا .

وە لە دوایدا کە شارستانیەتی ( مەدەنیەت )پەری سەندووە ژمارەی ئەم خوایانەش زیادی کردووە ، بگرە لای نەتەوەکانی (یۆنان)و (ڕۆما)ی کۆن ژمارەی ئەمانە گەیشتووەتە بچەند صەد دانە خوا . ئەو مرۆڤە کۆنانە لایان وەها بوو کە ئەمانە ئەچنە تەحری ئینسانی غەیبی‌یەوە ، هەر یەکە شتێکیان بە دەستەو لەناو خۆیانا گەورەو بچووکیشیان هەیە ، وە وایان ئەزانی کە هەموو فرمانێکی ئەم ( گەردوون )ە ئەمانە ڕێ بە ڕێی ئەکەن،

---

(١) مێژووی کورد کوردستانی امین زکی ، بەرگی یەکەمی عەرەبی‌یەکەی . فەصلی حەوتەم ل ٢٩٠ - ٢٩٣

بۆیە لە شکڵی عاجباتیدا وێنەیان کردوونو لەترسانا وەیا بۆ مەسڵەحەت پەرستوویانن • جا ڕەگەزی ( بت پەرستی ) ئەمەیە •

ئەگەر بێتو بڕوانینە ئایینو عەقیدەی تیرە وقەومەکانی ( هیندۆ ئەورووپاییو ئاری ) کۆن ئەبینین هەر لە هیندوستانەوە تاکو وڵاتی ( ڕۆم ) وەکو پەرستنی قوای طەبیعەت لەناویانا باو بووە ، ( گیان )ی نەزادی خۆشیان پەرستووە ، وە لە بناغەدا هەر چەندە بڕوای هەموویان یەکیش بووە ، کەچی لە دوای جیا بوونەوەیان لە یەکتری زۆری پێ نەچوە ، وەك قەومایەتی‌یان ( تەفرەقە )ی تێ کەوتووە ئایینو بڕوایشیان گۆڕاوە • بگرە وای لێ هاتووە بڕوای تایەفەیەکیان لەوی تر نەچوە • بێینەوە سەر نەتەوە کۆنەکانی ( زاغرۆس ) کە دەستەیەك بوون لەمانو پێش گوشادەی مێژوو هاتوونە ڕۆژاوای ئێران وە لەوێ تێکەڵ سامی‌یەکان بوون ئەوانیش بڕوایان تێکچووە • بڕوای ( ئەکادی ، عەمووەری ، ئاشۆری ، وە کلدان )ی سامی تەئثیری کردووەتە سەر بڕوای ( سۆمەر ، عیلام ، گۆتی ، لۆللۆ ، وە کاسیو ئاری‌یەکان )و هی ئەمانیش تەئثیری کردووەتە ئەوان • یەعنی ئەمانە هەر یەکە بە تەحریك بوون بە ( ڕۆژ ، مانگ ، ئەرز ، دەریا ، ئەستێرە ، ئاسمان ، با ، برووسکە ) پەرستو لەپاشانا کە نەتەوەکانی تریش دوایی هاتوون وەکو ( ماد ، ماتای ، پارتو ، پارس )ەکان بێتو تێکەڵاوی پێشینی‌یەکان بوون ، سەر لەنوێ بڕوایان تێك چووەتەوە • لە گەڵێ جێگا خوای ( ئاری )یش پەرستراوە • تازە هاتووەکان هێشتا بڕوای ئاری‌یە کۆنەکانیان لە دڵا بووە کەخۆیان ( مازدیانی )یان پێ وتووە[1] •

## ئایینی ئاری‌ی کۆن

ئەگەرچی ئایینی ئاری‌ی کۆن بە بناغە وەك ئایینی هیندۆ ـ

(١) ئەم باسانە لە مەجەللەی ( الرسالە ) ژمارە ٢١٦ ئەغستۆسی ٩٣٧ ونووسراوەکانی توفیق وهبی‌دا بینراوە •

ئەورووپایی یەکان بووە کە ئایینی ( ڤیدا )ی هیند وێنەیەکە لەو • بەلام لەدوای تەفرەقە بوونیان هەر یەکە رەنگێکی تازەی وەر گرتووەو مەزایاشیان گۆڕاوە • بەڕاستی لە لایەن ئایینی ئەم ئاری یە کۆنانەی ئێرانەوە زانینێکی ڕاست و بێ گرێی عیلمی نی یە کە پیاو بەتەواوی متمانەی پێ بکا • هەر دوو سەر ڕشتەی زانراو هەیە کە لەم ڕووەوە دەسگرۆیمان بکا ، ئەویش یەکێکیان ئەو نووسراوە نەخشینە مێژوویی یەیە کە لە شیمالی ڕۆژاوای ئێران دا دۆزراوەتەوەو هی کاتی (١٤٠٠ پ٠م)ە •

دووەمیشیان نووسراوەکانی ( پەرسەپۆلیس )ە • لە نووسراوی یەکەمین دا ناوی سێ خوای هیندی نووسراوە کە ( میهترا = میهر ) یەعنی ( ڕۆژ )و ( ئیندرا ) یەعنی ( خوای باران )و ( ڤارۆنا ) یەعنی ( ئاسمان ) • بەمەدا وادیارە بڕوای ئایینی ئەهالیی پێشووی ئەو ناوە ـ کە هەمووشیان ( ئاری ) بوون ـ لەگەڵ بڕوای هیندی یەکانا لە پێشا چون یەك بووە • کەواتە ئێرانی یە کۆنەکانیش ( ڕۆژ پەرست ) بوون ( میهر )یان پێ وتووە کە بەبێ گومان ( میهترا )ی هیندەوە هاتووە • بەلام بە لەهجە ئەمان گۆڕیویانە • وە هەروەها ئاسمان ، باو باران ، وە بگرە ئەستێرەو مانگ و برووسکەو خاوك و ئاگریشیان پەرستووە • لایان وابووە کە ڕۆژو مانگ لە ( ئاگر )ن وخوای ڕووناکی و سەرچاوەی ( چاکە )ن • بەلام لایان واش بوو کە هەندێك هێزی خراپە کەریش هەیە ئەوانیش بابەتە ( خوا ) یەکن ، ( دیڤەس ـ دێو )یان ناو نابوون ، وە وایان ئەزانی هەرچی خراپە هەیە ئەمانە ئەیکەن • ئەنجا ئەمەیە لە دوایيدا بووەتە ( دێو )و ( شەیتان ) •

بێینەوە سەر نووسراوەکەی ( پەرسە پۆلیس ) کە خوێندراوەتەوە ، ئەویش باسی پادشا کۆنەکانی پارس ئەکات کەوا ( ئاهورامەزدە )یان پەرستووەو ( میهر ـ مترا )و ( ئاناهیتا )شیان بەخوا زانیوە • بەلام

( ئاهووورامەزدە )یان لە زۆور هەموو خواکانیانەوە داناوەو وتوویانە ئەم خوایە نابینرێت ( ئاگر ) ڕەمزی ئەوە . جا وادیارە ئەم ناوە لە ( ئاهوورە ) ناو خوای هیندو ( مەزد ) ناو خوای ئاری یەکانی ئێران پەیدا بووەو بەمروور بووەتە ( ئاهوورەمەزدە ) کە مەبەسیشیان ( ئاسمان ) بووەو بە خوای ئەخلاقو چاکەو بەدروست کوننەدەی ( گیان )و ئەرزو ، ئاسمان داناوە . کەچی بەپێچەوانەی ئەم تەقەللوباتەی ئێران لەناو هیندی یەکانا ناوی ( ئاهوورە ) بووەتە ناوی ئەو خوایانە کە خرایە ئەکەن . سەرەڕای ئەمەش زاناکان ئەڵێن لەناو ( ئاری )ی هەرە کۆنا ناوی خوای ئاسمان ( دیاوس ) بووەو خوای هەرە گەورەشیان بووە . تەنانەت مێژوو نووسەکان ئەڵێن لە سەردەمی ئەخمەنی یەکانا کە ( هەرەدووت )ی یۆنانی چووەتە ئێران ، ئەم ناوە لەوێ هێشتا ماوەو لە سیاحەت نامەکەیا باسیشی کردووەو لەگەڵ خوای ئاسمانی خۆیان کە (زەوس)ی ناو بووە بەراوردی کردووە .

ئەنجا عاجباتی ئەوەیە کە ئەم ناوە لە ئێرانا بەجارێ نەماوە . ڕەنگە تەقەللوباتی دینیو سیاسی ی ناو ئێران بوو بێت بە هۆی ئەم نەمانە وەکو : کە پارسی یەکان زاڵ بوون بەسەر هەموو ئێرانا خواکەشیان کە ( ئاهوورەمەزد )ە بوو بوو بەخوای گەورە بەسەر خواکانی تری هەموو ئێرانا . بۆیە لەژێر تەئثیری ئەم سیاسەتەدا لەدەوری ئەخمەنی یەکانا ناوی ( دیاوس ) بە یەك جار نەماوەو ( ئاهوورەمەزدە ) جێی ئەوی گرتووەتەوە .

پێویستە ئەوەش بزانرێت کە تەقەللوباتی ناو ئێران لەمەشا نەوەستاوە، بەڵکو لەدوایی یا ناوی ( ئاهوورەمەزدە )یش سووك بووەو بووەتە ( هورمزد ) .

لای خەڵکی ئەو کاتە ( شەراب ) موقەددەس بووە . مردوویان

چەور کردووەو تەرمەکەیان لە هەوادا داناوە بۆ درندەو باڵنـــدە بیخوا • ( خوشك )و ( کچ )و ( دایك ) مارەکراوە ، یەعنی حـــەرام نەبوە لـــە ناویـانـدا •

جا بەکورتی : لە دواییدا ئەم هەموو بڕوایە ساغ بووەتەوە لەسـەر ( دوو ) شت (١) خێرو چاکە (٢) شەڕو تاریکی • ئەوی بەکەڵکی ئینسان هاتووەو سوودی بۆ بووە وەك ڕزق‌و ڕۆژی ، ڕووناکی ، باران ، پیت‌و بەرەکەت‌و شتی چاکی تر بەهی خوای ( چاکـــە ) دانراوە ، وە ئـەوی زەرەریشی بێ ئەگەیاندن وەکو نەخۆشی ، مردن ، بێ بارانی ، تـەنـگە ناوی ، گرانی ، وە خراپی‌ی تر ئەمانەش بە پیشەی خوای شەرو تـاریکی ئەزانرا • ئەنجا خوای یەکەمین یان ئەپرست‌و عەبدایـەتی‌یان ئەکـــردو لەخوای دووەم ئەترسان‌و بۆ دوور بوون لە خراپەکانی قوربانی‌یان ئەکرد بۆی ، وە دوعایان بۆ ئەخوێند کە ئەم دوعایانەش لە دوایـــدا بوونـەتـە سیحرو جادووگەری • وا دیارە لە سەرەتای دەوری ئەخەمەنی‌یەکانا کـە هێشتا ( زەڕدەشت ) نەهاتووە ئەم تەقەللوباتـــە وای کردووە لـــە بەشی پارسی‌یەکانا ئاهوورەمەزدە بووە بە خوای هەرە گەورەو خەلق کونـدەی خاك ( ئەرز )و ئاسمان‌و هەموو گیانداران‌و دوژمنی درۆو خراپەو پارێزەر ( حامی )ی سەڵتەنەتی ئەخەمەنی • لەسەر ئەمەشا بەخوای بچووکتریش هەر بووە کەوا هەندێك لەوانە تەنیا خوای ( خراپە ) کردن بو ( دئیفە )ی ناو بوو •

لەپاش ( زەڕدەشت ) پادشاکانی دوایی ئەخەمەنی بە ناوی (هورمز)ەوە ڕۆژیان داناوە بە پارێزەر ( حامی )ی سەڵتەنەتەکەیان‌و پەرستوویانـە • لە مانیشەوە لە دوای ئەسکەندەر ڕۆژ پەرستی بەناو ( ئـەنـەدۆڵ )دا بـڵاو بووەتەوە • مێژوو نووسەکان وەها ئەگێڕنەوە کە ئاری‌یە کۆنەکانی ئێران لەگەڵ ڕۆژا ( ترشقە )شیان پەرستووە •

وایان زانیوه که ڕۆژ چاوی ئاسمانەو ( برووسکه )ش کوڕی ئەوە ، جا لەدوای ئەم هەموو تەقەللوبانه ( زەڕدەشت ) ناو پیاو چاکێك پەیدا بووە ئەم بڕوایانەی ڕێك‌و پێك ( تنظیم ) کردووەو ، بیری ( تاق‌و تەنیــایی ) خوای بلاو کردووەتەوەو بووەته ( پەیغەمبەر )ی ئاری‌یەکان ..

## زەڕدەشــت

( زەڕدەشت ) یا پێغەمبەرە وەیا مورشیدێکی بلندی نەتەوەی ئاری‌ی کۆنه • بەتەواوی نەزانراوە که خەلکی کوێ‌یەو کەی پەیدا بووەو کتێبی ( ئاویستا )شی چ وەختێك وبەکامە لك ( شوعبه ) زمانی ئاری نووسیوه • ئەوەندە هەیە زۆر ئەگونجێت ئەم کتێبەی بە زمانی ( ماد ) وتبێت • چونکە بەپێی بڕوای هەندێك زاناو گەلێك مێژوو نووس ئــەم زاته لــەدوای تەئریخی ٦٠٠ پ‌ن‌م لای گۆمی ( ورمێ ) له شوێنێك پەیـدا بووەو لــە تەمەنی ٣٠ ـ ٤٠ ساڵیدا دەسی کردووە بە بلاو کردنەوەی ئاینـەکـەی یەعنی ( ئاینی زەڕدەشتی ) وە هەتا نزیك ٥٠٠ پ‌ن‌م یش ژیـاوە ئەوسـا مردووە • ئەنجا ناوچەی گۆمی ( ورمێ ) نـاو پشـتەی ولاتی ( مـاد )و ( کاردۆخۆ )کانه ، ئەوەندە هەیە : هەندێکی تریش لەو بیرەدان کـە ئەم پاوە چاکە لەسەر دەمی ٧٠٠ پ‌ن‌م دا پەیدا بووە •

زەڕدەشتی‌یەکان ئەڵێن له منالی‌یا زەڕدەشت شتی عاجباتی (معجزه)ی لێ بینراوە ، وە لەتەمەنی ٣٠ ساڵیدا خەلکی بانگ کردووەتـه ســـەر ناسینی خوای ( تاق‌و تەنیا ) • ( جاویدانی موقەددەس ) زەڕدەشـــتی بردووەته خزمەت ئـەم ( خـوا )یە کـــە ( ئاهوورمـــەزدە )ی نـاوەو ( یەزدان )یش هەر ناوی ئەوە •

زەڕدەشت هێناویە هەرچی توانایەکی ( چاکە کردن ) هەیـە داویە بە ( ئاهوورمەزدە )و کردوویەتی بە ( خوای تاقانە )و هەرچی توانـــای ( خرابە کردن )یش بووە داویە بە ( دئێڤە ) یەعنی ( دێو )و کردوویەتی

بە ( شەیتان ) کەوا لە زمانی ( پەهلەوی )دا ئەمە بە تەعبیری ( ئەهریمەن ) ناوی براوە •

لە دوایی‌دا زەردەشت بەوانەی کە نەچوونەتە سەر ئایینەکەی ( دێو پەرست )ی وتووە ، یەعنی ( شەیتان پەرست ) • ئەمجا بەشێك لە کوردەکانیش ئەم توانجی ( زەردەشت )ەیان بەر کەوتووە • وەها زانراوە کە زەردەشت بە ئەمری ( ئاهوورەمەزد ) چووەتە لای ( وێشتاسب = هیس تاس پەس ) ناو حاکمی ( باختەر ) زەمین ( خوراسانی ئێستە ) کە لە ئەخمەنی‌یەکان بوو خەریکی بووە هەتا هێناویەتە سەر ئایینی زەردەشتی ، ئەوسا گوتجاوە ئەم ئایینە بەناو ئێرانا بلاو بوبێتەوە ، یەعنی وێشتاسب بلاوبوونەوەی ئایینەکەی پاراستووە ، چونکە زەردەشت لە نیشتمانەکەی خۆیا هەرچەندە خەریك بووە کەس گوێی لێ نەگرتووە •

لە دوای ئەوەی وێشتاسپ بووە زەردەشتی ، بووش بە پادشای ئێران کەوا لە ناو خۆیانا ( گوشتاسپ )ی پێ ئەڵێن • ئەم پادشایە باوکی ( دارایۆسی گەورە )یە کە مێژووی ئێران بەناوی ( ئەسفەندیار ) وەیا ( بەهمەن ) ناوی ئەبات • وا ئەگێڕنەوە کە زەردەشت لەتەمەنی پیریدا لە هەرایەکی ئایینی‌دا بەکوشت چووە •

وا دیارە نوسخە ئەسڵی‌یەکانی کتێبی ( ئاویستا ) لە کاتی هێرش بردنی ( ئەسکەندەر )دا لە ناو براوە • بەڵام لەدوای ئەمە بەئەمری ( ئەردەشێری پابەکان ) کە یەکەم شای ساسانی‌یەکانە سەر لەنوێ کۆ کراوەتەوە • ئەوەندە هەیە بەشێکی ئەم نوسخانەش ( لە کاتی هێرشی ئیسلامیەتا لە ناوبراوە لە سەدەی ( ۸/۹م )دا • بەڵام پیاوی دیندار پارسی‌یەکانیش لە دوای ئەم تەئریخە دووبارە کۆیان کردووەتەوە • پارسی‌یەکان متمانەیان نەبوە ئەم پارچانە لەئێرانا بمێنێتەوە ، لەبەر ئەوە بردوویانەتە ( هیندوستان ) ئێستە لەوێ بە پارێزراوی ماوەتەوە[1] •

---

(۱) مێژووی کوردو کوردستانی امین زکی بەگ • تەرجەمە کراوی عەرەبی • بەرگی یەکەم ، باسی ( زەردەشت ) •

# ئایینی زەردەشتی[1]

لەبەر ئەوەی لەپێش ئیسلام بوونا بەشێکی ئەتەوەی کورد زەردەشتی بوون ، پێویستە بزانرێ کە ئەم ئایینە چلۆن بووە • بۆیە وا لای خوارەوە ئەختێك قسەمان لێ کردووە • کتێبەکەی زەردەشت کە ئاویستای ناوەو ( زیندەویستا )ش هەر ئەوە بە ( پەهلەوی ) بەمەعنا ( تەفسیری ئاویستا )یە ئەم کتێبی ئایینی زەردەشتی‌یە ئەڵێت :

خوای تاقو تەنیا ( ئاهوورمەزدە )یە • ئەم خوایە کە (گەردوون)ی خولقاندووە ، دوو گیانی یەك زگیشی هێناوەتە کایەوە کە هەرگیز لەیەك جیا نابنەوە • یەکێکیان هی پاكو چاکە ، ئەوی تریشیان هی پیسو خرابەیە •

ئەمانە ئەم گەردوونەیان بە تاریکیو ڕووناکی دەر خستووەو هەتا دوایی ( دنیا )ش دێت ئەمانە پێکا دێنو شەڕ ئەنێنەوەو ، ئاهوورەمەزدەش هیچ خۆیان تێ ناگەیەنێت • بەم پێیە عالەم بووەتە دوو بەشو دوو لەشکر : لەشکری ڕووناکی لەگەڵ سەردارەکەیان ( هورمزد ) بەشێکە ، وە سوپای تاریکی‌یش لەگەڵ سالارەکەیا کە ( ئەهریمەن )ی ناوە بەشەکەی ترە •

( هورمزد ) لەگەڵ شەش فریشتەی یارمەتی دەریا کە ( جاویدانی موقەددەس )یان ناوە ، عالەم ئیدارە ئەکا • لەمانە چواریان ( چوار عونسورەکەی طەبیعەت )یان پێ سپێرراوە وەك ( خاك ، ئاو ، ئاگر ، هەوا ) بێت کە بی‌یان پارێزن • بێجگە لەمانە فریشتەی تریش هەیە وەکوو ( وجودی مجرد ) کە ( یەزد = ئێزەد )یان پێ وتراوە • ئەمانیش دوو

(١) بۆ ئەوەی زیاتر لەمە ئاگاداربن بڕواننە نووسراوەکانی امین زکیو توفیق وهبی بەگ •

بەش ( ئاسمانی )و ( زەمینی ) • لە بەشی ئاسـمانیدا ( هورمزد ) زوور هەموویان کەوتووە ، وە لەناو بەشەکەی سەرزەمینیشا ( زەردەشت ) لـە زوور رەفیقەکانیەوەیە •

بێنەوە سەر ئیش‌و کاری ئەم ( یەزد ) انە • ئەمانیش لەم دنیایـەدا فرمانی تایبەتی‌یان پێ سپێرداوە • لەوانە ( ڕۆژ )و ( مانگ ) کــە دوو هێزی ئاسمانین ڕەمزی ( دوویەزد )یشن لەو یەزدانە • پێویستە ئەوەش بزانین کە لەسەردەمی پەیابوونی ئیسلامیەتا ئێرانی‌یەکان ناوی ( خوا )یان نابوو ( ئێزەد ) وەیا ( یەزدان ) •

بەرامبەر ئەم سوپای ( هورمز )ە خوای تاریکی‌یش کە (ئەهریمەن)ە سوپای هەیەو یارمەتی دەرەکانیشی ناویان ( دێو ) بووە ، ئـەهریمەنیش سەرداریانە فرمانی ئەهریمەن‌و دێوەکانی نەهێشتنی چاکـەیان کـەوا فریشتەکانی هورمز بەجێی ئەهێنێت ، تاریکی ، گوناە ، خرابـە ، درۆ ئەهریمەن دایهێناوە • قسەی چاك ، ڕەوشت‌و بیری باش‌و ، کـردەوەی پاك‌و بەکەڵك ئەمانەیش هورمز دای هێناون • هورمز ( ژیان ) ئەهریمەن ( مردن )ی دروست کردووە • بەکورتی : گشت شتی باش هی هورمزەو شتی خرابیش هەمووی هی ئەهریمەنە •

( ئاویستا ) لەبابەت دروست بوونی عالەمەوە زانستی ئـەدا ئەڵێت : ( ئاهوورەمزدە ) لە دوای دروست کردنی ( گیان ) عالەمی ماددی‌ی بـە شەش دەور هێناوەتە مەیدان • لەدوای ئەوە ( ئەهریمەن ) بە زۆرداری خۆی هاتووەتە کایەوەو لە ڕووناکی‌دا دەسی کردووە بە دروست کردنی خرابەکانی‌و بەربەرەکانێ کردن لەگەڵ هورمزا هەتا زەردەشت پـەیـدا بووە • ئەوسا ئەهریمەن ڕووی کردووەتە کز بوون ، وە بە ئەنجام ئەبێ بچێتەوە دنیای تاریکی • ئاینی زەردەشتی هەواڵی قەبرو قیامەتیش نیشان ئەداو ئەڵێت : گیان لە ناو ناچێت • لە گۆڕا پرسینەوەو لە قیامەتـا حیساب

هەیە • ئەبێ هەموو گیانێک بە بردێکا بپەڕێتەوە ، ئەگەر ( گیان ) خراپەی نەبێت بە ئاسانی لە بردەکە تێپەڕ ئەکا ئەچێتە ( بەهەشت ) ، خۆ ئەگــەر خراپەکەر بێت ئەکەوێتە ناو تاریکی‌یەوەو تووشی مسەورە ئەبێت • ئەگەر چاکەو خراپە بەرامبەر یەك بێت جێ‌یەك هەیە ( هەمەستەکان )ی نــاوە گیان ئەچێتە ئەوێو ، لە دوای هەڵسانی قیامەتو موحاکەمەو حیســـاب کردن ، ئەمجا هورمزو ئەهریمەن خۆبەخۆ ئەکەونە جەنگو نەبەرد • لە دوای هەرایەکی زۆر سەخت هورمز سەر ئەکەوێو ئەهریمەن لـەناو ئـەبات •

ئاینی زەردەشتی ئەڵێت : شتی هەرە باش بۆ ئینسان کشتو کـاڵو بەخێو کردنی ئاژاڵە • زەردەشت ( و تووبە ) « پاداشتی ئادەمیزادی خاوەن مرووەت ئەوەیە کە هەرگیز نامرێت » • جەردەیی ، دزیو درۆزنی لای زەردەشت لە شتە زۆر خراپەکانن • بەپێی ئەم ئاینە پیاوێك توانیویــە هەر ژنێک بهێنێتو ، گۆیا ئەمری بەنوێژکـردنیش کـردووە • ئـاینی زەردەشتی ( ئاو ، ئاگر ، خاك ، هەوا )ی داناوە بـە چوار ( عونصـوری موقەددەس ) وتوویە پاکژ نابێ پیس بکرێت • ئاگر لەڕۆژەوە هاتووەتـە سەر زەمینو بووە بە ( رەمز ) بۆ زەردەشت •

زەردەشتی‌یەکان لایان وایە ( زەردەشت ) پێغەمبـەر بووە • خـوا یەعنی ( ئاهوورەمەزد ) قسەی لەگەڵ کردووەو ( وحی )یشی بۆ ناردووە•

ئاری‌یەکان لەپێش هاتنی زەردەشت دا ( مەلا )یان هەبوە ( مـوغ ـ موگ )یان پێ وتوون • ئەمانە ڕابەری عەبدایەتی‌ی خەڵك بوون لـــە وڵاتا • لەدوای زەردەشت ، بۆ فێرکردنو تەعلیمی ئاینەکە بـەخـەڵـك دووبارە ( موغ ) پەیدا بووەتەوە •

یەکێك لەئیمتیازی ئاینی زەردەشتی بانگ دانی تاقو تەنیایی خوایە، کەوا لەوەپێش لـە ئـاری‌یانا وەهـا نەبوە • ئەیـان وت ئـەم خوایە کـە

ئەهریمەنی لە ناوبرد ئیتر خراپە نامێنێت لە زەمیندا ، وە فەضیلەت جێی ئەو ئەگرێت .

ئەو ڕێك‌و پێکی یە کە لە زەرپەدەشتیدا ئەبینرێت‌و بۆ چاکەی ئینسان ئەم ئایینە ئەمری پێ کردووە ، لە ئایینەکانی پێشووترا نەبوە . هەموو ئایینێك بۆ ساغ کردنەوەی کارێك پەیدا بووە بەتەنیا ،ئایینی(زەرپەدەشتی) بۆ ساغ کردنەوەی ( چاکە ) کردن هاتووە ، بەڵام ئاری یەکان لەم فەضیلەتە نەگەیشتوون ، بەڵکو لەدوایدا ئایینەکەیان کردووە بە ( بت پەرستی ) یەکی بێ تام‌و ، لاسایی کردنەوەیەکی بێ کەڵك . وادیارە لە کاتی ( داراپۆس‌شا )ی گەورەدا ئایینی زەرپەدەشتی بووەتە ئایینی رەسمیی خانەدانی پادشاکانی ئێران ، کەچی لەناو کۆمەڵی خەڵکا هێشتا ئایینی ئاری‌ی کۆن لە برەودا بووەو زەرپەدەشتی بەتەواوی بڵاو نەبووبووەوە .

بەتەواوی نەزانراوە کە نەتەوەی ( ماد ) بڕوایەکی چلۆنیان بووە . بەوەدا کە ئەمانیش ئاری‌و سەرو بەر ئێرانی بوون ، ئەبێ ( ئاهوورەمەزد ) پەرست بووبن . باوە جوو زەرپەدەشت ( مێدیە )یی بووەو ویستوویە ئایینەکەیان ڕێك بخا ، کەچی ( موغەکان ) ڕێ یان لێ گرتووەو نەیان هێشتووە لە هەوڵەکەیا سەر کەوێت ، ئەویش ئەوسا ڕۆیشتووە چووەتە ( باختەر ) لەوێ سەر کەوتووە ، کەچی لەدوایدا مادەکانیش‌و هەموو نەتەوەکانی کوردستانی خزمیشیان لە تەئسیراتی ئەم ئایینە کە لە بەناو سایەی حوکومەتی ئێرانا بڵاو بووەوە ڕزگار نەبوون ، بەڵکو هەر لە دەوری ئەخەمەنی یەکانا بە طەبیعەتی حاڵ بۆنی زەرپەدەشتی کەوتووەتە ( مێدیە ) شەوە .

ئەبێت ئەوەش لەبیر نەچێت کە ئەم ئایینە لە دوایدا لە خۆیەوە تێکچووەو بەلای کۆنا بای داوەتەوە بووەتە بابەتە ( بت پەرستی )یەکی تەواو ، یەعنی گەلێك بڕوای تێکەڵ بووە ، ئەڵێی بڕوای ئاری‌ی کۆن

لە ئێرانا هەمیشە لە برەودا بووە ، تەنانەت لە دوایدا مەزهەبی ( مانی )و ( مەزدەك )یش پەیدا بووەو باوی سەندووە • ڕاستی‌یەکەی ئێرانی‌یەکان مەیلی بادانەوەیان هەمیشە لەلا بووە بۆ سەر ئاینی کۆن • ..

لە سەردەمی ساسانی‌یەکانا لە ۳۰۰م بە دواوە پەرستنی هەندێ خوای کۆنی ( هیندۆ ئێرانی ) کە زەردەشت مەنعی کردبوو لێیان زیندراوەتەوە • خوایەتی‌ی ( ڕۆژ ، مانگ ، خاك ، با ) دووبارە هاتووەتەوە کایەوە •

بە طەبیعەت کوردەواری‌یەکەش لەم بادانەوەیە ڕزگــاری نەبوە • باوەجوو گەلێك زانا وتوویانە کە ( بت پەرستی ، ڕۆژ پەرستی ، درەخت پەرستی ) تادێر زەمان لە کوردستانا هەربووە • وا دیارە پێش ئیسلامیەت لەناو کوردەواریدا ئاینو بڕوای ئاری‌ی کۆن یەعنی ( پەرستنی هێـزی طەبیعەت ) و زەردەشتی‌و بەڵکو ( مەزدەك )یش باو بووە • یەعنی گشتیان بە تەواوی لەسەریەك بڕوا نەبوون • لەبەر ئەوە ئەتوانین بڵێین کە لەکاتی کۆنا بڕوا دا نەمەزراوە ، بەڵکو هەمیشە لە ئاڵو گۆڕا بووە وەکوو هـەر لەبەر ئەوەی ئێرانی‌یەکانو کوردەکان ئاگریان زۆر لــــەلا موقەددەس بووە لە ئەنجاما بێ ئیختیار بوون بە ( ئاگرپەرست ) یەعنی ( مەجووس ) •

لەناو کوردستانو لە ئێرانا ئاینی عیسای زۆر کەم بڵاو بووەتــەوە • تاقمێك لە مێژوو نووسەکان وەها ئەزانن کە ( نەستووری ) یەکان کــورد بوون ، بەڵام کــە بوون بە ( مەسیحی ) کوردەکان لێیان جیـا بوونەوە • پادشاکانی ئێران نەیان هێشتووە مەسیحیەتی پەرە بسێنێ لە ئێرانا •

بەکورتی ، تا پەیدا بوونی ئیسلامیەت ، بە کوردو فورســـــەوە ئاری‌یەکانی ( زاغرۆس )و ( ئێران ) گشتیان هەر ( زەردەشــــــتی )و ( مەزدەکی ) بوون کە ئەویش جۆرە مەزهەبێکی تری زەردەشتی‌یــە ، بەڵام پەهلەوی‌یەکان کە لە ساسانی‌یەکانن بە زەردەشـــــتی‌یان وتووە ( مەزدەستی ) لەسەر لەهجەی پەهلەوی •

بەلام گەلێك لە کوردەکان بێجگە لەم دوو مەزهەبە هێشتا لەسەر ئایینی ئاری‌ی کۆن مابوون کەوا تووشی ئاڵو گۆڕێکی زۆریش بووبوو ، ئەویش پەرستنی هێزەکانی طەبیعەت بوو کە بەتەعبیری ئێستە ئەشێ بەهەموو ئەمانە بڵێین ( زەڕدەشتی )و ( مەجووسی ) ٠

زۆر ئەگونجێت بە ( یەزیدی )یەکانی ئەمڕۆ کە کوردن‌و ئایینەکەیان لەپاشماوەی ( مەزدەکی ) وەیا ( مەزدەستی ) ئەچێت کە لە ناو کوردەواری‌ی ئێستەدا پێ‌یان ئەڵێن ( داسی ) ، دایان بنێین بە جۆرە ( بت پەرستی )یەك ٠ ئەمانە هێشتا ( دیاوس ) ئەپەرستی کە لەژێر تەئثیری درێژەی دەورانا ناوەکەش‌و ئەوصافی کۆنیشی گۆڕاوە بووەتە ( مەلیکەتاوس ) ٠

ئەنجا هەتا پەیدابوونی ئیسلامیەت هەواڵی ئایینی ئێران‌و کوردستان بەم جۆرە بووە ، بەلام لەدوای ئەوەی ئیسلامیەت پەیدا بووە ، وە لەشکری ئیسلام هەموو ئێران‌و کوردستانی داگیر کرد ، کوردەکان‌و فورسەکانیش لەژێر تەئثیرو تەدبیری سیاسەتی تازەی عەرەبەکانا وازیان لە ئایینی ئەژادیان هێناو هەموویان بە کۆمەڵ چوونە سەر ئایینی ئیسلام ٠

# نەمان

بێ گومان ( زمان )ی تایەفەکانی هەرە پێشووی ( زاغرۆسـەکان ) کاری کردووەتە سەر زمانی ( کوردی )ی کۆن ، یەعنی وتەیان کەوتووەتە زمانی کوردی یەوە • زاناکان ئەڵێن زمانی ئەمانە زمانی قافقاسی یە ، یەعنی ئەمانە تیرە ئاری یە هەرە کۆنەکانن • ئەوەندە هەیە هێشتا بـە تەواوی یەك لایی نەبوەتەوە ، بەڵام دیاریشە کە ڕەگەزی ئاری و قافقاسی یەکە چونکو هەموویان خەڵکی یەك شوێن بوون • هۆی لەوەڕ بۆ ئاژاڵ لە یەکتری جیا کردوونەوە • زانای سامی یەکانیش ئەڵێن ئەمانە قافقاسین ( سـامی )نین • جا لەبەر ئەوەی ئەمانە لەگەڵ کوردا پێکەوە ژیاون ئەبێ شتێك لە زمـانی ئەمان لە کوردی ی ئێستەدا هەبێت •

جا داخی گرانە هەتا ئێستا بە تەواوی نەزانراوە زمانی ئەم ئـاری یـە کۆنانە چلۆن بووە • بەڵگەیەك وەیا ( خەتێك ) کە بەوزمانە نووسـرابێت هێشتا نەخوێنراوەتەوە • ئەمەش وەها ئەگەیەنێ کە ئەم نەتەوە بە زمـانی خۆ نووسراویان بەجێ نەهێشتووە • تەنیا بە ناوەکانیانا کە زاناکان لـــە ئاثار ( نیشانە )ی ( سۆمەرو ئەکادو ئاشۆر ) ا خوێندوویانەتەوە لـەگـەڵ قیافەتەکانیان کە لە نیگارەکانیانا نیشانیان داوەو بەو تەعریفاتە کە دەرحەقیان نووسین ، ناسیویانەوە ، ئەڵێن ئەمانـە بە زمـانیش و بە ڕەگـــەزیش ( قافقاسی ) وە یا ( ئاری )ە • ئەنجا دەربارەی زمانی ئەو نەتەوە کۆنانـە لەمە زیاتر جارێ ( زانستی ) نی یە بەدەستەوە •

بێینەوە سەر نەتەوەکانی دوایی کە ( ماد ، کـاردۆخـۆ ، پـارس و پارتەکانن ) • بەپێی کتێبی موقەددەسی هیندی یەکان لە ناو ئەم ئاری یانەدا دوای ۱٤۰۰ ساڵ پێ.م خوێندن و نووسین دەستی پێ کردوە • ئەگـەر لە خاکی کوردوستانی کۆنا لەمەولا نوسراو نەدۆزرێتەوە لـە بـابـەت ( زمان )ی ئەم نەتەوانەشەوە هیچ کاتێ زانیاری پەیدا ناکرێت •

لەسەر ئەوەشا مادەم نووسراوی ( عیلام ، گۆتی ، کاسی )ی دۆزراوە هەیە کە هێشتا نەخوێندراوەتەوە ، بێ هیوا نابین بەڵکو ئەگونجێ بە هیوابین کە هەوڵی زاناکان بچێتە سەرو ( ڕمووز )ی ئەم نووسراوانەمان بۆ بخوێنرێتەوە ، ئەوسا ئەو ئیددیعایانە بە درۆ دەر ئەچێت کە ئەڵێن ئەقوامی کۆنی نەژادی ( کورد )و زمانەکەی خۆیان تەنیا بۆ ( وتن )و زمانی ( بابلی )و ( ئاشوری )یشیان بۆ ( نووسین ) بەکار هێناوە ، خۆ ئەگەر خوای کرد نووسراوەکان خوێندرانەوە ئەوسا لەگەڵ ناوو نیشانیانا گەلێ شتی پەنهانی تریش دەر ئەکەوێ‌و تەلیسمی زمانە ئاری‌یە کۆنەکانیش بێ منەت ئەشکێت‌و ئەکرێتەوە . لە دوای ئەم وتارە درێژە ، ئینجا با بێینە سەر چەندو چوونی زمانی تەبەقەی دووەمی نەژادی کورد یەعنی ( ماد )و خزمەکانی تری ئەو نەتەوانە . وەئەبێ بە مەعیەنی زمانی قەومی ( ماد )و شێوەی تیرەو تایەفەکانیان دیار بێت . هەرچەندە زاناکان ئەڵێن کتێبی (ئاویستا )ی ( زەردەشت ) بە زمانی ( ماد ) وتراوە کە بەمەشا ئەگونجێت بڵێین ( ئاویستا ) بەزمانی کوردی‌ی کۆن بێژراوە ، بەڵام خۆ بەو زمانە تاکو ئێستە نووسراوێکی تایبەتی نەدۆزراوەتەوە کە لەگەڵ ( ئاویستا )دا بەراورد بکرێت تاکو حەقیقەت دەر کەوێت . لەسەر ئەوەشا مادام ( زەردەشت ) خەڵکی ( میدیە ) بووە کتێبی ( ئاویستا )شی هەر بەو زمانە نووسیوە کە ئەویش لەگەڵ زمانی پارسی‌یەکانی ئێستای هیندا فەرقێکی ئەوتۆی نی‌یە . عیلاتی ( ماد ، کاردۆخۆ ، پارس ، پارت ) تیرەو کۆماری عیلاتە زۆرەکەی ( ئاری )ن با بەشێوەش زمانەکەیان فەرقی هەبێت ، خۆ بە بناغە هەریەك زمان بوون . ئەم جۆرە فەرق‌و فرووقی شێوەی زمانە لە هەموو نەتەوەکانی سەر زەمینا ئێستەش هەیە . پیشەی سروشتی وای ئەهێنێتە پێشەوە مادام نەتەوەکان تەرە ئەبن لەیەك بۆیە زمانەکەیان وای لێ بەسەر دێت وەکوو مێژوو ئەڵێ یۆنانە کۆنەکان بە هەموو کێشوەدی

ئێرانا گەڕاون و بە هەموو ئێرانیان وتووە ( مێدیە )و کوردستانی ئێستە کە ( مێدیە )ی جارانەو کوردەکانیش لە وێدا دانیشتوون کەواتە ئەمانە لە وانن لە ( ماد )و ( کاردۆخۆ ) کانن ، زمانە کەشیان مێراتی یە لەوانەوە بۆیان ماوەتەوە ئەوە هیچ بەڵبی لێ ناگیرێت • کەواتە زمانی کوردیی ئێستە ئەبێ وەك زمانی ( ماد )ی کۆن بێت • مێژووی ئێرانی کۆن وتوویە : زمانی فارسیی کۆن ، سانسکریتیی هیندو زمانی (ئاویستا )ی زەردەشت گشتی لەزمانی ( خۆ بە خۆی )یەن لە زمانی ( ئاری ) پەیدا بووە • زاناکانیش ئەڵێن کوردەکانی ئەمڕۆ لە نەتەوەی مادەکانن، وزمانەکەیان لە زمانی ئەوانەوە هاتووە •

لە دەوری ئەخەمەنی یەکانا شێوەی زمانی نەتەوەی حاکم کە (فارس) بووە دیارە بووەتە زمانی ڕەسمیی وتن و نووسین لە حوکوومەتا • لە کاتی ئەم حاکمیەتەدا گەلێك وتەی فارسی کەوتووەتە کوردییەوە • تەنانەت زمانی تایەفە کوردەکانی جەنووبی غەربی ئێران کە ( لوڕەکان )ە وتەی فارسیی زیاتر تێ کەوتووە چونکە ئەمان نزیکتر بوون بە فارسەکان •

ناوچەی ( کاردۆخ )و ( مێدیە ) وتەو شێوەی ( ئەرمەنی ) وە لە دوایدا ( ڕۆمی )ی تێ کەوتووە ، چونکە کوردەکانی شیمالی ئێران زۆر نزیك بوون بەمان • لەسەر ئەوەشا لەدوای حوکمی ئەخەمەنی یەکان شێوەیەکی تازە لە شیمالی ئێرانا پەیدا بووەو باوی سەندووە لەمێدیەی جاران • ئەهالی بەم شێوە تازەیەیان وتووە پەهلەوی • دوا جار ئەم شێوە تازەی زمانە بووەتە زمانی ئەدەب و نووسین و ساسانی یەکان کردوویانە بە لەهجەی ڕەسمیی حوکوومەت •

خاوەنی ( مێژووی کۆنی ئێران ) ئەڵێت : لە وردبوونەوەی ئاسار ( نیشانە )ی دۆزراوە بۆمان دەر ئەکەوێت کە زمانی ( پەهلەوی ) لە دوای دەوری ئەخەمەنی بووەتە شێوەی زمانی هەموو خەڵکی ئێران • تەنانەت

---

(١) سەیاحەتەکانی ( هەردوودووت ) پیشانی ئەدات •

کە ئیسلامیەتیش پەیدا بووە هەتا سەر دەمێك لەهجەی پەهلەوی لە هەموو ئێرانا هێشتا زمانی کۆمەڵی خەڵك بووە • لەم دوایی‌یەدا لە ( فەیووم ) لە میصر نووسراوێك دۆزراوەتەوە هی کاتی سەدەی دووهەمی هیجری‌یە بە زمانی پەهلەوی نووسراوە ئەگەڕێتەوە بۆ کاتی ساسانی‌یەکان • وا دەرکەوتووە ئەم نووسراوە زۆر نزیکە بەزمانی کوردی چونکە وتەی ناو نووسراوەکە زۆر لە وتەی ( کوردی )ی ئیستە ئەچێت وەکو وتەی ( دینی کەرت ) یەعنی ( ئاینی کورد ) لەو نووسراوانەیە • وە لە سەدەی سێهەمی هیجریدا نووسراوێکی تریش دۆزراوەتەوە بە ناوی ( داستانی دینك ) ئەم نامیلکەیە کە بەشێوەی ( کوردی کرمانجی ) نووسراوە باسی ئاینی زۆر تیایە[1] •

زانای ئەم باسە ئەڵێت ئەلف‌و بای پەهلەوی زۆر سەخت‌و گران بووە چونکە وەها دەر کەوتووە کە لەنووسینی پەهلەوی‌دا هەزار پیت ( حەرف ) زیاتر بەکار هێنراوە ، وە ( ئەلف‌و با )ی پەهلەوی لە ( ئەلف‌و با )ی ئارامی وەرگیراوە • لەناو زاناکانا وا باوە ئەم جۆرە نووسینانە تەنیا قەشەی مەجووسەکانی ئیستای هیندوستان کە ( پارسی )یەکانن ئەتوانن بیخوێننەوە •

ئەو نووسینانەی لە ڕۆژاوای ئێرانا لەدوای ( ئەسکەندەر ) دۆزراونەتەوەو بە زمانی پەهلەوی نووسراون ، لای زانایانی ئاثار بوونەتە ( بەڵگە ) بۆ سکەی دەوری ساسانی کە ئەدۆزرێنەوە • هەندێك زاناش ئەڵێن دەنگ وایە لە کاتی دوایی ساسانی‌یەکانا بەفەرمانی شای ئێران شێوەی ( فارسی ) بوەتە زمانی ڕەسمی‌ی حوکوومەت ، چونکو نووسین‌و خوێندنەوەی پەهلەوی زۆر گران بووە • لەبەر ئەوە بە ناچاری وازیان لێ هێناوە •

---

(١) بۆ زانینی زیاتر بڕوانەرە مێژووی امین زکی بەرگی یەکەم بەعەرەبی باسی ( اللغة واللسان ) ل ٣١٤ – ٣١٩ •

جا ، ئەوسا ئەم زمانە سووکو تازەیە کتێبی ( ئاویستا ) تەرجەمە کراوە ، پێیان وتووە ( زەند ) وەیا ( زەنداویستا ) • جا سەرگوزشتەی ( زەنداویستا ) بەم دوو جۆرەیە • لە دواییدا کە ئیسلامیەت پەیدا بوو ، وە بە کوردو بە فورسەوە هەموو ئێران بووەتە موسوڵمان ، وەخت بووە ئەمانە هەمووی لەناو بچێت گشت زمانی ( ئاری ) کوێر بکرێتەوە • بەرەکەت دا پادشاکانی دەوڵەتی ( بۆیەهی ) گەیشتوونە فریای ئەیان هێشتووە ئەم میراتی ئاری‌یە یەعنی زمانی ئاری بە یەکجار لەناو بچێت • ئەمریان کرد کە زمانی ڕەسمی‌ی حوکوومەتی ئێران ( فارسی ) بێت لە ٣٦٧هـ ، ٩٧٧م دا •

ئەم مەترسی‌یە لەبەر ئەوە بووە کە وتەی ( عەرەبی ) بە لێشاو کەوتووەتە زمانی فارسی‌یەوە خەریك بووە زمانە کە هیچ بایەخی نەمێنێت(٢) •

بێ‌ینەوە سەر زمانی کوردی کە هیچ داڵدەیێکی نەبوو ، وە کەسێك نەبوە پارێزگاری‌ی بکا تەنیا هەڵکەوتی سروشتی جوغرافیایی یەعنی ( نیشتمانی کورد ) کەوتووەتە فریای • یەعنی چیاکانی کوردستان بۆی بووەتە پەرژین لەگەڵ زمانەکەیا نەتەوەکەشی پاراستووە لەناو نەچوە •

---

(٢) مێژووی امین زکی تەرجەمەی عەرەبی یەکەی • بەرگی یەکەم ل ٣٢٢ - ٣٢٤

# کورتەی تطوراتی مێژوویی زمانی کورد
# لە (٣) هەزار ساڵ پێش میلادەوە

کورد ، وەك قەومایەتی‌یەکەی لە تێکەڵ بوونی نەتەوەی کۆن‌و تازەی ( ئاری ) بەرهەم هاتووە ، زمانە کەشیان بەهۆی ئەم تێکەڵاو بوونەوە ئاڵ‌و گۆڕی تێ کەوتووە • عیلە گەورەکانی ( ماد ) کە گەیشتوونەتە ڕۆژاوای ئێران‌و زاڵ بوون بەسەر تایەفە کۆنەکانی زاگرۆسا ، تایەفە کۆنەکان لەژێر هێزی ئەم ئاری‌یە تازانەدا تواونەوەو تێکەڵیان بوون • زمانی ( ماد ) بەم تێکەڵ بوونە زۆر وتەی تازەی تێ کەوتووە ولاتی تازە ، ناوی تازە ، نەتەوەی تازە ، چەشنە سەرزەمینی تازەی خوڵقاندووە • بەکاوی خۆ هەموو شتێك گۆڕاوە • زمانی ماد هیچی لەکیس نەچوە ، بەڵکو بەوتەی تازە زمانەکەیان دەوڵەمەند بووەو بەڵکو شێوەکەشی گۆڕاوە، نەخوازەلاَ لە ناو تیرەی نەتەوەکانا •

**لە ١٤٠٠ پ•م تا ٦١٢ پ•م :**

ئینکار ناکرێ کە کوردو فورسەکان ئیمڕۆ خزم‌و کەسی یەکترین ، وە لە زمانیشا بەیەك بێگانە نین ، بەڵام چونکە ناوچەی جوغرافی‌یان جیابووە تطوراتیشیان جیا جیا بەسەر هاتووە • زمانی فارسی لە ناوچەی خۆیا ئاڵ‌و گۆڕی تێ کەوتووە • هەرچی زمانە کوردی‌یەکەیە لە دوای تێکەڵ بوونی ماد بە باقیاتی تایەفە کۆنەکانی کوردستان ، ئەویش لە ناوچەی تایبەتی‌ی خۆیا تطوری بەسەرا هاتووەو شکڵی زمانێکی ئاری‌ی تازەی سەندووە • ئەمجا دیارە لە فارسی جوونی زمانی کوردی لەبەر ئەوەیە کە ڕەگەزی هەردوو زمانەکەیە ، ئەگینا زمانی کوردی تێکەڵ‌و پێکەڵ بووی زمانی فارسی نی‌یە ، بەڵکو زمانێکی جیای سەر بەخۆیە وەك ( سێر سیدنی سمیث ) خاوەنی مێژووی ( ئاشوور ) ئەڵێت : لە سەدەی شەشەمی پێش زایین‌دا نەتەوەی کورد زمانی تایبەتی‌ی خۆی هەبووە

لەناو زمانەکانی چوار دەوری خۆیا ەوە ( مێجەر سۆن )یش ئەڵێت : ئەمە ڕاستەو زمانی کوردی لـەو کاتەدا سـەربەخۆ بووە ( ١٤٠٠ پ.م تا ٤٠٠ پ.م )[1] .

زمانی پێشووی ( ماد )و ( پارس )و ( هیندی )یەکان کە لـەکاتی تەق و ڕەوی جیابوونەوەکەیانا چون یەك بووە ، بەمروروری زەمـان زۆر گۆڕاوە . لە هینددا ناوی بووەتە ( سانسکریتی )و زمانی ئێرانی یەکانیش لەسەر شێوەی تازە پێیان وتوون ( پەهلەوی )و ( فارسی ) کە جیا جیا دوو شێوەی شیمال و جەنووبی ئێران بووە . پەهلەوی لەسەر شـێوەی (ماد )و ( کورد )ەکان بووەو سەردەمێکی زۆر زمانی ئـەدەب و ئایین و زمانی ڕەسمیی حوکوومەت بووە بەتایبەتی لەکاتی ساسانیدا .

ئەگەرچی فارسی یەکە ئیستیقامەتێکی ئیسلاحیی تازەی وەر گرتووە، بەڵام وتەی زۆری بێگانەشی کەوتووەتە ناوو گەلێك وتـەی ( ئـاری )ی کۆنیشی لەکیس چووە . ئەوسا شێوەی شـیمال کە تەرخـان بوو بـۆ ( پەهلەوی ) وردە وردە بۆ زمانە کوردی یەکە ساغ بووەتـەوە ، وەلـە شێوەی جەنووب زیاتر لەسەر بناغەی زمانی ئاری ی کۆن ماوە . هەرچەندە ئەویش هەندێ وتەی ئەرمەنی ، ڕۆمی و قافقاسی ی تێ کەوتووە .

بەڵام بەمانەش تطورات نەبڕاوەتەوە ، بەڵکو لەدوای پەیـدا بوونی ئیسلامیەت و بوونی قەومی ( کوردو فورس ) بە ئیسلام ، زمانی ( فارسی )و ( کوردی ) بەهێزش وتەی عەرەبی تێکەڵ بووە لە ( ٧٠٠م تا ٩٥٠م ) وە لەم دواییەدا تورکی یشی تێ کەوتووە . کورد کە بووەتە موسـوڵمان لە کەمتەرخەمیی ( مەلا )کانیشـەوە وتـەی ئایینی عـەرەبی ی تێ کەوتووە ، بەڵام دیسان لە فارسی چـاکتر بووە ، چـونکە هــەرچی

---

(١) مێژووی کوردو کوردستان تەرجەمەی عەرەبی امین زکی بەرگی یەکەم : ل٣٢٢ – ٣٢٤ .

کوردی یەکەیە هەر لەنووکەوە وەك فارسی یەکە بەر هەڵمەتی عەرەبی نەکەوتووە ، چونکو خوێندەوارەکانی کورد لە گەڵ عەرەبی و فارسیدا خەریک بوون بە کوردی نەیان نووسیوەو نەیان خوێندووە ، وەك زاناکانی بێگانە ئەڵێن . ( مێجەر سۆن ) کە زانایەکی ئیداریو موستەشریقێکی بەناوبانگی ئینگلیزەو لە کوردێك چاکتر زمانی کوردیی زانیوە ، لەم لایەنەوە ئەڵێت :

ئەو زمانەی کە کوردەکانی ئێستە قسەی پێ ئەکەن وەنەبێ شێوەیەکی بێ سەرو پێو بێ قاعیدە بێت ، بەڵکو شێوەیەکی پاكو خاوێنی ( ئاری )یە ، لە زۆر کۆنەوە خۆی ڕاگرتووە ، هەتا گەیشتووەتە ئیمڕۆ لە گشت زمانە ڕۆژهەلاتی یەکان زیاتر خۆی لە وتەی عەرەبی پاراستووە تەنیا هەندێك وتەی ئایینی کەوتووەتە ناو . ئەوەش چارە نەکراوە . ئەگەر زمانی کوردی ( کەیان )ی بێت وپارێزرێتو زانای قەومی خۆیان لەگەڵیا خەریك بێتو ئەوی بۆ زمانی تر ئەکرێت زاناو ئەدیبو شاعیرەکانی کوردیش بۆ زمانەکەی خۆیان بیکەن ، شكو شوبهە نی یە کە زمانی کوردی یش ئەبێت بە زمانێکی گشتی ی ئەوتۆ کە هەموویان بەبێ زەحمەت قسەی پێ بکەن ، نەك وەك ئێستە هەر تیرەیەك بەشێوە تایبەتی یەکەی خۆی زیاتر نەتوانێت لە شێوەکانی تر بگات . ( مێجەر سۆن ) ئەڵێت :

زمانی کوردی ئیصلاحاتی ئەوێت . ڕێگا بدرێ کە لە قەواعیدو نووسینو صەرفو نەحوی کوردیدا ناهەمواری یەکانی تێدا نەمێنێت ئەڵێت : زمانی فارسی تطوری کردووە بەلام کەس لەزمانی کوردیی نەپرسیوەتەوە . هەموو ئەزانین کە لەکاتی کۆنا زمانی فارسیو کوردی یەك بووەو جیاواز نەبوون . لەپاشا لێك جیا بوونەوە ، جیا جیا تطوری تازەیان بەسەرا هاتووە[1] .

---

(١) بەرگی یەکەمی تەرجەمەی عەرەبی ی مێژووی امین زکی .

فارسی ی هەرەکۆن نەماوە • هەر شوێنە چووەتە سەر لەهجە یەکی تازە بۆخۆی • کوردی یش لە ناوچەی قەومی ی خۆیا تطوری کردووەتەوە، واتە شێوەکانی ( باری ) تازەیان وەر گرتووە •

هەلکەوتی سیاسی و کۆمەلایەتی ی ( کوردستان ) وای هێناوەتە پێشەوە کە گەلی کورد ( کەیان )ی نەبێت ، وە لەبەر ئەوەشە کە زمانی کوردی هیچ کاتێك شێوەیەکی گشتی ی یەك زمانی بۆ ڕێك نەکەوتووە ، بەلکو وەکو ئێستە ئەبینرێت بە شێوەی جۆراجۆری وەك کرمانجی ، سۆرانی ، لوڕی و بادینی و ، هەندێك ( لەك ) هەیە بەشێوەی وردەلەتریش قسە ئەکەن • ئەم ڕووداوە تەنیا هەر بۆ کورد نی یە ، بەلکو هەموو نەتەوەیەك لەسەر ئەم سەرزەمینە تووشی ئەم حالەتە بووە وەکو زمانی ( عەرەبی ) کە گەلێك شێوەی لێ بووەتەوە ، کەچی بە لەهجەی (قورئان) خۆی لەبڕش و بلاو بوون پاراستووە ، یەعنی ئەو شێوەیە بووەتە ( سەرۆك )ی هەموو شێوەکانی تر •

ئەنجا ئەو ڕێکەوتەی بۆ عەرەبی وەیا تورکی و فارسی و ، زمانی تر هەلکەوتووە بۆ ( کوردی )ی هەزار هەل نەکەوتووە • لە هەموو قەومەکانی تری جیهانا ئەم تطوراتە هەیە • هەموو ( زانا ) کانی ( زمان ) با چەوتی یش لە زمانەکەیانا بێ ، ئەو کۆمارو تیرانەی کە لە ڕەگەزێکەوە پەیدا بووە ، پۆستە پۆستە جیایان کردوونەوەو هەر کۆمەلەیان داناوە بە تیرەیەك و ناوێکیان لێ ناون وەکو : کۆمەلێ ( سلاو )و کۆمەلێ (جەرمەن)و کۆمەلی ( لاتین )و کۆمەلی ( سامی )و کۆمەلی ( ئاری ) • لە تیرە نەتەوەکانی کوردیشا عەینی شت پەیدا بووە وەك عەشایری ( جاف )و تیرەکانی • ئەنجا ئەگەر بمانەوێ لەمە زیاتر لە سەر ئەم باسە بڕۆین پێویستە تەماشای یەکەم جزمی تەرجەمەی عەرەبی ی مێژووی امین زکی بکەین لە ل ٣٢٥ دا •

بۆ ئەوەی لە چەندو چوونی شێوەکانی زمـــانی کوردی چاکتر تێ بگەین ، وا لەوتەی هەمە جۆر شێوەی کوردی پێنج لیستە دروست کـراو خرایە سەر ئەم کتێبە • لام وایە خوێندەوارانی بەڕێز لە موتالاّ کردنی ئەم لیستانە زۆر کەڵك وەر ئەگرن •

ئەنجا تا ئێرە باسی بناغەو ڕەگەزی زمانی کوردیمان کرد کە چلۆن تطوری کردووە • لەمەو لاش باسی ئەوەی ئەکەین کە ئێستە لەسەر چی شێوەو ئاهەنگێك ساغ بووەتەوە ، یەعنی کوردەکانی ئێستە چلۆن قســـە ئەکەنو لەگەڵ یەکا شێوەیان چلۆنە •

شارەزاو زاناکانی زمانی کوردی تێکڕا زمانەکەیان کردووە بە چوار ( بەش )ی گەورەوە وەکو : زانـای گـــەورە امین زکی بەگ وەك لای خوارەوە دابەشی کردووە ١ ـ کرمانج ٢ ـ لوڕ ٣ ـ کەلهوڕ ٤ ـ گۆران• وە ئەبێ هەرچی شێوەیەکی کوردی هەیە گشتی چووبێتە ناو ئەم چـوار بەشە گەورەیەوە ، بەڵکو تەکو توون شێوە هەیە ناتووسێت بەمانیشـــەوە وئەوانە سەر بەخۆن بە جیا ئەمێننەوە •

خاوەنی ( فەرهەنگی خاڵ )یش بـــەم جۆرەی کـــە لای خوارەوە دابەشی کردووە : ١ ـ زازا ٢ ـ کرمانجی دەستە چەپ ، واتە ( شیمالی ) کە بۆتانی ، بادینانی ، هەکاری ، بایەزیدی ، شەمدینانی‌یە ٣ ـ کرمانجی دەستە ڕاست کە سۆرانی ، بابانی ، موکریانی ، ئەردەڵانی ، کەڵهوڕی ، گۆرانی‌یە • ٤ ـ لوڕی کە بەختیاری ، لەکی ، فەیلی‌یە • لەســـــەر حیسابی وتەی ئەمین زکی بەگ ئەڵێن : شێوەی کرمانج : دوو کۆمـاری گەورەی جیا جیایە ، یەکەم ( کرمانجی ڕۆژهەڵات ) دووهەم ( کرمانجی ڕۆژاوا ) • کرمانجی ڕۆژ هەڵاتیش دابەش بووە بە سێ شێوەی گـەورە ١ ـ سولەیمانی ( بابانی ) ٢ ـ موکری ٣ ـ سۆرانی • ئەم سێ تاقمــــە کۆمارە بەم جۆرە دابەش بووە : مابەینی ( سـیروانو زێی بچـووك )

بابانی‌یە • ( زێی بچووک‌و زێی گەورە ) سۆرانی‌یە ( شنۆ )و ( لاهیجان )و ( مەهاباد )و ( میاندواو ) موکریانی‌یە •

ئەم شێوانەی لای سەروو زۆر صاف‌و شیرینە‌وتەی زۆرە ، زوربەی شاعیرو ئەدیبی کورد لەمانە هەلکەوتووە • سولەیمانی لە بەشی کوردستانی عیراقەو ، موکری بەشی شیمالە لە کوردستانی ئێران ، لە مێژوودا هێشتا ساغ نەبوەتەوە کە وتە یەعنی لەفظی ( کرمانج ) لە چی‌یەوە هاتووە • کرمانجی ڕۆژاوا وە یا ( زازا ) کۆماری هەرە گەورەی زمانی کوردی‌یەو ڕەگەزی زمانی ( کرمانجی )یە • کوردستانی گەورە نیشتمانی مێژوویی ئەم کۆمارەیە • ئەو کوردانەی دەوڵەتی ( ئاشۆری )یان لە ناو برد زۆر ئەگونجێت بە شێوەیەکی کۆنی ئەمان قسەیان کردبێت • ناوچەکانی کرمانجی ڕۆژاوا ( زازا ) ئەمانەی لای خواروون : دیاربەکر ، ماردین ، سیوەرۆك ، نەسیبین ، ئەرزەنجان ، بۆتان ، هەکاری ، بیتلیسی ، ئەرزڕۆم ، نورومیە ، خەربووت ، دێرسم ، وان ، قارس ، سنجار ، عمادیە ، زاخۆ ، شەمدینان ، چۆلەمێرك ، ئەکرێ ، سعرد ، ئاگین ، مەلاتیە ، بەکورتی هەموو کوردستانی تورکیای ئیستەو لە تەنافی ( مووسڵ ) ئەکرێ بەرەو شیمالی عیراق ، هەموو کوردەکان بەم شێوەیە قسە ئەکەن • تایەفەکانی ( قافقاس )و ( کوردی خوراسان ) لەناو ئەم شێوەیەدان • لەهجەی زازا ڕوون‌و خاوێنە ، ئەداکەیان سەختەو بەهێزە ، کرمانجی ڕۆژهەلاتی بە زەحمەت ئەتوانن قسە لەگەڵ ( زازاکان ) بکەن •

شێوەی لوڕ : یەکێکە لە شێوە گرنگەکانی زمانی کوردی • لەگەڵ شێوەکانی ترا زۆر جیاوازە • زۆربەی ئیل‌و عەشرەتەکانی جەنوبی ڕۆژاوای ئێران بە شێوەی لوڕ قسە ئەکەن • ئەم شێوەیە لە چاو کوردی‌یەکانی ترا زۆرتر لە فارسی ئەچێت ، چونکو شانەو شان لە گەڵ فارسەکانا ئیکەوەن ، وە فارسی عونصوری حاکمە دیارە تەئثیری تێ

کردووه، کەچی لەسەر ئەوەشا بە کوردی دائەنرێت نەك بەفارسی • ئەم لوڕانە چوار بەشن ١ ـ لوڕی ئەصڵی ( فەیلی ) ٢ ـ مامەسـانی ٣ ـ کۆهگلۆیی ٤ ـ بەختیاری • زمانی فەیلی یەعنی لوڕی بچووك زۆر لە شێوەی ڕۆژهەڵات ئەچێت • فەیلی‌یەکان خۆیان ئەڵێن ئێمە کوردین • شێوەی سێ تایەفەکەی تر زۆرتر گۆڕاوە بەلای فارسیدا ، بەڵام دیسان کوردی‌یە • تەماشای لیستەی وتەکان بکرێت فەرقی شێوەکان دیاری ئەدات • ئەم کوردانە وەختێ خۆی بە تەهجیر هاتوون‌و بە مروور شێوەی زمانەکەیان گۆڕاوە • نیشتمانی لوڕەکان لە (خانەقین)ەوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەس پێ ئەکا تا ( کرماشان )و ( نەهاوەند ) بەهەموو ( پشت کێو ) ا بۆ ( عەلی غەربی ) لەسەر ڕووباری دەجلە هەمووی ( لوڕستان )ە ، لوڕەکان لە جەنووبی کرماشان‌و نەهاوەندا دانیشتوون زۆریان نیشتەجێ بوون ، کەمیان لەسەر کۆچەری ماون • ئەمانە ٢٥ تیرەیەك ئەبن[١] •

شێوەی ( کەلهوڕ )و تیرەکانی فەرقی زۆرە لە گەڵ شێوەی کوردی‌یەکانی تر • ئەمانە بە وتەی ( فارسی ) چاوەشە بوون ، بەڵام لە سەر ئەوەشا هەر کوردی‌یە بە ( فارسی ) ناچێت • لەهجەی ( گۆران‌و هەورامی‌و لەك )یش لە شێوە کوردی‌یە صافەکان نین • ئەگەر ئەمانە قسە بکەن لەگەڵ کوردی ترا لە یەکتری ناگەن • کەس نازانێت ئەم شێوانە چلۆن دروست بووە ، شێوەی ( گۆران )و ( هەورامی ) لە شێوەی نەتەوەی ( تاجیك ) ئەچێت • ڕەنگە ئەمانەو ( تاجیکەکان ) لە ئێرانا زۆر تێکەوە بووبن ، مەگەر هەر خۆیان کە قسەیان کرد لەیەك بگەن • شێوەی کوردی ( بلووج )یش تایەتی‌یە ( براخوویی ) پێ ئەڵێن ، شێوەی هیندی‌و بلووجی یان تێکەڵ بووە[٢] •

---

(١) کتێبی ( الاکراد ) مێژووی ( باسیل نیکیتین ) ل١٧١ ـ ١٧٢

(٢) مێژووی بەعەرەبی تەرجەمە کراوی امین زکی بەرگی یەکەم ل٣٣٣ ـ ٣٤٥ •

لەك لای لوڕستانەوەیە • شێوەیەکی سەربەخۆیە • کەمو زۆر فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوانی تر ، لە ناوچەی ( فارس )یشدا عەشایری (لەک) هەیە دیسان بەو شێوەیە قسە ئەکەن •

* * *

زمانی خەڵکی کوردستانی زووروو ڕەفتی‌و درشتی‌ی تیایە زمانیان لەگەڵ خەڵکی جەنووبا دوور بوونەوەیەکی گرانی تیا ئەبینرێ بە جۆرێکی وەها کە هەندێك ( بیت )و دەنگ لە ناو ئەمانا زۆر گۆڕاوە • ئەمەش بۆیە وای لێ هاتووە کە لەیەکتری زۆر دوور کەوتوونەوەو هیچ بە سەریەکیانەوە نەماوە • بە درێژایی ژیان هەر یەکە لە ناوچەی خۆیا لەگەڵ ئەقوامی جیا جیادا تێکەڵ بووە • زمانیان وای لێ هاتووە وتە ئەصلی‌یەکانیان زۆر گۆڕاوە ، وەکو لەبیتی وتەکانی لای خوارەوەدا بە ئاشکرا بەرچاو ئەکەوێ :

## پێنج جەدوەل لە بارەی فەرقی شێوەو زمان لەناو کوردەکاندا جەدوەلی یەکەم

| عەرەبی | فارسی | لوڕی فەیلی | لوڕی لەکی | هەورامی | کرمانجی شەرقی (سلێمانی) | کرمانجی غەربی (بەهدینانی) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| اذهب | بـرو | بچۆ | بچۆ | لووه | برۆ | هەڕە ، بچە |
| اجلس | بنشین | بنیش | بنیشی | نیشەرە | دانیشە | ڕۆنە ، ڕۆنێ |
| فوق | بالا | ئەوبان | بـان | سەر | سەروو | ژوور ، سەر |
| عسل | انگبین | عەسەل | عەسەل | هەنگوین | هەنگوین | ڕەهنگوی ، هەنگف |
| بطیخ | خربزه | شامی | خەروزە | شووتی | شووتی | بش ، شمتی ، زبش |
| تین | انجیر | ئەنجیر | ئینجیر | هەنجیر | هەنجیر | هێژیر ، هێجیر |
| کمثری | آرمود | ئەرموود | ئەرموود | هەمرۆ | هەرمێ | هەرمێ ، ئەشگرک |
| تفاح | سیب | سێو | سێف | ساو | سێو | سێف |
| حصان | اسپ | ئەسب | ئەسب | ئەسپ | ئەسپ | هەسپ ، حەسپ |
| شعیر | جۆ | جەوە | جەو | یەوی | جـۆ | جە ، جۆ |
| آتی | من آیم | ئەیتم | ئەیتم | منمەو | یـەم | دەئێم ، یێم |
| انهض | برخیز | ئەڵس | فیری | هورزە | هەڵسە | ڕابە ، هۆلۆ ، ورزە |
| عنب | انگور | ئەنگوور | ئەنوور | هەنگوور | ترێ | ترا ، ترێ |
| غنم | گوسفند | می | می | مەڕ | مـەڕ | پەز ، بز جابر : پەز |
| زبیب | مویز | مەویژ | میویژ | هەچکوچی | مێوژ | مویژ |
| ابیع | میفروشم | ئەفرۆشم | ئەفرووشم | ورەشوو | ئەفرۆشم | دەفرووشم |
| الیوم | امروز | ئەمڕووژ | ئیمروا | ئارۆ | ئیمڕۆ | ئیرۆ ، ئۆرۆ |
| هذا المساء | امشب | ئیمشەو | ئیمشەو | ئێشەو | ئەمشەو | ئیشاف ، ئۆشۆ |
| لا اعرف | نمیدانم | نازانم | نازانم | مەزانوو | نازانم | نزانم ، نوزانم |

## جەدوەلی موقایەسەی وشە لە مابەینی زمانی نەتەوەکانی لای خواروو

### جەدوەلی دووەم

| کورد | فورس | عەرەب | تورك | کورد | فورس | عەرەب | تورك |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئـاو | آب | الماء | صو | سال | سال | العام | ییل |
| نان | نان | الخبز | چورەك | تیر | تیر | السهم | اوق |
| گۆشت | گوشت | اللحم | ئیت | کەوان | کمان | القوس | یای |
| ئاسمان | آسمان | الفلك | گوگ | خەنجەر | خنجر | الخنجر | دەشنە |
| باران | باران | المطر | یاغموز | گەنم | گندم | الحنطة | بوغدای |
| بـا | بـاد | الریح | یەل | جۆ | جو | الشعیر | اربە |
| سەرما | سرد | البرد | ساوق | شیر | شیر | اللبن | سود |
| زستان | زمستان | الشتاء | قیش | دۆ | دوغ | المخیض | آیران |
| شەو | شب | اللیل | ییجە | سەر | سر | الرأس | باش |
| ڕۆژ | روز | النهار | گون | دەست | دست | الیـد | ئـەل |
| مانگ | مـاه | قمر | آی | پێ | پـا | الرجل | ئەیاق |
| سوپەر | سپر | الترس | قالقان | ڕۆن | روغن | الدهن | یـاغ |
| ئەستێرە | ستارە | الکوکب | ییلدز | چاو | چشم | العین | گویز |
| خانوو | خانـە | الدار | ایو | ئەمووست | انگشت | الانملة | پارمق |

## جەدوەلی سێهەم

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| وشەی | ( ئاو ـ الماء ) | لە شیمال بووەتە | ( ئاب ) | وە بە لەهجەی سلێمانی | ( ئاو ) |
| وشەی | ( وەفر ـ الثلج ) | لە شیمال بووەتە | ( بەرف ) | وە بە لەهجەی سلێمانی | ( بەفر ) |
| وشەی | ( هوری ، خوری ـ الصوف ) | لە شیمال بووەتە | ( هری ) | وە بە لەهجەی سلێمانی | ( خوری ) |
| وشەی | ( کاکز ـ الورق ) | لە شیمال بووەتە | ( کاکیت ) | وە بە لەهجەی سلێمانی | ( قاقەز ) |
| وشەی | ( دان ـ السن ) | لە شیمال بووەتە | ( ددان ، دران ) | وە بە لەهجەی سلێمانی | ( دان ) |
| وشەی | ( خوێشك ـ الاخت ) | لە شیمال بووەتە | ( خوالیك ) | وە بە لەهجەی سلێمانی | ( خوشك ) |
| وشەی | ( کچ ـ البنت ) | لە شیمال بووەتە | ( خز ، قیز ) | وە بە لەهجەی سلێمانی | ( کچ ) |
| وشەی | ( تاو ـ الشمس ) | لە شیمال بووەتە | ( تاف ) | وە بە لەهجەی سلێمانی | ( ڕۆژ ) |
| وشەی | ( ئوەی ـ هو ) | لە شیمال بووەتە | ( ئەویش ئەو ) | وە بە لەهجەی سلێمانی | ( اوی ) |
| وشەی | ( پیاو ـ الرجل ) | لە شیمال بووەتە | ( میر ، پیا ) | وە بە لەهجەی سلێمانی | ( پیاو ) |
| وشەی | ( مل ـ الرقبة ) | لە شیمال بووەتە | ( ئیستور ) | وە بە لەهجەی سلێمانی | ( ئەستۆ ) |
| وشەی | ( نویستوو ـ نائم ) | لە شیمال بووەتە | ( ڕاکوا ـ ڕازایی ) | وە بە لەهجەی سلێمانی | ( نووستوو ) |
| وشەی | ( ئاف ـ الماء ) | لە شیمال بووەتە | ( ئاف ) | وە بە لەهجەی سلێمانی | ( ئاو ) |
| وشەی | ( باف ـ الاب ) | لە شیمال بووەتە | ( باو ) | وە بە لەهجەی سلێمانی | ( باوك ) |

## جەدوەلی چوارەم

وتەی ( میکنم )ی فارسی بە زمانی ( لوڕ ) بووەتە ( ئەیکونـەم ) یەعنی ( اعمل )
وتەی ( میخرم )ی فارسی بە زمانی ( لوڕ ) بووەتە ( ئەیخـرەم ) یەعنی ( اشتری )
وتەی ( آدم )ی فارسی بە زمانی ( لوڕ ) بووەتە ( ئـادوم ) یەعنی ( الانسان )
وتەی ( پـل )ی فارسی بە زمانی ( لوڕ ) بووەتە ( پیـل ) یەعنی ( الجسر )
وتەی ( میدهم )ی فارسی بە زمانی ( لوڕ ) بووەتە ( ئەیدەهەم ) یەعنی ( اعطی )
وتەی ( خانـه )ی فارسی بە زمانی ( لوڕ ) بووەتە ( خـونـا ) یەعنی ( الدار )
وتەی ( جامه )ی فارسی بە زمانی بەختیاری بووەتە ( جـوا ) یەعنی ( الثوب )
وتەی ( ایشان )ی فارسی بە زمانی لوڕی بووەتە ( ئیسـا ) یەعنی ( هـم )
وتەی ( آنهـا )ی فارسی بە زمانی لوڕی بووەتە ( ئیـکال ) یەعنی ( هؤلاء )
وتەی ( آنراگرفت )ی فارسی بە زمانی لوڕی بووەتە ( یوناگوت ) یەعنی ( اخذ هذا )
وتەی ( ئـەیکونـەم )ی لوڕی بە زمانی کوردیی سلێمانی بووەتە ( ئەیکەم ) یەعنی ( اعمل )
وتەی ( ئەیـدەهەم )ی لوڕی بە زمانی کوردیی سلێمانی بووەتە ( ئەیدەم ) یەعنی ( اعطی )
وتەی ( یوناگـوت )ی لوڕی بە زمانی کوردیی سلێمانی بووەتە ( ئەمەی‌گرت ) یەعنی ( اخذ هذا )
وتەی ( ئـەیخـرەم )ی لوڕی بە زمانی کوردیی سلێمانی بووەتە ( ئەیکڕم ) یەعنی ( اشتری )

## جەدوەلی پێنجەم

### بەراوردی زمانی ( کوردی )و ( فارسی ) لەگەڵ ( ئاویستا )دا

| زمانی کوردی — لەهجەی سلێمانی | زمانی کوردی — لەهجەی کرمانجیو زازایی | زمانی ئاویستا | زمانی فارسی ئیستا | تەرجەمەی عەرەبی |
|---|---|---|---|---|
| گورە | مازن | ماز | سنگین ـ بزرگ | کبیر ، عظیم |
| بەرز | بڕ | بەرەزا | بلند | عالی ، رفیع |
| ماسی | ماسی ، ماسە | ماسیا | ماهی | سمك ، حوت |
| تیژ | تیژ ، تووژ | تیژ | تیز | حاد ، حامی |
| حوشتر | ئوشترا | ئوشتر | شتر | جمل ، ابل |
| پرد | پورت ، پر | پرەتا | پل | جسر |
| ڕۆژ | خۆر ، ڕۆ | هۆر | آفتاب | الشمس |
| مێش | مێش | مەخشی | مگس | الذباب |
| بەرخ | بەرخ | وراخا | بره | الخروف |
| قسە | کسە ، قسە | خسا | حرف ، سخن | الكلام |
| ویستن | ویشو ، واشتن | واسی | خواستن | الطلب |
| زانین | زانین | زان | دانستن | المعرفة |
| من | ئەز ، م | ئەزم | من | انا |

## جەدوەلی بەراورد کردنی وتەی تیرەکانی کورد

| ئەم وتە ئەصلی‌یانە | لە شیمالا بووەتە ئەم وتەیە | وە بە لەهجەی سلیمانی‌یش بووەتە ئەم وتەیە |
|---|---|---|
| ئـاو | لە شیمالا بووەتە ئاب ، ئاف | وە بە لەهجەی سلیمانی‌یش بووەتە ئـاو |
| هوری ، خوری | لە شیمالا بووەتە هـەری | وە بە لەهجەی سلیمانی‌یش بووەتە خوری |
| وەفـر | لە شیمالا بووەتە بەرف | وە بە لەهجەی سلیمانی‌یش بووەتە بەفر |
| کاکەز | لە شیمالا بووەتە کاکیت | وە بە لەهجەی سلیمانی‌یش بووەتە قاقەز |
| دان | لە شیمالا بووەتە ددان | وە بە لەهجەی سلیمانی‌یش بووەتە دان |
| خوێشك | لە شیمالا بووەتە خوالیك | وە بە لەهجەی سلیمانی‌یش بووەتە خوشك ، خوێشك |
| کچ | لە شیمالا بووەتە خز ، قیز | وە بە لەهەجەی سلیمانی‌یش بووەتە کچ |
| نـاو | لە شیمالا بووەتە ناف | وە بە لەهجەی سلیمانی‌یش بووەتە ڕۆژ ، خۆر |
| ئوەی | لە شیمالا بووەتە ئەویش ، ئەو | وە بە لەهجەی سلیمانی‌یش بووەتە ئەوی |
| پیـاو | لە شیمالا بووەتە مێر ، پیا | وە بە لەهجەی سلیمانی‌یش بووەتە پیـاو |
| مـل | لە شیمالا بووەتە ئیستوو | وە بە لەهجەی سلیمانی‌یش بووەتە مل ، ئەستۆ |
| نویستوو | لە شیمالا بووەتە ڕاکوا ، ڕازایی | وە بە لەهجەی سلیمانی‌یش بووەتە نووستوو |
| بـاوو | لە شیمالا بووەتە باف | وە بە لەهجەی سلیمانی‌یش بووەتە باوەك |

بێجگە لەمە وە نەبێ لەهجەی ( کرماشان )و لەهجەی (کەلهوڕ)یش بە تەواوی شێوەیەکی کوردیی پەتی بن ، کەوا لەگەڵ ( لوڕ )و ( لەك )ەکانا تیرەو تایەفەی کوردی باشووری ئێرانن • ئەمانە تێکڕا کوردن‌و لەگەڵ فارسەکانا زۆرتر تێکەڵ بوون ، خۆ ئێجگار دوو ناقمە تیرەکانی دوایی بە فەسالیش‌و بە لەهجەشیانا فارسی ئامێز بوون •

بەکورتی : ئەگونجێ لەهجەکانی زمانی کوردیی ئێستا لەسەر چوار بەش جیا بکرێنەوە ، کەوا ئەمانە هەر یەکە لە ناو خۆیانا شێوەو قسەیان نزیکە بەیەك ، بەڵام چوار بەشەکە یەك بۆ یەکتری دوور ترە لە یەك وەکو :

**١ ـ کرمانجیی شیماڵ‌و غەربی : ( زازاو بادینانی )** لەهجەی کوردەکانی تورکیاو شیماڵی غەربی ئێران‌و خوراسان‌و سووریەی ژووروو لەناو ئەم بەشەدان • ئەم لەهجەیە وێنەی زیندووی زمانی ( ئاری )یە کە ( زازا )شی پێ ئەڵێن •

**٢ ـ کرمانجیی ڕۆژهەڵات : ( سۆران )و ( موکری )** لەهجەی سولەیمانی‌و موکری تا ( سنە ) لەسەر ئەم بەشەن ، خەڵکی بەینی هەردوو زێ‌و ( سیروان )و شاخی قەشقە ( حیمرین ) تا سنەو مەهاباد • بەم شێوەیە قسە ئەکەن • لەم ناقمەدا لەهجەی ( هەورامی ) لە ئازایی ئەچێ •

٣ - کوردیی ( کرماشان )و ( سنە ) :
( گۆران )و ( کەلهوڕ )

ئەم لەهجەیە شێوەیەکی تێکەڵ بووی ( کوردی ، فارسی ، لەکی ، وە کەلهوڕی )یە بەو مەرجە بناغە کوردییەکەی لە جێگای خۆی هەر ماوە ، خەڵکی کرماشانو وڵاتی سنەو کوردی ( گۆران )و (کەلهوڕ) بەم لەهجەیە قسە ئەکەن • ئێرانییەکان بەم وڵاتانە ئەڵێن ( کوردستان ) • لەهجەی ( گۆران ) لە ( زازایی ) ئەچێ !

٤ - کوردی ( لوڕ )و ( لەك ) :

ئەم لەهجەیە لە هی سەرەوە زیاتر نزیکە بە ( فارسی ) ، بەڵام بونیەی زمانەکە دەری ئەخا کە بناغەکەی ( کوردی )یە ، بەڵام زۆر تێك چووە ، بریتییە لە شێوەی هەموو جەنووبی غەربی ئێران • قۆڵێ گەورەی ئەم لەهجەیە ( فەیلی ، بەختیاری ، لەك )ە کە ( لەهجەی لەك ) نزیکیشە بە ( کەلهوڕی ) •

* * *

ئەوی سەرنج ئەداتە دابەش کردنەکەی ژوورو جەدوەلە گەورەکەی پێشوو ئەبینێت لە مەیانی سۆرانیو زازایی ( یەعنی هەردوو بەشەکەی کرمانج )دا فەرقێکی ئەوتۆ نییە • کەچی لە لەهجەدا فەرقیان زۆرە لە تەصریفی فیعلەکانیو هەندێك وتەدا فەرق هەیە • وە دیسان

که ڕوانرایە بەشی [ لوڕی ( فەیلی ) شوو ( لەك )یش ] ئەبینرێ • ئەمانیش بە (کوردی) نزیکترن تاکو فارسی ، بۆیە ( لوڕ ) فورس نی‌یە (کورد )ە •

کوردەکانی بلووچ‌و هیند کە ئەمەی دوایی لە ولاتی ( سـەند )ی هیندوستانان بە جۆرە کوردی‌یەك قسە ئەکـەن ( براخوویی ) پێ ئەڵێن • کەلیمانی ( بلووجی ، هیندی ، فارسی )یان تێکەڵاوەو ئیستاکە بەم زمـانی خۆیانە ئەخوێنن‌و ئەنووسن • حوکوومەتی‌هیند موسـاعەدەی کردوون • کوردی بلووچ‌و خوراسان‌و ئەفغان لە ڕۆژاوای ئێرانەوە بـە دەربەدەری براونە ئەو ولاتانەو بە ئاشکرا دیارە کە کورد زمانن[1] •

## سەر پەرشتی

ئەنجا بۆ باسی ( زمان ) قسەی دوایمان ئەوەیە کە وەکوو لـەپێش بەراوردی قسەی ناو جەدوەلەکانا وتمان ، لـەدوای ئیسـلامیەت کوردەکانیش‌و فورسەکانیش کە بوون بە موسوڵمان تێکەڵایەتی‌ی ئاینی‌ی سیاسی‌و ئیداری‌و کۆمەڵایەتی چووەتە گیانی لەهجەکانیـانـەوە ، خـۆ ئێجگار زۆرتر کەوتووەتە زمانی فارسی‌یەوە • ئەنجا لە کوردی‌و فارسی‌دا زۆر بوونی وتاری عەرەبی لەم ڕووەوەیە ، وە هەر لەبـەر ئەم جـۆرە تێکەڵایەتی‌ی ئەم چەند هەزار ساڵەشە کە سەرەڕای عەرەبی هەندێ وتەی فارسی‌و تورکی‌و ئارامی‌و ئەرمەنیش کەوتووەتە زمـانی کوردی‌یـەوە • باوەجوو وەنەبێ ئەمە هەر لە زمانی کوردی قەومابێت ئەگەر تەماشـای زمانی نەتەوەکانی تریش بکەین ئەبینین هیچیان لەم بەسەر هاتانە بـەدوور نین ، بەلکو عەرەبیش وتەی بێگانەی تێ کەوتووە • نابینین زاناکانی تورك‌و فارس‌و عەرەب خەریکن زمانەکەی خۆیان لەم شتانە پاك ئەکەنەوە • جـا لەبەر ئەوە پێویستە زانا بەڕێزەکانی کوردیش وەك ئەوان هەوڵ بـدەن بە

---

(١) ئەوەی ئەیەوێ لە بنج‌و بناوانی ئەم باسـە بفکرێ بڕوانێتە بەرگی دووەمی مێژووی امین زکی بەگ •

بڵاو کردنەوەی کتێبی ( قامووسی کوردی ) لەسەر شێوەو وتەی گشتیەو تایەفەکانو کتێبی ( صەرفو نەحو )و ( ئەلفو بێ )ی بەکەڵك دروست بکەن تاکو بە هۆی زۆربوونی خوێندەوارو بڵاو بوونەوەی خوێندنو ئیصلاحاتی تەواوەتی بکەوێتە زمانەکەوە تاکو خوێندنو نووسینەکەمان یەك بگرێ ، وە ئەو ( وتە بێگانە )یە کە لە زمانەکەدایە بدۆزرێتەوەو لابدرێ ، موقابیلەکانیان بە کوردی بگۆڕرێو ئەوانەی گۆڕینی مومکین نابێ ، کوردیش وەکو نەتەوەکانی تر بیکا بە ماڵ بۆخۆی .

به درێژەی خەریك بوونو هەوڵدانی ( زانای زمان ) چەوتی‌یەکانی زمانی کوردی جێ بەجێ ئەکرێ وەك لە زمانەکانی ترا چارەی دۆزراوەتەوە بە هەمان رێگادا هی کوردیش ئەدۆزرێتەوە ، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم پێویستی‌یانە سەر بگرێ ئەبێ لەپێش هەموو شتێکا لە کوردستانا خوێندنو نووسین بە زمانی کوردی بێ .

# پەیدا بوونی ئایینی ئیسلام‌و
# لە ناوچوونی کەیانی ئاریی کۆن
# ٥٧١م ـ ٦٣٢م

لەپێش ئەوەدا بچینە ئەم باسەوە پێویستە چاوێك بە وڵاتەکانی ئاریی کۆنا بگێڕین تا تێ‌بگەین کە کەیانی بەرزی نەتەوەی ئاری لەگەڵ پەیدا بوونی ئایینی ئیسلاما بۆچی خۆی نەگرتووەو خێرا ڕووخاوە •

لە دەمە دەمی پەیدا بوونی ئایینی ئیسلامیەتا حاڵەتی کیشوەرەکانی ڕۆژاوای نزیك لەسەر باری لای خوارەوە بووە •

١ ـ لە عیراق‌و بانی ئێراننا خانەدانی ( ساسانی ) جڵەوی حوکمی ڕۆژهەڵاتی نزیکیان بەدەستەوە بوو ، لە شاهانی کەیانی‌یان‌و ئەشکانی‌یانەوە بە میرات بۆیان بەجێ مابوو •

ئەم ئیمپەراتووریەتە جیهانگیرە لەتەمەنی ١٢٠٠ ساڵا بوو ، وە لە قەڵەمڕەوی نیشتمانە گەورەکەیانا زوربەی دانیشتوان ئاری‌یەکان بوون • تەنیا لە عیراقا هەندێك عەرەب‌و تیرە ئەقوامی سامی‌ی‌تر دانیشتبوو ، ئاری‌یەکان لەسەر نەتەوەی ( کورد )و ( فورس ) ساغ بووبوونەوەو بووبوونە پشتیوانی ئیمپەراتووریەتەکە •

٢ ـ لە ڕۆژاوای نزیکدا بەشی ( ئەنادۆڵ )و ( سووریە )و ( فەلەستین ) لەژێر حوکمی دەوڵەتی ڕۆمای ڕۆژهەڵاتا بوو کە (بیزانتین ) ناوێکی تری ئەم دەوڵەتە بوو • خەڵکی ئەنەدۆڵ هەمووی ئاری نەژاد بوو • لە لای ڕۆژهەڵاتیا ئەقوامی ( کورد ، ڕۆم ، ئەرمەنی ) دانیشتبوون ، وە لە لای ڕۆژاواشیا ڕۆم یۆنانی‌و تیرە ئەقوامی کۆنی تر هەبوو • سووریەو فەلەستینیش کە بە وڵاتی بێ خوستی ئەقوامە ناسراوە گەلێ

تیرە نەتەوەی تیا دانیشتبوو کە ناودارەکانیان ڕۆم ، ئارامی ، عەرەب و جوولەکە بوو •

٣ ـ مایەوە ( عەرەبستان ) کەوا کیشوەرێکی گەورەی کەم بەرەکەت و چۆڵ و بیابانە سەرابا عەشایری عەرەبی تیا دانیشتبوو • ئەمانە لە سەرەتای مێژووەوە لە گەڵ پشێوی‌ی ناو خۆیانا بە سەربەستی و سەربەخۆیی ژیابوون • دەوام کردنی ئازادی‌یەکەیان لە سایەی ئەوەوە بوو کە ( عەرەبستان ) بە کەڵکی قەومە جیهانگیرەکان نەهاتووە ، بۆیە قەومە هێز دارەکان پەلاماریان نەداوە •

ئەنجا لەکاتی پەیدابوونی ئایینی ئیسلاما وڵاتەکانی ڕۆژاوای نزیک تێکڕا بەم سێ بەشە ئیداری و سیاسی‌یە دابەش بوو بوو •

لە هەرسێ بەشەکەدا نەخوازەڵا بەشی ڕۆم و ئێران لەبەر ڕقەبەری‌ی سیاسی‌ی خاریجی و ناوخۆ ئاشتی و بێ‌دەنگی نەمابوو • لەڕووی شەڕو هەراو تاڵان و بڕۆو کوشتاری هەزار ساڵە کەوا دوایی نەئەهات • خەڵکی هەردوولا لەگیانی خۆیان وەڕس بووبوون•زوڵم و زۆری حوکوومەتەکانی ناوخۆ ، داوا گەری‌ی تەخت و تاج ، ناکۆکی خستنەوەی میران و ئاغاواتی ئەقطاع ، وە بە پانووی ناکۆکی‌ی ئایین و مەزهەبەوە ئاژاوە نانەوەی قەشەی ڕۆم و موغەکانی ئێران و کوردستان وڵاتەکانی هەلاهەلا کردبوو • لە کیشوەرەکانا ئاسایش ، ئەمنی‌یەت ، نیظام ، ئارام هەڵگیرابوو • لەبەر ئەوە کەیف خۆشی و خزمایەتی وەیا پشت ئەستووری‌ی قەومایەتی و بیری نیشتمان پەروەری لەناو خەڵکا نەمابوو •

جا لەبەر ئەمانە دەوڵەتی ڕۆمیش و ، ئیمپەراتۆریەتی ئێرانیش شیرازەی ئیدارەکەیان هەڵوەشابوو ، ئامادەی هەرەس هێنان بوو ، وە بەتایبەتی ئێرانی‌یەکان پەشۆکاوتر بوون ، چونکە لە ئێرانا ئاژاوە بەهێزتر

بوو هەتا ڕۆمەکان لە ئێرانا تیرەیەکی سەرو دڵ خۆش‌و خوڵق‌و ڕەوشت قایم کە بەدڵ‌و بەگیان لەگەڵ حوکوومەتەکەیا بێت نەمابوو • دیار بوو لە ڕۆژی لێقەومانا کەس نەبوو پشتی حوکوومەت بگرێت‌و دوژمن لەنیشتمانەکەی دوور بخاتەوە •

ئەنجا ئەم دوو حوکوومەتە بەتەواوی لەم زەبوونی‌و بێ هێزی‌یەدا بوون کە لە عەرەبوستانا ئاینی ئیسلام پەیدا بوو • لەسایەی پێغەمبەری بوزورگەوار حەضرەتی محمد ( صلی الله علیه وسلم )ەوە گشت تیرەو کۆماری عەرەب لەعەرەبوستانا وەك پۆڵا یەکی گرتووە ، ئەوسا پیاو ماقوولێ عەرەب لە هێزو دەسەڵاتداری‌ی خۆیان گەیشتوون ، بە ئەمرو فەرمانی کەلامی خوا لەژێر ئیدارەو سەردارە دڵ قەوی‌یە کانیانا بۆ داگیرکردنی جیهان کەوتوونە ڕێ‌و بەیەکجار پەلاماری ئەم دوو ئیمپەراتۆریەتە زلەی لای سەرەوەیان داوەو لەشکرەکانیان پارچە پارچەیان کردوون ، چونکە ئەمانە هەر بەناو گەورەیی‌یان مابوو •

لە لایەکەوە وردە سوپای عەرەب ڕووی کردە کیشوەری ساسانی‌یەکان‌و دەسی کرد بە داگیر کردنی شارەکانی سەر فورات‌و هەر لەم کاتەدا تیپە سوپای وردەلەی تری عەرەب ڕووی کردووەتە وڵاتی سووریەو فەلەستین‌و دەسی کردووە بە داگیر کردنی شارەکانی لای بادیەی شام • جا سەرەتای جیهانگیری‌ی عەرەبی ئیسلام ئاوەها دەسی پێ کرد لە ( ٦٣٢م و ١٠ھ )دا •

## ڕووخانی ئیمپەراتووریەتی ئێران

## ٦٤٥م ـ ٢٤ھ

لە دوای پێغەمبەر ( د•خ ) لە کاتی خەلافەتی ئەبووبەکرو عومەرا لەشکری عەرەبی تازە موسوڵمان ڕووی کردووەتە عیراق‌و کیشوەری

ئێران‌و خۆی داوه له ده‌وڵه‌تی ساسانی ، له‌م هه‌ڵمه‌ت‌و شه‌ڕانه‌دا ( خالیدی کوڕی وه‌لید )و ( سه‌عدی کوڕی ئه‌بوو وه‌قاس ) دوا بــه‌دوای یــه‌ك سه‌رداری له‌شکری ئیسلام بوون • سوپای ئێران که مه‌ترسی‌ی دوژمــن کۆی کردبوه‌وه • گه‌لێك تیپ ســواره‌و کوردیشی تیــا بووه ، بــه‌ڵام له‌شکرێکی نیشتمان په‌روه‌ری‌یه‌که‌ی به‌فه‌سادی ئیداره له‌ناو چووبوو ، وه ئاینیشی به‌وێنه‌ی زینده‌گانی‌ی حوکوومه‌ته‌که‌ی پ‌ه‌زموورده‌و په‌شــۆکاو حاڵ بووبوو •

که‌چی به‌رامبه‌ر ئه‌م بێ گیانی‌یه سوپای ئیســـــلام گیانی بــه‌رزی ئیسلامیه‌ت‌و خه‌یاڵی شیرینی جیهانگیری بزواندبووی‌و چالاکی کردبوو ، له‌به‌ر ئه‌وه له‌شه‌ڕی ( قادسیه )ی به‌ناوبانگا که سێ ڕۆژی خایــانــدووه له‌شکری ئێران خۆی نه‌گرتووه شکاوه‌و به‌ده‌م شـــه‌ڕه‌وه ڕه‌وه ڕوو بــۆ دواوه ته‌قه‌ی تێ که‌وتووه • له‌شکری ئیسلامیش بۆ ئـــه‌وه‌ی ئـــه‌مانـــه نه‌حه‌وێنه‌وه ده‌س به‌جێ شوێنیان که‌وتوون تاکو پایته‌ختی زســـتانـــه‌ی ساسانی‌یه‌کان که شاری ( ئیسیفۆن ) بوو گیراوه • ( تاقی کیســرا )ی ئیسته پاشماوه‌ی ئه‌و پایته‌خته‌یه‌و پاشماوه‌ی کۆشك‌و سه‌رای پادشـــــاکانی ساسانی‌یه‌کانه که عه‌ره‌به‌کان ئه‌وکاته ( مه‌دائین )یان پێ وتووه •

جا به‌م ته‌رحه به هه‌ڵمه‌تێکی به‌تین هه‌رچی عـــێراقی جونووبی بــه پایته‌خته‌وه له‌کیس چووه ، گه‌نج‌و جه‌واهێری ده‌وڵه‌تی ئێرانی کۆن بــه‌ر تالاَن که‌وتووه • ته‌خت‌و تاجی شاهانی ساسانیش به‌باد چووه ٦٣٦م •

ئه‌وه‌نده هه‌یه هه‌ر به‌م شکستی ( قادسیه )یه ئیمپه‌راتووریــه‌تی ئێران له‌ناو نه‌چووه ، بگره له‌دوای ئه‌م لێ‌قه‌ومانه ( ٥ ــ ٦ ) ساڵی تریش ژیــاوه ، چونکه له‌م به‌ینه‌دا ئێرانی‌یه‌کان بۆ ڕزگار کردنی که‌یانی ده‌وڵه‌ته‌که‌یـــان گه‌لێك هه‌وڵی تریان داوه ، وه‌کو :

شای ئێران ( یه‌زد جورد )ی سێهه‌می کوڵۆڵ به‌ته‌مــای یارمـــه‌تی‌ی

قەومەکەی کە تەخت و تاجەکەی بۆ بسێنەوە بەیەکی چاك بەکێشەوەری ئێرانا سووڕاوەتەوە بە چاوی پڕ فرمێسکەوە چووەتە کن هۆزی فورسەکان سکاڵای لای کردوون و ڕووی کردووەتەوە خێڵاتی کوردەکان هاواری بۆ بردوون و بە گریانەوە ئابڕوو چوونی نەتەوەی ( ئاری )ی تێ گەیاندوون هەتا بزواندوونی و هۆشی هێناوەتەوە بەبەر ئێرانەکانا لەشکرێکی تازەی فورسیان بۆ پێکەوە ناوە • بەڵام ئێرانی‌یەکان ترخی جەنگی‌یان نەمابوو بەفەسادی ئیدارە ، شیرازەی یەکێتی‌یان هەڵوەشابوو بەرامبەر بە دوژمنێکی خاوەن عەزم گیانیان تیا نەمابوو ، لەبەر ئەوە هەرچەندە یەزدجورد شاە لەشکرێکی موناسیبی بەم هەوڵ و تەقەلایە کۆ کردووەتەوە ، بەڵام ئەو لەشکرە کە بەم هاوارو تکایە کۆ کراوەتەوە لەشەڕی (نەهاوەند)دا خۆی پێ نەگیراوە لە ساڵی٦٤٢دا لەدوای جەنگێکی مەردانەی فورس شکستی خواردووەو نەوەی ( نەوشیروان ) یەزدجورد شای بەدبەختیان لەمەیدانی شەڕدا بەتەمای مەرحەمەتی دوژمن بەجێ هێشتووە• بەوە دەوڵەتی ئێران ئیتر لەناو چووەو هەموو ئێران و کوردستان لەدوای ئەوە بەئاسانی داگیر کراوە •

ئەنجا ماجەرای ڕووخانی کەیانی ئاری‌ی کۆن بەم جۆرە لەڕووی فەسادی ئیدارەو زوڵمی کاربەدەستان و زەبوون کەشی‌ی قەومی کوردو فورسەوە هەرەسی هێناوە کە پێویستە پەندی لێ وەرگیرێت !

## سەرنەواندنی کوردستان

لە دوای گرتنی شاری ( مەداین ـ تیسیفۆن ) سەردارانی ئیسلام کەوتوونە تەدبیرو ڕای ساغ کردنەوەی سەرکەوتنەکەیان • لەبەر ئەوە بە هەرچوار لادا تیپە لەشکریان نارد کە مەیدانی خۆ کۆکردنەوە نەدەن بەئێرانی‌یەکان • لەبەر ئەوە خێرا هەرچی پێ دەشتێ هەیە لە عیراقا هەموویان داگیر کردووە ، وەکو :

قۆڵە لەشکرێك ڕووی کردووەتە لای ( خانەقین )ی ئیستە بە شاری جەلەولاو حەلوانەوە ئەوناوەی گرتووە کە حەلوان سنووری کوردستان بوو ، لێرە بەولاوە دەستەوە یەخە لەگەڵ کوردەکان کەوتوونە تەماسەوە ( ٦٣٧م ) •

قۆڵێکی تریش بۆ ( تیگریت )و ( جزیرە ) چووە • ئەم ناوچانە بەدەس ڕۆمەکانەوە بوو ئەوحەلە • بە یارمەتیی لەشکری ئیسلامی سووریە کە بۆیان هاتون ئەو وڵاتانەش گیرانو ڕۆمەکان لەو ناوە دەرکران •

بەم تەرحە لەشکری ئیسلام لە هەموو لایەکەوە چووەتە ناو سەرزەمینی کوردستانەوە کە لەشکرو سوپای ئەصڵی ( ڕۆمو ئێران ) هەردولا شکستیان خوارد • ئیتر داگیر کردنی ناوچەکانیان زۆر ئاسان بووە • نەشئەی ( زاڵ ) بوون دڵی عەرەبەکانی هێنابوە جۆش ، لەبەر ئەوە زۆری نەخایاند لەشکری ئیسلام لە کوردستانی ژووروودا تا شاری ( مەلاتیە ) چووەو ئەوناوەی هەموو داگیر کردووە ( ٣٦هـ ٦٥٧م ) • لە ڕۆژهەڵاتیشا هۆردووی ئیسلام لە حەلوانەوە ڕووی کردووەتە ( شارەزوور ) ، لەوێ ڕاستەو خۆ شەڕ ئەمجا لەگەڵ کوردەکانا کراوە • لەبەر ئەوە کوردەکان هەتا توانیویانە جەنگاونو لەدوای خۆ بەکوشت دان ئەوی ماوە تەسلیم بووە لە ( ٢٢هـ ٦٤٣م )دا •

ئەوسا (شارەزوور)یش سەری دانەواندووە • ئەوەندە هەیە لەم جەنگانەدا لەگەڵ کوشتارا دوویشکی شارەزووریش ضەرەری زۆری داوە لە سوپای ئیسلام • وادەر ئەکەوێ کوردەکان لەدوای ئەوە کە لەشکری عەرەب چووەتە ناویانو دەستیان کردوە بەداگیر کردنی وڵاتەکەیان ئەنجا بایان داوەتەوە کەوتوونە شەڕی سەرو ماڵی ، چونکە لەمەدوا هەردوولا ڕاستەو خۆ بەرەنگاری یەکتری ئەبوون • کوردەکان ئەمجا بەرقەوە دەستیان کردووە بە شەڕ کردنو تەقەلای ڕزگار بوون ، وەبۆ پاراستنی

نیشتمانەکەیان کەوتوونە سەودای خۆ بەکوشت دانو یارمەتی دانی ئێرانی‌یەکان • بە هەندی شیعری کوردیی ئەم دەورەدا کە بەزمانی ( پەهلەوی ) نووسراوە دیارە کە لەبەر شکست هێنانی ئایینی زەردەشتی کوردەکانی ئەو حەلە زۆر بەپەرۆشو تەنگەتاو بوون •

لەشکری عەرەب لە ( ئەهواز )و ( دارابگرد )دا تووشی جەنگی قورس بووە لەگەڵ کوردو فورسەکانا ، وە کوردەکانی ئەو ناوە چونکە یارمەتی‌ی لەشکری ئێرانیان دابوو گورج لەشکری عەرەب چووەتە سەریانو گەلێك سزای داون ، وە بەماڵو بەگیان تووشی چەرمەسەریو ماڵ ویرانی بوون •

هەروەها لەشیمالی ئێرەشا کوردەکان ناوچەی ( کەرخا )و ( پشت کێو )یان بەهەڵمەتێك لە ئیسلامەکان سەندووەتەوە • ئەو کاتە بەفەرمانی ( ئیمامی عومەر ) ئەو کوردانەش تووشی سزاو مەینەتی کراون ، کەچی لەسەر ئەوەشا کوردی لای ( فارس )و ( ئەهواز ) لە ساڵی ٢٥ی هیجریدا دیسان هەڵساونە پێو[١] یاخی بوونو بەگژ هێزی ئیسلامی ئەو ناوەدا چوون یارمەتی‌ی هورمزانیان داوە • ئەم سەرداری ئازای ئێرانە شەڕی زۆری کردووە لەگەڵ سوپای ئیسلاماو زۆر سەرزە بوون بە دەستیەوە[٢] •

کوردەکان لە ئەوەڵی کارا وا دیار بوو بە عەرەبەکانەوە نەئەنووسان ، تەنانەت کە عەرەبەکان لە دەوری ( ئەمەوی )دا لەناو خۆیانا کەچوون بەگژ یەکا کوردەکان ئەوەیان بەهەل ژماردووە بۆ ئەوەی بەڵکو عەرەبەکان

---

(١) تەماشای مێژووی امین زکی بەگ ، بەرگی سولەیمانی ، ل ٢٥ بکە •

(٢) تەرجەمەی عەرەبی‌ی بەرگی یەکەمی مێژووی امین زکی بەگ ل ١٢٨ - ١٣٥

بشکێنن و دەریان بکەن لەنیشتمانەکەیان ، بۆیە شەڕی مەردانەیان کردووە لەگەڵ عەرەبەکان[3] وەکو :

لە زەمانی ( مەعاویە )دا لە ناوچەی شارەزوورەوە سوپای کورد چووە بۆ ( کووفە ) لەوێ یارمەتیی دەستەی موخالیفی داوە . وە لەکاتی خەلافەتی ( عبدالملك )دا ( عبدالرحمان کوڕی اشعث ) بە سوپاوە چووەتە سەر عیراق و ( حجاجی کوڕی یوسف )ی تەنگە تاو کردووە ، دەستە لەشکری کوردیش یارمەتیی کوڕی اشعثی یاخی بووی داوە . ئەم سەردارە یاخی یە واتە ( عبدالرحمان )ی ناوبراو خۆیشی ( ئاری ) نەژاد بووە . بۆیە لەدوای ئەمە ( حجاج ) تۆڵەیەکی خوێنینی لە کوردەکان کردووەتەوە . لەم دەورەدا کوردەکان ناوچەی ( فارس )یان بە تەواوی داگیر کردووە ( ٧٠٢م ٨٣هـ ) .

بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو تەقەلای ڕزگار بوونە ، چونکە حوکوومەتی ئیسلام ڕۆژ بەڕۆژ قەوی‌تر بووە ، کوردەکان ئیتر لە تاقەت کەوتوون و تێ گەیشتوون کە لەمەولا خوێن ڕشتن کەڵکی نەماوە .

ذاتاً کوردستان یەکی کەوتبوو داگیریش کرابوو ، وە کوردەکانیش لەگەڵ ( ئاغا ) تازەکانیانا خەریکی ڕێکەوتن بوون . ئیدارەو ئایینی ئیسلام دیار بوو ئەی حەواندنەوە مەیلی ئەوەیان پەیدا کرد کە ببن بەئیسلام . لەم دەورەدا کوردستانی شیمالی تووشی هێرشی عەشایری تورکی (خەزەر) بووە ، کوردەکان لەگەڵ لەشکری عەرەبدا ئەم عەشایرە کێوی‌یانەیان شکاندو دەریان کردن .

زۆر ئەگونجی حوکوومەتی عەرەبی ئیسلام ئەو حەلە بۆ پێکهێنانی مەسڵەحەتی خۆی و قایم کردنی بناغەی دەوڵەتەکەیان تەدبیری مافوول و

---

(٣) سەرچاوەی پێشوو ل ١٣٣

سیاسەتی ئیداریی زۆر جوانیـــان پێکەوە نابێت ، وەك لای خـــوارەوە نووسیومانە :

لەکاتی فەتحی ئیسلاما عەرەبەکان وەك بەزۆری بازوو بڕشتی چـەك خەریکی داگیر کردنی وڵاتان بوون ، لەگەڵ ئەوەشا وێڵی تەرتیباتێکی واش بوون کە نەیەڵن جارێکیتر ئەو وڵاتانەیان لەکیس بچێتەوە • بەڕاستی لە مێژوودا کەم نەتەوە هەیە لەئیدارەی موڵك‌و بەڕێوە بردنی ئەقـــوامی بێگانەدا وەك عەرەبەکان بەڕێك‌و پێکی سەر کەوتبێت •

عەرەبی تازە موسوڵمان وەك لە سوپاگەریدا هوشـــیار بووە ، بیری سیاسەت‌و ئیدارەی وڵاتیشی تەواو بووە • ئەم نەتەوە زیرەکە زانیویە کە لە وڵاتە داگیرکراوەکانا ئەگەر لە بناغەوە بابەتە ئیدارەیەکی نەرم ونیـــان نەخاتە کار قەومەکانیان بۆ داگیر نابێت ، بەڵکو ئەبێت هەمیشە لەگەڵیـــان لە جەنگدا بن •• لەبەر ئەوە لە لایەکەوە هاتوون ئەرزیان داوە پێیـــان دڵیان خۆش کردوون‌و لە لایەکی تریشەوە توخونی ئیشـــی قەومی‌یـــان نەکەوتوون‌و ئازاریان نەداون • لەبەر ئەم سیاسەتە نەرمە کوردەکان وردە وردە تەسلیمیان بوون‌و لەگەڵ ئیدارەی عەرەبدا ڕێك کەوتوون •

## موسوڵمان بوونی قەومی کورد

**وتاری مێژوویی :**

بە زمان زەدی لەناوخەڵکی کوردستانا شۆرەت وایە کـە نـــەژادی ئیمڕۆ بەزۆری شمشێر موسوڵمان بووەو ئەڵێن ئەم قسەیەش پشتاو پشت لە پێشینانەوە بەجێ ماوە •

بەمەدا دیارە باوك‌و باپیرانمان وایان زانیوە وەختی خۆی عەرەبەکان کە هاتوون‌و کوردستانیان زەوت کردووە دەسیان داوەتە شـــیرو هەرچی موسوڵمان نەبوە کوشتوویانەو بەو تەرحە موسوڵمانێتی یان بەزۆر بڕیـــوە

بەسەر کوردەکانا ، بگرە بەو جۆرە بەسەر گشت قەومەکانی تریشا • ئەنجا دیارە ئەم بڕوایە شتێکی زۆر ناڕاستە ، چونکە ئەگەر ئەمە ڕاست بوایە ئەبوو عەرەبەکانی ئەو حەلە لە موسوڵمان بەولاوە چ تایەفەیەکی تریان لە وڵاتی ئیسلاما نەهێشتایە ، ئەی جوولەکە وعیسایی‌یەکان بۆچ ماونەوەو تەشقەڵەیان پێ نەکردوون •

بەڵێ ، عەرەبەکان بۆ نەهێشتنی ئاینی موشریك بە تایبەتی هەوڵیان داوەو ئاینی ( کوردو فورس )ی ئەو کاتەش کە ( زەردەشتی )و بت پەرستی بووە بەموشریك دانراوە ، لەبەر ئەوە بەبێ گومان عەرەبەکانیش تەقەلای لەناوبردنی ئەم جۆرە ئاینەیان داوە ، بەلام نەك بەزۆری شمشێر ، بەڵکو بە زۆرداری‌ی سیاسەت پێکیان هێناوە ، چونکە حالی حازریش قەومی حاکم‌و سەرکەوتوو سیاسەتی وای هەیە تەنانەت لەم سەدەی بیستەمەشا کاربەدەستان واز ناهێنن بەڵکو خەریکن جینسیەتی ئەقەلیاتەکان ئەگۆڕن •

عەرەبەکان چونکە خۆیان هێشتا شارەزای کشت‌و کاڵ نەبووبوون هاتوون موڵکی خاوەن‌و ئەرزی ئەمیری‌یان بەسەر خەڵکە کۆنەکەدا دابەش کردووە دڵیان خۆش کردوون‌و لەسەر ئەوەشا موڵکانەو زەکاتی سووکیان لێ سەندوون • بەمانە ئەو خەڵکانەیان بەطەبیعەتی حاڵ منەتباری خۆیان کردووە ، چونکە لەچاو زوڵم‌و زۆرەکانی حوکومەتی ڕابوردوودا ئەم ضەریبەیە سووك‌و بەکەڵك بووە بۆ قەومەکە • عەرەبەکان لەگەڵ خوڵق قایمی‌ی خۆیانا چونکە ئیدارەکەشیان توندو تۆڵ‌و عادلانە بووە تەنظیماتەکانیان خێرا سەری گرتووەو بەوە لەگەڵ منەتباری‌ی خەڵکەکەدا وڵاتەکەس ئاوا بووەتەوەو ، زوربەی ئەهلەکە بەحوکومەتەوە نووساوە • لە لایەکی تریشەوە ئەمانە بەو دەستوورە کە لەعەرەبوستانا کردبوویان لێرەشا ئەوەیان دووبارە لاسایی کردووەتەوە دەسیان کردووە بە تەدبیری

نەهێشتنی ( بت‌پەرستی )و لەناو بردنی ئایینی ( زەردەشتی ) • دیارە کە عەرەبی تازە موسوڵمان دوژمنی ( گاورێتی ) بووەو ئایینەکانی لای سەرووش لە گاورێتی چووە ، لەبەر ئەوە کەوتوونە تارەکاتی لەناو بردنی ئەم ئایینانە •

ئەنجا بۆ بەجێ هێنانی ئەم فرمانەش چوار تەدبیریان بەکار هێناوە وەکو :

یەکەم : هاتوون ( موغ ) یەعنی قەشەی زەردەشتیو بت پەرستی‌یەکانیان تەفرو توونا کردووە •

دووەم : لەناوچەی حوکوومەتو جێگاو ڕێگای سەربازەکانیانا ( مزگەوت )یان دروست کردووە بۆ ئەوەی خەڵك نوێژو طاعەتی خوای عەرەبەکان بەچاو ببینێ •

سێهەم تەدبیر ئەوە بووە کە لە وڵاتە داگیر کراوەکانا ئەوی بووبێت بەموسوڵمان ئازادیان کردوونو ناویان لێ ناون ( مەوالی )و ئیتر سەرانەیان لێ نەسەندوون ، چونکە ئەو حەلە ئەوی ئیسلام نەبوایە حوکوومەت سەرانەی لێ ئەسەند • جا بەم تەرحە ئەم جۆرە کەسانە حورمەتیان پەیدا کردووەو لەڕیزی عەرەبەکانا قەدریان گیراوە • چوارەم تەدبیریش ئەوە بووە کە نووسراوی ئایینی زەردەشتی وەیا بت پەرستی‌یان لە هەچ شوێنێك دی بێت لە ناویان بردووە •

جا بەم سیاسەتە ( نەرمەوڕەنگین )ە لەئێرانو کوردستانا عەرەبەکان حاکمیەتی خۆیان خێرا ساغ کردووتەوەو زۆر بەگورجی تیا دامەزراونو موسوڵمانیتیشیان بڵاو کردووەتەوە • یەعنی لەدوای‌یەك‌دوو پشت لەوڵاتەکانا موسوڵمانێتی باوی سەندووەو بت پەرستیو زەردەشتی کەم بووەتەوە ، تەنانەت لە دوایدا ئەم بابەتە ئایینە کۆنە لەبەر چاو خەڵك

کەوتووەو چووەتە بەرگی ( گاوریتی )یشــەوە هــەتا لەنــاو چووە • عەرەبەکان ئەم سیاسەتە جوانە میللی یەی خۆیان وەنەبێ هەر لە کوردستان و ئێرانا بەکار هێنابێت ، بگرە هەر لە سنووری ( چین )ەوە تا قەراغ دەریـای زولمات ( موحیطی ئەتلەسی ) لە هەموو کیشوەرە داگیرکراوەکـانا بەجێ یان هێناوە ، بۆیە لە مێژوودا ئەبینین لەدوای پێغەمبەر ( د•خ ) بەســەد سالێك زوربەی قەومە دانیشتووەکانی سەرزەمینی ئیمپەراتووریەتی عەرەب بوون بە موسوڵمان و بووشن بە عەرەب و میللیەتی خۆیان لەدەست داوە •

ئەوەندە هەیە ئەم جۆرە سیاسەتی لە ناوبردنی قەومیەتە لــەســەر ( کوردو فورس و تورك )ەکان ئەم برشتەی نەبــوە ، چونکە هــەروەك لە ڕۆژاوادا یەعنی لــە وڵاتــەکانی گوێ بەحری سپی‌دا کــەلای سەرەوە ناومان وتن کۆمارو خێڵاتی عەرەب بڵاو کراوەتەوەو بووەتە هــۆی لــە ناوبردنی قەومایەتی‌ی خەڵکەکەی ئەوێ • لە کوردســـــتان و ئێران و تورکستانیشا گەلێك عەشایەری عەرەب بڵاو کراونــەوە لەکــاتی دەوری ئەمەویدا لەوێ داشیان مەزراندوون ، بەڵام لەبەر هەندێ مەبەس کــەلای خوارەوە نووسیومانە قەومایــەتی‌ی کوردو فورس و تــورك تــەئثیری تێ نــەکراوە :

١ ــ لەبەر ئەمەی خولق و تەبیاتیان یەکی نەگرتووەو لــەهجــەو زمانیش‌یان لەیەك نەچوە ، قەومە ئاری‌یەکانی ڕۆژهەڵات و عەرەبــەکــان ئاوێتەی یەک نەبوون ، بەڵکو ئەو عەرەبانەی برابوونە ئەوێ خۆیــان تووشی ( تەمثیل ) بوون و مەزیەتی عەرەبایەتی‌یان گۆڕاوە[1] •

٢ ــ میرو ئاغاوەتی ( کوردو فورس ) نەتــەوایەتی‌ی خۆیــان زۆر خۆش ویستووە • بابوویشن بە موسوڵمان ، لەدڵا وازیان لە سەربەخۆیی

(١) بروانە ( تاریخ الامة العربیة )ی ( درویش المقــدادي ) باسی ( سیاسة الدولة ) ل ١٩٣ ــ ٢٠١

ناوخۆ نەهێناوە ، بەڵکو هەمیشە خەریکی ئەوە بوون کە سەربەخۆیەکەی جارانیان لە عەرەبەکان بسێنەوە • ئەمەش بەوەدا دیارە کە عەرەبەکان کاتێك کەوتنە دووبەرەکی لەناو خۆیانا ، ئەمانە بۆ ئەوەی کزیان بکەن لایەکیان گرتووەو کردوویانە بەگژ تاقمەکەی ترا ، یەعنی سیاسەتی ( فرق تسد )یان بەجێ هێناوە •

٣ ـ دوو بەرەکی وەستانی عەرەبەکان لەناو خۆیانا یەکی ئەوەی خستووە کە ( کوردو فورس ) بێن بە عەرەب یەعنی سیاسەتی ئینصیهار بوونی کوردو فورس کە بێن بەعەرەب سەری نەگرتووە •

ئەنجا ئەم مەبەسانەو دووریی وڵاتەکان لە یەکتری نەیهێشتووە تورکەکانیش بێن بە عەرەب ، وە بە جۆرێکی گشتی لەم دواییەدا گیانی قەومایەتیی خۆشیان گۆڕاوە • جەوهەری صەدری ئیسلام ، تەنانەت دەوری ئەمەوی شیان تیا نەماوە[٢] • ئەمەوییەکان بە عەرەبایەتیی خۆیان زۆر نازیون ، هەرچی کوردەکانیشە ئازادی خواز بوون ، لەبەر ئەوە کوردو ئەمەوی یەکتریان هیچ خۆش نەویستووە •

## دوای ئیسلامەتی هەواڵی مێژوویی
## کوردو کوردستان
## لە ٧١٨م تا ٩٦٠م
## « ١٠٠ھ تا ٣٥٠ھ »

کوردەکان لەدوای ئیسلام بوونیان کەوتوونە چاڵەێکی تایبەتیو ژیانێکی کۆمەڵەیی تازەوە • لەلایەکەوە تینی ئایینی تازە هیواداری کردوون کە هەوڵ بدەن لەڕێی ئازادیو سەر بەخۆییدا ، کەچی لەلایەکی تریشەوە لە پێناوی شەرەفی ئەم ئایینەدا بۆ بەرز بوونەوەی خەلافەت

(٢) سەرچاوەی پێشوو •

ئەچوونە ژێر سیلاح بۆ بێگانە • بەوە بینای قەومایەتی‌ی خۆیان خستووەتە مەترسی‌یەوە ، یەعنی خۆیان کردووە بەقەلغانی ئیسلامیەت‌و کوردایەتی‌یان لەڕێ‌ی ئەو نیازەدا بەخت کردووە ، لەبەر ئەوە ژیانە تازەکەیـان هەمیشە بەناسۆرو پڕ ئەرك بووە • جارێ لەدەوری ئەمەوی‌یەکانا لە (١٠٨)ھ وە تا ١١٢ھ لە وڵاتەکانی ئازربایجان‌و کوردستانی ژووروودا بـەر هــەڵمەتی تورکی خەزەر کەوتوون • والی‌ی ئەو ناوچانە ( جراح ) ناوێك بووە وەلە ( ئەردەوێل ) دانیشتووە • ئەم سەردارە بۆ بەربەست کردنی لافاوی ئـەم عەشرەتە وەحشیە کوردەکانی ئەو ناوەی کردووە بە پۆزەیانـەوەو خۆشی لەگەڵیـانا هەتا کوژراوە شەڕی کردووە ، لەســەر ئەوەشـا ئـەم قەومە خوێن خوارە هەتا ( مووصڵ ) هاتووە ، لەوێ بە عێل جاڕی‌ی خەڵکی ئەو ناوە کە زوربەیان دیسان کورد بوون چوون بەگژیاناو شکاندوویانن ، وە هەتا لە کوردستان دەریان کردوون بە شوێنیانەوە بوون‌و تاڵانەکانیـــان لێ سەندوونەوە •

ئەمەوی‌یەکان بە عەرەبایەتی‌ی خۆیانەوە زۆر ئەنازین • هــەرچی کوردەکانیشە ئازادی خواز بوون ، لەبەر ئەوە کوردو ئەمەوی یەکتریـان خۆش نەویستووە• خەلیفەی دوایی ئەمەوی‌یەکان کە (مروانی دووهەم)ی ناوە دایکی کورد بووە • باوکی کە ( محمد کوڕی مروان )ی ناوە بووەتە والی‌ی کوردستان کچە ئاغایەکی کوردی هێناوەو ئەم مەروانی دووەمـەی لێ بووە • ئەنجا بۆ داگیر کردنی تەختی خەلافەت مەروان کە چووە بەگژ خەلیفە ئیبراهیما زوربەی لەشکرەکەی کورد بووە ، بەڕاســتی مـەروان پشتی بەکورد قایم کردبوو • وە ئەوەبوو لەشکری خــەلیفــە ئیبراهیمی شکاندو شاری شامی داگیر کردو بانگی خەلیفــەیەتی بۆ خۆی دا • وە سولەیمانی خزمیشی کە لەکوردستانا لێ‌ی یاخی بوو کوردەکان دیـــسان بەلایەنگیری‌ی خەلیفە مەروان مانەوەو لە ئەنجامی کارا سوپای مــەروان سەرکەوت لە ١٣٢ھ دا •

بۆیە خەلیفە مەروانیش ئەیویست لە شاری ( حەڕڕان ) دانیشێت کەلای ( ئۆرفە ) وەیە لە ناو کوردەکانا • مەروانی بەدبەخت خەلیفەیەکی ئازاو بەکار بوو بەلام بەختی نەیهێنا لەکاتی ڕووخانا بەخەلافەت گەیشت ، هەوڵی دا بیپارێزێت هەتا سەر نەکەوێ ، کەچی خۆشیو دەوڵەتی ئەمەویش کە ئیمپەراتووریەتە کەیان بەدەستەوە بوو لەناو چوو •

لە هەرای عەباسیو ئەمەویدا کوردی ئێران وە بەتایبەتی کوردەکانی شارەزوور لای عەباسی‌یان گرت ، چونکو عەباسی‌یەکان ئامۆزای ( پێغەمبەر ) بوون ، لەبەر ئەوە بە سەرداری‌ی ( ابو مسلم )ی خوراسانی لەشکری کوردیش چووە بۆ یارمەتی‌ی عەباسی‌یەکان • ( ابو مسلم ) کورد بووە ، هەموو ئەیزانین کە ئەم سەردارە سەرو ماڵی بەخت کردووە بۆ سەرکەوتنی عەباسی‌یەکان • ئەوە بوو تەختو تاجی خەلافەتی ئیسلامی بۆ سەندن ، کەچی لە پاداشتی ئەم یارمەتی‌یە بەنرخەدا خەلیفەی دووەم ( ابو جعفر المنصور ) موئامەرەی بۆ نایەوە لە بارەگای خۆیا کوشتیان ، چونکە لای خەلیفە وەها بوو کە ( ابو مسلم ) بە لەشکرە کەیەوە خەریکە شۆڕشی سەربەخۆیی بەرپا کردووە ، جا نیشانەی ئەوە کە ( ابو مسلم ) سەردارێکە لە کوردەکان ، شاعیری بەناوبانگ ( ابن خلکان ) شیعری ( ابو دلامە )ی غولامی ابو جعفری لە مێژووی خۆیا نووسیوە کە بەبۆنەی ئەم موئامەرەیەوە وتراوە ، ئەڵێت :

ابـا مجرم مـا غيّر الله نعمته — على عبده حتى يغيره العبد
أفي دولة المنصور حاولت غدرةً — الا ان أهل الغدر آباؤك الكرد[1]

( هارون الرشید ) هەتا بووە بە خەلیفە ، والی‌ی کوردستانو ئازربایجان بووە ، چونکە ئەو ناوە بە شوێنی هەرە گرنگی ئیمپەراتووریەتی

---

(١) بەرگی یەکەمی مێژووی امین زکی بەگ • تەرجەمە کراوی بە عەرەبی ل ١٣٦

عەبباسی ژمێرداوە • لە کاتی خەلیفە ( معتصم ) داو لە مێژووی ئیسلاما هەوەڵ کەڕەت کوردەکانی لای مووسڵ لە خەلیفە هەڵساونە پێو لەژێر فەرمانو ئیدارەی ( جعفر قهرجس ) ناوا داوای سەربەخۆیی‌یان کردووە ، تەنانەت لە هەندێك شەڕیشا لەشکری خەلیفەیان شکاندووە ، بەڵام ئاخری کار ( ئیتاخ ) ناو قائیدی تورکی کە شکاندنی ، جعفریش نەی کردووەتە نامەردی خۆی دەرمان خوارد کردووە ئەنجا مردووە •

لە هەرای ( یعقوب صفار )یشا کوردەکان بە سەرداریی ( امیر محمد عبدالله هەزار مێرد ) ناو زۆر ئازانە بۆ سەربەستیو ئازادی خوێنی خۆیان بەخت کردووە • ئەمانە هەمووی نیشانەی هەوڵدانی کوردە کە بو ( ئازادی ) چەندە تەقەلای داوە • لە ٢٩٣ هـ دا عەشایری ( هازبەنی ) کەوتوونە سەودای سەربەخۆیی • ئەمانە ( محمد کوڕی بلال ) ناویان کردووەتە سەردارو هەڵساون وە تا دەوری مووسڵ هاتوون یەك لە دوای یەك سوپای عەبباسیو حەمدانی‌یەکانیان شکاندووە خەریکی گرتنی مووسڵ بوون کە لە خەلیفەی بەغدادەوە لەشکرێکی گەورەی یارمەتی بەفریای ( ابو الهجای حمدانی )ی والیی مووسڵ دا گەیشت • ئەوسا لە دوای شەڕێکی قورس ئەمجا ( هازبەنی )یەکان شکاونو گەڕاونە دواوە • لەدوای ئەمە سەردار ( محمد )ی هازبەنی سەرۆکی نەبەزی کورد بە بێ پسانەوەی جەنگو نەبەرد تا ئازەربایجان شەڕی کردووەو کشاوەتەوە ، ئەمجا لەوێ بە ناچاری تەسلیم بووە چونکە دەرەتانی تری نەدیوە •

بەکورتی لەم دەورەدا بیری ( سەربەخۆیی ) کەوتبوە مێشکی سەردارانی کوردەوە • حوکوومەتی عەبباسی تەنك بووبوو ، هێزی جارانی نەمابوو • کزبوونی دەسەڵاتی خەلیفەکانو سستیی هێزی ئیدارەکەیان کارێکی وەهای کرد بوو لە هەموو لایەکەوە والی‌یەکانو سەردارەکانی

خستبوە سەر سەوداى سەربەخۆیی • وە ئەبێت هەر کورد لەم خەڵـەدا بووبێت ، بەڵکو عەرەبەکانیش داوێنی سەر بەخۆیی وجیاوازی‌یان کردبوو بەلادا • خەلیفەی زەمان هیچ دەماخی نەمابوو ، بۆیە کوردەکانیش لـە خوایان ئەویست کە هەلی وەهایان بۆ هەڵ کەوێ‌و ئاواتی قـەومی‌یەیـان بەجێ بێت • ئەوەبوو لەدواى ( بابەکی خورڕەمی )دا کوردەکان بەتەواوی بووبوونە پشتیوانی ( بابەك لایان وەها بوو ( بابەك ) هەر سەر ئەکـەوێ‌و دەوڵەتێکی گەورەی ( کورد ) هەر دروست ئەبێت[1] •

جا بەم جۆرە خولیایەوە کورد لە تەئریخا هەمیشە بۆ ئازادی هەوڵی داوەو لە گەلێك شوێنا بانگی سەربەخۆیی‌یان بەرز بووەتەوەو حوکوومانی میللی‌ی کوردی‌یان هێناوەتە کایەوە •

ئەمانە لەمێژووی ئیسلاما جێگای بەرزیان گرتووەو خزمەتی عالـەمی ئیسلامیشیان زۆر بەجێ هێناوە • لەبەر ئەوە ئێمەش لە جزمێکی تایبەتی دا باسی ئاقمە حوکوومەتی گرنگی کوردان بەجیا ئەنووسین •

---

(١) کتێبی ( من تاریخ الحرکات الفکریة في الاسلام ) نووسـینی (...لی جوزی ) چاپی ( دار الروائع ) لەبێرووت • باسی ( حرکـة بابك ) ...١٨ تا دوایی ئەوباسە • لەکاتی ٨٣٣ – ٨٤٣ هجري •

# دەوری سەربەخۆیی کورد

لە مێژووی کوردا شتی ( زۆر سەیر ) هەیە • ئەم نەتەوە کۆنـەی دنیا دیوە ئەوەتەی ( مێژوو ) گوشاد بووە لەناو چیاو دۆڵەکانی کوردستانا دەماری نەتەوایەتیی وخوێنی ( ئاریتی )و چـاكو خراپ زمانـەکـەی پاراستووەو ڕای بواردووە • چەشناو چەشن حوکووماتی گەورەی دیوەو دەوڵەتی زل لە دەوریا پەیدا بووەو هەمووشیان زاڵ بوون بەسەریاو لـە دوایدا ئەو دەوڵەتە زلانەش لەناو چوون ، کەچی ئـەم هـەر مـاوە • بەرامبەر بە مەو لەبەر ئەم دەردی سەریانە ئەبوایە قەومەکە هوشـیار بوایەتەوە ، نەرمانی کۆمەڵایەتیی ناوخۆی دامەزراندایە تا کەس نەتوانێت جارێکی تر توخنیان کەوێ وەیا لە کیشوەری کوردا جێ گیر بێت •

کەچی ، داخی گرانم ، لە کوردا جۆرە گیانداری وەهـا نەبینراوەو زیندوویەتیی سیاسیی نەتەوایەتییان پیشان نەداوە ، وەکو لە پارێزگاریی نیشتمانو نەتەوایەتییەکەیان بەولاوە هیچی کەیان بە خـەیاڵا نـەهـاتبێت ئاوەها جووڵاونەوە ، تێ نەگەیشتوون کە یەکێتییان نەبوو زوو لـەنـاو ئەچن ، بەپێی ئەو هەلانەی کە بۆیان هەڵکەوتووە لە مێژوودا زۆر جـار گونجاوە لە نیشتمانەکەی خۆیاندا دەوڵەتێکی عالەمیی زل هیچ نـەبێ وەك فورسەکانی خزمیان ئەمانیش دەوڵەتێکی وەها پێکەوە بنێن ، بـەڵام لـەم ڕووەوە ( کورد ) کەمتەرخەمییەکەی هەمیشە دووبارە کردووەتـەوە • لەوەدا شك نییە کە نەخوێندەواریتی بە زمانی خۆ لەم کارەدا زۆر دەخلی بووە • زۆر دوور نەڕۆین یەکێك لەو هەلانە ئەوەیە کە لـەکـانی بێ دەسەڵاتیی خەلافەتی عەبباسییا بۆیان هەڵکەوتووە ، ئەگەر لەمێشکی پیاو ماقووڵی خێڵو سەردارەکانی ئەو حەلەی کوردا نەختێك بیری نەتەوایەتیو هۆش پارێزگاریی زمانەکەیان بوایەو خوێندنو نووسینیان بەزمـانی خۆ

بە پێویستی بزانیایە بێ گومان ئاواتی میللی‌یان بەجێ ئەهێنا ، چونکە ئیتر بۆ زمانی بێگانە ڕێ نەئەما کە سەریان لێ تێك بدا • بەڵکو خۆشەویستی‌ی نەتەوایەتی‌یان زیاتر ئەبوو • ئەوسا ئەیان توانی حوکوومەتێکی گەورەی ئەوتۆ پێکەوە بنێن کە لەناوبردنی ئەو حوکوومەتە شتێکی ئاسان نەبوایە • بەڵام نەتەوەی دواکەوتوو بەختی چاکی بۆ هەڵ ناکەوێت • بۆیە سەرۆك خێڵەکانی ئەو کاتەش کە سەربەخۆیی‌یان دەس کەوتووە وازیان لە شتی بەنرختر هێناوە • چونکە هۆشی سیاسی‌یان نەبوە کە دوا ڕۆژی حوکوومەتەکەیان بخوێننەوە • بگرە هەر تێبینی‌ی بەرژەوەندی خودی خۆیان بەبیرا هاتووە • لەبەر ئەوە لە دوای نەختێك حوکمڕانی کردن ئەبینین ئەمانە تووشی سزای مێژوویی بوون خۆشیان وحوکوومەتە بچکۆلەکەشیان لەناو چووەو کەوتووەتە ژێر حوکمی بێگانە •

جا لەبەر ئەوە هیچ کەڵکی نی‌یە باسی ئەو هەموو حوکوومەتە وردەڵانە بکەین کەلەو دەورەدا پەیدا بووە ، وەیا سەرگوروشتەی کۆمەڵە ئەمارەتەکانی دوای ئەمان بە زنجیرە بگێڕینەوە بەڵکو تەنیا هەر باسی ئەوانە ئەکەین کە لە مێژوودا کەڵکیان بووەو ناوبانگیان بەجێ هێشتووە •

ئێمە بەو پەرۆشەوە ئەدوێین کە نەتەوەکەمان لەمەوپێش بۆ ئەم مەبەسە زۆر کەمتەرخەم بووە لەمێژوودا ، با ئیتر لەمەولا نەیەڵین ئەم جۆرە کەمتەرخەمی‌یانە دووبارە بێتەوە ، بەڵکو بیری پاشە ڕۆژو سەودای یەك گرتن نەخش ببەستێت لە مێشکمانا •

# حوكوومەتی سالاری‌یە

زانای مەزنی کورد امین زکی بەگ لە مێژووەکەی ( کوردو کوردستان )یا حوکوومەتی ( سالاری‌یە )ی بە یەکەمین حوکوومەتی سەربەخۆی کورد داوەتە قەڵەم ، ئەمیش لەسەر زەمینی ( ئازەربایجان )دا لە دوای پەیدا بوونی ئیسلامیەت هاتووەتە کایەوە وەکو لە ٢٣٢هـ دا مێژووزانی بە ناوبانگی عەرەب ( ابن خوردانی ) ناو کە چووەتە تەورێز وڵاتەکەی لەژێر حوکمی ( محمد روادی ) ناو سەردارێکی کوردا دیوەو ئەمەی لەدەس خەتەکەی خۆیا نووسیوە ( اصطخری )و ( یاقوتی حموی ) ناو مێژوو زانی تریش لەو کاتانەدا بە ئازەربایجانا ڕۆیشتوون ، هەر یەکە بە جۆرێك هەواڵی ئەو ناوەی نووسیوە کە لەیەك ناچن ، وە نووسراوەکانیان وا ئەگەیەنێ کە ناوچەکە بەدەست سەردارانی کوردو غەیری کوردەوە هەمیشە لەبەزمی شەڕو هەرادا بوون • هەر میرە لە لایەك سوپای پێکەوە ناوەو چووەتە سەر ئەوی ترو یەکتریان هێناوەو بردووەو خوێنی میللەتەکان بە ناڕەوا ڕژاوە ، کەچی ( حوکم )یش بۆ هیچیان ساغ نەبووەتەوە • ئەم داواچی‌یە خوێن ڕێژانە زۆرن وەکو ( دیسم کوری ابراهیم ، یوسف ابو الساج ، لەشکری وەشمگیر ، محمد کوڕی مسافر ، مەرزەبان ، علی میشکی ) • ئەمانە هەر یەکە سەردارێك بوون هەموویان نیازیان وا بووە کە ئازەربایجان بەهێزی شمشێر بخەنە ژێر حوکمی خۆیانەوە • ئەمانە لە هیچ جۆرە فێڵو دەسیسەو خەیانەت کردنێك دەربارەی یەکتر خۆیان نەپاراستووە ، لەبەر ئەوە هیچ جۆرە مەزیەتێکم لە باسەکەدا نەدی‌و نەمویست باسی ئەم حوکوومەتی سالاری‌یە بخەمە ڕیزی ئەمارەتەکانی ترەوەو بە حوکوومەتێکی سەر بەخۆی بژمێرم • بۆیە بەناوی حوکوومەتی سالاری‌یەوە وازم لە نووسینی تر هێنا • ئەوی ئەیەوێ ئەم

باسە درێژە بخوێنیتەوە تەماشـــــای بەرگی دووەمی جـــزمی دووەمی مێژووەکەی امین زکی بکات ( ل ۲٥ ـ ۲٦ )[١] •

## ١ ـ حوکوومەتی ( ڕوادی ) لە ( ئازەربایجان )

لەباسی ( مادی بچووك ) لە جزمی یەکەمدا وتمان ناوچـــەی وڵاتی مادی بچووك ئازەربایجان بووەکە زوربەی دانیشتووانی نەتەوەی ( ماد ) واتە ( کوردەکان ) بوون • بەڵام لەبابەت هەواڵی مێژوویی ئەمانـــەوە نووسراو نی‌یە ، تا سەردەمی ئیسلامیەت ڕێو شوێنیان ونە ، چونکە بەڵگەی تریش نی‌یە باسیان بکات •

لە دوای پەیدا بوونی ئیسلامیەت ئەوە بوو سوپای ئیسلام دەسی کرد بە داگیر کردنی دنیا ، جا لەشکری ئیسلام هات ئازەربایجانیش داگیر کرد وەك هەموو کوردەکانی تر کوردی ئێرەش موسوڵمان بوون •

سەرداری ئیسلام جارێ پـەرژەوەنـدی وەهـا بـوو کــە توخنی سەربەخۆیی نەتەوەکە نەکەوێ ، بەڵکو لەبەر دووریی وڵاتەکـــە لـــە ناوچەی خەلیفەی ئیسلامەوە شای ئیسلام بە قانزاجی زانی کە سـەرۆکی کوردەکان خەڵات بکاتو دەسەڵاتیان زیادبکا • بەمانە کوردەکان فریویان خوارد وەهایان ئەزانی کە خەلیفەی ئیسلام بۆی هەیە حوکم بکا بە سەریانا نابێ سەرپێچی بکرێت لەگەڵیانا • ئەم جۆرە بڕوایانە ئارامیی وڵاتەکـەی پێش خستووە • جا لە دەوری عەبباسیدا کە مەدەنیەتی ئیسلام عالەمی ئەو حەلەی ڕووناك کردبووەوە ، زانستیو هونەرمەنـدی لـــە وڵاتا پـــەرەی سەندووە •

لە مێژوودا ئەم کاتە ناوبانگی بەرزی هـــەیـــە ( دەوری زێـــڕینی

---

(١) جزمی دووەمی کتێبەکەمان ئەمەیە بە دەستمانەوە • بەتەواوی لەسەر جزمی دووەمی مێژووی کوردو کوردســـــتانی امین زکی بـــەگ هەڵبەستراوە •

ئیسلام )ی پێ ئەڵێن • لەناو ئەربابی زانستی ئەو دەورەدا مێژوو جوغرافیا زانیش هەڵکەوتووە • ئەمانە ئەگەڕان بە وڵاتی ئیسلاما ، هەندێکیشیان ڕوویان کردووەتە ئازەربایجانو بە وڵاتەکەدا گەڕاون ، لەبابەت هەواڵی کۆمەڵایەتیو بەڕێوەبەریی کوردەکانی ئێرەوە گەلێك باسیان نووسیوە ، ئەنجا ئەم نووسراوانە چوونەتە مێژووی ئیسلامەوە •

لە دوای دەوری زێڕینی عەباسی کە هێزی خەلافەت بڕشتی نەما ، ئیدارەی نەتەوەکانی ئیسلامیش تێکچوو • تەقەلای سەربەخۆیی دەسی پێ کرد • لەناو نەتەوەکانی ئیسلاما هەوڵی ئازادی پەیدا بوو • لە دیاری ئازەربایجانیشا ئەم ئاواتە سەری دەر هێنا • لەم دەورەدا هەوەڵ کەڕەت دوو گەشت کەری هوشیار هاتوونە ئەم ناوەوە وەکو ( ابن خوردانی )و ( اصطخری ) • ئەمانە کە بێرەدا ڕۆیشتوون بە چاوی خۆیان حوکمو ڕەوشتی ئیدارەی میرانی ( هازبەنی )و ( ڕوادی )یان لە ئازەربایجانا دیوەو نووسیویانە •

ئێمەش لە وتنی ئەمانەوە ئەوی نرخی مێژوویی هەبێت ئەینووسین وئەوی لە چەتەگەری بچێت باسی ناکەین • ئەوەبوو باسی دەوڵەتی ( سالاری یە )مان نەنووسی !

شۆرەت وایە گەلێك تیرە عەشایر لە هۆزی کورد لە ئازەربایجانا جێ گیر بووە لەمانە عێلی ( هازبەنی )و ( ڕوادی ) زۆردار تری هەموویان بوون • بیری سەربەخۆیی دەوڵەتی سەردارەکانیانا بە تەواوی جێ گیر بووە • بێ دەستەڵاتی ی عەباسی یەکان هەستی دروست کردنی بەڕێوە بەرێتی ی نیشتمانی ی خستووەتە شکڵی پێویستی یەوە •

لە ساڵی ٢٣٢هـ دا ابن خوردانی کە چووەتە تەورێز شارەکەی لەژێر حوکمی ( محمد روادی ) ناو سەرداری خێڵی روادی یا دیوە • بەلام

ئانسیقلوبیدیای ئیسلام ئەلی : بناغەی حوکوومـەتی روادی لـەم مێژووە کۆنترە[1] .

بۆ ئەوەی حوکمی وڵاتەکە بخەنە ژێر دەستی خۆیان سەردارەکانی ئێرە هەمیشە بەگژ یەکا چوون . لەبەر ئەوە سەرو مڕ حوکم بەدەست خانەدانێکەوە نەبوە . دەیلەمەکان کە بەڕەگەز کوردو بەبڕوا ( شـیعی ) بوون سەردەمێك حاکمی مەراغە بوون . لەمانە ( سـالار مەرزەبـان ) ناو سەردارێان کە چووەتە سەر تەخت ئیتر حوکمی وڵاتەکە بەتەواوی بۆ ئەم خانەدانە ساغ بووەتەوە . باوکی مەرزەبان ( مامەلان ـ محمد )ی نـاو بووەو سەرداری هەرە گەورەو بەجەنگ بووە لە ڕوادیەکان بـناغـەی حوکوومەتەکە وەك لای سەرەوە باس کرا ئەم داینـاوە بەلام نەزانراوە کە ئەم دەسەلاتەی چلۆن پەیدا کردووەو حوکوومەتی چلۆن پێکهێناوە ؟

کە مەرزەبان چووەتە جێی باوکی ویستویەتی هەموو ئازەربایجان بخاتە ژێر حوکمی خۆیەوە . ئەو حەلە ( دیسم کوری ابرهیمی بێژەن ) ناو سەردارێکی کورد لە ناوچەی ( تەورێـز )و ( ئەردەوێل )دا حوکمی ئەکرد . مەرزەبان لەگەل دیسمدا کەوتە جەنگ ، تەورێزو ئـەردەوێلی یەك لەدوای یەك پێچایەوەو هەردوو شارەکەی زەوت کردوەو دیسمیشی بەدیل گرتووە ناردوویەتە قەلای ( ترم ) لەوێ دەست بەسەر دایـناوە . بەمە هەموو ئازەربایجان بۆ ( مەرزەبان شاه ) ساغ بووەتەوە . ئەمجا دەسی کردووە بە ڕێکخستنی کارو باری وڵاتو داناتی حاکمانی کورد لەسـەر شارەکانو ئاوا کردنەوەی مەملەکەت . بەلام لە ٣٣٢هـ دا ئازەربایجـان تووشی هەراو هەنگامەی قەومی ڕووس بووە . ئەم نەتەوە دڕندەیە لـە دەلیای خەزەر بەگەمی پەڕیوەتەوە هاتووەتە سەر ئاوی ( کوڕ ) وە لەوێوە

(١) مێژووی کوردو کوردستانی امین زکی بـەگ ( حوکوومـەتی روادی ) ل ٣٦ ـ ٣٧

پەلاماری ئازەربایجانیان داوە • هەروەك پلنگ شاری ( بەرزەعە )یان پێچاوە كوتوویڕیش گرتوویانە ، زوڵم و زۆرێكی بێ ئەندازەیان لەو ناوەدا كردووەو گەلێك خەڵقیان كوشتووە • مەرزەبان كە ئەمەی بیست بە سوپایەكی ۳۰ هەزار كەسی‌یەوە بەرەنگاری ڕووسەكان بووە ، كەچی هەردوولا لەیەك سڵەمیونەوەو نەیان وێراوە جنگ بدەنە یەك • چاوەڕوانی هەل بوون كە پەلاماری یەك بدەن • ڕووسەكان تا مەراغە چوون ، مەرزەبانیش هەر بە شوێنیانەوە بووە •

لەم كاتەدا وا ڕێكەوتووە ڕووسەكان تووشی نەخۆشی‌ی ( ڕشانەوە ) هاتوون‌و زۆریان لێ مردووە • لەسەر ئەمە ڕووسەكان بۆ پاشەوە گەڕاونەتەوە ، ئەوسا مەرزەبان لە جێگایەكا ڕووسەكانی تووشی ( مەكۆ ) كردووە خستوونیە بەینی دوو قۆڵە لەشكری خۆیەوە ئەمجا پەلاماری داون • ڕووسەكان زۆر بەجەرگ بوون شەڕی مەردانەیان كردووە • سوپای كورد لە سایەی كەڵەمێردی‌ی مەرزەبانەوە لەپاش شەڕێكی قورس ڕووسەكانی شكاندووە • لەم جەنگەدا سەركردەی ڕووسەكان لەناو كوژراوەكانا بووە •

ئەوانەی لە كوشتار ڕزگار بوون خۆیان كوتاوەتە قەڵای ( شارستان )ەوە كەوا دیل‌و تاڵانی كوردەكانیش لەوێ بوون • مەرزەبان خێرا گەیشتووەتە سەریان‌و دەوری قەڵاكەی گرتووە • لەو كاتەدا دەنگی گەیشتنی ( ابو عبدالله الحمدانی ) لەمووسڵەوە بەمەرزەبان گەیشت كەوا بە لەشكرەوە هاتووەتە سەر ئازەربایجان • لەسەر ئەم ڕووداوە مەرزەبان ناچار بوو هەندێك لەشكری لە دەوری قەڵا بەجێ هێشت‌و لەگەڵ زوربەی هێزەكەیا ڕووی كردووەتە سوپای حەمدانی‌یەكان كە لای ( سەڵماس ) بوون‌و سەردار عەشیرەتی ( هازبەنی ) ، ( جعفر شكۆیە )شی بەلەشكری كوردەوە لەگەڵا بوو • لە میانی هەردوو سوپاكەدا جەنگ دەستی پێ

کرد ، خواو ڕاستان لەو کاتەدا بەفرێکی بێداد باریوە ، ئەمجا سـوپای حەمدانی یەکان بەرگەی ئەم بەفرو سەرماو سۆڵەیەی نەگرتووە وازی لـە جەنگ هێناوەو بەرەو مووسڵ گەڕاوەتەوە • بێینەوە سەر باسی ڕووسەکان، ئەوانیش لەم کاتانەدا شەو لەناوێك لەقەڵاکەی ( شارستان هاتوونە دەرەوەو خۆیان گەیاندووەتە ( گەمی )یەکانیان و گەڕاونەوە بۆ وڵاتی خۆیان •

بەم جۆرە حوکوومەتی ( ڕوادی ) لە ئـاژاوەی دوژمنـانی دەرەوە ڕزگار بوو • لەدوای ئەم بێ دەنگی یە مەرزەبان شـا دووبارە کەوتـەوە ڕێکخستنی ئیش و کاری ناوخۆیی وڵاتەکەی لەگەڵ ئەوەشا خەریك بووە سنووری وڵاتەکەشی گەورەتر بکات •

بەڵام مەرزەبان هیچ کاتێك لە دوژمنی دەرەوە ڕزگار نەبوە • لـەم دەورەیەدا حوکوومەتی ( ئالی بۆیە ) دەسەڵاتی بۆ عەبباسی یەکان نەهێشتبوو ( معز الدولة )ی بۆیەهی حوکمی بەسەر عێراقا ئەکرد ، لە بەغدا هـەر خۆی حیساب بوو • ( رکن الدولة )ی براشی حاکمی شیمالی ئێران بـوو لەشاری ( ڕەی )دا ئەنیشت • مایەوە ( عماد الدولـة )ی برایان ئەویش حوکمداری ئێرانی باشوور بوو لە ( شیراز ) دائەنیشت ( ٣٢٢هـ ٩٤٠م )•

چونکە لە بەغدا باڵیۆزی مەرزەبان سەرزەنشت کرابوو سەردارەکەی مەرزەبان لە معز الدولەی مەلیکی بۆیەهی زۆر دوڕ دۆنگ و دلگیر بوو ، ئەیویست تۆڵەی لێ بکاتەوە • بەڵام ئەبوایە لەپێشا بەگژ رکن الدولـەی برایا بچێت کەلە ( ڕەی ) بوو بۆ ئەوەی لەپشتی سوپاکەی ترسی نەبێت • لەبەر ئەوە جارێ لەگەڵ ( ناصر الدولة )ی حەمدانی ی ( مووسڵ ) ڕێـك کەوت تا ئەم بتوانێت بچێتە سەر رکن الدولەو لەڕەی بشکێنێت ، بۆ ئەوەی لە دوایدا هەر دووکیان بچنە سەر ( بەغدا )و حوکوومـەتی بـۆیەهی بەجارێك لەناو بەرن •

بەڕاستی بڕیاری سەردار مەرزەبان لەسەر ئەم تەدبیرە لەوا نـەبوو

که گەڕانەوەی تیابێت بەڵکو لە دڵیا پێویستی بوو کە سنووری دەوڵەتەکەی گەورەتر بکا ، کەچی بە دیسەن تۆڵە کردنەوەی کردبوو بە بیانوو ، لەبەر ئەوە کەوتە تەدارەکات و لەشکر ئارایی •

ركن الدولة ئاگاداری ئەم گردەوارییانەی ( مەرزەبان ) بوو ، لەبەر ئەوە دەس بەجێ بۆ براکانی نووسی و داوای کۆمەکی لێ کردن • ئەوانیش خێرا سوپایان بۆنارد • لەدوای ئەم تەدارەکاتەی هەردوولا سوپاکانیان بەرامبەر یەك وەستان و شەڕێکی قورسیان کرد کوردەکان هەڵمەتی مەردانەیان ئەکرد ، بەڵام دوژمن بە ژمارەو بە تەدارەکاتی چەك زۆر لەسەرەوەتر بوو ، لەبەر ئەوە سەرەڕای ئەم هەموو هەڵمەتانەی سوپای ڕوادییەکان دەرەقەت نەهات و شکا • لەسەرکردەکانی سالار مەرزەبان زۆریان لێ کوژرابوو ، وەهەندێکیشیان لەگەڵ مەرزەبانا بەدیل گیرابوون• ركن الدولة مەرزەبانی نارده بەندیخانەی قەڵای ( سمیرم ) لای ئەسفەهان • باقی ماندەی لەشکری شکاو گەڕایەوە ئازەربایجان ، لەوێ ماقوولانی دەوڵەتی ڕوادی کۆبوونەوە لەدوای ئەنجومەنێکی بە هەراو هوریای گەرم ( واهسۆزان )ی برای مەرزەبانیان کرد بەحاکمی خۆیان ، ئەمجا کشانەوە بۆ شاری ( ئەردەوێل ) ، لەدوای ئەم بڕیارە دەسیان کرد بە تەقەلای پاراستنی دەوڵەتەکە • وە لەبەر ئەوەی بە باشیان زانی ( دیسم )یشیان لەبەندیخانە بەردا کەوتە تێکۆشان و بەربەرەکانێ لەگەڵ محمد عبدالرزاق ناو سەرۆك لەشکری ( ركن الدولة ) کە کرابوو بە حاکمی ئازربایجان لەلایەن بۆیەهییەکانەوە • لە ئەنجامی ئەم کێشمە کێشەدا والی یەکەی ركن الدولة نەیتوانی لە ئازەربایجان بحەوێتەوەو گەڕایەوە ( ڕەی ) لە ٣٤٢هـ ، ٩٤م دا •

**ڕزگار بوونی مەرزەبان :**

لەدوای ئەم کارەساتانە بە سایەی دەسەڵات و نوفووزێك کە لەناو

تایەفەکانی دەیلەمو کوردەکانا هەبووی ، دەیسم خەریك بوو حوکمی ولاتەکە بۆ خۆی داگیر بکا •

لە لایەکەوە ئەم کەینو بەینە لە ئازەربایجانا هەڵ ئەوورپا • لەلایەکی ترەوە خزمو دۆستی ( واهسۆزان ) لە قەلای ( سمیرم ) خەریکی بەردانی ( مەرزەبان ) بوون • ئەمانە دڵسۆزانە تێ ئەکۆشان لە موئامەرەیەکدا • ئەمانە کاربەدەستی قەلاکەو بەندیەوانەکانیان کوشتو مەرزەبانیان ڕزگار کرد • ئەوسا هەموویان پێکەوە هاتنەوە ئازەربایجان • لەم لاشەوە واهسۆزان خەریکی تەدبیری لەناوبردنی دەیسم بوو • تونگو تیژی‌ی دەیسم بۆی بووبوە خراپەو چووبوە ئەستۆیەوە • بێجگە لەمە کوردەکانی دەیلەمیش لێی بەبیانوو بوونو خزمەکانیشی لێی تۆرابوون • بۆیە کە دەیسم بەلەشکرەوە هەستاو چووە سەر تاقمی واهسۆزانو بەرەنگاری یەك بوون ، دەیلەمی‌یەکان لایان دایە لای دوژمن لە سەر ئەمە دەیسم ڕای کردو خۆی گەیاندە ئەرمەنستان •

جا لەم کاتەدا مەرزەبان گەیشتەوە ئازەربایجانو حوکمی گرتەوە دەست •

ئەنجا لەدوای هەندێك سەرگوزەشت لە سەر ڕاسپاردنی مەرزەبان دەیسم گیراو هێنرایە تەوریز • لەوێ میلی بە چاوا هێنراو کوێر کرا • ئەنجا خرایە بەندیخانەوە • لە دوای بەینێك (جوستان) کوشتی • لەدوای ئەمانە مەرزەبان زۆر نەژیاوە • واهسۆزانی برای کردووە بە جێ نوشینی خۆیو جوستانی کوڕیشی کردووە بە جێ نوشینی ئەو • جا لەدوای ئەم تەرتیباتانە ئەم شای گەورەو ئازای کوردە لە ساڵی ٣٤٥هـ ٩٥٥م دا مردووە •

**واهسۆزانو کوڕانی مەرزەبان :**

سالار مەرزەبان سنووری دەوڵەتی ( ڕوادی )ی گەورە کردبوو •

ئەرمەنستان‌و توڕڕەی مەراغەو موکریان ( موقان )یشی خستبوە ســـەر ئازەربایجان • رکن الدولەشی کردبوو بە ناوای خۆی‌و لە گەلیا ئاشــت بووەوەو هەر ئەوەی پێ ئەویست سالارێکی گـــەورەو بە تـــەدبیر بێت • دەولەتەکە بەڕێوە بات • بەلام داخم ناچێت ئەم گەورەیە پەیدا نـەبـــوە بەلکو بۆ بەدبەختی لەدوای مردنی مەرزەبان فرمانی دەولەتـــەکـــەشی تێکچووە، چونکە وەصیەتەکەی سالار مەرزەبان بەجێ نەهێنرا • کوڕەکانی مەرزەبان‌و واهسۆزانی مامیان تێکچوون ئاژاوەیان خستوەتە ولاتەکـەوە •

پیاو ماقوولانی دەولەت جوستان شایان کرد بەجێ نوشـــینی باوکی • ( واهسۆزان )یش کەوای زانی زیز بوو چووە قەلای ( ترم ) لـەوێــوە دەستی کرد بە تێکدانی ولات‌و فیتنە نانەوە • دوو دلی‌و ناخۆشی خســتە ناو برازاکانیەوە ، ئاخری‌یەکەی کردنی بەگژ یەکا • ( جوستان شــا )و ناصری برای‌و دایکیانی بەفێل گرت‌و حەپسی کردن‌و گەلێك پارەشی بەسەر لەشکرو سەرکردەکانا بەشی‌یەوەو ئیدارەی حوکومەتەکەی گرتــە دەس خۆی ، برایم سالاری کوڕی مەرزەبان لەم کاتەدا لە ئەرمەنستان بوو • کە ئەم هاوارەی بۆهات لەشکری هێناو هاتە سەر مامی • واهسۆزان کە وای زانی قینی هەلساو یەڕقەوە برازاو برازنە بەندی کراوە کانی لای خـۆی کوشت‌و ئەمجا سوپای هەلگرت بەرەو پیری (برایم) سالار چوو ، (٣٥٩هـ) ئەم لەشکرە ( ورمیە )و ( مەراغە )ی داگیر کرد • برایم ســــالاریش هەلات‌و گەڕایەوە ئەرمەنیە • لەدوای بەینێك دووبارە سوپای هێناو هاتەوە سەر مامی ، بەلام لە ئەنجاما ئەم جارەش هەر خۆی شکاو ڕای کردە لای ( رکن الدولة )ی بۆیەهی‌ی زاوایان لەڕەی •

رکن الدولة حورمەتی گرت‌و لەدوای بەینێك لەشکری دایەو ناردی بۆ ئازەربایجان ئەم جارە واهسۆزان شکاو لەناو چووە • مەشوەرەت وایـە برایم سالار لەمەولا بەبێ ناحەز تـا ٣٨٠هـ لەســـەر تەختی ڕوادی لـــە

ئازەربایجان حوکمی ڕەوا بووە • تەنانەت وڵاتی شارەزووریشی لەژێر حوکمابووە •

لەم کاتەدا کیشوەرەکان بێ شەڕو شۆڕ حەساونەتەوەو ئاوەدانیو دەوڵەمەندی ڕووی کردووەتە ناویان •

لەلایەن ڕەوشتو پیشەی برایم سالارەوە لە مێژوودا ئەوی دیارە ڕابواردن وعەیشو نۆشەکەیەتی • لەدوای مردنی برایم سالار یەك لەدوای یەك ( ڕاویەدی )ی کوڕی برایم سالارو ( گلاس )ی کوڕی ڕاویدیو ئەمجا ( واهسۆزان )ی دووەم کە کوڕی گلاسە چوونەتە سەرتەختی پادشایەتی تاکو ٤١٥هـ حوکمیان بەجێ هێناوە •

**واهسۆزانی دووەم :**

فەرمانڕەوایی واهسۆزان شای دوەی ڕوادی زۆر درێژ بووەتەوە ، بەڵام داخی گرانم مەسەورەو ڕووداوی ئەم دەورە ونە •

لە ٤١٥هـ وە تا ٤٥٨هـ ( ١٠٦٥م ) هەرچی حوکمدارانی ڕوادی هەیە بە واهسۆزان کوڕی مامەلان ناوبانگیان ڕۆیشتووەو لەقەبیشیان ( ناصر خسرو ) وەیا ( سیف الدوله ابو منصور ) بووە • جا بەتەواوی نەزانراوە کە ئەمانە هەموو هەر واهسۆزانی دووەمە یانەخۆ ئەشخاصی تر بووەو واهسۆزانیان پێ وتوون • لە ( ٤٢٠هـ ١٠٢٩م )دا خێڵی دڕندەی ( غەز ) کە لەبەرەی تورکمانن هەڵمەتیان داوەتە سەر ڕۆژاوای ئێرانو قۆڵێکیشیان ڕووی کردووەتە ئازەربایجانو بەبێنێك گەشتی ئەوناوەیان کردووەو بێزاویانە • لە دوایدا خێڵەکانی کورد کە ( هازبەنی )شیان تیابووە لە تاوانا گشتیان هەڵساون ویەکیان گرتووەو لەگەڵ سوپای واهسۆزان شادا پێکەوە پەلاماری ئەم خێڵە دڕندەیەیان داوەو زۆریان لێ کوشتوونو بەفێڵ سەرەکەکانیان لەناو بردوونو لە وڵاتەکە دەریان پەڕاندوون ٤٣٢هـ •

لە ساڵی ٤٤٦ھ ١٠٥٤م دا سوڵتان ( طغرل )ی سەلجووقی کـــە لەئەسفەھانەوە ڕووی کردووەتە ئازەربایجان ( ابو منصور واهســۆزان ) سەری بۆ دانەواندوە ، واتە بووەتە تابیعی مەلیکی سەلجووقی‌یەکان •

بەم ڕەنگە دەوری سەربەخۆیی حوکوومەتی ڕوادی دوایی هاتووە • لەمەولا بووەتە دەوڵەتی ژێر دەستو لەلایەن هەواڵیشیانەوە زانیاری کەم بووەتەوە • برایم سالاری کوڕی واهسـۆزان تا ٤٩٠ھ ١٠٩٦م لـەدوای بۆکی بەژێر دەستی‌ی سەلجووقی‌یەکان حوکم داریتی کردووە • وەهـا دیارە حوکوومەتی میرەکانی تورك لە کاتی حوکمدارێتی‌ی ئەما ناوچـــەی ئەوریزی داگیر کردووە ، حوکوومەتی ڕوادی هەر لە مەراغەو موکریانا مـاوە •

**مـیر ئەحمەدیل :**

ئەم سەردارە کوڕی سەردار برایمی واهسۆزانە • لەمـــەراغـــەدا حوکوومەتی ڕوادی‌ی زیندوو کردووەتەوە • ئەم جارە حوکمیان هـەتـا ٦٢٤ھ ١٢٢٦م درێژەی کردووە • لەم دەورەدا موڵکی عەباسی سـەراپا بەدەستی دەرەبەگەکانەوە بووە • هەمووشیان بەدیمەن ( سەربەخۆ ) دیـار بوون • ئەم جۆرە بەڕێوەچوونی حوکوومەتی‌یە لەوکاتەدا لە ئەورووپاشـا هەر وا بووە • یەعنی ئاغاو بەگەکان لە ناوچەی خۆیانا سەربەخۆ بوون ، بەڵام بەڕەسمیات ژێر دەستی خەلیفە بوون • لـە مێژوودا ئـــەم جـۆرە ئیدارەیە ناونراوە ( اقطاع = دەرەبەگی ) •

کەچی لەڕۆژەڵات ، لە وڵاتی ئیسلاما لەم کاتەدا لەگەڵ خەلیفەکانی عەباسیدا گشت ئومەرای ئەقطاعیش ئەرمانبەرو ژێردەستی مـەلیـــکەکانی سەلجووقی بوون • میر ئەحمەدیلیش یەکێك بووە لەوانە • لە بارەگــای شای سەلجووقدا لای سەرپەیڕ دانەیشت • لەو کاتەدا ئەمە ڕوتبەو نیشان بوو • میر ئەحمەدیل هەمیشە ویستوویەتی شەوکەتو دەسەڵاتی جـاران

بداتەوە بەدەوڵەتی ( ڕوادی )• دەستە سوپا سواری یەکەی زۆر بە جگ بووە • لەبارەگای (سوڵتان محمد مەلیکشاه )ی سەلجووقیدا باطینییەکان بەخەنجەر کوشتوویانە ••

**ئاق سونگور ئەحمەدیل :**

ئەم جۆرە ناوانە لەتورکییەوە هاتووە ، عینوانەو خراوەتە سەر ناوی ئەصلیی سالارەکان ، چونکە ئەوکاتە دەوری دەسەڵاتداریی تورکمانەکان بوو • ناوو شێوەی زمانەکەشیان بووەتە باو لەناو ئاغاو ماقووڵانی ڕۆژهەڵاتدا • ئەم جۆرە کاریگەرییانە ئیستەش هەیە لەناو نەتەوەکانی ئیمڕۆدا ، حوکم بەدەست کێوە بێت لاسایی ناوونیشانی ئەکەنەوە •

ئاق سونگوڕ : کوڕی ئەحمەدیل بووە ، لەدوای باوکی لە ( ٥١٠هـ ١١١٦م )دا لە مەراغە بووەتە سەرداری دەوڵەتی ڕوادی وە لە ٥٢٧هـ دیسان بەدەستی باطینییەک وەکو باوکی کوژراوە لای شاری هەمەدان کە بۆ کۆمەکی سوڵتان ( مسعود )ی سەلجووقی چووبوە ئەوێ • سەرۆکایەتیی ئەم ئەمیرە بەر دەوری هەراو زەنای شاهزادەکانی سەلجووق کەوتووەو ناوچە مولکی ڕوادی بووەتە پێخوستی لەشکرو سوپای ئەم شازادانە کە بەگژ یەکا ئەچوون • لەبەر ئەوە گەلێك جار ئەمارەتەکەی ( ئاق سونگور ئەحمەدیل ) لەژێر پێدا لەناو چووەو سەر لەنوێ دروست کراوەتەوە • لەئەنجامی کارا میر ئەحمەدیل بووەتە ( ئەتابوك ) واتە ( لەلە )ی شازادە ( داود )ی کوڕی سوڵتان مەحموودی سەلجووقی پادشای بەغداد کە بەجێ نوشینی باوکی دانرابوو • لەو دەورەدا ئەتابەك پیاوی هەرە گەورەو ماقووڵی ( دەوڵەت ) بوو •

**ئاق سونگوری دووەم :**

ئەم ئەمیرە کوڕی ئاق سونگوڕی یەکەمە • وا دەر ئەکەوێ تا ساڵی

٥٦٤هـ ( ١١٦٨م ) لەسەر میرنوشینی ڕوادی مەراغە حوکمی کردووە • لە کاتی حوکمی ئەمیشا هەرای ناوخۆیی شاهزادەو ماقوولانی سەلجووقی دوایی نەهاتووەو لە ڕووی ئەم پشێوییانەوە ئەمارەتەکە زۆر کزبووە • لەدوای گەلێك هەراو چەرمەسەری ئازربایجان لە ناوەند ( ئەمیر ئیل دنگز )و ( ئەمیر ئاق سونگور )دا بەش کراوە لە (٥٤٩هـ ١١٥٤م)دا ئاق سونگور ئەمجا بووەتە وەصی شاهزادە داوودی جێ نوشینی ( سولتان محمد )ی سەلجووق واتە ( ئەتابەگ ) یەعنی لەلەی جێ نوشینی دەولەت ، تەنانەت ئەم شاهزادەیە کە بووە پادشاه لە بەغداد ئاق سونگور چووە بۆ دیدەنی ، لەوێ ( ئەرزیە ) کی – حورمەت – زۆری گیراوە لە ٥٦٢هـ ١١٦٦م دا •

وەها دیارە ئاق سونگور لە ٥٦٤ی‌هـ دا مردووە ، ( قتلغ )ی برای و کوڕەکانی ئاق سونگور لەسەر میراتی ئەمارەتەکە بەگژ یەکا چوون • بەمە ئەمارەتی مەراغە پەل پەل بووە • بەناو ئاق سونگوری سێیەم بووەتە میری مەراغە لە جێی باوکی ، بەڵام ئەمارەتەکە ئەوەندە کز بوو بوو لە دەسەڵات کەوتبوو • ( پەهلەوان ) کوڕی ( ئیل دنگز ) ناو سەرداری تورکی ئازەربایجانی حوکمی بەسەرا ئەکرد • ناوچەی تەوریز کە هێشتا لە جوملەی مولکی ئەمارەتی مەراغە بووە لە ٥٧٠هـ ١١٧٤م دا دراوە بە ئەمیر پەهلەوان ناو نەتەوەی ئیل دنگز کە سەردارێکی تورکی بەچنگ بوو • ئەمە بووەتە خوردی ئەم لکی حوکوومەتی ڕوادی‌ی کوردە • ئەم کابرایە هەمیشە بە بیانوو بوو لە. گەلیان شەڕی پێ ئەفرۆشتن ، مالی ئەبردن • لە ٦٠٥هـ ١٢٠٨م دا بەشاری مەراغەوە هەموو ئەمارەتەکەی داگیر کردووە • تەنیا قەڵای ( ڕۆین دز ) کە زۆر قایم بووە بەدەس خانەدانی ئەحمەدیلەوە ماوەتەوە • بەینێکیش ئافرەتێکیان لەم قەڵایەدا حوکمی کردووە کە پێویستە بە شاژنێکی کلۆلی بژمێرین چونکە دوا

حاکمەی خانەدانەکەیە • ناوی ( من هواداد ) بووە لە ٦١٨هـ ١٢٢١م دا لافاوی سوپای مەغوولیشی دیوەو لە قەڵاکەیا بە پارێزراوی ئەم هێرشــــە بەسەریا ڕۆیشتووە • ئەوەندە هەیە لەدوایدا ( جلال الدین شـــا )ی خوارەزمی کە لەعیراق گەڕاوەتەوە و بێرەدا ڕۆیشتووە ئەم شـــازنە بەدبەختەی مارە کردووە • جا بەم شووە بێ جێیەی ( مەلیـــکە هواداد ) ئەو تۆزە حاکمی یەتەشی نەماوە • بەم جۆرە لـەدوای حاکمیـەتیکی ٤٠٠ ساڵە خانـــەدانی ( روادی )ی کورد بەتەواوی لە نـاو چووە ( ٦٢٤هـ – ١٢٢٦م )[1] •

## ٢ ـ حوکوومەتی دۆستەکی و مەروانی

**١ ـ دەوری دۆستەك :**

دامەزرێنەری بناغەی ئەم حوکوومەتی کوردە ( شاەباز ـ باد ) نـاو کوڕە کوردێکی دۆستەکی یە سەرداری خێڵی حەمیدی بووە لـە نزیـك شاری دیاربەکر لە ئاوایی دۆستەك ناوی کوردا لە ٣٤٠هـ ٩٥١م دا • ئەم کەڵە مێردەی نەتەوەی کورد لە کاتی ژیانی باوکیا کە خۆی هێشـــتا هەرزەکار بووە کەوتووەتە سەودای پێکهێنانی حـوکوومـــەتێکی کوردی سەر بەخۆ • نەوجوانێکی بەسامو بە خۆوە بووە ، قەدو باڵاو قـەڵافـەتی نیشانەی بزورگیو زرنگیو زیرەکیی تیا دیـــار بووە • هەر لەکـــاتی کوڕێنی یەوە ناوبانگو شۆرەتی بڵاو بووەتەوە بە ناو ئـاسۆی خێڵەکـــانی کوردا ، ئازایەتی یەکەی بە هەموو شوێنێکدا بڵاو بووبووەو نـــاو بـانگی چووبووە دڵی خەڵکەوە •

نەتەوەی کورد لەتەك سەرداری ئازاو کردەوە ڕەنگینا هەمیشـە بـۆ

---

(١) دەوری حوکوومەتو ئەمارەتەکانی کورد هەمووی لەســـەر مێژووی کوردو کوردستانەکەی امین زکی بەگ دروست کراوە •

پیشەی بەرزی مێژوویی ئامادەیە • لەبەر ئەوە هیوای بڵندی شـاەباز خێرا
پێکهاتووە • توێژەی کوردستانی ( دیاربەکرو گۆمی وان )ی بەسـووکو
ئاسانی دەس خۆی خستووە ، لەشکرێکی ڕێکی بەتـارەکو پڕ جـەکی
هـەبوو •

لەناوچەی ( سـعرد )و ( بتلیس )ەوە دەسی کرد بەگەورە کردنی
مەڵبەندی حوکوومەتەکەی • جارێ ڕووی کردووەتە ئەرمەنسـتان
شاری ( ئەرجیش )ی لێ سەندوون‌و بای داوەتەوە بۆلای ڕۆژاوا شارانی
( دیاربەکر )و ( میافارقین )و چواردەوری ئەمانـەی داگیر کردووە •
لەدوای ئەمە دیاربەکری کردووە بە پایتەختی خۆی‌و عینوانی ( شجاع )ی
لە خەلیفەی بەغداوە بۆ هاتووە • لەم کاتەدا پادشـای هـەرە ناوداری
بۆیەهی کە ( عضد الدولة )ی ناو بوو ، وە ( أمیر الامراء )ی دەولـەتی
عەبباسی بوو لە خزمەت خەلیفەدا ، بۆئەوەی ( حەمدانی )یەکانی بێ کز
بێ‌و خۆی بەرز بێتەوە ، لە گرتنی شاری مووسڵدا شاەباز یارمەتی عضد
الدولەی بۆیەهی‌ی داوەو لەوێ بۆ دیدەنی چووەتە بارەگای عضـد
الدولة • مەلیکی بۆیەهی لە چاو پێ کەوتنی ئەم سەرداری کوردە سـامی
لێ نیشتووەو بیری خراپ کردووە لە دڵیا • ( شاەباز )یش هەستی بـەم
دڵ پیسی‌یە کردووە خێرا گەڕاوەتەوە لەشکرگای خۆی •

لەدوای ئەمانی عضـد الدولـة لە ( ٣٧٣هـ ٩٨٣م )دا وڵاتی
( نەسیبین )یش کەوتووەتە دەس شاەباز • بەمە حوکمی شاە باز هـەتـا
دەوری مووسڵ ڕۆیشتووە • بەم بۆنـەیـەوە ناخۆشی‌ی بـەینی بۆیەهی‌و
دۆستەکی‌یان ئاشکرا بووە ، گەلێك لەشکری بۆیەهی هاتووەتە سـەر
پادشای دۆستەك بەڵام شاەباز گشتی شکاندوون‌و گەلێك دیلی لێ گرتوون•
لەسەر ئەمە سوپای‌یەکی زۆرتری بۆیەهی هات ، شاە باز ئـەمیش

شکاند • ئەم جارە کوردەکان ویستوویانە بچنە سەر شاری مووســـڵ • موسڵاوی‌یەکان سەرکەوتنی کوردەکانیان پێ خۆشتر بوو لە بۆیەهی‌یەکان، چونکە بۆیەهی‌یەکانیان نەئەویست • ( باز ) خەریکی تارەکانی لەشکرێکی ئەستوور بوو کە بچێت شاری ( بەغدا ) بگرێ‌و دەوڵەتی بۆیەهی لەنــاو بەرێت‌و خۆی بێت بە ( امیر الامراء )ی دەوڵەتی عەبباسی‌و خـەیاڵـــە بەرزەکەی بێتەجێ •

صمصام الدولة )ی بۆیەهی کە ئەمەی بیست زۆر ترسا ، دەســـتی کرد بەهاوار کردن‌و کۆمەك ویستن لە هەموولایەکی وڵاتی عەبــاسی • بەوجۆرە لە شکرێکی بێرادی کۆ کردەوەو بەسەر داری‌ی ( زیار کوڕی شاراکویە )ی دەیلەمی کە لەو دەورەدا بە سەردارێکی زۆر بەنـاوبـانگ ناسرابوو ، ناردیە سەر ( شاەباز ) • هەردوو لەشکر لای تەکریت پێکاهاتن‌و شەڕێکی زۆر قورسیان کرد • وەها زانراوە کە کوردەکان زۆر مانـدوو بوون‌و تارەکانی جەنگیان تاتەواو بوو ، لەبەر ئەوە خۆیان نەگرت‌و شکان • لەسەر ئەمە ( باز ) نەیهێشت سوپاکەی بوە ستێت بەگورجی لە کوشـــتار ڕزگاری کردو گەڕایەوە دیاربەکر •

سەرداری بۆیەهی ئەیویست سوپای کورد نەحەوێتەوە بـەخۆیـا ، بۆیە لەشکرەکەی کرد بە دووتۆڵ‌و ناردی بۆ سەر دیار بەکر • صمصام الدولة خۆیشی هاتە مووسڵ لەگەڵ ســـعد الدولەی حـەمــدانی حاکمی حەڵەب ڕێك کەوت کە ئەویش بە لەشکرەوە بچێ‌و دیاربەکـــر بۆخۆی بگرێت • بەم تەرحە لەسێ لاوە سێ لەشکر ڕووی کردووەتە پایتــەختی دەوڵەتی شادباز ، بەڵام هیچیان پێ نەکرا • فیداکاری‌ی ڕۆڵەی کـــورد دوژمنی ترساندبوو • حاکمەکەی حەڵەب فیدایی نارد کە شاەباز بکوژێت • ئەم ناپاکە لەدەسیسەیەکا شای مەردان ( باز )ی ئازای برینـدار کردووە ، بەڵام دوژمن لەمە هیچی دەس نەکەوتووەو لەلایەکی تریشـەوە درێـــژە

کردنی جەنگ دوژمنی بێ تاقەت کردووەو لـە ڕێـك کـەوتن بـەولاوە چارەیەکی تریان نەماوە • لەسەر ئەوە ( زیار ) سولحی لەگەڵ ( باز )دا کردووە ، هێڵی ژوور ( زاخۆ – نەسیبین ) دانراوە بە سنوور بۆ هەردولا، ئەمجار صمصام الدولە لەشکرێکی ئەستووری لەمووسڵ بەجێ هێشـــتو خۆی گەڕاوەتەوە بەغدا •

شای کوردان لەدوای ئەم کارەساتانەش لـەبیری خـۆی هیچ لای نەداوەو ویستویە خەیاڵە کۆنەکەی خۆی هەر باتەسەر ، ئاشـتی یـەکی بەتەمای گردەواری ی شەڕ قەبووڵ کردبوو بۆیـە لـــە ٣٧٧ھ ٩٨٧م دا لەگەڵ لەشکرێکی زۆرا چووەتە سەر مووسڵ • سەرداری بۆیهی ( ابـو النصر خواشازە )ی تەنگەتاو کرد خێڵی ( بنی عقیـــل )و ( بنی نمیر )یش هاتن بە هاواری ( خواشازە )وە ئەمانە هەمووی بووەتـــە هۆردوویـەکی گەورە ، ئەمجا بەرەنگاری قۆڵە لەشکری برای ( شاەباز ) بوون • ئـــەم قۆڵە لەشکرە شکاو برای شاەباز کوژرا • لەسەر ئەمە لەشکری کورد لـە دەوری مووسڵ کشاوەتەوە •

لەدوای ئەمانە حەمدانی یەکان کەوتوونە بزووتنو بۆیەهی یـەکـان ڕوویان کردووەتە کزی • شاەبازیش لەم هەلـە ئـــەگەرا بۆیـــە دەس درێژی یەکانی پەیدا بووەوە تا دەوری مووسڵ قۆڵ قۆڵ نومایشی ئەکرد •

بەڵام وادیارە کاربەدەستانی مووسڵو بەغـــدا لـە پەیـدا بوونی دەوڵەتێکی گەورەی کورد سڵەمیونەوە ، بۆیە کەوتوونە تەدبیرو ڕای یەك گرتن لەناو خۆیانا • لە ساڵی ٣٧٩ھ دا سەرەکەکانی بەنی عوقەیلو بـنی نەمیرو حەمدانیو مووسڵاوی یەکان گشتیان ڕێك کەوتوون کە ناوچـەی مووسڵ بۆ حەمدانی یەکانو توڕڕەی جەزیرە بۆ عەشـــیرەتەکان بێت • لەسەر ئەمە لەشـــکرێکی ئەستووریان کۆ کردەوە دەســـیان کرد بەتێکۆشـان •

لەشکری شاەبازیش لای مووسڵ بەرەنگاریان بووە • هەوەڵ کۆ حەمدانی یەکان شکاون ، بەڵام مووسڵاوی یەکان لەگەڵ سوپای بەنی عوقەیل و بن نەمیر لەپشتەوە هەڵمەتیان بردووەتە سەر سوپای کورد • ئەو کاتە شەڕێکی خوێنین لە بەینی هەردوولادا ڕووی داوە • لە گەرمەی شەڕا ( شاەباز ) شای کوردان لە ئەسپەکەی گلاوەو شەهید بووە • ئەم فەلاکەتە بووەتە هۆی بێ سەرداری ی سوپای کورد • لەسەر ئەوە لەشکری بێ سەردار مەیدانی شەڕی بەجێ هێشتووە ، ڕوەو کەژو کێوی نیشتمانەکەی گەڕاوەتەوە بۆلای دیاربەکر ٣٨٠هـ - ٩٩٠م

**٢ - دەوری مەروانی :**

لە دوای جەنگی ( مووسڵ ) لەشکری شکاو بە سەرداری ی حسن کوڕی مروان کوڕی دۆستەك کە برازای شاەباز بوو گەڕاوەتەوە بۆ دیاربەکر ، سەردار حسن خێرا ئامۆژنەکەی خۆی مارە کرد کە لەقەڵای ( حصن کیف ) بوو • ئەمەشی بۆ ئەوە کرد کە بەمردنی مامی وڵات نەپەشۆکێ و دەوڵەتەکە لەناو نەچێت • بەڕاستی ئەم ( میر ابو علی حسن )ە زیرەکی و دانایی یەکی بێ هاوتای نواند • هەموو سەردارو ماقووڵانی دەوڵەتەکەی کۆ کردەوە کەمەلیکێك دانێن بۆ خۆیان • ئەوانیش بەیەك زمان ئەویان کرد بەشای دەوڵەتی دۆستەك • ئەوەندە هەیە باوکی ناوی مەروان بووە ئەگەر چی ناوەکە عەرەبیشە بەڵام لای کوردەواری ناوێکی ئایینی وموبارەکە • لەبەر ئەوە لەمەولا بووەتە عینوانی حوکومەتەکەو بەو تەحرە چووەتە مێژووی کوردەوە • بۆیە لە ( ابو علی حسن )ەوە ناوی حوکومەتی دۆستەك نەماوە لەجیاتی ی ئەو ناوی ( مەروانی ) باوی سەندووە • ئەنجا بەو پێیە لە مێژوودا بووەتە لکی دووەمی دەوڵەتی دۆستەك •

کوڕانی ( حەمدانی ) لە دوای سەرکەوتنیان لە هەرای مووسڵ

ویستیان گشت ولاتەکانی دۆستەك داگیر بکەن‌و ئەم دەوڵەتی کـــوردە لەناوبەرن • لەبەر ئەوە بەسوپایەکی زۆرەوە چوونەتە سەر دیاربەکـر • ئەبیان زانی ابو علی حسن بۆ هەرایەکی وەها سوپاکەی ئامادە کردووە لە گەڵ تەدبیری جوانی ترا چارەی شکاندنی بۆ سوپای حەمدانی‌یەکان پێك خستووە لەسەرێکی تریشەوە ئەهالی لەبەر زوڵم‌و زۆری حەمدانی‌یـەکان لێیان بێزار بوون •

بۆیە کە هەردوو لەشکر پێکا هاتن لەدوای شـــــەڕێکی قورس حەمدانی‌یەکان شکان‌و زۆریان لێ کوژراو ( ابو عبدالله )ی حەمـــدانی بەدیل گیرا • بەڵام بەهیوای قازانج کردنێکی سیاسی سەردارانی کورد ئەم دیلەیان بەرەڵلا کرد کەچی وا دەر نەچوو ، چونکە حەمدانی‌یەکان لەسەر شەڕ هەر ڕۆیشتن • ئەمجارە لە شکری ( بەنی عوقەیـــل )و ( بـــەنی نەمیر )یشیان تەك خۆیان خستبوو • لەسەر ئەمە لەبەینی دیـــاربـــەکرو مووسڵدا هەردوو لەشکر تووشی یەك بوون‌و شەڕێکی خوێن ڕێـزانەیان کرد لە ٣٨١هـ دا تالعی شەڕ ئەمجارەش بەسەر کەوتنی کوردان ئەنجامی هێناوە • بەرەی حەمدانی‌یەکان دووبارە زۆر خراپ شکاون‌و پەریشـــان بوون • ابو طاهری حەمدانی کە بەشکاوی گەڕاوەتەوە ( نەســـیبین ) • ئەمیری ( بەنی عوقەیل ) خۆی وەدەس‌و پێوەندی گرتن‌و هـــەموویـــانی کوشت‌و چووە سەر مووسڵ ئەویشی گرت ، کەچی ابو علی حسن شـــاه بەهەڵە چوو ، لەسەر دوژمن نەڕۆیشت تا بەتەواوی لە ناوی بەرێـــت‌و بنـە ڕۆژی حوکوومەتەکەی لەسەر پتەوی دارێژێت • بۆیە مووسـڵ بە ناحەزی حوکوومەتی مەروانی هەرمایەوە •

ابو علی حسن شاه لەمەولا دەستی کرد بە هەڵسووڕاندنی تـەدبیرو کردەوەی بەپێز • گەلێك فرمانی ئاوا کردنەوەی هێنایـــە دی • بـــە ڕووخۆشی‌و داد بەختی حوکمڕانی‌ی کرد • وردە وردە ســـنووری

قەڵەمڕەوەکەی گەورە کردووە • ناوچەی ( ئۆرفە )ی لە ئیمپەراتۆوریەتی ڕۆم زەوت کردووەو هەموو شارەکانی باکووری گۆمی ( وان )یشی داگیر کردووە • ئەمجا خەلیفەی بەغداد عینوانی ( فخر الدولـــة )ی داوەتێ •
ئەوەندە هەیە ئەم پادشا باشەش لە ناو وڵاتی‌یا بێ ناحەز نەبوە ، چەنـــد ناپەسەندێك لە دیاربەکر تەدبیریان لێ کردو لەناکـاو کوشتوویـانە لـە ٣٨٧هـ دا •

**ابو سعيد منصور ( ممهد الدولة )(١) :**

لەدوای کارەساتی مووسڵ کە ( شاەباز )ی تیا لەناو چوو ( ابو سعيد منصور مهد الدولة ) گەڕاوەتەوە ناوچەی شاری ( میافارقین )و کـــــە ( ابو علی حسن شاه )ی برای کرا بەشاە لە سەر حوکوومەتی مـــەروانی ئەمیش بەڵێنی ئیطاعەتی داو تاکوشتنی ابو علی حسن شاه بە حاکمی ئـــەو ناوچەیە ماوەتەوە کە خەبەری کوشتنی کاکی بوهات چووەتـە شـــاری ( میافارقین ) لەوێ سەردارو ماقووڵانی حوکوومەت کردیان بـە پادشـای دەوڵەتی ( مەروانی ) •

شۆرەت وایە ئەم پادشایە تا ٤٠٢هـ حوکمی کردووە • لەو ساڵـەدا بە تەدبیری هەندێك بەدبەخت ئەمیش بە کوشتن لەناو چووە • لەبـابـەت هەواڵی کاتی حوکمی ئەم حوکمدارەوە زانیاری زۆر کەمە •

بـەپێی مێژووی امین زکی بـەگ ، جزمی دووەم ، حوکومـانی کورد ل ٧٦ :ـ

ئەم پادشایە بەناوی خۆیەوە سکەی بووەو خوتبەشیان بە ناویـــەوە خوێندووەتەوە •

---

(١) ئەم جۆرە عینوانانە لەلایەن خەلیفەی بەغداوە ئەدرا بەوانـەی لە دەوڵەتی عەبباسیدا دەسەڵاتیان ئەنواند •

**عادل شاه ناصر الدولة احمد :**

لەکاتی کوشتنی ابو سعید منصوردا ( ناصر الدولة احمد )ی بـرای حاکمی ( سعرد ) بوو ، لەبەر ئەوەی کە حەزی لێ نەئەکرد کاکی دووری خستبووەوە • کە خەبەری کوشتنی براکەی بیست هاتـە شاری ( ئەرزن ) لەوێ مەجلیسی ماقووڵان کردیان بە پادشا •

ئـــەم مـــەلیکی کوردە لە ٤٠٢هـ وە تا ٤٥٣هـ (١٠٦١م) حوکمی کردووە • لە هەموو ڕوویەکەوە ئەم مەلیکە بە ناوبانگترین‌و باشـــترین ( شای )ی مەروانی‌یەکان بووە • لە مێژوودا ناوی بە ( عادل = دادگەر ) دەر کردووە •

لە دوای ئەوەی بووەتە شا وڵاتەکانی ( مەروانی ) هەموویان یەکـە یەکە ســـەری فەرمان ڕەوایی‌یان بـۆ دانەواندووە • لـــەدوای ئـەوە ئەمیش دەستی کردووە بە ڕێك خستنی ئیش‌و کاری وڵاتـــەکـــان فیتنە گێڕەکانی لە ناو برد • فەرەحی‌و دڵ سۆزی‌ی بەناو خەڵقا بڵاو کـردەوە لە ساڵی ٤١٠هـ دا بۆ ئەستەموول‌و میسرو بەغداد باڵیوزی ناردو مـــیر سولەیمانی کوڕی کرد بە جێ نوشینی خۆی‌و ئەمجا کردی بە حـاکمی ( جزیرە )و ( بۆتان )• شاری ( میافارقین )ی رسماً کرد بە پایتـــەخت ، بەڵام گەلێك جاریش لە ( دیاربەکر ) ڕای ئەبواردو جارو بار بەوڵاتەکانا ئـەگەڕا ، شارەکانی زیارەت ئەکرد ، لـە حاڵی مســـکینی ئەپرسی‌یـەوە ( القادر بالله )ی خەلیفەی عەبباسی لە ساڵی ٤٠٨ هـ دا عینوانی ( ناصـــر الدولة )ی داوەتێ •

لە سەر ساغ کردنەوەی شاری ( ڕەها ـ ئۆرفە ) بۆ لایەکیـــــان سەردارانی مەروانی‌ی کوردو سەرەکەکانی ( بەنی نەمیر )و دەوڵـــەتی ( بێزانس ) گەلێك شەڕو هەرایان کردووە • لە ئەنجامدا لـە ٤١٨ هـ دا

عادل شاه وازی لەم شارە هێناوە • بەبێ گومان ئەم جۆرە کەمتەرخەمی‌یە لەسەر ماڵو مەسڵەحەتی دەوڵەت لە مێژوودا هەمیشە دوژمنایەتی‌و دەست درێژی‌ی هێناوەتە سەر دەوڵەت • جا ( بدران )ی سەرۆك عەشـــیرەتی ( عوقەیل ) لە ڕووی ئەمەوە کەوتە سەر سەودای داگیر کردنی ناوچەی ( نەسیبین )یش • ئەم ( بدران )ە لە گەڵ ( قرداش )ی برایا کە حاکمی مووسڵ بوو لە ضیددی ( عادل شاه ) یەکی گرتووە بە لەشکری زۆرەوە هاتوونە سەر ( جزیره )و ( نەسیبین ) • بەرەکەت دا هیچیان پێ نەکرا • ئەمجا بایان داوەتەوە بە تکاو پاڕانەوە نەسیبینیان لە عادل شـاه سەندووە ، بەڵام لە ٤٢٢ هـ دا ئەمجا لەشکری ڕۆم هاتووەتە سەر ( ڕەها )و داگیری کردووەتەوە • بەکورتی پادشای مەروانی دڵ نەرمو بێ‌تـین بــوو ، دوا ڕۆژی لێك نەداوەتەوە ، هەر لەبەر ئەوەی خوێن نەڕژێت • کەچی لـەم نەرمو نیانی‌یە دوژمن کەڵکی وەرئەگرت جا مەلیك پاشەڕۆژی دەوڵەتەکەی بەستبوو ، بەم جۆرە بە بەخشندەیی‌یەوە •

بەرەکەت دا مەترسی لە ڕۆمەکان کە دوژمنی هەموو ئیســـــلام بوون کوردو عەرەبی یەك خستبوو ، بۆیە بە سەرداری‌ی یەکێك لـــــە ئەمیرەکانی مەروان سوپای هەردوولا هەڵی کوتاوەتە سەر ڕەها پیچایـانو گرتوویانە ٤٢٧هـ ١٠٣٥م •

وەك لە باسی حوکوومەتی ( ڕوادی )دا دیمان میللەتی ( غەز ) لـەم کاتەدا داویە بەسەر کیشوەری ئێرانو ئازەربایجانا وێرانیان کردووە • لە ٤٣٢ هـ دا لێشاوی ئەم خێڵە لەوێوە هاتووەتە ناو خـاکی ( کوردستان )ی مەروانی‌یشەوە • خێڵەکانی کوردی ( هازبەنی ) زۆر جەنگیان لـەگـەڵ داون بەڵام کەڵکی نەبوە هازبەنی‌یەکان قۆڵ قۆڵ ئەکشانە ولاتی ئـاوای کوردەواری‌یەوە ژنو منال پەنای بردووە بۆ کەژو کێو ، هەرچی نێرینـە

هەیە جەك بەدەستەوە لە مەیدانا بوون . هاژە کەوتووەتە کوردستانەوە .
لەدوای شەڕەها بە شەوو بەڕۆژ ( غەز )ەکان شکاون .

کوشتاری بێدادیان لێ کراوە . گەلێك گەورە پیاوو سەردار یان بەدیل گیراو هەرچی ماڵو تاڵانێك کە بەدەستیانەوە بوو لێیان سەندرایەوەو تەفرو توونا کران .

ئەمە لە باکووردا . بەڵام لە باشووردا هەندێك تیرەی تر لە ( غەز )ەکان کە مووسڵی گرتبوو ، ڕووی کردووەتە خاکی مەروانی یەوە، ودەمیان تێ ژەندووە . شازادەی جێ نوشین ئەمیر سولەیمان بە لەشکرەوە بەرەنگاریان بووە دەربەندو کێوەکانی لێ گرتوونو بەربەستی کردوون ئەمجا لەگەڵ لەشکری ( قرواش )ی حاکمی ( موسڵ )یشا یەکیان گرتووەو لەگەڵ غەزەکانا کەوتوونەتە شەڕو شکاندوویانن . کەچی قۆلی ( نەصیبین )یان خۆی گەیاندووەتە دیاربەکر شارە بەدبەختەکەیان تاڵانو وێران کردووە . بەڵام کە سوپای کورد بۆ یارمەتی هاتن ، ئەمانە گەڕاونەوە بەپاشدا ئەم جارە ( سنجار )و ( نەصیبین )ۆ ( مووسڵ )یان ساف لە ساف تاڵان کرد .

بەم جۆرە هەرچەندە وڵاتی کوردستانی مەروانی لە فیتنەی ( غەز ) ڕزگار بوو . بەڵام لە ساڵی ٤٤٠هـ ١٠٤٨م دا هەرایەکی تازە کەوتووەتە ناو خێڵەکانی کوردستانەوە .

عەشایری کوردی ( هەموودی = حەمیدی ) کە لە مەڵبەندی ( عەقرە = ئاکرێ )دا دانیشتبوون بەدەسیسەی قرواش حاکمی مووسڵ لەگەڵ خێڵە گەورەکەی ( هازبەنی ) کە لەناوچەی هەولێردا دانیشتبوو کردیانە دوو بەرەکی . ( ابو الحسن کوڕی موسك ) ناو سەرداری هەزبەنی کە حاکمی هەولێر بوو ناحەزی یەکەی ئیدارە ئەکرد . ئەمجا

قرواش لەگەڵ هەزبەنی یەکانا یەکیان گرت و ویستیان وڵاتی ( ئەکرێ ) بگرن • لەسەر ئەمە ( احمدشا )ی مەروانی یارمەتی ی ئەکری یەکانی دا • بەوەی چاك بوو لەم بەینەدا هۆزی قرواش لەناو خۆیانا تێکچوو بوون • احمد شاه لای موخالیفی گرت و یارمەتی بۆ ناردن ، نزیك شاری مووسڵ هەردوو لەشکر شەڕێکی قورسیان کرد • قرواش بەدیل گیراو لەشکرەکەی زۆر خراپ شکا • ( ابو الحرب امیر سلیمان ) سەردار لەشکری کورد قرواشی دا بە ( زعیم الدولة )ی برای قرواش کە ناحەزی یەك بوون بۆئەوەی لەناوی بەرێت • کەچی ( زعیم الدولة ) لەترسی دەست پەیدا کردنی نەتەوەی کوردو لەناو چوونی حوکوومەتی عەرەبی ی مووسڵ قرواش بەرەڵاکردو هەردوولا ئاشت بوونەوە •

ئەوسا ( میر سولەیمان )یش لە سیاسەتە ناقۆڵاکەی خۆی تەریق بووەتەوەو بەرەو وڵاتەکەی خۆی گەڕایەوە • جا لەم ناوەدا خوێنی سەربازە کوژراوەکانی کورد بە خۆرایی ڕژاوە ٤٤١هـ •

لەم بەینەدا سوڵطان طغرلی سەلجووقی کە دەوڵەتی عەبباسی ی لەژێر دەستا بوو خەبەری نارد بو ناصر الدولە احمد شای مەروانی کە لە خوتبەدا ناوی ئەو بخوێنرێتەوە ئەویش قەبووڵی کرد • واتە کوردستانی مەروانی ئیتر کەوتە ژێر دەسەڵاتی سەلجووقی یەکانەوە •

لە مەولا ( احمد شاه ) لە لایەکەوە لەگەڵ ئیمپەراتووریەتی ڕۆمای بیزانس دۆستایەتی ی گرت • لەلایەکی تریشەوە بە ڕەوشتی جوان و کردەوەی ڕاست سوڵتان طوغرولی منەت بار کردوە • ڕۆمەکان بۆ ڕەزامەندی ی ئەحمەد شاه مزگەوتی ئەیوبی یان لە ئەستەمووڵ ئاوەدان کردووەتەوە • ٤٤٦هـ • ( ابو الحرب میر سولەیمان )ی جێ نوشینی احمد شاه کە حاکمی جزیرە بوو لەڕووی توندو تیژی ی خوڵقیەوە لەتەك

هەندێ ماقووڵانی خزمی خۆیانا ناخۆشی کەوتووەتە ناویانەوە •

میر سولەیمان هەندێك لەم ماقووڵانەی بەئێل گرتووەو کوشتوونی • کەس‌و کاری کوژراوەکانیش ئەویان کوشتەوە • بەم تەرحــــە لەوڵاتـا ئاژاوەی ناوخۆ پەیدا بووە کە ئەمە بۆ پاشە ڕۆژی دەوڵەتەکە شـــتێکی زۆر خراپ بووە • ( قورەیشی کوڕی بەدران )ی حاکمی مووسڵ ئـــەم پشێوی‌یەی بەهەل زانی لەگەڵ خێڵی ( بختیە )و ( بشـنۆیە )ی کـوردد‌ا کەدڵ شکاو بوون لە ئیدارەی احمد شادا یەکیان گرت‌و بە لەشـکرێکی زۆرەوە چوونەتە سەر جزیرە ، لەگەڵ شازادە ( میر نەصرەت )دا کـــــە باوکی تازە کرد بووی بە حاکمی ئەو ناوە لەجێی میر سولەیمانی بــرای شەڕێکی قورسیان کرد ، هەردوولا فرەیان لێ کوژرا ، بەڵام لە ئەنجامی کارا دەستەی حاکمی مووسڵ شکاو قورەیش بە بریندار‌ی گەڕایەوە •

جا ئەم ئاژاوەیە کە لەڕووی تەبیات خراپی‌ی میر سولەیمانەوە پەیدا بوو نوشوستی نایەوە بۆ دواڕۆژی حوکوومەتەکــە ( ٤٤٧ھ ١٠٥٥م ) • لە ٤٥٢ھ دا ناصر الدولة احمد شاە لەتەمەنی ٨٠ ساڵەدا مردووە • ئــەم پادشایە ٥٢ ساڵ بە شان‌و بەشەرەف حوکوومەتی کردووە • خەلیفـــەی عەباسی ( القادر بالله ) عینوانی ( ناصر الدولة )ی دا بوویە • لە کۆشك‌و ســەراکانی ( میافارقین )و ( دیاربەکر )ا شـــاعانـە ڕای بواردووە ، کیشوەری مەروانی لە دەس درێژی‌ی دوژمن پاراستووە • لەناو شـاهانی هاو دەوری خۆیا پایەی مەزن بووە بەزم‌و ڕەزمی بارەگـــای بەناوبـانگ بووە ، چێشت کەری ئەناردە میسر تا فێری چێشت لێنانی سەرای میـسر بن • چەندکچە پادشایەك ژنی بوون • ابو القاسمی مەغریبی‌و فخر الدولة کوڕی جوهێر وەزیری بوون • گەلێك شاعیرو زانا ( عولەما ) لـە دەوری کۆبوونەوە • ( ابو عبداللەی کارزۆنی ) کـە مەزهـەبی شـــافیعی‌ی لـە

کوردستانا بلاو کردووەتەوە یەکێکە لەو زانا گەورانە کە لەسایەی ئەما ژیاوە •

( احمد شاه ) لەگەڵ زاناو حوکەمادا حەزی لە ڕابواردن ئەکرد • ( ابو عبدالله کوڕی مروان ) شێخ الاسلامی بوو بۆ ڕاگرتنی ڕژێمی حوکوومەت گەلێك کاربەدەست و فەرمان بەری داناوە • بەکورتی لە ( میافارقین )دا شوێنەواری بەجێ هێشتووە • باخی شاهانەی هەبوە ، ئەهالی بەخۆشی تیا ڕابواردووە ، قەڵا ، نەخۆش‌خانە ، وە کتێب‌خانەی دروست کردووە • بەڕاستی دەوڵەتی مەروانیی کوردان لە کاتی حوکمڕانیی ئەما لەدەوڵەتە بەهێزە شارستانی‌یەکان ئەچوو •

**قاسم ابو ناصر :**

لەدوای باوکی قاسم شای کوڕی بووەتە فەرمان ڕەوا ، لە ٤٥٣ وە تا ٤٧٢هـ حوکمڕانیی کردووە • لەگەڵ میر سعیدی برایا سەردەمێك بەناخۆشی ڕای بواردووە • بەڵام لەدواییدا میر سعیدی کرد بە حاکمی دیاربەکرو ڕێك کەوتن •

لەکاتی حوکمی ئەما لە ٤٥٧هـ ١٠٦٤دا حەرپرانو سوەیداء زەوت کراوە • لەقەبی ( نظام الدولة )ی هەبوە •

**منصور شاه کوڕی میر سعید :**

لەدوای مامیو باوکی شازادە منصور بووەتە شای مەملەکەتی مەروانی • شۆرەت وایە خوتبەی بەناوی خۆیو خەلیفەی فاطیمیی میصرەوە خوێندووەتەوە • لەبەر ئەوە خەلیفەی عەباسی لێی دوو دڵ بووە • لەبەر ئەوەشە ( ملکشاه )ی سەلجووقی کە پشتیوانی تەختی عەبباسی بوو لێی ڕەنجاوە •

وا ڕێ کەوت ( فخر الدولەی کوڕی جوهێر ) کە کۆنە وەزیری

مەلیك ناصر بوو لە خانەدانی مەروانی یەکان تۆرابوو • ئەم سبڵەی مەنفەعەت پەرستە بە تەمای دەس کەوتنی حوکم فریوی مەلیك شای سەلجووقی ی خواردو سوپایێکی زۆری لێ سەند هاتە سەر خاکی مەروانی یەکان • لە دوای گەلێك شەڕو خوێن ڕشتن کیشوەرەکەی داگیر کرد • شارانی ( دیاربەکر = ئامەد )و ( میافارقین )ی جیا جیا پێچاو زەوتی کرد • منصور شاە خۆی گەیاندووەتە جزیرە لەوێ جێ گیر بوو • چەند قەڵایەکی ئەوناوەو ناوچەی ( بۆتان ) کۆمەکیان کرد ، بەڵام کوڕی جوهێری ناچیزە بۆ ئەوەی حوکم بە دەس خۆیەوە بمێنێت ئەیویست ناوو نیشانی حوکوومەتی مەروانی نەهێڵێ • بۆیە وازی لە ئاخری حوکمداری کۆنە وەلی نیعمەتی نەهێنا لەشکری کردە سەر • جزیرەیان پێچا ، لە ڕێگایەکی پەنهانەوە شەو لە ناکاو چوونە قەڵاکەوە داگیریان کردو منصور شای بەدبەختیشیان بە دیل گرت • بەمە حوکوومەتی مەروانی کە لکی دووەمی دەوڵەتی دۆستەکی ی کورد بوو لەناو چوو • ئەوەندە هەیە زۆری نەخایاند کوڕە ناجسنەکەی جوهێریش بە پاداشتی خەیانەتی خۆی گەیشت ، ( ئاتق ) ناو سەرداری لەشکری مەلیکشاە حوکمی لەدەست سەندو دەری کردە مووسڵ • لەوێ بەفەقیری‌و پەرێشانی مرد ٤٧٨هـ – ١٠٨٥م •

## ٣ ـ حوکوومەتی بەرزیکانی

ئەم حوکوومەتە کوردە لە ٣٣٠هـ ٩٤١م دا لەلایەن میر حوسەین ناو سەردار عەشیرەتی ( بەرزیکانی )یەوە لە شارەزوور بناغەی دانراوە • تاکو ٣٥٠ی هیجری خۆی‌و براکانی لە ( هەمەدان )و ( نەهاوەند )ەوە تا سنووری ئازربایجان هەموو مەڵبەندی کوردستانی ئێرانیان خستووەتە ژێر جنگی خۆیانەوە • ئەم توپڕە گەورەیە لەدوایی‌یا بە میراتی بۆ حوسنەوی

کوڕی میر حوسەین بەجێ ماوە • لەکاتی حوکمی میر حوسەین دا حوکوومەت شکلی رەسمی ی وەرنەگرتبوو • کە حوسنەوی بووەتە حوکمدار ئەوسا وێنەی سەربەخۆیی ئەم حوکوومەتی کوردە بە تەواوی دیاری داوە •

حوسنەوی : شایەکی سیاسی ی زۆرزان بووە ، نەیویستووە لە سەرەتای پەیدا بووندا دەوڵەتەکەی تووشی هەراو شەڕی قورس بکا • لەبەر ئەوە لە گەڵ حوکمدارەکانی ( بۆیەهی )دا تێکەڵی ی پەیدا کردووە • لەم کاتەدا خانەدانی حوکمداری ( ڕوادی )ی کورد لە ئازەربایجان لەناو خۆیانا شەڕو شۆڕیان ئەکرد کە مەسەلەحەتی هەردوولایان پێویستی وەها بوو کە یەك بگرنو بەرامبەر بۆیەهی یەکان بوەستن • کەچی وادیارە حوسنەوی بەتەمای ئەم نەبووە بۆیە هەوەڵ دۆستی ( رکن الدولة ) مەلیکی بۆیەهی لە ڕەیو لەپاشا لەگەڵ ( معز الدولة )ی برای ( رکن الدولة )شا پەیوەندی ئاشتی ی بەستووە •

لەسەر ئەوەشا ( شا )ی بەرزیکانی لە دڵا ویستوویە سنووری حوکوومەتەکەی گەورە بکات • لەبەر ئەوە بەسەر هەڵەوە نەڕۆیشتووە • کە تەماشای کرد بۆیەهی یەکان بوون بە ناحەزی یەك چووە بەگژ بەختیاری کوڕی ( معز الدولة ) لە ٣٥٦ هـ دا و ناوچەی هەولێری لێ سەندووە • زێی گەورە بووەتە سنوور لە بەینیانا • ئەمجا لەگەڵ بەختیار ئاشت بووەتەوەو لە شەڕی ( تغلبی حمدانی )دا یارمەتی ی بەختیاری داوە • بەڵام لەسەر ئەمانە ( رکن الدولة )ی لێ زویر بوو • ئاخری یەکەی چون بەگژ یەکاو لەشکری دەیلەمی هاتوەتە سەر میر حوسنەوی • ئەمجا سوپای بەرزیکانی ڕووی کردووەتە ئەم لەشکرە وچواردەوری گرتووەو وازیان لێ نەهێناون تاکو خۆیانو چەکیان

ئەسلیمی سوپای بەرزیکانی بوون • لە سەر ئەمەشا حوسنەوی لای ئاشتیی گرتووەو لەگەڵ رکن الدولة شا ڕێك کەوتوەتەوە •

لەم بەینەدا ( عضد الدولة )و ( بەختیاری )ی بۆیەهی کـــە ئامۆزای یەکتری بوون بۆ سەندنی تەختو تاج تێك هەڵچوون لە ٣٦٣هـ–٩٧٣مدا •

حوسنەوی سڵی لە عضد الدولة ئەکرد • لەبـەر ئـەوە یـارمـەتیی بەختیاریدا • هەرچەندە بەشەڕەکەیانا نەگەیشت • دیسان بە کوڕەکانیـا قۆلە سوپایەکی بچووکی بە یارمەتی بۆ بەختیار نـارد ، کـــەچی لەوەدوا دەرکەوت کە بەختیار ناتوانێت ڕوو بەڕووی عضد الدولة هەڵوەستێت • لەبەر ئەوە ( بەختیار ) وازی لە دەعوای خۆی هێنا لەسەر ئەوە لەشکری بەرزیکانیش بەرەو وڵاتی خۆی گەڕاوەتەوە •

لە دوای ئەم ڕووداوە حوسنەوی پادشـــایەکی بەئیـــدارەو دوور ئەندیش بووە • ڕەوشتێکی بـەرزی هـەبووە ، بەشـــێکی گـەورەی کوردستانی لەژێر حوکمدا بووە • زابی گەورە ســـنووری شـــیمالی دەوڵەتەکەی بوو ، شاری ( سەرماج ) پـایتـــەختی بووە • لـــە دەوری حوکمڕانیی ئەم خانەدانەدا ئەم شارە پەیدا بووە • دینەوەر ، هەمەدان ، نەهاوەند ، هەولێر شارانی ناوداری ئەم دەوڵەتە بوون •

**ناصر الدولة امیر بدر :**

لە دوای باوکی شازادە بدر بووەتە حوکمداری بەرزیکانی • هـەر ئەو ساڵە لە ڕۆژاوای هەولێردا ئەم پادشایە چەنـد قـــەڵایـــەکی زەوت کردووە • بۆیەهییەکان لە دەسەڵات زیـادی دەوڵـــەتی بەرزیکانی زۆر ئەسڵەمینەوە • لە هەموویان زیاتر عضد الدولة ویستی ئەم دەوڵەتی کوردە لەناو بەرێ • بۆیە جارێ کەوتووەتە تەدبیری ڕێك کەوتنو یەك گرتـن لەناو خۆیانا • کەچی بەرامبەر ئەم تەهلوکەیە بـۆ بـەدبـەختیی کوڕانی

حوسنەوی بوون بە ناحەزی یەکتری • ئەمانە حەوت برا بوون ، نەیان ئەزانی ناکۆکی‌یەکەیان خۆشیان‌و حوکوومەتەکەشیان لەناو ئەبات •

جا عضد الدولة ئەم ناکۆکی‌یەی بە هەل دانا • لەشکرێکی گەورەی نارده سەریان • ئەم سوپایە هەمەدانی گرت • بەشێك لە لەشکری بەرزیکانی جیا بووەوە تێکەڵ سوپای عضد الدولة بووە • ئەو حەلە بەئاسانی نەهاوەندو سەرماج یشیان داگیر کرد • بەرەکەت دا ئەمیر بەدر خودی خۆی دۆستی عضد الدولة بوو•عضد الدولة ئەیویست حوکوومەتی بەرزیکانی بەدەست ئەمیر بەدرەوە بێت • لەبەر ئەوە دوای ڕووداوەکانی لای سەروو بە ئەمرێکی عضد الدولة ئەمیر بەدر کرایەوە بە سەرداری بەرزیکانی‌و خەلاتیشی کرد • ئەمجا ئەوانەی هاو فکری ( بدر ) نەبوون لە کوڕانی حوسنەوی‌و ئەو سەردارانە کە بە دیل گیرابوون لەوەیش هەموو کوژران • بەم تەرحە حوکوومەتی بەرزیکانی بە جارێك سەربەخۆیی نەما کەوتە ژێر حوکمی بێگانە لەڕووی ئاژاوەی ناو خۆیانەوە •

میر بەدر تا عضد الدولة ژیاوە هیچ سەرپێچی نەکردووە ، وە لە شەڕو داوادا بە کۆمەکی یەوە چووەو خەراجیشی بۆ ناردووە • بەلام کە عضد الدولة مرد ئەمجا بووبە ژێر دەستی فخر الدولەی برای عضد الدوله • چونکە ئەیویست ئیدارەی دەولەتەکەی بگێڕێتەوە دەست خۆی لەسەر ئەمە شرف الدولەی کوڕی عضد الدولة لەشکرێکی قورسی ناردوەتە سەر لەشکری کورد بە سەرداری‌ی ئەمیر بەدر لای ( قرمسین = کرماشان ) لەگەڵ دوژمنا کەوتووەتە شەڕ • بەدر بە فێڵێکی مەردانە لەکاتی حەسانەوەدا هەڵمەتی بردوەتە سەر لەشکری شرف الدولة زۆر خراپ شکاندوویەتی لە ٣٧٧هـ ٩٨٧م دا •

ئەم سەر کەوتنە بووەتە هۆی ژیانەوەی شەوکەت‌و شانی

حوکوومەتی بەرزیکانی • میر بەدر لەمەولا دەستی کردووە بە داگیر کردنی وڵاتەکانی کوردستان • ئەم ئەمیرە عاقڵە لە شەڕو هەرای سەردارەکانی بۆیەهی‌دا زانیبووی کە ئەبێت لەم هەڵەدا بێ بەش نەبێت • لەبەر ئەوە لە هەموولایەکەوە دەستی کردووە بە داگیر کردنی سەرزەمینەکانی چوار دەوری خۆی • لە جەنووبەوە سنووری حوکوومەتەکەی گەیاندە سەر ڕووباری ( کەرخا )و شاری ( خورڕەم ئاباد )ی گرت • هەموو وڵاتی کرماشان‌و شارەزووری هێنایەوە ژێر چنگی خۆی • ئەمیرەکانی بۆیەهی خوا خوایان بوو ئەمیر بەدر دۆستیان بێت • خەلیفەی عەبباسی لە ٣٨٠هـ ٩٩٠م دا عینوانی ( ناصر الدولة والدين )ی داوە پێ‌ی •

بەڕاستی ئەمیر بەدر حوکمدارێکی زرنگ‌و تێ گەیشتوو بوو • وە نەبێ هەر لە مەیدانی شەڕا بە کردو بزان بووبێت ، بەڵکو لە بەجێ هێنانی عەدالەت‌و خێر خواهی بۆ خەڵق‌و ئاوا کردنەوەی مەملەکەت‌و پێش خستنی ماڵی مسکێنیشەوە شۆرەتی بە هەموو لایەکا ڕۆیشتووە • مێژوو نووسەکان هەموویان مەدح‌و ئەنای ئەکەن •

ناصر الدولە بەدر شاە تا ساڵی ٤٠٠هـ ١٠٠٩م بێ هەراو پشێوی ، بە سەر بەخۆیەکی تەواو حوکمڕانی‌ی کردووەو ئەمەش بووەتە هۆی خێرو بەرەکەت بۆ وڵات‌و خەڵك • بەم هۆیەوە ملەتی بەرزیکانی بە تەواوی بەخۆیا هاتووە •

بەڵام داخی گرانە ئەم خۆشی‌یە لەم کاتە بەدواوە گۆڕاوە • (هیلال)ی کوڕی بەدر بەگژ باوکیا چووەو ئاژاوەی خستووەتە وڵاتەکەوە • بەدر شاە دوو کوڕی بوە ( عیسی )و ( هیلال )یان ناو بووە • باوکیان ئەبوو عیسای خۆشتر ویستووە بۆیە هیلالی کرد بە حاکمی ( سامغان )و

له خۆی دوور خستەوە • بەڵام هیلال لەوێ لەگەڵ حاکمی شـارەزوورا تێکچووە • هەر چەندە باوکی هەڕەشەی لێ کرد کاری نەکـردووە • ئاخری کار ئەمیر هیلال بە لەشکرەوە چووەتە سەر شارەزوورو داگـیری کردووە • باوکی ئەم هەڵمەتەی بە یاخی گەری داناو لەگەڵ هیـلالـدا کەوتە خراپە ئەو حەلە هیلالیش بە دزی‌یەوە دەسی کرد بە تـەفرەدانو هاندانی ماقوولانی بۆ ئەوەی باوکی نەناسنو بە پارەی زۆر ئاخری‌یەکەی تەفرەی داون • بەمە زۆر کەس لە باوکی تـەکیوەتەوە • وای لێ هـات لەشکریان بەرامبەر یەك وەستان لە قاپی‌ی دینەوەردا • تەنانەت گەلێـك سەرکردە لەگەڵ تاقمە کەیا لەکاتی شەڕا چووەتە لای هیلال • ئـەمجـا سوپای هیلال هەڵمەتی بردووە ، باوکیشیو لەشـــکرەکەشی پێچـاوەو هەموویانی بە دیل گرتووە •

بەڵام هیلال دەربارەی ئەم دیلە شـــەریفانە وەکو باوکی بێ دێڵی‌ی نەکردووە بەڵکو پیاوەتی‌ی نواند لەگەڵیان • لەسەر ئـەوە ئـەمیر بـەدر چارەی نەما • حوکوومەتی بۆ هیلال تەرك و خۆی کەنارگیر کرد •

تومەز میر بەدر بە دڵێکی باش ئەمەی نەکردبوو ، بەڵکو چاوەڕوانی هەل بوو کە تۆڵە بکاتەوە لە هیلال • بۆیە لە ژێرەوە کـەوتە تەفرەدانو وەرگێڕانی سەرکردەکان تاکو ئاژاوەی خستە ناوچەکانەوە بەدر ئەوەندە قینی هەڵسابوو ( بهاء الدولة )ی دەیلەمی‌ی مەلیکی عیراقیشی هاندا کـە بێت ولاتەکە زەوت بکا • بەم تەرحە بێ مروەتی‌یە بێگانەشی هێنایە سـەر نیشتمانەکەیو کەیانی دەوڵەتەکەی‌دا بەدەستیەوە •

بەم جۆرە لەشکری بێگانە هاتە سەر ولاتەکەو شەڕ هەڵگیرسا • لـە ئەنجامی ئەم ڕووداوەدا واقعاً میر هیلال بە دیل گیراو خرایە بەندی خانەی بهاء الدولەوە • بەڵام باوکیشی هەموو گەنجو جەواهێری دەوڵەتەکەی لـە

کیس چوو شارەزووریشی لێ سەندرا • جا میر بەدر بەم چەشنە بووەتەوە بە سەرداری حوکوومەتی بەرزیکانیی ڕەقو تەق •

ناصر الدولة امیر بدر : تازە ئەیویست حوکوومەتە بەدبەختەکەی زیندوو بکاتەوەو بێژێنێتەوە • جا لە ٤٠٥هـ دا چووەتە سەر میر حوسەین کوڕی مەسعوود ناو سەرۆکی کورد لە قەڵای ( کۆسجد ) • بەدر شاە ئەم قەڵایەی پێچاوە ئەو دەمەش زستان بووە لەبەر سەرماو سۆڵە لەشکرەکەی لێی یاخی بوون • لەوانە چەند سەربازێك هەڵمەتیان بردە سەر میر بەدرو کوشتیان •

**ڕەوشتو ئیدارەی میر بەدر :**

ئەم حوکمداری کوردە ٣٠ ساڵێك پتر بە سەربەخۆیی کیشوەری بەرزیکانیی ئیدارە کردووە • بە ئاشکرا پیشەو خوڵقیو ڕەوشتی باشی بووە • زۆر خێرەوەمەند بووە • هەمووساڵێك کۆمەڵێك پارەی لە ڕێی حەجدا خەرج کردووە • بۆ ئیدارەی دەوڵەت هەموو ساڵێك بە ئەمری ئەو میزانیە کراوە • واریداتو مەسرەفی حوکوومەتەکەی لەسەر تەرتیبێکی ڕێكو پێكو عادڵانە ڕێك خستووە • تا لەگەڵ هیلالی کوڕیا تێك نەچووبوو ، مەملەکەتەکەی زۆر جوان بەڕێوە بردووە • لە سیاسەتی ماڵو ئابووریو ئیداریی وڵاتەکە مەلیکێکی دانابووە • لەبەر ئەوە خوارو ژووری وڵات ئاواو خەڵك حەساوەو تێرو تەسەل بووە • ئاخەزێنەکەی بە تاڵان نەچووبوو هەمیشە ( یەغدانی دەوڵەت ) پڕ لە زێڕو زیو بووە ، بەتایبەتی لە ئومووری کشتو کاڵی وڵاتەکانی ئەپرسیەوە • بۆ پێش خستنی کشتو کاڵو سەربەستیی زاریع هەوڵی ئەدا • ئەوی کەمتەرخەمیی ئەکرد سزا ئەدرا • سەردارێکی ئازاو ڕەزم ئارا بووەو لەشەڕا بە ئارەکو بە تەرتیب بووە • ئەوەندە هەیە لە ڕووداوەکەی هیلالی کوڕیا هەموو ئەم شتە باشانەی بە باد داوە • هەر بۆ خاتری تۆڵە لەو

کوڕە ئازایەی بکاتەوە هۆشی سیاسەت‌و بیری دەوڵەت پارێزیی لەسەرا نەماوە ! لەبەر ئەوە لە دوای خۆی شەوکەت‌و ناوبانگی حوکومەتی بەرزیکانی ڕووی کردووەتە نوشوستی‌یەکی ئەوتۆ لەکاتی مردنیا ئەم حوکوومەتە سامداره لە قەڵانەت کەوتووە ، بووبوە ئەمارەتیکی ناڕەحەت‌و پڕ ئاژاوە ٠

## هەواڵی دوایی

لە دوای کوشتنی ( ناصر الدولة امیر بدر ) ئاژاوە کەوتە کیشوەری بەرزیکانی‌یەوە ٠ عەشیرەتەکانی تەرە بوون‌و خۆیان خستووەتە پەنای ئومەرای دەیلەمی‌یەکانەوە ٠ هەر چەندە ( طاهر ) کوڕی میر هیلال کەوتووەتە داوا گەری‌ی تەخت‌و تاج‌و چووە بەگژ ( شمس الدولة )ی بۆیەهی دا ٠ بەڵام لە شەڕا شکاو بەدیل گیراو خرایە بەندیخانەی هەمەدانەوەو بەمە بەشی زۆری خاکی بەرزیکانی کەوتووەتە دەست شمس الدولەوە ، ئەگەرچی لەسەر ئەمە ( سلطان الدولة ) کوڕی بهاء الدولەی مەلیکی بۆیەهی‌ی عیراق لەڤینی شمس الدولة میر هیلالی لە بەندیخانە بەردا کە بچێت سەرزەمینەکانی بەرزیکانی داگیر بکاتەوە ٠ بەڵام ئەو بیرە کەڵکی نەمابوو ، چونکە لەشەڕا هیلال کوژراو لەشکرەکەی پەرژو بڵاو بووەتەوە ( ٤٠٥هـ ) ٠

لە دوای ئەمانە ( شمس الدولة ) بەو مەرجە لەپاشانا سەرکێشی‌ی تیا نەکرێت هات میر طاهیری کوڕی هیلالی لە بەند بەرداو ناردیەوە سەر وڵاتی بەرزیکانی ٠ ئەم سەرداره لە دوای ئەم ڕزگاری‌یە خەریك بوو شتێکی تازە پێکەوە بنێت ، وە بۆ ئەم مەبەسە چووە بە گژ ( ابو شوق ) ناو سەرۆکی عەشرەتی ( عناز )ی کوردا ، کەوا لە ناوچەی شارەزووردا ئەمارەتیکی کوردی پێکەوە نابوو ٠ ( میر طاهر ) ئەبوو شەوقی لە شەڕا

شکاندو ئەو مەڵبەندەی داگیر کردەوەو لە پاشا بووە بە زاوای ئەبوو شەوق‌و لەگەڵیا ئاشت بووەتەوە • کەچی لە دوای ئەم ئاشتی‌یە ئەبوو شەوق میر طاهیری کوشتووە • جا بەم ڕووداوە خانەدانی حوسنەوی دوایی هاتووەو سەرزەمینەکانی بەرزیکانی دابەش کراو بەشێکی لەگەڵ شارەزوورا بە ئەمارەتی ( عەناز )ی کورد بڕاوە ئەگەرچی ئەمیر دەیسم کوڕی ( ابو الغنائم ) ناو برازای حوسنەوی کە دوا پیاوی خانەدانەکە بوو لە ناوچەی زەهاودا خەریك بوو لە قەڵای ( کاسان )دا خۆی بگرێت ، بەڵام هیچی پێ نەکراوە • ئەویش لەناو چووە لە ٤٠٦ هـ دا[١] •

## ٤ - حوکوومەتی ئەییووبی

بنیاتی ئەم حوکوومەتە نەتەوەی ( کورد ) لە کیشوەری میصر دایناوە • لە دوایدا وڵاتانی ( یەمەن )و ( سووریە )و ( فەلەستین )و بەشی جەنووبی خۆر هەڵات لە کوردستانی ئەنادۆڵیشی خراوەتە سەرو بووەتە یەکەمین دەوڵەتی گەورەی ئەوکاتە • مایەو جەوهەری دەوڵەتەکە ئیسلامەتی‌و پشتیوانیش کوردو عەرەب بووە • کە فەرتەنەی ئەهلی صەلیب لە ئەورووپا ڕووی دا ئەمانە وەك هار ڕوویان کردووەتە خۆر هەڵات ، سووریەو فەلەستینیان بلیشاندەوە • وا ڕێکەوت لەو کاتەدا کوردەکان ئەم حوکوومەتەیان پێکەوە نا • لە ئیسلامەکانا کوردەکان بەرامبەر ئەم دوژمنە دڕندەیە وەستان‌و کەوتنە بزووتن • سەردارو ماقووڵانی کورد داوێنی مەردایەتی‌یان کردووە بەلاداو ئیسلامەتی‌یان زیندوو کردووەتەوە ، ئەگینا لەلایەن ئەورووپایی‌یەکانەوە هەر ئەوکاتەکەیانی ئیسلامیەت لەناو ئەبرا •

چونکە ( ئەهلی صەلیب ) کوتوپڕ کە دەستیان وەشاند خەلیفەی

---

(١) تەماشای بەرگی دووەمی مێژووی کوردو کوردستانی امین زکی بکرێت •

ئیسلامی‌ی ( قاهیره )ش‌و عەبباسی‌ی بەغداش کە پشت‌و پەنای ئیسلامیەت بوون دەستەوسان دانیشتبوون ، هیچ زیندوویەتی‌یەکیان نەنواند • بەڵکو هەر ئەتابوکی زەنگی‌ی مووسڵ‌و کوردەکان بەرامبەر ئەم دەست درێژی‌یە خۆیان نەگرتووەو بازووی مەردانەیان لێ هەڵمالیوەو پڕیان داوەتە صەلیبی‌یەکان تەفرو توونایان کردوون‌و نەیانهێشتوون جێ گیر بن •

جا ئەو سەردارە بێ هاوتایە کە بەرەنگاری ئەم ڕووداوە بووە ، سوڵتان ( صلاح الدینی ئەیووبی )ی کوردە ، کە بناغەی دەوڵەتی ئەیووبی‌ی داناوەو لە مێژووی میللەتانی خۆرهەڵات‌و خۆراوادا بە بزورگی ناوی نووسراوە •

## سەر گوزەشتەی پەیدا بوونی ئەم دەوڵەتە

باپیرەی صلاح الدین ( شادی ) کوڕی ( مروان )ی ناوە • یەکێک بووە لە ماقوولانی خێڵی ڕوادی کەلکێکی گەورەی تیلی ( هازبەنی )یە لە ناوچەی هەولێردا دانیشتووی شاری ( دوێن ) بووە • وا دیارە پیاو ماقووڵی ئەو ناوە خەیاڵی گەورەیی‌یان لەسەرا هەبوە ، چونکە ناوبانگی حوکوومەتی ( شەددادی )ی کورد کە لەو ناوەدا پەیدا بوو بوو هێشتا لە بیر نەچووبووەوە • وا زانراوە کە ( شادی ) لە بنەڕەتا خەڵکی گوندی ( ئەجدانکان ) بووە ، لە دوایدا لەگەڵ ( ایوب )و ( شێرکۆ )ی کوڕانیا هاتوونە شاری ( دوێن ) ، لەوێ بووەتە دۆستی ( بهرۆز )ی ڕۆمی ناو پیاو ماقووڵێکی سەلجووقی‌یان • لە دوایدا ئەم کابرایە چووەتە بەغداد لەوێ دەسەڵاتی پەیدا کردووە ، ئەوسا ( شادی )ی بانگ کردووەتە لای خۆی‌و کردوویە بە سەرکارو ناردوویەتە ( تەکریت ) کە بۆی ئیدارە بکا • لە دوای بەینێک شادی لەوێ مردووە ، ئەمجا ( نجم الدین ایوب )ی کوڕی دانراوە لە جێی • لەم بەینەدا ( عماد الدین زەنگی ) ئەتابەکی

مووسڵ چووە بەگژ بادشای سەلجووقیداو ( نجم الدین ایوب ) کە میوانداری عماد الدینی کردووە حوکوومەتی بەغدای لێ زویر بووە • لەسەر ئەمە بە خاوو خێزانەوە تیکریت‌یان بەجێ هێشتووە چوونەتە مووسڵ • ئەڵێن ( صلاح الدین ) لەم کاتەدا لەدایك بووە ( ٥٣٢هـ ـ ١١٣٧م ) • عماد الدین بەرامبەر ئەم دوو برایە وێڵی‌ی نواندوە لەلای خۆی دای مەزراندوون‌و فرمانی گەورەی پێ سپاردوون •

جا ( جەنگی صەلیب ) کاتێك لەمەوپێش هەڵگیرساوە لە ١٠٩٥م دا ، هێرشی لەشکری ئەورووپای مەسیحی بەناو خوێن‌و وێرانەدا خۆی گەیاندبوە خۆرهەڵات • سووریەو فەلەستینی عەرەبی داگیر کردووە • لەوێ لەسەر لاشەی موسوڵمانەکان چەند حوکوومەتێکی بچووکیان پێکەوە ناوە •

مولووك‌و ئومەرای عەرەب نەهێزیان تیا بوو نەزیندوویەتی • لەناو ئیسلاما کوردەکان‌و عەرەبی مووسڵ کەوتبوونە تەقەلای تۆڵە کردنەوە لە ئەهلی صەلیب‌و دەر کردنیان لە وڵاتی ئیسلام • عمادالدینی زەنگی ئەتابەگی مووسڵ کە ( لەلە )ی شاهزادەکانی سەلجووق‌و بەرەگەز تورك بوو لە شیمالی عیراقا حوکوومەتێکی بە هێزی پێکەوە نابوو بووبوە سەرداری ئەم بیرە بەرێزە یەعنی صەلیبی‌یەکان بخرێنە بەحرەوە • جا ئەم شاسوارە بەنرخە بەپێ‌و شوێنی ئەم خەیاڵەدا بەلەشکری کوردو عەرەبەوە ڕووی کردوەتە سووریە ، شاری بەعلەبەکی داگیر کردووە • نجم الدین ایوبی کردووە بە حاکمی ئەوێ ( ٥٣٤هـ ) • بەڵام کە عماد الدین مرد پشێوی کەوتە ناو کوڕەکانیەوە ، ئەوسا ( دیمەشق )ی یەکان ویستیان بەعلەبەك بسێننەوە ، لەسەر ئەمە نجم الدین أیوب بەسەلیقەی سیاسی‌ی خۆی لەگەڵ دیمەشقی‌یەکان ڕێ کەوت‌و چووە شام ، لەوێ بووە سەرکردەی سوپاکەیان • شێرکۆی براشی کە لە

مووسڵدا مابوەوە بە سایەی زرنگیو زیرەکیی خۆیەوە لەوێ بووەتە سەرداری سوپای سوڵتان ( نور الدین )ی کوڕی عماد الدین کە بووبوە جێ نوشینی باوکی • جا ئەم سوڵتان نور الدینە لە باوکیەوە بیری بەگژ ئەهلی صەلیبا چوونی بە میرات بۆ بەجێ مابوو •

لە شەڕی دووەمی ئەهلی صەلیبدا نجم الدین ایوب زۆر بە مەردی شاری شامی لە هەڵمەتی لەشکری صەلیب پاراستووە ، ئەم سەردارە ماقووڵە ئەیزانی تا شامو مووسڵ یەك نەگرن هێزێکی وەها پەیدا نابێت بتوانێت بەرامبەر لەشکری صەلیب بوەستێت • لەبەر ئەوە لەگەڵ سوڵتان نورالدیندا بیریان یەکی گرتەوە • توڕڕەی شام خراوەتە سەر حیمایەی نورالدینەوە• نجم الدین خۆیشی بووە بە حاکمی دیمەشقو ( شێرکۆ )ی برایشی بووەتە سەرداری سوپای ئەوێ •

## پێگەیشتنی میر صلاح الدین

صلاح الدین بە منالی لە خزمەت باوکیا گەورە بووە • تەمەنی هەرزەکاریی لە بەعلەبەكو لەشام بە خوێندنو سواریگەری ڕابواردووە• باوکی مامۆستای تایبەتیی لە زانایانی وەخت بۆ ڕاگرتووە • قورئان ، صەرفو نەحو ، عیلمی حەدیث ، مێژوو ویێژەو ئینشای پێ فێر کراوە • زانینی فەقێیەتیشی خوێندووە • هەرەتی جەهێڵیی لە شامدا ڕا بواردووە• زیرەکیو زرنگیو بڕشتی بیرو هۆشی هەر ئەو دەمە دیاری داوە • صلاح الدین ئەچوە بارەگای سوڵتان نور الدین ، ناو بانگی زیرەکیو ئەدەبو دینداریتیی بلاو بووبوەوە • جوانێکی هۆشیار بووە • زۆر جار سوڵتان نورالدین یاریی ( گۆیین )ی لەگەلا ئەکرد • لە خزمەت باوكو مامیا زۆر جار چووەتە جەنگو شەڕ • سوارچاکێکی ئازاو لەبیری لەشکر گێڕیدا سەرئەفراز بووە•سوڵتان نورالدین حەیرانی زیرەکیو بیرجوانیی ئەم قارەمانە بوو •

لەم کاتانەدا حوکوومەتی فاطیمی‌ی میصر ئێجگار کز بووبوو • دوو بەرەکی‌و ناکۆکی‌ی پیاو ماقوولانی حوکوومەتەکەی خستبوە گێژی لـــە ناوچوون • سولتان نورالدین ئاگاداری ئەم کارە ساتانە بوو • نجم الدین أیوب وەزیری نورالدین ، اسدالدین شێرکۆش سەرداری سوپاکەی بوو• ئەمانە لە نورالدینیان گەیاندبوو ئەگەر میصر بکەوێتە ژێر دەســەڵاتیان و حوکوومەتێکی بەهێزی تیا دانێ ئەوسا ئەتوانن حوکوومەتـەکانی ئـەهلی صەلیبی سووریە بپێچن‌و لەناویان بەرن •

جا کە ( شاور ) وەزیری خەلیفەی میصر داوای کۆمەکی لە سولتان نورالدین کرد ، زانی‌یان ئەو هەلەی کە ئەیانویست بۆیان هــەڵکەوت • نورالدین خێرا شێرکۆی بە لەشکرەوەی نارد بۆ میصـــــر لە ( ٥٦٠هـ ١١٦٤م ) دا • ئەمیر ( صلاح الدین )یش بە سەرکردەیی قۆڵە سوپایـەك لەم لەشکرەدا لە خزمەت مامیا بووە ، چونکو مامی لەتێبینی‌و تەدبیرو ڕای برازاکەی زۆر ئەمین بوو • تومەز ( شاور ) ئەمە کۆمەکەی بۆ ئـەوە ئەویست کە ( ضەرغام )ی ناحەزی لەناو بەرێت • جا شێرکۆ گەیشـتە میسر ، لە شەڕا ضەرغام کوژراو لەشکرەکەی شکاو قاهیرە زەوت کرا •

لە دوای ئەمانە ئەنجا شاور بۆ لە ناوبردنی ( شێرکۆ ) کەوتووەتـە تەقەلاو موئامەرە کردن • ئەمیر ( صلاح الدین ) لەسەر فەرموودەی مامی هەندێك شاری میصری گرت • لە سەر ئەمە بە ڕەزامەندی‌ی هــەردوولا وەها ڕێك کەوتوون کە هیچ کامێکیان سوپا نەنێرن بۆسەر میسر • لەســەر ئەم بڕیارە لەشکری شێرکۆ میصری بەجێ هێشت‌و گەڕایەوە شام • کەچی شاوری فێڵباز لە ژێرەوە لەگەڵ فەڕالی قودسدا ڕێك کەوت کە بەدزی‌یەوە سوپایەکی بچووك بنێرێت بۆ میصر • ئەم سایەبانێتی ( حمایە )ی سـوپای صەلیبە لەسەر میصر بۆ حوکوومەتی شام زۆر خراپ بوو • لەبەر ئـەوە

سوڵتان نورالدین لە گەڵ شێرکۆ بڕیاریان دا کـــە میصـــــــر بگرنو ڕەزامەندیی خەلیفەی عەبباسیی بەغدا شیان جێ بەجێ کرد •

ئەوسا شێرکۆو صلاح الدین بە لەشکری تازەوە چوونە ســــەر میسر • لەگەڵ سوپای صەلیبیی قەڕالی قودسدا کەوتـــە موبـــارەزەی جەنگ • لە سایەی ئیدارەو تەدبیرە جوانەکـــانی صـــلاح الدیـــنو ئازایی یەکانیەوە لەشکری صەلیب زۆر خراپ شـــکا • لـــەدوای ئەم سەرکەوتنە لەشکری شێرکۆ ئەمجارە ( ئەسکەندەریە )شی داگیر کرد •

شێرکۆ ، صلاح الدینی کرد بە فەرمانڕەوای ئەم قەڵا گەورەیــە • ئەمە سفتاحی حوکمڕانی صلاح الدین بوو • لەشکری قودس بە یارمەتیی شاور هێزی تازەی بۆ هات ، ئەمجا چوونە سەر اسکندریەو پێچایانەوەو لە دەریاشەوە ئەستۆلیان بۆهات • ئەمجا جەنگ قورس بوو • لەم شەڕانەدا ئەمیر صلاح الدین قارەمانێتیی نواندو اسکندریەی پاراسـت • ئـازاییو هۆشیاریی یەکی بێ هاوتای نواند •

شێرکۆش بە جیا ئاوی داوەتە ســەر قاهیرە • بەمانــە ترس کەوتــە دڵی دوشمنەوە ، لەناوانا داوای ڕێکەوتنیان کرد • ئەنجامی کار هەردوولا بەئاشتی لە میصر چوونە دەرەوە • کەچی ئەم ئاشتی یەش درۆزنانە بوو • قەڕالی قودس لەگەڵ لەشکرا هاتەوە سەر میصرو شاری بەلبیس گــرت ، کوشتارێکی زۆری لەخەڵکی شارەکە کرد • ئەمجا خەلیفـــەی فاطیمی پرچی ئافرەتانی خۆی بەهاوارنامەیەکەوە نارد بۆ سوڵتان نورالدین ، تکای یارمەتیی لێ کردووە • لەسەر ئەمە سێیەم جار لەشکری نورالدین بــە سەرداریی شێرکۆو صلاح الدین هاتووەتە میصر • بڕیاری ئەمجارەیــان بە تەواوی زەوت کردنی میصر بوو • قەڕالی قودس ( ئەملەریك ) کــە ئەم هەڵمەتو کوتووبڕەی دی وە زانی کە میصری یەکانیش دۆســتو

سوێند خواریانن ، نەیتوانی بوەستێت بە سوپاکەیەوە گەڕایەوە قودس ( ١١٦٩م ٥٦٤هـ ) •

ئەوسا میصری یەکان لەگەڵ خەلیفەدا هاتن بەپیر لەشکری شامەوە شاوری دوودڵیشیان لەگەڵ بوو • کەچی لە دوای ئەمە شاور لە ژێرەوە خەریك بوو بە فێڵێکی ناپاکانە سەردارانی کورد لە ناوبەرێت • هەموو کەس دڵ پیسی ی شاوری زانیبوو ، لەبەر ئەوە بە فەرمانی ( صلاح الدین ) لە کاتی ڕاوا گرتیانو ناردیان بۆ خەلیفەی ( عاضد ) ، ئەویش فەرمانی دا کوشتیان • بەم تەرحە ئەم ناپاکە لەناو برا کە لە پێناوی ڕقەبەریدا ئەیویست میصر بدات بە فەرەنگەکان • لە دوای ئەمە خەلیفە عاضد اسد الدین شێرکۆی کرد بە وەزیرو خەڵاتی کردو ناوی نا مەلیك مەنصوور ( ئەمیری سوپا ) •

کەچی زۆری پێ نەچوو شێرکۆ ئەمری خوای کرد لە ( ٥٦٤هـ ١١٦٨م )دا •

## وەزارەتی امیر صلاح الدین

لە دوای مردنی مامی ، ئەمیر صلاح الدین لەجێ ی ئەو کرا بە وەزیر ، چونکە لە ناو سەردارەکانا کەسی تر نەبوو ئەو شوێنە پڕ بکاتەوە• خەلیفە ناوی ( الملك الناصر المظفر صلاح الدین یوسف ابن أیوب ) • سوڵتان نورالدین یش کردی بە ( سوپاسالار )ی میصر • مەلیك ناصر ئەو کاتە لە تەمەنی **٣٢** ساڵیدا بوو • لە دوای نواندنی کارامەیی سیاسیی و لەشکر گیری گەیشتووە تە ئەم پایە بەرزە •

ئینجا لە دوای ئەوە ناردی بە دوای باوكو کەسو کاریا بردینە میصر • بەڕاستی صلاح الدین لە سیاسەتا زۆر باڵا بوو • لە ئیدارەی

فرمانی دەوڵەتا بە هەڵە نەئەچوو ، وە پەلەی مەسلەحەتی خۆی نەبوو • بۆ ئەوەی دڵی میصری یەکان خۆش بکات ئیشی چاکی بۆ ئەکردن • خۆی کە سوننی مەزهەب بو دەسی لەفرمانی مەزهەبی میصری یەکان نەدا کە شیعی مەزهەب بوون ، تەنیا فەرمووی بە خوێندنەوەی ناوی ( نورالدین) لە دوای ناوی خەلیفەی میصر لە خوتبەدا ، ئەمەش سیاسەتێکی ماقووڵو دلسۆزانە بوو بەرامبەر گەورەی خۆی وەفای بەجێ هێناو پاشە ڕۆژی خوێندوەتەوە •

لەم دەورەدا مەلیك ناصر لەشکری صەلیبی لە ( دەمیاط ) دەر کردو شاری ( عەقەبە )شی زەوت کرد کە سەرە ڕێگای حەجاج بوو بۆ میصر • بەمانە پایەو نرخی صلاح الدین لای میصری یەکان زۆر بەرز بووە وەو ناوبانگی ڕۆیشت • صلاح الدین بە چاوێکی وریا ناحەزەکانی خۆی ئەدۆزی یەوە ، لە ناوی ئەبردن • لەشکری ( سودانی ) کە یاخی بووبوون تەفروتووناى کرد • بەوە وڵاتی ( نۆبە )ی بۆ ( میصر ) ساغ کردەوەو ئەمیر ( عادل )ی برای کرد بە حاکمی ئەوێ • بینەوە سەر ڕەفتاری ئەهلی صەلیب کە وازیان لە میصر نەئەهێنا • دوو بارە هاتنەوە سەر ( دەمیاط ) بەڵام هیچ خۆیان نەگرت شکان • ئەمجا مەلیك ناصر خۆی دەسی کرد بە پەلاماردانی فەلەستین ، یەعنی جەنگی لە میصرەوە بردە ئەوێ •

ئەنجا گۆڕانی باری عەسکەری و سیاسی بەم جۆرە لای میصری یەکان شتێکی عاجباتی بوو • دەمێك بوو لەترسی فەرەنگ خەڵکی میصر ئارامی نەبوو • بەڵام دەستی پۆڵایینو بلیمەتی سەرداری کورد ژیاندبوونیەوە • ئەوسا میصری یەکان بە دڵو بە گیان تەسلیمی صلاح الدین بوون •

لە دوای ئەم سەرکەوتنە جوانانە ئەمجا صلاح الدین دەسی کرد بە تەدبیرو ڕای فرمانی سەربەخۆیی بۆ خۆی • ویستی مەزهەبی سوننی یەتی بخاتە میصرەوە بۆ ئەم مەبەسە دوو ( حوجرە ) یەعنی دوو ( مەدەرسە )ی

گەورەی ئایینی کردەوە یەکێکیان ( ناصریە )و ئەوی تریان ( کاملیــە )ی ناونا • لە مانەدا بەرنامیجی مەزهەبی شافیعی بەجێ ئـەهێنرا • هـەرچی ( قاضی ) شیعە هەبوو لە میصردا نەیهێشـــت لەجێی ئەوانــە قاضی ( شافیعی )ی دانا !

لە دوای ئەمانە ئەنجا کۆمەڵێکی شـــوورای لە پیـــاو ماقووڵ کۆ کردەوە پرسی پێ کردن کە پێویستە خوتبە بە ناوی خەلیفەی عـەبـاسی بخوێنرێتەوەو بۆ ئەمەش بڕیاری پێ دان •

بە کورتی : صلاح الدین بۆ ئەم جۆرە ئـاڵو گۆڕی سـیاسی‌و ئیداری‌ی قورسانە لە میصردا بیری خەڵکەکەی خووساندبوو • لەم کاتانەدا خەلیفە عاضد نەخۆش بوو صلاح الدین نەیهێشـــت ئەمانە بیبەتەوەو وا ڕێکەوت لە پاش چەند ڕۆژێك خەلیفەش بە سەرا مرد لە ٥٦٧ هـ دا کەچی صلاح‌الدین ئەم مردنەی لا خۆش بوو چونکە مردنی‌خەلیفەعاضد لەم‌کاتەدا بۆ ڕاگرتنی مابەینی سوڵتان نورالدین‌و صلاح الدین قازانجی نەبوو ، بەڵکو دوودڵی‌ی هێنایە پێشەوە ، چونکە لە لایەکەوە صـلاح الدین وەزیـــری خەلیفە عاضد بوو ، کەچی لەولاوە سوپا سالاری نورالدین بوو •

مەلیك ناصر بۆ دڵخۆش کردنی میصری‌یەکان هـەرچی گـــەنج‌و سامانی سەرای خەلیفەکانی فاطیمی هەبوو بەسەر پیاوماقووڵانی میســـرا دابەشی کرد • نێرو مێی مرۆڤەکانی خانەدانی خەلیفەی لێك جیا کردەوە بۆ ئەوەی زاوو زێیان تێکەڵ نەبێت ( ٥٦٧هـ ١١٧١م ) •

لە دوای مردنی عاضد مەلیك ناصر بوو بە حوکمداری سەربەخۆیی میصر • قاهیرەی بە قەڵا قایم کردو بەکۆشك‌و سەرا ڕازاندیەوە ، بـەڵام باری سیاسەتی لە خوتبەدا هیچ نەگۆڕی • ناوی سوڵتان نورالدین هـەر وەك جاران ئەخوێندرایەوەو سکەی پارەی میصر بـە نـاوی ئـەوەوە لێ

درا ، سەرەڕای ئەمانە دیاری یەکی زۆر گرانبەهاشی بۆنارد • سولْتان صلاح الدین ئەیویست تا نور الدین ببێنێت لانەدا لێی ، بەلاّم هیچ حەزیشی نە ئەکرد بە خزمەتی بگات لەبەر ئەوە هەمیشە خۆی لێ لائەدا •

هەندێك سەردارو ماقوولانی کە حەزیان لە صلاح الدین نەئەکرد، دلّی سولْتان نور الدینیان لێ کرمێ کردبوو ، وایان تێ گەیاندبوو کە صلاح الدین لە سەودای سەربەخۆیی دایە ، بەلاّم صلاح الدین قەت ڕێی نەداوە کە ناحەزی لەوەوە داکەوێت • بەلاّم هەرچی نور الدین بوو متمانەی نەمابوو ، لە هەل ئەگەڕا کە بیکا بە بیانوو کە صلاح الدین لە میصر لابەریت • ئەوەندە هەیە لە بێ تالیعی سولْتان نور الدین لای ( جزیرە )وە هەمیشە ئاژاوەی بو پەیدا ئەبوو • لەبەر ئەوە نەی پەرژاوە ئەم دوو دلّی یەی دەروونی خۆی لە تەك صلاح الدینی بە وەفا ئاشکرا بکات • ئەوەندە هەیە کە سولْتان نور الدین قافەزی ئیطاعەت و تابیعەتی لە صلاح الدین وەرگرت • ئینجا فەرمانی دا کە بە لەشکری میصرەوە بچێت بۆ فەلەستین تا پێکەوە بچن ( قودس ) بگرن • بەلاّم لەڕێ صلاح الدین باسی نەخۆشی ی باوکی بۆ هات ، لەبەر ئەوە گەڕایەوە میصر • لەسەر ئەوە سولْتان نور الدین زۆر زویر بوو ویستی بە لەشکرەوە بچێتە سەر میصر داگیری بکاو صلاح الدینیش عەزل بکات ، بەلاّم ( ئەجەل ) نەیهێشت لەو ڕۆژانەدا مرد ( ٥٦٩هـ ١١٧٣م ) •

لەم بەینەدا سولْتان صلاح الدین هیچ ئارامی نەبوە ، خەریکی ڕێکخستنی میصر بوو ، وە تارەکانی سوپایەکی گەورەی بەدەستەوە بوو • هێشتا نورالدین نە مردبوو کە تا شاری (قابس) هەموو (طرابلوسی غەرب)و ( تونس )ی داگیر کرد لە باکووری ئەفەریقیا • تووران شای برائی ناردووە بۆ یەمەن ، ئەویشی خستووەتە ژێر دەسەلاّتی خۆیەوە •

صلاح الدین پشتی بە نەتەوەی ( کورد ) قایم بوو • تیە سوپای فورسی لە ( کورد ) بوو • ئەو کاتەی وڵاتەکانی داگیر ئەکرد • قۆڵە لەشکری کورد لە سۆرانی‌و هەکاری‌و میرانی‌و حەمیدی‌و زەرزاری‌یەکان پۆلی هەرە بە جەرگ‌و بەکاری سوپا گەورەکەی بوون • سەرداری ئەم کۆمارانە وێنەی بەرزو بەشەوکەتی بارەگاکەی بوون •

بە کورتی : سوڵتان صلاح الدین دەوڵەتێکی زۆر بە دەسەڵاتی ئەو دەورەی پێکەوە نابوو ، وە خۆشی پادشای بەکارو بەسامی ئەو دەوڵەتە بوو • لەدوای مردنی سوڵتان نور الدین هیچ قورتێک نەمابوو ڕێگای سەربەخۆیی لە سوڵتان صلاح الدین بگرێت • ڕێکەوت وای هێنا بوو حاکمیەتی خۆرهەڵات‌و سەرداریتی‌ی ئیسلام کەوتبوە عۆدەی سوڵتان صلاح الدینەوە ، چونکە منالەکانی سوڵتان نور الدین‌و سیف الدینی حاکمی مووسڵ‌و پادشای سەلجووقی‌ی ڕۆم هیچیان لەوانە نەبوون کە بتوانن لە ڕووی صلاح الدین‌دا وەرگەڕێنەوە •

پێویستە ئەوەش بزانرێت کە صلاح الدین نەی ئەویست لەگەڵ ئەم حاکمە موسوڵمانانەدا یەك بگرێت تاکو حوکوومەتەکانی ئەهلی صەلیبی ئەو ناوە لە ناو بەرێت • جا ئەم بیرو باوەڕی شاهانەیە بنچینەی سیاسەتی لەمەو دوای سوڵتان صلاح الدین بووە هەتا مردن لەسەر ئەوە ڕۆیشتووە •

مەلیك صالح اسماعیل کوڕی سوڵتان نور الدین کە چووبوە سەر تەختی باوکی یانزە ساڵان بووە ، لەبەر ئەوە سەردارەکان‌و خزمەکانی کەوتبوونە سەودای سەربەخۆیی بۆ خۆیان • ( سیف الدین )ی ئامۆزای ناوچەی مووسڵ‌و جزیرەی بڕ دابوو بۆ خۆی سوڵتان صلاح الدین لەسەر ئەم پاشا گەزدانی‌یە قافەزی بۆ نووسین‌و لۆمەی کردن • کەچی ئەمیرەکان لە جیاتی‌ی گوێ گرتن بەرامبەر سوڵتانی کورد ، لەگەڵ قەڕاڵی فەرەنگی‌ی قودسدا یەکیان گرت • بەڵام صلاح الدین ئەیزانی باری دنیا بۆ خۆی

باشە چونکە لەگەڵ پشێوی‌ی ئیدارەی مەلیك صالح اسماعیل‌دا منالکاری‌ی قەڕالی قودس تینی لە پەیمانەکەیانا نەهێشتبوو • جا صـــلاح الدین بـەبێ هەڵەشە کردن لە لایەکەوە بۆ جەنگ ئارەکاتی ئەکردو لەو لاشەوە قاقەزی ئیخلاصی بۆ مەلیك صالح ئـەنووسی‌و لە میصـــرا خوتبـەی بەناویەوە ئەخوێندەوە •

ناکۆکی‌ی ماقوولان‌و کارگێڕانی مەلیك صالح وای کرد کە خەڵکی شام پەنا بەن بۆ صلاح الدین • بەم جۆرە ئاواتی صـــلاح الدین بـەجێ هات • بۆ ئەم مەبەسە ڕەزامەندی‌ی خەلیفـەی بەغـــدادیشی وەرگرت • لەدوای ئەمانە ئەمجا صلاح الدین بە سوپاوە بەجۆلی تەیهو فەلەســتین‌دا تیەڕی کرد گەیشتە شام ( ٥٧٠هـ ) •

خەڵکی ئەم ولاتانە زۆر بەکەیف خۆشی بە پیریەوە چوون ، چونکە هەموو کەس هیوای بەو بوو کە ئیسلامیەت لەدەس فەرەنگ ڕزگار بکات• کە هاتە شام ماڵێکی زۆری دەس کەوت ، گشتی دابـەش کرد بەســـەر خەڵکا •

صلاح الدین بە هەموو جۆرێك وای ئەنواند کـــە بۆ ڕزگـــاری‌ی مەلیك صالح هاتوونە ئەوناوە • جا بەم تیژی‌ی بیرو زرنگی‌یە تـاق‌و تـەرا ئومەرا نەبێ هەموو خەڵکەکەی کردبوو بە دۆســـتی خۆی • لـــە دوای ڕێکخستنی ئیش‌و کاری شام بە سوپاوە ڕووی کردوەتە حەلەب‌و حومص‌و حەمای گرت‌و شاری حەلەبی پێچاوە • قەلای حەلەب زۆر قایـــم بوو ، پێچانەکەی درێژەی کێشا ، ( کومەشتەکین )ی حاکمی حەلەب کە مەلیك صالحی لە پەنادا بوو هەندێك فیدایی نارد کە سوڵتان صلاح الدین بکوژن بەڵام فیدایی‌یەکان خۆیان گیران‌و کوژران • دیسان بە فێڵ‌و دەلەسەی ئەم کابرایە مەلیك صالح لەگەڵ حاکمی فەرەنگی‌ی تەرابولس ( ڕیمۆند ) ناوا

یەکی گرت‌و داوای کۆمەکی لە حاکمی مووسڵ ( سـیف الدین )ی ئامۆزاشی کرد •

صلاح الدین بۆ تارەکانی گەورەتر گەڕابووەوە ( شام ) ، کە دەنگی هاتنی سوپای دوژمنی بیست بۆ ئەوەی خوێن لـە بەینـا نەڕژێت داوای ئاشتی‌ی لێ کردن ، بەڵام مەلیك صالح ڕێ نەکەوت • لەسـەر ئەوە لای شاری حەما شەڕێکی قورس قەوما • لەشکری صلاح الدین سەر کەوت‌و دوژمن پەرێشان بوو ، وەتا حەڵەب ڕاوی نان • جا لەوێدا هـەموویانی پێچا • قۆڵی سیف الدین بەرەو مووسڵ ویستی خۆی دەرباز بکا ، بـەڵام لەشکری سەرکەوتوو لە کۆڵی نەبووەوە ، هەرچەند سیف الدین شەڕێکی تریشی کرد کە دوژمن بوەستێنێت بەڵام خراپتر شکا • دیل‌و تالانێکی زۆر دەسی لەشکری مووسڵ کەوت‌و ئەو ناوچەیە بۆ سوڵتان صلاح الدین ساغ بووەوە ، ئەمجا بۆ زەوت کردن حەڵەب سەغڵەت کرا • لەسەر ئەمە بـە هەندێك شەرت ئاشتی دروست کرا •

هەر شاری حەڵەب‌و چوار دەوری شارەکە بۆ مەلیك صالح مایەوە • ئیتر هەموو سووریە بە سوڵتان صلاح الدین بڕا ( ٥٧٠هـ – ١١٧٤م ) •

لە دوای ئەم ئاشتی‌یە سوڵتان گەڕایەوە شام ، لەوێ خەڵاتی خەلیفەی عەباسی‌ی بۆ هات • بەناوی خەلیفەوە بوو بە خاوەنی میصرو شـامو ناویشی بوو بە سوڵتان ، وە لەو ڕۆژەوە لە سکەو خوتبەدا ناوی مـەلیك صالح هەڵگیراو بە ناوی مەلیك ( ناصر یوسف ایوب )ەوە ناوی صلاح‌الدین لە جێ‌یان دانرا • لە دوای ئەمانە هەرچی تالانێك هەبوو بەسەر سـوپـادا دابەش کرا •

# دەوری سەڵتەنەتی صلاح الدین

سوڵتان صلاح الدین ئیش و کاری سووریەی دامەزراندو ( توورانشا )ی برای کردە وەکیلی خۆی و لەگەڵ سوپاکەیا گەڕایەوە میصر • لەوێ قەڵاو شوورەی قاهیرەی تەواو کرد • ئەمجا ئاڵای سوڵتان صلاح الدین کە ( هەڵۆ )یەکی سوورە لەسەر زەمینی زەرد هەڵکرا ئیستەش لەسەر دیوارێکی ئەو قەڵایە ڕەسمی ( ئاڵا ) کە ماوە • لە دوای ئەمانە ئەمجا بەجێ هێنانی فرمانە گرنگەکە هاتە پێشەوە ئەویش نەهێشتنی ئەهلی صەلیبە کە بڕیار درا لە وڵاتی ئیسلام دەر کرێن • حوکوومەتە وردەڵەکانی صەلیبی سووریەو فەلەستین لە کردەوەکانی سوڵتان صلاح الدین زۆر ترسابوون ، ئەیان زانی ئەم پادشاهە شاسوارە بیری وایە کە ئەوان دەرکاو لە ناویان بەرێت •

لەبەر ئەوە خۆیان ویستیان دەس پێشکەری بکەن نەیەڵن موسوڵمانەکان بحەسێنەوە • بۆیە لە دوای گەڕانەوەی سوڵتان بۆ میصر هەڵمەتیان بردە سەر شامو بەعلەبەك ئەو ناوەیان وێران کردو تاڵانەکەیان بردو زۆریشیان لە خەڵك کوشت وەیا بە دیل گرت •

بەبۆنەی ئەم هاوارەوە سوڵتان پەلە پەلی کردو بە سوپایەکی بچووکەوە لە ( ٥٧٣هـ ـ ١١٧٧م ) دا هات ، ئەیویست بێ شەڕ کردن بچێتە شام ، بەڵام فەرەنگەکان لای ڕەملە ڕێیان لێ گرت و عابازی بوون ، لەم جەنگەدا لەشکری میصر شکا • تۆزێکی مابوو سوڵتان خۆشی لەناو بچێت و گەلێك دیلیشیان دابوو بەدەستەوە کە ئەمیر عیسای حەکاری یشیان لەناوا بوو ، تەنانەت لە دواییدا سوڵتان بە پارە کڕی یەوە لە فەرەنگەکان • ئەمجا فەرەنگەکان لە سووریە کەوتنە دەست وەشاندن • موسوڵمانەکان یان زۆر تەنگە تاو کرد • لەسەر ئەمە سوڵتان صلاح الدین لەگەڵ سوپایەکی

ئەستوورترا لە میصرەوە هات بۆ سووریە • فەرەنگەکان کە ئەمەیان بیست ترسیان کەوتە دڵەوە ، دەسیان کرد بە قایم کردنی سنوورەکانیان • لــە دوای ئەمە ئەمیر فەڕروخشای برازای سوڵتان لەشکرێکی قەڕاڵی قــودسی شکاند • ئەختێکی مابوو قەڕاڵی قودس بە دیل بگیرێت •

ئیتر هەرای سووریە چووبوە تەحری شەڕی ئایینی‌یــەوە • قــەڕاڵی قودس بۆ تۆڵە سەندن بە لەشـــکرێکی زۆریەوە لــە ( برج العیون )دا جەنگێکی خوێن ڕێژانەی لەگەڵ سوپای سوڵتان صلاح الدین کرد ، بەڵام خۆیان پەرێشان بوون • گەلێك حاکمی ناودارو پیاو ماقووڵیان لێرەدا بــە دیل گیرا ( ٥٧٥هـ - ١١٧٩م ) •

لە دوای ئەمە قەڵای بەناوبانگی ( بیت یعقــوب )یش گیراو تێــكو مەکان درا • لەسەر ئەمە فەرەنگەکان زۆر ترسانو داوای ئاشتی‌یەکی دوو ساڵەیان کرد لە سوڵتانو ئەویش قوبووڵی کرد •

سوڵتان ئەیویست موسوڵمانەکان هەموو ڕێك بکەون تاکو بەهێز بن ، ئەوسا بە ئاسانی ئەتوانن فەرەنگەکانی ئــەهلی صــەلیب لەو نــاوە دەر بەرێنن • لەبەر ئەمە سوڵتان بۆ پێکهێنانی ئەم نیازە موبارەکە لەم کاتــەدا زۆر هەوڵو تەقەلای داوە تا بەشێکی نیازەکەی بەجێ هێناوە • لە لایەکی تریشەوە ئەیویست ئیشو کاری کوردەکان ڕێك خا • فرمانی ( جزیرە )و ( بۆتان ) ساغ بکاتەوە ، چونکە هیوای گەورەی بە بازووە قــەوی‌یەکانی تیرە بوو • ئەیزانی بیناغەی شەوکەتی دەوڵەتەکەی بەمان ئەســـتوور ئەبێت ، لەبەر ئەوەی کە ئەمان لە گیانو خوێنی خۆی بوون •

بەرەکەت دا تەقەلای سوڵتان بە خۆڕایی نەچوو • گــەلێك ئومەرای ئیسلام سەریان بۆ سوڵتان دانەواندو شوێن نیەتە بەرزەکەی کەوتن • دوو ساڵ پەیمانیان لەگەڵ کرد لە ٥٧٥هـ - ١١٨٠مدا •

حاکمەکانی مووسڵو جزیرەو هەولێرو حسن کێفو ماردینو سوڵتانی ڕۆم وقەڕالی ئەرمەن تێکەڵاوی ئەم پەیمانە بوون کە تا دوو ساڵ شەڕ لەگەڵ یەك نەکەن • بەم جۆرە لە ناو موسوڵمانەکانا جەنگ بۆ دووساڵ وەستا • جا لەڕووی ئەم سەرکەوتنانەوە ناوبانگی گەورەیی سوڵتان بە ناو وڵاتانی گوێ ( دەریای ڕەش )و ( خەلیجی فارس )و ( دەریای سپی )دا بڵاو بووەوە • توانای بەکار هێنانی زوربەی هێزی ئیسلامەتی بەرامبەر بە فەرەنگ پەیدا کرد • ئەوسا سوڵتان صلاح الدین فەرڕوخ شای برازای بەسەر شامەوە بەجێ هێشتو لە ٥٧٦هـ دا بە دڵێکی خۆشەوە گەڕایەوە میصر •

لەم کاتەدا حاکمی فەرەنگی ( کەرەك ) بە پێچەوانەی مەرجی ئاشتی کاروانێکی ئیسلامەکانی ڕووت کردەوە • سوڵتان لەمە زۆر ڕقی هەڵسا • جگە لەمە سەرکردەکانی سووریەو جزیرەش هەندێك ئاڵو گۆڕیان تێ کەوتبوو شیرازەی ئیدارەکەیان تێکدابوو •• سەرۆکە تازە قەڵاکانو فەرەنگەکان خەریکی ئاحەزی کردن بوون لە ضیددی سوڵتان لەسەر ئەمانە ( شاهسواری ) ئیسلامیش بە تارەکانی لەشکر گەڕی یەوە خۆی ئەخلافاندو چاوەڕوانی تەواو بوونی ماوەی ئاشتی یەکەی ئەکرد • کە ماوەی ئاشتی تەواو بوو ، بە سوپایەکی بڕ تارەکانی گرانەوە سوڵتان لە میصرەوە بەرەو سووریە کەوتووەتە ڕێ • ( تاج الملوك بوری ) برای بە بارگرانی سوپاکەیەوە پێشەکی ناردی بۆ شام ، خۆیو لەشکرەکەش بەدەم تاڵان کردنی وڵاتی فەرەنگەکانەوە لە ٥٧٨هـ - ١١٨٢م دا گەیشتە شام •

لە گەڵ فەرەنگەکانا ڕێگای ئاشتی نەمابوو • کاتی بەجێ هێنانی ئاواتی لە ناو بردنی ئەم بێگانە ئاپین دوشمنانە هاتبوو • لەبەر ئەوە وردە وردە دەسی کرد بە شپرزە کردنی فەرەنگەکان • شاری ( بیسان )ی داگیر

کرد • لەشکرێکی تری نارد ، لە وشکانی‌و لە دەریـــاوە ( بێرووت )یان ێنجا • خۆشی چوو بۆ سەمتی جزیرە لەوێ سنجاری گرت • تیە لەشکری کوردی ئەو ناوەی شوێن خۆی خست‌و چوو ( دیاربەکر )یشی گـــرت‌و گەڕایەوە ( حەلَب )یشی خستە ژێر دەستی خۆیەوە ( ٥٧٩هـ - ١١٨٣م )•

بە تەمای ئەوەی فەرەنگەکان لەناو بەرێت ، ئیسلامی ئەو کاتە ئـەم جۆرە کردەوانەی صلاح الدینیان زۆر لـەلا خۆش بوو • کـــەس نەی ئەتوانی سەرپێچی بکات • عالەمی ئیسلامی ئەو حەلە صلاح الدینی بـــە سەرداری هەرە گەورەی خۆی دانابوو ، تەنیا موسڵ نەبێ ئیتر گشـــت وڵاتانی جزیرەو سووریەو فەلەستین ئیسلامی لەژێر فەرمانیا بوو • تەنیـــا هەر مەراقێکی مابوو ئەویش دەرکردنی فەرەنگەکان بوو •

فەرەنگەکان چونکە ئەیانزانی صلاح الدین خەریکی چی‌یە ، لەتاوا ئەوانیش ئارامیان نەمابوو • کەوتبوونە تەقەلای دوژمنایەتی لـــە گـــەڵ ئیسلامەکانا • بۆیە لە هەموو لایەکەوە ئاگری جەنگ بڵێســەی دابـوو • پۆل پۆل بە لەشکرەوە ئەهاتنە سەر وڵاتی ئیسلام ، تاڵانیان ئەکردو ئەیـان سووتاند • تەنانەت جارێکیان حاکمی ( کەرەك ) تۆزێکی مابوو شـــاری ( مەدینەی مونەووەرە ) زەوت بکا • سوڵتانیش لەشکری ئەناردە ســـەر گاورەکان زۆر شپرزەی ئەکردن • لەســـەر ئەمانە فەرەنگەکـــان داوای ئاشتی‌یان کردو سوڵتانیش قەبووڵی کرد چونکە لەو کاتەدا حاکمی موسڵ کە لەلای خۆی ئیسلام بوو لەباتی‌ی یارمەتی دان ئاژاوەی ئەنایەوەو هەرای ئەخستە کوردستانەوە • جا لەبەر ئەوە سوڵتان چارەی نەما ویستی جـارێ ناوچەی کوردستان ساغ بکاتەوە ، بۆیە داوای ئاشتی‌ی فـــەرەنگەکـــانی لەگوێ گرت •

حاکمی موسڵ کە ئەمەی دی ترسا • ویستی رێك بکەوێ ، بـەڵام سیاسەتی سوڵتان بە جۆرێکی تر بوو ، ئەیویست دەوڵەتێکی ئیســـلامی‌ی

بەرزی بە چفگ پێکەوە بنێت • دەوری بڵندو بەرزی ئیسلامەتیی جاران بژێنێتەوە • لەبەر ئەوە بەم جۆرە ڕێکەوتنە سووکانە ( بەڵێن ) نەئەبوو • بۆیە بە سوپاوە چووە سەر مووسڵ ، دەوری شارەکەی پێچاو لەشکری نارد ( میافارقین )یشی داگیر کرد ، کەچی لە بەختی چاکیی حاکمی مووسڵ لەم کاتەدا سوڵتان تووشی نەخۆشی بوو ( ١١٨٥م – ٥٨١هـ ) • سوڵتان چارەی نەما گەڕایەوە ( حەڕڕان ) ، لەبەر ئەم تەگەرانە ئیتر سوڵتان لەسەر سزا کردنی حاکمی مووسڵ نەڕۆیشت ، بە شەرتەکانی لای خواروو ڕازی بوو ، وە دەستی لێ هەلگرت ، وەکو :

کوردستانەکەی باکووری مووسڵو جزیرە بۆ سوڵتان مایەوەو حاکمی مووسڵ ڕازی بوو کە بەناوی صلاح الدینەوە خوتبە بخوێنێ ، وە هەر بە ناوی ئەوەوە ، سکەی پارەش لێ بدات • بەم جۆرە فرمانی ئەو ناوە بڕایەوەو سەرداری ئیسلامیش گەڕایەوە شام ( ٥٨٢هـ – ١١٨٦م ) •

## سوڵتان صلاح الدینو ئەهلی صەلیب

سوڵتان کەئیشو کاری سووریەو جزیرەی بڕییەوەو ئاگری ناکۆکیی ئومەراکانی کوژاندەوەو کردنی بە فرمانبەری خۆی ، بۆی گونجا کە هێزە پەرشو بڵاوەکەی ئیسلام بۆ ئاواتە بەرزەکەی بەکار بهێنێ ، کە ئەمانە جاران لە بەربەرەکانیی ناو خۆدا خەرج ئەکرا •

سوڵتانی ئیسلام ئەمجا بە تەواوی بڕیاری دا کە شاری قودس بگرێتو ئەهلی صەلیب لە فەلەستین دەربپەڕێنێت • ئەمجا بڕوای بەهێزی خۆی کرد کە ئەتوانێ ئەم ئەرکە قورسە هەر چلۆنێک بێت بەجێی بێنێ •

لە ناو سەردارەکانی فەرەنگدا کە فەلەستینیان بە دەستەوە بوو ئەو کاتە ناکۆکیو دووبەرەکی ئەوەندە قایم بوو بۆ ئەوە ئەشیا کە

موسوڵمانەکان مەترسی یان لێ ئەکەن • حاکمی تەرابولس کە (ڕیمۆند )ی ناو بوو ئەیویست حوکم بکا بەسەر قودسا وە بۆ ئەم مەبەسە کابرا داوای کۆمەکی لە سوڵتان کرد • لەسەر ئەمەشا سوڵتان نەی ئەویست لەپێش تەواو بوونی ماوەی پەیمانەکەدا لەلای خۆیەوە ئاشتی بشکێنێت • خواوپراستان ئەم کردەوە ناشیرینە فەرەنگەکان خۆیان کردیان • ئەمجارەش حاکمی ( کەرەك ) کە ناوی ( ڕینۆڵە ) بوو کاروانێکی گەورەی ئیسلامی داماڵی ، هەموو شت و مەکە کانی بردن و کاروانچی یەکانیشی بە دیل گرت و توخونی ئاینیشیان کەوتن • سوڵتان کە ئەم هاوارەی بۆ هات زۆر سەغڵەت بوو ، سوێندی خوارد کە ئەگەر ڕینۆڵدی دەس کەوێ بەدەستی خۆی بیکوژێ • جا لەسەر ئەمە بانگی ( جهاد )ی دا بۆ سەر فەرەنگەکان •

سوڵتان لە ئاقار شاری ( بوسرا ) بارەگای هەڵدا ، لە هەموو لایەکەوە لەشکر ئەهات و کۆ بووەوە • فەرەنگەکان ئەمەیان دی هەموو ئاشت بوونەوەو یەکەگیر بوون • سوڵتان لە بارەگادا شوورای جەنگی بەست • لە هەموو لایەکەوە پیاو ماقوولی ئیسلام ئەهاتن و مەجلیسیان ئەگرت • لێرەدا بڕیاری شەڕ درا لەسەر فەرەنگەکان کە هەتا هەناسەی دوایی بەگژیانا بچن • ئەمجا لەبەر دەمی سوڵتاندا سوپای ئیسلام تیپ تیپ بە ئیستیعراض ڕۆیشتن ( ٥٨٣هـ - ١١٨٧م ) • بۆ بەیانی لەشکری سوڵتان بەرەو دوژمن دەسی کرد بە بزووتن ، قەڵای ( طبریە )یان پێنچا • لەولاوە فەرەنگەکانیش خۆیان ئامادە کردبوو وە لەشکرێکی زۆریان گرد کردبووەوە • ئەوسا لەگەڵ لەشکری سوڵتانا شەڕێکی مێژوویی دەسی پێ کرد لەبەر ( حطین )دا • ئەو ڕۆژە دوژمن لە تینوانا پرووکەی تێ کەوت • ڕۆژی دوایی شەڕ کە دەستی پێ کردەوە لەشکری سوڵتان بە هەڵمەتی شێرانە دوژمنی شکاندو تەفرو توونای کردن • جا شکستی ( حطین )

بناغەی ڕووخانی حوکوومەتەکانی فەرەنگی فەلەستینە • ( دارعاسای پیرۆزی صەلیب ) لە ناو تالآنا دەس سوپای ئیسلام کەوتووەو ژمارەیەکی زۆر لە سەربازی سوپای صەلیب بەدیل گیراوە • مەلیکی قودس‌و براکەی وحاکمی کەرەك وە گەلێك لە ئەمیرو ماقوولانی تر لە ناو دیلەکانا بوون •

سولّتان لەپاش ئەوەی لە ڕووی ئومەراکانی فەرەنگدا کردەوە ناشیرینەکانی حاکمی کەرەکی هێنایەوە پێش چاوی ، بەدەستی خۆی کوشتی ، وە فەرمانی بە کوشتنی هەندێك خراپەکەری تریش دا لە گاورەکان • لە دوای ئەوە دیلەکانی تری بە قەدرو بەشیرینی ناردەوە بۆ شام واتە ( دیمەشق ) • لەمەولا لەشکری سولّتان پێی نایە فەلەستینەوە • فەرەنگەکان هێزیان تیا نەمابوو کە بەرامبەری بوەستن قەلآو شارەکان یەك لە دوای یەك ئەکەوتن • بە فەرموودەی سولّتان کردەوەی جوان دەربارەی ئەم لێقەوماوانە ئەکرا • زۆری پێ نەچوو ( عکا ) کەوت‌و تالآنێکی زۆر دەست ئیسلام کەوت • ئیتر وردە وردە شارەکانی قەراغ دەریا ئەگیران • بەلآم شاری ( صوور ) کە لەسەر جزیرەیەك بوو نەگیرا • کە پێویست بوو داگیر بکرایە ، چونکە ئەم نەگرتنە بۆ دواڕۆژ خراپەی هێنا بەسەر ئیسلامەکانا ، ئەوە بوو لە دوایدا کە جەنگی صەلیبیی سێهەم پەیدا بوو ئێرە بوو بە شوێنێکی ( ستراتیجی ) بۆ سوپای فەرەنگ ، کردیان بە مەلبەندی ئارام گرتن‌و بزووتنی لەشکرەکانیان •

سولّتان ئەمجارە ڕووی کردە ( عەسقەلان )و بە زۆر گرتی • ئیتر ( غەززە ، ڕەملە ، خەلیل ڕەحمان ، بەیت لەحم ) وە گەلێك جێگای تری گرت • ئەم هەموو داگیرکاری‌یە لەدوو مانگدا تەواو بووە کە سەرکەوتنێکی وا بەنرخ بۆ هەموو پادشایەك نەلواوە • ئەمجا ڕێگای ( قودس ) بۆ لەشکری ئیسلام کرابوەوە • سولّتان ئەیویست بەبێ زیان ئێرە بگرێت نەك شارەکە تووشی ڕووخان بێت • بە بیری ئینسانیەت

کاری‌یە دەستەیەك پیاو ماقوولی نارد بۆ شاری ( قودس ) داوای تەسلیم بوونی لێ کردن ، بەڵام فەرەنگەکان ڕازی نەبوون • ئەوسا لەشکر کشا بۆ سەر شاری ( قودس ) وە لە گشت لایەکەوە دەوری درا • ڕۆڵەی کوردو عەرەب لە چەند ڕۆژێکا پلنگ ئاسایی شوورەی شارەکەیان دڕی فەرەنگەکان کە تێ گەیشتن بە کوشت ئەچن کەوتە ئامان خواستن ، ئەمجا تەسلیم بوون • ئەو حەلە مەجلیس گیرا • لە دوای گفتوگۆ بەو مەرجەی لەماوەی چل ڕۆژا فەرەنگەکان بە سەربەستی لە شارەکە بڕۆنو بۆ هەر پیاوە (١٠) دینارو بۆ ژن (٥) دینارو بۆ منالّ (٢) دینار سەرانەی ڕزگاری بدەن هەردوولا ڕێکەوتن وگفتیشیان دا کە جارێکی تر شەڕ نەکەن • جا بەم قەولو بڕی‌یە شاری قودس تەسلیمی سوڵتان بووە •

ئەو ڕۆژەی سوپای ئیسلام چووەتە شاری قودسەوە قاضی‌ی شام ( محي الدين ) کوڕی ( زکی ) ناو کە بە فەرموودەی سوڵتان هاتبووە ئەوێ خوتبەیەکی شادی‌ی داوە بۆ ئەو عەشامە کە لەوێ ڕاوەستاوە • لە سەرەتای خوتبەکەیا ئەم شیعرەی فەرمووە :

الحمد لله : ذلت دولة الصلب

وعز بالكرد دين مصطفى العرب

ئەو گاورانەی لە شاری قودس دەرچوونو ئیتر لە وڵاتی ئیسلاما نەئەمان تیپ تیپ بە بەردەمی بارەگای سوڵتانا تێپەڕ ئەبوون • لەم دەرچوونەدا سوڵتان لە گەلێکیان بووردووە • لە فەقیرو هەژارەکان فیدیەی نەسەندووەو لەسەر فەرموودەی ئەو سەردارە قەشەکان تا توانیویانە شتومەکی خۆیان بردووە •

مێژوو نووسی گاورەکان لە نووسینەکانیانا لەم ڕووەوە زۆر مەردانە ڕاستی‌یان وتووە لە پیاوەتی‌ی سوڵتان صلاح الدين زۆر قسەیان کردووەو

لەناو ئەوانا ناوبانگی زیاتر ڕۆیشتووە ، کەچی بەرامبەر بەمە کرداری گاورەکان دەربارەی موسولمانەکان هەمیشە خراپە کردن بووە • سولتان نزیك مانگێك لە قودسا ماوەتەوە ئیش‌و کاری ئەوێی ڕێکخستووە ، مزگەوتەکانی ژیاندووەتەوەو قوتابخانەکانی دامەزراندووەتەوە • لە دوای ئەمانە سولتان بە لەشکرەوە چووەتە سەر صوور لە بەرو دەریاوە پێچاویەتی ، بەلام چاری نەکرا وازی لێ هێنا • بەم جۆرە گاورەکان بۆیان لوا لەم قەلایەدا گرد بنەوەو بۆ شەڕێکی تازە خۆ کۆ بکەنەوە •

لەو لاوە ناوبانگی سەندنەوەی قودس لە لایەن موسولمانەکانەوە کە گەیشتە ئەورووپا ئاگری تعصب‌یان دوو بارە بلێسەی سەندەوە ، هەموویان بە جارێك بۆ تۆلە کردنەوە هەلسانە سەر پێ ، دراوێکی زۆریان کۆ کردەوە ناویان نا ( سەرانەی صلاح الدین )و لەشکرێکی بێ دادیان پێکەوە ناو لە هەموو لایەکەوە بەرەو خۆرهەلات هاتن بۆ فەلەستین • ئەمجارە پادشاکانیان سەردار لەشکر بوون • ئیمپەراتووری ئەلمان‌و مەلیکی ئینگلیز کە ( ڕیچاردی شێر دل )یان پێ ئەگوت‌و مەلیکی فەرەنسزو گەلێك ئەمیری ناودار هاوڕێی هاتنی ئەمجارە بوون ؟

سولتان گەڕایەوە شام ، چونکو ئەیزانی گاورەکان دێنەوە سەری • لەوێ دەسی کرد بە تارەکانی سوپاگەری • لە ( صوور ) بەو لاوە هەرچی قەلایەکی نەگیراوی فەلەستین مابوو گشتی زەوت کرد • لەدوای ئەمانە ئەمجا پێشایی لەشکری صەلیبیی سێیەم دەسی کرد بەهاتن ، لە ٥٨٥هـ دا •

جۆری سوپاگەریی سولتان گۆڕابوو ، لە پرکێشی‌یەوە کەوتبووە قایمکاری • باری گەردوون وای ئەگەیاند کە فەرتەنەیەکی خوێنڕێژیی گەورە ئەبێت • ئەو فەرەنگانەی کە بەرەلا بووبوون زوربەیان لە صورو لە تەرابولس‌دا بە پێچەوانەی قەول‌و پەیمانەکەیان چەکیان هەل گرتبووەوە •

ئەمانە هاتن دەوری قەڵای ( عکا )یان‌دا ، سوڵتان بە لەشکرەوە هات بۆ یارمەتی قەڵاکە .

ئەم پێچانە دوو ساڵ درێژ بووەوە . سوڵتان ئەی‌توانی دوژمن بشکێنێ‌و عەککا ڕزگار بکات ، کەچی لێرەشا دوو بارە کەمتەرخەمی کرایەوە . لەبەر ئەمە کۆمەکەکانی دوژمن هەمیشە بە ئاسانی ئەهات‌و لە عەککادا شەڕی خوێنڕێژانە ئەکرا .

گەلێ جار هێرشی لەشکری سوڵتان فەرەنگەکانی بە پاشا شکاندووەو کۆمەك چووەتە عەککاوە بۆ ئیسلامەکان ، بەڵام لەسەر ئەمەشا دوژمن نەبەزیوە دووبارە شارەکەی پێچاوەتەوەو قەڵای تازەیان بە دەوریا ئەکردەوە . زاتیان وەها زۆر بووبوو ئەمجا ئەوان پەلاماری لەشکری سوڵتانیان ئەدا .

باری ڕەزم ئارایی بڵاوەی بەهێزی ئیسلام کردبوو . تیپێك لەشکر بەرامبەر ( انطاکیە ) وەستابوو ، تیپێکی تریش لە تەرابولس شام بوو . لەشکرێکیش بۆ پاراستنی ( دمیاط )و ( ئەسکەندەریە ) لە میصر بوو . لەشکری گەورەش لە ( حزروبە ) دا دووراودوور بۆ یارمەتی ( عکا ) زستانی ڕا ئەبوارد .

سوڵتان لە نەبەزی دوژمن‌و سستی‌و خۆ لەشەڕ پاراستنی سەردارەکانی خۆی مەترسی‌ی دوا ڕۆژی کەوتبوە دڵەوە . لە ئاوا بۆ کۆمەك بە هەموو لایەکا نووسراوی ئەنارد . دوژمنیش لە دەوری عەککا زستانەکەی بە تارەکات کردن ڕابوارد . لە ( ٥٨٦هـ ) دا جەنگ داگیرسایەوە . ئوستۆلی میسر ئوستۆلەکەی دوژمنی شکاندو کۆمەکی گەیاندە عەککا . لەم کاتەدا بەرایی لەشکری ئەڵمان گەیشتە ئەدەنەو واڕێکەوت لەوێ ئیمپەراتوورەکەیان لە ئاوا خنکا .

سوڵتان کە ئەمەی بیست بە هیوای کۆمەك ناردن قافەزی بۆ

پادشاکانی ئیسلام نارد • کەچی هیچیان بەدەنگیەوە نەهاتن • بـەم جۆرە ئەم قارەمانی کوردو پشتیوانی ئیسلامە بەرامبەر بە لێشاوی ئەهلی صـەلیب بەهیوای یارمەتی‌ی خواو بازووی مەردانەی خۆی مایەوە • لەم بەینـەدا هەندێك لە شکری ئەلمان گەیشتبوە فەلەستین • ئەو حەلە دوژمن قۆلێکی خەریکی پێچان بوو ، قۆلەکەی تری پەلاماری سوپای سوڵتانی‌دا (٥٨٦هـ ـ ١١٩٠م ) • لە هەلمەتی سەرەتایدا ئیسلامەکان شکاون‌و هەندێکیان تـەرە بوون • بەلام ئەوی خۆی گرتبوونە شکابوو ئەمانە وەکو شێر خۆیان داوە بە دوژمناو شەق‌و پەقیان کردوون • مەیدانی جەنگ بە لاشـەی کوژراو داپۆشرابوو • دوژمن بەمە چاوی شکا • لەو لاوە لەشکری ناو عەککاش دەستی خۆی وەشاندو هەندێك قەلای دوژمنی ســـــووتاند • دووبارە لەشکرێکی تازە لە دەریاوە گەیشت بە فریای فەرەنگەکانا • ئەمانە ئینگلیز بوون لای عەککا دابەزین • سوڵتان کە ئەمەی دی گەڕایەوە ( حزروبە )• ئەو کاتە صەلیبی‌یەکان بە دڵێکی قایم دەسیان کرد بە هێرش کـــردن بـۆ سەر قەلاکانی عەککا • سوپای پێچراوی ناو قەلا مەردانە شەڕی ئـەکرد • زات‌و زۆری میر ( حسام الدین )ی سەرداری قەلای دوژمنی حـــەیران‌و سەرسام کردبوو ، سوپای ناو قەلاکە تەنگەتاو ئەبوون پەلاماری قولەکـانی دوشمنیان ئەداو ئەیان سووتان • وە تاویان ئەدایە سەر دوژمن‌و ئـەیـــان ڕاندنەوە بە پاشا •

کۆمەکی ئەهلی صەلیب دوایی نەئەهات • لە دەریاوە وەك هەڵقوڵێت هەمیشە لە هاتنا بوو • قەڕالی فەرانسز ( فیلیب ئۆگۆست )یش لە ٥٨٧هـ دا بە لەشکرێکی زۆرەوە گەیشتە بەر دەمی عـــەککا • زۆری پێ نـــەچوو قەڕالی ئینگلیزیش لە گەڵ دوایی لەشکرەکەیا گەیشتن‌و لە دەریا هاتنـــە دەرەوە • ئەهلی صەلیب ئەوەندە زۆر بووبوو سامیان لێ ئەکرا • لــــەم بەینەدا هەندێ کۆمەکیش بۆ سوڵتان هاتبوو ، لەسەر ( ئەوەشـــا )نـەی

ئەتوانی پارمەتی ( عەککا ) بدات • دوژمن لە بەڕو لە دەریاوە شـــارەکەی ئیجگار تەنگەتاو کردبوو ، برسێتیو نەخۆشی لە لایەکـــەوە وئاگـــری مەنجەنیقی دوژمن لە لایەکی ترەوە هێزی خۆ گرتنی لە شەڕ کەرەکانی ناو قەڵادا نەهێشتبوو • ئەم قەڵا پڕ شانو شەرەفی ئیسلامە دوو ســاڵ بــۆ خۆی لەبەر هەڵمەتی صەلیبەکانا گرتبوو ، بــە هیچ جۆرێــك وە لــە هیچ لایەکەوە کۆمەکی نەئەگەیشتێ • بەڕاستی کەلکی خۆ گرتن نەمابوو لــە قەڵاکەدا • لەبەر ئەوە بە ناچاری لە هاوینی ساڵی ٥٨٧ﻫ ١١٩١م دا بــە هەندێك شەرتو مەرج قەڵاکە خۆی دا بــە دەســـتەوە • یەکێــك لــەو مەرجانە ئەوەبوو کە دیل ناکوژرێت ، بەڵام لەو لاوە لە فەرەنگەکانا هیچ هۆشی ئینسانیەت نەمابوو ، چــەك دارو بێ چــەك وەك جانــەوەر هــەموو خەڵکی شارەکەیان کوشت • لەم خوێن خواری‌یەدا قەڕاڵەکانی ئینگلیزو فەرنسزیش بەشدار بوون لە مێژوودا دەنگ وا بلاوە لەم قەلاکەتەدا ٦٠ هەزار موسوڵمان لەناو چووە •

هێشتا عەککا نەگیرابوو کە بــەربــەرەکانێو ناکۆکی کەوتبوە نـــاو سەردارەکانی فەرەنگەوە • قەڕاڵی فەرەنسەو قەڕاڵی ئینگلیز ناخۆشی‌یان بوو • لەسەر قسەی ڕەقی مەلیکی ئینگلیز مەلیکی فەرەنسە تۆراو لــەدوای کەوتنی عەککا فەلەستینی بەجێ هێشت • بە کورتی ناکۆکیو تێکچوونی ئەمانە هێزو بەرۆشی فەرەنگەکانی سست کردبوو کە ئەمە بــە کــەڵکی ئیسلام هات •

لەمەولا سوڵتان لە گەڵ دوژمنا کەوتە جەنگی جەتەگەری‌یــەوە • دوورو نزیك کێشەی پێ ئەکردن • هەرچی لە سوپای صـــەلیب جیـــا بوایەتەوە لە ناوی ئەبردن • تەنانەت جارێکیان وەخت بوو ( ڕیچـارد )ی مەلیکی ئینگلیز بە دیل بگرێت • مەبەسیش لەمە ئەمە بوو کە فەرەنگەکان بێزار بنو فەلەستین بەجێ بهێڵن • جا ( ڕیچاردی شێر دڵ ) زۆر چاك

تێ گەیشتبوو کە سوڵتان صلاح الدین لە تێن ناکەوێت‌و بە درێژەی جەنگ بەیدەست ناکرێت • لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەم دوژمنە گەورەیە لەسەر جەنگ ڕۆیشتن کەڵکی نی‌یە • جا چ ئەم پەروایەو چ ئارەزووی گەڕانەوە بۆ بەریتانیا بە ئەنجام ڕیچاردی هێنایە سەر ئەوە کە ئاشتی خوازی لە سوڵتان بکات !

هەرچەند هیچ شتێك نەبوو کۆڵ بە سوڵتان بدات ، بەڵام بۆ ئەوەی ڕێی خوێن ڕشتن نەمێنێت‌و لەبەر دوور ئەندێشی‌ی تر ، سوڵتان قوبووڵ کردنی داوای ئاشتی‌ی بە باش زانی •

ئەنجا ( مەلیك عادل )ی برای سوڵتان‌و ( ڕێچارد ) بۆ گفتو گۆی ئاشتی یەکتریان بینی • لە دوای گەلێك هاتوچۆ وەها ڕێکەوتن کە ( ڕیچارد ) خوشکی خۆی بدات بە مەلیك عادل‌و خاکی فەلەستینی فەرەنگیش بە ناوی جیازی‌یەوە بدرێت بە خوشکەکەی‌و سوڵتانیش قودس بدات بە مەلیك عادل ، بەڵام قەشەکان بەم جۆرە ڕێکەوتنە ڕازی نەبوون • لەم بەینەدا سوڵتان خەریکی هەندێك فرمان بوو کە ئەگەر هاتوو جەنگ گەڕایەوە ، ڕێگای هەڵسووڕان لە دوژمن بگیرێت • لەبەر ئەوە ناردی ( عەسقەلان )و ( ڕەملە ) ، وە گەلێك جێگای تریان وێران کرد تاکو دوژمن لەو ناوەدا نەتوانێ بحەوێتەوە •

لەم کاتەدا هەندێك دەنگوباسی خراپی‌ی ناو بەریتانیا لە فەلەستین بڵاو بووەوە ئەمە لە لایەکەوە • لەولاشەوە بەربەرەکانی‌ی سوڵتانیش لە فەلەستین هیچ هیوای لە فەرەنگەکانا نەهێشتبوو • لەبەر ئەمانە مەلیکی ئینگلیز دووبارە تەنگەتاو بووەتەوە • مەترسی‌ی شکان‌و نەگرتنەوەی قودس هیوای ڕیچاردی هیچ نەهێشت • وڵات هەمووی وێران بوو • ئەم ڕووداوانە ئومەراکانی صەلیبیشی بە تەواوی بێزار کرد • لەبەر ئەمانە

( کۆگایەکی حەربی ) گیرا لەویدا بریاریان دا کە واز لـە قودس بێنن و بچنە سەر میصر •

ئەمجا ڕیچارد بە ناوی ئەهلی صەلیبەوە داوای ئاشتی ی لە سـولتان کرد لەسەر ئەوە لە ڕەملە مەجلیس گیرا • لە دوای گفتوگۆ کردن ڕێك کەوتن لەسەر ئەوەی کە ( یافە )ش بەدەست ئەهلی صـەلیبەوە بمێنێت • جا بەو جۆرە هەردولا جاڕی ئاشتی یان دا لە ڕەملە لە ۱۱۹۲م ۵۸۸هـ دا •

ئەمە بوو ئەنجامی سێ یەم سەفەری ئەهلی صەلیب • ئـەم چـەنــد صەد هەزار فیدایی یە کە بۆ گرتنی قودس هاتبوە فەلەستین و ئەیویسـت خوێنی هەموو ئیسلامی خۆرهەلات بڕژێنێت • کەچی بەرامبەر نەبەزی و تێکۆشەری ی بە جەرگی وەك سولتان صلاح الدین هیچی پێ نـەکراوە • تەنیا دوای لەناوچوونی دوو بەشی ئەم هۆردووە کینە لە دلە دوو شـاری گوێ بەحریان بەدەستەوە ماوە ، وە بەشی سێهەمیشی کـە گیانی ڕزگـار بووە بە سایەی ( گەمی )یەکانیانەوە خـۆیان دەرباز کردو گـەڕانـەوە ئەورووپا •

جا قارەمانی کوردو ئیسلام لەدوای جنگ وەشاندنێکی پێنج سـالە لەگەل لێشاوی دەم بەخوێنی ئەورووپایی یان ، بەشان و شەرەف گەڕاوەتەوە ( قودس ) ودەسی کردووە بە ڕێکخستنی فرمانی ولاتەکـە • ئـەوی ڕووخابوو تازەی کردەوە • مەکتەب و نەخۆشخانەی تازەشی دروسـت کرد ، وە بە ناوچەکانی ولاتا گەڕاوە چووەتە بەیرووت و لەوێشـەوە چووە شام • کەچی داخی گرانم ئیتر نەحەسایەوە دوای فەرمان دان بـۆ ئاوا کردنەوەی جێگا وێرانەکان نەخۆش کەوت •

**مردنی سولتان :**

سولتان پێنج شەش سالی لەگەل فەرەنگەکانا بێ ئـارام لـەجەنگدا بووە • ئەم ئەرکە دوورو درێژە شیرزەی کردبوو • لەسەر ئەوەشـا

مشووری فەقیرو هەژاری ئەخوارد مەشرووعی بۆ ئەدۆزینەوە کـــە لەبرسی‌یەتی ڕزگاریان بکات • جا بەم ئەرکە تازانە وەك لای ســـەرەوە وتمان نەخۆش کەوت ، ئەمجارە زۆر نەژیا لە ٥٨٩هـ - ١١٩٣م دا ، وە لە تەمەنی ٥٧ سالیدا ئەمری خوای بەجێ هێنا • مردنی سولتان صـلاح الدین بە بێ ڕیا عالەمی خستووەتە گریان • بەڕاستی زوربەی ئەم جۆرە پیاوە بەرزانە لە ناکاوو بێ وەخت لـەنـاو ئەچن • بـە مردنی کوتوپـڕی صلاح الدین‌و بەتایبەتی نەتەوەی کورد زیانێکی بێ دادیان لێ کەوتووە ، هەموو کەسێك ئەی سەلمێنێ کە صلاح الدین نەبوایە ئەهلی صەلیب کەیانی ئیسلامەتی‌ی لەناو بردبوو ، لە ئیسلامەکان زیاتر خەلکی ئەورووپا کـــە دوژمنی ئەون هونەرو خزمەتەکانی صلاح الدین ئەژمێرن‌و پەســـەندی ئەکـەن •

هەموویان بە یەك زمان ئەلێن ئەم شاسوارە بلیمەتە بوو نەیهێشـــت هیوای فەرەنگەکان بێتەجێ • ســـەرەڕای ئازایی‌یەکانی کە لـــە ڕۆژی شەڕا ئەی نواند ، بە ڕەوشتیش نموونەی کەرەم‌و ، وێنەی خولقی جوان‌و سەرچاوەی مەرحەمەت‌و دلسۆزی بووە • لە دوای مردنی بە سێ ســـاڵ بە فەرمانی مەلیك ئەفضەلی کوڕی نزیك مزگەوتی ( ئەمـەوی ) گۆڕێکی تازە دروستسکراوە ئەمجا ئێسکی ( سولتانی نەمر ) گواســـتراوەتـــەوە ئەوێ ، لەوێ ناشتوویانە کەوا مەرقەدەکەی ئێستایەتی لە شـــاری شام ( دیمەشق ) • صلاح الدین ١٧ کوڕو کچی بووە •

**ئەوصافی صلاح الدین :**

مەدح‌و ئەنای جوانی‌ی صلاح الدین تەواو نابێ ! بەکورتی یەکێکە لە پیاوە هەرە گەورەکانی‌مێژوو • لە کاتی شەڕا بەرامبەر دوژمن تونـدو بێ ئامان بوو ، بەلام لە کاتی ئاشتیدا بۆ رەعیەت دلســـۆزو بۆ دامـــاوو لێ‌قەوماو بە مەرحەمەت ، وە لە سیاسەتا دووربین‌و کارئاشـــنا بووە •

ناحەزی زۆردارو پیاو خراپ‌و خزمەت گوزاری بە دڵ‌و گیانی ئیسلامیەت بووە ، بەڵکو لەتەك دوژمنیشیا لە چاکە کردن دوا نەکەوتووە • کاتێك کە قراڵەکانی ئینگلیزو فەرانسە بە دوژمنایەتی هاتبوونە سەری ، کە پیستی نەخۆشن دوختەرو دەرمانی بۆ ناردوون •

لە لایەکی ترەوە پشتیوانی زانستی‌و زانین‌و زانا بووە • لەئیش‌و کاری دەوڵەتیدا بێ موشاوەرە کردن فرمانی نەکردووە • ئەنجومەنی زانستی‌و شوورای ناو خۆیی ئیدارەو کۆگای ڕاوو تەدبیرو ڕەزم‌و جەنگی جیا جیا بووە ، هیچ دەعیەی نەبوە • لەگەڵ فەقیرو هەژاردا بێ پەرواو زۆر بە سەربەستی ئەدوا •• حەزی لە دەبدەبەو دارا نەئەکرد • کە کۆچی دنیای کرد پارەو پووڵ‌و زەوی‌و زاری بەجێ نەهێشت • قیبطی‌یەکانی میصر نیگار ( ڕەسم )ی ( صلاح الدین )یان لە تەنشت کاسەی موقەددەسی دینی خۆیان داناوە لە کلیسەدا لەسەرەمەرگدا فەرموویەتی « کە مردم بۆ ئەوەی لە ڕۆژی قیامەتا شاهیدی غەزاکانم بێت ، شمشێرەکەم لە گەڵ خۆما بنێژن » •

خزمەتی بۆ ئاوەدانی : گەورەیی سوڵتان صلاح الدین هەر ئەوە نی‌یە کە لەشەڕدا قارەمانێکی نەبەزو ئازاو بەتین بووە ، بەڵکو لە فەرمان ڕەوایی‌شدا زۆرزان‌و سیاسی بووەو ، لەگەڵ ئەمانەدا وڵاتەکەشی بە بینای جوان ئاوا کردوەتەوە • لە هەموو لایەکی میصردا گەلێك بینای دروست کردووە بۆ قوتابخانە • لەوانە ئیستاش هەندێکیان ماوە بە ناوی دیوانی ئوستۆلەوە بینایەکی شاهانەی پێکهێناوەو هەر لە میصرا دوو بینای بەرزی بۆ نەخۆشخانە دروست کردووە بۆ میللەت • لە شامیشا نەخۆشخانە کراوەتەوەو گەلێك مەدرەسەشی تیا کراوەتەوە • ئەوەندە هەیە لەبەر درێژەی جەنگو ڕەزمی دوا براوی ئەهلی صەلیب لەمانە زیاتر

نەی پەرژاوە لە سەر ئاوا کردنەوەی هەموو ناوچەکانی کیشـــــوەرە گەورەکەی بڕوات •

**لە دوای مردنی سولتان :**

سولتان صلاح الدین کە کۆچی دوایی کرد ، کەسی نەکرد بـــە جێ نوشـــینی خۆی • کوڕو خزمـەکانی هـەر یـەکـە فـەرمانڕەوای شوێنێك بوون • ( الملك الافضل )ی کوڕی حاکمی فەلەستین‌و سووریـە بوو • ( الملك العزیز عثمان )ی کوڕیشی حاکمی میصـــر بوو • توڕڕەی حەلەبیش ( الملك الظاهر )ی کوڕی لەســـەر بوو • ( مەلیـــك عادل )ی برایشی بە شێکی جزیرەی بە دەستەوە بوو • کوڕانی ( شێرکۆ )ی مامیشی لە ( حوموص ) جێ گیر بووبوون • ولاتی یەمەنیش درابوو بـە کوڕانی ( سیف الاسلام تەغتەگین )ی برای • کە سولتان مرد ، هەر کەســـە لـە جێگەی خۆی مایەوە تا سالێك ، فەرمانڕەوایی مەلیك ئەفضـەلیان بـەجێ هێنـا •

**تێکچوونی ئیدارە :**

بە مێژوو ساغ بووەتەوە هەتا میللەتێك ئازاوەی تێ نـــەکـەوێت ، ڕژێمی ئەو میللەتە لە خۆیەوە ناگۆڕێت • باری حوکوومـەتایش بـــەو پێیە بەبێ ڕووداو لە خۆیـــەوە تێـــك ناچێت • جـــا حوکوومـــەتی ئەیوبی‌یش ئەو سا ( لە سەر ) ئەو پێ‌و دانگە ڕۆیشتووە ، چونکو ئـەو کاتە لە خۆرهەلات‌و خۆرئاوادا ڕژێمی ( دەرە بەگێتی ) باو بووە • هەر کە صلاح الدین مرد ، کوڕان‌و براو برازاکانی لـە تورەکـانی خۆیـانـا کەوتوونە سەودای سەربەخۆیی‌و شیرازەی حوکوومەتە گەورەکەیـــان تێکداوە کە خاوەنەکەی بەو هەموو تەقەلاو خوێنی جگەرە دروســـتی کردبوو •

مەلیك ئەفضەلی کوڕە گەورەی سولتان بەناو ( مەتبووع ) بوو لـە

لایەن هەموویانەوە ، بەڵام چونکە ئیدارەکەی ڕێك و پێك نەبوو براکانی لێی زیز بوون • ( مەلیك عەزیز ) لە میصر بانگی سەربەخۆیی بۆ خۆی دا ( ٥٩٠هـ - ١١٩٣م ) وە بە لەشکرەوە هاتە سەر سووریە • ( مەلیك عادل )ی مامیان کە تێفکری لە ڕووی بێهونەریی برازاکانیەوە خەریکە ڕەنجی سوڵتان صلاح الدینی برای بە باد بچێ و حوکوومەتی ئەییووبی نوشوست بێنێت ، ویستی ئیدارەی کیشوەرەکە بگرێتە دەستی خۆی • لەبەر ئەوە کەوتە نێوانی برازاکانیەوە ، جار جار ئەی کردن بە گژ یەکاو لەدواییدا ئاشتی ئەکردنەوە • بەیێنك چووە ( میصر )و بووە پشتیوانی مەلیك عەزیزو پێکەوە لە ٥٩٢هـ دا سووریەیان زەوت کرد بە ناوی میصرەوە • ئەمجا مەلیك عادل خۆی فەرمانڕەوایی سووریەی گرتە دەس •

ئەگەرچی ئەمە بە پیشەی خزمایەتی شتێکی ناشیرین بوو ، بەڵام لەو دەورە تووشەی ئەهلی صەلیبەدا پێویست بوو فەرمانڕەوایەکی بە جنگ و سەردارێکی دنیا دیدە لەسەر کیشوەری ئەییووبی بێت • جا لەبەر ئەم قازانجی گشتیە کردەوەکانی مەلیك عادل بە دەس درێژی نەژمێردراوە •

وا ڕێکەوت لە مێژووی ٥٩٥هـ دا مەلیك عەزیز مرد • کوڕێکی بچووکی هەبوو کرا بە مەلیکی میصرو مەلیك ئەفضەلی مامیشی کرا بە نوێنەر ( نائب )ی ئەم پادشاهە بچکۆلەیە • بەڵام مەلیك عادل کە ناکۆکیی سەردارەکانی میصری بیست بە لەشکرەوە چووە سەریان ، میصری گرت و خۆی بوو بە مەلیك و مەلیك ئەفضەلی دەرکردو لە ٥٩٦هـ - ١٢٠٠م دا ئیتر مەلیك عادل بەتەواوی حوکوومەتی ئەییووبی خستبوە ژێر دەستی خۆیەوە• مەلیك ظاهیر کە حاکمی حەلەب بوو ، وە مەلیك ئەفضەلیش کە لەم دوایی‌یەدا قەلای ( سەرخەد )ی درابوویە لەو ناوچەیەدا بە شتێکی نرخداری ئەوتۆ نەئەژمێران •

**پادشایەتی مەلیك عادل :**

لە دوای ئەم ئەنجامانە مەلیك عادل کوڕەکانی خۆی کردووەتـــە فەرمانڕەوا ( حاکم )ی ناوچەکانو ئەوسا دەسی کردووە بە فەرمانڕەوایی گشت کیشوەرەکە • ئیدارەی مەلیك عادل لەسەر پێو دانگی ســـولتان صلاح الدین ڕۆیشتووە • لە دەوری فەرمانڕەوایی ، واتە حوکمداریی مەلیك عادلدا هەرای صەلیبی‌یەکان ئەوەندە بە هێز نەبوە • ئەگەرچی لەم چەرخەدا جەنگی چوارەمی صەلیبی‌یان هەلگیرساندووە ، بەلام ســـوپای صەلیبی‌یەکان ئەمجارە نەگەیشتووەتە سووریە بەلکو لە ڕێگادا شـــاری ( ئەستەموول )یان گرتووە ، وە جارێ لەوێ نەترازاون • لەسەر ئەوەشا لە دوایدا فەرەنگەکان لە سووریەدا ( بێرووت )یان هەر داگیر کردووە • مەلیك عادلیش ( یافا )ی لێ سەندوونەوە •

ئەم پادشایە لە ڕواڵەتا لەبەر خزمایەتی لە زیرەوە ، وە لـــەبـــەر سیاسەت دەستی نەبردووە بۆ مافی مەلیك ظاهیری برازای ، بەلام لـــە ( ٦١٣هـ ) دا کە ئەم برازایەی مرد ناوچەی حەلەب کە مولکی ئەو بـوو داگیر کرا ، وە ئەوەندەی پێ نەچوو ( مەلیك ئەفضەل )یش بـە کوڵۆڵی مرد • بەم جۆرە کوڕەکانی قارەمانی گەورەی ئیسلام دوایی بە فرمـــان ڕەوایی‌یان هات ، ئیتر لە ڕووی ئیدارەی مەلیك عادلدا هیچ قۆرتێك نەما •

لەم دوایی‌یەدا شەڕی پێنجەمو شەشەمی صەلیب یەك لە دوای یـەك دەسی پێ کردووەو ئەورووپایی‌یەکان هاتوونە ئەو ناوەو کەناری دەریـای ( عکا )یان وەك بەڵا ویران کردوەو لەوێوە چوونە سەر میصر شـــاری ( دەمیاط )یان پێچاوە • مەلیك عادل ئەم کاتانە لە ســـووریە بوو ، بـــە تالووکە سوپایەکی پێکەوە نا کە بگا بە فریای میصرا • بەلام مردن مۆڵەتی نەدا نزیك شاری شام لە شوێنێکا مرد نە ( ٦١٥هـ ١٢١٨م )دا •

مەلیك عادل فەرمان ڕەوایەکی گەورە بوو نەیهێشت فـەرمانڕەوایی

ئەییووبی یەکان لە ناو بچێت ، خۆی لە بەر دەستی کاکیا گەورە بووبوو . لە شەڕا بە جەرگ و لە سیاسەتا زۆر دووربین و وریا بووە ، لە گەڵ مەلیکی ئینگلیز ( ڕیچاردی شێر دڵ ) دا هەمیشە نووسراویان ئەنارد بۆ یەك . لە سکەی پارەدا ناوی عینوان ( ابو الفداء )ی بۆ خۆی دانابوو .

**دەوری فەرمانڕەوایی مەلیك کامل :**

لە دوای مردنی مەلیك عادل مەلیك کاملی کوڕی بووەتە فەرمانڕەوای میصر ، ئەوسا مەلیك ( معظم عیسی )ی برای فەرمانڕەوای سووریەو مەلیك ئەشرەفی براشی حوکمداری ناوچەی حەلەب بوو .

ئەهلی صەلیب وازیان لە میصر نەئەهێنا ، چونکە زانیبوویان تاکو میصر نەگرن فەلەستینیان بۆ ساغ نابێتەوە . بەو هۆیەوە لەشکرەکانیان کە ڕووی دابوو سەر میصر شاری ( دمیاط )یان ساڵ و نیوێك زۆر بە توندی پێچاوەو لەدوای کوشتارێکی زۆر گرتوویانەو خوێن خوارانە شەڕ کەرو شەڕ نەکەر گشت خەلکەکەیان کوشتووە . هەر چەندە لە براکانیەوە کۆمەك هاتووە بۆ مەلیك کامل . دیسان لەشکری ئیسلام بەربەستی دوشمنیان پێ نەکراوە ، تا گەیشتوونەتە بەردەم قاهیرە . مەلیك کامل ئەیویست بە شەرتێك ئەهلی صەلیب لە میصر دەرچن ، فەلەستینیان بداتێ . کەچی ئەوان ڕازی نەئەبوون . خواو ڕاستان وا ڕێکەوت لەو کاتەدا ڕووباری ( نیل ) زۆر هەڵساوە . جا بە فەرموودەی مەلیك کامل بەندو بناوانی نیلیان سەرابا تێك شکاندووە . لەسەر ئەوە لافاو زەوی و زادی دەلتای داگیر کردووە . ئاو پشتی سوپای صەلیبی یەکانی گرت . ئیتر خواردەمەنی یان نەئەگەیشتێ و لە لایەکی تریشەوە سوپای ئیسلام کەوتنە جەتە گەری لێ یان . لەسەر ئەوە فەرەنگەکان تەنگەتاو بوون و بە ئاشتی ڕازی بوون و لە میصر دەرچوون .

لە دوای بڕانەوەی ئەم جەنگانەی ئەهلی صەلیب و کوڕەکانی مەلیك

عادل ئەمجا بەگژ یەکا چوون • بەڵام لەم کاتەدا مەلیك عیسا بە سەریا مرد • لەسەر ئەوە دوو براکەی تر پێك کەوتن‌و کیشوەرەکەیان بەش کرد • ناوچەی سووریەو شام بەر مەلیك ئەشرەف کەوت‌و میصریش بۆ مەلیك کامل مایەوە لە ( ٦٢٦هـ ـ ١٢٢٨م )دا •

مەلیك کامل هەریمی جزیرەو بۆتانیشی بۆ خۆی هێشتبووەوە بۆ پاشە ڕۆژ • لەم کاتەدا بوو کە کیشوەری ئیسلام تووشی فەرتەنەی (مەغوول) بوو • پێویستە لێرەدا پێشرەوێك بۆ ئەم ڕووداوە بنووسین • لەو کاتەدا خوارەزم شاهەکان دەوڵەتێکی ئیسلامی‌ی زۆر بەهێزیان پێکەوە نابوو لە تورکستانا بە لەشکرو سوپای خۆیانەوە ئەنازین‌و هەر لەم کاتەشا لە خۆرهەڵاتی خوارەزمدا جەنگیزخان پەیدا بووەوەو دەوڵەتێکی عالەمی‌ی زۆر بەشەوکەتی هێناوەتە کایەوە •

خوارەزمی‌یەکان بێ ئەوەی لە هێزو توانای جەنگیزخان بگەن بە بێ حیساب چوون بە گژ مەغوولەکانا • لەسەر ئەوە سوپای مەغوول وەك لافاو ڕووی کردووەتە وڵاتی ئیسلام • خوارەزم هەر زوو لە ناو چوو • ئەمجا هەموو کیشوەری ئیسلام بوو بە پێ خوست لەژێر پێ‌ی لەشکری مەغوول دا •

جا بۆ بەربەست کردنی هێرشی سوپاکانی مەغوول‌و خوارەزم مەلیك کامل چووەتە ( جزیرە = مەزۆپۆتامیا ) کارو باری ئەو ناوەی پەلە پەل ڕێك خستووەو مەلیك ( نجم الدین )ی کوڕە گەورەی کردووەتە حاکمی ئەو ناوە • ئەمیشی لە دوایدا کە لەشکری خوارەزمیان بێ خاوەن مانەوەو هاتە ئەو ناوە بووە سەرکردەیان‌و ئەمجا بۆ بەربەستی لافاوی مەغوول هەموو لایەك کەوتوونە هەوڵ‌و تەقەلا •

بەڕاستی ئەو ڕۆژانە ڕۆژی ڕەشی ئیسلام بووە • لە لایەکەوە

مەغوولەکان کیشوەرە جوانەکەی ئیسلامیان زیرەو زەبەر ئەکردو لـــەم لاشەوە فەریدریك ئیمپەراتووری ئەڵمان لەم کاتە قەڵبەدا بە لەشـــکری سەلیبی‌ی شەشەوە ڕووی کردبووە میصرو سووریەو ســـەرزەمینەکانی ئەشیلاو وڵاتی وێران ئەکرد .

مەلیك کامیل دەمێك بوو لەگەڵیا خەریکی گفتوگۆی ئاشتی بـوو . بەرەکەت دا لە ( ٦٢٦هـ – ١٢٢٩م )دا هەردوولا ڕێك کەوتن . بە پێی پەیمانی تازە ناوچەی قودس‌و لە ( عکا )وە تا ( یافا ) پارچەیەك لە کەناری دەریا درا بە ئەریدریك بەو مەرجەی هەتا ١٠ ساڵی تر شـــەڕ نـەکرێ پەیمانیان کرد . بەکورتی ئیمپەراتوور ئەیویست بگەڕێتەوە بۆ ئەورووپا ، بۆیە بە هەموو مەرجێك ڕازی ئەبوو .

جا لە دوای ئەمە سەلجووقی‌ی ڕۆم‌و ئەییووبی‌یەکان بەبی ســوود سەردەمێك شەڕیان کرد ، وە زۆری پێ نەچوو مەلیك کامل‌و مـەلیــك ئەشرەفیش بە گژ یەکا هاتن ، بەڵام لە کاتێکا کە سوپای مەلیك کامل هاتە سووریەوە ، مەلیك ئەشرەف مرد . ئەوسا بە بێ شەڕ شام کەوتـە دەس مەلیك کامل . لە دوای ئەمە زۆری پێ نەچوو مەلیك کاملیش لە شـــاری شام ( دمشق ) کۆچی دوایی کرد لە ٦٣٥هـ ١٢٣٨م دا .

مردنی ئەم پادشایە سەرەتای نوشستی دەوڵەتی ئەییووبی‌یە . مەلیك کامل پادشایەکی زۆردارو لە سیاسەتا وریا بووە . بۆ پێش خستنی فرمـانی کشت‌و کاڵ لە میصردا زۆر خەریك بووە لەمەولا وڵات ڕووی کردووەتە ئاوا بوونەوە ، قەڵای قاهیرە ئەم تەواوی کردووە . جا ناڵەباری‌ی زەمـان بوو قودس پێ دا بەئیمپەراتووری ئەڵەمان . ئەگینا مەلیك کامل پادشایەکی ئەوەندە بی کارەو بێ کەڵك نەبوە . کاتەکە زۆر کاتێکی بە ئاشـــووب‌و پڕ فەلاکەتی بوو ، لەبەر هەراو ئشاوی فیتنەی ( مەغــوول )ەکـــان‌و چەتوونی براو کەسەکانی خۆی بو کە هەمیشە ئەیانویست ئاژاوە بنێنەوە .

## مەلیك عادلی دووەم :

لە دوای مردنی مەلیك عادل ، مەجلیسی ماقوولان بەڵێنی دا کـــە شازادە عادل لە جێگای باوکی بەناوی مەلیك عادلی دوەمەوە ببێتە مەلیکی دەوڵەتی ئەییووبی • ماقوولان ئەم هەڵبژاردنەیان بـۆ قازانجی خۆیـــان کردبوو ، چونکە مەلیك کامل بکارە بوو ، پادشایەتی هی نجم الدینی برا گەورەی بوو کە لەو کاتەدا حاکمی جەزیرە بوو ، وە خەریکی جـەنگ بوو لە گەڵ حاکمی مووسڵ لە دوای ئاشت بوونەوەی خوارەزمی‌یەکـان کە ئەو حاکمی مووسڵە هانی دابوون • شازادە نجم الدین حاکمەکـەی شکاندو چووە سەر دیاربەکرو لەوێ سوڵتانی ڕۆمیشی شکاند • ئەمجـا شازادەی ئازا کەوتە بیری سەندنەوەی تەختو تاجی بـاوکی کـە بەهی خۆی ئەزانی • لە ساڵی ٦٣٦هـ دا شازادە ( توورانشاه )ی کوڕی بەسەر جەزیرەوە بەجێ هێشتو خۆی بە لەشکرەوە ڕووی کردە ســووریەو ( شام )ی گرت •

لە دوای ئەوە لەگەڵ ( میرداود )ی ئامۆزایا کە حاکمی ( کەرەك ) بوو کەوتنە دوو بەرەکی • ئەوەندە هەیە سەردارەکانی مەلیك نجم الدین لەم کەینو بەینەدا لێی یاخی بوون • ئەمیر داود لەم هـــەلەدا هـــەڵی کوتایە سەر ( نابولس ) کە مەلیك نجم الدینی لێ بوو شارەکەی داگـیر کردو مەلیك ( نجم الدین )ی بە دیل گرت • لـــە دوای ئـەم ڕووداوە ئەستێرەی میرداود ڕووی کردووەتە درەوشانەوە دوای ئەمە ئەنجا میر داود لەشکری هەڵگرتو چوو شاری قودسی‌ی لە فەرەنگەکان سەندەوە •

بەڵام بەختی مەلیك نجم الدین جاکی هێنا میر داود لە گەڵ مەلیـك عادلو ئومەراکانی ترا ڕێك نەکەوت • لەسەر ئەوە میر داود مەلیـــك نجم الدینی هێناو لە گەڵیا ڕێك کەوت • بە پێی پەیمانێك کە کردیـــان میصر درا بە مەلیك نجم الدینو ناوچەکانی سووریەو فەلەستینیش بـــەر میر داود کەوت •

که مەلیك عادل ئەمەی بیست بە لەشکرەوەو لە میصر هەڵسا ویستی بێت ئەم یەك گرتووانە لە ناو بەرێت • کەچی دەستەی لەشکری مەملووکەکانی خۆی لێ یاخی بوونو لە پادشایەتی‌یان خستو لە بەندیخانە شیان قایم کرد • جا پادشایەتی‌ی مەلیك ( عادل )ی دووەم بەم جۆرە دوایی هات ( ٦٣٧هـ – ١٢٤٠م ) •

**مەلیك صالح نجم الدین ایوب :**

وەکو لای سەرەوە وتمان لەشکری یاخی کە مەلیك عادلی لە پادشایەتی خستبوو ، لەجێ‌ی ئەو مەلیك نجم الدین‌یان هەڵبژاردو بانگیان کردە میصرو کردیانە حوکمدار •

ئەم پادشایە لە شاهزادەیی‌یا وەك لە سەرەوە دیمان زۆر ئازارو ناسۆری دیوە • لە کاتی باوکیا تووشی بوختانی باوەژنی بووەو لە سەر ئەوە دوور خراوەتەوە لە میصر • بەڵام لەم دوایی‌یە دا بەخت باشی بۆ هێنا بوو بە حوکمدار • خەلیفەی بەغدادیش فەرمانی پادشایی بۆ ناردو چووە سەر تەختی میصر • بەم جۆرە کیشوەری میصر بە ئاسانی بۆ مەلیك نجم الدین ساغ بووەتەوە ( توران شا )ی کوڕیشی وڵاتەکانی جزیرەی بۆ خستبوە ژێر ئیدارەی خۆی • هەر سووریە بە دەس سەردارانی ئەیووبی‌یەوە لە شۆڕشا مابوەوە •

مەلیك صالح نجم الدین پەیمانەکەی قودس لە مەڕ میرداودی بە شتێکی ڕاستەقینە دائەنا • بۆیە هەر کە بووە فەرمان ڕەوا خێرا ئەو پەیمانەی بە تاڵ کردەوە • لە سەر ئەوەشا جارێ توخنی میرداود نەکەوتووە لە میصردا خۆی بەئیش‌و کاری دەوڵەتەکەیەوە خەریك کردووە • بەڵام لەم لاوە ئەمیرەکانی سووریە لە ترسی تارەکانی مەلیك صالح نجم الدین کەوتبوونە کۆ کردنەوەی خۆیان ، تەنانەت لەگەڵ فەرەنگەکانیشا یەکیان گرتووە ، هەندێ شاری ئیسلامیشیان پێشەکی داوە

بەو فەرەنگە ناحەزانە • بەم جۆرە بە هۆی ڕقەبەری یەوە ئەم سەردارە بێ مێشکانە سەلامەتی کیشوەری ئیسلامیان خستە بەختی فەرەنگەکانەوە •

لەولاوە ( بدر الدین لؤلؤ )ی حاکمی مووسڵیش چووە بەگژ تووراناشاهدا ، گەلێک شوێنی لێ سەندووە • ئەم هەموو فیتنە بازی یەش ئەمیر ئیسماعیلی مامی مەلیک صالح نجم الدین ئەیگێڕا •

لە دوای ئەدارەکات ( لە شکری ) میصر هات بۆ فەلەستین لەشکری ئومەرای نابالو فەرەنگەکانیش پێکەوە بەرەنگاریان بوون لای غەززە ، جەنگێکی زۆر قورسیان کرد • لە گەرمەی شەڕا تاقمێک لە موسوڵمانەکان لایان داوەتە لای مەلیکی میصر • بەوە دوژمنەکان زۆر خراپ شکان • بەڵام ئەم شکستە جەنگەکەی نەبردەوە ، دوشمنەکانی ئیسلام هەر بۆ ئەوە فەرەنگەکان لە سەریان بکەنەوە ، ئەمجارەش لە گەڵ قودسدا هەندێک جێگای تریشیان داوە بە فەرەنگەکان ، بەوە سوپایەکی ئەستوورتریان کۆ کردەوە •

مەلیک نجم الدین ئەیبوویشی بەرامبەر بەمە لەگەڵ خوارەزمی یەکانا ڕێکەوتووەو لە میصریشەوە لەشکری تری هێناوە • ئەمجارەش هەردوو لەشکرەکە لەبەر غەززەدا شەڕێکی زۆر خوێن ڕێژانەیان کردووە • بەخت یاریدەی مەلیکی میصری دا ، دوژمنەکانی تارومار بوون ، وە تالانێکی بێ شوماریشیان دا بەدەستەوە ، لەسەر ئەمە لە گەڵ قودسدا فەلەستینیش گیرایەوە ( ٦٤٢هـ ) ئەم سەرکەوتنە هیوای صەلیبی یەکانی لە ڕەگ دەرهێنا ، لەو ساوە تادوایی شەڕی گەورەی جیهان کە ١٩١٨ی زایینی یە جارێکی تر ئەم وڵاتانە لە دەست ئیسلام نەچوەتە دەرەوە •

لە دوای ئەم ئەنجامە بە میر ئیسماعیلو میر داوود هەر بۆ ئەوەی دامەکنێن ، هەندێک جێگایان دراوەتێ ، بەڵام چونکە ئەم بەدبەختانە

خوڵقی سەلامەتی‌یان لەگیانا نەبوو.ئەمجارەش فەسادێکی تازەیان ناوەتەوە.
خوارەزمی‌یەکان‌یان کردووە بە ئالەتی شەڕو ئاژاوەیان خستووەتە ئەو
ناوەوە ، بەم هۆیەوە گەلێك شەڕی تازە ڕوویداوەتەوەو زۆر خوێنی تازە
ڕژاوە هەتا خوارەزمی‌یەکان تەفرو توونا کراون ، وە سەردارە
نارەحەتەکان شکاون‌و بۆلای حەڵەب ڕادوویان ناون ، کەچی ئەمجارە
حاکمی حەڵەب میر یوسفی دووەم لەسەر ئەمانە هاتووەتە کایەوە • مەلیك
نجم الدین ئەیووبیش بۆ بڕاندنەوەی ئەم نارەحەتی‌یانە لە میصرەوە بە
سوپایەکی زۆرەوە هاتووەتە شام ٦٤٦هـ •

بەڵام هەر لەم کاتەدا صەلیبی‌یەکان جەنگی حەوتەمیان پەیدا
کردووە • ئەمجارە قەڕاڵی فەرانسز ( لویسی حەوتەم ) بە لەشکرێکی
زۆرەوە ڕووی کردووەتە میصر • لەسەر ئەمە مەلیکی میصر بە ناچاری
لەگەڵ ئومەرا یاخی‌یەکانا ڕێکەوتووەو بە نەخۆشی‌ی گیانەوە لەگەڵ
سوپاکەیا گەڕاوەتەوە بۆ میصر • تا ئەم کەین‌و بەینە کراوە لەشکری
فەرەنگ چووەتە میصرەوە ( دەمیاط )یشیان گرتووە •

قەڕاڵی فەرانسز ( دێوانە )یەکی ئاینی عیسا بوو ، خۆی ئەخستە
هەموو ئاگرێکەوە لە ڕێگای مەسیحدا • بۆیە هاتبوو کە تۆڵەی ئەهلی
صەلیبی ڕابوردوو لە ئیسلامەکان بکاتەوە • داخی گرانە مەلیك نجم الدین
ئەمجارە بەخت یاریدەی نەدا کە دواڕۆژی ئەم قەڕاڵە دێوانەیە ببینێت ،
چونکە لە هۆردووگاکەی خۆیا کۆچی دوایی کردووە لە ٦٤٧هـ -
١٢٤٩ زایندا •

ئەم پادشا بزورگەوارە ئەیویست حوکوومەتەکەی سوڵتان صلاح
الدین دروست بکاتەوە وە دەوڵەتی ئەیووبی بگەیەنێتەوە پلەکەی جارانی •
ئەگەر هەرای فەرەنگ تازە نەبوایەوە حەڵەب وبەڵکو مووصڵیشی ئەگرت‌و

مەرامی شاهانەی بەجێ ئەهات • بەڵام مردن هیچی لەگەڵا ناکرێت • مەلیك نجم الدین بەو ئاسۆرانەوە چووە ژێر خاکەوە •

لەم دوایی‌یەدا تیپێك لەشکری لە ( کۆلەمەن ) پێکهێنا بوو پڕ تەعلیم‌و پڕچەکی کردبوون • مەلیك پشت‌و پەنای بەمانە بەستبوو • بەڕاستی ئەم لەشکرە جوانە هەتا خۆی ماوە بە کەڵکی هاتووە •

**تۆران شـــــاه :**

کوڕی مەلیك صالح نجم الدین ئەیبووبە • کە باوکی مرد حـاکمی جزیرەو کوردستان بوو • شارەزای ئەو ناوە بوو ، وە سەرداری سوپاکەی ئەویش بۆ ئەم پادشایە لە صەنعەتی شەڕا ناوبانگی ڕۆییبوو • هەتا ئـەم گەیشتووەتە میصر ( شجرة الدر )ی باوەژنی نەی هێشتووە کەس بەمردنی باوکی بزانێت لەم هەنگامەدا بوو کە لەشکری صـەلیب دەمی ژەنـدبوە میصر ، خەریك بوون ( منصورە ) بگرن • توورانشاه کە گەیشتە ئـەوێ دەسی کرد بە تارەکاتی لەشکرو خێرا کەوتە خۆی •

پەیتا پەیتا کۆمەك بۆ دوشمن ئەهات • لەسەر ئەوەشا تووڕانشـا بە دەست‌و بردتر بوو ، لەشکری فەرەنگ هەر خەریکی مەنصوورە بـوو ، بەرەکەت دا ڕووبارێ ( نیل ) ئەوکاتە هەڵسابوو • ئەمە پیلانی قـەڕالی فەرنسزی تێکداوە • لەم لاوە لەسەر فەرمانی تووڕانشـــاە پردەکانیـــان ڕووخاندو بناوانەکانیان تێکداوە • جا بەم بۆنەیەوە لافـاو لـــە هـــەموو لایەکەوە دەوری سوپای صەلیبی گرتووە ، سوپاکەی تووڕانشاه شـارەزا بوون لە هەموو لایەکەوە تەنگیان بە دوژمن هەڵچنی‌و ڕێگەی (دمیاط) یان لێ بڕین • زۆری پێ نەچوو دوژمن تووشی برسیەتی‌و نەخۆشی بوو •

لەم کاتەدا تووڕانشا بە تەدبیرێکی سەردارانە هەندێك ( گەمی )ی بە پارچە پارچە کراوی بەپشتی وشتر گەیاندوەتە سـەر دەریا • لــەوێ

گەمیکان دووبارە سەریەك خراونەوە • بەو جۆرە ئەستۆلێك دروســـت کرا • ئەم گەمی یانە لە پڕێکا گەیشتنە سەر ( دمیـاط )و ڕێگای دەریایان لە دوژمن گرت • بەکورتی فەڕەنگەکان لە سێ لاوە دەوریان گیرابوو : لایەك لەشکری میصر ، لاکەی تر لافاوی ( نیل ) • سێهەم لا برسی یەتی و نەخۆشی ، ئەم سێ هێزە فەڕەنگەکانی شبرزە کرد ، هیچ چارەیان نەمـــا بەرەوپاش دەسیان کرد بە گەڕانەوە • ئەوسا سوپای میصر ئیلجاڕی یـان لێ کردن و کەلێکیان لێ کوشتن و هەرچی مابوەوە بە دیل گیران • جـــا لەدوای ئەم ئەنجامە فەڕالی فەرانسز گیانی خۆی و لەشکرە بەرێشانەکەی بە ٨٠٠ هەزار ئالتوون کڕی یەوەو لە میصر چووە دەرەوە •

لە دوای ئەم ڕووداوە ، توورانشا کە لە سوپاکەی خۆی ورد بووەوە هەستی کرد کە تیە سوپای کۆلەمەنەکان خەریکی سەرکەشی کردنن • ویستی بە گورجی و توندو تیژی ی عەســـکەرایەتی بی یان خاتـــەوە ژێر ڕژێمی عەسکەری ، چونکە بۆ ئەم فرمانە بەترسە پشتی بە لەشـــکری کوردی جزیرە ئەستوور بوو کە هێنابوونی لـــەگـــەڵ خۆیا • بـــەڵام کۆلەمەنەکان هەستیان بەمە کرد • ویستیان دەست پێشـــکەری بکەن ، لەبەر ئەوە لە ناکاو توورانشایان کوشت ( ٦٤٨هـ – ١٢٥٠م ) •

شۆرەت وایە لەم جینایەتەدا دەستی ( شـــجرة الدر )ی باوەژنی توورانشا هەیە ، چونکە ئەم ئافرەتە چاوی لە فەرمانڕەوایی بووبوو ، خۆی بە ئاشکرا دۆستی جانی بەکانیش بوو ، وە تەنانەت لەپاشا شووی کرد بـە ( عزالدین ئیبەك ) کە سەرداری ئەم کۆلەمانەنە بوو ، جا بەمانەدا دیـارە کە ( شجرة الدر ) حەزی لە توورانشای هەنەزای نـەکردووەو بـــە کوشتنی داوە •

بەکورتی کیشوەرە بەدبەختەکەی ئەیووبی فەرمانڕەوایەکی بە سام و سەردارێکی بەکارو ناوبانگی لەکیس چوو ، فەرمانڕەوایەکی بەدەسەڵات و

سەردارێکی مومتازی ئەیووبی‌یانە ، پادشایەکی زۆر بە جەرگ‌و بەلان بووە • ئەگەر ئەم ناپاکی‌ی ناو خۆیە ڕووی نەدایە ئەگونجا تووورانشا دەوڵەتی ئەیووبی بژیاندایەوە •

بە پشتی حوشتر گەمی گەیاندن بۆ سەر دەریا کاری هەموو جۆرە پادشایەك نەبوە • بێجگە لەمە لەناوبردنی لەشکری صەلیب‌و سەدیل گرتنی فەرالی فەرەنسەش خاترەیەکی پرشان‌و هەمیشە زیاوی ئەم فەرمانڕەوایەیە •

## دوایی حوکوومەتی ئەییووبی‌ی میصر

سوبای کۆلەمەنی یاخی ، لە دوای کوشتنی تووورانشا ( شجرة الدر ) یان کرد بە ( مەلیکە )ی میصر بەناوی ( المستعصمة ملكة المسلمين )، وە سەردارەکەشیان ( عزالدين ايبك )ی ناوبوو • ئیبەك واتە (ئاغە بەگ) کرا بە سەرداری لەشکری میصر • بەڵام سەردارەکان ئەیانویست ئەمیرێکی ئەیووبی بێت بە فەرمانڕەوا ( حوکمدار ) • لەبەر ئەمە ( ملك اشرف مسی )ی کچە زای مەلیك کامل لە جیاتی‌ی ( شجرة الدر ) بەینێك کرا بە مەلیکی میصر • ئەوەندە هەیە دیسان حوکم بە دەستی عزالدين ايبەکەوە بوو کە دوا جار هەر ئەم ئەمیرە لە ٦٥٣هـ - ١٢٥٥م دا سەربەخۆ فەرمانڕەوایەتی‌ی خۆی لەسەر میصر بڵاو کردەوەو مەلیك اشرف موسای عەزل کردو ناردیەوە یەمەن •

جا حوکوومەتی ئەیووبی‌ی میصر بەم جۆرە لە ناو چووەو فەرمانڕەوایی ئەو کیشوەرە کەوتووەتە دەست کۆلەمەنەکان کە پادشاکانی ئەیووبی لەوە پێش بە پارە ئەمانەیان کڕیبوو •

جا ئەم هەڵە سیاسی‌و عەسکەرایەتی‌یە کە عەبباسی‌یەکان‌و

ئەمەوی‌یەکانی ئەندەلوس کردبوویان‌و تووشی فەلاکەتی لە ناوچوون بووبوون بە دەستیانەوە ، ئەمانیش دووبارەیان کردوەتەوە کە پێویست وابوو پێش ئەوەی ئەم جۆرە لەشکرە بێگانەیە دروست بکرێن ئەبوو پادشاکانی ئەیووبی تەماشای مێژووی ڕابوردوویان بکردایە ، وە پەندیان لێ وەرگرتایە کەچی داخم ناچێ ئەمانیش لە مێژوو پەندیان وەر گرتووە •

**ئەماراتی ئەیووبی :**

لەناو خاکی حوکوومەتی ئەیووبیدا هەندێك وردە ئومەرا هەبوون هەتا بۆیان لواوە سەربەخۆ بوون • ئەمانە وەك برین وابوون بە لەشی حوکوومەتەکەوە هەمیشە جێگای ئازاربوون‌و لە هێزیان خستوون • بە ڕاستی ئەمانە بۆ ئەوە ناشێن کە حوکوومەتیان پێ بلێین ، بەڵکو وەها نەگونجێت هەر بە ئەمارەتیان دانێین لەبەر ئەوە وا لێرەدا زۆر بە کورتی ناویان ئەبەین •

ئەمارەتی حەڵەب : لە ٥٧٩ی هیجری‌یەوە تا ٦٥٨ی هیجری پایەدار بووە • بناغەی ئەم ئەمارەتە مەلیك ظاهری کوڕی صلاح الدینی ئەیووبی دایناوە لە حەڵەب ، واتە باوکی لەوێ دایناوە • ئەم ئەمارەتە لە ژوور خۆیەوە هاو سنووری دەوڵەتی سەلجووقی‌ی ڕۆم بووەو زۆر شەڕو داوایان لە بەینا پەیدا بووە ، وە لە ٦٣٨ی هیجری بە دواوە لەگەڵ حوکوومەتی ئەیووبی‌ی میصردا کەوتووەتە ڕقە بەری‌و دوژمنایەتی ولەم بەینەدا دوچاری هێرشی خوارەزمی‌یان بووە کە ئەمانەش مەغوولەکان ڕادوویان نابوون • دوایی جار ( هولاکۆ ) تێرەی داگیر کردو ئەمارەتەکەی لەناو برد •

ئەمارەتی شام : ئەم ئەمارەتە هەمیشە دەستاوە دەست ئومەرای ئەیووبی کەوتووەو گەلێك شەڕو هەرای دیوە • لە دوایی دا بەینێکیش

چووەتە ژێر فەرمانڕەوایی ئەمارەتی حەلەب تاکو هولاکۆ هەر دو ئەمارەتەکەی لەناو بردووە .

ئەمارەتی حەما : ئەم ئەمارەتە زۆر بچووکە بەدەست برازاکانی سوڵتان صلاح الدین ، واتە کوڕانی مەلیك مظفرەوە بووە . بە پێنجەوانەی ئەوانیتر ، سەردارەکانی ئەم ئەمارەتە هەمیشە ویستوویانە لە میصر لانەدەن وئاسوودە بژین . لە دوای هولاکۆ بە جارێك بووەتە ژێر دەستی حوکوومەتی کۆلەمەنی میصر ، ئەوسا خانەدانەکەش لەناو چووە .

ئەمارەتی حومص : ئەم ئەمارەتە بە دەس نەتەوەی ( شێرکۆ )ی مامی صلاح الدینەوە بووەو بەهاتنی هولاکۆ لە ٦٦١ی هـ دا لە ناوچووە .

ئەمارەتی یەمەن : لە ٥٦٩ هـ دا یەمەن دەست سوڵتان صلاح الدین کەوتووە هەتا ٦١٩هـ بە دەس ئومەرای ئەییووبی‌یەوە ماوە . لەوە دوا دەست خانەدانی ( ڕەسوولی کەوتووە کە تورکمان بوون . گەلێك هۆزی کورد ، واتە خانەدان ، بە هۆی ئیدارەی ئەییووبی‌یەکانەوە لە یەمەندا جێ‌گیر بووە .

ئەمارەتی جزیرە : وڵاتی جزیرە سوڵتان صلاح الدین داگیری کردووە ، تاکو ٦٤٣هـ ، بە دەست ئومەرای ئەییووبی‌یەوە ماوەو بە میصرەوە بەستراوە . شاری میافارقین جی‌نشینی ئەمیرەکانی بووە . ئەمیش مەغوولەکان لەناویان بردووە . بەڵام لە هەندێك شاری جزیرەو کوردستانا وردە ئومەرای ئەییووبی تا سەدەی دەیەمی هیجری ( کۆچی ) ماوە .

## خزمەتەکانی دەوڵەتی ئەییووبی

فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئەییوبی کە جڵەوەکەی بەدەست خانەدانێکی کوردەوە بووەو ، لەسەر میرانی خولەفای ( فاطمیی )و ئەتابەکەکان

دامەزراوە • لەگەڵ ئەو هەموو هێرشە قورسانەی ئەهلی صەلیبیشا بە شەوکەتێکی تەواوەوە ٨٤ ساڵ پایەدار بووە • ئەمانە لەو کاتە تەنگو چەلەمەیەدا کەیانی عالەمی ئیسلامی‌یان پاراستووە •

لەو دەورەدا هەموو حوکوومەتەکانی سەرزەمین بە دەست ڕژیمی بۆگەنی دەرەبەگی‌یەوە شپرزە بوون • هێزی فەرمانڕەوایی لە ناوەڕۆکی حوکومەتدا نەمابوو • بەگەکان دەسەڵاتی پادشاکانیان نەهێشتبوو • لەسەر ئەمانەشا توانای حوکوومەتی کورد ئەوەندە بە بڕشت بوو لەگەڵ ئەو هەموو شەڕو هەرای ئەهلی صەلیب‌و یاخی گەری‌ی ناو خۆیەدا تا ٦٤٨هـ ئەم دەوڵەتە گەورەیی‌و دەسەڵاتی ناو خۆیی ڕاگرتووە • ئەگەر تەبیات توندی‌ی تووران‌شا نەبوایە کەبووەتە هۆی یاخیگەری‌ی لەشکرەکەی وبەئەنجام لە ناوچوونی خۆی‌و دەوڵەتەکەی ، بێ گومان ئەم حوکوومەتە گەلێك کاتی تریش پایەدار ئەبوو •

پادشاکانی ئەیووبی تەنیا بۆ سەرکەوتن لە مەیدانی شەڕا هەوڵیان نەداوە ، بەڵکو لە مەیدانی زانستی‌و ئاوەدانی‌و ئابووری‌یشا بۆ بەرز کردنەوەی بارستی ژیانی ئەهالی تەقەلای زۆریان داوە • کشت‌و کاڵیان پێش خستووە ، جۆگای گەورەیان هەڵبەستووە ، برەویان داوە بە فرمانی تەندروستی ، لەگەڵ دەوڵەتەکانی ئەورووپادا پەیمانی بازرگانی‌یان بەستووە •

سوپای دەوڵەتی ئەیووبی دووبەش بووە ، یەکێکیان لەشکری تایبەتی‌ی دەوڵەتەکە بوو کەلە ( کۆڵەمەن )ەکان دروست کرابوون • ئەویتر تیپە لەشکری ئومەرای دەرەبەگ بوو • لەو دەورەدا ئەم جۆرە چەك هەڵگرتن‌و چەشنە سوپا ڕێکخستە باو بووە • لەشکری کۆڵەمەن لە تاقمە جەهێلی تورك‌و چەرکەزو میللەتە بێگانەکانی تر بە پارە لەناو بازاڕ ئەکڕران دروست ئەکرا کە کۆڵەمەنی تورك وەیا بەحری‌یان ناو نابوون‌و

لە ماڵی‌یەوە لەسەر تەربی‌یەی عەسکەری بێ ئەگەیەنران • جا ئەمانە لە پێشا وەکو لەشکری تورکی عەبباسی‌و ( یەنی چەری ) عوسمانی‌و ( صقالبە )کانی ئەندەلوسی ، زۆر باش‌و بەکەڵك بوون خزمەتی دەوڵەتەکەی خۆیان کرد ، بەڵام لە دوایيدا کە حوکوومەت کز بوو ، ئەمانیش خولقیان گۆڕرابوو بە مێقرۆبی کوشندەی ئەوتۆ کە بوویەی حوکوومەتەکەیان تووشی نەخۆشی‌ی لە ناوبردن کرد •

دەوری فەرمانڕەوایی ( سەڵطەنەت )ی ئەیووبی‌یەکان بناغەیەکی بەهێزی پێشکەوتنی بەخشیوە بە عالەمی ئیسلام • لە هەموو لایەکەوە زاناو مرۆڤی بە هونەر ( فنان )ی ئەو کاتە ڕووی کردووەتە کۆشك‌و سەرای پادشاکانی ئەیووبی • ئەمانە قەدریان گیراوەو مووچەیان بۆ دانراوەو کردوویانن بە مامۆستای زانیاری‌و ئاوەدانی‌ی کیشوەرەکە •

لە لایەکی تریشەوە لە شارەکانا ئاوەدانی‌یان خستووەتە کۆشك‌و سەراو قەڵای گەورەیان دروست کردووە ، وەستای بە هونەریان لەم فرمانە گەورانەدا بەکار هێناوە • جۆری ئیدارەو کۆ کردنەوەی باج‌و خەراجی حوکوومەتی‌یان هێناوەتە ژێر قاعیدە وە هەڵسان‌و دانیشتنی کۆشك‌و تەلاری پادشاکان‌و سەرای حوکوومەتەکەیان خستووەتە ژێر ڕژێمەوە • بارەگای پادشاکانی ئەیووبی هەمیشە پڕ بووە لە ئومەرای ئەهلی صەلیب • ئەمانە ڕەوشتی ئیسلامەکانی ئەوکاتە فێر بوون کە چوونەوە بۆ ئەورووپا لەوێ بڵاویان کردوەتەوە • تەنانەت وێنەی دروشمی خانەدانی ئەیووبی‌یەکانیان وەر گرتووەو بردوویانەتەوە ئەورووپا لەگەڵ خۆیان •

# حوكوومەتە وردەلەكانی كورد

تا ئێرە هەواڵی چوار حوكوومەتی ناودارمان نووسی • لە سەرەتای ئەم جزمی دووەمەدا وتمان باسی هەموو حوكوومەتە وردەكان‌و ئەمارەتە بچكۆلەكانی كورد لەم كتێبەدا نانووسین ، بەڵكو هەر باس‌و هەواڵی حوكوومەتە ناودارەكان ئەنووسین • جا وا لای خوارەوە قائیمەیەكی حوكوومەتە ناودارەكانی كوردمان نووسی ، ئەوی لە حوكوومەت نەجوویێت نەمان نووسیوە ، وە لەناو قائیمەكەدا هەندێك حوكوومەتی بە ناوبانگیش هەیە هەواڵیان ئەنووسراوە بەرەو دوا ئەوانیش ئەنووسین :

## قائیمەی حوکوومەتو ئەمارەتەکانی کورد

| حوکوومەت | جێگاو مەلبەندیان | پایەختیان | تەئریخی ژیانیان |
|---|---|---|---|
| ڕوادی | ئازەربایجان | تەوریز | لە ۲۳۲ھ تا ٦۲۰ھ ۱۲۲۳م |
| دۆستەکی مەروانی | ناوچەی دیاربەکرو بیتلیس | دیاربەکرو میافارقین | ۳۸۱ھ تا ٤۸۹ھ ۱۰۹٥م ( دەوری مەروانی ) |
| بەرزیکانی | کوردستانی عیراقو ئێران | سەرماج | ۳۳۰ھ تا ٤۰٦ھ ۱۰۱٥م |
| ئەییووبی | میصر ، سووریە ، فەلەستین ، یەمەن ، جزیرە | قاهیرە ، دیمەشق | بەلکەکانیەوە لە ٥٦۷ھ تا ٦۸٥ھ ۱۷۸٦م |
| زەند | جەنووبی ئێران | شیراز | ۱۱٦۰ھ تا ۱۲۰۱ھ ۱۷٥۳م تا ۱۷۹٤م |
| | کوردستانی ئێران | سنە | ٦۱۷ھ تا ۱۲۸٤ھ ۱۸۱۷م (۱) |

(۱) هەوالی ئەم دوو حوکوومەتە لە مەولا ئەنووسرێت .

## حوكوومەتی وردەلە وەیا ئەمارەت

| حوکوومەت | جێگاو مەڵبەندیان | پایتەختیان | تەئریخی ژیانیان |
|---|---|---|---|
| شەدادی یە | ناوچەی ئەریوان | گەنجـە | ٣٤٠هـ تا ٥٩٥هـ ١١٩٨م |
| لوڕی گەورە ( فضلویە ) | لوڕستان | ئیـزاج سـووس | ٥٥٠هـ تا ٨٢٧هـ ١٤٢٣م |
| لوڕی بچووك ( خورشیدی ) | لوڕی بچووك | خوڕەم ئاباد | لە ٥٧٠هـ تا ١٠٠٨هـ ١٥٩٩م |
| براخوویی | بلووجستان | کیـلات | ١٢٤٥هـ تا ١٢٨٣هـ ١٥٩٩م |
| جزیرە (ئازیزان) | جزیرەو کورگیل | جزیـرە | ٦٤٥هـ ١٢٤٧م تا ٩٢١هـ ١٥١٥م |

| حوکوومەت | جێگاو مەڵبەندیان | پایتەختیان | تەئریخی ژیانیان |
| --- | --- | --- | --- |
| خـیزان | هەرێمی خیزان | خیزان | ٦٤٥هـ ـ ١٢٤٧م تا ٩٢١هـ ١٥١٥م |
| شـیروان | ناوچەی بتلیس | کفـره | ٩٢١هـ ١٥١٥م |
| بتلیس | رۆژاوای وان | بتلیس | ٦٢٧هـ تا ١٠٦٦هـ ١٦٥٥م |
| ساسۆن | ناوچەی مووش | بتلیس | ٦٢٧هـ تا ١٠٦٦هـ ١٦٥٥م |
| سوێدی | چەباقچوور | گـەنج | ٦٢٧هـ تا ١٠٦٦هـ ١٦٥٥م |
| پازۆك | خنس | مەلازگرد | ٦٢٧هـ تا ١٠٦٦هـ ١٦٥٥م |
| میردەسی | شیمالی دیاربەکر | ئاکیـل | ٦٢٧هـ تاکو ٩٥٠هـ ١٥٤٣م |
| چەمشکزك | ناوچەی دێرسم | چەمشکزك | ٥٩٦هـ تا ١٠٠٠هـ ١٥٩١م |
| حسن کیف | خۆرهەڵاتی دیاربەکر ( لەسەر دەجـلە ) | حسن کیف | ٧٣٦هـ تا ٩٢١هـ ١٥١٥م |
| سـلێمانی | قولب ( ناوچەی گەنج ) | قولب | ٧٣٦هـ تا ٩٢١هـ ١٥١٥م |
| زاراکی | ناوچەی ماردێن | ماردێن | ٧٣٦هـ تا ١٠١٦هـ ١٦٠٧م |

| حوکوومەت | جێگاو مەلبەندیان | پایەختیان | تەئریخی ژیانیان |
| --- | --- | --- | --- |
| کلیس | ناوچەی حەلەب | کلیس | ٧٣٦هـ تا ١٠٠٥هـ ١٥٩٦م |
| حەکاری | حەکـاری | باش قەلا (جۆلەمێرگ) | |
| دنبـلی | ناوچەی خوو ( سەلماس ) | خووی | ٣٥٠هـ تا ٨٨٠هـ ١٤٧٥م |
| برادۆست | تەرگەوەڕ | صۆمای | ٩٠٠هـ تا ١٠١٧هـ ١٦٠٨م |
| موکری | موکری | مەراغە | ٨٥٠هـ تا ١٠٥٠هـ ١٦٤٠م |
| بادینـان | بادینـــان | زاخۆ | ٧٠٠هـ تا ١٢٥٩هـ ١٨٤٣م |
| سـۆران | ناوچەی هەولێر | دوێن ، حەریر ، رەوانـدز | ٧٠٠هـ تا ١٢٦٠هـ<br>١٥٠٠م تا ١٨٤٤م (١) |
| بابان | وڵاتی سلێمانی | قەلا چوالان | ٩٠٠هـ تا ١٢٦٧هـ ١٨٥٠م (٢) |
| بانـە | ناوچەی بانە | بانـە | ٩٠٠هـ تا ١٣٣٣هـ ١٩١٥م |
| شوانکارە | فارس‌و کرمان | بەردەسێر ، کرمان | لە ٤١٦هـ تا ٧٥٦هـ ١٣٥٥م (٣) |

( ١ و ٢ ) هەوالی ئەم دوو ئەمارەتە لەمەولا ئەنووسرێت .

(٣) هەرچەندە گەلێك ئەمارەتی کوردی تریش هەن ، بەلام چونکەشتێکی وەها نەبوون ئێمەش نەمان نووسین .

# ٥ ـ حوكوومه‌تی زه‌نـــد
# ١٧٥٣ ـ ١٧٩٤م

ئه‌م حوكوومه‌تی كورده له جه‌نووبی ئیراناو له سه‌ده‌ی ١٨ هـــه‌می زایینـدا په‌یدا بووه • شه‌ڕی دوورو درێژی عوسمانی‌یـه‌كان حوكوومه‌تی سه‌فه‌وی‌ی زۆر كز كردووه‌و له سه‌ده‌ی ١٨ هه‌ما وای لێ هـاتووه لـــه خۆرهه‌ڵاتیشه‌وه ئه‌فغانه‌كان ده‌سیان كردووه به داگیركردنی كیشـــوه‌ری ئێران • جا له‌م كاتی په‌رێشانی‌و كزی‌یه‌دا ( نادرشاه ) پـــه‌یـــدا بووه • ئه‌گه‌رچی ئه‌م سه‌رداره ئازایه به خوێن ڕشتن‌و به زۆرداری له ئێرانـــــا ئیمپه‌راتۆریه‌تێكی به‌هێزی پێكه‌وه ناوه ، به‌ڵام چونكه ده‌م‌و ده‌ست نادرشاه كوژرا ماوه نه‌بوو ئێران كۆ بكاته‌وه • له‌به‌ر ئه‌وه ئێـــران دیسان ڕووی كردووه‌ته كزی • ئه‌وسا ئومه‌راكانی خاكی ئێران دووباره ده‌ســــــیان كردووه‌ته‌وه به ته‌قه‌لای سه‌ربه‌خۆیی‌و پێكهێنانی حوكوومـه‌ت بـه نـاوی خانه‌دانی خۆیانه‌وه • له ناو ئه‌مانه‌دا سه‌ردارانی كورد له هه‌موویان زیاتر بۆ ئه‌م مه‌به‌سه هه‌وڵیان داوه • جا یه‌كێك له‌وانه ( كریم خانی زه‌ند )بووه •

وه ئه‌بێ كریم خان سه‌ردار عه‌شره‌ت بووبێت ، به‌ڵام متمانه‌ی بـــه خۆی هه‌بوو كه حوكوومه‌تێكی كوردی ســـــــه‌ربه‌خۆ پێكه‌وه بنێت ، وه چونكه خولقو ته‌بیاتیشی جوان بوو ، وه ئازاو مه‌رد و دادپه‌روه‌ر بوو ، به

به ناچاری گه‌ڕاوه‌ته‌وه ئێران خۆی هاویشتووه‌ته به‌نـــای كریم خـان • ئه‌وسا كریم خان دۆستانه قه‌بوولی كردو ته‌نـانـه‌ت وه‌ك كـه‌سی خـۆی ته‌ماشای ئه‌كرد •

شیمال شکستی داوە گەراوەتەوە ، تەنانەت ئەسفەهانیشی بەجێ هێشتووەو خۆی گەیاندوەتەوە مازیندەران • جا لەوێ دەرکەوت کە زوربەی سوپاکەی بلاوەی کردووە • لە دوای ئەم سەرکەوتنە کریم خان گەڕایەوە ئەسفەهان • لەوێ ئەهالی بەپیریەوە چوونو پێی شاد بوون ( ١١٧٠ﻫ ـ ١٧٥٦م ) • بەم جۆرە زۆری پێ نەچوو هەموو ولاتەکانی جاران هاتوەتە ژێر فەرمانی پادشای کوردان •

جا کریم خان بەم جۆرە بە یەکەم پلەی ئاواتی خۆی گەیشتووەو حوکومەتی سەربەخۆی دروست کردووە • لەپاش ئەم ڕووداوانە وردە وردە ئیدارەی جێگیر بووە ، ئەگەرچی هەندێك جاریش خراپی بۆ هاتووە ، بەلام لە دلی خەلکا ئەوەندە خۆشەویست بوو ، ئیدارەکەی بەم تۆزە نەهاتییانە تێك نەئەچوو •

لە دوای ڕێکخستنی ئیشو کاری قەلەمڕەوی ، کریم خان بە بیری تیژی سیاسیی خۆی زۆرچاك زانیبووی کە هەتا بەسەر محمد حسین خانی قاجاردا زال نەبێت پاشە ڕۆژی دەولەتەکەی قایم نابێت • لەبەر ئەوە بەسەرداریی ( شێخ علی خان ) ناو سەرۆکی ئازای عەشیرەتی زەند سوپای ناردوەتە سەر مازیندەران • بە هۆی تەدبیرە جوانەکانی کریم خان کە خۆی ئەی کردو ئازایی ئەم لەشکرە ، ئاژاوە کەوتوەتە ناو هۆزەکانی عێلی قاجارەوە • ئەنجا لە دوای ئەمە شێخ علی خان هەلی کوتاوەتە سەر محمد حسین خان • ئەمە لەشکری قاجاری خواهی نەخواهی تووشی شەڕ کردووەو لە دوای شەڕێکی خوێناوی شکاوەو محمد حسین خان بە دیل گیراوە • ئەم سەرکەوتنە بۆ کریم خان زۆر گرنگو بەنرخ بووە • گەیلانو ئازەربایجان کەوتوونەتە ژێر حوکمی کریم خانەوە • لە دوای ئەمە شەڕی ( قەرەچیمەن )دا فتح علی خانی رەئیسی عەشیرەتی هەوشاریش شکاوەو ئەم سەردارەش بەدیل گیراوە ( ١١٧٤ﻫ ـ ١٧٦٠م ) •

لەم شەڕانەدا عەشیرەتە عەرەبەکانی خەلیج یارمەتی‌ی کریم خانیان داوە •

لەم دیلی‌یەدا فتح علی خان گەلێك حورمەتی گیرا ، کەچی لە دوایی‌دا دەرکەوت کە ئەم کابرایە لەگەڵ هەندێك سەرداری تیرا خەریکی موئامەرە کردن بوون کە کریم خان لەناوبەرن • لەبەر ئەوە ئەمانە هەموو کوژراون • لەدوای ئەم هەموو سەرکەوتنانە ئیتر دەسەڵات‌و حوکمی کریم خان لە ئیرانا بەتەواوی جێ‌گیر بووە • تەختی پادشایەتی بۆ ساغ بووەتەوە •

کریم خان ئەیویست فەرمانڕەوایەکی ( داد پەروەر ) بێت ، زوڵم‌و زۆر لە ئیدارەکەیا نەبێت • هەرچەندە جاروبار هەندێك لە ئومەراو سەردارەکانی یاخی بوون ، کەچی لەگەڵ ئەوەشا زوڵمی لێ نەکردوون • ئەوی زۆر پیاو خراپ نەبوو‌بێت لە ناوی نەبردووە • جا بەم جۆرە حوکم وئیدارە جوانە ئیران وای بێ‌هات لە یاخیگەری پاك بووەتەوە • بەم تەرحە دەوری دوایی پادشایەتی‌ی کریم خان بێ‌هەراو بێ‌دەنگ ڕۆیشتووە •• ئەم بێ‌دەنگی‌یە بەشی زکی خانی برای کریم خانی تیدایە ، چونکە لەترسی توندو تیژی‌یەکەی ئەم کەس نەیویرا یاخی گەری بکات •

کریم خان خۆی ناونەناوە ( شاە ) ، بەڵکو خۆی داناوە بە ( وەکیلی شاە ) • لەوێش ( علی مردان خان )ی سەرداری عەشیرەتی بەختیاری منالێکی صەفەوی‌ی بەناوی ( شاە ئیسماعیل )ەوە خستبوە سەر تەختی شای ئیران • جا کریم خان دەستی لەم ( شایە ) بێ دەسەڵاتە نەداوەو خۆشی بە ( شاە ) بانگ نەکردووە • کریم خان لەمەولا ( شیراز )ی کردووەتە پایتەخت‌و لە سەر دادو ڕاستی دەستی کردووە بە ئیدارەی کیشوەری ئیران •

لەشکرێکی پرچەك وپرمەشقی پێکەوە ناوە زوربەی ئەم لەشکرە

کوڕە کوڕەی عێلانی کوردەواری بووە • ئیبە سوارەو پیادەی عەرەبیشی تیا بووە ، چونکە هەموو کەس ئەیویست خزمـەتی کریم خـان بکات و یارمەتی‌ی بدات • صادق خانی برای کریم خان سەرداری گشتی‌ی ئـەم سوپایە بووە •

لەشکری کریم خان بەیێنك چووەتە سەر شاری ( بەصـرە )و پێچوێەتی ، وە لە ١٧٧٦م دا شارەکە تەسلیم بووەو لەشـکری عوسمانی‌یەکان هیچی پێ نەکراوە • کریم خان ئەیویست عیراق داگـیر بکات ، چونکە شارە پیرۆزەکانی شیعە لە عیراقدا بوو ، بەلاّم هەلی بـۆ هەل نەکەوتووە ئەمە بەجێ بێنێت •

**خزمەتی کریم خان بۆ ئاوەدانی :**

لە کاتی کریم خاندا بازرگانی‌و کشت‌و کـاڵ لە ئێرانـا ڕەواجی سەندووە ، وە لە پاشا ئەم ڕەواجە بۆ ئەورووپاش پەیدا بووە کە ئەمینی‌و ئاسایش لە سایەی ئیدارەی ڕێك‌و پێکی کریم خانەوە دروسـت بوو ، چونکە لەوەپێش لەبەر جەردە کەس نەیەوێرا بە ئێرانا بڕوات •

جا بەم خزمەتانە ئێران ئاوەدان بووەتەوە ، خەڵك دەوڵەمەند بووەو خۆشی کەوتووەتە وڵاتەوە • شاری ( شیراز ) زۆر پێشکەوتووە • بووەتە شارێکی ڕازاوەی پڕباغ‌و بێستان‌و بە کۆشك‌و سـەراکانی بووەتە بەهەشت •

لەکاتی کریم خانا هەموو شارەکانی ئێران پێشـکەوتووە ، بـەلاّم هیچیان وەکو شیراز بەخۆیا نەهاتووە • مێژوو نووسێکی ئێرانی بـۆ ئـەم مەبەسە شتێکی جوانی نووسیوە ئەڵێ : ڕەنگی ئاوەدانی‌یەکان هەموو ئێرانی گرتووەتەوە ، بەلاّم ڕۆشنایی ئەو ڕۆناکی‌یانە لەهەموویان زیاتر بەر شیراز کەوتووە • کریم خان لەتەمەنی ٨٠ ساڵیدا کۆچی ئەم دنیایەی کـردووە ساڵی ( ١١٩١هـ ١٧٧٩م ) یەعنی ٢٨ ساڵێك فەرمانڕەوا بووە •

## ڕەوشتو تەبیاتی کریم خان :

کریم خان فەرمانڕەوایەکی گەورەو ناوداره لەمێژوودا • خـزمەتی ئینسانیەت وئاوەدانیو کۆمەڵایەتیی کردووه • شـــایەکی دادپەروەرو دیموقرات تەبیات بووه ، بۆ ڕاگرتنی ڕژێمی کۆمەڵایەتی هەرچی پێویست بووه بەجێی هێناوه • فەرمانڕەوایەکی دوورنەندیش بووەو بیرتیژو گیان سووکو ئازا •• سەردارێکی سوارچاکو عەسکەر تەبیــات بوو ، وەکــو سەربازێک لە ناو سوپاکەیا ژیاوه ، خۆی لێیان جیا نەکردووەتەوه •

عەشرەتی زەندو هەموو تیرەکانی تری عێلی ( لەك ) هێشتا کۆچەری بوون ، خوێندنو نووسین لە ناویانا باو نەبوه • لەبەر ئەوه کریـم خانیش نەخوێندەوار بووه • لەسەر ئەوەشا چونکە خوێندەواری زۆر بەنرخ بووه لە لای مەجلیسەکانی هەمیشە بە زاناو خوێندەوارو شـاعیر ڕازاوەتەوه • گۆڕی ( حافظی شیرازی )و ( سعدی شیرازی ) بە ئەمری کریم خـــان سەرلەنوێ هەڵبەستراوەتەوه •

بەکورتی : مێژوو ناوی کریم خانی بە حورمەتەوه نووسیوەو خەڵکی ئێران لەدوای مردنی زۆر بۆی بە پەرۆش بووه •

## دەوری لطف علی خان :

لەدوای مردنی کریم خان هەرا لەســــــەر تەختو تاج دەسی پێ کردووەو حوکوومەتی زەند ئاژاوەی تێ کەوتووه • هـەرایەکی خوێنتی ئەوتۆ کەوتووەتە ناو کوڕو براو برازاکانیەوه جارێکی تر ئارامیو بێ دەنگی ( نەهاتووەتەوه ) بەڕووی ئەم حوکوومەتە گەورەیەی کورددا •

حوکوومەتی زەند هەمووی ٤١ ســـاڵێك بەردەوام بووه • ئەویش ٢٨ ساڵی کاتی فەرمان ڕەوایی کریم خان خۆیەتی ١٣ ساڵەکەی دوایی بە ئاژاوەو هەراو هوریا ڕابواردووەو لە ئەنجاما حوکوومەتەکە لەناوچووه •

کریم خان چوار کوڕی بەجێ هێشتووە • لە بەدبەختیی حوکوومەتی زەندا ئەمانە هیچیان کەڵکی فەرمان ڕەوایی یان نەبوە • جارێ یەك لە دوای یەك یەکتریان هەڵ کوڵبوە بۆ ئەوەی تەختو تاج بۆ خۆیـان بمێنێتەوە ، ئەمجا یەکتری یان لەناو بردووە •

لە دوای کریم خان ( فتح علی خان ) بە ناو لەجێی باوکی بووەتـە شای ئێران • بەڵام بەڕاستی حوکوومەت بەدەست زکی خانی زڕ بـــراو ئامۆزای باوکیەوە بوە • صادق خانی مامیان کە مردنی کریم خانی بیست لە بەصرەوە هاتوەتە ( شیراز ) ویستوویە شارەکە بگرێت • بـەڵام بـۆی نەچوەتە سەر ، ئەمجا ڕای کردوەتە کرمـان • یەکێك لـــە بەدبەختیی حوکوومەتی زەند ئەوە بووە ( ئاغا محمد خان )ی سەرداری عەشـرەتی قاجار کە لەشیراز دەست بەسەر بوو ، لە دوای مردنی کریم خـان بـۆی دەرچوو خۆی گەیاندەوە ( مازیندەران ) ئـــەوە بوو لە دوایـــدا ئـەم حوکوومەتەی لە ناو برد • علی مراد خانی خوشکەزای زەکی خان کە بە لەشکرەوە شوێن ئاغا محمد خان کەوتبوو دەمو دەست لە خاڵی وەرگەڕاو بە ئیددیعای دانانی کوڕانی کریم خان لە جێی باوکیانا کەوتە تەقەلا ، لەم هەرایەدا زکی خان لەلایەن پیاوەکانی خۆیەوە کوژراو ئەمجارەش ( فتح علی خان ) بە شای ئێران ئیعلان کرایەوە ( ١٧٨٠م ) •

لەسەر ئەمە صادق خان بە ئاشتی هاتەوە شـــیراز ، بەڵام زۆری پێ نەچوو چاوی بڕی یە تەختی حوکوومەت • لە بێ دەسەڵاتیی فتح علی خان بە مەرامی خۆی گەیشتو ئەم شازادە بەدبەختەی لە تەخت دابـەزانـــدو چاویشی کوێر کرد • ئەوسا بانگی شایەتیی ئێرانی بۆ خۆی دا •

لەو لاوە علی مراد خانیش کە ئەمەی بیست لە تاراندا بانگی دا کـە خۆی شای ئێرانە • لەدوای ئەوە بە ســــوپایەکی زۆرەوە ڕووی کردە ئەسفەهان • لای هەمەدان لەشکری صادق خانی شکاندو چووە ســـەر

شیراز ، وه دەوری شارەکەی دا ، وازی لێ نەهێنا هەتا زەوتی کردو صادق خانی لە گەڵ سیە کوڕەکەیدا کوشت ( ١٧٨١م ) • لە دوای ئەم علی مراد خان بووبە شای ئێران • حوکمداری تازە ئەسفەهانی کردە پایتەخت • ئەمجا تەختێك ئاسایش پەیدا بووە •

بەڵام مەسئەلەی قاجارەکان هەروا مایەوە • علی مراد خان ئەیویست لە ئێرانا لە خۆی زیاتر کەس نەمێنێت بەربەرەکانێ لە گەڵا بکات • لەبەر ئەوە لەشکری ناردە سەر مازیندەران و داگیری کرد ، کەچی لەسەری نەڕۆیی وەضعەکەی ساغ نەکردەوە هەتا لەشکرەکەی بێ تاقەت بوو • ئینجا لەو کاتەدا تووشی شەڕ بوو لەشکرەکەی شکاو هاتەوە تاران •

لەم کاتەدا ( جعفر خان )ی کوڕی صادق خان یاخی بووەو چووەتە سەر ئەصفەهان • بەم جۆرە قاجارەکان کە دوژمنی گیانی کوردان بوون ماوەیان دەس کەوت زۆر چاك بووژانەوە •

علی مراد خان لە سەرئەمە بە سوپاوەو بەدەم نەخۆشی یەوە گەڕاوەتەوە بۆ سەر جعفر خان • لە ڕێگا نەخۆشی یەکەی و سەرمای زستانیشی هاتە سەر کوشتی ( ١٧٨٥م ) •

لەو لاوە جعفر خان گەیشتە ئەسفەهان خێرا بانگی شاهێتی یان بۆ داو بە هەموو ئێرانا بڵاو کرایەوە • شەڕی دوورو درێژ ( وڵاتەکانی ) شپرزە کردبوو • خەڵق هەمووی ماندوو ناڕەزاو بەتەمای ئارام و ئاسایش بوو • خۆ خۆری و پشێوی هێزی لە حوکوومەتی زەندا نەهێشتبوو • لەبەر ئەم کارەساتانە ( ئاغا محمد خان )ی قاجار بێ ترس و لەرز لە مازەندەران هاتە خوارەوە چووە تاران و هەموو شیمالی ئێرانی داگیر کرد • ئەمجا ڕووی کردووەتە ئەسفەهان ، لەشکرەکەی ئەوەندە زۆر بوو جعفر خان بەرامبەری ی بێ نەکرا لەبەر ئەوە ئەسفەهانی بەجێ هێشت • سەرەڕای

ئەمە لە ناوچەی شیرازیشا یاخیگەری دەسی پێ کردووە • خواو ڕاستان لەم کاتەدا ئاغا محمد خان تووشی هەرای بەختیاری یەکان بووەو هیچی تری پێ نەکراوە بەوانەوە خەریک بووەو گەڕاوەتەوە تاران •

لەم لاشەوە حوکوومەتەکەی ( جعفر خان ) هەر ڕوو لە کزی بوو ، وە لە هەرای ناوخۆ هەرگیز ڕزگاری نەئەبوو • هەتا پیاو ماقوولەکانی خۆی لە پەناوە موئامەرەیان دەربارە کردو بە فێڵ کوشتیان ( ١٧٨٩ م ) •

لە دوای جعفر خان ئاژاوەیەکی قورستر کەوتە حوکوومەتی زەندەوە ، پاشا گەردانی یەکی سەخت بە کیشوەرەکەدا ڕووی داوە • کاربەدەست و ماقوولان بۆ ئاگر بڕی ( لطف علی خان )ی کوڕی جعفر خانیان دانا بە شای ئێران و هێنایانە سەر تەخت •

**هەرا لەسەر تەخت و تاج :**

شای تازە لەتەمەنی ٢٠ ساڵیدا بووە کە چووەتە سەر تەخت • جوانێکی کاریگەری ئازاو نەبەز ، لاو چاکێکی عەسکەر تەبیات و خولق جوان و باڵابەرز و سوارچاک و چالاک وەک ئاگری قودرەت بووە ، کە چووەتە سەر تەخت • کەچی ئەم هەڵکێشان و خولقە جوانانەی لوطف علی خان لە گەڵ حیلم و سەلیقەو کردگاریا لەسەر ئیش یەکی نەگرت و بەجەهێڵێکی سەرچڵ و بێ ڕەحم دەرچوو ، وەک هیوا ئەکرا وا دەر نەچوو خولقە جوانەکانی گەلێکی بەلای خراپیدا گۆڕا ، وای لێ هاتووە ئەوانەی هێنا بوویانە سەر تەخت ئەوانیش پەشیمان بووبوونەوە •

لطف علی خان لە دوای هاتنە سەر تەخت لە گەڵ ئاغا محمد خانی قاجاری دا کەوتووەتە شەڕ ، سوپای قاجار هاتووەتە سەر شیراز ، بەلام هیچی پێ نەکرا گەڕاوەتەوە • لەدوای ئەمە لە باتی ئیدارەی حوکوومەتەکە ڕوو بکاتە چاک بوون و ڕێک کەوتن کەچی تا ئەهات

بەلای خرابیدا ئەڕۆیشت • دووبەرەکیو خەیانەتو دڵ پیسیو فیتنە ئەنگیزی کەوتە ناو سەردارو کاربەدەستانەوە • لطف علی خان لەگەڵ حاجی ئیبراهیمی وەزیریا لە دڵاناکۆك بوو ، ئەیویست لە ناوی بەرێت • بەڵام چونکە وەزیرەکە دەسەڵاتدار بوو ( شاه ) سڵی لێ ئەکرد ، بەرامبەر ئەمە حاجی ئیبراهیمی وەزیریش هەمیشە لە مەترسیدا بوو • لە ئەنجاما بڕیاری دا کە وڵاتی شیراز بدات بە ئاغا محمد خانی قاجارو دەوڵەتی ( زەند ) لە ناو بەرێت • بەم جۆرە ڕقە بەری حوکومدارێکی نەفامو وەزیرێکی تەمەعکار چووەتە خوێنی دەوڵەتێکی گەورەی کوردو بە ئەنجام لە ناویان برد •

حاجی ئیبراهیمی وەزیر لە ژێرەوە لە گەڵ ئاغا محمد خانی قاجارا قسەی کرد بەیەك • کەسەکانی خۆی کە بە لەشکرەوە لە گەڵ لطف علی خانا چووبوون بۆ سەر ئەسفەهان ، ڕاسپاردو تەفرەی دان کە شەو لەناوێك بیکەنە هەڵداو بنە شکستەو بگەڕێنەوە بۆ شیراز،یەعنی لەشکرەکە بڵاو بکەنەوە • لەدوای ئەم تەدبیرە خۆشی ئەو سەرکردانەی کە لە شاردا مابوونەوە وسەربە ( شاه ) بوون ئەوانیشی بە فێڵ گرتو شارەکەی خستە ژێر چنگی خۆیەوە •

بەڕاستی ئەم پیلانو فێڵانە هەمووی سەری گرت • لەشکرەکەی لطف علی خان لای ئەسفەهان شەو لەناوێك تەقەی تێ کەوت • شاهی زەند ئەوەندەی پێ کرا لەگەڵ چەند سوارێکا خۆی گەیاندەوە شیراز ، کەچی تەماشای کرد شارەکە قوبووڵی ناکات • لەسەر ئەمە ناچار هەڕای کردو چووە ( ئەبووشەهر ) لەوێش جێی نەبووەوە • ئەمجا پەنای بردە ( بەندەر )ێك لەوێ گیرسایەوە ( ١٧٩١م ) •

ئەم پادشای کوردی کوڵۆڵە ئەوەندە ئازاو بەجەرگ بوو لەم ئاوارە بوونە هیوای نەبڕی ، بۆ سەندنەوەی تەختو تاجەکەی کەوتە تەقەلادانی

قارەمانانە ، لەشکرێکی بچووکی پێکەوە ناو ئەبووشەهری گرت و هاتە سەر شیرازو پێنجای ، بەڵام لە تالعی ئەما ناحەزەکەی ئەمەندە وریاو لەسەرخۆو زیرەك بوو بەرامبەر ئازایی و ئەبەزیی ئەم پادشاهە قارەمانە ، ئەو یەعنی حاجی ئیبراهیم خانی وەزیر هیچ نەشڵەژاو تەدبیری بەیدەس کردنی شاهی زەندی بۆ هەڵسووڕا لەشکرە یاخی‌یەکەی لە مەڕ لطف علی خان بە پەرێشانی کە هاتوەتەوە شیراز لە لایەن حاجی ئیبراهیمەوە بە تەدبیرێکی ژیرانە چەك و سیلاحیان لێ سەندراوە • لەبەر ئەوە لە هەڵمەتی ئەمجارەیا لطف علی خان هیچی بۆ نەکرا •

سەرەڕای ئەمە لەشکرێکی قاجاریش لەو کاتەدا گەیشتووەتە ئەوێ هاتووە بە کۆمەکی حاجی ئیبراهیمەوە بەڵام قارەمانی کورد پەلاماری لەشکرەکەی داوەو شکاندوویەتی •

کە ئەم دەنگە گەیشتووەتە سەرداری قاجار ئەو جارە سوپایەکی گەورەتری ناردووەتەوە ئەمانە کە هاتوون چوونە شیرازو لەگەڵ سوپای حاجی ئیبراهیمی ئاباکا بوون بەیەك و پەلاماری تۆزە لەشکرەکەی لطف علی خانیان دا ، کەچی پادشای زەند بەهونەرێکی سەردارانە ئەم جەنگەی وەها گێڕاوە لە ئەنجاما دوژمن شکاو کوشتارێکی زۆری لێ کراو گەلێك پیاو ماقووڵ و سەرداری قاجاریش بەدیل گیراوە • ئەم دەنگە ناخۆشە کە گەیشتەوە سەرداری قاجار زانی کە ئەگەر دەم و دەس تەدبیری بەیدەس کردنی ئەم قارەمانی کوردە نەکا هەموو ئێرانی لێ داگیر ئەکاتەوە • لەسەر ئەمە بە هەموو هێزێکیەوە کە مابووی ڕووی کردووەتە شیراز • جا ئەم سوپایە سەدچەندانەی لەشکرەکەی لطف علی خان بوو • هەردوو لەشکر نزیك ( ئیستەخر ) بەرەنگاری یەك بووە ، بێ پەروایی و قارەمانیی شای زەند ئەوەندە کاری کردبوە سەر سەرداری قاجار زۆر بەترس و لەرز ئەبزوایەوە •

لطف علی خان زۆر چاك ئەیزانی کە لەم شەڕی تاجگیری‌ی ئێرانەدا ( هەرچی بادا باد ) • هەلْمەت نەبات تەخت و تاجەکەی لەم کابرا بێگانەیە ڕزگار ناکات • لەبەر ئەوە بە جۆرێکی شێرانە عامبازی لەشکری قاجار بوو • بەم هەلْمەتە پێشداری دوژمن شـــــکاو بەرەو پاش تووڕ درا بە سەربەشی گەورەی سوپاکەیانا ئەوانیشی شلەژاند شکان • جا لەم کاتـــەدا شەو بەسەرا هاتووە سوپای کوردی دلاوەر کە گەیشتووەتە هۆردووگای قاجار لەوێ وەستاوە نەیزانیوە ئەگەر شەویش بێت ئـەبێ لەسەر دوژمنی شکستە بڕوات • جا بـەم وەسـتانە دوژمن هۆشی هاتـــەوە بـەر خۆی ، خۆی گرتووەتەوە ئیتر نەشکاوە •

بەڕاستی ڕۆژی دوایی کە خۆرهەلاتووە دیویانـــە دوژمن ڕیـزی بەستووەو بۆ جەنگ ئامادە بووە • ئەوسا دەرکەوت کە شـــکستی ڕۆژی پێشووی دوژمن هەلکەوتێك بووەو لە کیس چووە ، جارێکی تر ئەو هەلە هەلْ ناکەوێتەوە • لەبەر ئەوە لە خۆڕزگار کردن بـەولاوە بۆ لطف علی خان چارەیەکی تر نەماوە • جا لطف علی خانیش ئەوەی بەجێ هێناوە •

## دوایی حوکوومەتی زەند

وەك لطف علی خان شایستەی سەرکەوتن بوو ، ئاغـا محمد خانیش بەختی باش بوو • لەو ڕۆژەدا تەخت و تاجی ئێرانی بۆ ســاغ بووەوە ، چونکە ئەم حوکمدارە بەخت بەرزە لە پەشۆکاوی‌ی ڕۆژی پێشـــووی لەشکرەکەیا خۆی هیچ نەشـــــلەژابوو ، وە قەرارگاهـەکەشی بەجێ نەهێشتبوو •

لە دوای ئاشکرا بوونی قوودت کـەمی‌ی لطف علی خان ، ئیتر ئـەم پادشا بەخت ئاوەژووە خۆی ڕاگیر نەکردووە ، مەیدانی شـــەڕی بـەجێ هێشتووە هەتا ( کرمان ) ڕانەوەستاوە • لەوێ ئیستێکی کردووە بە سوپاە

کۆ کردنەوە • بەڵام دوژمن بە چالاکی گەیشتووەتە سەری • لەبەر ئەوە لەوێیش خۆی نەگرتووەتەوە ڕووی کردووەتە خوراسان ، لەوێ دەمو دەست هێزێکی بچووکی پێکەوە ناوە ، ئەمجا ڕووی کردووەتە یەزدو چەند دەستێکی وەشاندو هێزەکەی پەرەی سەند • بەڵام لەم کاتەدا بەرەنگاری هێزێکی قورسی حاجی برایمی وەزیر بووەو لەبەریا خۆی پێ نەگیراوەو ڕای کردووە بۆلای سنووری ئەفغان • خانی ( نەرماشیر ) هەندێك لەشکری بۆ پێکەوە ناوە لطف علی خان لە گەڵ ئەم نەختە لەشکرەدا ڕووی کردە کرمان وەك پڵنگ عاببازی لەشکری ئەو ناوەی دوژمن بووە سەری لێ تێکدان و شکاندنی و کرمانی گرت ( ١٢٠٩هـ ـ ١٧٩٤م ) خێرا وێنەی شاهێتی‌ی داوەتەوە بەخۆی‌و ( سکە )ی لێداوە. ئەیویست ناو بانگێک دەرکاتەوەو دەستوبردێکی سیاسی بخاتە کایەوە • بەڵام داخی گرانم قەیرانی لەناو چوونی دەوڵەتی زەند هاتبوو ، چارەی ژیانی نەمابوو • چونکو لەشکرێکی گرانی ئاغا محمد خانی لەوێ هاتە سەرو لە کرماندا چوون بەگژ یەکا • ئەم جارەش گەلێك ئازایی نواند ، بەڵام لە ناو لەشکرەکەی خۆیدا کە خەیانەت دەرکەوت‌و چەند بورجێکی شارەکەیان دا بە دوژمن • ئیتر شاهزادە وەك پڵنگ هەڵمەتی برد کە بورجەکان بسێنێتەوە • بەڵام دوژمن زۆر بووو کار ترازابوو • لەبەر ئەوە بۆی نەسەندرایەوە • ئەنجا زۆر تەنگەتاو بوو ناتیوارە شەڕی لەگەڵ کردن • کەدی زوربەی کەڵەمێردەکانی بەردەستی کوژراوەو ڕاوەستان. کەڵکی نەماوە ، لە تاریکی‌ی شەوا خۆی وچەند پیاوێکی قۆچاخ کە مابوونەوە پەلاماری دوژمنیان دا ، ڕیزی لەشکری دوژمنیان دڕی‌و بۆی دەرچوون • شەهریاری بەدبەخت ئەمجارە ڕووی کردووەتە (نەرماشیر)و چووە لای جیهانگیرخانی کۆنە دۆستی • کەچی ئەم سەردارە بێ مروەتە ئەمجارە پیاوەتی‌ی لە گەڵا نەکرد ، بەڵکو بۆ کارچاکی‌ی خۆی لای ئاغا

محمد خان بڕیاری گرتنی لطف علی خانی دا وەچەند پیاوێکی بڕ جەکی ناردە سەر • ئەوسا لطف علی خان تێ گەیشت کە هەموو شتێك بڕاوەتەوە، ئەمجا بۆ خۆی بڕیاری دا کە بەمەردی بکوژرێت باشترە نەك بە حیزیو زیندوێتی دەس دوژمن بکەوێ •

ئەوکاتە دەستی دایە شیرو پەلاماری دوژمنەکانی دا ، شەڕێکی مەردانەی لەگەڵا کردنو گەلێکی لێ خستن • بەڵام خۆشی لە دوو جێگەوە برینداربووەو کەوتووەتە زەوی• بەو جۆرە گرتیانو بردیانە لای ئاغا محمد خان • شاهی قاجار باری نامەردیی گرت • دوژمنە ئازاکەی ئەتك کرد • پەلە پەل بە دەستی خۆی هەردوو چاوی هەڵکۆڵی ، ئەمجا ناردی بۆ تاران لەوێ بە جۆرێکی زۆر نائینسانانە کوشتیان ( ١٢٠٩هـ – ١٧٩٤م ) •

ئەم پادشاهە کوڵۆڵە لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا جوانەمەرگ بووە • ئەگەرچی لە شێرو لە پڵنگ ئازاتر بوو ، وە کردەوەی زۆر بێ باکانەی هەبوو ، بەڵام لە ئیدارەی وڵاتو بەڕێوە بردنی فەرمانڕەوایی‌دا ئەم جوانە مەرگە ... زۆر بەخۆی نازیوە • بە کوشتنی لطف علی

## ٦ ـ حوکوومەتی ئەردەڵان

## ١٢٢٠م ـ ١٧٦٧م

لە لایەن هاتنە سەر مەسرەحی دەوری ئەم حوکوومەتە کوردەوە.

ئاڵۆزکاوە • مێژوو ناسەکان هەر یەکە جۆرێکیان وتووە : ( شەرەفنامە ) ئەڵێت لە هۆزی میر ئەحمەدی مەڕوانی کە حوکومەتی مەڕوانیی کوردی لە کوردستانی ناوەندیدا پێکەوە نا ( بابا ئەردەڵان ) ناوێك هەڵکەوتووە چووتە ناو عەشایری گۆران لە ئێران ، لەوێ ناوبانگی ڕۆیشتووە • کە چەنگیزخان ئێرانی داگیر کرد • ئەم ئەمیرە چووەتە لای وخۆی بە ( خاقانی مەغوول ) ناساندووە ، ئەویش کردوویەتی بە حاکمی شارەزوور •

مێژووی ( چوار سەدەی دوایی عێراق )یش بۆ دامەزراندنی ئەم حوکومەتە شتێکی وەك نووسراوەکەی لای سەرووی وتووە ، ئەڵێت : خاقانی مەغوول بابا ئەردلانی کردووە بە حاکمی شارەزوورو هەورامان • بەڵام دوختۆر ڕیچی ئینگلیزی ئەڵێت : بابا ئەردەڵان سەرکردەیەك بووە لە عەشرەتی ( گۆران ) بە ماریفەتی خۆی بووەتە گەورەیەك لەو ناوەدا حوکومەتێکی پێکەوە ناوە • مێجەر لۆنگریکیش ئەڵێت : ( کەڵوڵ بەگ )ی کوڕی بابا ئەردەڵان کە بووەتە حاکم هەولێرشی ناوەتە ژێر حوکمی خۆیەوە ئەوسا حوکومەتی تازەی ئەردەڵان بەهێزتر بووەو هەتا مەغوولەکانا کزتر بووبن ئەمان گەشەیان کردووە • لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا لە عێراق لە حوکومەتی ( جەلایری )ی مەغوول پەیدا بوو وا ڕێکەوت سەردارەکانی ئەردەڵان ئەوەندە ئازاو هونەرمەند نەبوون بۆیە لە شیمالو ڕۆژاوای وڵاتەکەیانا هەندێك ناوچەیان لە کیس چووە • ئەم حوکومەتی جەلایریی مەغوولە زۆر ناحەزی حوکومەتی ئەردەڵان بوو بۆ لەناوبردنیان هەمیشە تەقەلای داوە • بەڵام سەرداری تازەو ئازەو نەبەزی ئەردەڵان حەسەن بەگی خدر بەگ بەمەردیو فامیدەیی خۆی وڵاتەکەی پاراست • هورووژمی لەشکری جەلایرییەکانی بەربەست کرد •

لە سەدەی پازەمینی زاینی لە دەوری میر مەئموون خانی حاکمی

ئەردەڵاندا حوکوومەتەکە زیاتر هێزی سەندووە • لەشکری ئەردەڵان، ناوچەکەی لای سەرەوەی لە جەلایەرییەکان سەندەوە•ئەم میر مەئموون خانە تا مێژووی نۆسەدی کۆچی حوکمی پایەدار بووە • لە شیمالەوە سنووری حوکوومەتەکە گەیشتووەتە ( زێی بادینان ) واتە ( زای گەورە ) تەنانەت لە ڕەواندزدا حوکوومەتی ئەردەڵان سوپای داناوە • لەو دەورەدا لە ئەردەڵان ئەو کاتە ، کوتومت تەتەوەو عەشایرەکانی ئیستە بوون • عەشایری ( زەنگەنە )و ( جاف ) ( هەمەوەند ) هێشتا لە ئێرانەوە نەهاتبوونە عێراق •

بەدیار چاومانەوە جۆری کۆمەڵایەتیی ئەقوام ڕۆژ بەڕۆژ لە گۆراندایە ڕژیمی عەشایریی ئەو سا خەریکە نامێنێت • شارستانیەتی لە برەودایە ، خەریکە برەو ئەستێنێت •

ئەوسا : کۆیە ، حەریر ، ڕەواندز ، عەقرە ( ئاکرێ ) ، قەڵادزە هەر یەکە حوکوومەتێکی بچکۆلەی قەڵایینی بون • ئەو کاتە جەك شیرو تیر بوو • ناوچەکانی شیمالی عیراق وەکو ئەکرێ ، دێرحەریر ، زاخۆ ، دهۆك لەژێر دەسەڵاتی ئامیدی ( عمادیە )دا هەر یەکە ئەمارەتێك بوون • ئەمانە لە سەدەی دوانزەمینەوە تا سەدەی چواردەمین ، یەعنی دوو سەد ساڵێك لەسەر جۆرە رژێمێکی ( فیدەراڵی )دا لەژێر حوکمی ئەردەڵاندا بوون • دوای ئەم مێژووە چوونە ژێر حوکمی جەلایرییەکانەوە وڵاتی موکریانی ئێرانیش لە ژێر دەسەڵاتی ئەردەڵاندا بووە •

کە مەئموون بەگ مرد سێ کوڕی هەبوو ، گەورەکەیان ( بێگە بەگ ) بووەتە جێنشینی باوکی • داخم ناچی ئەمانە یەکیەتیی حوکوومەتەکەیان ڕانەگرت ، بەڵکو هەر یەکە ناوچەیەکیان بۆ خۆ بردا • ئیتر لێك هەڵوەشان • وا دیارە لەم کاتەدا یاوز سوڵتان سەلیمی پادشای تورکان پەیدا بووە چونکە منجەر لۆنگریك ئەڵێ : لە دوای ڕووداوی

( چالدیران ) ئەردەڵانیش لەگەڵ ئەمـــارەتە کوردەکانی ترا بوونە تابیعی دەوڵەتی عوسمانی • لە دوای بێگە بێگ مەئموون بەگی کوڕی بێگە بێگ چووەتە سەر تەختی ئەمارەتی باوکی • ئەو کاتە سوڵتان ســـــولەیمانی قانوونی پادشای عوسمانی بوو • لە مێژووی ( ٩٢٦ - ٩٧٤ )ی کۆچیـدا حوکمداری ئەردەڵان مەئموونی دووەم بە پێی بەرژەوەندی سیاسی لەگەڵ سەفەوی‌یەکانا بوو وە ئەمیرێکی بەکار بوو ئەردەڵانی بـەرز کردبوەوە • جا دەست داری ئەردەڵانی‌یەکان بە کەڵکی عوسمانی‌یەکان نەئەهـــات • لەبەر ئەوە بە بیانووی ئەمین کردنەوەی ڕێگاوبانی بەغدادەوە لە (٩٤٥هـ) یەعنی ١٥٣٨ زایینی‌دا سوپایان نارده سەر مەئموون بەگ • بەشی زۆری ئەم سوپایە پیادەو سوارەی کورد بوو بە خۆیان‌و سەرۆکیانەوە هاتبوون • یەکێك لەوانە سوڵتان حسێن ناو ئەمیری عەمادیە بوو • ئـەم لەشکرە بـۆ داگیر کردنی مەریوان‌و سنە نێررابوو • ئەگەر ئەوە سەری نەگرت هیچ نەبێت شارەزوور داگیر بکرێت •

مەئموون بەگ بەرامبەر ئەم لەشکرە مەردانە خۆی ڕاگرت • لـــە دوایی‌دا کشایەوە قەڵای ( زەڵم ) • عوسمانی‌یەکـان قەڵاکـــەیـان پێچا • مەئموونی دلێر تێگەیشت کە دەرەقەت نایە • لەبەرئەوە خۆی گەیانـــدە ئەستانبووڵ • بەڵام لەوێ خرایە بەندیخانەوە • لەولاوە سوپای عوسمانی وڵاتی شارەزووری بڕاو تالان کرد •

ئەمجا سورخاب بەگی مامی مەئموون بەگ هاتە کایـــەوە • ئـــەم بەگزادە دلێرە لە گەڵ تەهماسیب شای ئێران پەیمانی تازە کردەوە موڵکی برازاکەشی داگیر کرد • کە سولەیمانی قانوونی ئەمەی بیســـت مەئموون بەگی لە بەندیخانەی ئەســــتانبووڵ دەرهێناو کردی بـــە والی ( حیللە ) براکەشی کرد بە حاکمی ( سرووچك ) • بەڵام بەرامبەر سورخاب بـەگ ئەمانە هیچیان پێ نەکرا •

لەولاوە برای شاە تەهماسبی ئێران لەبەر قەباحەتێك كــە كردبووی برای كردبوە لای سورخاب بەگ بۆ ئەوەی پەنای بدات • بەلام لەشكری قزلباشی ئێران هاتە سەربانو لە قەلاكەی ( مەریوان ) ا ئەمانەی پێچــا • دوایی جار سورخاب بەگ چارەی نەمـا كابراكــەی دایە دەســتەوەو ولاتەكەی لە شەڕو شۆڕی قزلباشـەكان پاراست •

لەسەر ئەم ڕووداوانە ئەستانبووڵ واتە ( بابی عالی ) بالطەجی محمد پاشـــاناو والی‌یەكی تازەی نارد بۆ عێراق لە ( ١٥٤٩م - ٩٥٦هـ ) دا ئــەم والی‌یە لەشكرێكی زۆری بە تۆپخانەوە لەگەڵ تیپە سوپای عەشایری كوردا ناردە سەر شارەزوور ئەم لەشكرە لە زەڵمدا سورخاب بەگی پێچا • ئــەم پێچانە زۆر درێژەی كێشا • والی بەغداد بالطەجی پاشا ناچار خۆی هات شەڕەكەی بەڕێوە برد ، سیاسەتێكی وەهای كرد بێ جـەنگ لــەگــەڵ سورخاب بەگدا ڕێك كەوت • سورخاب بەگ قەلاكەی بەجێ هێشــتو ڕۆیشت • بەم جۆرە قەلای زەڵم كەوتە دەس بالطـەجی • بـەلام بــەم ئەنجامە سورخاب بەگو حوكوومەتەكەی لەنــاو نەچوە ، بــەڵكو بــە یارمەتی‌ی حوكوومەتی ئێران لە شارەزوورو ئەردەلاندا دووبارە جێ گیر بووەتەوەو لە خزمەت شاهی ئێرانا زۆر بەنرخو جێگادار بووە • دوكتۆر فریچ لە نووسراوی ( كوردلەر )دا ( لاپەڕە ١٢٣ )دا ئەڵێت :

سورخاب بەگ لەدوای بەینێك دەستی پەیدا كردووەتەوە • ئەمجا سەربەخۆ حوكوومەتەكەی ئەگێڕا • كاتێكی باشی بێ شەڕو هەرا هــەر بەوجۆرە ڕای بوارد • ئەم سەردارە مەردە گەورەترین حوكمداری ئــەم خانەدانەیە • ( شەرەفنامە )ش مەدحو ئەنای ئەكا ئەڵێت : ولاتەكەی بــە ڕێكو پێكی بەڕێوە بردووە • میللەت لەكاتی ئەما خۆشی ڕا بوارد •

سورخاب بەگ لەگەڵ ئێرانا هەمیشە یەك ئەولو یەك دڵ بــووە ، چونكە بەرژەوەندی هەردوولای لەوەدا دیوە ، بگرە هەموو ناوچەكــانی

سولەیمانی ئیستە لە قەڵەمڕەوی حوکوومەتەکـــەیا بووە • دەوڵـــــەتی عوسمانی لەم هێزو دەسەڵاتە مەترسیی پەیدا کرد • لەبەر ئـەو هۆیـــە سەرداری ئەعظەمی عوسمانی لەگەڵ میرو سەردارەکانی کوردستانا بـــە ئەبروویەکی قورسەوە بەرەو شارەزوور کەوتنە ڕێ لـــە بەغـــدادەوە • ئەمانە بەتەما بوون هەموو ئەردەڵان بگرن • قەڵای ( زەڵم )یـــان پێچا • ئەردەڵانی یەکان مەردانە تێ ئەکۆشان • ئەم ڕەزمی بەر قەڵایە دوو ســاڵ درێژەی کێشا • عوسمانی یەکان لە تاوانا وازیان لە قەڵاکە هێنا • (تاماسیب) شای ئێران بۆ پایەداریی قەڵاکە یارمەتیی ئەدا • سورخاب بەگ لـــە ئەردەڵانەوە هەمیشە بەیەکیەتی لەگەڵ ئێرانا ئەم ڕووداوانـەی بـەڕێـوە بردووە • لەم کاتانەدا سورخاب بەگ مردو سوڵتان عەلی کوڕی بوو بـە جێ نوشینی باوکی ئەویش مرد • ئەنجا لە نێوانی ( بـــات )ی برای و ( تەیموورخان )ی کوڕیدا هەراو زەنای حوکمداری دەسی پێ کرد • لە ئەنجامدا بەیارمەتیی حوکوومەتی عوسمانی تەیموورخـــان حوکمڕانێتی ئەردەڵانی خستە ژێر چنگی خۆیەوە • سوڵتان مرادی سێهەمی پادشـــای عوسمانی شارەزووریشی بۆ خستە سەرو کردی بە پادشای ئەو ناوە لـــە ( ٩٨٨هـ - ١٥٨٠م ) دا •

دوکتۆر فریچ لەم تەیموور پاشایە زۆر خــراپ ئەدوێ ، ئەڵێت : تەریدەو پیاوکوژ بووە ، حـــەزی لە مـــاڵی تـــاڵانی کردووە • دەوری حوکمڕانی یەکەی بووەتە مەینەتی بۆ کوردستان هەتا لـە شەڕێکا کوژرا ( ٩٦٨هـ ) •

لە دوای تەیموور پاشا ( هەڵۆخان )ی بـــرای بـــووەتە ئـــەمیری ئەردەڵان • ئەم خانە فەرمانڕەوایەکی خوڵق باش بووە • لە فەرمـــانی حوکوومەتی عوسمانی دەر نەچوە • لەم کاتەدا لە وڵاتی ئەردەڵان تێـك چوون ( ئینقیلاب ) ێك ڕووی داوە • لە دوای هەڵۆخـــان حاکمیـــەتی

ئەردەڵان کەوتووەتە دەست ( خان ئەحمەد خان ) نـاو لە ( ١٠١٤هـ - ١٦٠٥م ) • ئەم حوکمدارە لەگەڵ ( شاه عباس )ی ئێرانا ڕێك کـەوت‌و ئەردەڵانی کرد بە تابیعی ئێران • لای وابوو شـاهەنشـای ئێران بـۆ بەرژەوەندیی کورد لە عوسمانی‌یەکان زۆر باشترە • بەو بۆنـەیـەوە شانازیی ئەکرد ، تەنانەت دەستی کرد بە چنگ هاویشتن بۆ سـەر عەشایری کوردو ئەمارەتەکانی کوردستانی عوسمانی •

یەکەمجار تاوی دایە سەر موکریان ، ڕەواندز ، عەمادیە ، کۆیـەو حەریریشی داگیر کردو پیاوی خۆی لەسەر ئەم شارانە دانا ، هەرچەندە ئەم حوکمڕەوایی‌یە درێژ نەبوەتەوە بەڵام لە ڕێگا ئەم دەسـت درێژی‌و هێزداری‌یە کە ( خان احمد خان ) حاکمی ئەردەڵان تواندی شەرەفێکی گەورەی بۆ مێژووی حوکومەتی ئەردەڵانی کورد دروسـت کرد • بەو هۆیەوە بەرەکەت‌و خۆشی کەوتە کوردستانەوە • سەردەمێك بـەم جۆرە وڵاتەکانی ئەردەڵانی کۆنی ژیاندەوە ، بەکار ئامەیی‌و تێگەیشتنی بەجێ‌و جوانی خۆی شاه عەباسیش لێی مەمنون بوو • تەنانەت شـاه کردی بە زاوای خۆی •

خان ئەحمەد خان حاکمێکی زرنگ بوو • بە دووربینی‌و فامیدەیی ئەجووڵایەوە • دەستی بۆ ئەو وڵاتانە نەئەبرد کەڕاستەو خۆ لە ئیدارەی عوسمانی‌یەکانا بوو ، بەڵکو لەگەڵ ئەمارەتە کوردەواری‌یەکانا خەریـك بوو کـە یەکیان پێ بکرێت‌و بن بـە دەوڵەتێکی گەورە لـە ئیستیعماری بێگانە ڕزگار بن • ئەوەندە هەیە کە شاه عەباس لە ( ١٠٣٤هـ )دا چـووە سەر بەغداد • خان ئەحمەد خانیش بەتیپە سوپای ئەردەڵانەوە لـە تەکیـا بوو وا ڕێکەوت ( کەرکوك - کەرکوویە )دا ڕۆیشت • شارو قەڵاکـە هەردووکی داگیر کردو لەگەڵ ئەمانەدا هەموو شارەزووریشی گرت •

بەم جۆرە حوکم‌و دەسەڵاتی خان ئەحمەد خان لـە عەمادیەوە تـا

سنووری کرماشان‌و هەمەدان‌و لە لوڕستانەوە تا دەریای وورمێ ئەچوو •
ئەم دەوری بەرزی حوکوومەتی ئەردەڵانی کوردە لە دوای مردنی شاه عەباس ئیتر بەردەوام نەبوو ، لە ساڵی ١٠٣٩هـ دا سەرەك وەزیر (صدری اعظم )ی عوسمانی بۆ سەندنەوەی وڵاتی بەغداد بە سوپایەکی قورسەوە هاتە سەر عێراق ، ئامۆجگاری‌یانە نامەی بۆ ئومەراکانی کوردی ئەوناوە نارد ، ئەمجارە ڕووی کردە هەریمی ئەردەڵان • بەڵام خان ئەحمەد خان لە یەکیەتی‌ی ئێران جیا نەبوەوە بە ئاشکرا لەگەڵ ئێرانا بوو • تەنانەت هەندێك پیاو ماقووڵ‌و سەرۆکەکانی لای خۆی هەبوون لایەنگری حوکوومەتی سوننی مەزهەبی عوسمانی بوون • کە لەشکری عوسمانی لە کەرکووك تێپەڕی ئەمانەو گەلێك ئومەرای ئەردەڵان‌و خانەکانی کوردستان هاتە لای سەرداری عوسمانی دۆستایەتی‌ی خۆیان نواند ، لە دوای ئەمانە ئەمجا سوپای عوسمانی چووە سەر شارەزوور ، یەك دوو مانگێك لەوێ خۆی نواندو قەڵای گوڵ عەنبەری ئاوا کردەوە • لە دوای ئەمە بوو لەشکرێکی عوسمانی چوو ( میهرەبان ــ مەریوان )ی گرت •
لەم کاتەدا ( زینەڵ خان ) بە لەشکرێکی گرانەوە بەرەو مەریوان هات لە هەمەدانەوە ، لەوێ جەنگێکی گەورە ڕووی دا لە کاتی جەنگدا لەشکری عوسمانی لە شارەزوورەوە کوتووپڕ بە فریای ئەمانەدا گەیشت ، ئەمجا شەڕەکە قورستر بوو • لەئەنجاما لەشکری ئێران زۆر خراپ شکا • لەسەر ئەمە شاهی ئێران زەینەڵ خانی کوشت ، ئەوسا بە سوپایەکی تازەوە کشا بۆ سەر شارەزوور • سەرداری عوسمانی ئەمجارەش بە سوپا زۆرەکەیەوە ڕووی کردوەتە ناو جەرگەی ئەردەڵان ، قەڵای ( حەسەن ئاوا )ی کە پایتەختی خان احمد خان بوو لە دوای تالآن کردن وێران کردو لە ١٦٣٠م ١٠٤٠هـ دا گەیشتە بەردەمی هەمەدان • ئەم شارەو گەلێك جێگای تریشی گرتەناو ، تالآن کردنان وێرانی کردن‌و گەلێکی کەیشی لێ

کوشتن • ئەمجا گەڕایەوە بە پاشا ڕووی کردوەتە بەغـــدا ، سی جـل ڕۆژێك شارەکەی پێچا • پاش ئەوە بەسەر مووسڵ دا ڕۆیشتەوە بۆ نـاو ئەنەدۆڵ ( ١٦٣١م ) هێشتا سەرداری عوسمانی لە مووسڵ دەر نەچووبوو کە خان احمد خان هەڵی کوتایەوە سەر شارەزوورو زەوتی کرد•لە دوای ئەم ڕووداوانە وا ڕێکەوت ( شاه صفی خان )ی ئێرانی چاوی کوڕی خان احمد خانی هەڵکۆڵی • سەبارەت بەوە خان احمد خـان ڕووی لە ئێران وەرگێڕاو بەو بۆنەیەوە خۆی خستە پەنای حوکوومەتی عوســـمانی • ئەوسا پادشای عوسمانی لە شاری مووسڵ داینا • لە دوای ئەمە ســلێمان خان ناوێك لە زادەکانی ئەردەڵان بووەتە فەرمانڕەوای حـــوکوومـــەتی ئەردەڵان •

وا دیارە ئەم سلێمان خان ناوە ماوەیـــەکی زۆر حوکوومـــەتی ئەردەڵانی بە دەستەوە بووە • بەڵام حوکوومەتە کە بڕشـــتی جارانی نەماوە • لەبەر ئەوە سولەیمان بەگی بەبە ئەمەی بە هەل داناو لە مێژووی ١٦٩٤م دا هەڵی کوتایە سەر ئەردەڵان‌و بەشێکی داگیر کردووە • بەڵام ساڵێك لە دوای ئەوە ئەردەڵانی‌یەکان بە یارمەتی‌ی حوکوومـــەتی ئێران سلێمان بەگی بەبەیان شکاندو لە ئەردەڵان دەریان کرد • لەسەر ئـەوە لە ١١٤٣هـ دا والی عوسمانی لە بەغداد ( حسن پاشا ) بە سوپایەکی گرانەوە هاتە سەر هەمەدان • ئەو دەمە علی قولی‌خان بە میراتی حاکمی ئـەردەڵان بوو ، بە بێ شەڕو هەرا لە خۆیەوە بوو بە تابیعی عوســـــمانی چونکە ئێرانی‌یەکان لە حاکمیەتی عەزلیان کردبوو • جا بەم بۆنەیەوە بە فەرمانی حەسەن پاشا خانە پاشای بەبە چوو ئەردەڵانی داگیر کرد • علی قولی خان‌و هەندێك ئومەرای تری کورد بەمە ڕازی بوون •

خانە پاشای بەبە لە ئەردەڵانا دەورێکی هەیە • لەشکری عوسمانی‌و سوپای اشرف خانی ئەفغانی لە ئێرانا لەم دەورەیەدا بەرەنگاری یەك بوون•

عوسمانی‌یەکان بە فێڵو فیشاڵی خانە پاشا بە هەڵە چوونو شکستیان خواردووەو لەسەر ئەوە بە ناچاری لە ئێران دەرچوون • ئینجا تا پەیدا بوونی ( نادرشا )ی بە ناوبانگ ( خانە پاشا ) لە ئەردەڵانا هەر حاکم بووە •

لە دەوری ( تاماسیب قولی خان )ی ئێرانیدا کە تورکەکانی لە ئێران دەرکرد ، حاکمیەتی ئەردەڵانیشی دایەوە بە ( سبحان ویردی خان )ی ئەردەڵانی • لەمەولا حاکمەکانی بەبە چاویان بڕیوەتە داگیر کردنی وڵاتی ئەردەڵان• سولەیمان پاشای حاکمی بەبە لە ١٧٩٣م دا بەشێکی ئەردەڵانی داگیر کرد ، بەڵام زۆری پێ نەچوو سوبحان وێردی خان گرتیەوە • ئەمجا کریم خانی زەند هاتە کایەوە ، دەستی خستوەتە ئیشی ئەردەڵانەوە، بە یارمەتیی کریم خان ، سولەیمان پاشا ئەمجاریش چووە سەر ئەردەڵان ، ناوچەی ( سنەی )ی داگیر کرد • بەم جۆرە بابانەکان بوون بە دەستەو دایەرەی ( ئاغا محمد خان )ی سەرداری قاجار ، کە دوشمنی خوێنی کوردو خانەدانی زەند بوو • لەبەر ئەمانە ( ئەردەڵان ) لەژێر دەستو پێی لەشکردا پلیشاوەتەوە ، وڵاتو ئەهالی لەناو چوون •

لە دوای سوبحان وێردی خان حاکمیەتی ئەردەڵان کەوتە دەس ( خەسرەو خان ) کە پێیان ئەوت ( خەسرەو خانی گەورە ) • (١١٦٨ - ١٢١٤هـ ) • لە ساڵی ١١٩٠هـ دا والی بەغدا احمد پاشا لە کرماشانەوەو محمد پاشای بەبەش لە ( سنە )وە لەشکریان برد • پاشای بەبە لە دوو شوێنا لەشکری ئەردەڵانی شکاند ، بەڵام زۆری پێ نەچوو لەشکری کریم خانی زەند تا دەوری کەرکووك هات • لێرەدا کریم خان ناحەزی والی بەغداد بوو •

بەکورتی : لە دەوری بەبەدا ئەردەڵان ماڵ وێران بووە • کوردەکان بۆ بەرژەوەند ( مصلحة )ی بێگانە لە هەردوولاوە خۆیان بە کوشت داوە • لە دوای خەسرەو خان ( امان الله خان )ی کوڕی هاتوەتە جێی • لە

( ١٢١٤هـ تا ١٢٤٠هـ ) میللەت بەمیشی وتووە گەورە ، چونکە بەڕاستی فەرمان ڕەوایەکی وا بووە بۆ ئاوەدانیو فەرەحیو زانستی ( وڵاتەکەی ) زۆر تێکۆشاوە . شاری ( سنە )ی ڕازاندوەتەوە ، بووەتە ناوچەی شاعیرو خوێندەوار . ( سێرجۆن مالکۆلم )و ( ڕیچ ) میوانی ئەم حاکمە بوون ، مەدحو ستایشی بەڕێوە بردنی ئیدارەی ئەکەن . لە دوای ئەم خەسرەو خانی کوڕی هاتوەتە جێی . ( ماە شەرەف خانم )ی ژنی ئەم فەرمان ڕەوایە شاعیرەیەکی بە ناو بانگ بووە . ( غوڵام شاە قولی خان )ی کوڕی ئەم کە بووەتە حاکم لە جێی باوکی ، بەگزادەکان لەناو خۆیانا کەوتوونە زرمە زلیو ناخۆشی . ( امان الله خان )ی برای فەرمانڕەوای دوایی ئەردەلانە لە ١٢٦٥ ـ ١٢٨٤هـ دا حوکمی کردووە . لەو کاتەدا ( ناصر الدین شاە )ی ئێران کە لە بیانوو ئەگەڕا فەرهاد میرزای مامی خۆی دانا بە حاکمی ئەردەلان . لە دوای ئەمە لە ئەردەلانا حاکمی کورد دانەنراوەتەوە . بەم جۆرە حوکوومەتی ئەردەلان دوایی هاتووە .

ئەگەرچی هێشتا لەم خانەدانە هەندێك کەس ماوە ، بەڵام هیچیان بە دەست نی‌یە . حوکوومەتی ئەردەلان یەکێکە لە حوکوومەتە بە دەسەڵاتەکانی کوردی ئێران . سەردەمێك بە تەواوی (سەربەخۆ) بووە ، پارەی سکە لێ دراوی خۆی هەبوە . فەرمانڕەواکانیان خوتبەیان بە ناوی خۆیانەوە خوێندوەتەوە . ئەمانە لە دوای حوکمڕانی‌ی ئیلخانی‌یەکان ئەم دەسەڵاتانەیان بووە . یەعنی لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچی‌یەوە دەسی پێ کردوە تا دەوری سەفەوی کە سەدەی دەیەمی کۆچی‌یە . واتە ئەم دەست داری‌یە دوو سەد ساڵێك درێژ بووەتەوە . دوای ئەمە لە تابیعەتی سیاسی‌ی ئێرانو هەندێك جار عوسمانیدا دیسان لەناو خۆیانا سەربەخۆ بوون تا لە ناو چوونی خان احمد خان .

لە دوای ئەمە ئەمجا دەسەڵاتی سیاسی‌ی ئێران بەسەریانا زاڵ بووە تا لە ١٢٨٤ی کۆچیدا بە تەواوی چووەتە گۆڕخانەی تەئریخەوە .

# ٧ ـ حوکوومەتی سۆران
# ؟ ـ ١٨٤٧ م ( زایینی )

لە مێژووی کورددا ( سۆران ) بە ناوچەی نێوانی هەردوو ( زاب ) ێژراوەو بووەتە ناوو نیشان بۆ کوردەکانی ئەوێو ئەمارەتە سەربەخۆکان کە لەو ناوەدا پەیدا بووە •

مێژوو زانەکان ئەڵێن ( کەولۆس ) ناو پیاوێکی کورد لە سەدەی پانزەیەمینی زایینیدا هاتووەتە هەرێمی هەولێر لە ناحیەی ( ئاوان )دا ناوی پەیدا کردووەو دامەزراوە • لە دوای خۆی کوڕەکانی بوونە پیاو ماقووڵی ئەو ناوە • گەورەکەیان کە عیسای ناوبووە لە هەرایەکا زۆر ناوبانگی سەندووە بووەتە سەردارو بەناوی جێگای شەڕەکەوە ناوبانگی ( سووران )ی بۆ ماوەتەوەو بە ( میر عیسا )ی سۆران شۆرەتی ڕۆیبوە • لە زاناکانا هەشە ئەڵێ : سورخاب بەگی حوکمداری ئەردەڵان بارام بەگی کوڕی خۆی ناردووەتەوە ( ڕەواندز ) کردوویە بە فەرمانڕەوای ئەوێ لە سەدەی دەیەمی کۆچیدا •

جا حوکوومەتی سۆران ئەم بەگزادەیە پێکەوەی ناوەو لە دوای خۆی میر عیسا ناوی کوڕی بووەتە جێنشینی • وە ئەم ڕووداوەش لە کاتی فەرمانڕەوایی شاە تەهماسبدا دروست بووە • میر عیسا بەم جۆرە کە بووەتە سەردار بە سەربەخۆیی دەسی کردووە بە حوکمڕانی کردن وە لە دوای مردنی ( شاە علی بەگ )ی کوڕی چووەتە جێی • ئەمیش کە مردووە وڵاتەکەی بەسەر چوار کوڕیا دابەش کردووەو پایتەختی ئەمارەتەکەی ئەوسا حەریر بووە •

ئەم دابەش بوونە بووەتە هۆی کزبوونو بێ هێزیی ئەمارەتەکە •

لە مانە میر عیسا ناوێکیان تووشی هەڵمەتی ( پیر بۆداق بەگ )ی بابانیی دراوسێیان بووەو لە ناو چووە • لەسەر ئەمە ئەنجا شا علی بەگ ناوێکیان هاتوەتە کایەوە وبابانەکانی دەر کردووەو ئەمارەتەکەی یەکدگیر کردوەتەوە ، خستوویەتە ژێر فەرمان ڕەوایی خۆیەوە • بەم ڕەنگە بووەتە میرێکی ئازاو بە شەوکەت‌و هەموو ناوچەی هەولێرو مووسڵو کەرکووکی لە قزڵباشەکان سەندوەتەوەو ئەمارەتێکی بە ناوبانگی پێکەوە ناوە •

ئەم حوکمدارەش مردووە ( میر عزالدین شێر )ی کوڕی جێی گرتوەتەوەو هەولێری کردووەتە پایتەختی حوکوومەتەکەی • ئەنجا لەم کاتەدا بووە ( سوڵتان سولەیمانی قانوونی ) پادشاهی عوسمانی بۆ داگیر کردنی بەغداد هاتوەتە ئەو ناوە •

وا دیارە میر عزالدین نەبوەتە مسکێنی پادشای عوسمانی • بەڵام داخەکەم ئەم بە خۆنازینەی بۆ نەچوەتە سەر • ئەمیر عزالدین گیراوەو کوشتوویانە لە ٩٤١هـ ١٥٣٤م دا •

لە دوای ئەو ئەمارەتی سۆران کز بووەو زۆرداریو دەسەڵات زیادیی حوکوومەتی عوسمانی لەم ناوەدا برووزی سەندوە تاکو لەدوایدا قولی بەگ ناو ئەمیرێکی ئەم خانەدانە بە ڕەزامەندیی عوسمانیەکان حوکمی سۆرانی هێناوەتەوە ژێر دەستی خۆی • ئەوەندە هەیە ئەمارەتەکە تازە هێزی جارانی نەگرتوەتەوەو هەمیشە بە حوکوومەتی عوسمانی ژیاوە •

پایتەختی ئەمارەت جار جار گۆڕاوە • گاە لە ( دوێن )و گاە لە ( حەریر )وە یا لە ( کالیفانی ) واتە ( خەلیفان )و ڕەواندز بووە •

سەرەڕای ئەم نوشوستانە ئەمارەتەکە لەمەولا تووشی ئازاوەو چەرمە

سەری و ناوخۆشی بووە • بە پێی دەسـەڵات وەیا کـەم دەستی ئەمیرەکانیان گاە ناوبانگی ئەمارەتەکە بەرز بوەتەوەو گیانێکی دەرخستووە. جارو باریش کزیو بێ هێزی ڕووی تێ کردوونەوە • لە سەدەی ١٨ی زایینی دا ئەم ئەمارەتە لە گەڵ حوکوومەتی بابانی سلێمانیدا بە شـەڕو هەرا ڕایبواردووە •

لە کاتی سولەیمان بەگی کوڕی شەکەلی بەگ ناو حاکمی سۆراندا وڵات فەرەحیو خۆشیی تێ کەوتووە • زانستی باڵای سـەندووە • تەنانەت قەڵاو شتی دروستکراوی ئەم سەردەمە ماوە • ( حەریر ) پایتەخت بووە • ( خانزاد ) ناو خوشکی ئەم ئەمیرە سەردەمێك ئەمارەتەکەی بەناوی کاکیەوە بەڕێوە بردووە ، چونکە حوکوومەتی عوسمانیی بەغداد لـە ناوبانگی سلێمان بەگ سلّەمیوەتەوە • بە فێڵ بانگیان کردوەتە بەغـداد لەوێ گرتوویانەو لە بەندیخانەدا مردوە • کردەوەو چاکەی ئەم شاژنـە بەجێ ماوە بە چیرۆك ئەیگێڕنەوە • لە دوای ئەمان علی بەگی سـلێمان بەگ لەناو دەس درێژیی بەبەکان لە دەوری ڕەواندزدا قەڵای دروست کردوە • جا بەم بۆنەیەوە لە دوایدا ئەم شوێنە بەنـاوی ( گەلیی عەلی بەگ ) ناوبانگی ڕۆیبوە • لە ( ١٢٠١هـ – ١٧٨٧م ) لەم کاتەدا ڕەواندز بووەتە پایتەختی ئەمارەت •

لە کاتی میر مصطفی بەگدا لەگەڵ بەبەکان ئاشت بوونەوەو بـوون بەخزمی یەکتری • ئەنجا ئەم ئەمیرە وڵاتەکەی ڕێکخسـتووەو هێزێکی تازەی پێ داوەتەوە ( ١٢٤٢هـ ) •

**حەمەد پاشـا کوێرە :**

حەمەد ( محمد ) پاشای ڕەواندزی ناودار کوڕی ئـەم مصـطفی بەگەیە • لە دوای مردنی باوکی بووەتە ( ئەمیری سۆران ) لە ١٨٢٦م دا • ئەم بەگزادە مەردە بە ڕاستی ئەمیری هەرە گەورەی سۆرانە • هەر لـە

مانلی‌یەوە بیری سەربەخۆیی چووەتە مێشکیەوە • ویستوویە دەسەڵاتی حوکوومەتی عوسمانی لە ئەمارەتەکەیا نەهێڵێ‌و ئەمارەتەکەی بکا بە حوکوومەتێکی سەر بەخۆو خۆشی ببێت بە پادشای ئەو حوکوومەتە •

میر محمد پاشا هەوێنی پادشایەتی‌ی تیا بوو • توندو ئازاو بە کار بوو • ئەگەر دەورەکە کەڵکی بگرتایە ، وەیا سەرۆکەکانی کورد پاڵیان بدایە پاڵی‌و لە قسەی دەر نەچوونایە ، بێ گومان ئاواتەکەی ئەهێنایە دی• ئەم سەردارە هەڵکەوتووە چاوێکی کوێــر بووە • بۆیە پێ‌یـان وتووە ( پاشا کوێرە ) •

ئەم سالارە بیر بەرزە کە بوەتە ( میر ) ، لەبـەر ئـەوەی کـە سەرکەشی‌یان کردبوو ، دوو مامی خۆی گرتووەو هەڵیواسیون ، ئـەمجا دەسی کردوە بە گەورە کردنی ماوەی ئەمارەتەکەی • عێلاتی شـیروان‌و سوورچی‌و برادۆستی خستوەتە ژێر دەسەڵاتی خۆی • بابانەکانی لـە حەریر دەرپەڕاندو شاری هەولێری داگیر کردووە • ئەمجا ناوچەکـانی دزەیی‌و بردێ‌و ڕانیەی داگیر کرد • ڕووباری زێ‌ی بچووکی لە ناوەند سۆران‌و بابانا کردوە بە سنوورو لە ۱۸۳۰م دا تەپڵی سـەربەخۆیی لێداوە • لە سەر ئەوە والی‌ی بەغدا کەوتووەتە مەترسی‌یـەوە • بـەڵام بەرامبەر ئەم سەرداری کوردە کوتووپڕ هیچی پێ نـەکراوە ، بـەڵکو ڕووداوەکەی جارێ بە شیرینی بڕیوەتـەوە • پێشـەکی دانی بـە حوکوومەتەکەشا ناوەو مەرتەبەی ( میری میران )یشی لـە پادشـای ئەستەمبووڵ بۆ سەندووە •

میری سۆران لەشکرێکی ڕێکوپێکی پڕچەکی پێویست بوو ، چونکو ئەیزانی بە بێ لەشکری ڕێك‌و پێك هیچی پێ ناکرێ • لەبەر ئـەوە تـا سالی ۱۲٤۹هـ ۱۸۳۳م لە کوڕە کوڕەی عێلاتی کورد سـوپایەکی باشی پێکەوە ناوە • ئەمجا ڕووی کردوەتە ( بادینان ) لە دوای چەند شەڕێك

( عەقرە ، عەمادیە ، دهۆكو زاخۆ )ی زەوت كردووەو بایـــداوەتەوە ، یەزیدی‌یەكانی شیمالی مووسلیشی خستوەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە • لە دوای ئەمانە لەتەك سەرۆكەكانی ( جزیرەو ماردین‌و نوسەیبین ) یشـــا پەیمانی یەكیەتی‌ی بەستووە • بەم جۆرە بـۆ ئـەو كاتـە حوكمڕانی‌یەكی فیدەراڵی بۆ دروست بووە •

جا میر محمد پاشا توڕەی ناوەندی هـــەردوو زاب‌و ئەرزەكـــانی خۆرهەڵات‌و شیمالی مووسڵدا حوكوومەتێكی بە هێزی لە ماوەیەكی كەما پێكەوە نا • لەسەر ئەم پێشكەوتن‌و برووز سەندنەی حوكوومەتی سۆران توركەكانی عوسمانی تەنگە تاو بوون • لەبەر ئەوە خێرا كەوتوونەتـــە تەقەلای نەهێشتنی ئەم هێزە • جا بە سەرداری‌ی صەدری ئەعظەم لـــە ئەستەموولەوە لەشكرێكی تورك نێرراوە بۆ عێراق • ئەم سوپایە لەگـەڵ لەشكرەكانی والی‌ی بەغداو مووسڵ یەكانگیر بووە • بەرامبەر ئەم لەشكر ئارایی‌یە سەرداری كوردەواری بە باش زانی كە بكشێتەوە بۆ ڕەواندز • تا لەناو چیاكانی ئەویـــدا جەزرەبە ( ضـــربە )یەك لـە دوژمن بـداتو بیشكێنێ •

ئەگەرچی ئەم جۆرە دووربینی‌ی عەســـكەرایەتی‌یـە زۆر بـەجێ بووە ، بەڵام چ فائیدە ؟ لە جێی ئەوەی عێلاتی كورد لەم تەنگانەدا بگەنە فریای سەرداریان‌و خاكی كوردستان بپارێزن كەچی هاتوون بە كۆمەكی‌ی دوژمنەوەو لەشكری پادشای كوردانیان پێچاوە • میر محمد پاشا ( گەلی‌ی عەلی بەگ )و ڕێبازەكانی تری بەردەمی ڕەواندزی گرتووە • دوژمنیش هاتوەتە حەریرو دیانە لەو دەشتانەدا هەڵی داوە •

ئەنجا لێرەدا صەدری ئەعظەم فڕو فێڵی خستوەتە كـــارو لەڕێی ( ئایین )ەوەو بە یارمەتی‌ی ( مەلاكان ) ویستویەتی لەشكری میر محمـد

پاشا لە شەڕ کردن سارد بکاتەوە • لە سەر ئەمە جاڕ دراوە کـــە بەگژ خەلیفەدا چوون‌و لە سەر ئەوە خوێنی موسوڵمان ڕشتن گوناهە •

جا ئەم تەدبیرو فێڵە لە دڵی سەربازە نەخوێندەوارەکانی لەشـــکری سۆراندا خێرا کاری کردووەو محمد پاشا بە چاوی خۆی دیویە کـــە لەشکرەکەی بیری شەڕ کردنی نەماوەو لای ئاشتیی گرتوە بەو جۆرە بە ناچاری تەسلیمی دوژمن بووە • ئەوانیش ناردوویانە بۆ ئەستەمووڵ • لەوێ بە ڕواڵەت عەفو کراوەو ناردوویانەتەوە بۆ عێراق ، بەڵام لە ڕێگا کوژراوە ( ١٢٥٣هـ ١٨٣٧م ) •

بەم جۆرە هەوڵ‌و تەقەلای چەند ساڵەی ئـەم سەردارە گەورەیە کە بەخوێنی ڕۆڵەی کوردی سۆران بەرهەمی هێنا بوو ، بە هۆی ناتەواویی بیری سیاسیی میللەتەکەوە بەباد چووە •

لە دوای میر محمد پاشا ئەمارەتی سۆران تینی تیا نەماوە • ئەگەرچی هەر لەم خانەدانە چەند میرێك لەمەو دوا بە پێی دەستووری پێشوو بوونە حاکمی سۆران • بەڵام دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نیشان نەداوەو حوکوومەتی عوسمانییش هێزی پێ نەهێشتوون • تەنانەت عوسمانییەکان هەر بـەوە وازی لێ نەهێناوە ، بەڵکو سوپای تازەشی بردوەتە سـەریان‌و شەڕی پێ فروشتوون • بەو بۆنەیەوە میری دوایی یان ( ڕەسووڵ پاشا )ی بەد بەخت تووشی چەند شەڕێك بووەو شکستی خواردووە • لە تاوانا وڵاتـەکـەی بەجێ هێشتوەو چووەتە ( شنۆ ) لە ئێران • بەمە حوکوومەتی سۆران لە ناو چووە • ( ١٢٦٤هـ ١٨٤٧م ) •

کتێبی مێژووی نوێ کە بەئیزنی وەزیـــری زانســـتیی عێراق بۆ قوتابیی پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە چاپ دراوە ، دەوری ( محمد پاشای ڕەواندزی ) وەها ئەگێڕێتەوە وەك لای خوارەوە نووسراوە[1] :

---

(١) کتێبی ڕەسمی مێژووی نوێ • بەندی شەشەم لاپەڕە ١٤٦ •

**شۆڕشی محمد پاشای ڕەواندز :**

لە سەرەتای چەرخی نۆزدەهەم دا مەمەد پاشا فەرمان ڕەوای ئەمارەتی ڕەواندز بوو • پیاوێکی وریای ئاوات بەرزی بەکار بوو ، ئەیویست کوردستان لە کۆتی عوسمانی یەکان ڕزگار بکاو دەوڵەتێکی بە دەسەڵاتو سەربەخۆ لە کورد دروست بکا • جارێ سوپایەکی بەهێزی پێکەوە ناو ئەمارەتە بچکۆلەکانی دراوسێی خستە ژێر چنگی خۆیەوە • لەپاش ئەوە لە ساڵی ۱۸۳۰م دا جاڕی سەر بەخۆیی‌و جیا بوونەوەی لە دەوڵەتی عوسمانی‌دا • بەم ڕەنگە بوو بە فەرمان ڕەوای لیوای هەولێرو ناوچە کوردەکانی مووسڵ‌و هەندێك شوێن لە کوردستانی تورکیای ئەوساکەدا •

**دەستی کردووە بە ڕێك خستن‌و چاك کردن :**

لە دوای ئەمە محمد پاشا خەریکی ڕێکخستنی فرمانی دەوڵەتەکەی بووە • بە یارمەتی‌ی پیاوە زرنگەکانی ئەوساکەی وڵاتەکەی ڕێکخستووە• بە هەموو شوێنیکدا ئاسایشی بڵاو کردوەتەوە • بە ڕەنگێك کە دانیشتوان دڵنیای سەرو ماڵیان بوون • محمد پاشا لە فەرمانڕەوایدا پەیڕەوی ئایینی ئەکرد • دەستی دزیان ئەبڕی‌و پیاو کوژیان ئەکوشتەوە • لەبەر ئەم توندو تیژی‌یە پیاو خراپان لە خراپەو بێ دینی دوور ئەکەوتنەوە •

**جیهان گەڕێك هەواڵی لیوای هەولێری ئەوسا ئەگێڕێتەوە :**

جیهان گەڕێك کە لەم کاتەدا لە بەغداوە چووە بۆ ڕەواندز ، ئەڵێت: وڵاتی ژێر دەستی عوسمانی‌یەکان بە ئاشکرا پەرێشان بووە • گوندەکان چۆڵ وەیان زۆرکەم دانیشتوویان تیا بوو • زەوی هەمووی بەیار بوو • جووتیارەکان لە دەست پۆلیس‌و کاربەدەستان ڕایان ئەکرد • بەڵام کە لە ( پردێ - ئاڵتوون کۆپری ) پەڕیوەتەوە چووەتە سنووری محمد پاشا وەدیویەتی گوندەکان ئاوەدان‌و کشت‌و کاڵ لە گەشەدایە ودانیشتوان بە

کۆمەڵ هاتوونەتە سەر ڕێگە بۆ بەخێر هاتن خۆیو ئەو سەردارەی کە لەگەڵیا بووە • لاوەکانیان گوڵیان کردبوو بە سەریانا • هەر لە پردێوە تا هەولێر بە پانایی ئەو دەشتە هەموو کشتو کاڵو پاوان بووەو گوڵاڵە دای پۆشیبوو • گوندەکان پڕ بوون لە دانیشتوانی پۆشتەو پەرداخ •

**عوسمانی‌یەکان ئەمارەتەکەی محمد پاشا لە ناو ئەبەن :**

عوسمانی‌یەکان هەستیان بە تەلزگەی شۆڕشەکەی محمد پاشا کرد ، ترسان بتەنێتەوە بە کوردستانا • بۆیە خێرا لە بەغدادو مووسڵو دیاربەکرەوە سوپای گەورەیان نارد کە بەربەستی بکەن • بەرە بەرە دەستیان کرد بە داگیر کردنی وڵاتەکانی تا نزیك بوونەوە بە ڕەواندز • لەوێ تێ گەیشتن ڕۆیشتن بە گەلی عەلی بەگدا شتێکی ئاسان نی‌یە • نووسراوێکیان بۆ محمد پاشا نووسیو داوای ڕێك کەوتنیان لێ کردو وتیان ئەگەر ژێر ڕکێفی عوسمانی قوبووڵ بکات ئەبەخشرێت •

محمد پاشا بۆ ئەوەی زیاتر خوێن نەڕژێت ، بەو مەرجانە ڕازی بووو بڕوای بە بەڵێنی سەردارەکە کردو خۆی دا بە دەستەوە • لە پاش ئەوە زۆر بەڕیز بردیان بۆ ئەستەمووڵ • لە دوای مانگی ئاینەدە ١٨٣٦م پادشای عوسمانی لێی خۆش بووو ڕێگەی دا بگەڕێتەوە جێگای خۆی • بەڵام لە گەڕانەوەدا کوشتیان • بەم ڕەنگە ڕووناکی‌ی ئەو بڵێسەیە کوژایەوە کە بەشێکی کوردستانی ڕووناك کردبوو ، وە ئازادیو ئاسایشی تیا بڵاو کردبووەوە •

# ٨ ـ ئەمارەتی بابــان

## ١٦٥٠م ـ ١٨٥١م

حوکوومەتی کوردی بابان لە وڵاتی موکری و سلێمانیی ئێستەدا پەیدا بووە • سەرجەم سێصەد ساڵێك زیاتر ژیاوە • جارو بار سەربەخۆ بووەو هەندێ جاریش یا تابیع ( مسکێن )ی دەوڵەتی عوسمانی بووە یا هی ئیران • لە پێش بابانەکانا وڵاتی سولەیمانی کە پێشیان پێیان وتووە لە ژێر فەرمانڕەوایی حوکوومەتی کوردی ئەردەڵاندا بووە کە پایتەختەکەی شاری سنە بووە •

بنچینەی ئەم ئەمارەتە بەگزادەکانی عەشایری موکری لە توێڕەی موکریان و پژدەردا دایان ناوە • وا دیارە عێلاتی موکری لە زۆر زووەوە پەیوەندییان بە شارەزوورەوە بووە • ئومەراکانی ( بەبە ـ بابان )ی سولەیمانی خۆیان بە بەگزادەی تیرەیەکی عیلی کرمانج داناوە گۆیاناویان ( بەبە ـ بابان ) بووە • بە کورتی مێژوو هێشتا ناوی ( بەبە )ی ساغ نەکردووەتەوە کە لە چییەوە داهاتووە • کرمانج و موکری شتێکی جیا جیا نین ناوو نیشانەی یەکترین • وا دیارە ئەم ناوە یا لە خانەدانی بەبەی پێشووی موکری وەیا ڕاستەو خۆ لە ( بابە سولەیمان ) ناو دانەری خانەدانی دواییەوە داهاتووە •

مێژوو نووسەکان لە نووکەوە تا دوایی بە ڕێکو پێکی باسی ئەدواری مێژووی بابانەکانمان بۆ ناکەن • بەڵام گشتیان ئەڵێن ئەمیر ( بۆداق بەبە ) سەرداری یەکەمی بابانەکانە • گەرچی ناوی بۆداق تورکییەو بەوەدا گومان ئەکرێ کە ئەم سەردارە ئەبێ تورك بووبێ • بەڵام ڕاستییەکەی وەها نییە • بەمێژوو ساغ بوەتەوە کە نەتەوە موسوڵمانەکان ئەم جۆرە

فەرقانەیان نەکردووەو تێکڕا ناوو نیشانی یەکتری یان بەکار هێناوە وەکو : لەو سەردەمەدا لە ناو ئیسلامەکانا چونکە تورکەکان دەسـەڵاتدار بوون ئومەرای نەتەوەکانی تر ناوی ئەوانیان بە شانازی یەوە بەکار هێناوە • لـە مێژوودا دەنگ وەهایە بابانەکان سەرجەم پێنج خانەدان بوون ، سـەرەتای حوکمیان لە سەدەی نۆیەمی کۆچی یەوە دەس پێ کردووە •

یەکەمین سەرۆك لە خانەدانی یەکەم ( میر بۆداق بەبە )ی کـوڕی میر ئەبداڵ بووە • ئەم بەگزادە سەرپشك و ئازایە لە موکریانـا نـاوی دەر کردوە • وڵاتی ( لاجان )ی لە خێلاتی ( زەرزا )و ناوچەی ( سـیوێ )ی لە ئەمارەتی سۆرانو ( سەڵدۆز )ی لە قزلباشەکان سەندووەو لە گـەڵ موکری و بانەدا ئەمارەتێکی بەهێزی پێکەوە نـاوە • لـەدوای ئەمـە شارباژێڕی لە ئەمارەتی ئەردەڵان و کەرکووکیشی لە حوکوومەتی بەغـدا سەندووەو هەردوو حوکوومەتی تورك و ئێرانی خستوەتە مەترسی یەوە • بەڵام بێ باکانە لە وڵاتی سۆرانا کە خـەریکی ڕاو کـردن بووە تووشی بۆسەی بەگزادەی سۆران بووە کوژراوە • لە دوای ئەم ( میر بۆداق )ی برازای چووەتەجێی • بەڵام زۆری پێ نەچوە مردووەو بەمە یـەکـەم خانەدان کۆتایی هاتووە •

خانەدانی دوەم لە ( پیرنەزەر بارام ) ناو ئەمیرێکەوە دەس پێ ئەکا • ئەم بەگزادەیە لە ( پیر بۆداق ) بووە • ناوچەی ( کفری ) لە حوکوومەتی بەغدا سەندووەو خستوویەتە سەر خاکی بەبە • بـە مردنی پیرنـەزەر خانەدانی دووەم دوایی هاتووە •

لەمەولا وڵاتی بەبە ئاژاوەی تێ کەوتووە ، نزیکەی ١٥٠ سـاڵ زیاتر یەکێتی ی بەخۆیەوە نەدیوە لە ٩٢٦ەوە تا ١١٠٠ی کۆچی •

لەم سەردەمەدا وڵات بە دەسی دوو ئاغاوە بووە • ئەم دوو ئاغایـە

کیشوەرەکەیان بەش کردووە • خانەدانی سێ یەم‌و چوارەم لە بەرەی ئەم دوو ئاغایەن • ئەم دوو خانەدانە لە دوای ئەختێك ڕێکی ئیتر بەگژ یەکا چوون • هەرلا ویستویە خاکی بەبە ساغ بکاتەوە بۆ خۆی جا لەبەر ئەم هەراو پشێوی‌یە ولاتەکە شپرزە بووەو ئیدارەیەکی بنج بەستراو بۆ هیچیان پێکەوە نەنراوە ، لەم ناکۆکی‌یەش حوکوومەتەکانی عوسمانی وئێران خێریان نەدیوە ، چونکە بەگزادەی ئەم دوو خانەدانە پەنایان بردووەتەوە لای پادشاکانی عوسمانی‌و ئێران‌و لەشکریان هێناوە بۆ سەر یەکتری • هەرکامێکیان سەرکەوتبێ ئەوی تری دەربەڕاندووە ، بەلام خۆشی بووەتە مسکێن ، واتە تابیعی حوکوومەتە مەحمی‌یەکەی • بەم جۆرە ئەم دوو بەرەکی‌و ناکۆکی‌یانە وەکو بووەتە مەبەستی لەکیس چوونی سەربەخۆیی‌یان ، ماڵ وێرانیشی هێناوە بۆ حاکمەکانی دوایش بەمیرات بەجێ ماوە ، وەکو لە ئەنجامی کارا ئەمارەتەکەشی پێ لەناو چووە •

ئەم هەراو هوریایە لە کاتی حوکمداری‌ی سولەیمانی قانوونی ناو پادشای عوسمانی‌و طەهماسیب شای ئێراندا دەسی پێ کردووەو لە دوای ئەوانیش هەر بەردەوام بووە تاکو خانەدانی بەبەی سولەیمانی پەیدا بووە •

## خانەدانی پێنجەم
## بابانی سولەیمانی

مێژووی بابانی سولەیمانی بە وێنەی چیرۆك لە ( فەقی ئەحمەدی دارشمانە ) وە دەس پێ ئەکا • بنەچەی ئەم فەقی ئەحمەدە بە تەواوی ساغ نەبووەتەوە • بێ گومان لە ئاغاواتی پژدەرەو لە بەرەی بەگزادەکانی موکری‌یە کە مەرگەو پژدەریان لە ژێر حوکما بووە • فەقی ئەحمەد

لەوانە لە یەکێکیان بووە • لە پژدەرا قاو وەهایە باوکی ناوی کاکە شـێخ بووە • ئەم فەقێ ئەحمەدە پیاو ماقووڵێکی ئازا ، زیرەك و بەکار بووە • لە شەڕێکا خزمەتێکی زۆری بۆ حوکوومەتی عوسمانی کردووە ، ئەوانیش ناوچەی پژدەریان ئێجگاری داوەتێ • بەم تەرحە بناغـەی خانـەدانی پێنجەم کە ( بابانی سولەیمانی )یە ئەم مرۆڤە ناودارە دایناوە •

ئەگونجێ ئەم ئەمارەتە لە سەردەمی پێشووی‌دا لـەژێـر حوکمی ( سۆران )دا بووبێت ، چونکە شەڕو هەرای بابانەکـان لەناو خۆیـانـا نەپساوەتەوە • بەو بۆنەیەوە کزی‌یان هێناوە • بۆیە حاکمەکانی سۆرانی دراوسێ‌یان بەسەریانا زاڵ بووە •

لەدوای فەقێ ئەحمەد ( سولەیمان بەبە )ی کوڕی وەیـا کوڕەزای هاتوەتە جێگەی • لەم کاتەدا جێ‌و شوێنی ئەمارەت ( دارشمانە ) بووە لـە پژدەر وەك دەر ئەکەوێ بناغەی ئەمارەتەکە بەڕاستی ئەم ( سـولەیمان بەبە )یە دایناوە لە دوای مێژووی ( ١٠٨٨هـ – ١٦٧٧م ) •

ئەم بەگزادەیە لەو سەردەمەدا یەکەمین پیاوی هەڵکەوتووی ئـەو ناوە بووە • لەدوای ئەوەی بووەتە سەرداری ( مەرگـە )و ( پژدەر ) دەستی کردووە بە گەورە کردنی سنووری قەڵەمڕەوەکـەی • هەمـوو وڵاتی شارەزووری کە گشت لیوای سولەیمانی‌ی ئێستەیە ، داگـیر کردووە • ئەمجا چاوی بڕیوەتە کەرکووك وئەویشی زەوت کردووە • دلاوەر پاشای موتەصەڕیفی کەرکووکی لە شەڕا کوشتووە ١١٠٢هـ ١٦٩٠م وە هەموو بارگرانی لەشکرەکەی بە تاڵان بردووە • لەسەر ئەوە لـە بەغـدادو مووسڵەوە لەشکرێکی زۆربەی هاتوەتە سەر ، بەڵام هیچیان پێ نەکراوەو گەڕاونەتەوە •

# پایتەختی گواستوەتەوە بۆ قەڵا چوالان

لەمەولا میر سولەیمان تەختێك ئارامی گرتووە ، ئەنجا دەسی کردوە بە ڕێکخستنی فرمانی وڵاتەکانی . لەدوای ئەوە ڕووی کردوەتـە وڵاتی ئەردەڵان . بە ڕاستی ئەم سەردارە نیازی بووە حوکوومەتێکی گـەورەی کورد پێکەوە بنێ . لەبەر ئەوەش بووە چاوی بڕیوەتە ئەردەڵان کـە ئەم تورپە گەورەی کوردە بخاتە ژێر حوکمی خۆیەوە . بەڵام لە ئەنجامـدا ئەم ئاواتەی سەری نەگرتووە . بەرامبەر لەشکری ئێران و ئەردەڵان کـە بەگژ یەکا چوون خۆی شکاوەو گەڕاوەتەوە . تومەز عوسمانی یەکانیش چاوەڕوانی هەلێکی وابوون کە بۆیان هەلکەوێ . کاتێك کە دەنگی ئـەم شکستەیان بیستووە سوپایەکی ئەستووریان ناردوەتە سەر ئەمیری بەبەو شەڕێکی خوێنینیان لەگەڵ کردوەو شکاندوویانە ( ١١١١هـ - ١٦٩٩م ). میر سولەیمان بەم نوشوستە هەموو شتێکی لەکیس چووە . ئەوەندەی لێ گراوە سەری خۆی هەڵ گرتووە چووەتە ئەستانبول . لەوێ لـەپاش بەینێك حوکوومەتی عوسمانی لێی بووردووەو ناردوویانـەتـەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی کە ناویان نابوو ( سنجاقی بابان ) و خستبوویانە سـەر ئیدارەکەی کەرکووك . لەمەولا میر سولەیمان لە قـەڵاچوالان لەژێـر مسکێنایەتی ی حوکوومەتی عوسمانی یا ئیدارەی وڵاتی بەبەی کردووە .

جیرۆکی زۆر گەرمو بە ناوبانگی ئـەم چـەرخ ( دەور ) ە هـەرای ( ئەحمەد کولوان ) ە کە لەوێ دوانزە سواری کەڵـە مێردی بابانەکـان لەشکرێکی چەند هەزار کەسی ئێرانی شکاندووە . لەنـاو کـوردانی سولەیمانیدا بەناوی ( دوانزە سوارەی مەریوان ) ە ، وە ئیستەش ناوبانگی ئەم ڕووداوە ماوە .

لە دوای نوشوست هێنانی سوپای بەبە ، ئەمیر سولەیمان هاتوەتـەوە

بۆ قەڵاچوالان‌و لەوێ مردووە • لەم کاتە مەیەتی‌یەدا هەندێ عەشـــرەت کەوتووەتە سەودای جیا بوونەوە لە ئەمارەتەکە • خێڵی زەنگەنە یەکێـك بووە لەو عەشرەتانە • ئەمانە هەڵیان کوتاوەتە سەر کەرکووك داگیریـــان کردووە • کاری ڕاســـت بێت لەو کاتەدا بەکر بەگ ناو ئەمیرێکی ئازای بابان بە تەدبیری جوان‌و بەجێ هۆشێکی هێناوەتە بەر ئەمارەتەکـــەو ڕای گرتووە • بە ڕێکەوت لەم کاتەدا عوسمانی‌یەکانیش گیرۆدەی ناو خۆیان بوون ، وە هـــەر لـــەم جـــەرخـــەدا عێلی جـاف لەئێران کۆچی کردووەو خراوەتە شارەزوورو لەسەر ڕەژێمی کۆچەری دامەزراوە •

بە پێ‌ی بەڵێنی ئاشتی کە لە ناوەند حوکوومەتی ئێران‌و عوسمانیـــدا بەستراوە لە ساڵی ١٠٤٩هـ ـ ١٦٣٩م دا ، کوردستانی خواروو لە ناوەند شیعی‌و سوننی‌دا بەش کراوە هەرێمی ئەردەڵان‌و عێلاتی کەلوڕ بەتەواوی بەر ئێران کەوتووە • ناوچەی موکری‌یش بووەتە دوو بەش • بەشی لای جەنووبیان کە شارەزوور بوو بەر عوسمانی‌یەکان کەوتووە ئەمجا ئەمارەتی بابانی شارەزوور ، واتە سولەیمانی‌ی ئێستە ، کە لای سەرەوە باس کرا ، لەم سەردەمەدا بنیات نراوە • بەڵام داخی گرانم لەبـــەر دوو بـــەرەکی‌و ناکۆکی‌ی بەگزادەکانی دوای میر سولەیمانی بەبە تەقەلای دامەزراندن‌و هێز سەندنی ئەم ئەمارەتە هیچ سەری نەگرتووەو لە ناحەزی‌ی ناوەنـدی ئێران‌و عوسمانی‌یەکان ئەت خێری نەدیوە •

ئەگەرچی ( بەکر بەگ )ی ناوبراو تینی ئەمارەتەکەی هێناوەتـەوە قەوام‌و هەموو سەرزەمینی شاخستانی خۆرهەڵاتی ڕێگەی کفری ـ پردێ‌ی خستووەتە ژێر حوکمی خۆیەوە • جا پەلەی ئەوەی بووە کەکەرکووکیش داگیر بکات • بەڵام کە چووە بەگژ والی‌ی بەغدادا ، لەشکرەکەی بەرگەی نەگرتووە ، خۆی شکاوە ( ١١٢٦هـ ١٧١٤م ) ئەمجارە بەتەمای لێ بووردن ڕووی کردووەتە بەغدا بەڵام کەڵکی نەگرتووە دەست‌و برد کوشتوویانە•

بەمە ئەمارەتەکەی سەر لەنوێ کز بووەتەوەو کەوتووەتە ژێر دەست حوکوومەتی عوسمانی • تەنانەت سەردەمێك ئەمارەتەکە ئەمیریشی نەبوە • لەم کاتەدا بەگزادەکانیش بێ دەسەڵات بوون •

لە دوایدا عوسمانی‌یەکان بۆ ئیدارەی وڵاتەکە چارەیان نەما لەگەڵ بابانەکان ئاشت بوونەوە • ئەمجا پلەی پاشایەتی‌یان داهێنا بۆ ئومەرای بابانەکان • ئەوەندە هەیە لە هەرای تازەی تورك‌و ئێرانا کە لە ئەسفەهان لەشکریان پێك هەڵپژا تیپە سوپای بابان کە بۆ کۆمەکی‌ی عوسمانی‌یەکان چووبوو ، لە گەرمەی شەڕا دەستی لە شەڕ هەڵگرتوەو کشاوەتەوە • لە سەر ئەوە سوپای عوسمانی‌یەکان شکاوە • بەم جۆرە خانە پاشای بەبە تۆڵەی خوێنی بەکر بەگی مامی لە حوکوومەتی عوسمانی کردوەتەوە •

بەڵام ئەم خانە پاشایە ساڵی دوایی سەر لەنوێ چوەتەوە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی‌یەکان • گەلێك فرمانی باشی لە ئازربایجان بۆ بەجێ هێناون • کەچی لەسەر ئەمەشا والی‌ی بەغدا لە تەوریز بە کوشتنی داوە •

لە دوای بەینێك خالد پاشای برای خانە پاشا کراوە بە حاکمی بەبە• لەم کاتەدایە ( نادرشا )ی ناودار لە ئێراندا پەیدا بووە (١١٤٣ھ ١٧٣٠م)• خاکی بابان لەمەولا بوەتە سەرەڕێی سوپای ( نادرشاه ) هەمیشە بەڕێوە بووە بۆ سەر خاکی عوسمانی •

هەندێك بەگزادەی بەبە هەبوون لەو کاتەدا بووبوونە دەستەو دائیرەی نادر شاه • سەلیم پاشای کوڕی بەکر بەگ سەرکردەی ئەم دەستەیە بووەو لە قەڵا چوالانا جێ گیر بووبوو • لەمەوە کۆمەڵ گیری کردنی ئێرانی‌یەکان لە ناو بەگزادەی باباندا پەیدا بووە • بەم هۆیەوە لە ١١٦٧ھ ١٧٥٣م دا والی بەغدا بە لەشکرەوە هاتوەتە سەر خاکی بابان• لەشکری سەلیم پاشا لای کفری ڕێی لەم لەشکرە گرتووە • بەڵام چونکە

دەرەقەتی نەهات خۆی شکا رای کردە ئێران • ئەوسا والی بەغدا سلێمان پاشای کوڕی خالد پاشای داناوە بە حاکمی بەبە •

لە دەوری ئەم سلێمان پاشایەدا ئەمارەتی بابان دیسان هێزی پەیدا کردوەتەوە سەلیم پاشا دوو جار بە لەشکری ئێرانەوە هاتوەتە سەر خاکی بەبە • بەڵام هەردوو جارەکە خۆی شکاوە • ئەمجارە والی تازەی بەغداد لە باتیی خەڵاتی بکا کەچی شەڕی بە سلێمان پاشا فرۆشتووە ، چونکە لێی نەترساوە • ئەوسا سوپای هەر دوولا لای ( قەشقە ـ شاخی حەمرین ) بە گژ یەکا چوون • کەچی لەشکری سلێمان پاشا شکاوەو خۆشی نەوەستاوە ڕای کردوەتە ( ئێران ) • لەوێ شای ئێران‌و کوردان کەریم خانی زەند قەدری گرتووەو کردوویەتی بە حاکمی ئەردەڵان • بەڵام لە دوای بەینێك بە ڕەزامەندیی والی تازەی بەغداد دیسان بە حاکمیەتی هاتوەتەوە قەڵاچوالان • لە سەر ئەمە ئەمجا ئەحمەد پاشای برای ڕای کردووە • بەم جۆرە ئەمارەتی بەبە دیسان بۆ سولەیمان پاشا ساغ بوەتەوە • بەڵام چ فائیدە؟ زۆری پێ نەچوە لە قەڵاچوالان لە خەوا کوژراوە ( ١١٧٩هـ ١٧٦٥م ) • لە دوای ئەمە لەسەر خۆ خۆری‌ی بەگزادەکان‌و تەفەلا دانیان بۆ حوکم کردن لەسەر خاکی بابان ، دووبارە هەراو هۆریا پەیدا بووەتەوە ، وە بەم بۆنەیەوە لەناوەند حوکوومەتی بەغداو حوکوومەتی کەریم خانی زەندا گەلێك خوێن ڕژاوەو لە ژێر پێی لەشکری هەردوو لادا خاکی بابان پەریشان بووە ، لە جیاتیی ئەم کوێرەوەری‌و مەینەتی‌یانە بەگزادەکانی بەبە ئەوەیان پێ براوە کە جارو دووجارو سێ جار بن بە حاکم ، وەیا دەربەڕێنرێ لە وڵات‌و دوور خرێنەوە لە حوکم •

ئەمانە هەمووی لە سەردەمی حوکمی قەڵاچوالان‌دا رووی داوەو تا مێژووی ١٠٩٩هـ ١٧٨٤م درێژەی کێشاوە • لەم کاتەدا هێزو بڕشتی

حوکوومەتی بەغدا کز بوەتەوە • بەم بۆنەیەوە بەگزادەکانی بابان لە بەغداد قەدریان پەیدا کردووە ، گەلێکیان لەوێ دانیشتوون ، وە بە پارەو بە ماڵ والی یەکانیان کردووە بە دۆستی خۆیانو بوون بە پشتیوانی حاکمەکانی قەلاچوالانو هێزسەندنی ئەمارەتەکەیان • پشتی حوکوومەتی بەغدا بە لەشکری بابانو بەگزادەکانیان قایم بوو کە بی‌یان کا بەگژ ئێرانا ، وەیا عەشایری یاخی عەرەبی عیراقیان پێ تەمێ بکات • کوردەکانی بابان زۆر ئازا بوون ، گەلێك جار ئەم جۆرە تەکلیفانەی حوکوومەتی بەغدایان بەجێ هێناوەو حوکوومەتی ئەوێ‌یان لە تەنگو چەڵەمە ڕزگار کردووە • سوپای بابانەکان ڕێکو پێكو پڕچەك بوو • ئەفسەرو بەگزادەی بەبە بە جلی جوانو ڕازاوەی عەسکەری‌یەوە لە بەغداد بە حورمەتەوە ئەژیان • ئەمرو فەرمانو مەشقو تەربی‌یە بە کوردی بوو • لەبەر ئەوە لە عەسکەرایەتی زۆر چاك تێ گەیشتبوون • بەڵام بەرامبەر ئەم جەوهەرو ئیمتیازە جوانانە شەڕو هەرای ناو خۆیانو جارو بار هێنانی لەشکری بێگانە بۆ سەر وڵاتەکەیان نرخی قەومایەتی‌ی کەم کردبوونەوە ، وە هیوای پاشە ڕۆژی ئەمارەتەکەیان کەوتبوە تاریکی‌یەوە • بەکورتی :

حاکمەکانی بەبە لەبەر ناکۆکی ناو خۆیان نەیان بەرژاوە بارستی ئەمارەتەکەیان بەرز بکەنەوەو لەولاشەوە لەگەڵ حوکوومەتی بەغدادیشا لەدوای ئاشتی زوو تێکچوونەوە•لەبەر ئەوە سلێمان پاشای والی بە لەشکری بەغدادو بەگزادە ناحەزەکانەوە هاتوەتە سەر خاکی بابان • مەحموود پاشای حاکم کە ئەمەی دی وزانی ناتوانێت بەرامبەریان بوەستێ ، وڵاتی خۆی بەجێ هێشتو چوو بۆ سنە • لەسەر ئەمە سلێمان پاشای والی ئیبراهیم پاشای برازای مەحموود پاشای کرد بە حاکمی بابان ( ١١٩٨هـ - ١٧٨٣م ) •

ئەم بەگزادە تێگەیشتووە ئەمیرێکی زیرەك بوو وە لە بەغدادا ژیابوو،

پەسەند کراوی والی بوو • حەزی لە ژیانی شارستانی ئەکرد • لەبەر ئەوە نەی ویست لە دێی ( قەڵاچوالان )دا بژیت ، بەڵکو ئەیویست شارێك بنیات بنێت • لەسەر ئەوە هیچ نەوەستا لەجێی ئیستەدا شاری ( سولەیمانی )ی بنیات ناو کردی بە پایتەختی حوکومەتی بابان •

## بینای سولەیمانی ١١٩٩ھ ١٧٨٤م

شاری سولەیمانی ئیبراهیم پاشای بابان لە مێژووی ١١٩٩ھ – ١٧٨٤م دا لای دێی ( مەلکەندی )وە لەکن سەرای مەحموود پاشای مامی بناغەی داناوە • هەر لەو ساڵەدا دەزگاو دائیرەی فەرمانڕەوایی براوەتە ئەوێ • مزگەوت ،حەمام ، بازاڕ ، سەراو چەند خانوویەك بۆ ئیش و کار بەدەستی حوکومەتی تیا دروست کراوە • ئەمجا گواستوویانەتەوە ئەوێ • یادگاری هەرە جوانی بابانەکان و خزمەتی هەرە پەسەندو پایەداریان بۆ کوردان دروست کردنی ئەم شارەیە • ئیبراهیم پاشا ناوی شارەکەی بە ناوی سلێمان پاشای گەورەی والی بەغداوە ناو ناوە • ڕەنگیشە بە ناوی کوڕەکەیەوە کە ( سلیمان )ی ناو بووە ناوی نابێت •

لەم سەردەمەدا یاخی گەرەکانی عەرەب بە هێزی چەکی سوپایی بابان تەمێ کراوە • بەو هۆیەوە بەگزادەی بەبەو هەندێ جار حاکمەکانیان هەمیشە بەڕێوە بوون ئەچوونە بەغداو لەوێوە ئەچوونە سەر یاخی یەکان • جا بەم بۆنەیەوە بابانەکان بڕوایان بە خۆیان پەیدا کردبوو، تیایانا هەبوو ئەیویست حوکومەتێکی سەر بەخۆ پێکەوە بنێت • بەڵام نەخۆشی یە میراتی یەکەیان ، واتە ناکۆکی یەکەی ناو خۆیان هیچ کاتێك بواری نەئەدان کە ئەم بیرە پیرۆزەیان سەر بگرێت • لەبەر ئەوە ئیبراهیم

پاشاو عوسمان پاشاو ئەوڕەحمان پاشای حاکمانی بابان دوو جارو سێ جار چوونە سەر مەسنەدی ئەمارەت‌و عەزل کران •

والی‌ی بەغدا بە فکرێکی سیاسی هەمیشە تێکی داون‌و ناکۆکی‌ی خستووەتە ناو بەگزادەکانی بەبەوە • کە یەکێکیان دانایە لەسەرتەختی ئەمارەت تاقمێکی تریان ئەکردە نەدیمی خۆیان‌و بۆ تەنگانە لە بەغدا دایان ئەنان • وای لێ هاتبوو لە سلێمانی بووبوە عادەت کە حاکمێکی بەبەی تازە ئەهات دەستەو دائیرەی حاکمی پێشوو لە شارو لە خاکی بابان ئەچوونە دەرەوە بەڕاستی کوردەکانی عێراق لەم کاتەدا بۆ هێز پەیدا کردنی حوکوومەتی بەغدا هەمیشە خوێنی خۆیان بەخت کردووە • کەچی بۆ پاشە ڕۆژی قەومی خۆیان تۆزێك هوشیاری‌یان نەنواندووە • ئەم جۆرە ڕەوشتە هەتا ١٢١٩هـ ١٨٠٤م بەردەوام بووە لەم سالانی دوایی‌یەدا ( وەهابی‌یەکان ) حوکوومەتی عوسمانی‌ی خستبووە ترسەوە • وەهابی‌یەکان دەمیان ژەندبوە عێراق • ئەوڕەحمان پاشای بەبە دووەمجار کەبووەتە حاکم ، لە سلێمانی‌یەوە لەگەڵ لەشکری خۆیا چووە بۆ بەغداو بەسرەو ئەحساو چووە بەگژ وەهابی‌یەکاناو بەربەستی کردوون • لەم هەرایانەدا لەبەر گەرما گەلێك لە کوردەکان مردوون • لەسەر ئەوەشا کە گەڕاوەتەوە والی‌ی بەغدا لە جیاتی‌ی ئەوەی خەڵاتی بکات لێ‌ی تووڕە بووە • لەسەر ئەمە ئەوڕەحمان پاشا یاخی بووە ، خەریك بووە بانگی سەربەخۆیی هەڵ بدا ، بەڵام هەندێك لە خزمەکانی خۆی ئەمەیان بە هەل زانی چوونە بەغداد لەگەڵ لەشکری ئومەرای کوردی شیمالی عێراقا هاتن بۆ سەر سلێمانی •

ئەوڕەحمان پاشا لە پردێ ( ئاڵتوون کۆپری ) داویە بەسەر ئەم لەشکرەدا تارو ماری کردوون • لە دوای ئەمە ئەنجا والی‌ی بەغداد بە لەشکرێکی زۆرەوە خۆی هاتووە بۆ سەر سلێمانی • ئەوڕەحمان پاشا

که ئەمەی دی داوای کۆمەکی لە ئێران کرد • ئەنجامی کار لە ( دەربەندی بازیان )دا هەردوولا شەڕێکی قورسیان کرد • بەگزادە ناحەزەکانی بابان لە هەردوو تەنشتەوە پشتی سوپای ئەوڕەحمان پاشایان پێنجا • لە ئەنجامی جەنگدا ئەوڕەحمان پاشا شکاو وڵاتی بەجێ هێشت‌و چووش بۆ ئێران لە ١٢٢٠ هـ •

درێژە کردنی ئەم شەڕانە حوکوومەتی ئێرانیشی تێوە گلاندووە • لەشکری سلێمانی‌و بەغداد هاتووەتە ( مەریوان ) لەوێ لای گۆمی ( زرێبار ) ئەوڕەحمان پاشا بە لەشکرێکی کەمەوە عامبازیان بووە ، بە ئازایی‌و چالاکیی خۆی لەشکری دوژمنی شکاندووەو گەلێکی لەو لەشکرە بە دیل گرتووەو ناردوویە بۆ تاران • سەرداری لەشکری بەغداد لەناو ئەم دیلانەدا بووە • ئەمجا ئەوڕەحمان پاشا بە شانازیی سەرکەوتنەوە هاتوەتەوە بۆ سلێمانی • لەسەر ئەمە حوکوومەتی بەغداد بە ناچاری پایەی ئەمارەتی دایەوە بە ئەوڕەحمان پاشا کە ئەمە سێهەم جار بووە سەندبوویەوە •

بەڵام بەفیتی بەگزادە ناحەزەکانی بەبە ، والی تازەی بەغداد سلێمان پاشای لاز بیری تێکچوو • دووبارە لە بەغدادەوە سوپایەکی قورس ڕێکخراوەو نێردراوەتە سەر ئەمارەتی بابان • لە ( دەربەندی بازیان )دا کوردەکانی بەبە بۆ پاراستنی سەربەستیی نیشتمان ئەمجارەش شەڕێکی مەردانەیان کرد • بەڵام دوژمن دە چەندانەی ئەمان بوو • خەیانەتی ناو خۆشیان سەرباز بووە • دەستەی ناحەز بە دزییەوە ئەمجارەش پشتی لەشکری ئەوڕەحمان پاشای گرت • لەسەر ئەوە سەرداری بابان بە ناچاری مەیدانی شەڕی بەجێ هێشت‌و چووە ئێران ١٢٢٣هـ ١٨٠٨م •

حوکوومەتی ئێران چونکە بۆ سیاسەتی بەکەڵك بوو ، دووبارە لە سەر ئەوڕەحمان پاشا هاتە جواب • ئەوسا والیی بەغدا نەیتوانی بەرامبەر

بە ئێران بوەستێت • کەرەتی چوارەم ئەوڕەحمان پاشای کردەوە بە حاکمی بابان • لەم بەینەدا کۆلەمەنەکانی بەغدا کەلکەلەی سەربەخۆیی بۆ خۆیان هەلی پێچا بوون ، والی‌ی بەغدا خۆی سەرداری ئەم بیرە بوو • لەم کاتەدا دەولەتی عوسمانی زۆر کز بووبوو • ئەمانەش ئەیانویست خۆیان شتێك بپچڕن • ئەستەمووڵ لەمەوە کەوتبوە شکەوە • ( حاڵەت ئەفەندی ) نـــاو پیاو ماقوولێکیان بە سەلاحیەتی زیادەوە نارد بۆ ئەوە کە هەوالی عیراقیان بە ڕاپۆرت بۆ بنووسێت • ئیش‌و کار وای لێ هات ئەم حاڵەت ئەفەندی‌یـــە لەگەڵ لەشکرێکی گەورە لە مووسڵەوە چووبوە سەر بەغداد ، وە لەســەر داوا کردنی ئەم ، ئەوڕەحمان پاشای بەبەش بە ٢٠ هەزار سوارو پیادەوە هاتە سەر کەرکووك ، لەوێ یەگدگیر بوون • ئەم لەشکرانــە لـە نزیك بەغداد شەڕێکی قورسیان کرد ، ئازایی کوردەکان شکستی بــە لەشکری بەغداد دا • سلێمان پاشا ڕای کرد ، بەلام لە ڕێگا کوشتیان • لەسەر ئەمە بەغداد خۆی دا بەدەستەوە • واتە تەسلیم بوو •

لە دوای ئەمە حوکوومەتی عوسمانی ویستی وڵاتی عیراق بدا بـــە ئەوڕەحمان پاشای بابان ، بەلام حاڵەت ئەفەندی ئەمەی بە تەڵزگە(تەهلوکە) داناو ڕای حوکوومەتی تێکدا • تەنانەت لەجێی ئەم هەموو خزمـــەت‌و خەباتە کە ئەوڕەحمان پاشا کردبووی بۆیان ئەم حاڵـــەت ئـەفـەندی‌یـە ئەیویست لە ناوی بەرێت • بە فڕو فێڵ لە بەغداد ئاژاوەیەکی نایـــەوە ، بەدەست‌و بازووی سەربازەکانی بابان هەراو هەڵاکە کوژایەوە • ئەمجـا حاڵەت ئەفەندی خۆی لە ترسانا عێراقی بەجێ هێشـــــت‌و گەڕایـــەوە ئەستەموول •

حوکوومەتی بەغدا بە بازووی سوپای ئەوڕەحمان پاشا ڕاگیرابوو • ئەم تۆزە دەست داری‌یە خەیاڵێکی تازەی بە حاکمی بابان دابوە ، ئەیویست هەولێریش بسێنێ بۆ خۆی ، بەلام لە لایەکی ترەوە چونکە حوکوومەتی

عوسمانی کز بووبوو ، حوکوومەتی ئێران خۆی لە ئەوڕەحمان پاشـــا زویر کردبوو • بەرامبەر بەم گۆڕانی سیاسەتە پێویست بوو ئەوڕەحمان پاشا عاقلانە هەڵسووڕێت و لەگەڵ لایەکا بە دۆستی ڕابویرێت • کـەچی پاشا پێچەوانەی ئەمەی کردووە ، دڵی والی‌ی بەغدای ئێشاندووە •

لە سەر ئەمە والی‌ی بەغداد بێ زانینی حوکوومـەتی ئەستەمووڵ ، هەر بۆ ئەوەی ئەوڕەحمان پاشا بشکێنێ ، لەگەڵ حوکوومەتی ئێرانا یەکی گرت • هەردوولا لەشکریان نارده سەر خاکی بابان • بەرامبەر ئەم گەلە کۆمەکی‌یە ئەوڕەحمان پاشا خۆی پێ نەگیرا ، ڕای کردە کۆیە ، لەشکری ئێران شوێنی کەوت •

ئەوسا والی‌ی بەغدا لە چەوتی‌ی بیری خۆی گەیشت و بای دایەوە • تەنانەت ڕاسپێری‌ی عەشایرە کوردەکانی ئـەو ناوەی کـرد واز لـە ئەوڕەحمان پاشا بێنن ، بەڵکو لە سەری بکەنەوە • ئەمجا ئەوڕەحمان پاشا هۆشی هاتەوە بەر خۆی دەستی کرد بە خۆ گرتـن بـە جۆرێـکی وەهـا ئێرانی‌یەکانیش لە دڵ گۆڕینی والی‌ی بەغـدا گەیشـــتن ( ١٢٢٦هـ ـ ١٨١١م ) •

لە سەر ئەمە شازادە محمد علی میرزای سەرداری ئێران داوای لـە والی‌ی بەغدا کرد کە خالد پاشای بەبە بکرێت بە حاکمی ســـلێمانی و ناوچەی حەریرو کۆیەش بدرێ بە ئەوڕەحمان پاشاو هەراکە ببڕێتەوە • بەڕاستی هەراو زەناکەش هەروا بەو جۆرە بڕایەوە •

ئەم جۆرە کردەوانە تێمان ئەگەیەنێ کە پیاوی دەوڵەتی ئەوکاتـــە بڕشتی ئیداری و سیاسی‌یان زۆر ناتەواو بووە • هەر سێ تاقمەکـــەی لای سەروو بەرژەوەند ( مەصلەحەت )ی دەوڵەتەکەی خۆیانیان نەزانیوە بەجێ بێنن ؟ لە هەموو لایەك زیاتر بابانەکان بەخت و خۆڕایی و هەر لەبەر ڕقـە

بەرێی ناو خۆ بارمەتی‌ی بێگانەیان داوەو نیشتمانیان کردووە بە پێخۆستی بێگانە • ماڵو ئازادی‌ی میللی‌ی خۆیان لە دەست داوە • ڕقی حوکم کردن بە جۆرێك کاری لێ کردوون کە هیچ غایەیەکی گشتی‌و قەومایەتی‌ی تریان لەبەر چاو نەماوە •

ئەوڕەحمان پاشا بەم جۆرە ئاشتی‌یە ڕازی نەبوە • کارێکی وای کرد والی‌ی بەغدای ئاشت کردەوەو جاری پێنجەم بووەتەوە بە حاکمی بەبە •

ئینکار ناکرێ ئەم سەرداری بابانە زیرەکو وریاو زۆر ئازا بووە • سەودای سەربەخۆیی هیچ دەمێك لە کەللەی نەچوەتە دەرەوە • ئەم هەموو تەقەلایەی بۆ ئەوە بوو کە ئەمارەتەکەی بکا بە حوکومەتێکی ڕاستەقینەو سەربەخۆ • بەلام نەبەگزادەکانی تری بەبە ترخی ئەم بیرەیان زانیوەو نە کۆگای خەلکی بەبەش ئەوەندە بیر ڕووناك بوون کە ڕێی ئەم حاکمە بیر بەرزەی خۆیان بگرنو گشتیان پشت بدەنە پشتی ، تا کاری خێری سەربەخۆیی ئەگەیەنە ئەنجام • بێجگە لەمە خەیانەتو دووڕوویی خزمەکانی‌و فێڵو فەرەجی والی‌یەکانی بەغداو ئومەرای ئێرانو ، بەدهەلکەوتنی جوغرافیایی ولاتەکەش بووبوە دوژمنی ئەم سەربەخۆیی‌یە •
لە بەر ئەمانە ئەوڕەحمان پاشا کە بووەوە بە حاکمی بابانو لە سلێمانی دامەزرایەوە ، ئەمجا ئێرانی کرد بە دۆستی خۆی‌و پەلاماری دا هەولێری داگیر کردو تەنگی بە کەرکووکیش هەلچنی • لەسەر ئەمە والی‌ی بەغدا کەوتە مەترسی‌یەوە ، لەشکرێکی زوربەی هەلگرتو هات بۆ سەر سلێمانی • لەم لاشەوە ئەوڕەحمان پاشا بە سوپای بابانەوە ڕووی کردوەتە بەغدا ، لە کفری هەردوو لەشکر تێك ئالان • ئازایی‌و بەجەرگی سوپای بابان لەشکری بەغدادی شپرزە کرد • دەستەی کۆلەمەنو پیادەکانیان شکاند • سوارەی کورد خەریك بوو پشتی دوژمن بگرێت ، بەلام ئاگری تۆپخانەی دوژمن لەم ساتەدا بووەتە هۆی کوشتارێکی زۆر لە سوپای

بابان . ئەم کارەساتە هێزشەکەی وەستاندووە . گەلێك بەگزادەی بابان‌و پیاو ماقووڵ‌و ئەفسەران لەم کاتەدا کوژراون . هەر لەو دەمەدا ئەوڕەحمان پاشا لە باتی‌ی خەریکی ڕزگاربوونی لەشکرەکەی بێت کەچی کەوتوەتە سەودای ڕزگار کردنی گیانی خۆی لە گەڵ چەند سوارێکا ئەو لەشکرە ئازایەی بەجێ هێشتووە چوە بۆ ئێران . بە ڕاستی ئەم کردەوەیەی دوایی ئەوڕەحمان پاشا پێچەوانەی دەستووردو ڕەوشتی قوماندارێتی بوو . لەدوای ئەمە سوپای بابان تەفرو توونا بووە . تائێرە سێ جار خالید پاشاو پێنج جاریش ئەوڕەحمان پاشا بوو بوونە حاکمی سلێمانی . پەنا بردنی ئەمجارەی ئەوڕەحمان پاشا هەلێکی تازەی دایەوە بە ئێران کە لە خاکی جوانی باباندا دەسەلاتیان تازە بێتەوە . بەو هۆیەوە ئێران دەسی کرد بە شەڕ فرۆشتن بە حوکوومەتی عیراق ، بەلام بۆ ئەوەی شەڕ دانەمەزرێت حوکوومەتی عیراق بە تەکلیفی ئێران ڕازی بوو . جاری شەشەم ئەوڕەحمان پاشای کردوەتەوە بە حاکم لەسەر ولاتی بابان لە ١٢٢٨هـ ـ ١٨١٣ زایینی‌دا ! بەلام ئەوڕەحمان پاشا لەمەودوا ئەوەندە نەژیاوە لە دوای ساڵێك مردووە .

بە ڕاستی ئەم سەرداری کوردە یەکەمین زرنگ‌و ناوداری بابانەکانە، بەدبەختی‌ی خۆی‌و ولاتەکەی مەیدانی نەداوە بە هیچ ئاواتێك بگات . ئەوڕەحمان پاشا تێکڕا ٢٤ ساڵێك حاکمیەتی کردووە . حاکمێکی زۆر دیندار بووە ، قەدری شەریعەتی ئیسلامی گرتووە ، زانستی‌و زانایی زۆر خۆش ویستووە . هۆشی قەومایەتی‌ی ئێجگار بەرز بووە .

لە دوای ئەوڕەحمان پاشای گەورە مەحموود پاشای کوڕی بووەتە حاکم . لەم مێژووەوە ئەمارەتی بابان ٣٩ ساڵی تر ژیاوە . بەلام نەك ژیانێکی وەك جاران ، بەلکو لە جاران گەلێك بێ هێزتر ژیاوە . لە بەگزادەکانا نێرێتی‌و ئازایەتی‌ی قەومایەتی‌ی جاران نەماوە ، بەلکو هەموو

ئاواتیان هاتووەتە سەر ئەوە کە حوکم بەدەسی خۆیانەوە بێت نـەك بەدەسی ناحەزیانەوە • بیری سەربەخۆیی وەیا کوردایەتی لە کەللەیاندا نەماوە • سەیر ئەوەیە هەموو پێیان لە چەوتی ئەم حاڵەتە ناوە ، کـــەچی ڕێگای ڕزگار بوونیان نەدۆزیوەتەوە •

لەم سەردەمەدا لەبەر دەسەڵات زیادەی ڕووســـــەکان هێزی حوکوومەتی عوسمانی لە جاران زۆر کەمتر بووەتەوەو هەر لەبەر ئـەوە حوکوومەتی بەغدادیش وەك جاران بەرامبەرەی ئێرانی پێ نەئەکرا • بە کورتی نوشوستی‌یـــەکی گشتی بەیـدا بووبوو • ئێرانی‌یـەکانیش تینی جارانیان نەمابوو ، بەڵام هێشتا لە عوسمانی‌یەکان چاکتر بوون ، وە هـەر لـەم ســەردەمەدا وڵاتی بابان بە نەخۆشی‌ی تاعوون‌و ڕشانەوە زۆر شپرزە بووە • ئەنجا لەبەر ئەم هەموو هۆیانە ئەمارەتی بەبە نرخی جارانی نەماوە•

مەحموود پاشا حاکمێکی زۆر زیرو تێ گەیشتووو لەسەر خۆ بووە• ویستوویەتی خاکی بابان بەمەردی ئیدارە بکاو بەرزی کاتەوە • بەڵام ئـەم گیان پاکی‌و دەروون چاکی‌یەی بۆ نەئەچوە سەر چونکە سیاسەتی وەخت دوو ڕوو بوو خزمەکانی خۆیشی لەو سیاسەتە دووڕووتر بوون • لەبـەر ئەوە هەموو گیرودەی دووڕوویی‌یەکە بووبوون کە بۆ ئەنجام خرابی‌ی ئەمارەتەکە ئەمە لە هەموویان کوشندەتر بوو • حوکوومەتی بەبە لە ناوەند مەحموود پاشاو عەبدوڵڵا پاشاو سلێمان پاشادا کەوتبوە گیرەوە • ئەم ئەهات ئەو ڕای ئەکرد • یەکێکیان خەریکی دامەزران بوو ، ئەوی تریان بــە لەشکری بێگانەوە ئەهاتەوە سەری • بە کورتی مەحموود پاشـا تا دوارۆژ دڵسۆزی ئێران بووە ، زۆرجار لە گەڵ پاشا کوێرەی ڕەواندزیشا بە شەڕ هاتووە ، جا بەم هەراو زرمە زلانە ئەمارەتەکە ئەوەندە وێران بووە زیانی ماڵ‌و گیان نەئەهاتەوە حیساب • بەڕاستی خاکی بابان لە کیس ئومـــەرای بابان چووبوو • دەسەڵات‌و حوکم ڕەوایی کەوتبوە دەست ئێران‌و بەغداد•

ئەو موڵکە پڕ خوێنەی بابان کە جاران سەری لە بەغـــداد تێکدا بوو ئێرانیشی ئەسڵەماندەوە ئیستە بەدەست چەند هەزار عەجەمێکەوە دامابوو•

لەو کاتەدا کە سلێمان پاشا حاکم بووە هەرای ( حەمە شەریف هەمەوەند ) پەیدا بووەو سلێمانی‌ی پێچاوەتەوە • ئەم سلێمان پاشایە لەسەر حوکـــم ماوە تا مردووە ، ئەوسا ئەحمەد پاشای کوڕی چووەتە جێی لە ١٢٥٤هـ ١٨٣٨م دا •

ئەم ئەحمەد پاشایە زۆر زیرەك‌و هۆشیار بووە • ویســـتوویە حوکوومەتی بابان بژێنێتەوە ، لەشکرێکی بچووکی بە تۆنجانەوە پێکەوە ناوە ، بەڵام حوکوومەتی بەغداد لەم تارەکانە کەوتووەتە مـەترسی‌یەوە • ئەمجارە والی‌ی بەغداد ویستوویە بە یەکجار ئەم ئەمارەتە ئاساغە لـە نـاو بەرێت • بۆیە بە لەشکرەوە بەسەر کۆیەدا چووەتە سەر سلێمانی • سوپای سولەیمانی‌یش بۆ شەڕ کردن چووە بە پیریەوە • کەچی لە دوای ئـەوە ئەم لەشکرە بێ شەڕ کردن بڵاوەی لێ کردووە • ئەو کاتە ئەحمەد پاشـا ڕای کردووە بۆ ئێران‌و لەوێوە چووە بۆ ئەستەمووڵ • ئەمجا عەبـــدوڵڵا پاشا کراوە بە قایمقام نەك بە حاکم ، وە لەدوای چوار ســـاڵ بانگ کراوەتە بەغدادو نێرراوە بۆ ئەستەمووڵ وە پاشایەکی تورکیان لـە جێی ئەو لە سلێمانی داناوە • بەم جۆرە ئەمارەتی بابانی ســـلێمانی لە دوای حوکمڕانی‌یەکی دوو صەد ساڵی گیانی بە ئیستیعمار ســـپاردووە •• ( ١٢٦٧هـ ١٨٥١م )[١] •

**شارستانیەتی‌ی وڵاتی بابان :**

لە لایەن هەواڵی ناوخۆیی ئەمارەتی بابانەوە هەتا ئێرە گەلێك بـاس نووسراوە قسەمان لە هەواڵی ئەهالی‌و تەبەقەی مافووڵانی قەومەکە کـرد کە چەندە ناحەزی‌یەك بوون‌و چی‌یان بە سەریەك هێناوە • پیاو کـــە کردگاریان ئەگێڕێتەوە ماتەمینی ئەیگرێ •

(١) هەموو باسەکانی جزمی دووەم •

هەر زانای وەك ( مستەر ڕیچ )و ( مستەر لۆنگریك )و ( فرازەر ) کە لە کوردستانی بابانا بە ساڵەها ژیاون ئەزانن ئەمانە چی‌یان بەسەر هاتووە چونکە بۆ ئەم مەبەسە زۆریان نووسیوە • کەسێك گەردشەکانی ئەم زانایانەو مێژوو جوانەکەی ( تەئریخی سلیمانی )ی ئەمین زەکی بەگ بخوێنێتەوە لە مەینەتی ئەهالی‌و ماڵ وێرانی‌و بەدبەختی‌ی وڵاتی بابان ئەگات • ئەوانەی هەوەسی موتاڵایان زۆرە با ئەو نووسراوانە بخوێنێتەوە بەڵام تەنیا ئەوەشم بە پێویست زانی لێرەدا تۆزێك لە چەندو چوونی هەواڵ‌و جوغرافیاو کشت‌و کاڵ‌و پیشە سازی‌و ئابووری‌ی وڵاتی بابان بدوێنم •

وڵاتی بابان کە ناوچەیەکە لە کوردستان سەرزەمینێکی کەژو کێو دارو ئاوداره سروشت هەموو چاکی‌یەکی پێ بەخشیوە • بۆ کشت‌و کاڵ مانەندی نی‌یە • بە ملیۆنەها مەردوم ئەژێنێت •

هەموو جۆرە دەغڵ‌و دان ، کشت‌و کاڵی زستانەو هاوینەی تیا ئەکرێت وەکو پەموو ، تووتن‌و مەرەزەو دارو درەختی میوەدار بەرهەم ئەهێنێ • بەڵام لەبەر نائەمینی‌و ڕەفتاری جەنگی ناو خۆ ئەم خاکە جوانە ئەو کاتە وەك چۆڵی لێ هاتەوە • وە هەر لەبەر ئەوە بۆ پیشەسازی‌یش ئەهالی‌یەکە مەیدانی نەبوە • لەبەر هەراو زەنا کێ توانیویە دانیشێت تەون‌و جۆڵایی تیا بکات • بۆ لەبەر کردن ئەگەر فریا کەوتبن بە جۆڵایی لە خوری‌و لە مەرەزە شاڵیان ئەکردو لە دەزووی لۆکەش جاویان ئەکرد • بەڵام لەبەر زرمە زلێ‌و هاتو چۆی شەڕ کردن بازرگانی‌و کاسبی بەکی کەوتووە لەسەر ئەوەشا نەختێك دەرفەت بوویێت میوەیان پێ گەیاندووە لە وڵاتی کەرکووك فرۆشتوویانە •

**بۆینەوە سەر جوغرافیای ولاتەکە :**

خاکی بابانو سنوورەکانی لەبەر شەڕو هەرا هەمیشە گۆڕاوە • خاکی ( کفری ) سنووری جەنووبی وڵاتەکە بووە • زەنگەنەو زەندو ناوچەی چەمچەماڵو سەنگاوو شوانو قەلا سێوکەو هەموو سەرزەمینی لیوای سلێمانیی ئیستەو جوانڕۆو زەهاو تا ڕووباری سیروانو لای ڕۆژاوا تاکو زێی بچووکو قەرە حەسەنو بەرێکەوت زەنگا باد ، مەندەلیو بەدرەو جەسانو پردێو هەولێر کەوتوەتە ژێر حوکمی بابانەوەو لە هەنگامی خانە پاشادا ناوچەی سنەشیان بە دەستەوە بووە • جا بەم جۆرە هەواڵی هەشت حوکوومەتە سەر بەخۆکانی کورد لێرەدا تەواو بوو[1] •

(١) هەموو باسەکانی جزمی دووەمو چەرخی سەربەخۆیی مێژووی نەتەوەی کورد لە مێژووی کوردو کوردستانی ئەمین زەکی بەگ وەرگیراوە •

# لە دوای بێ هێزیی خەلافەتی ئیسلام
# هەواڵی کوردو کوردستان

**کورد لە سەردەمی بۆیەهی‌یەکانا :**

**١ ـ لە ٣٣٠هـ تا ٤٤٧هـ ( ٩٤١ ـ ١٠٥٥م ) :**

کاتێك کە عەبباسی‌یەکان بێ دەسەڵات بوون ، نەتەوە موسوڵمانەکان دەسیان کرد بە تەقەلادان بۆ سەربەخۆیی • هەوەڵ کۆ ئەم جووڵەیە لە ئێرانا پەیدا بووە ، چونکە لە ناو هەموانا نەتەوە کۆنەکانی ئێران بۆ ئەهات • یەکێ لەو نەتەوانە ( بۆیەهی )یەکان بووە ( ٣٣٠هـ ) • پادشاکانی زیندوو بوونەوەی ئازادیی ئێران‌و سەربەخۆیی جارانیان کسبەیان لێوە ئەمانە ویستوویانە هەموو کیشوەری ڕۆژ هەڵاتی عەبباسی‌یەکان بخەنە ژێر چنگی خۆیانەوە • لەبەر ئەوە دەستیان لە شەڕ هەڵ نەگرتووە تا هەموو ئێران‌و عیراقیان داگیر کردووە •

مسکێنی هەرە زۆری ئەم حوکوومەتە کوردەکان بوون کەوا سەرۆکەکانیان ئەیانویست بە سەربەخۆیی بژین • ئەوە بوو لە ئازربایجانا سەردار ( مەرزەبان ) خەریکی دامەزراندنی حوکوومەتی ( ڕوادی ) بوو ٣٣٢هـ وە ( شاباز ) شای دۆستەکیش لە دیاربەکردا خەریکی پێکەوەنانی حوکوومەتی ( دۆستەك ) بوو ( ٣٧٠هـ ) • هەر وەها میر حوسنەویش لە ناوچەی شارەزوورو کرماشای ئێستەدا خەریکی پێکهێنانی حوکوومەتی ( بەرزیکانی ) بوو ( ٣٥٠هـ ) •

ئەم حوکوومەتی کوردە بە درێژایی ژیانیان بۆ پاراستنی سەربەخۆیی خۆیان بە گژ حوکمدارانی بۆیەهی‌دا چوون • کە تەنگە تاو بووبن

مسکێنی‌تی‌یان کردوون‌و له هه‌ڵکه‌وتا بایان داوه‌ته‌وه‌و بوونه‌ته‌وه به سه‌ربه‌خۆکه‌ی جاران • مه‌لیکه‌کانی حه‌مدانی‌ی مووسڵ‌و حه‌ڵه‌بیش له‌م ساتانه‌دا له کوردستانه‌که‌ی ده‌وری خۆیانا خه‌ریکی ئه‌وه بوون کورده‌کان بخه‌نه ژێر جنگی خۆیانه‌وه ( ٣٥٤ھ ) له ساڵی ( ٣٦٩ھ ٩٧٩م )دا کورده‌کانی شاره‌زوور بۆ به‌رژه‌وه‌ندی‌ی یه‌کتری له گه‌ڵ عه‌شره‌تی ( بنوشیبان )ی عه‌ره‌ب که له‌و ناوچه‌یه دا دامه‌زرابوون یه‌کیان گرتبوو • ( عضد الدولة )ی پادشای بۆیه‌هی له به‌غداوه له‌شکری ناردوونه سه‌ر عه‌ره‌به‌کانیان بۆ ناو چۆڵی عه‌ره‌بستان دوور خستوه‌ته‌وه‌و ، کورده‌کانیشیان بێ ده‌ست کردووه • له ٣٨١ھ دا له‌شکری رۆم که هاتبوه سه‌ر سووریه ( احمد کوڕی فحان ) ناو سه‌ردارێکی کورد شکاندوونی‌و وڵاته‌که‌ی له‌م دین دوژمنانه ڕزگار کردووه • له‌م چه‌رخه‌دا واته له ٣٨٠ھ ٩٩٠م دا حوکومه‌تی ( بنوعیاز ـ عیار )ی کورد له شاره‌زوورو ماهیده‌شت‌دا په‌یدا بووه • سه‌ر به‌خۆ وه ئیوه سه‌ربه‌خۆ ٧٠ ساڵێك ژیاوه ٤٥٢ھ ١٠٦٠م •

به‌کورتی : کورده‌کان له هه‌نگامی حوکمی بۆیه‌هیدا له شۆڕشه‌کانا جنگیان گیراوه • مه‌رامیشیان ئه‌وه بووه که ده‌سه‌ڵاتی بۆیه‌هی‌یه‌کان کز بکه‌ن‌و ده‌سه‌ڵاتی خۆیان به‌رز بکه‌نه‌وه • له ساڵی ٣٩٧ھ ١٠٠٧م دا له‌شکری بۆیه‌هی چووته سه‌ر کورده‌کانی ( به‌نده‌نیجان ) ، به‌ڵام له مه‌یدانی شه‌ڕا بۆیه‌هی‌یه‌کان خۆیان شکان‌و گه‌لێك تاڵان ده‌ست کورده‌کان که‌وت له ساڵی ٤١١ھ ١٠٢٠م یشا که‌تێبه سوپای تورکی (شمس الدولة)ی بۆیه‌هی له هه‌مه‌دان یاخی بوو به سایه‌ی بازووی له‌شکری کورده‌وه ئه‌و تورکه یاخی‌یانه له ناو براون وفیتنه‌که‌یان کوژاندوه‌ته‌وه •

**لە سەر دەمی هەڵمەتی تورکو مەغوول دا :**

**٢ ـ کورد لە کاتی تورکەکانی سەلجووقیدا ٤٢٠ﻫ تا ٦٠٦ﻫ**

ئەوانەی ڕوانیویانەتە مێژووی ئیسلام ، تێ گەیشتوون کە شەوکەتو شانی ئیمپەراتووریەتی عەباسی ڕاستەو خۆ تورکەکان لەناویان بردووە • لە تورکستانی دیمەرۆکەوە جارو بار عێلاتی تورك ڕووی کردوەتە وڵاتە ئاوەدانەکانی ئیسلام • ئەمانە لە دوای دەرفەتێك سواری حوکوومەتە مەحەلی یەکان بوون‌و داگیریان کردوون • بەهەڵمەتی ئەمانە وەك خەلافەتی عەباسی لەتینی حوکمڕانێتی کەوتووە سەر بەخۆیی کوردەکانیش نوشوستی هێناوە • ئیمە لێرەدا تەنیا باسی هەواڵی باش ئیسلامیەت ئەکەین • عێلاتی ( غەز ـ ئۆغۆز )ی تورکمان پێشڕەوی سەلجووقی‌یەکان بوون • ئەوە بوو لە باسی حوکوومەتی ( ڕوادی )و ( دۆستەکی )دا خراپەی ئەم عەشرەتە وەحشەمان دی ، وە ئەوە بوو بە زۆری زووی عێلاتی کورد پێشانی ئەمانە گیراو کوردستان لەبەر باد بوون ڕزگار کرا • بەڵام دیسان خراپەی ئەمانە کاری کردبوو تینی لە نەتەوەکانا نەهێشتبوو ( ٤٢٠ﻫ ١٠٢٩م ) • لە ساڵی ٤٦٣ﻫ ١٠٧١م دا کە ئالپ ئەرسەلانی پادشای سەلجووقی لە شەڕی ( مەلاذ گرد ) دا سوپای ڕۆمی شکاندو ئیمپەراتووری بێزانس ( ڕۆمانۆس )ی بە دیل گرت بەرە بەرە هەموو کوردستانیشی داگیر کرد • بەمە گشت حوکوومەت‌و ئەمارەتەکانی کوردی ئەوحەلە بووەتە مسکێنی دەوڵەتە گەورەکەی سەلجووقی •

کوردەکان وەکوو بوونە مسکێنی سەلجووقی‌یەکان لەگەڵیشیان ڕاهاتن • سەربەستی عەشرەتی‌یەکەیان بۆ مایەوە • سەلجووقی‌یەکانیش لە گەڵیانا بە نەرمی‌و مودارا کردن ڕایان بواردووە • تەنانەت وتەی ( کوردستان ) لەو کاتەدا ( رسماً ) بەکار هێنراوە •

هەرچەندە داگیر کردنی کوردستان لە لایـەن تورکـەکانـەوە نەگبەتی یەکی گەورە بووە بۆ کورد ، بەڵام لەسەر ئەوەشـا چاویـان نەشکاوە • تینی نەتەوایەتی یان ئەوەندە قایم بووە بەمانە وەرەیـان بـەر نەداوەو لە هەلکەوتا بۆ ڕزگار کردنی ئازادیو مافی خۆیانو سەندنەوەی سەربەخۆیی خۆیان هەوڵیان داوەو تۆڵەیان لە ناحەز کردوەتەوە •

کورد قەت بەتەواوی گیرۆدەی حوکمو هێزێك نەبوەو لە سـەدەی ١١ و ١٢ هەمی زایینیدا دووبارە وریا بووەتەوە • لە گەلێك شەڕو هەرادا ئازایی و نەبەزۆکیی خۆیان نواندووەتەوە • پادشـاکانی تورك لەکاتی تەنگانەدا ئاتاجی یارمەتیی کوردەکان بوون لە ( ٤٩٦هـ ١١٠٢م – ٥١٠ – ١١١٦م ) لە گەلێ جێگادا ( مەلکیشا )ی سەلجووقیو جێ نوشـینەکانی لەڕاو تەدبیری ئومەرای کورد قازانجیان دیوەو بە یارمـەتیو پشتیوانیی سوپای کورد هێزی حوکوومەتەکەی خۆیان پێ ڕاگیر کراوە •

**٣ ـ کورد لە کاتی ئەتا بەگە کانا « باوکی گەورە »**

**٥٢١هـ ١١٢٧م – ٦٢٣هـ ١٢٢٥م**

بەشی زۆری ئەم ئەتابەگانە لە ناوچەکانی کوردستانا حوکوومەتیـان دامەزراندووە • ئەوانەی ئەم جۆرە حوکوومەتەیان دامەزراندووە پیـاو ماقووڵو لەلەی شازادەکانی سەلجووقیو خولامەکانیان بوون • لە پێشـا پادشاکان بۆ ئیدارە کردن ئەم جۆرە پیاوانەیان ناردوەتە وڵاتەکان • ئەمانە وردە وردە لەوێدەسەلاتدار بوون ، ئەنجا لە مسکێنایەتیی پادشـاکان دەرچوون ، لە ئەنجامی کارا پادشاکان چارەیان نەماوەو لـە گـەڵیـانا ڕێکەوتوون •

جا ئەم جۆرە حوکمڕاندنە لە ئەورووپاوە دەستی پێ کردووەو بـە هەمو وڵاتی ئیسلامیشا بلاو بوەتەوە • لە مێژووی گشـتیدا ئەمـە

سەردەمێکی تەئریخی‌یە بە سەردەمی ( دەرەبەگی ) ناوبانگی ڕۆیشتووە • لە وڵاتی ئیسلامدا گەورەو بچووك حوکوومەتی وزدەڵـــەی وەهـــا زۆر بووە • هەموو وڵاتی تورکو کوردو عەرەبی گرتوەتەوە • جا لێرەدا تەنیا باسی ئەوانە ئەکەین کە لە کوردستانا دروست بووە وەکو :

عماد الدینی زەنگی : یەکێکە لەو جۆرە حاکمانە ( ئەتابەگی زەنگی) عینوانی حوکوومەتەکەیەتی ئەم کابرایە ویستوویەتی لە کوردســـــتانا حوکوومەتێکی گەورە دروست بکات • ئەنجا هاتووە لە وڵاتەکانا لەشکری گێڕاوە • لە ساڵی ٥٢٨هـ ـ ١١٣٤م دا چووەتە سەر ناوچەی ( بۆتـان ) شاری ( ئانزا )ی داگیر کردووە ، لە دوایىدا ڕووی کردوەتە ( دیاربەکر ) شارەکەی پێچاوە بەڵام بۆی نەگیراوەو لەشکرێکی تری ناردوەتە ســـەر عێلی حەمیدی‌ی کورد گەلێك قەڵاو شاری لێ داگیر کردوون ( شووش )و ( ئەکرێ ـ عەقرە ) لەو قەڵایانە بوون • ئەمەش بۆیە کرد چـــونکی سەرداری ئەم عەشرەتە لە دژ ( ضد )ی عمادالدین یارمەتی خـەلیفـــەی بەغدادی داوە • عمادالدین لە ٥٣٧هـ ١١٤٢م دا پەلامـــاری ئەمـــارەتی کوردی هەولێریشی داوە • لای عەمادیە قەڵای ( ئاشیب )ی گرتو وێرانی کردووە • گەلێك پیاو ماقووڵو ئاغاواتی کوردی کوشت لەم هەڵمەتانەیانا• ئەمجا ڕووی کردوەتە ناوچەکانی ( حەکاری )و ( زۆزان ) گەلێ قـەڵاو شاری ئەو ناوەشی گرتووە •

شۆرەت وایە لەم سەردەمەدا لە جێگا قەڵای ( ئاشیب )ی کۆن بـــە ناوی خۆیەوە قەڵای ( عمادیە ـ ئامێدی )ی دروست کردووە • بـــەڵام ئەڵێن ئەم ناوە لەناوی ( ئامادی ـ امیدی )یەوە هاتووەو ناوەکە کوردی‌یەو زۆر کۆنترە •

عمادالدین لە ٥٣٤هـ ١١٣٩م دا ڕووی کردوەتە شـــارەزوورو

گرتوویەتی ، وە لەدوای سێ ساڵ هەڵمەتی بردوەتە سەر کیشوەرەکانی ( بۆتان )و ( سعرد )و چووەتە سەر ( ئامەد )و ( ماردین ) شارو قەڵای نەهێشتوون هەمووی زەوت کردووەو تاکو لە کاتی پێچانەوەی ( فنك )دا بە سەریا مردووە لە ٥٤١هـ ١١٤٦م دا •

لەم دەورەدا خەلیفەکانی عەبباسی بۆ شکاندنی شەوکەت و دەسەڵاتی تورکەکان لەشکری کوردی‌یان بەکار هێناوەو کردوویانی بە گژیانا • لەم ساڵانەدا لە مصر بناغەی دەوڵەتی ئەیووبی کورد دانراوە ( ٥٦٩هـ ـ ١١٧٣م ) کەوا لە باسی حوکوومەتی ئەیووبیدا دوورو درێژ قسەی لێ کراوە • هەر وەك ئەتابەگەکانی مووسل کەوتوونە گیانی کوردەکان و سەربەخۆیی‌یان نەهێشتوون ، حوکمدارانی ئەیووبی‌ی کوردیش تۆڵەیان لەم زەنگی‌یانە کردوەتەوەو لە ناویان بردوون •

لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا حوکوومەتی ( ئازیزان )ی کورد لە ناوچەی جزیرەدا پەیدا بووە • هەتا پەیدا بوونی دەوڵەتی عوسمانی پایەدار ماوە • لە ٥٨١هـ ١١٨٥م دوە کوردو تورك بەینیان تێکچووە لە سووریەو کوردستان و ئازربایجانا کردوویانەتە شەڕێکی میللی‌ی ئەوتۆ هەردوولا تووشی زیان بوون • تەنانەت ئەرمەنی‌یەکان ئەم ڕووداوەیان بە هەل زانیوە لێیان ڕاپەڕیون تاکو پەریشانیان بکەن • لەسەر ئەوە هەردوولا لە ترسانا بە ناوی ئیسلامیەتەوە ئاشت بوونەوە • بەڵام لەسەر ئەوەی حوکم بە دەست کام لاوە بێت دیسان تێك هەڵچوونەوەو خوێنی یەکتریان ڕژاندووە • کوردەکان بە ناچاری هەندێ جێگای ( سووریە )و ( ئەدەنە )یان بەجێ هێشتووە • لە ناوچەی ( مووسڵ )یشدا ئەم جەنگی میللی‌یە پەیدا بووە بە کورتی :

لە مێژوودا ساغ بووەتەوە کە کوردەکان هەمیشە لە گەڵ تورکەکانا لە شەڕدا بوون • کەچی لەگەڵ ئەرمەنی‌و ( فەلەکان )ی ترا کەدین

دوژمنیش بوون بەم پێ‌یە ناکۆك نەبوون • بەڕاستی بۆ ئەوەی حوکم بە دەست کام لاوە بێت ئەم دوو نەتەوەیە لەگەڵ یەکا هەمیشە لە ڕقە بەریدا بوون ، تاکو لە سەردەمی عوسمانی‌یەکانا بە تەواوی ساغ بووەتەوە حوکم کەوتووەتە دەس تورکەکان•هەر بە بۆنەی ئەم ناخۆشی‌یانەوە کوردەکانی ناوچەی مووسڵو ئامێدی لە ٦١٩ھ ١٢٢٢م دا داویانەتە کۆمەکی مووسڵو تورکەکانیان لەو ناوە دەرکردوە ئەمجارەش کوردە بەدبەختەکان بوونە زۆر دەستیو مسکێنی مووسڵاوی‌یەکان •

لە سەر ئەم هەموو ناسۆرانەدا ساڵی ٦٢٢ھ ١٢٢٥م سروشتیش لە کوردستان تووڕە بووە • بە بوومەلەرزەو باو بۆرانو قاتو قڕی نیشتمانەکەی کورد وێران بووەو ، بە هەزاران گیانی بێچارەی تیا لە ناو چووە • لە دوای ئەمەش سەلجووقی‌یەکانی ئەنادۆڵ داویانە بەسەر ناوچەی دیاربەکرا زەرەرو زیانێکی زۆریان پێ گەیاندوونو خوێنشیان ڕشتوون •

**٤ ـ کورد لە کاتی خوارەزمو ئیلخانی‌ی مەغوول دا :**

**٦٢٢ھ ـ ٧٨٥ھ = ١٢٢٥م ـ ١٣٨٢م**

خوارەزم سەرزەمینێکە لە تورکستان لای گۆمی ئۆرال • بەم ناوەوە لەوێ حوکوومەتێکی تورکی شیعی پەیدا بووە ، پادشاکەیان سولتان ( محمد علاء الدین تەکش )ی خوارەزمی ناوبووە • ئەم مەلیکە لە ٦١٤ھ ١٢١٧م دا لەشکرێکی زوربەی ناردوەتە سەر خەلیفەی عەبباسی‌ی عیراق ، چونکە ڕقەبەریی یەکتریان ئەکرد • ئەمە بە ئەنجام بووەتە بەربەرەکانێ لە ناوەند شیعەیەتیو سوننی‌یەتی دا •

جا کوردەکانی کەژو کێوی زاغرۆس بە هۆی ئەم بەربەرەکانێوە تووشی تاڵانو بڕۆی ئەم خوارەزمی‌یانە بوون بەسەرو ماڵەوە تیا چوون •

بەرەکەت دا لەشکری ئەمانە کە چووەتە سەر عێراق ، لەبەر سەرماو سۆڵە لای کرماشان پەرێشان بووە • ئەوسا کوردەکان تاویان داوەتە سەر ئەم لێ قەوماوانە • ئەمە پێش ئەو سەردەمە ڕووی داوە کە سوپای جەنگیزخانی مەغوول وەك بەڵا ڕووی کردووەتە سەر زەمینی خوارەزم هەموو وڵاتەکانی ئیسلامی یەك لەدوای یەك داماڵیوە ، لە پاشا جلال الدینی کوڕی سوڵتان محمد بە لەشکری شکستەوە زۆر بە پەرێشانی ڕای کردوەتە ئەفغانو هیندوستانو لەوێوە بای داوەتەوە بۆ ئێرانو ڕووی کردووە بۆ عیراق • لە ڕێگا دەستی کردووە بە تاڵانو وێران کردنی ( هەمەدان ، کرماشان ، بەدرە ، بەعقووبە ، تاوغ )وە ئەهالی یەکەشی کوشتووە ، چونکە خەڵك نەی ئەوێرا چەك هەڵگرێو لە سەر جلال‌الدین بکاتەوەو بچێت بەگژ سوپای چەنگیزخانا • کوردەکانی هەولێر کە دڕندەیەتیی لەشکری خوارەزمیان بەم جۆرە دی ، لەتاوا بە پیر لەشکرەکانیانەوە چوونو گیانی خۆیان پاراستووە •

کەچی لەسەر ئەوەشا جلال الدینی خوێن خوار ڕووی کردوەتە ئازربایجانو مەراغەو تەورێزو داگیری کردوون ( ٦٢٢هـ ١٢٢٤م )وە لەوێوە چووە بۆ گورجستان ، ئەمجا بای داوەتەوە بۆ کوردستان ، کە دوو بارە تاڵانی بکات • بەڵام کوردەکانی ( خێلات ) مەردانە گێڕاویانەتەوە • لەسەر ئەوە چووە بۆ لای ( عمادیە )و ( زۆزان ) بە شەڕ کردن وڵاتی ئەو کوردانەشی تاڵانو وێران کردووە • سەرەڕای ئەمانە لە ( ٦٥٦هـ ١٢٢٩م )دا جلال الدین لە ( خێلات ـ ئەخلات )ەوە هەڵمەتەکەی دوو بارە کردوەتەوە ئەمجارە بەلای (مووش)و (جوودی)دا هەر وەك ئاگر بەربووبێتەوە هەموو لایەکی کاول کردوە • لە تاوا بەشێکی خەڵکەکە وڵاتی بەجێ هێشتووەو چووە بۆلای حەلەبو سووریە •

لە سەر ئەمە ترسی گشتی خەلکی وا لێ کردووە لە ضیددی ئـــەم خوێن خوارە مەلیکەکانی سەلجووقیی ڕۆم و مەلیك ئەشرەفی ئـەییووبی یەکیان گرتووە • ئەو کاتە کوردەکان بەدڵی پڕ لـــەخوێنەوە لای ئـــەم حوکمدارانە کۆبوونەوە • سەردار عەشیرەتێکی کوردی ( حەکـــاری ) بووەتە قوماندانی گشت ئەم لەشکرانەو پەلاماری ( جـلال الدین )یـــان داوە ، وە تا شاری ( خووی ) ڕایان فڕاندووە ، بەڵام بەم سـەرکەوتنـە دیسان کوردستان ڕزگاری نەبوە ، چونکو لەشکری موغـــوول لـــەوێ تەنگیان بە جلال الدین هەڵچنیوە ، ڕایان فڕاندووەتەوە بۆ لای ئـەخلات ( ٦٢٨هـ ١٢٣١م ) • ئەم بەخت ئاوەژووە لێرە بە دواوە داوای یارمەتیی لە کوردەکان کردووە کە وەك برا هەڵمەت بەرنە سەر مەغوولەکـــان ، بەلکو لە ناویان بەرن •

ئەمجا بە کورتی :

ئەم حوکمدارە لە خوا نەترسە ، لەشکری مەغوول و تاتاری بەدواوە ، سوکوترو تاکو ناوچەی دیاربەکر هاتووە ، لەوێ دوشمن هەر چـــوار دەوری گرتووەو کوشتارێکی زۆریان لە لەشکرەکەی کردووە،تەفرو توونا کراون • ئەو کاتە عێلاتی دڵ پڕ لە ناسۆری کورد لە هەموولایەکـــەوە دەوری ئەم سەربازە پاشماوانەیان داوە قەلاچۆیان کردوون • ئەمجـــا جلال الدین کەسی لە دەور نەماوە ناچار خۆی هاویشتووەتە ناو خێڵێـکی کورد بە تەمای ڕزگار بوونی گیانی ، بۆ ؟

کاتێك کە دنیا لە جلال الدینیش ئاوا بوو ، ئەوەندە ســـەرمەستی شەراب خۆری بووبوو لە ماڵە کوردێکا سەری شاهانەیان بڕی و ئـاگـای لە خۆێ نەبوو ( ٦٢٨هـ ١٢٣١م ) • ئەوەندە هەیە بەختی کوردســـتان لە گەڵ ئەم سەرئەنجامە خوێن ڕێژانە شا لە کلۆڵی ڕزگـــاری نـەبوە ، بەلکو کاول کردنی موقەددەر بووە لە لایەن سوپای مەغوولەکانـــەوە •

لەدوای لە ناوچوونی جلال الدین ئەمانە لە دیاربەکردا گیانداریان نەهێشت • هەرچی کەسێکیان بەر دەست کەوت هەموویان قەڵاچۆ کرد • ئەگەر عێلی ( کریشیە )ی کوردی ئازا ڕێگای لەمانە نەگرتایە گیان لەبەریك نەئەما هەموو ئەکوژرا •

مەغوولەکان لە خوێن ڕژاندن تێر نەئەبوون • قۆڵە لەشکرێکیان خۆی گەیاندە ماردین‌و نەصیبین ، ئەو ناوەشیان وێران کرد • قۆڵێکی تریش لە ئازربایجانەوە ویستی بێتە سەر هەولێر • بەڵام سەردارە ئازاکانی ئەو ناوە خۆیان ئامادە کردبوو ، بەرایی لافاوی هێرشەکەیان گرتن ، ئەو ناوە ڕزگار کرا •

بەکورتی ، هاتنی جلال الدین بۆ کوردستان ئاوە ڕەشەیەکی زەهراوی بووە بۆ کوردەکان ، چونکو هاتنی مەغوول‌و تاتارەکان بە هۆی ئەم ناوابارەوە بووە ، تەنانەت ئەوی لە کوشتن ڕزگاری بووە لە تاوان خۆی کوناوەتە ناو کەژو کێوەکان ، وەیا تەرە بووە ولاتەکەی بەجێ هێشتووەو دەربەدەر بووە بۆ جێگایەکی تر !! ئەم حوکمدارە بەدخووە ئەوەندە بێ ڕەزا نەبوایە ، بە هۆی کەڵەمێردی‌و ئازایی‌یەکەیەوە ئەیتوانی خۆی لای کوردەکان خۆشەویست بکا تا بین بە پشتیوانی وبچن بەگژ تاتارەکانا • بەڵام زوڵم‌و زۆری‌و خڵق‌و پیشەی نالەباری بووەتە هۆی لەناو چونی خۆشی‌و وێران بوونی کوردستان بە جۆرێکی وەها تا کاتێکی دوور ئاوا نەبێتەوە •

پەیدا بوونی مەغوول لە گەڵ سەردارە جیهانگیرەکەیانا لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا نەگبەتی‌یەکی زۆر گەورەیەو بەسەر ئینسانیەتا هاتووە • وە بەتایبەتی لێ قەومانو قوڕ بەسەری‌یەکە بەسەر موسوڵمانەکانی ڕۆژهەڵاتا هاتووە مەگەر مێژوو بتوانێ بیگێڕێتەوە • لە ناویانا کوردەکان تەواو تووش بوون • ئەو کوردانە کە لەسەر ئەوەشا هێشتا وازیان لە ناکۆکی‌یەکانی

ناو خۆیان نەهێناوە • ئەنجا ئەم مصیبەتە ( کەیان )ی نەتەوایەتی خستوونە مەترسی یەوە ، هیچ ئیدارەو سیاسەتیان نەماوە • ناوبانگی بەرزیان کە لە کاتی دەوڵەتی ئەییووبی یەوە بۆیان مابوو نشوستی هێنابوو • لە کاتێکی وادا توشی هێرشی خوارەزمو مەغوولەکان بوونو لە پەلو پۆ کەوتن • لە هەموو لایەکەوە منالّ بێ باوك ، ژن بێ مێرد ، نیشتمان بێ پیاو مابوەوە• ئەوی کە ماش بوو لەوانە نەبوو بتوانێ پێکەوە بنوسێ ، وەیا بە فەرمووەدەی سەرۆکێك بۆ بەرژەوەندی نیشتمان تێ بکۆشێت ! بۆیە ئەبینین کە دەوڵەتی ( ئیلخانی ) لە سەر کیشوەرە وێرانەکەی عەباسی یەکانو هەموو دەوڵەتە وردەڵەکانی کوردو ئیسلام دامەزرا ، کوردەکان ئەوەندە پەك کەوتوو بوون ، تا بەینێك ناوو نیشانی نەتەوایەتی یان دیار نەبوو •

لەشکرەکانی هۆلاکۆ کە چوو بەغدا بگرێت ، لای کرماشانو هەولێرەوە بە کوردستانا بە سەر لاشەی دلاوەرانی کوردا تێپەڕ بوو • لە ( ٦٥٦هـ ١٢٥٨م ) دا کە بەغداد دەس دوژمن کەوتو هێرشەکان دوایی هات ، لە ناو کوێرەوەری کوردی شارەزووورو هەندێ جێگای تر ولاتی بەجێ هێشتووە چوونەتە شامو میصر • ( ابن خلدون ) ئەڵێ خێلاتی ( بادین )و ( لادین )ی کورد لە جوملەی ئەم دەربەدەر واتە ( مهاجر ) انە بوون کە چوون بۆ جەزائیرو لەوێ دانیشتوون • دوای لەناو چوونی خەلافەتی عەباسی هۆلاکۆ تەوریزی کردووە بە پایتەختی دەوڵەتەکەی خۆی • لەوێوە بەسەر کوردستانی ژووروودا لەشکرێکی ئەستووری ناردوەتە سەر سووریە کە داگیری بکاتو دەوڵەتی مەملوکی میصر لەناو بەرێت • لەڕێگا ئەوی ئەم لەشکرە بێ ڕەزایە هێناویە بەسەر کوردەکانی حەکاریو میافارقینو دیاربەکرو جزیرەو ماردین دا بە زمان ناگێڕرێتەوە ، مەگەر مێژوو بتوانێ بیگێڕێتەوە • لە شەڕەکانی

سووریەدا کوردەکانی ئەوێ لای مەملووکی میصریان گرتووە ، وە لەشەڕی ( عین جالوت )دا بە یارمەتی ی هەڵمەتی کوردەکان سوپای مەغوول شکستی خواردوە ، بەوە وڵاتی ئیسلام لە خراپەی ئەم خوێن خوارانە ڕزگاری بووە ( ٥٨٠هـ ١٢٨١م ) •

کەچی بەپێچەوانەی ـ دوژمنایەتی ی قەومی ـ کوردەکانی فارس لە ترسانا لەگەڵ مەغوولەکانا بوونەتە یەك • زوربەی لەشکری مەغوول کەچووەتە سەر گیلانو داگیری کرد لەم کوردانە بووە • گومان نی‌یە کە ئەمانە بۆ بەرژەوەندی ژیانی خۆیان ئەم یەکێتی‌یە نابەجێ‌یەیان ئیختیار کردوە • چارو ناچار گشت وڵاتەکانی تری غەیری کوردیش سەری بۆ ئیدارەی مەغوول دانەواندووە • لەسەر ئەوەشا بەپێی ڕەوشتو خووی قەومایەتی‌یەکەیان ، ئەم کوردانە هەر کە هەلکەوتووە چوون بەگژ مەغوولەکانا ، وە لە تەقەلای سەندنەوەی سەربەخۆیی قەت دوا نەکەوتوون • تەنانەت هەندێ لە سوپای مەغوولی گاور کە لە هەولێر یاخی بووبوو لە سایەی یارمەتی ی کوردەکانەوە لە هەراکەیانا خۆیان زۆر گرتووە • هەر وەها لە ئێرانا کە ئەمیر نەورۆز یاخی بووە لە ئیلخانی‌یەکان کوردەکانی وڵاتی ( جیبال ) یارمەتی‌یان داوە • لەسەر ئەوە ( غازان خان )ی پادشای ئیلخانی چووەتە سەر ئەم کوردانە زۆر نائینسانانە سزای داون • جا ئەم کوردانە تووشی تاڵانو چەرمەسەری یەکی وەها بوون هیچیان نەماوە ، وەکو :

سوپای غازان خان لە دوای شەڕ کەتاڵانەکەیان فرۆشتووە کوڕ بە (١٢)و گایەك بە (٥)و بزنیکیان بە (١) درەم فرۆتووە • بەڵام

(١) ئەم حوکوومەتە تورکمانە لە ( ١٣٩٠ەوە تا ١٤٦٨م ) پایەدار بووە • پایتەختیان لە شاری ( دیاربەکر ) بووەو حوکمی بەسەر بەغداشا کردوە •

لەشوێنێکی ترا کە ( خودابەندە )ی پادشای ئیلخانی لەشکری ناردوەتـەـ سەر کوردەکانی ( گێلان ) . ئیلخانی یەکان شکاون ( ٧٥٠هـ ) . ناوچەی هەولێرو مەراغە بۆ سوپاکانی مەغوول بووبوو بە شـــەقام ، چونکە پێرەدا هاتو چۆیان ئەکرد .

بەکورتی : کوردستان لە سەردەمی ئەم ئیلخانی یانە دا بە تـەواوی پەرێشان بووە . واریداتی لە چاو دەوری سەلجووقیدا دە چەنـدانـەی جاران کورتی هێناوە . ئەو کاتەی دەوڵەتی ئیلخانی یش نشوستی هێنـــا ئیلخانی یەکان لە ناو خۆیانا بوون بە دووبەرەکی و بەگژ یەکا چوون . لە دوایدا ئەمانە کیشوەرەکەشیان بەش کرد لە ٧٣٨هـ ١٣٣٧م دا .

کوردستانی ئێرانو خوزستان بەر تاقمی ( سەلدۆز )ەکان کـەوت ، وە لە ( ٧٨٥هـ ١٣٨٢م ) یشا عیراق بۆ هۆزی ( جەلاییری )یەکان ساغ بوەتەوە . ئیتر دەوری ئیلخانی نەماوە .

**سەردەمی تورکو مەغوولی دوایی :**

**ه ـ کورد تا پەیدا بوونی صەفەوی یەکان :**

**( ٧٩٨ ـ ٩٢٠هـ ـ ١٣٨٠ ـ ١٥١٤م )**

ئەو نەتەوە دەسەلاتدارانەی لە چوار دەوری کوردستانا ئۆقرەیـــان گرتووەو حوکوومەتیان پێکەوە ناوە ، هەمیشـە خـــەریکی داگیر کردنی کوردستانەکەش بوون ، چونکە ویستوویانە بەوە کەیانی حوکوومەتەکەیان بپارێزنو پایەدار بن . جا لەم باسەمانا بۆ ئەم مەبەستە تەقەلای تورکەکان زۆر چاك دیارە .

حوکوومەتی تورکمانی ئاســـیای ڕۆژاوا کـــە ناحـــەزو دوژمنی مەغوولەکان بوون لە گەڵ ئیلخانی یەکانا هەمیشە لە زرمە زلێدا بوون . دوای لەناو چوونی ئەم حوکوومەتی مەغوولە ئەمجا کەوتوونە تەقـــەلای

ئەوە وڵاتەکانی کوردستان بخەنە ژێر حوکمی خۆیانەوە • ( قەرە قۆینلی ) یەکان یەکێکە لەو حوکوومەتانە • ئەمانە تا ناوەڕاستی کوردستان حوکمیان ڕەواجی بووە • لەو شوێنانەدا شەڕو هەرای سیاسیو مەزهەبی یان ناوەتەوە • زوربەی ئەم تورکانە رافضی بوون • لە ڕووی ئەم دوژمنایەتی یەوە هەندێك عەشایری کورد تەنگە تاو بووە ، وڵاتەکەی بەجێ هێشتووە • ئەم بزووتنەوەیە ڕژێمی دانیشتنی کوردەکانی ئەو ناوەی تێکداوە • بەو بۆنەیەوە موکریانی یەکان چوونە سەر زەمینی (مەهاباد )ی ئیمرۆ وڵاتەکەیان داگیر کردووە •

لە دوای هورووژمی مەغوول پێویست بوو کوردەکان پشوویەك بدەنو خەریکی ئەوە بوون بێنەوە سەر خۆیان ، کەچی بەڵای تەیموری لەنگ ڕووی تێ کردوون • ئەم پادشاهە زۆردارە لە دوای ئەوەی لەناوچەی ئەسفەهان دا لە هەزاران سەری ئینسان منارەی دروست کرد ، ئەنجا ڕووی کردوەتە عیراق • لەم ڕێبازەدا هەتا چووەتە بەغداد بێ ڕەحمانە خەڵکی کوشتووە • حاکمی بەغداد سوڵتان ئەحمەد جەلایری مەغوول ناچار بووە وڵاتی بەجێ هێشتووە ئەنجا سوڵتان تەیموور بەسەر کوردستانا بەرەو قافقاس ڕووی کردووەتە شیمال ، ئەو ناوەشی شێواندووە سەرو شوێنی لە کوردەکان تێکداوە • جەزیرەو دیاربەکری وێران کردووە ، ئەهالی لە تاوانا داویەتە کەژو کێو بەگژو گیا ڕابواردووە • لە ڕاژەوی ( ٧٩٦هـ ـ ١٣٩٤م ) یدا کە دەهشەتی ئەم کابرا دڕندەیە دەرکەوت ، سەردارانی کوردی ( هەولێر ، جزیرە ، حەسن کێف ، ماردینو ئەرزەن ) بە هیوای پارێزگاری سەرو ماڵ چوون بە پیریەوە ، خوا کرد خەڵکەکە بەم جۆرە ڕزگاری بووە • تەیموور خان (میران شا)ی کوڕی کردووە بە حاکمی کوردستان ، ئەوسا بەجێی هێشتووە •

ئەم شازادە خوێن خۆرە لە خوڵقی باوکیا بوو • لە وڵاتەکەدا وەك

جانەوەر دەستی کردووە بە کوشتار • ئەهالی‌ی ( حسن کیف ، دیاربەکر، توور عابدین )ی وەك دڕندە پارچە پارچە کردووە • لە سەر ئەوە خەڵکەکە لە گیانی خۆی بێزار بووە • لە تاوانا چەکی هەڵ گرتووەو یاخی بووە • تەیموور لەبەر بێرادی‌و بێ ڕەزایی ئاشتی‌ی نەبوە بێ پرسینەوە لە کوردەکان تووڕە بووە • قەراری دا تۆڵەیان لێ بکاتەوە • لەسەر ئەوە لە ( ٨٠٤هـ ١٤٠١م )دا گەڕاوەتەوە سەر کوردستان ، تووشی هەرچی ئاوەدانی‌یەك بووە ویرانی کردووە • هەرچی گیاندارێکی دەس کەوتووە هەڵی دڕیوە • کوردستانی وا لێ کردووە ئەوی بەوێدا ڕۆیشتبێ لەبەر چۆڵ‌و هۆڵی‌ی وڵاتەکە سامی لێ نیشتووە • ئەمیر شرف الدینی بتلیسی بۆ ڕزگار کردنی وڵاتەکەی چوو بەپیر تەیموورەوە • لای دیاربەکرو مووش تووشی بووە • خواو ڕاستان تەیموور خان ئەم سەردارەی لا خۆش هاتووە • لەبەر ئەوە قەدری گرتووەو لەسەر ئەمارەتەکەی خۆی دایناوەتەوە •

لە پاش مردنی تەیموور خاقان لە ( ٨٠٨هـ = ١٤٠٥م ) دا ئەمیری عەشرەتی ( قەرەقۆینلوو ) قەرە یۆسف ناو کە لەترسی تەیموور خاقان ڕای کردبوو هاتووەتەوە کوردستان‌و خۆی خستووەتە پەنای سەرداری کورد شمس الدینی بتلیسی‌یەوە • ئەم ئەمیرە دڵ سافە کچی خۆیشی داوەتێ‌و کردوویە بە زاوای خۆی • بەم فێڵەو بە یارمەتی‌ی ئەم سەردارە قەرە یۆسف سەر لەنوێ حوکوومەتێکی تازەی پێکەوە نایەوە • جا لەبەر دڵ سافی‌و کەم هۆشی‌ی سەردارەکانی کورد لە تەربیەی سیاسی‌دا بە دەستی خۆیان دوژمنی خۆیان سەر لەنوێ ژیاندووەتەوە • تەنانەت ئەم شمس الدینە لە ( ٨٢٠هـ ١٤١٧م )دا بێ لێکدانەوەی دوارۆژ ئەمارەتی بتلیسی رسماً بۆ قەرە یۆسف تەصدیق کردووە ، کەچی ئەمیر یۆسف شیعی مەذهەب بووو ، زۆر ڕقی لە کورد بوو ، وە لە دوای ئەم یارمەتی دانەشی هەر بە ناحەزی‌ی کورد مایەوە •

له ( ٨٢٤هـ ١٤٢١م ) دا ( شاهروخ میرزا )ی کوڕی تەیمووری لەنگ کە بە لەشکرەوە گەیشتە ئەرمەنستان ، سەردارانی کورد وەکو میر شمس الدینی بیتلیسیو مەلیك محمدی ( حەکاری )و مەلیك خەلیلی حاکمی ( حسن کیف )و ئەمیری ( خیزان )و سەردارانی ( خووی ) بە پیریەوە چوونو ئاشتیو دڵ سوزیی خۆیان عەرض کرد بەو جۆرە خۆیان لە شەڕی تەیموورزادە پاراست • لەم دەورەدا حوکوومەتی ( بایندر )ی پەیدا بووە • ناوی ئەصلیی ئەمانە ( ئاق قۆیۆنلی )یە ، عیلێکی ترە لە تورکمانەکان • ئەمانە حوکوومەتی قەرە قۆیۆنلییان لەناو بردو لە شاری دیاربەکردا هاتوونە ساحەی مێژووەوە ، بوون بە ملۆزمێکی تازەی کوردەکان ( حەسەنە درێژ ) ناو مەلیکی ئەمانە زۆر بەچنگ بوو ، ( ئەبوو سەعید میرزای کوڕی تەیموری لەنگ )ی لە جەنگێکدا شکاندو حوکوومەتەکەیانی لە ناوبرد • ئەمجا مەلیك حەسەنە درێژ پایتەختی گواستەوە تەوریز لەوێ فەرمانڕەوایی دەوڵەتەکەی کردووە •

ئەم مەلیکە درێژە زۆر ناحەزی کوردەکان بووە • ویستوویەتی حوکوماتی وردەلەی کورد لە ناو بەرێتو حوکوومەتێکی تورکمانیی یەکەرد بێکەوە بنێت • ئەم سیاسەتە لە بناغەی حوکوومەتی ئاق قۆیۆنلیدا ڕەگی داکوتاوە • پادشاکانیان هەمیشە شەڕیان بە سەردارەکانی کورد فرۆشتووە • گاه لایەنگیری ( قەرەقۆیۆنلی )یان لێ کردوون بەبانوو ، وە چوون بە گژیانا ، جار جاریش بە سەرزاری لایەنگیری هەندێك لە کوردەکان ئەبوونو ئەیان کردن بەگژ ئەوانی ترا • لەمەشا مەبەسیان ئەوە بووە خۆ بەخۆ بە یەکتری بیان فەوتێنن • حەسەنە درێژ زۆر بە زیری ئەم سیاسەتەی بەکار هێناوە • جا بەم سیاسەتی ( لێکیان کەرەوەو تێکیان بەرەوە ) یەعنی سیاسەتی ( فرق تسد )ە گەلێك حوکوومەتی کوردی لە ناو بردووە •

بەڕاستی مایەی ئازاری دڵە کە بەهۆی نەفامیو ناکۆکی‌یەوە ئەم هێزی پەرشو بڵاوی کوردە بوەتە ناحەزی‌یەی وخزمەتکاری بەرژەوەندی بێگانە . هیچ کاتێك لەکردەوە نابەجێ‌کانی خۆیان تەمێ خواردوو نەبوون، بەڵکو لەم سەردەمەدا بوونەتە ئالەتێکی وشـــکو بێ دەنگو بێ هۆش بەدەست حەسەنە درێژەوە . گەلێك سەردارو ئەمـــارەتی کوردی بـــە ئەمیرێکی تری کورد لەناو بردووە .

بەرەکەت دا لەم بەینەدا صەفەوی‌یەکانو دوا بـــە دوای ئـەوانیش حوکومەتی تورکی عوسمانی پەیدا بوون لـــە کوردستاناو دەستیان کردووە بە ڕقەبەری لەگەڵ یەك . جا بەو بۆنەیەوە ژیانی ســـیاسی‌ی کوردەکانیش بۆ سەردەمێکی تر زیاوەتەوە .

**٦ ـ کورد لەکاتی صەفەویو پەیدا بوونی عوسمانی‌یەکانا :**

**( ٩٢٠ ـ ١٠١٤هـ ١٥١٤ ـ ١٦٠٥م )**

دەوڵەتی صەفەوی لە کیشوەری ئێرانا پەیدا بووە . ئەمانە شـــیعە مەذهەب بوون . لە تەکیە نوشینیو شێخیەتی‌یەوە پێ گەیشتوون بوون بە پاد شاە ، ( شێخ صفی الدین )ی ئەردەبێلی باپیرەیانە . ( جنید )ی کوڕی لە ترسی ( جیهانشاە )ی قەرەقۆیۆنلی ڕای کردووەتە لای حەسەنە درێژی ئاق قۆیۆنلی لە دیاربەکر . لەوێ حەسەنە درێژ کچی خۆی داوە بـــە حەیدەری کوڕی ئەم شێخ جونەیدە . جا لەم ژنو مێردە شاە اســـماعیلی صەفەوی هاتوەتە دنیا .

شاە اسماعیل کە حوکومەتی ئاق قۆیۆنلی لەناو بردو تەورێـــزی کرد بە پایتەختی دەوڵەتەکەی ، تێفکری بەشی زۆری مـــەملەکەتەکـــەی ( کوردستان )ەو ئەهلەکەشی سونی مەزهەبە هیچ حەز لە شـــیعە ناکـا ، لەبەر ئەوە شاە اسماعیلیش ( کورد )ی خۆش نەویستووەو لێیان ئـەمین

ئەبوو ، جا لەبەر ئەوە خێرا دەسی کردووە بە تەقەلای لەناو بردنی ئەمارەتەکانی کورد • بە کردەوە ئەمانە لە ئاق قۆیۆنلی یەکان زۆردارتر بوون لە گەلێان • لەبەر ئەوەی کوردەکان سوننی بوون هیچ متمانەی پێ نەکردوون ، بەڵکو متمانەی بە تورکەکان بووە چونکە وەك خۆی ( ڕافضي ) بوون • لە هەچ کوێ یەك ئەمیرێکی کوردی دەس کەوتبێ بوارەی نەداوە بە کوشتن وەیا بە حەپس کردن لە ناوی بردووەو لە جێگای ئەوانە خێرا ئەمیرێکی تورکمانی قزلباشی رافضی ی داناوە • بەرەکەت دا لەم کاتەدا حوکوومەتی عوسمانی برووزی سەندووەو لەشەڕی ( چاڵدیران )دا یاوز سوڵتان سەلیم شاه اسماعیلی شکاندووە ( ٩٢٠هـ - ١٥١٤م ) • بەمە کوردەکان هۆشێکیان هاتوەتەوە بەبەرداو لە سیاسەتی لەناو بردن بە دەستی صەفەوی یەکان ڕزگاریان بووە •

لەدوای ئەم شکستی چاڵدیرانە هەرچەندە حوکوومەتی صەفەوی لە ئێراندا هەر ماوە ، بەڵام جارێکی تر هێزو دەسەڵاتیان بەسەر ڕۆژاوای شاخەکانی زاغرۆسا پەیدا نەبوەتەوە •

ئەم سەردەمە دەوری ڕقەبەری مەذهەب بووە • نەتەوە موسوڵمانەکان بەهۆی شیعەیەتی ی سوننی یەتی یەوە بە لێشاو خوێنی یەکتریان ڕشتووە • بەم بۆنەیەوە عوسمانی یەکان کە سوننی بوون بوونەتە پشتیوانی کوردەکان ، وە ئەمانیش بوونەتە ( هێزو نەیروو ) بۆ ئەوان ، لەبەر ئەوە کوردەکان بەرامبەر شەڕو شۆڕی صەفەوی یەکان لەمەولا هەمیشە بوون بە پێشڕەوی عوسمانی یەکانو کوردستانیش بووەتە جەولانگای لەشکرو سوپای هەردوولا • عوسمانی یەکان بۆ ئەوەی کوردەکان بکەن بە لایەنگری خۆیان ئەمیر ئیدریسی بیتلیسی ناو سەرکردەیەکی زاناو هۆشیاری کوردیان کردووە بە واسیطەی تەفرەدانی کوردەکان کە لە شاه ئیسماعیلی صەفەوی ( شای شیعە ) هەڵسنە پێ •

جا ئەم سەرکردە پڕ هونەرەش ئەم فرمانە گرانەی زۆر بەڕێکیو مەردانە بەجێ هێناوە کوردەکانی هەڵـــاندووەو کردوونی بەگژ ئێرانی‌یەکانا • بۆیە لەپاش جەنگە ناودارەکەی چاڵدیران سەردارەکانی کورد والی‌یەکانی ئێرانیان دەرکردو ئاڵای عوسمانی‌یەکانیان هەڵ کردووە• بەم جۆرە سیاسەتی زوڵمو زۆرکارانەی ئێرانی‌یەکان بووەتە یارمەتی دەری سەرکەوتنی سیاسەتی عوسمانی‌یەکان • ئەوسا سوڵتان سەلیمی عوسمانی ئەمیر ئیدریسی بیتلیسیی ناو براوی داناوە بە نوێنەر ( نائب )ی خۆی تا هەموو کوردستانی گەورەی بۆ ساغ بکاتەوەو بە دڵدانەوەو دیاریو خەڵات گشت سالارەکانی کورد بکا بە مسکین ( تابع )ی دەوڵەتی عوسمانی • لەم ڕووەوە ئەمیر ئیدریسیش دڵسۆزانە هەوڵی داوەو کوردەکانیش بە دڵو بەگیان قسەی ئەویان بەجێ هێناوەو لەڕێی فرمانەکانیا خوێنی خۆیان بەخت کردووە •

کە سوڵتان سەلیم شەڕە گەورەکەی چاڵدیرانی بردەوە ، تەوریزی بەجێ هێشتو گەڕایەوە ( ئاماسیە ) لە ڕۆژاوای کوردستانی گەورەدا • شاە ئیسماعیلیش هاتەوە تەوریز دەسی کرد بە تەدارەکاتی لەشکرو سوپا بۆ تۆڵە کردنەوە • کە تەدارەکات تەواو بوو ، لەشکری ئێران لە شیمالو جەنووبەوە بە دوو قۆڵ ڕژایە کوردستانی گەورەوەو دەسیان کردەوە بە شار داگیر کردن هەتا هاتوەتە ( دیاربەکر ) ، ئەنجا سەرکردەی بەناو بانگی ئێران ( قەرەخان ) ناو ئەوێشی پێچاوە • ئەگەرچی کوردەکان زۆر شێرانە شەڕیان کردوەو خوێنی یان نەڕژاینت بستێك زەمین یان بەجێ نەهێشتووە ، ئاڵاونە دەوری ئەمیر ئیدریس وبۆ هەموولایەك هەڵمەتیان بردووە • بەڵام ئێرانی‌یەکانیش لە شێر کۆیان نەئەکرد بۆ سەرکەوتنی شاە ئیسماعیل گیانیان بەخت ئەکرد • لەبەر ئەوە بە ساڵەها جەنگ درێژەی کێشاوە ، یەکتری‌یان هێناوەو بردووە ، شارانو دێهاتیان وێران

بووە ، لەم کاتانەدا ( سوڵتان سەلیم )یش هەمیشە یارمەتی‌ی داوە گەلێک جار لەگەڵ سەرداری ناودارا لەشکری زۆری بۆ یارمـەتی ناردووەو ئێرانی‌یەکانیان شکاندووە . لەسەر ئەوەشا رەدو خورد کۆتایی نەهاتووە ، ناوچەی ئەم شەڕانە شاری دیاربەکرو ماردین بووە ، لەبەر قەڵای ماردین‌دا ئێجگار خوێن ڕژاوە ، لە دوا جارا کە شاری حەڵەب زەوت کراوە ، ئەمجا سوڵتان سەلیم بەرژاوە لەشکرو تۆپی زۆری ناردووە ، ئێرانی‌یەکانیان بە تەواوی شکاندووە وە تا شاری مووسـڵ هـەموو وڵاتەکانیـان لێ سەندوونەوە .

لە دوای ئەمە هەردوولا هەستی بە ماندوویەتی کردووەو ئەوسـا ئەمیر ئیدریس سەرفراز دەستی کردووە بە ڕێکخستنی وڵاتو شـارەکانی کورد ، بە سەلیقەیەکی تەواوو بە پێی سیاسەتی ڕۆژو نەریتی زەمان بۆ ئاوابوون ویشکەوتنی کوردستان ، بەڕێوەبەرایەتی‌یەکی زۆر بەجێی بەڕێی پێکەوە ناوەو ، تامی سەربەخۆیی لە ناو حوکوومەتە کوردەکانا هێشتوەتەوە . ئومەرای کوردی دامەزراندووەو سەربەستی‌یەکی ماقووڵی داونێ . وە بۆ ساغ کردنەوەی ئاغایەتی واتـە سیاسـەتی دەوڵـەتی عوسمانی‌یش لە وڵاتەکانا تەشکیلاتی تایبەتی تری کردووە . جا ئـەم هەموو ڕێکخستنو پێکەوە نانە بە فەرمانێکی سوڵتان سەلیم قوبووڵ کراوەو بۆ دەرخستنی ئەم کارو بارانە ١٧ ئاڵا ( بەیداخ )و ٥٠٠ خەڵاتی شاهانـە نێرراوە بۆ سەردارەکـانی کورد . ئەمانە بەسـەریانا دابەش کـراو ڕەسماتیش بەجێ هێنرا .

لەگەڵ ئەمانەدا خەڵاتێکی نایابو ( ٢٥ ) هەزار زێڕیش بە جیـا نێرراوە بۆ ( ئەمیر ئیدریس ) بەخۆی بەخشراوە . سەرەڕای ئەم تەرتیبو داهێنراوە تازەیە لە ناوچەکانی : دیاربەکر ، بیتلیس ، وان ، حەکـاری‌و خەربووت‌ودا گەلێک حوکوومەتی کورد هەبوو لە جێی خۆیانا بەتەواوی

سەربەخۆ بوون ، جا بەپێی ئەم ڕژێمە تازەیە فەرمانڕەوایی لە باوکەوە بۆ کوڕ بەمیراتی ئەچوو ، وە لەشکری تایبەتیی کورد بەپێی پەیمانەکە لەکاتی شەڕا ئەچوو بە کۆمەکی لەشکری عوسمانییەکانەوە ، بێجگە لەمانە لە وڵاتەکانی تریشا ئیدارەی مەدەنی واتە ( شارستانی ) دانراوە کە سەرەکی ئەو ئیدارەیە لەلایەن پادشای عوسمانییەوە دائەنرا ، هەرچەندە بە هۆی ئەم تەرتیباتە تازانەوە گەلێك ئەمارەتی نیشتمانیی کورد لەناو براوە ، بەڵام بەڕاستی ئەمانە هەمیشە سەرمایەی ئاژاوە بوون ج نرخێکی میللیو سوودێکی نیشتمانی بەروەرییان نەمابوو • جا ئەم تەرتیباتانەی لای سەروو بەپێی پەیوەندیو پەیمانێك کە لەمیانی حوکوومەتی عوسمانیو حوکوومەتە نیشتمانییە تایبەکانی کورد دا بەستراوە دروست بووە لە ( ٩٢٠هـ - ١٥١٤م ) دا لەدوای بەجێ هێنانی ئەم ئیدارە جوانە • ئەمیر ئیدریس بەدەستی خۆیو بەناوی سوڵتان سەلیمەوە ، ئاڵاو چەكو تەبڵی بەسەر ئومەراكانی کوردا دابەش کردووە کە ئەمانە بەپێی نەریتو ڕەوشتی ئەوکاتە نیشانەی سەربەخۆیی بوون •

سوڵتان سەلیم ئەمیر ئیدریسی زۆر پەسەند کردووە بۆ ئەوەی لەبیرو پێشنیارەکانی کەڵك وەستێنێ کە چووە بۆ داگیر کردنی ( میصر ) لەگەڵ خۆیا بردووە •

جا بەم جۆرە بەسایەی وریاییو ژیریی ( ئەمیر ئیدریس )ەوە کیشوەرێکی زۆر سەختو بە ئەرکی وەك کوردستانی بێ شەڕۆ شۆڕو بە ئارەزوو ڕەزامەندیی خەڵکەکەی بۆ حوکوومەتی عوسمانی ساغ کردەوە ، کە ئەمە لە مێژوودا کەم بینراوە ، چونکە ئەم وڵاتی کوردە لە دەوری ئاشوورییەکانەوە تا ئەو ڕۆژە بەرامبەر هەموو جیهانگیرەکان وەستاوە کە بە ئەوێدا ڕۆیشتوون ، هیچ کاتێك بە تەواوی سەری بۆ یەکێك لە مانە دانەنەواندووە • ئەیرووی دەوڵەتە جیهانگیرەکانی ئاشوور ،

ئێران ، پارت ، یۆنان و ڕۆما کە بە کوردستانا ڕۆیشتوون هەمیشە بە پەرێشانی لێی دەرچوون ، وەك ئەمیر ئیدریس بۆ سوڵتان سەلیم کوردستانی ساغ کردوەتەوە بۆ دەوڵەتەکانی لای سەروو ساغ نەکراوەتەوە •

بەڵام حوکوومەتی تورکی عوسمانی لەپاش ١٥ ساڵ ئەم خزمەتانەی لای سەرەوەی لە بیر چووەتەوە لە پەیمانەکەی لاداوە ، دەسی کردووە بە بادانەوەو زۆرداری کردن لەگەڵ حوکوومەتە کوردەکان یەکە یەکە هەموو ئەو دەوڵەتە بێ تاوانانەی لە ناو بردووە تاکو لە ( ١٢٦٦هـ - ١٨٥٠م ) دا دوایی بە حوکوومەتی کورد هێناوە •

لەدوای مردنی شاە ئیسماعیل حاکمی عەشرەتی ( کەلهوڕ )و سەرداری خێڵی ( مۆسلو )ی کورد ( ذو الفقار خان ) بە لەشکرەوە هات بەغدادی گرت و ناوی سوڵتان سولەیمانی قانوونی لە خوطبەدا خوێندەوەو لە بەغدادا بەڕێوە بەرایەتی‌یەکی کوردی سەر بە حوکوومەتی عوسمانی هێنایە مەیدان • ئەم سەردارە ئازاو کارامەیە ئەو ناوەی خستبوە ژێر حوکمی خۆیەوە • بەڵام ئێرانی‌یەکان دەست بەرداری عیراق نەبوون • شاە تەهماسبی صەفەوی لە ساڵی ( ٩٣٦هـ - ١٥٣٠م ) دا بە لەشکرێکی زۆرەوە هاتە سەر بەغداد • لەدوای شەڕێکی دوورو درێژ بە فێڵ ذوالفقار خانی بە براکانی بە کوشت دا • ئەمجا بەغدادی گرت • برا خائینەکانی ذو الفقار خانیش هیچیان دەس نەکەوت و شارەکەشیان بە وێران کردن دا •

لەبەر ئەوەی حوکوومەتی عوسمانی و صەفەوی هەریەکە لەسەر هێڵێکی سیاسی‌ی پێچەوانە ئەڕۆیشتن بوبوونە دوژمنی گیانی یەکتری • هەراو هوریای سنوورو دووبەرەکی و نەفامی‌ی کوردەکان هەموو کاتێک مەبەستی بەگژ یەکا چوونی بۆ ئەم دوو حوکوومەتە ئەدۆزی‌یەوە •

ئەگەر لە کوردەکانا تەربیەی سیاسی بوایە لەم کێشمە کێشانەدا بە جۆرێك هەڵ ئەسووڕان کە هەردوو حوکوومەتەکە زەبوون بکەن بەڵام بیرو هۆشێکی وەها یەکەڵك لەسەری سەردارانی کوردا نەبوە لەبەر ئەوە ئەم دوو حوکوومەتە بە سەد ساڵەها لە کوردستانا بەگژ یەکا چووەو لە ئەنجامی کارا ( کوردو کوردستان ) لەوان زیاتر لە ناوچوە •

لە ناوەند سوڵتان سولەیمانی قانوونیو ( شاە طەهماسیب )ی صەفەوی دا کە دوو شای هەرە گەورەی ئەم دوو حوکوومەتە بوون بۆ بەیەدەس کردنی یەکتری گەلێك جەنگو هەرا ڕووی داوە • سوڵتان سولەیمان بە سوپای زۆرەوە بە کوردستانی گەورەدا فاتیحانە چووەتە تەورێزو لەوێوە بە کوردستانی ئێرانا وەرگەڕاوەتەوە هاتوە بەغدای داگیر کردوەتەوە لە ٩٤١هـ ١٥٣٤م دا • سولەیمان پاشای والی‌ی عوسمانی‌ی دیاربەکر لەم سەفەرەدا کراوە بە والی‌ی بەغداد کە ئەمە یەکەم والی‌ی حوکوومەتی عوسمانی‌یە لە عیراقدا • سوڵتان سولەیمان لەم سەرەیدا کە گەڕاوەتەوە لە بانی‌ی پاداشی چاکە ، هەندێك سەردارو ماقووڵی گەورەی کوردی کوشتووە • قەڵای خورماڵ لەم سەردەمەدا بە ئەمری سوڵتان سولەیمان لە شارەزوور دروست کراوە • برای تەهماسیب شاە ( ئەلقاص میرزا ) لەم کاتەدا لە شاە یاخی بووە • شاە زادەی یاخی بە سوپای کوردەوە زۆر دەردی سەری شای داوە • ئەنجامی کار سورخاب بەگی کورد لە قەڵای ( مەریوان ) دا ئەلقاس میرزای گرتووەو پێشکەشی شاە طەهماسیبی کردووە •

لە ( ٩٦١هـ ١٥٥٤م ) دا شاە تەهماسیب هەڵی کوتاوەتەوە سەر کوردستانی گەورە ، هەتا دیاربەکر هەموو وڵاتەکان بەر تاڵان کەوتووە • ئەمجارە ئێرانی‌یەکان لە کوردستانا خوێنی زۆریان ڕشتووە بە تەحریکی وەها کە کوشتارەکانی سەردەمی هۆلاکۆو تەیموری لەنگیان هێناوەتەوە

بیری خەڵك • لەم کاتەدا شاهزادە حەمزە میرزا ناو سەرداریکی زرنگ‌و ئازا لـــە ئیرانی‌یەکانا هەڵکەوتووە • لـە هەموو لایـەکـەوە تەنگی بە عوسمانی‌یەکان هەڵچنیوەو زیانی زۆری لە کوردستانیش داوە ( ٩٩٤هـ – ١٥٨٥م ) •

لە دوای ئەم هەموو شەڕو داوایانە ( شاه عباس )ی صەفەوی ئەنجا ئاشتی خوازی‌ی نواندووە ، لەسەر ئەوە لـــە ( ٩٩٨هـ ١٥٩٠م ) دا لـــە ئەستانبوول ئاشتیان بووەتەوە •

بەپێ‌ی پەیمانی ئەم ئاشتی‌یە وڵاتـانی ئازربـــایجان ، شـــیروان ، گورجستان‌و لوڕستان‌و شارەزوور بۆ حوکوومەتی عوسمانی ماوەتـەوە • بەندێك لەم ئاشتی‌یە ئەوە بووە کە ئیرانی‌یەکان واز لەشیعەیەتی بێنن کـە ئەمەش دیارە خەیاڵێکی خاو بووە •

لە ( ١٠١٢هـ ١٦٠٣م ) دا شەڕو هەرای دەوڵەتی داگیرســـایەوە • شاه عباس خێرا تەورێزی داگیر کردووە • ئەمجارە لە خزمەت شـــاهدا گەلێك سەرداری کورد شمشێری وەشاندووە وەکو لەبەری عوسمانی‌یشا تاقمە سەردارانی تری کورد خوێنی خۆیان بۆ تورکەکان ڕشتووە • لەم هەڵلا تازەیەدا مستۆ بەگی سەردار عەشرەتی ( مەحموودی )ی کـورد لە قەلاێ ( ماکۆ ) دا شەڕێکی ڕۆستەمانەی لە گەڵ ئیرانی‌یەکانا کردوە ، بەڵام وڵاتەکە لەناو چووەو لە ئەنجامی کاریشا لەشکری عوســـــمانی شکاوە • لەسەر ئەوە سەردارەکانی کوردیش تەقەیان تێ کەوتووە هـەر یەکە بەرەو مەڵبەندی خۆی کشاوەتەوە ( ١٠١٤هـ ١٦٠٥م ) •

# تازە بوونەوەی سەودای سەربەخۆیی لە کوردستان
# هەڵسانی کوردی ( جان پۆلا )

خانەدانی ( جان پۆلا ) بە میراتی فەرمانڕەوای ناوچەی (کلیس) بوون ( جغالە ) پاشای سەردار لەشکری عوسمانی لەم خانەدانی کوردە ( میر حسین ناوێکی کردبوو بە حاکمی حەلەب • لەبەر ئەوەی ئەم ئەمیرە لەگەڵ جغالە پاشادا نەچوو بوو بۆ شەڕی ئێران • کە پاشا لە شەڕەکەدا شکاو گەڕایەوە میر حسەینی کوشت لە سەر ئەمیر عەلی برای میر حسەین چووە حەڵەب لەوێ یاخی بوو ، وە حوکوومەتێکی سەربەخۆی پێکەوە ناو تەرابلوس شامیشی گرتو چوار دەوری شامی تالآن کرد • ئەم ئەمیر عەلی‌یە لەشکرێکی ئازاو چالاکی پێکەوە نابوو ، بەناوی خۆیەوە خوتبە ئەخوێندرایەوەو سکەیشی لێدا کە ئەمانە نیشانەی سەربەخۆیی بوون لەو سەردەمەدا • وە لەگەڵ قەڕاڵی ( تۆسقانا )ی ئیتالیا کە ( فەردیناند )ی ناو بوو لە ( ١٠١٦هـ ١٦٠٧م ) دا پەیمانی یەکیەتی بەست ، وە خەریک بوو لەگەڵ حوکوومەتی تریشا لە دژی عوسمانی‌یەکان قەول وبڕ بکات •

لەم کاتەدا لە ئەنەدۆڵ ( خێڵاتی جەلالی )ی کوردیش هەڵسابوون • ( قویۆجی مراد پاشا )ی سەرداری عوسمانی بەم بۆنەیەوە لە تەک لەشکرێکی زۆرا هات • لە پێشا ڕووی کردووەتە میر عەلی جان پۆلا •

سەرداری کورد بە چل هەزار سوارو پیادە ڕەوەوە لە دەربەندی ( باغراس ) ڕێی لە سەرداری عوسمانی گرت • لە سوپای عوسمانیدا ٤٠ هەزار جەك دارێك هەر کورد هاتبوە سەر ئەمیر عەلی • دوو لەشکر لە دەشتی ( ئورۆج ) دا بەرەنگاری یەك بوون ، شەڕێکی قورس لە ناویانا قەوما • میر عەلی هەتا نیوەی لەشکرەکەی کوژرا خۆی پێ گیراو

لەوەدوا شکا • ئەوسا گەڕایەوە حەڵەب • بەڵام سەیری کرد گونجایشی نابێت ڕای کردە ئەستانبووڵ خۆی هاویشتە پەنای سوڵتانی عوسمانی لەسەر ئەوە سوڵتانی عوسمانی لێی بووردو کردی بە حاکمی ( تم شوار ) لە ( مەجارستان ) • بەڵام ئەم لێ بووردنە ڕقی مراد پاشای خوێن خواری دانەمراندبوو ، ڕای سپارد لە ( بوڵغەراد ) ئەمیر عەلی‌یان کوشت کەوا خەریك بوو ئەچوو بۆ ( تم شوار ) •

# هەرای قەڵای دم دم

## ١٠١٧هـ = ١٦٠٨م

هەندێ سەرگوزەشتی پێشینان هەیە قەت نامرێت ، بۆ پشتاو پشت ئەبێتە داستانی شانازی‌و لە بیر ناچێتەوە • وەك ئەستێرەیەکی بە شەوق لە ئاسمانی مێژووی نەتەوەدا هەمیشە ئەدرەوشێتەوە • تیشکێکی خوایی لە دڵی لاوانیا پەیدا ئەکاو بۆیان ئەبێت بە میراتی ئازایەتی ، ئەگەر لە سەری بڕۆن وایان لێ ئەکا کۆ لە شێر نەکەن‌و پاشە ڕۆژی نەتەوەکەیان ڕووناك ئەکەن ، قەت ڕێ بە ناهومێدی نادەن‌و بۆ بەرزی‌و پێگەیشتن ئامادە ئەبن • لە کوردیدا باسی وا هەیە زۆر گەشخەو جوانە بە چیرۆك ئەیگێڕنەوە • غەزەلیاتی نەرمۆکی‌و سەر گوزەشتی ( مەم‌و زین )ی ( ئەحمەدی خانی ) لەوانەیەو بۆ ئەم جۆرە مەبەستە هەڵبەستراوە •

ئەوی ئێمە لێرەدا ئەمانەوێ باسی ڕووداوێکی ڕاستەقینەی مێژوویە کوردەکانی قەڵای دم دم لە موکریان بە سەریان هاتووە ، چونکە ئەم قارەمانانە لەڕێی ئازادیدا هەتا مردن شەڕیان کردووە • ئەم داستانە بڵندە باسی ئازایەتی‌ی عێلی برادۆستی موکری‌یە • ئەمانە بۆ ئەوەی قەڵاکەیان دەستی دوژمن نەکەوێ خۆیان بە کوشت داوە •

بەڕاستی پێویستە ئەم ڕووداوە کەشخەیە لە کتێبێکی سەربەخۆدا بنووسرێ‌و بۆ یادداشت بەجێ بمێنێ • نەك لەم مێژووە گشتی‌یەدا بە چەند وتارێکی کورت تێ‌پەڕێنرێت •

ئەوی ئەم ڕووداوەی لە مێژووی ( عالەم ئارا ) دا نووسیوە ( ئەسکەندەر مونشی ) ناو چیرۆك نووسی شاە عەباسە • ئەگەرچی بەپێی جیایی مەزهەبی ولایەنگیری‌ی دەوڵەتیەوە ئەم چیرۆك نووسە ناحەزی کوردە ، بەڵام چونکە ڕووداوەکە ئازایەتی‌یەکی بێ هاوتایە • ئەم ڕووداو نووسە غەرەز کاری‌ی تیا نەکردووە ، ناچار بووە زۆر بەشیرینی مەدح‌و ئەنای ڕووداوەکە بکات‌و مێژوو نووسەکانی تریش بخاتە جۆش‌و خرۆش •

قارەمانی ئەم داستانە سەرۆکی سەردارەکانی خێڵی ( برادۆست )ە کە ناوی ( ئەمیر خانی زێرین )ە • یەکەمین سەرداری خێڵە کە بووە ، سەردەمێك بە ناوانا گەڕاوە چووەتە لای عومەر بەگی حاکمی سۆران بە ڕێکەوت ئەم عومەر بەگە تووشی شەڕ بووە ئەمیر بەگ یارمەتی داوەو دەستی بەر شمشێر کەوتووە بڕاوە • لەو ڕۆژەوە بە ئەمیر خانی یەك دەست ناوی بڵاو بووەتەوە • لەو بەینەدا شاە عەباسی یەکەم هاتووەتە ئەو ناوە کە بچێ بۆ ئەریوان • ئەمیر بەگ ئەمەی بەهەل زانیوو چووەتە خزمەت شاە • شاە عەباس ناوبانگی ئازایی‌و نەبەزی‌ی ئەمیر بەگی بیستبوو • بەو بۆنەیەوە شاە قەدری گرتووە • ڕوتبەی خانێتی‌و ئەمارەتی خێلانی برادۆستی داوەتێ‌و کردوویە بە حاکمی ناوچەی ( ورمێ )و ( شنۆ )و ( مەرگەوەر )و ( تەرگەوەر ) • ئەمجا بە فەرموودەی شاە دەستێکی زێڕینی بۆ دروست کراوە • جا لەدوای ئەمە بە ( ئەمیر خانی زێڕین دەست ) ناوبانگی ڕۆیشتووە •

ئەمیر خان لە سایەی ئازایی‌و ڕەشیدی‌و بەڕێوەبەرایەتی‌ی جوانیەوە

بە ئاڤاڤا ناوبانگی بڵاو بوەتەوە • لە ماوەیەکی کەما سوپایەکی پڕ مەشق‌و پڕچەکی پێکەوە ناوە فرمانی مەزن‌و کردەوەی باشی بەجێ هێناوە چووتە ڕێزی سەردارە پایە بەرزەکانی سەفەوی •

ئەم ناوبانگە بەخیلی‌و ناحەزی‌یەکی خراپی بۆ ئەمیرخان ناوەتەوە • سەردارە ڕافضی‌یەکان پێش کەوتن‌و بەرزبوونەوەی ئەم ئەمیری کوردی سوننی مەزهەبەیان لا گران بووە • ئەمیر خان ئاگای لەم ناحەزی‌یانە بووە، بەڵام چونکە دڵسۆزانە خزمەتی شـای ئەکـرد باکی نەبووە • بە تێکۆشانی بەرزو بەجێ گەلێك خێڵ‌و کۆماری کوردی عوسـمانی‌ی هێناوەتە ژێر ئیدارەو حوکمی خۆی • بەم کردەوە باشانە شـاء عەباسی مەمنوون کردووە • بەکورتی ئەمیرێکی ئازاو بەسام‌و گـەورەیـەکی دڵ باش‌و ئالیکاری لێ دەر چووە • ئەهالی لەژێر ئیدارەی جوانی ئەمیرخـانـا حەساوەتەوە •

ئەم ڕووداوانە دوژمن وناحەزەکانی ئەمیر خانی خسـتوەتە ترس‌و لەرزەوە • لەبەر ئەوە ویستوویانە دەسەڵاتی ئەم ئەمارەتە بەشەوکەتـەی کوردە بشکێنن • وە بە تایبەتی سەردارە بێ باکەکەی کە ئەمیرخانە لـە ناوی بەرن • جا چاوەڕوانی ئەم ڕێکەوتە بوون •

لەسەر ئەمەشا دڵسۆزی‌ی ئەمیر خان بۆ شاە عەباس ئەوەندە ئاشکرا بووە، قسەی ناحەزەکان لەلای شاە کاری نەکردووە • وا ڕێکەوت ئەمیر خان لەم دوایی‌یەدا لە سنووری دەوڵەتی عوسمانی‌یا بە ئیزنی شاە قەڵایەکی بۆ خۆی دروست کردوە • چونکە ئەو شوێنە هەمیشە بە گۆبەنـد بـووە پێویست بووە ئەو قەڵایەی لێ بکرێ • ئەمجا ئەمە هەڵێك بوو ناحەزەکانی بۆ فیتنە بازی گرتیان بە دەستەوە هەتا دڵی شاە عەباسیان لێ کرمێ کرد •

ئەم قەڵایە لەسەر باسکێکی سەخت‌و بەرز لای شاری ورمی لـە

جێگا قەڵایەکی ئێجگار کۆنا لە ( ١٠١٧هـ ١٦٠٨م ) دا دروست کراوەو بە ناوە کۆنەکەیەوە ناوی ناوە قەڵای ( دم دم ) • ئەمیرخان بۆ بەرژەوەندی ئەمارەتەکەی ئەبوو ئەم قەڵایە دروست بکا نەك ویستبێتی بەربەرەکانێی شاە عەباس بکا • بەڵام ناحەزەکانی ئەوەندە تێکۆشان هەتا شاە عەباسیان دوو دڵ کرد • لەسەر ئەوە ئەمری شاهانە دەرچوو کە قەڵاکە تێك بدرێ نەك تەواو بکرێ • ئەمیر خان زانی کە بەرامبەر بە خۆی دڵی شاە عەباس گۆڕاوە •

ئەمجا ئەمیرخان تێ گەیشت کە لە دوو شت ئەبێ یەکێکیان بکات : یا بە بێ دەنگ تەسلیمی دوژمن بێتو لە ناو بچێت ، وەیا بە ئاشـــکرا تێکۆشێت هەتا بەمەردی ئەمرێت • ئەمیرخـان لای دووەمی گـرتووەو قەڵاکەشی تەواو کردووە•لە دوای ئەمانە ئەمیری برادۆست دەستی کردووە بە تەدارەکاتی شەڕ ، ئەگەر هاتە سەری‌و تەنگیان پێ هەڵچنی لـە هیچ کۆنەکا ، هەتا مردن شەڕ بکات • لەم کاتەدا جـەلالی‌یەکـان لە دوای شـــەڕێکی زۆر لـەگـەڵ عوسـمانی‌یەکان شکستیان خواردووە خۆیـان هاویشـتووەتـە ئێران • هاتنی ئـەم شـۆڕشگێڕانـە بووەتـە هۆی ئاشکرا بوونی ئەمیرخان‌و حوکوومەتی ئێران لە یەکتری •

ئەمانە ٢٠ هەزار کەسێك بوون • شاە بە بیرێکی نهێنی ویستی لـەم شۆڕشگێڕە هەڵاتوانە هەشت هەزارێك لە برادۆستا دامەزرێنێت • لەبەر ئەوە لە گەڵ لەشکرێك ئەمانـەی ناردە لای ئەمیرخان کە لای خۆی دایان بمەزرێنێ • ئەمیر خان لەترسی دوارۆژو هەوژانی ناڕەزایی‌یەکـانی برادۆست ئەمرەکەی شاە عەباسی بەجێ نەهێنا •

کوردو جەلالی‌و قزلباشی‌یەکان بە دوو دڵی‌و قین لە دڵ پێکەوە لەوێدا ڕاوەستابوون لە ناویانا وردە شەڕ داگیرسا • ئەمجا بە سەرداری‌ی وەزیری

گەورە ( معتمد الدولە ) لەشکرێکی زۆر هاتە سەر ئەمیر خان کە بترسێت و جەلالی یەکان بە زۆر لەوێ دامەزرێن • ئەمجا ئەم سوپا زۆرە قەڵاکەی پێچا !

هەموو لەشکرەکە لە ۲٥ هەزار سوارو پیادە زیاتر بوو ، چەکی باش و تۆپی زۆریان پێ بوو کە قەڵاکە بکوتن و بیرووخێنن و بیگرن • بەرامبەر بەمە هەموو لەشکری ئەمیر خان لەیەك هەزار کەس زیاتر نەبوە ، چونکە لەوە زیاتر نەیروو نەئەحەوایەوە ، واتە قەڵاکە زیاتری نەئەگرت • جگە لەمانە وردە ئاتەواوی تریش هەبوو لە قەڵاکەدا بۆ جێ بەجێ کردنی ئەوانەش ماوە نەمابوو • لەپێناغەدا دەوری قەڵاکە کانی و ئاوێك هەبوو ، ئەویش بەرێگایەکی ژێر زەمینا خرابوە سەرقەڵاکە پاسەوانی بۆ دانراوە •

هەر چەندە ماوەی ئەم هەراو شەڕە بەتەواوی نەزانراوە ، بەڵام بەپێی مێژووی ( عالم آرا )ی ئێران بەلای کەمەوە حەوت مانگێکی خایاندووە • کە شەڕ هەڵگیرسا ئێرانی یەکان بە ژمارەی زۆری خۆیان نازیون ، گەلێك هەڵمەتیان بردووەو بۆ گرتنی قەڵاکە عاجبازی بەرا دۆستی یەکان بوون ، بەڵام زۆریان لێ کوژراوەو بە پاشا گەڕاونەتەوە • ئەوسا تێ گەیشتوون کە ئەم جگە ( کوردە ) تا بێ دەرەتان نەکرێن و بەرێکی نەپێچرێن ( محاصرە ) بێ دەست ناکرێن • جارێ بە چوار مانگ دەسڕێژی تۆپ و هەموو شەوو رۆژێك شەڕو کوشتار • ئەنجا قزلباشی یەکان توانی یان رێگای کانیاوەکە بگرن • لەم شەڕانەدا گەلێك خوێنی ئەم پافزی یانە ڕژاوە ، هەڵمەتەکانیان جار بە هەڵمەتی بەرامبەری کوردەکان بەرەوپاش گەڕاوەتەوە • لەکاتی ئەم شەڕە قورسانەدا جەلالی یەکان وردە وردە خۆیان دزیوەتەوە بڵاوەیان لێ

کردووه ، وە یا چوونەتەوە بۆ وڵاتی عوسمانی • لە گەڕانەوەکانیانا وڵاتیان تاڵان کردووەو تووشی قزلباش بووبن کوشتوویانە •

لەدوای گرتنی کانی‌و ئاوەکە سەردەمێك ئاوی لیخنی ئەستێلی قەڵاکەیان خواردووەتەوەو ئاوە بۆگەنەکەش خەریکی تەواو بوون بووە •

خوا کردی لەو کاتەدا کە سەرەتای زستان بوو بارانێکی زۆر باریوە، لافاو ئەستێلی ناو قەڵاکەو چاڵە بەفرەکەی پڕ کردووە • ئەو ئاوە پێویستی شەش مانگی قەڵاوانەکانی جێ بەجێ کردووە • لەسەر ئەوە ( برادۆست )ی‌یەکان گەشاونەوە ، بەڵام ئێرانی‌یەکان ئەمەیان زۆر پێ ناخۆش بووە • سەرداری سوپای ئێران چاری نەما ، بەڵێنی دا کە بە هێرش‌و زۆرداری قەڵاکە بگرێت • بۆیە دەسیان کردووە بە کوتانی قەڵا بە تۆپەکانیان‌و خەندەك لێدان بۆ نزیك بوونەوە لە بورجەکان • لە دوای چەند مانگێك ئازارو کوشتار ئەمجا توانی‌یان بورجێکی تەنیا هەبوو بڕووخێنن‌و بیگرن‌و شەڕکەرەکانی بکوژن • ئەم سەرکەوتنە بوو بە ڕووناکی‌و هیوا بۆ قزلباشەکان‌و مەراقیشی داوە بە قەڵاوانەکان • هەرچەندە شەڕکەرەکانی ناو قەڵا پەلاماریان داوە دەربەڕیونە دەرەوە سنگ بە سنگ لەگەڵ ئێرانی‌یەکانا شەڕیان کردووەو ئەمە زۆر جار وەها کراوە ، بەڵام ئەمجارە سەری نەگرتووە بورجەکە بۆ ئێرانی‌یەکان ماوەتەوە • لەم کاتەداو لە دوای ئەم ڕووداوە ، وەزیری گەورەی ئێرانی‌یەکان مردووە • شاە لەجێی ئەو محمد بەگی بیکدلی کردووە بە سەرداری لەشکر • ئەمجا شەڕو نەبەردی دەوری قەڵا بەتوندی دەس پێ کردووە • بە گوللە باران برجێکی تریش شپرزە کراو بە نەبەردی شەوو ڕۆژ قەڵاوانەکان هەموو کوژران • قزلباشەکان هەموو بورجە ڕووخاوەکانیان داگیر کردووە • زۆری پێ نەچوو بورجێك کە بەدەست کوڕی ئەمیرخانەوە بوو لە لایەن پیر بۆداق خانی حاکمی تەورێزەوە

زەوت کراوە • لە لایەکەوە ژمارەی زۆرو کـەمی شـەڕ کەری هەردوولا ئەوەندە زۆر بوو بـە خـەیاڵیش دەرەتـان ئـەبوو بڵێین برادۆستی‌یەکان ئەم جەنگە ئەبەنەوە • لەسەر ئەوەشا بە شەڕی شـەوو ڕۆژو نەبەردی سنگاو سنگ وگولله بارانی تۆپ‌و تفەنگ‌و لـەغـەم‌و خەندەک لێ دان ئێرانی‌یەکان ئەو بورجانەی مابوون لـە قـەلاکـەدا ئەوانەشیان ڕووخاند • بەمانە توانای خۆڕاگرتنی قەلاکە زۆر کـەم بوەتەوە ، جێگاکە زۆر تەنگەبەر بووبوو ، مەیدانی جووڵانەوە نەمابوو • لە هەموو لایەکەوە دیواری قەلاکە ڕووخابوو ، لەشکری عەجەم چووبوە ناویـەوە •

بێجگە لە مەنزلی ئەمیرخان کە قەلای ( نازین ) بوو جێگای تر بـە دەست برادۆستی‌یەکانەوە نەمابوو • ئەمجا لەوێدا دەست کرایەوە بـە شەڕ ، بەرامبەر ئەم قارەمانی‌یە سەرداری صەفەوی حەیران ماوە نەیزانیوە چی بکات • سەرەڕای ئەمە لەم کاتەدا کۆمـەکی تازە بۆ ئێرانی‌یـەکان هاتووە ، کوردەکانیش هیوایان هەر بە خواو بەگیانی بـەرزی خۆیـان بووە •

بەلام ئەمیرخان تێ فکری لەسەر شەڕ ڕۆیشتن هیچ سـوودێکی

## قەلاچۆی خێلاتی موکریان
## ( ١٠١٩ھ ١٦١٠م )

هەر لەم سەردەمی لای سەرەوەدا بە بیرێکی سـیاسی کێوی‌و قینی مەزهەبی لەلایەن حوکوومەتی شاه عەباسەوە عێلەکانی کوردی موکریـان قەلاچۆ کراوە لە ٩٩١ھ ١٥٨٣م دا •

جا لەسەر ئەمە هەر ئەوساڵە شاه عەباس بە لەشـــــكرەوە ڕووی کردووەتەوە وڵاتی موکریان ، جارێ شاه قوباد خانی خڵافاندووە • بەرەو ڕووی خان بەخۆشی دواوە هەتا قوباد بەمانە تەفرەی خواردووە • وەتـــا بە خۆیو سوارەکانیەوە چووەتە بارەگای شاه ئەوسا ئەمری بە کوشتنیان داوە • ماقووڵەکانی کورد کە ئەم نامەردی یەیان دی ، پەلاماری چەکیـان داوە تا مردن شێرانە شـــەڕیان کردووە • لـە دوای ئەوە سوپای شـاه پۆڵ پۆڵ ڕووی کردووەتە نیشتمانی موکریان ، دەســتیان کردووە بـــە قەلاچۆ کردنی ئەهالی ی بەسەزمان • بەو جۆرە کوشتارێکی زۆریان لـەو ئەهالی یە بێ دەرەتانە کردووەو ، ئافرەتو منالەکانیان یەخسیر کردووە •

شیعەکان لەدوای ڕوژێکی وەها ئەگەڕان کە لەموکریانا هیچ نەیەڵن• جا بەڕاستی خوێن خواری یەکی وەهایان کرد کە لە مێژووی ئادەمی بە شەرمەوە باس بکرێت ، بەم جۆرە تینوێتی ی خوێن خواری ی شـــــای صەفەوی ی نامەرد شکاوە •

لە دوای ئەم قەلاچۆیـە کوردستانی ئێران وەهـا سـپرزە کراوە ، حوکوومەتی شاه عەباس لەو تۆڕەیـــەدا نەیتوانیوە لە گەڵ دەوڵـــەتی عوسمانیدا لەسەر شەڕ بڕوات • لەبەر ئەوە بە ناچاری داوای ئاشـــتی ی کردووە • لە ئەنجامدا لەسەر بڕیارەکانی ســـوڵتان سـەلیم دەســتو برد ئاشتی یان پێکهێناوە • بەڵام لەبەر گیرو گرفتی بێ ئەندازەی میـــانی ئەم دوو دەوڵەتە ئاشت بوونەوەکەیان سەری نەگرتووە • بەڵکو لـــــە ( ١٠٢٤هـ ـ ١٦١٢م ) دا دیسان شەڕ داگیرساوەتەوە •

سەردارەکانی کوردی عوسمانی پێشڕەوی لەشکری ئەمجارە بوون ، هاتوونە سەر سنوورەکانو ئاژاوەیان ناوەتەوە •

وە لە هەرای ئازربایجانا زەینەڵ خان ناو سـەرۆکێکی کـــورد

سەرداری ئێرانی بریندار کردووە • ئەنجا لەشکری ( شـــاه )یان شکاندووە • لەسەر ئەوەشا شەڕ زۆر درێژەی کردووە ، گەلێك جـــار لەشکری ئێران هاتوەتە کوردستانی عوسمانیەوە • ئومەراکانی کـــورد لەتاو بەدبەختیی ئومەرای شیعەی ئێران کەوتوونە سەودای پارێزگاریی ماڵو مولکی تایبەتیی خۆیانو بڵاوەیان کردووە • لەبەر ئەوە نەیانتوانیوە لەشکرێکی ئەستوور پێکەوە بنێنو بـەرەنگاری لەشکری ئێران بوەستنو لە کوردستان دەریان کەنو تۆڵەیان لێ بکەنەوە • جا بەهۆی ئەم جیا جیا بوونەوەیان زەرەریان لێ کەوتووەو کوردستان وێران بووە • تەنانـــەت لە ڕووی ئەم بڵاو بوونەوەیان وا ڕێکەوتووە کوردو تورك بە گژ یـەکـا چوونو زۆریان لەیەك کوشتووە • لە ئەنجامی کارا هەردوولا لـــــەم ڕووەوە کورت وەستاوە ، وە لـــە ( ١٠٢٧هـ ١٦١٨م ) دا ئـــەم دوو حوکومەتە ئەمجارەش ئاشتیان بوەتەوە • حوکوومەتی ئێران لەســـەر ئەم هەموو خراپانەدا کە دەربارەی کوردەکانی کردووە ، کەچی باغـەی

هیچی تریان پێ نەکراوە • لەسەر ئەوە سوپای ئێرانیش لەو ناوەدا ئیشو کاری نەماوەو گەڕاوەتەوە •

لە دوای مردنی شاە عەباس لە ١٣٠٩هـ ١٦٢٩م دا شـەڕی ئێرانو عوسمانیەکان دووبارە دەستی پێ کردوەتەوە • ســـەرداری ئەعظەمی عوسمانی خوسرەو پاشای بەناوبانگ بۆ سەندنەوەی بەغداد بە لەشکرەوە هاتوەتە مووسڵ ، لەوێ ئومەراکانی کوردی لە خۆی کۆ کردوەتەوە لـە سازمانێکی گشتیدا • خوسرەو پاشاو ئومەرای کورد وایان لێ بـاش بووە لە پێش بەغداد چوونا جارێ کوردەکانی هەریمی ئەردەڵان بخەنە ژێـ

لە عەجەمەکانی سەندوەتەوە • سەردارە کوردەکانی ناوچەی ( عەمادیە ، هەولێر ، بادینان ، کەرکووك ، وە شارەزوور ) بە لەشکریانەوە لــــەم فەتحەدا لە خزمەت سولتانی عوسمانیدا بوون‌و بۆ سەرکەوتنی پادشــــاه کیانی خۆیان بەخت کردووە • یەعنی بە سایەی خۆ بەکوشـــت دانی کوردەکان بەغداد گیراوەتەوە • لــە دوای ئەمــە ئــەنجا هــەردوو حوکومەتەکە ئاشت بوونەتەوەو ، تەنانەت ئەمجارە سنوورەکانیش ساغ کراونەتەوە ، وە تا سەدەی نۆزدەیەم ئیتر نەگۆڕاوە • وە بـەم کـــەین‌و بەینە کوردستانی خوارووی ( زاغرۆس )ەکان بۆ دەوڵەتی عوسمانی یەك لایی بوەتەوە • جا تا ئەم مێژووە ناوچەکانی ( بتلیس ، عــەمــادیــە ، حەکاری ) هەریەکە بەجیا لە حوکمی سەردارێکی کوردا ســــەربەخۆ بووە ، بەڵام لە ( ١٠٧٠هـ ١٦٦٠م ) بەدواوە ئەم وڵاتانە بە مسکێنایەتی‌ی بووەتە موستەعمەرەی دەوڵەتی عوسمانی •

بەڕاستی ئەم هەرا دوورو درێژەی دەوڵــەتی عوســــمانی‌و سەفەوی‌یەکان ڕووداوێکی گرنگە لە مێژووی ڕۆژهـــەڵاتی نزیکدا • نرخی سیاسی‌ی کوردو کوردستانی بە تەواوی بۆ نەتەوەی کورد ســـاغ کردوەتەوە • بەڵام کوردەکان ئەمجارەش لەم هەڵە باشـــانەی مێژوو پەندیان وەر نەگرتووە • نەیان توانیوەو نەیانزانیوە کۆمەڵێکی یەك دڵ‌و یەك سەرۆك پێکەوە بنێن‌و دابمەزرێنن کە بەرامبەر لافاوی بێگانــە وەك کێوپارە ڕابوەستێ•ئەو مەینەتانەی کوردی لەم خۆ کردنەوەیە دوا خستووە هەمووسان ئەیزانین فەقیری‌و نادانی‌و ناکۆکی بووە • نەبوونی تەربیــەی سیاسی‌و تەفرە خواردن بە هەڵاتی کاربەدەستان کوردی تووشی نوغرۆی خۆ خۆری کردووە • لــە باتی‌ی بـــاڵ بـدەنــە بـــاڵ یـــەك بە دڵســـۆزی هـــەوڵی ڕزگـــاربـوونی خۆیــــان نیشتمانــەکەیان بدەن ، کـــەچی بە پێچـــەوانـــەی ئـــەوەوە هەمیشــــە بــــە

گژ یەکا چوون وەیا شمشێریان لەیەك سووە • لەبەر ئەوە ئەو دەوڵەتانەی پێکیان هێناوە هەمووی لەناو چووە • شەرەفخانی بیتلیسی بە سەکالاکایا دیارە دەرکی بەم کوێرەوەری یانە کردووەو ڕێگای باشی پیشان کوردەکان داوەو پێی وتوون کە ئەبێ یەکیەتی یەکی سیاسی پێکەوە بنێن و لە حوکوومەتەکانیان دەوڵەتێکی یەك پارە ( فەدەراسیۆن ) دروست بکەن و شاری جزیرەش بکەن بە پایتەختی ئەم دەوڵەتە ، یەعنی ئەم وەصیەتانەی هەموو کردووە • بەڵام داخی داخانە فیتی حاکمەکانی ناوخۆ کە پەرش و بڵاوی کردوونەوەو نەیهێشتووە ئەم پەندە جوانانە بچێتە مێشکی سەردارەکانی کوردەوە ، بەڵکو هەر لەسەر شوێنی کۆن ڕۆیشتوون و بەرە بەرە گشتیان لەناو چوون •

باشای زاوای کرد بە والی دیاربەکر • ئەمجا ئەم پیاوە دڵ ڕەقە بووەتە ملوزمی سەربەخۆیی ئەمارەتەکانی کورد • بە هەموو جۆرێك شەڕی پێ فرۆشتوون ، لە ناوی بردوون ، تەرە وتالانی کردوون • وڵاتەکانی لەدەست سەندوون • ئومەرای ( عەمادیەو بیتلیس و شووشیك )و جێگایانی تری لە ناو بردووە • ئەم کابرایە ٢٠ ساڵ زیاتر لە تەك کوردا بە خرابە کردن ڕای بواردووە•سەیر ئەوەیە کە دووبەتی ئەم خراپانەی خۆ بە خۆ بە کوردەکان ئەکرد • تاقم تاقم لەگەڵ خۆیا ئەی بردن و بە گژ یەکیا ئەکردن، تاکو بەم سیاسەتە لە ( ١٠٧٠هـ ١٦٥٩م ) دا کوردستانی بەتەواوی بچووك

( تاران ) ویستوویانە پایتەختەکەش بگرنو حوکوومەتی ئێران بەتەواوی لەناو بەرن •

لەم لاوە ئەشرەف خانی ئەفغانی بە سوپای خویەوە هاتووە بە پیر ئەم سوپا سەرکەوتووەی عوسمانی‌یەوە • بە ناوی سوننی‌بەتی‌ی ئەفغانەکانەوە، بە چاوو ڕا سەردارانی کوردی سەربەعوسمانی‌ی تەفرەداوەو بە هیوای مەسنەدو ڕوتبەو نیشانو خەڵاتی گەورە ئەشرەف خان ئەمانەی هەڵخەڵەتاندووەو لە مەیدانی شەڕ دووری خستوونەوە ، وەك لە باسی بابانا وتمان ئەوەبوو ( خانە پاشا )ی بابان لەمەیدانی شەڕا لە عوسمانی‌یەکان جیا بوەوە • بەوە لەشکری عوسمانی شکاوەو زۆریان لێ کوژراوەو ئەوی دەرچووە گەڕاوەتەوە بەغداد • لە دوای ئەم ڕووداوانە هەردوو حوکوومەتی عوسمانی‌و ئەفغان ئەمجا لای ئاشتی‌یان گرتووە • لە بریتی ئەوە کە حوکوومەتی عوسمانی شاهێتی‌ی ئێرانی بۆ ئەشرەفخان بەڵێن داوە ، حوکوومەتی ئەفغانیش وڵاتی کرماشانو هەمەدانو ئەردەڵانو لوڕستانی داوە بە حوکوومەتی عوسمانی • جا بەو جۆرە لە بەینی هەردوولادا ( پەیمان ) بەستراوە •

جا بێینەوە سەرەوکاری کوردەکان • بەشی ئەمانیش لەشەرمەزاری‌و بێ بەهرەیەتی تەربی‌یەی سیاسی زیاتر هیچیان بۆ نەماوەتەوە •

## ٢ - کورد لە سەردەمی نادر شاەدا (١٧٣٠م)

نادر شاە لە مرۆڤە هەڵکەوتووەکانی مێژووە • لەدوایی سەدەی ١٧ هەمی زاینیدا لە سەرزەمینی ئێران لە عێلی ئەفشار پەیدا بووە • لە هەرزەکاریدا جارێ بووەتە شوان • لەدوایدا بووەتە جەردەو هاتوەتە کایەوەو خۆی ناوناوە ( تەهماسب قولی ) • لە بەر ئەوەی ئێرانی‌یەکان حەزیان لە حوکمی ئومەرای ئەفغان نەئەکرد • تەهماسب قولی زۆر بە

وریایی و یستوویەتی لەم دژوێنی خەڵکە قازانج بکاتو شوێنی خۆی لـەـ ئێرانا بەرز بکاتەوە • لەبەر ئەوە بە داوای هێنانەوە کایەی مافی خانـەدانی سەفەوی یەکانەوە هاتوەتە مەیدان • جا بەو هۆیەوە شاهزادە ( تەهماسـبی دووەم )ی کردووە بە شاهی ئێران لە ١١٤٢هـ ١٧٢٩م دا •

( نادر قولی ) دوو جار ئەشرەف خانی ئەفغانی لەشەڕا شکاندووەو لە دواییشا لە شیراز گرتوویەو کوشتوویە • بەم جۆرە حوکوومەتی ئێرانی سەربەئەفغانی لەناو بردو حوکوومەتی سەفەوی بەناو ژیـانـدەوە • بـەڵام ئەمە ڕاست نەبوە ، بەڵکو بەڕاستی حوکوومەتی ( نادری ) پەیدا بووە •

لە پەیدا بوونی شتی تازەی مێژوویی ڕۆژهەڵاتی نزیکا کوردەکـان هەمیشە لە ئارادا بوونو بەخوێنی ئـەمـان ـ ئەو کارەساتە مێژوویی یانـە هاتووەتە بەرهەم • لە حوکوومەتی نادریشا هەمان شت ڕووی داوە ، یەعنی بە زۆری بازووی کوردان بناغەی ئەم حوکوومەتـەش دانراوە • تیپی هەرە ئازاو بەکاری لەشکری نادرشاه ڕۆڵەی کوردو ئەفشار بووە •

لە دوای ئەمە نادر قولی کە لە حوکوومەتی شاە تەهماسـبی دووەمدا هەر خۆی حیساب بوو ـ داوای وڵاتەکانی خوارووی ئێرانی کرد کـە ئەشرەف خان دابووی بە حوکوومەتی عوسمانی ، بۆیە لـەـنـاکاو لای هـەمـەداندا دای بەسـەر لەشـکری عوسمانیداو شـکاندی وە تا لای خانەقین بەشوێنیەوە بووە • لەسەر ئەمە لەمیانی هەردوو دەوڵەتدا ئـاگری شەڕ لە ١١٤٠هـ ١٧٣١م دا داگیرساوەو زۆر درێژەی کردووە • گـەلێ جار نادر قولی بە لەشکری گرانەوە هاتوەتە سـەر عێراق ( بەغـداد )و ( موسڵ )ی پێچاوەو لەگەڵ لەشکری عوسمانی لە گەلێك جێگادا شەڕی کردووە • جارو بار شکاوەو گەڕاوەتەوە ئێران ، بەڵام دیـسـان لەگەڵ لەشکری قورسا هاتوەتەوە عێراقی شێلاوە • لەم شەڕانەدا کوردسـتـان تووشی ماڵ وێرانی بووە • لەبـەر دڵ ڕەقیو زۆرداریو زەلالـەتیی

( نادر قولی ) سەردارانی کورد لێی ڕەنجاون • لەبەر ئەوە هەتا توانیویانە لای عوسمانی‌یەکانیان گرتووە •

لەسەر ئەمە نادر قولی‌یش بووەتە دوژمنی کورد • نادر شاه ئەم جۆرە کوردانەی لەدوای تالان کردن دەربەدەر کردووە وەیا کوشتوونی • بەم بۆنەیەوە گەلێك خێلی کورد لە ڕۆژاوای ئێرانەوە بۆ ڕۆژهەلات وەیا جەنووبی ئێران دەربەدەر کراوە • ئەم شەڕە قورسانە هەتا سالی (١١٤٧هـ ١٧٣٤م ) درێژەی کردووە • ئەوسا لەسەر مەرجی ئاشتی پەیمانی ( سولتان مرادی چوارەم )ی پادشای عوسمانی هەردوولا ئاشت بوونەتەوە، وە سنووریان وەك جاران داناوەتەوە ، یەعنی ڕیزە چیای زاغرۆس بووەتەوە بە سنووری هەردوو دەولەتەکە •

لە ١٧٣٨ی زایینی‌دا تەهماسب شای دووەم مردووە • نادر قولی خان کوڕێکی بچووکی ئەم تاماسب شایەی بەناوی شاه عەباسی سێیەم خستوەتە سەر تەخت • بەلام زۆر زوو ئەم منالەی دەرکردووەو خۆی داناوە بە شاه یەعنی بووەتە ( نادر شاه ) •

لە سالی ١١٥٤هـ ١٧٤١م‌دا شەڕی دووبەرەکی ئێران و عوسمانی دەستی پێ کردووەتەوە•نادرشاه هاتەوە سەر عێراق•بە لەشکرێکی گەورەوە بەغدادی پێچاوە ، لەشکرێکی گەورە تریشی بەسەر شارەزوورو کەرکووکا ناردوەتە سەر مووسل و ئەویشی پێچاوە • ئەم زرمە زلێ و هەرایە دیسان چەند سالێك درێژەی کردووە • بەلام بە ئەنجام هەر کوردستان پەرێشان بووە ، چونکە لەشکری ئێران لەم جەنگانەدا سەرنەکەوتووە گەڕاوەتەوە دواوەو ئەم شکستانەشی لە چاوی کوردەکانەوە دیوە • بۆیە لە ١٧٤٧ی زایینی‌دا بۆ تەمی کردنی ئەم کوردانە بۆ خۆراسان دەربەدەری کردبوون نادر شاه بە لەشکرەوە چووەتە سەریان • بەرەکەت‌دا بەم ئاواتە پسەی نەگەیشتووە ، لە ڕێگا کوژراوە ••

له دوای نەمانی نادرشاه ئیران شیواوه ، هەلێکی تازەی سەربەخۆیی بۆ کورد پەیدا بوەتەوه • بەڕاستی ئەم هەلــه زۆر بەجێو بەڕێ بووه ، چونکه له ئیرانا حوکوومەت نەبوەو حوکوومەتی عوسمانی‌یش لەبــەر تەکانی ڕووسەکان‌دا زۆر بێ تاقــەت بووه • هۆشی یــەك گــرتن‌و بزووتنەوەیەکی بەجێ لەم کاتەدا بخرایەته کار ، بێ گومان یــەکیــەتی سیاسی میللەتی کورد دروست ئەبوو •

بەڕاستی کوردی ئیران لەم کاتەدا کەوتووەتە تەقەلاو (حوکوومەتی زەند ) له ١٧٥٣ی زاییندا دامەزراوه • ئەگەر ئەم دەولەتەو حوکوومەتی سۆران‌و ئەمارەتی بابان له کوردستانی عوسمانیدا یەکدگیر ببوایەو ئــەم سەر حوکوومەته سنووری یەکتری‌یان دانایه به بناغەو بۆ پاراســتنی کەیانی نەتەوایەتی دەستیان بدایەته دەستی یەك‌و ( کونفەدراسیۆن )یـکی جومهووری‌یان پێکەوه بنایه هیچ نەتەوەیەکی تر نەی ئەتوانی بەرامبەریان بوەستێ • بەلام سروشت له کوردستانا تالعی هاوڕێی عەقل‌و تــەدبــیر دروست نەکردووه • لەبەر ئەوه ئەم سێ حوکوومەتــه هەریەکه لــه خاکەکەی خۆیا گیرۆدەی فیتنەو ناکۆکی‌ی ناوخۆی بووەو نەی پەرژاوەته سەر بەرژەوەندی گشتی‌ی حوکوومەتەکانی تر ، بەلکو ئەمه هــەر بــه خەیالێشیانا نەهاتووه • که حوکوومەتی کوردی زەند لەناو چوو ، وه ئاغا محمد خانی قاجار هەموو ئیرانی خستە ژێر حوکمی خۆیــەوه بۆ کــز کردنی دەسەلاتی کورد ئەم ئاغا محمد خانه زۆر هــەولی داوه ، جــارێ تیرەی زەندی لەناو بردووه•ئەنجا تیره کوردەکانی تریشی بەم لاو بەو لای ئیرانا دەربەدەر کردووەو حوکوومەتی قاجار بۆ دەسەلات پەیدا کردن له تێنس‌و کاری ئەمارەتەکانی بابان‌و سۆرانا له گەل حوکوومەتی عوسمانیدا گەلێك شەڕی کردووەو به هۆی ئەمەوه کوردستان وەك هەموو جارەکانی تر ئــەمجــارەش مال وێرانی‌ی بێ بڕاوه • عێلاتی ( شــوکاك ) لــەم سەردەمەدا ناوی پەیدا کردووه •

## ٣ - کورد : لە ١٥٠ ساڵی دواییدا
## ١٧٥٠ - ١٩٠٠ی زایینی

کورد لەم ١٥٠ ساڵی دوایی‌یەدا بیری سەربەخۆیی‌و دەماری نەتەوایەتی‌ی زۆر تەنك بووە • لەوەیشی هیچ کاتێك بەم جۆرە کزو بێ دەسەڵات نەکراوە • گومان نی‌یە ئەم نوشوستە لە ڕووی ناکۆکی‌و بەربەرەکانی سەردارەکانیانەوە بە سەریان هاتووە • ئەوە حوکومەتە دەسەڵاتدارەکانی بەسەرا زاڵ کردوون کە عوسمانی‌و ئێرانی‌یەکانن • لە کوردستانی عێراقدا ئەم کاتەی لای سەروو دەوری فەرمانڕەوایی ئەمارەتی سۆران‌و بابانەو لە ئێرانیشا سەردەمی حوکومەتی زەندە کە وا باسمان کرد • بێینەوە سەر کوردستانی ڕۆژاوا لەوێشا تەقەلای عێلانی میللی کە سەرۆکەکانیان بۆ ئازادی‌و سەربەخۆیی لە ناوچەی ئۆرفەو ماردین دا کردوویانە •

دیارە بەهۆی هەڵسووڕانی ئەمیرەکانی بابانەوە هاتو چۆی لەشکری ئێران‌و عوسمانی‌یەکان بۆ سەر یەکتری کوردستانی عێراقی بێزاوە • خەڵکی کوردستانی ڕۆژاوا لەناوچەی شاخستانی ماردین‌و توودی عابدین‌دا لە وێنەی کۆمەڵە عەشیرەتیدا بوو ، وە بەشی زۆری ئەهالی‌یەکەش کورد بووە • ئەمانە تێکڕا ناویان عەشایری ( میللی ) بووە کۆگایەکی قورس‌و دەسەڵاتدار بوو هەر پێویستی بە سەردارێکی ژیرو نەبەز بوو • لە ١٢٠٠هـ ١٧٨٥ دا ئەم سەردارەشیان بۆ پەیدا بووە ناوی تەیموور پاشا بووە •

ئەم پاشایە خانەدان زادەیەکی بەناوبانگی کورد بووە • لە ئەستەمووڵ خوێندویەو لەوێ گەورە بووە • سەردەمێك هاتوەتە ناو

عەشایری میللی‌و بووەتە سەرداریان • لەشکرێکی ژێر کەلەی لە کوڕە کوڕەی کۆمارەکان پێکەوە ناوەو ئیش‌و کاری ئەو ناوەی خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە • بەڵام ئەمە مەترسی والی‌یەکانی تورکی ئەو ناوەی زیاد کردوە لەسەر ئەوە خێرا کەوتنە خۆیان لە هەموو لایەکەوە بە لەشکرەوە کە بەشی زۆری ئەم لەشکرەش کورد بوو لە ۱۲۰۶ھ – ۱۷۹۱م دا هاتوونە سەری وە شەڕیان لەگەڵا کردووەو شکاندوویانە •

سلێمان پاشای والی بەغداد کە سەرداری گشتی‌ی ئەم لەشکرانە بوو لە دوای ئەم سەرکەوتنە عەشایرە میللی‌یەکانی زۆر بەسەختی تەمێ کردووەو گەلێکی لە ماقووڵەکانیان کوشتووە •

بناغەی ئەم هەرایانە لەبەر خراپی‌ی جۆری ئیدارەی حوکوومەتی عوسمانی‌یەوە قەومابوو چونکە ناوچەی ماردین کە لە بن دەستی دیاربەکرا بوو ، بەو دووری‌یە بە بەغداوە بەسترابوو ، زۆرداری‌و بەرتیل خۆری لە ئەندازە بەدەر بوو • بێ ئیدارەیی‌و پاشا گەردانی ئارامی لەو ناوەدا نەهێشتبوو • حوکوومەت بە سایەی یارمەتی‌ی عەشایرەکانەوە توانیویە یاخی گەرێك تەمێ بكات •

لە دوای سێ‌ە ساڵ حوکوومەتی عوسمانی تەیموور پاشای بەخشی • بەڵام نەیان ناردەوە ئەو ناوە جارێکی تر • لەم سەردەمەدا کە هەرای محمد علی پاشای خدێوی میصر بە دەستەوە بوو ئەگونجا شتێکی تازە بکرێ • کەچی هیچیان بۆ نەکراوە • چونکە محمد علی پاشای خدێو کە بەرەگەز کوردە لە محمد پاشا کوێرەی سۆران داوای کرد کە پەیمانێك بەستن‌و خاکی عوسمانی لەناو خۆیانا دابەش بکەن • لەسەر ئەوە خەریك بوون شتێك بکەن • بەڵام ئینگلیزو فەرانسزەکان ئەمەیان بیست نەیانهێشت سەر بگرێت • عێلی ( حەیدەرانلی )ی کورد لەم سەردەمەدا لەناو زەبرو

زۆری حوکوومەتی ئێران نیشتمانی خۆیان بەجێ هێشتووە هاتوونە ناوچەی مووش لە ئەنەدۆڵ • ئەمە بووەتە هۆی ناخۆش سیاسی لە میانی حوکوومەتی ئێران‌و عوسمانیدا • یەکێتی‌ی فەرمانڕەوای ئێران لەم سەردەمەدا بەتەواوی شڵەقاوە • حاکمی ناوچەکانی ئێران لەبەر نەپرسینەوەی حوکوومەت وەك سەربەخۆیان لێ هاتووە بۆ دەست درێژی کردن لە سنووری عوسمانیدا • ئەمانە لەبەر بێ ئاگاداری‌ی ( تاران ) هەمیشە لە یانوو ئەگەڕان بە لەشکرەوە ئەهاتنە خاکی کوردستانی عوسمانی‌و قەڵاکانی سەر سنووریان داگیر ئەکردو ماڵ‌و ئاژاڵی ئەهالی‌یان بە تالآن ئەبرد • تومەز شەڕە کوشندەکەی ڕووس کە عوسمانی‌یەکانی تیا شکابوو و زۆرداری کاربەدەستان حوکوومەتی عوسمانی‌ی ئەوەندە شپرزە کردبوو بەرامبەر دەست درێژی‌یەکانی ئێران هیچی پێ نەمابوو ( ١٨٥٠م ) • جا لەم کاتی کزێتی‌ی حوکوومەتی عوسمانی‌یەدا کوردەکان بۆ سەندنەوەی ئازادی‌ی جارانیان تەقەلایان داوە • هەر وەکو زاناکانی ڕۆژاوا وتوویانە لە بەینی هەراو هووریای دوو سەدەی دواییدا هەندێك لە ئەمارەتەکانی کورد چەند جارێك بە هۆشێکی میللی‌و بە هیوای سەربەخۆیی هەستاونە پێ وەك لای خوارەوە بە کورتی باسیان ئەکەین •

## بە کورتی تەقەلای دوایی کوردەکان

لە سەدەی نۆزدەهەمەوە کیشوەرەکانی عوسمانی زۆر پەرێشان بوون • حوکوومەت نەی ئەتوانی دانیشتوانی وڵاتەکان لە دەست درێژی‌ی دەرەبەگ‌و ستەمکارو جەردەو سەردارە زۆردارەکان بپارێزێت • جا بۆ ئەوەی لەدەست ئەم عوسمانی‌یانە ڕزگار بن گەلێك شۆڕش پەیدا بووە لە لە وڵاتی عوسمانیدا • یەکێ لەوانە شۆڕشەکەی محمد علی گەورەیە لە میسر • دەنگی ئەم شۆڕشە ڕزگاری‌یانە بە هەموو لایەکی وڵاتەکەدا بڵاو

بوەتەوە • لەبەر ئەوە سەردارەکانی کوردیش گەلێك شۆڕشی نیشتمان پەروەرانەیان کردووە[1] لە کوردستانەکاندا تاکو لە حوکمی عوسمانیەکان ڕزگار بن • لە وڵاتی ئێرانا حاڵ بەد تر بووە وەك لە عوسمانی • بۆیە لەوێشا کوردەکان بۆ سەربەخۆیی گەلێك شۆڕشیان بەرپا کردووە • ئەم شۆڕشانە لە سەرەتای چەرخی نۆزدەهەمەوە دەست پێ ئەکا تا ئیستا نەپساوەتەوە • ئەوا لای خوارەوە گرنگەکانیان بە کورتی ئەگێڕینەوە •

( بەکر بەگ )ی کوڕی سلێمان بەبە لە ١٧١٦ی زاینیدا بۆ ڕزگار بوونی کورد لە چنگ بێگانە بەرامبەر بە حوکوومەتی عوسمانی هەڵساوە• بەڵام بۆی نەچووەتە سەر کوژرا • لە بابانەکان سلێمان پاشای خالد پاشا لە ١٧١٦ی زاینیدا بە هیوای ئەوە سەربەخۆ بژی بە لەشکرەوە چووەتە سەر بەغداد • بەڵام لە قەشقە ( جەبەل حەمرین ) شکاو گەڕایەوە دواوە• لە سەر ئەوەشا هەتا مردن سەربەخۆ ژیاوە •

( عوسمان پاشا ) کوڕی مەحموود پاشای بەبەش لەگەڵ والی‌ی بەصرەدا پەیمانی کردووە کە هەریەکە لە جێی خۆیا بێتە سەربەخۆ • بەڵام دەنگەکە ئاشکرا بوو ، وە تەدبیرەکەیان بۆ نەچووەتە سەر ( ١٧٨٩م ) •

(ئەوڕەحمان پاشای بابان) ئەم ئەمیری کوردە لە ١٧٨٨ی زاینی‌یەوە ٢٤ ساڵێك بچڕ بچڕ حاکمی بەبە بووە ، بۆ ئەوەی سەربەخۆیی‌و حوکوومەتێکی گەورەی کوردی پێکەوە بنێ • سێ جار لەگەڵ سوپای بەغدادا شەڕی کردووە ، ڕووداوەکان وا ئەنوێنن کە لەبەر نالەباری‌ی خزمەکانی‌و چەکی زۆرو هێزی زیادی دوژمنەکەی دەرەقەت نەهاتووە •

---

(١) ئەم داستانە لە کتێبی ( مێژووی نوێ )ی وەزارەتی زانیاری‌ی عێراق وەرگێراوە ، کە بۆ قوتابی‌یانی پۆلی شەشەمی مەکتەبەکان لە چاپی داوە لە ١٩٦٠ دا • لاپەڕە ١٤٥ تا ١٦٥ •

هەرچەند کە یەکەمجار شکا هیوای نەبڕی • دوو جاری تریش پەلاماری دانەوە ، بەڵام بە مراد نەگەیشت نەیتوانی دەوڵەتێکی بەهێز پێکەوە بنێ •

**تەقەللای حەمەد پاشای ڕەواندزی :**

ئەم ئەمیرە بەرزە کە ناوبانگی لەناو کوردەکانا بەمیرە کوێـــرە بـڵاو بووەتەوە لە ١٨٢٦ی زایینی دا بووەتە حاکمی سۆران ، وەکو لە باســـە تایبەتی‌یەکەیا درێژمان کردوەتەوە ، ئەم ئەمیرە بەرزە بە بیرێــکی میللی زیندوو ویستوویەتی حوکوومەتێکی زۆر گەورەی کوردی سەربـەخـۆ پێکەوە بنێ • جا بەم بیرەوە هەر لە ( زێی کۆیە )وە تا ناوچەی ماردیــن هەموو وڵاتانی کوردی خســـــتە ژێر حوکمی خۆیـــەوە ، ئەوە بوو حوکوومەتی عوسمانی لەم دەسەڵاتە ترسی پەیدا کردو لەشـــــکرێکی گەورەی ناردە سەر میری سۆران خەریکی تەدبیری شکاندنی ئەم ســوپـا قورسە بوو • ئەوەبوو بەناوی دیانەتەوە بە فێڵ لەشـــــکرەکەیان لێ هەڵگێڕایەوەو ئەو هەموو ڕەنجەیان بە باد دا •

**شۆڕشی ئیسماعیل پاشای بادینان :**

ئەم ئەمیری کوردەش بۆ ئازادی زۆر هەوڵی داوەو لەگەڵ لەشکری والی مووسڵدا گەلێ شەڕی کردووە گەلێ جار قەڵاکەی ســـەندوەتەوە • پایتەختی بوو پێنجاویانەو دەرباز بووە • بەڵام قەڵاکەی ســـەندوەتەوە • ئەمجا خۆی بە لەشکری بادینانەوە چووەتە سەر مووسڵ ، دەورو پشــتی شارەکەی تاڵان کردووە • دوایی جار لە ١٨٤٣ی زایینیدا لە مووسڵەوە لەشکرێکی گەورە چووەتە سەر ئامێدی • لە دوای پێنجان دوشمن قەڵاکەی گرتووەو ئیسماعیل پاشا بە دیل گیراوەو لە بەندیخانەی بەغدادا ماوەتەوە هەتا مردووە • بەم جۆرە تەقەلاکانی ئەمیش بە سەر چووە کە ئەبوایـــە ئەم سەردارانە وەك برا یەکیان بگرتایە نەك تاکو تووك لەناو چوونایە •

**شۆڕشی بەدرخانی‌یەکان :**

بەیدا بوونی ئەمیر بەدرخان‌و مەبەستەکانی : لە ساڵی **١٨١٢** دا ئەمیر بەدرخان بەڕێوە بردنی ئەمارەتی بۆتانی گرتووەتە دەست • ئەم ئەمارەتـە ئەمارەتێکی کۆنی بچووك بوو لە دەوڵەتی عوسمانیدا • بەڵام بەڕێوە بردنی ناوخۆ بە دەست سەردارەکانی ناو خۆیانەوە بووە • ئەمیرەکان لە شـاری جزیرە دائەنیشتن لە باکوری ڕۆژاوای زاخۆ لە تورکیای ئێسـتەدا • میر بەدرخان ئەیویست ئەمارەتەکەی گەورە بکاو دەسـەڵاتی بۆگەنی عوسمانی لەناو بەرێت ، نەك هەر لە ئەمارەتەکەی خۆیدا بەڵکو لە هەموو کوردستانا • بۆ گەیشتن بەم ئامانجە یەکەم هەنگاوی ئـەوە بوو لـە پایتەختەکەیا کارگەیەکی چەك‌و کەرەستەی جەنگ دروسـت بکات • دووەم هەنگاوی ئەوە بوو هەموو ئەمارەتە کوردەکان بانگ بکات بۆ یەك گرتنێکی گشتی‌ی وڵاتی کورد ، تاوەکو لە چنگ فەرمانڕەوا بۆگەنەکانی عوسمانی ڕزگار بن • بۆ ئەم مەبەستە هەندێ لە سەردارانی گـەورەی کوردو زانایانی ئایینی‌یش ئەم بیری نەتەوایەتی‌یەیان پەسەند کردبوو •

ئەمیر بەدرخان دەستی کرد بە تارەکات کردن • بەڵام بە هانـدانی کاربەدەستانی تورك نەستووری‌یەکانیان لێ یاخی کـرد • بـەدرخـان ئەمانەی تەمێ کرد • حوکوومەتی عوسمانی کە چاوی بەمە کەوت ترسا • لە لایەکی تریشەوە ئەورووپایی‌یەکان لە سەر تەمێ کردنی نەستوری‌یەکان هاتنە جواب‌و حوکوومەتی ئەستەمووڵیان تەنگەتاو کرد •

ئەمیر بەدرخان جاڕی سەربەخۆیی ئەدات : عوسمانی‌یەکان کە کار گەیشتە ئەم پلەیانەو لەبیری ئەمیر بەدرخانیش گەیشتن ، سوپایەکیان نارده سەر جزیرە کە لە ناوی بەرن ئەمیر بەسوپا بچکۆلە ڕێك‌و پێکەکەی خۆی توانی ئەم سوپای عوسمانی‌یە بشکێنێ • دوای ئەوە جاڕی سـەربەخۆیی

خۆی‌و جیابوونەوەی لە عوسمانی دا • بەناوی خۆیـــەوە پارەی کوردی دەرکرد • لە دیویکیا نووسرابوو ( ئەمیر بەدرخـــانی بۆتـــان ) وە لـــە دیوەکەی تریا نووسرابوو ( سالی ١٢٥٨ هجری ) کە ڕیکەوتی ١٨٤٢ی زایینی‌یە • لە دوای ئەوە دەسەلاتی‌و هیزی بلاو بوەوە لـە باکووردا تـا ( دیاربەکر ) وە لە خۆرهەلاتا تا ( رضائیە ) ، یەعنی ( ورمێ ) لە ئیرانا • وە لە باشووردا هەتا نزیك شاری مووسل دەسەلاتی ڕۆیشتبوو •

**عوسمانی‌یەکان شۆڕشەکەی لەناو ئەبەن :**

کە عوسمانی‌یەکان تێ گەیشتن دەولەتـــەکـــەیان کەوتووەتـــە مەترسی‌یەکی سەختەوە ، لە ڕووی دەسەلات زۆری‌ی بەدرخانی‌یـەکان، هیزیکی زۆرو پڕ چەکیان نارده سەریان • میر بەدرخان ئازایانە شـــەڕی لەگەلا کردن ، بەلام چاری نەکردن • لەبەر ئەوە خۆی کیشـــــایەوە جزیرەی پایتەختی‌و لەوی‌یشەوە چووە قەلایەکی زۆر سەختی ئەو ناوە • شیرانە هەشت مانگ بەربەرەکانی ئـەو لەشکرەی کرد کە دەقات لـــە لەشکرەکەی خۆی زیاتر بوو • دوای ئەمەش کە خواردن‌و تفاقیان نەمـا بێ ئەوەی هیوا ببرێ لە قەلاکە هاتە دەرەوەو لە گەل چەند سەرداریکا خۆیان دا بە سوپای عوسمانی‌یەکانا کە دەوریان گرتبوون • لە ئەنجامـــا خۆی‌و دوو کوڕی بە دیل گیران • وە لە ســـالی ١٨٤٨م دا نیرانـــە ئەستەموول پایتەختی دەولەتی عوسمانی • بەم ڕەنگە ئـەمیر بـەدرخـــان نەگەیشت بە ئاواتە پیرۆزەکەی کە ڕزگار کردنی نەتەوەی کورد بوو لـــە دەست عوسمانی‌یەکان • عوسمانی‌یەکان ئەم سەرکەوتنەیان زۆر لا خۆش بووە • تەنانەت بەم بۆنەیەوە ( نیشانی شەڕی کوردستان )یان بۆ یادگار دا هیناوە •

**کوڕەکانی بەدرخان لەسەر خەباتی باوکیان ئەڕۆن بۆ سەربەخۆی کوردستان :**

لەدوای ئەمە بەدرخانی‌یەکان تا شەڕی تورکو ڕووس کە سالی ١٨٧٧م بە بێ دەنگ مان • بەلام کە شەڕەکە هەلگیرسا کوڕانی بەدرخان لەسەر داوای حوکوومەتی عوسمانی بە ناوی ( مجاهد )ی کورد چوون بۆ ئەم شەڕە • لەسەر ئەوەشا ئەمانە چاوەڕوانی هەلکەوت بوون • ئەگەر ڕیکەوت مەرامەکەی باوکیان زیندوو بکەنەوە • لەبەر ئەوە بەدزی‌یەوە خۆیان گەیاندە جزیرە ، لەوێ جاڕی سەربەخۆیی‌یان داو کوڕە گەورەکەی بەدرخان ( عوسمان پاشا ) کرا بە ئەمیرو بەناوی ئەوەوە خوتبە خوێندرایەوە • ئەمجا دەسەلاتیان بەو ناوچەیەدا بلاو بوەتەوە تا ( جۆلەمێرگ )و ( عەمادیە )و ( ماردین ) حوکمیان ئەڕۆیشت •

لەسەر ئەوە چەند جارێك عوسمانی‌یەکان لەشکریان ناردوونە سەر • بەلام بەدرخانی‌یەکان سەرکەوتن • ئەم شکستانە سولتان حەمیدی خستە مەترسی‌یەوە ، لە ناوا سیاسەتی گۆڕی • بەفێل لای ئاشتی‌ی گرت هەموو بەدرخانی‌یەکانی بەرداو پیاوی نارده لای ئەمیر عوسمانو پێی وت کە بەبێ خوێن ڕشتن ئامادەیە گشت داواکانی کورد بە ئاشتی قبوول بکاتو خزمەکانیشیان لە ئەستەمووڵ بەرەللا کران • جا ئەم قسانەیان بەڕاست دەر خست • ئەمیر عوسمانو دەستەو دایرەکەی بەم هەلاتانە بڕوایان کردو لەگەل تورکەکان کەوتنە گفتوگۆ • لە ڕواڵەتا حوکوومەتی عوسمانی لەبابەت ئیمتیازاتی ( کوردستان )دوە سووك هەلسووڕا • تومەز ئەمانە بۆ دلنیایی بەدرخانی‌یەکان بوو • لەپڕ ڕۆژێك لە کاتی قسەکردنا تورکەکان هەلاتنە سەر ئەمیر عوسمانو براکەی ، هەردوکیان گرتن ناردیانن بۆ ئەستەمووڵ لەوێ دایان نان •

بەدرخانی‌یەکان لە دوای ئەمە جارێکی تریش تەقەلایان داوە لە

سالی ( ١٨٨٩م ) دا کوڕانی بەدرخان ئەمین عالی بەگ‌و مەدحەت بەگ تێ هەڵچوونەوە • لە ئەستەمووڵەوە چوونە ( ترابزوون )و هەندێك لە کوردەکان هاتن کە بی‌یان بەن بۆ کوردستان تا لەوێ شتێك پێکەوە بنێن • بەڵام حوکوومەت وریا بووە بە هەموو لایەکا لەشکری ئەنارد ڕێگایان لێ ئەگرتن‌و شەڕیان پێ ئەفرۆشتن‌و ئەیان شکاندن • وە لە دوایدا ئەمیرزادەکانیش گیران‌و تەقەلاکەیان بێ سەرو شوێن مایەوە •

**هەوڵ‌و تەقەلای ئەمیر عزالدین شێری بۆتانی :**

ئەمە سەرداره ناحەزەکەی لەمەڕ بەدرخانە• بە هۆی نامەردی‌یەکەی ئەمەوە ئەوەبوو بەدرخان لەناو چوو • لە دوای تەفرو توونا بوونی بەدرخانی‌یەکان ئەم کابرایە وای ئەزانی ئیتر دنیا بۆ ئەو تەخت ئەبێ • کەچی لە دوایدا تێ گەیشت کە حوکوومەتی عوسمانی بەتەمای لە ناو بردنی ئەویشە • ئەوسا حاڵی بوو کە کردەوەکەی پێشووی شتێکی نابەجێ بووە • لەبەر ئەوە لە ئەمارەتەکەی خۆیا لە ( بۆتان ) بەرامبەر بە حوکوومەت هەڵسا ، وە سەردەمێك لەو ناوەدا بە سەربەخۆیی مایەوە • لەسەر ئەوە حوکوومەتی عوسمانی دوو جار لەشکری ناردوەتە سەر • هەوەڵ جار لەشکری حوکوومەت شکاوە • بەڵام دووەم جار عزالدین بە خۆی‌و سوپاکەیەوە تەفرو توونا بووە ( ١٢٨١هـ ١٨٦٤م ) •

**تەقەلای شێخ عوبەیدیللا ١٨٧٧م**

لە دوای شەڕی عوسمانی‌و ڕووس ، ساڵی ١٨٧٧م لە قەزای ( شەمدینان ) یشدا بۆ سەربەخۆیی سەندن شۆڕشێکی گەورە بەرپا کراوە سەردارو ڕێکخەری ئەم هەرایە شێخ عوبەیدیللا ناوە • شۆڕشەکە بەناوی ئاینەوە هەڵگیرساوە وەك دەست پێ کردنەکەی شاه ئیسماعیلی صەفەوی کە لە ئێران دەستی پێ کرد • ئەمیش وایە چونکە هەردولا بە کینەو

ڕقەبەری ( مەذهەب ) شۆڕشەکانیان هەڵگیرساندووە • بێشــــداری هەردوکیان مریدو دەرویش بووە بەو هۆیەوە ویستوویانە دەسەڵاتێك بۆ خۆیان پێکەوە بنێن • ئەگەر شێخ عوبەیدوڵلاش وەك شاە ئیسماعیل بەکردو بزان بوایە بە ئاوات ئەگەیشت ، بەڵام وەها دیارە شـانس بۆ شـێخ عوبەیدیللا ڕێك نەکەوتووەو لە ئازایی‌و زیرەکیشا وەك شاە ئیسماعیل نەبوە • بۆیە تەقەللاکەی ئەم هیچ سەری نەگرتووە • ئەگینا ڕێکەوت بۆ شێخ عوبەیدوڵلا زۆر باش هاتووە • چونکە لەپاش شەڕی ڕووس لــە ساڵی ١٨٨٠م دا حوکوومەتی عوسمانی زۆر هیلاكو بێ هێز بووە کــە شۆڕشەکەی شێخ دەسی پێ کرد • لەو کاتەدا لەشکری شێخ زۆر بەکارو ئازا بوو وە بۆ شێخ گیانفیدا بوون • لەبەر ئەوە هەر کە شێخ ئیشـارەتی کرد وەك برووسکە پەلاماری ( ورمێ )و ( سابلاغ ) ـ مەهابادی ئیستە ـ و ( موکری )یان داو گرتیانن • خەڵکی ئەو ناوە هەموو کوردو سـوننی مەزهەب‌و مریدی شێخ بوون • لەبەر ئەوە فەرمانی شێخیان خێرا بـەجێ هێنـا •

بەڵام لەدوای ئەم بەر هەمە کورتە کینەو ڕقە بەری مەذهەب خۆی دەر خست • ئەمجا چوون بە گژ شـــیعەکاناو زۆریان لە یەکتری کوشتووە • ئەم کوشتارە دەری‌خست کە ئەم هەرایە ناکۆکی‌ی مـەذهەب هەڵی گیرساندووە • جا لەبەر ئەوە سیاسەتی حوکوومەتەکانی عوسمانی‌و ڕووس‌و ئێرانی ئەو کاتە بۆ لە ناوبردنی ئـەم ئافەتە یەکی گرت هەرسێ لا سوپایان ناردە سەر شێخ • لە دوای شەڕو خوێن ڕشتنی دوورو درێـژ شێخ بە لەشکری شکستەوە گەڕایەوە ( شەمدینان ) لە ١٨٨٣م دا جـاری بردیان بۆ ئەستەموول لە دوایی‌دا ناردیانە ( حجاز ) لەوێ لە ( طائـف ) لە ناویان برد •

# وتـاری تەئریخی

ئەم هەوڵو تەقەلایانە کە باسمان کردن لە گەڵ تەقەلاکانی ( جـان پۆلاد )و ( ئەمیر خانی برادۆست )و ئەوانی تر گشتی بۆ یەك ئاوات بووە • ئەویش بۆ ئازادیو سەربەخۆیی نەتەوەی کورد کراوە • کەچی هیچیان سەری نەگرتووەو لە سەر ئەوەشا زەرەرو زیانێکی سەرو ماڵی زۆری بۆ کورد تیا بووە • هەموو کەس ئەیزانی کە فرمانی دنیایی بەهەوڵو تەقەلاو سەبارەتی ڕێکەوە پێك دی • وە ئەگەر ئەم شـتانە ڕێك نەبوو ، ئـەو فرمانەش پێك نایەت • ئەمجا تەقەلای ئازادیو هەوڵی سـەربەخۆیی کوردیش کە سەری نەگرتووە گیرۆدەی ئەم یاسایە بووە • ئەگـەر نەختێك لەم هەرایانـە ورد بینەوەو لـە دەوری درێژەو کوژانـەوەیان سەرنج بدەین ئەبینین سەبارەتی سەرنەگرتنیان لە ڕووی ناهەمواری نـاو خۆیانەوە بووە چونکە نەتەوەکە هێشتا بۆ ئەم جۆرە شتانە پێ نەگەیشتووە وە لە جۆری سیاسی‌ی دەورو پشتیان ئەوەندە ئاگادار نەبوون • بـەکورتی لە تەربی‌یەی سیاسی‌و ئیداریدا ناتەواو بوون وەکو :

لە هەرای جان پۆلاددا زوربەی لەشکری حوکوومەتی عوسـمانی تاقمی کورد بوو کە بەگژ ( میر علی ) دا چوونو لە ناویان برد • واتە بـە چەکی خۆیان خۆیان لەناو برد •

تەماشای مێژووی بابان بکەین ئەبینین ئەو هەموو هـەراو خـوێن ڕشتنە کە پاشاکانی بابان لە پێناوی سەربەخۆیی‌دا کردوویانە گشتی بـە هۆی ناحەزیو دووڕوویی‌و خەیانەتی خزمەکانیانەوە سەری نەگرتووەو ماڵ وێرانیشی بەجێ هێشتووەو تەقەلای سەربەخۆیی حەمەد پاشـای ڕەواندزی کە بەو بەرزی‌و پەسـەندی‌یەوە دەسی پێ کـرد لـەبـەر سەبارەتەکانی لای خوارەوە ئەوەبوو ئەویش سەری نەگرت :

أ ـ کینەی ئایینو مەزهەب • بە پێی دەستووری ئایین لەسەر سیاسەت ڕۆیشتنو بە قسەی مەلا کە لە سیاسەت بێ خەبەرن ، ئیدارەی ولات کردن •

ب ـ لە تەك ئومەرای خۆیەتیدا با دراوسێیش بێت پەیمانو یەکیەتی بەستن نابێ فەراموش بکرێت •

ج ـ ڕقە بەریو ناهەمواریی ئومەرای بابانو بادینانو جزیرەو بۆتان لەگەڵ یەکدا • ئەنجا ئەمانەبو نەهان هێشت شۆڕشەکان سەر بگرن •

بەڕاستی ئەگەر محمد پاشا ئەوەندە بە خۆناز نەبوایەو ئومەراکانی کوردی دراوسێیشی لەڕێی بەرژەوەندی گشتی دا وازیان لە حەسوودیو ڕقەبەزی بهێنایەو هیچ نەبوایە هەر لەبەر ئەوەی کە لەشکری بێگانەیان هاتبوە سەر ، با بۆ ئەو کاتەش بوایە دەبوو یەك کەوتنایە • بە طەبیعەت ، ئەوسا حوکوومەتی عوسمانی بە زەحمەت دەرەقەتیان ئەهات ، بەڵکو کارەکەشیان سەری ئەگرت •

بەڵام ناڕێکیو لەیەك هەڵبڕانی ناوخۆ لە قینی یەکتریو لەگەڵ دوشمنا یەك گرتنو هاتنیان بۆ سەر نیشتمانی یەکتری ، بووەتە هۆی لەناو چوونی هەموویان • بەڕاستی کردەوەی عوسمان پاشای میری بادینان لەم هەرایەدا داخی سەرداخانە ، بۆ ئەوە ئەشێت کە بۆ پەندی پێشان هەمیشە بیگێڕینەوە ، کاتێك کە لەشکری عوسمانی لە گەڵ محمد پاشا تێك هەڵچوو ، ئەم سەرکردەی کوردە لە دوورەوە سەیری لە ناوچوونی محمد پاشای ئەکرد ، کەچی ئەوەندەی پێ نەچوو هەر ئەو لەشکرە هاتە سەر خۆشی لە ( عەمادیە )و گرتیانو بە قۆڵ بەستراوی ناردیان بۆ بەغداد •

جا بەم جۆرە ئەمارەتی ( سۆران )و ( بادینان ) لە نـاوچوون • وە ئەمارەتی بابانیش هەر بەم جۆرە قینە بەری‌و دووبەرەکی‌یانە لە ناو برا • بێ‌ینەوە سەر سەرنەگرتنی تەقەلای ( بەدرخان ) • هۆی ئەمیش دیسانەوە هی ناو خۆیە : ئەوە بوو ( عزالدین شێر )ی خزمی کە لـەگـەڵ تورکـا یەکی گرت‌و چوون جزیرەیان داگیر کرد ، ئەمیش بوو بە هۆی شکان‌و لەناو چوونی بەدرخان • کەچی هەمان لەشکر لە پاش بەینێك چووە سەر عزالدین ئەویشی لە ناوبرد •

دیسان لەبەر نیفاق‌و ناکۆکی‌ی ناوخۆو هەست نەکردنی بەرژەوەندی نەتەوایەتی بوو کە حوکوومەتی عوسمانی توانی سوپای کورد بنێرێتـــە سەر ئەمارەتی بتلیس‌و تەنگی پێ هەڵچنێت ئەوەبوو شەرەف بەگی ئاخرین سەرداری ئەم ئەمارەتە گەلێك شەڕی لەگەڵ کردن ، بەڵام چ فائیدە ؟ هەر بە یارمەتی‌ی چەکی کورد بە ئەنجام ئەم ئەمارەتەش لـــە نـاوچوو لـــە ١٨٤٩م دا •

بە کورتی پیاوێکی بێگانەو لایـەنگیری نەکـەری وەك ( مێجـــەر سۆن ) لەم ڕووەوە ئەڵێ : « کورد هەمیشە سەرکێش ، نەبـــەز ، بەخۆ نازو دوور لە ئیطاعەت بووە • تەنها بە شەڕو شـــۆڕو داوای ناوخۆی شکاوەوە لە سایەی ئەم جۆرە کردەوانەوە دەسەڵاتی موستەولی‌یەکانیان زیاد کردووە • بەڕاستی مێژوو ئاوێنەی عیبرەتە • پەند وەرگرتن لـــە سەرگوزەشتەکانی بۆ ئادەمیزادو ئەقوام ناچـــاری‌یە • چونکە هـــۆی سەرنەکەوتنی ئوموور لە زیانا ئەوەیە • ئەویش وردبوونەوەی ئەوێ بۆ ئەوەی ناهەمواری‌یەکان دووبارە نەبنەوە • هۆی سەرنەگرتنی تەقەلاکانی کورد لەمەوپێش چی بوویێت ؟ ئیمڕۆش هەر ئەوەیەو لەمەو دواش هەر ئەوە ئەبێت • بۆ پێکەوەنانی ئازادی‌یەکی سەربەخۆ لەپێش هەموو شتێکا دوانیان زۆر پێویستن : « یوول‌و زانستی = علم مال » هەر نەتەوەیەك

نابوتی ئەم دوو گەنجو جەواهێرە بێت سەربەخۆیی جنگ ناکەوێت ، هەوڵەکانی بە باد ئەچێت ، سیاسەتی گشتی یارمەتی‌یشی بدات بە ئەنجام خێر نابینێتو ناحەسێتەوەو بە جۆرێکی تر تووشی ( دیلی ) ئەبێتەوە • جا خوێندنەوەی مێژوو ڕاستیەتی‌ی ئەمانە بە ئینسان ئەسەلمێنێ •

## نەتەوەی کورد هەموو کاتێک بە کەڵك هاتووە

ئەوەتەی حوکومەتی ( فارس )ی کۆن ( ماد )ی لەناو بردووە لە ( ٥٥٠ پ•م ) دا ، نەتەوەی کورد تووشی یەخسیری بووەو ئازادی‌ی لە دەس چووە • لە مێژوودا گەلێك نەتەوە تووشی دیلی‌ی وەهـــا بووە ، هەندێکیان بە جارێك نەماوەو هەشە ژیاوەتەوە • جا نەتـەوەی کـــورد لەمانەیە • بەڵام ئیستیعمار وازی لێ ناهێنێ هەمیشە بە شـوێنیەوە بـووە ئەیهێشتووە بە ئاوات بگاتو ئازادی‌ی تەواو لە باوەش بگرێت •

لە مێژوودا کە ئیمپەراتۆریەتە گەورەکان داهاتن ، نەتەوەکـــان تووشی ئەم جۆرە ستەمانە بوون • ئەم جۆرە ئیمپەراتۆریەتانە وەك مێژوو باسی ئەکا هەوەڵ کەرەت لە عیراقو لە میسـردا پەیـــدا بووە وەکـــو حوکوومەتی ( سۆمەر )و ( ئاکاد ) لە عێراق • ئەوەبوو لەشکری ئەکاد چووە سـەر نیشتمانی نەژادی کورد کە ( گوتی )و ( لۆللۆ ) بوو داگیریان کرد لە ( ٢٧٥٠ )ی پێش میلاد دا ، وە ئازادی‌یان لە دەست سـەندن • لە دوای ئەوانە ئیمپەراتۆریەتە گەورەکەی ئاشۆر پەیدا بوو • کوردەکان ئەوسا خراپتر تووشی یەخسـیری بوون • لــە دوای ئــەوە ( خێڵی ئەخەمەنی )ی ئێران هاتە پێشەوە • ئەنجا ئەوان کوردسـتانیان داگیر کرد • لەو ڕۆژەوە کە ئەم مەینەتو کلۆڵی‌یانە هاوشانی گـەلی کورد بووە تا ئیمرۆ ئەم نەتەوە گیان پاکە لە خزمەتو یارمەتی کردنی گەلانو

کاربەدەستانی باش درێغی نەکردووە • هەر نەتەوە حاکمێك چاودێری کردبێ ، وە لە گەڵیا بەچاکی و دادپەروەری هەڵسووڕابێ ، هەمیشە خێری تووش بووەو لە ئازایی و توانایی جەنگیی کورد کەڵکی دیوە • وە هەر نەتەوەیەکیش ویستبێتی سزای بدا ، ئەویش لە ڕوویا وەستاوەو بەگژیا چووە •

لە شەڕو هەرای دەوڵەتە ئیستیعماری یە کۆنەکانا کە ( ئەشکانی و ساسانی و ڕۆمەکان )ن ، دووبەشی مەیدانی شەڕ ( کوردستانەکان ) بووە • کورد لە مانە هەر لای نەتەوە ئاری یەکان وەستاوە ، هەتا توانیویانە خۆیان لە شەڕیان لاداوەو هەمیشەش ئامادە بوون کە ئازادی یان لێ بسێننەوە •

کە ئیسلامیەت پەیدابوو ، دیسانەوە لە تەك ئێرانا ماوەتەوە • هەتا لەناو چوونی حوکومەتەکەی ، پێکەوە بەگژ لەشکری ئیسلاما چووەو زیانی زۆریان لێ داون • بەڵام لەدوای گرفتار بوونیان بەلەشکری عەرەب ڕەوشت و گوزەران باشیی عەرەبەکان وای لە کورد کردووە موسوڵمان بوون • ئەمجا بوون بە پشتیوانی عەرەب ، بەڵام هەر ئەو کوردانە لە لە گوزەران و سیاسەتی ئەمەوی یەکان دڵگیر بوون • سەبارەت بەوە کوردەکان بوون بە دۆست و پشتیوانی عەباسی یەکان • تەنانەت سەرکردەی سوپای عەباسی ( ابو مسلم ) ڕۆڵەی کورد بوو ، وە سوپای هەرە باش ئەبوومسلیمیش لە کوردەکان بوو • ئەمەش بە شیعرەکانی ( ابو دلامە )ی شاعەری ( ابو جعفر المنصور ) دا دیارە وەکو ئەڵێت :

أبا مجرم ما غير الله نعمةً     على عبده حتى يغيرها العبد
أفي دولة المنصور حاولت غدره     الا ان اهل الغدر آباؤك الكرد

کەچی کوردەکان زۆر ئیش و کاری ئەبوو جەعفەریان لە کاتی وەلی عەهدی دا بەجێ هێناوە هەتا بووەتە خەلیفە •

سەلجووقی یەکان لە گەڵ کوردەکانا باش بوون • مەلکیشای سەلجووقی لە سایە بازووی کوردەوە لە وڵاتەکانیا ئیشی بۆ هەڵ ئەسووڕا• وتەی کوردستان لە دەوری سەلجووقی یەکانا بڵاو بوەتەوە • شاه باز ( ابو شجاع )ی مەلیکی کورد خەلیفەکانی عەبباسی لە زۆرداری ( آل بویەهی )یەکان ڕزگار کرد •

کە لافاوی تایەفەی غەزوی تورك دای بەسەر وڵاتی ئیسلاما ، کوردەکان گیانی خۆیان بەخت کرد ، وە لە شەڕەکانی ئەهلی صەلیبدا کورد گیانی خۆی لە ڕێی ئیسلامەتیدا بەخت ئەکردایەو سوڵتان صلاح الدین و ئومەراکانی کورد فریا نەکەوتنایە لە ئەفەریقای شیمالیدا ئیسلامەتی دەسەڵاتی نەئەما ، مەسیحی یەکان هەموویان داگیر ئەکرد • لە پاشا ئەمارەتە مەسیحی یەکانی ( خەصیب )یش زۆری کورد لە ناوی بردن• وەفاو یارمەتی ی بە نرخی کوردەکان نەبوایە یاوز سوڵتان سەلیم پادشای عوسمانی بەزەحمەت بەسەر ( شاه ئیسماعیل )ی صەفەوی دا زاڵ ئەبوو صەفەوی یەکان لە هێزی کورد زۆر کەڵکیان دیوە • لەو سەردەمەدا کوردەکانی موکریان بناغەی هەرە قایمی لەشکری ئێران بوون • لەسایەی بازووی کوردەوە ( شاه عەباس )ی صەفەوی لە ( ١٦٤٤م ) دا توانی ئاسایش بداتەوە بە کیشوەری ئێران •

بەرامبەر بە لەشکری ئێران حوکومەتی عوسمانی هەمیشە کوردستانی بە بناغەی ڕەزمارایی بۆ خۆی ، سوپای لێ دروست کردووەو لە سەرزەمینی ئێرانا سوپاکانی ئێرانی پێ شکاندوون •

حوکومەتی عوسمانی هەراو هووریای عەرەبەکانی جەنووبی عێراقی هەمیشە بە هێزی کورد دامرکاندووە • مێژووی ئێران و عوسمانی پڕە لەم جۆرە ڕووداوانە کە ناتوانین لێرەدا گشتی بنووسین • خۆیان پێ

لەم داستانە ڕاستانە ئەڵێن • تەنانەت ڕووسەکانیش لە ساڵی ١٨٢٩دا تیپێک لەشکریان لە نەتەوەی کورد دروست کردووە •

حوکوومەتی عوسمانی کە ئێستە ناوی بووەتە ( تورکیا ) هیچ وەختێك وازی لە کورد نەهێناوە لە هێزو توانایان کەڵکی سەندووەو ئەی‌سینی•ئیمرۆ بەشی بەکاری سوپای تورك ڕۆڵەی کوردە•وە لەم سەدەی بیستەمەدا حوکوومەتەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیك وەك تورکیاو ئێرانو عیراقو سووریا ، بەڵکو ( ڕووس )یش بە ناوی هاونیشتمانییەوە خوێنی کوردەکانی ناو خۆیان ئەمژنو سوپای پڕ چەکیان لێ دروست ئەکەنو ئەیانەوێ بە زۆری بازووی ئەم کوردانە ئاسایش ڕاگرن !

# کورد لە چەرخی بیستەما
# پاش شۆڕش ناخۆیی ۱۹۰۸م

لە سەرەتای چەرخی بیستەما ، حوکوومەتی عوسمانی زۆر بێ تین بوو ، لە ناو دەوڵەتانا کەس لە حوکوومەتەکەی ڕازی نەبوو • هەموو لە سەر پلەی شۆڕش کردن بوون •

کورد ، لەناو زۆرو ستەمی زیاد شۆڕشی کردووە • هیچ کاتێك ئەم نەتەوە بەدبەختە سەری دانەناواندووە بۆ فەرمان ڕەوایی‌یەکانی عوسمانیو ئیران•بەرامبەر بە زۆرو ستەمی والی‌یە بەرتیل خۆرەکان خۆیان بێ‌زانە گیراوە و ڕاپەریون • چەند جار شۆڕشیان هەڵ گیرساندووە داوای سەربەخۆیی تەواو وەیان سەربەخۆیی ناو خۆیان لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا کردووە کە بی‌یان درێتێ • لەم کاتەدا عەرەبیش بۆ سەربەخۆیی وریا بووەتەوە • ئیرانی‌یەکانیش لەناو خۆیانا کەوتبوونە تەقەلا لە دژی حوکوومەتەکەیان •

لەم هەنگامەدا لە دەوڵەتی عوسمانیدا لەدژی حوکوومەت شۆڕش پەیدا بوو ، وە مەشرووتیەت داهات ، یەعنی ئیدارەی ( دیموقراتی ) • لە دوای ئەمە ناوی دەوڵەتەکەیان کرد بە تورکیا ( ۱۹۰۸م ) ئەمجار ئەم تورکیای تازەیە لەگەڵ ئەڵمانەکانا بوون بە دۆستو کردیانە ناحەزی کردن لەگەڵ نەتەوەکانی تری ناوخۆیان • لەو کاتەوە دوژمنایەتی‌ی قەومی داهاتووە لە تورکیادا •

ئەم ( بیرە ) بریتی‌یە لەوەی هەوڵ بدرێ بۆ بەرز کردنەوەی نەتەوەی خۆ لەسەر لاشەی نەتەوەکانی تر • واتە دوژمنایەتی نەتەوەیی بەجێ بێنرێت • کاتێك کە تورکەکان بیری دوژمنایەتی‌ی نەتەوەیی‌یان دەر خست ، دەسیان کرد بە زۆر کردن لە عەرەبو لە کوردە لە

ئەرمەنیو گشت نەتەوەکانی تر ، کە فێری زمانی تورکی بنو گفتوگۆ بە زمانی خۆیان لە قوتابخانەو دائیرەکانی تری میریدا نەکەن ، تەنانەت قەدەغەشیان لێ کردن .

ئەم کردەوە ستەمکارانەیە کوردەکانو نەتەوەکانی تری ناو دەوڵەتی تورکیای ڕاپەڕاند بۆ ئەوەی ئاگایان لە خۆیان بێت تاکو بتوانن پارێزگاریی زمانەکەیان بکەنو نەوەکەیان بپارێزن[1] .

**لە پێش جەنگی یەکەمدا کورد لە بارەی سیاسییەوە وریا بوەتەوە :**

لەم دەورەدا کوردەکان دەسیان کرد بەدەرهێنانی ڕۆژنامەی سیاسی بۆ بڵاو کردنەوەی بیرو پێکهێنانی کۆمەڵ کە خەریکی خەبات بێ بۆ ڕزگار بوونیان . یەکەم ڕۆژنامەیان ناوی « کوردستان » بوو لە ئەستەموول دەر ئەچوو لە ساڵی ( ١٨٩٧م )دا ، لە دوایدا برایە (قاهیرە) لەوێ دەر ئەچوو . کوردەکان لە ساڵی ١٩٠٨م دا لە ئەستەموول کۆمەڵێکی سیاسی‌یان پێکەوەنا بە ناوی ( کومەڵی بەرز کردنەوەو پێش خستنی کورد ) وە کۆمەڵێکی تریشیان دامەزراند بۆ خزمەتی ئەدەبو زانستی بە ناوی ( کۆمەڵی بلاو کەرەوەی زانستی کورد ) . لە ئەستەموولدا قوتابخانەیەکی کوردی‌یان کردەوە کە منالی کوردەکانی ئەوێ تیا بخوێنن . قوتابی‌ی کوردیش بە ناوی ( هیڤی = هیوا ) وە کۆمەڵێکیان پێکەوە نا . بەم ڕەنگە کوردەکان تا جەنگی گەورەی یەکەم لەسەر تەقەلای سیاسی ڕۆیشتن . کە جەنگ هەڵگیرسا ئەمانە بڵاو کرانەوە ، نێران بۆ جێگایانی جیا جیا بۆ جەنگ .

---

(١) باسی ئەم شۆڕشانە لە کتێبی مێژووی نوێ وەرگیراوە کە وەزارەتی زانیاری‌ی عێراق بڕیاری خوێندنی داوە لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی مەکتەبەکاندا بخوێنرێت .

**مەینەتی کورد لە جەنگی گەورەی یەکەمدا :**

کوردەکان لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا بەرەنگاری مەینەتی زۆر گەورە بوون ، چونکە لە جەنگەکەدا زۆر لە لاوەکانیان کوژران • دانیشتووەکانیش لە بەر ئەوەی سوپای عوسمانی هەموو خواردەمەنی‌یەکی لێ زەوت ئەکردن گەلێکیان لە برسانا مردن‌و ، گرانی‌و قات‌و قڕیش کەوتە ناو وڵاتەکەوە • سەرەڕای ئەمانەش عوسمانی‌یەکان کوردەکانیان لە کوردستانی تورکیاوە ئەبرد بۆ خۆرئاوای ( ئەنەدۆڵ ) بۆ ئەوەی هۆشی نەتەوایەتی‌یان لە بیر بچێتەوە • ئەم زۆرو ستەمە بێ پایانە بووە هۆی مردنی هەزاران کوردی بەد بەخت لە بەر برسیەتی‌و ماندوو بوون‌و سەرمای زستان لە ڕێگاو باندا •

**ڕێك کەوتنی کوردو ئەرمەنی :**

کاتێك جەنگەکە بە شکستی تورکەکان دوایی هات‌و وڵاتانی عەرەب لە تورکیا جیا بوونەوە کوردەکان‌و ئەرمەنی‌یەکان بیریان کردەوە کە هەریەکەیان حوکوومەتێکی سەربەخۆ دروست بکەن • ( شەریف پاشا )ی سەرۆکی کورد لەگەڵ ( بوغوص نوبار پاشا )ی سەرداری ئەرمەنی ڕێك کەوتن ، ئەنجا بەیان نامەیەکیان دەرکردو دایان بە کۆنگرەی ئاشتی لە ئەورووپادا • لە ناویا سنووریان بۆ مافی نەتەوەکەیان کێشابوو •

**پەیمانی سیڤەر :**

لە ئەنجاما دەوڵەتە سوێند خوارەکان لە ئەورووپا لە ساڵی ١٩٢٠ دا ( پەیمانی سیڤەر ) یان مۆر کرد • لەم پەیمانەدا بڕیار درابوو کە لە بەشی باکووری خۆرهەڵاتی تورکیادا دەوڵەتێکی ئەرمەنی پێکەوە بنرێت‌و لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا لە بەینی دەوڵەتی ئەرمەنی‌و عێراقدا دەوڵەتێك بۆ کورد دروست بکرێت •

**کوردەکان بە بەڵێنی تورکەکان ئەفرە ئەخۆنو یارمەتی‌ی ئەتاتورك ئەدەن :**

بەڵام کوردەکان لە بڕیارو پەیمانەکەی دەوڵەتان هیچ سـوودێکیان وەر نەگرت • بە قەول‌و بەڵێنی تورکەکان خەڵەتان کە ئەیان وت جارێ ئەبێ کوردو تورك بێن بە یەك بۆ ڕزگارکردنی وڵاتەکە لەدەسـت ( گاور ) ئەنجا لە دوای تەماشای پێویستی‌ی نەتەوەی کـورد بکرێت • مەبەستیان لە ( گاور ) ئەو یۆنانی‌یانە بوو کە بەشێك لە ڕوخی خۆراوای تورکیایان داگیر کردبوو • بەم ڕەنگە کوردەکان خەڵەتان‌و یـاریـدەی ( مصطفی کمال ) یان دا تا یۆنانی‌یەکانیان لە وڵاتەکە دەر کرد •

**تورکەکان دەست ئەکەن بە ئازاردانی کوردەکان :**

هەر کە موصطەفا کەمال‌و هاوڕێکانی لە جەنگی یۆنانا سەر کەوتن‌و پەیمانی ( لۆزان ) یان بەست ، بەرامبەر کوردەکان کردەوەیـان گۆڕا • جاران کەوەك ( برا ) تەماشایان ئەکردن‌و لە فرمانی میریدا وەك هاوبەش وا بوون ، کەچی دوای ئەمە بە چاوی بێگانەو دوژمن سەیریان ئەکردن ، نە قەبارەیان هێشتن نە بیری نەتەوایەتی‌و نە زمان • بە پێچەوانەی پەیمانی ( لۆزان ) کە لەوێدا تورك دەستەبەر بووبوو کە مافی نەتەوەی کـورد بپارێزێت • دیسانەوە حوکوومەتی تازەی تورك بیرەکەی پێشووی لە گەڵ کوردەکان خستەوە کار کە ئەویش ئەوەیـە ( کورد ئەبێت تورك بێت ، نابێ بە کوردی قسە بکات ) • واتە بە زۆر بکرێن بە تورك •

تورکەکان پلەی زۆرداری‌و ستەمیان لەگەڵ کـوردا زۆر بـەرز کردەوە • بە ئاشکرا نەیان ئەهێشت بە کوردی گفتوگۆ بکەن • تەنـانەت قەدەغە کرابوو کە لە ڕۆژنامەو بەڕاو یەعنی ( کتێب )و قوتابخانەکانـدا نابێت یەعنی ( ناو )ی ( کوردو کوردستان ) بنووسرێت !

**شۆڕشی سەعید سالی ۱۹۲٥**

کوردەکان بەرامبەر ئەم هەموو خراپەو زۆرداری‌یە خوێناوی‌یانـە

نەیانتوانی ئیتر خۆیان بگرن • بە سەرۆکایەتی ی خالد پاشاو شێخ سەعید ناوان شۆڕشێکی گەورەیان کرد • زۆر لە پیاوە گەورەکانو خوێندەواران دایانە کۆمەکیان • لە حەوتی مارتی ۱۹۲۵م دا بڵێسەی ئاگری شۆڕش هەڵگیرساو بە گورجی بە ناوچەکانی ( دیاربەکر )و ( مووش )و جێگایانی تردا بڵاو بوەوە • هەرچەندە شۆڕشگێڕەکان بە ژمارەو چەك زۆر لە سوپا ڕێکەکەی تورك لە خوارتر بوون ، لە گەڵ ئەوەشا دیسان تورك لە زیانی زۆر ڕزگاری نەبوو • ( فەرانسزەکان ) لەم تەنگایەدا ئامەردانە ڕێگایان دا کە سوپای تورك بەخاکی سووریەدا بڕواو لە پشتەوە لە شۆڕشگێڕەکان بدات • بەم ڕەنگە تورکەکان توانیان بەسەر شۆڕشەکەدا زاڵ بن •

دوای ئەوە بەشی زۆری گوندەکانی ئەو ناوەیان وێران کردو بە هەزاران کوردیان دەربەدەرو ئاوارە کرد بۆ خۆراوای تورکیا کە هەر ئاگاشیان لە شۆڕشەکە نەبوو • لەم هەزارانە زۆریان لەڕێگەوبان بە برسیەتی و سەرما مردن •

## شۆڕشی ئاگری داغی سالی ۱۹۳۰

بەڵام شۆڕشی کوردەکان بەمە نەبڕایەوەو دوایی نەهات • بەڵکو بێ پسانەوە شۆڕشی وردە ناو بەناو تا ساڵی ۱۹۳۰م هەر ڕووی داوە • لەم ساڵەدا کوردەکان باشتر ڕاپەڕینو بنکەی شۆڕشیان لە ( ئاگریێ داغ ) دانا کە جێگایەکی زۆر سەختە لە چیای ( ئەرارات ) کە کەوتووەتە بەینی تورکیاو ئێرانو وڵاتی قافقاسی سوفیەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ دا • لەوێوە دەستیان کرد بە هێرش بۆ سەر ناوچەکانی ترو زیانێکی زۆریان دا لە سوپای تورك •

ئەم سوپایە نەیتوانی بەسەر شۆڕشگێڕەکانا زاڵ بێ ، هەتا لەگەڵ سوپای ئێران ڕێك کەوت • ئەوسا هەر چوار لای شۆڕشگێڕەکانیان پێچاو

ئێتر لە کوردی ئێرانەوە یارمەتی‌یان لێ بڕا • سەرکردەی ئەم شۆڕشــە (احسان نوری پاشا) ناو بوو • لە دوای ئەم ڕێکەوتە ئێرانو ڕووسەکان ڕێگایان دا بەسوپای تورك پشتی کوردەکانی گرت • جا لــە دوای ئــەم ئەنجامە احسان نوری پاشاو ڕەفیقەکانی خۆیـــان خســـتە پەنـــای ئێرانی‌یەکانەوەو بەم جۆرە ئەو شۆڕشەش بڕایەوە •

**شۆڕشی دێرسیم ١٩٣٧ – ١٩٣٩**

دوای ئەوەی حوکوومەتی تورك شۆڕشی ئاگری داغی کوژاندەوە ، کوردستانی تورکیای خستە ژێر فەرمان ڕەوایی ســـەربازەوە ، واتــە ئیدارەی عەسکەری‌ی بەتی‌یەوە • وە دیسانەوە دەســـتی کردەوە بــە دەربەدەر کردنی کوردەکان بۆ خۆراوای ئەنەدۆڵ • کاتێــك کــردەوەی دەربەدەر کردن بە زۆرو ستەم لە ساڵی ١٩٣٧م دا گەیشـــتە ناوچـــەی ( دێرسیم )ی بێ دەنگ کە ئەکەوێتە باکووری خۆراوای دیاربـــەکـــر ئەوساکە دانیشتووانی ئەوێ‌یش شۆڕشیان کردو شۆڕشەکە لە ســـاڵی ١٩٣٧ ەوە تا ساڵی ١٩٣٩ درێژەی کێشا •

حوکوومەتی تورك نەیتوانی ئەم شـــۆڕشـــە بکوژێنێتەوە تا بــە بۆمبابارانی فڕۆکە هەموو ناوچەکەی وێران کردو ســـوتاند ، وە بــە هەزاران جووتیاری داماوی کوشت • ئەنجا تورکەکان سەر کەوتن •

**لەسەر ئەوەشا کوردەکان سکاڵای خۆیان ئەبەنە لای گەلانی یەك گرتوو :**

کوردەکان لەم زۆرداری‌و قــەلاچۆ کردنـــە بێ دەنگ نەبوون • کۆمەڵەی کورد یادداشتێکیان دا بە سکرتێری کۆمـــەڵی نەتـــەوە یـــەك گرتووەکان لە ١٩٤٨/١١/٢٩ دا ، وە لەوێدا توانی‌یان خرابێ‌ی بـــاری کوردو کوردستانەکانی ئێرانو تورکیا دەرخەنو بە دوای ئەمەدا چـــەنـــد ( یادداشت )ێکی تریشیان دا هەر بۆ ئەم مەبەستەو داوایان کرد لە کۆمەڵی

نەتەوە یەك گرتووەكان كە بەپێی ماددەی ٧٣ لە یاسای ئەو كۆمەڵەیـەدا باسی مافی ئەو وڵاتانە كراوە كە ژێر دەستـــــی ئەقوامی ترن ، بۆ ئەوەی بەڵكو هەڵ بداتێ •

## هەواڵی كوردستانەكانی تر

**ســـــەرەتا :**

تا ئێرە باسی شۆڕشەكانی نەتەوەی كوردی بێچارەی توركیا كرا كە لەناو زۆرداری‌یەكانی حوكوومەتی عوسمانی كردوویانە • لێرە بەدواوە باسی كوردستانەكانی تر ئەكەین تا بزانین ئەوان چی‌یان بەسەر هاتووە •

وەكو لە باسەكانی پێشوودا وترا ئیستیعمار كوردســـــــتانی دابەش كردووە بە چوار پارچە • بەشی هەرە گەورەو پەرێشان بەر توركیـــــا كەوتووە • ئەوەبوو لای سەرەوو شۆڕشەكانمان باس كرد بۆتان • بـەشی دووەم كوردستانی ئێرانە • بەشی سێهەمیش بەر عێراق كەوتووە • بەش چوارەم تێكەڵاوی سووریە بووە •

**عوسمانی‌یەكان كێن ؟**

ئەمانە تیرە نەتەوەیەكی توركمانن • جینسیان توركە • ڕەگەزیـان مەغوولە • لە ساڵی ١٦٣٨م بە تەواوی عێراقیان داگیر كردووەو لە ژێـر فەرمان ڕەوایی‌یانا ماوەتەوە تا سوپا بەهێزەكانی بەریتانیا لە جەنگی یەكەمی گیتی‌دا كە ١٩١٤ ـ ١٩١٨ یە بە سەریانا زاڵ بوونو لە ( عێراق ) دەریان كردن • ئەوسا عێراق كەوتە ژێر چەپۆكی ( بەریتانیا )وە •

ئەم توركی عوسمانی‌یە كۆچەری بوون كە هاتوون ، تیرەی هـەرە دوایین لە توركەكان ، لە ڕۆژاوای ئەنەدۆڵ دامەزراون لە ١٣٠٠م دا ئەمجا هێزیان زیاد بووە لە ١٣٢٦م دا بوون بە دەوڵەتێكی سەربەخۆ •

ئەمانە خەڵکی ئاسیای ڕۆژئاوا نین وەك ئیمەکانی پێشوو نەر لە ناوەڕاستی ئاسیاوە هاتوون بۆ ئەوەی وڵاتان بە زۆر بگرن و حوکمیان بەسەرا بکەن • وە خۆیان زانایی‌یان نەبوە ، بەڵکو لە دانیشتووانی وڵاتە داگیر کراوەکانەوە فێری شت بوون ، نەك وەك ئینگلیزەکان کە ویستیان وڵاتێك بگرن پێشەکی جاڕ ئەدەن ئەڵێن بۆیە هاتووین خەڵکی وڵاتەکە لە زۆردارەکان ڕزگار بکەین • کەچی لە پاشا ئەکەونە مزینی ڕزق و ڕۆزی‌ی وڵاتەکە بە زۆر و بە هێز نەبێ لێی دەرناچن • ئەمجا ئینگلیزەکان بەم جۆرە جاڕ دانە هاتنە سەر عێراق تورکەکانیان دەر کرد •

ئینگلیزەکان لە دەمێکەوە خۆیان ئامادە کردبوو کە عێراق داگیر بکەن چونکە عێراق لە سەرەڕێگای هیندوستانایە ، ( نەوت )ی زۆریشی هەیە • بۆیە کە شەڕی گەورەی یەکەم ڕووی دا ئینگلیزەکان خێرا لە عێراق دابەزین ، جەبهەی شەڕیان کردەوە • سوپایان لە بەحرەوە هێنایە ( بەصرە ) دەسیان کرد بە داگیر کردنی وڵاتەکە • بەئەنجام کوردستانی عێراقیش بوو بە جەبهەیەك لەوێ • خەڵکی عێراق بە کورد و عەرەبەوە بەشدار بوون لەم جەنگەدا • کوردی عێراق دەستە نێردران بۆ سووریە و میصر وە بۆ ( چەناق قەلعە )و ( قافقاس )و ئێران • تورکەکان هەرچی خواردەمەنی کوردستانی عێراق هەبوو بردیان • بەمە ئەهالی قڕی هات • سەدی حەفتا (٧٠٪)ی خەڵك لە برسان و لە شەڕا مردن • ئەوەندە هەیە وەك کوردی تورکیا دەربەدەر نەکران چونکە ئەوە پێویست نەبوو ئەوی لە عەسکەرێتی ڕای کردووە بە دەس ڕێژی تفەنگ کوژراوە • بە هەزاران هەرزەکاری کورد بەم دەس ڕێژانە لە ناو براون •

عێراقی عەرەبی زوو لەدەست تورك ڕزگار بووە • بەڵام کوردستانی عێراق هەتا دوایی جەنگ بەدەست تورکە زۆردارە ستەمکارەکانەوە ماوەتەوە •

حوکوومەتە سوێند خوارەکانی ئەوروویا عەرەبەکانیان بەتەمای سەر بەخۆیی‌و ئازادی تەفرە دا • کەچی لە ژێرەوە لەناو خۆیانا دابەشیان کردن • زۆرداری‌و ستەمی زیادیشیان دەربارە کردن •

هەرچی کوردستانی عێراق هەیە هەمووی بەر ئینگلیزەکان کەوت • ئەمانە جارێ بە فەرمان ڕەوایی حاکمەکانی خۆیان کوردستانەکەی عێراقیان ئیدارە کرد • لە دوای ئەوە وازیان هێنا لەوە کە حوکوومەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردەکان دروست بکەن وەکو لە پێشانا بەڵێنیان دابوو • هاتن چوار لیوایان لە کوردستانی عێراقا دروست کردو حوکوومەتێکی مەلیکی‌ی کوردو عەرەبیان پێکەوەنا •

لەسەر ئەوە کوردەکانی لیوای سلێمانی بە سەرۆکایەتی‌ی ( شێخ مەحموود ) ناو زەعیمێکی خۆیان شۆڕشیان کرد • سەربەخۆیی‌و ئازادی‌یان داوا کرد کە بی‌یان دەنێ • ئینگلیزەکان بە تەنیا خۆیان ئەوەیان پێ نەئەکراو هیچ دەوڵەتێکی تریش هاو فکریان نەبوو کە پێکەوە حوکوومەتێکی کورد بنیات بنێن • لەبەر ئەوە ئەم شۆڕشە لە ۱۹۲۰م ەوە تا ۱۹۳۰م کەم وزۆر هەر بەردەوام بووە • ئینگلیزەکان بۆ ئەوەی ناخۆشی بخەنە بەینی کوردو عەرەبەوە زۆر جار سوپای عیراقی عەرەبی‌یان هێناوە کردوویانە بە گژی ئەم شۆڕشگێڕانەدا لە لیوای سولەیمانی •

لە لایەکی ترەوە عێراقی عەرەبی زۆر لە دژی حوکوومەتە مەلیکی‌یەکەی خۆیان بوون ، چونکە ئینگلیزەکان عێراقیان کردبوو بە جۆرە موستەعمەرەیەك لە شێخەکانی عەرەب‌و پیاو ماقوولانی ترو خوێندەوارانی سەر بە ئیستیعمار چینێك خەڵکیان دروست کردبوو • ئەمانە حوکوومەتیان بە دەستەوە بوو ، وەیا خۆیان حوکوومەت بوون • لە سایەو پەنای ئینگلیزدا حوکوومەتەکەیان ئەگێڕا • جا بۆ ئەوەی حوکوومەتەکە لە چنگ ئیستیعمارو خرابەکەران ڕزگار ببێ وە

ئیداره‌یه‌کێ دیمقراتی‌و ڕاستی پێکه‌وه بنێت میلله‌ت زۆر هـه‌وڵی دا ، شۆڕشه‌های به‌رپا کردو خوێنی خۆیان ڕشت • به‌ڵام ڕه‌فیق‌و برادەرانی ئیستیعمارو نۆکه‌ره‌کانی پیاوه‌کانی خانه‌دانی مه‌لیکی له پاڵ پارمـه‌تی‌ی ئینگلیزدا نه‌یان ئه‌هێشت ئه‌م ته‌قه‌لایانه سه‌ر بگرێت •

ئه‌م کێشمه کێشانه زۆر پایه‌دار ما هه‌تا ئازار که‌وته دڵی ئه‌فسـه‌ره ئازاکانی سوپاوه • ئـه‌نجا ئه‌مان هاتنه مه‌یدان‌و به‌ڵێنیان دا کـه ئه‌م میلله‌ته له‌م ئیداره پیس‌و بۆگه‌نه ڕزگار که‌ن •

**ڕۆژی ئینقیلاب ١٤ی مانگی گه‌لاوێژ سالی ١٩٥٨م**

ئه‌مجا سه‌ر له به‌یانی‌ی ڕۆژی ١٤ی گه‌لاوێژ ( تـه‌مووز ) ١٩٥٨م ئه‌م ئه‌فسه‌ره به ڕێزانه‌ی سوپا هه‌ڵیان کوتایه سه‌ر خێزانی پادشایی عێراق گشتیان کوشتن له‌گه‌ڵ پیاوه فـه‌رمانڕه‌وا گوناهباره‌کـان که لـه ژوور هه‌موویانه‌وه نووری سه‌عید سه‌ره‌ك وه‌زیری حوکوومه‌ته‌که‌ش لـه‌نـاو کوژراوه‌کانا بوو • به‌و جۆره حوکوومه‌تی عێراق له خراپی‌ی ئیستیعمار ڕزگار کراو ( حوکوومه‌تی کۆماری ) عیراقی ئیسـتا لـه‌و ڕۆژه‌وه دروست بوو •

کورده‌کانی عێراقیش به ئاواتی مێژوویی خۆیان گه‌یشـتن چونکو هه‌ر ئه‌و به‌یانی‌یه جاڕ درا کـه ڕژێمی تازه‌ی حوکوومـه‌تی عێراق کۆماری‌یه واته جومهووریه‌ته • عه‌ره‌ب‌و کورد به شـه‌ریکی وه‌کـو برا حوکوومه‌ته‌که ئیداره ئه‌که‌ن به‌پێی ماده‌ی (٣) هه‌م له ده‌ستووری موه‌قه‌تی حوکوومه‌تی عێراق • وه هه‌موو عێراقی‌یه‌کان مافیان وه‌ك یـه‌ك وایه له‌م حوکوومه‌ته‌دا •

جا کورده‌کانی عێراق پشتیان به‌ستووه به‌م ئینقیلابه ، وه به ته‌مـای یاشه ڕۆژی به‌رزو پایه‌دارن •

**بێینەوە سەر هەواڵی کوردستانی ئێران :**

کوردستانی ئێران کیشوەرێکی زۆر گرنگە • نیشتمانی سەرەتایی نەتەوەی کوردە • لەوێوە بڵاو بوونەوە بەسەر زەمینەکانی تری کوردا • دوا بەدوای کوردستانی تورکیایە • ڕۆژهەڵاتی چیاکانی ( زاغرۆس ) هەمووی ئەم کوردستانی ئێرانەیە •

باس و هەواڵی پێش سەدەی بیستەمی ئەم نیشتمانە لە نووسینەکانی پێشوودا نووسراوە • حوکوومەتەکانی پێشووی ئێران لەگەڵ کوردا هیچ باش نەبوون ، بە بێگانەیان ژماردوون • کە ئەبوو لە ناوەڕۆکی نەتەوەی خۆیانی بژمێرن ، چونکو پایەدار بوونی ئێران بە سایەی کوردەوە ئەبێت ئەگینا ئەبێت بە دەوڵەتێکی بچووکی بێ مایە • شاهەنشایەتیی ئێران بە کوردەوە ئەبێت و ئەمێنێت •

حوکوومەتەکانی ئێران کوردیان زۆر هێناوەو بردووە • بە دەربەدەری ڕەوانەی هەموو لایەکیان کردوون • کوردەکانی ڕووسیەو ئەفغان و بلووجستان و هەندێکی عێراق و تورکستان هەمووی سەرەنجامی ئەم جۆرە ئاوارە بوونانەن •

ئەنجا ئەمانە هەمووی ڕۆیشتووەو بڕاوەتەوە • ئێمە لێرەدا ناتوانین لەو هەواڵانە بدوێین ، بەڵکو باس و هەواڵی سەدەی بیستەمیان ئەنووسین •

**کۆماری مەهابادی کوردی ( ١٩٤٥ ـ ١٩٤٦ )م :**

**سەرەتا :**

لە سەرەتای سەدەی بیستەما جووڵانەوەیەکی ئینقیلابی لە ئێرانا پەیدا بووە • خەڵکی ئێران لە حوکوومەتی ( شاهەنشاهی ) قاجارەکانی دوایی داوای ئازادیی و ئیدارەی دیموقراتیی کرد • میللەت شۆڕشی هەڵگیرساند • شاە ئێرانی بەجێ هێشت و نەختە نەختە ئازادی دیاری دا • بەڵام لە

دیمەنێکی هیچ و پووچا • وا دەر ئەکەوێ لە ئێرانا پێش کەوتن و بڵاوبوونەوەی زانیاری و گەشە کردنی ئابووری و بەرز بوونەوەی زانیاری و گەشە کردنی ئابووری و بەرز بوونەوەی کۆمەڵایەتی زۆر بەستی ئەڕوات ئیدارە کردنی وڵات هێشتا لەسەر ڕەوشتی پێشووە نەگۆڕاوە •

کە جەنگی گەورەی دووەم دوایی هات لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٥ دا کوردەکان بە یارمەتی ڕووسیەی سۆڤیەتی لە مەهاباد کە کەوتووەتە باکووری خۆرئاوای ئێران کۆمارێکی کوردیان دامەزراند • ( قاضی محمد ) کە یەکێك بوو لە پیاوە دیاری یەکانی ئەو ناوە کرا بەسەرۆکی ئەم کۆمارە • ئەم کۆمارە بچکۆلەیە لە ژیانە کورتەکەیا زۆر هەوڵی دا کە وڵاتەکە بەرەو پێشکەوتن بەرێت و باری زانیاری و تەندروستی ی وڵاتەکە پێش بخا • ( قاضی محمد ) زۆر جار ئەیوت : « فەرمان بەرێتی ی حوکوومەتی ئێران ئەکات و کۆمارەکەی تەنیا خاوەنی سەربەخۆیی ناو خۆی هەیە لە ناو ئێرانا » لەگەڵ ئەمەشا حوکوومەتی ئێران دانی نەنا بەم سەربەخۆیی ناو خۆیی یەداو دنیایان هورووژاند بەرامبەر ئەم کۆمارەو کۆماری ئازربایجانی ئێرانی • بۆیە دەوڵەتە خۆرئاوایی یەکانی ئەورووپا یاریدەی حوکوومەتی ئێرانیان دا بەو ناوەوە کە گوایە ڕووسیە یاریدەی ئەم دوو حوکوومەتە ئەدات • لەبەر ئەوە ڕووسیە چارەی نەما یاریدەکەی وەستاندو سوپاکەی لە ئێران کێشایەوە • ئەمجا هێزی ئێران چووە ناو ئازەر بایجانەوەو کۆمارەکەی لەناو برد • لە دوای ئەوە هێزی تری ئێران لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦ دا چووە مەهابادو کۆمارە بچکۆلەکەی ئەوێشی لەناو برد ، وە حوکوومەتی ئێران لە پیاوە گەورەکانی مەهاباد لەپێش هەموویانەوە پێشەوای مەزن ( قاضی محمد )ی خنکاندو ، هەرێمەکەشی خستە ژێر بەڕێوە بردنێکی

سەربازانەی توندو تیژ کە هەتا ئیستەش ئەم جۆرە بەڕێوەبردنە هـــەر لە کاردایە •

**باری کوردەکان خراپە لە تورکیاو ئیران دا :**

جا بەم ڕەنگە کوردەکان لە ئیران‌و تورکیادا کەوتوونە ژێر جنگی جۆرە حوکوومەتێکەوە کەبیری باش نی‌یە بەرامبەریان ، وە نایـــانەوێ پێویستی کوردەکانی جێ بەجێ بکەن کە ئەویش بریتی‌یە لە پاراستنی قەبارەو زمانیان لەگەڵ خزمەتی ناوچە کوردەکان لە ڕووی هەڵسووڕاندن‌و تەندروستی‌و زانیاری‌یەوە جیاوازی نەبێت لەبەینی نەتەوەکانـــدا • یەعنی هەموو وەك یەك بژین • کەچی پیاوی دیارو خوێندەواری فارســەکان‌و هەموو کاربەدەستانی ئیران بۆ ئەوەی پیاو لە کورد هەڵ نەکەوێ نایـەڵن قوتابی‌ی کورد لە جامیعەکانا بخوێنێ !!

## شـــارستانیەتی‌ی کورد پاش ئیسلامیەت ڕەوشت‌و خووی کۆمەلایەتی‌یان

کورد کە داوی بوو بە داوی نەتەوەی عەرەبەوەو نیشـــتمانەکەی داگیر کرا ، ئیتر وردە وردە بوو بە ئیسلام ، وە بەهۆی بـەڕێوە بـردن‌و ئایینی تازەوە ڕەوشت‌و خوویان زۆر گۆڕا • لە عەرەبەکانەوە گەلێـك خوڵق‌و پیشەی تازەیان وەرگرتووە • بۆیە کوردی پاش ئیسلامیەت زۆر فەرقی هەیە لەگەڵ کوردی پێشوودا •

ئەگەرچی ناتوانرێت لەسەر ئەم باسە شتی زۆر بنووسرێت ، چونکە ئەم حاڵەتە گۆڕاوانە کامی کۆنەو کامی تازەیە بۆمان جیا ناکرێتـــەوە • لەبەر ئەوە بە کورتی تەبیات‌و ڕەفتاری ئەمانە لای خوارەوە بەیان کرا •

١ ـ بەرو دوا کوردەکان ڕەوشتیان وابووە پیاوی ئیختیار لە هۆزا

سەرەکی هۆزەکە بووە • لەمانە کامیان زۆر بەکار بووبێت کراوە بە گەورەی تایەفەکە • ئەم جۆرە ماقوولانە قسەیان فەرمان ڕەوا بووە • کەس نەیتوانیوە بەجێی نەهێنێ • لە کاتی پشێوی وەیا جەنگدا کەس لە قسەیان دەر نەچووە • پشتی ئاغاوات و ئەم بەگانە قایم بووە • ڕەنگە ئەم نەریتە کرداری پێشووتریان بووبێت •

٢ ـ ئەوانەی لەسەر ڕەوشتی عەشیرەتی ژیاون ، بەشێکیان هێشتا لەسەر کرداری کۆچەرییەتی ماون وەك باوك و باپیرەکانیان • بەڵام لەمانە بەشێکیان بەرە بەرە فێری کشت و کاڵ کردن بووەو لە دێهاتا دانیشتووە • ئەمانە ئەمجا بوون بە ( دێکان )ی کۆچەرییەکان بۆ لەوەڕ گەرمیان و کوێستانیان کردووە بەخوو • ئەوی چووەتە ناو شار بووەتە ( شارستانی ) •

٣ ـ ئەوانەی لە شارا ژیاون لەگەڵ هەموو جۆرە پیشە سازی و فرمانی تری شارستانیدا خەریك بووەو ئەوانی ڕێکانی بوون بە کشت و کاڵ و ئاژاڵ بەخێو کردنەوە گیرۆدە بوون • وەرزێڕیشیان کردووە • شارستانییەکان لەسەر تەبیاتی عەشرەتایەتی نەماون ، بوون بە کۆمەڵێکی شارستانی بەڵام دێکانییەکان هێشتا لەسەر خوی عەشیرەتی ماون نەبوون بە شارستانی بێجگە لەمە هێشتا لە کوردا عێلاتی گەڕۆك ماوە لە ساڵێکا بە ڕێکو پێکی گەرمیان و کوێستان ئەکەن • یەعنی بۆ بەخێو کردنی ئاژاڵیان بە هاوینان ئەچن بۆ کوێستان و لە زستانا ئەهاتنەوە گەرمیان • ئەمانە کشت و کاڵیان نەزانیوە ، بەڵکو لە هات و چۆ کردنەکانیانا دێکانییەکان ئازار داوەو وەرزێرەکانیان تەنگەتاو ئەکرد • هەندێك عەشایر لەمانە بوون بە نیوە گەڕۆك ، بنەیان هەبوە کشت و کاڵیان بۆ بکا • ئەمە مانای ئەوەیە کە خەریکن واز لە گەڕۆکیەتی ئەهێنن •

قەومی کورد هەندێك ڕەوشتی تایبەتیی خۆی هەیە • ژن و پیاویان

فرمان کەرە • گەلێك جۆرباری‌و گەمەیان هەیە وەکو هەڵپەڕکێ‌و سەما ، جێژن‌و سەیران ، لەگەڵ ڕاو کردن لە کەژو کێوا •

لە بابەت ڕابواردنی کۆمەڵایەتی‌ی کوردەوە ، زاناکان لە ژیانی عەشایرەکانیان زۆر ورد بوونەتەوە • گەلێك نووسراویان هەیە دەربارەیان نووسیون وەکو ئەڵێن : ئافرەتی کورد هونەروەرە لە ژیانی دێکانی‌و گەڕۆکیدا نیوەی فرمانی خێزان لەسەر شانی ئافرەتە • لە ماڵا ئافرەت هەر خۆی حیسابە • جگە لەمانە لەئیش‌و کاری گەورەشا ئافرەتی کورد خۆی نواندووە • گەلێك ئافرەتی ناودار هەیە لە مێژووی کوردا ناوی نووسراوە • ئافرەتی کورد ڕوو لە سفوورە • خولقی ژن هێنانی زۆر لەکوردا گەلێك کەم بوەتەوە • ئەم خولقە لەبەر فرەئیشی هێشتا لە ناو خەلکی دێهاتا ماوە • لەناو شارەکانا تاکو تەرا هەیە • چۆنیەتی‌ی ناو ماڵ‌و ژیانی ناو خێزان لە نەتەوەی کوردا ڕوو لە پێشکەوتنە • ڕوو خۆش ، دڵپاك ، بە ناموس‌و میوان پەروەرو بەرچاو فەرەحن • چاو کراوەو ئەمین‌و بە وەفان • خزمایەتی‌یان قایمە • پارێزگاری‌ی گەورەو بچووك ئەکەن •

کورد بە ئازایی خولقاوەو بە جەرگ‌و وریایە• حەز لە سواریگەری زۆر ئەکات • هەمیشە لاسایی ( تقلید )ی شتی چاك‌و بە کەڵك ئەکاتەوە • ئامادەیە بۆ نەریت فێر بوون‌و پێشکەوتن • بەڵام لە زانین‌دا لەدوایە • بەشێکی ئەم ناتەواوی‌یەشی لەبەر ئەوەیە ئیستیعمار نایەڵێ ( کورد ) بە زمانی خۆیی بخوێنێ •

**ئایین‌و بڕوا :**

بەڕێوە بردنی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌ی عەرەبەکان ، نەتەوەی کوردی لە ( زەردەشتی )یەوە کردووە بە ئیسلام • ئەگەرچی ئەمانە سەردەمێك لەگەڵ یەکا ناکۆك بوون‌و بەڵکو بەهاندانی متعصبەکانی ئایینی پێشوو

بەرامبەر ئیسلامەکان جاروبار کوردەکان یاخیەتی‌یشیان کرد ، بەڵام بە ئەنجام هۆگری موسوڵمانێتی بوون ، چونکە کوردەکان باش تێ گەیشتن کە ئەمەیان باشترە لە ئاینەکەی پێشوو ، وە ماقووڵترو ڕێکەوتووتریشە ، وە لەدوای چەند پشتێك وای لێ هات نەتەوەی کورد لە نەتەوەکانی کە ساغترو دڵسۆزتر بوو بۆ ئیسلامیەت . لە مێژووی ئیسلاما خزمەتی نەتەوەی کورد بۆ ئیسلامیەت بەئاشکرا دیارە .

لە دوای ساغ بوونەوەی ( ئیسلامیەت ) زوربەی کوردەکان بوون بە ( سونی )و ( شافیعی مەذهەب ) . لە تورکیاو لە تورکیاو لە ئێراندا هەندێکیان بوون بە ( شیعە ) وەلە شیعەکانیشا بەشێکیان بوون بە ( علی اللهی )و ( کاکەیی )وەیا ( شەبەك ) . سونی‌یەکان هەموو بڕواکانی دوایی بەباش نازانن . بێجگە لەمانە لە ناوچەی مووسڵو وڵاتی ڕووسیەدا هەندێك کورد هەن ( یەزیدی )یان پێ ئەڵێن ، موسوڵمان نین . جا لێرەدا باسی بڕوای ( علی اللهی )و ( یەزیدی‌یەکان ) بکەین بێ کەڵك نی‌یە .

**بڕوای علی اللهی :**

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران ، پێش ئیسلامیەت ، بڕوای سەیریان بووە . کە بوون بە ئیسلامیش وازیان لەم بڕوا کۆنە نەهێناوە ، بەڵکو تێکەڵاو ئیسلامەتی‌یەکەیان کردووە . خەڵکی ( ئەرنیل )وەیا ( رمال ) لەوەپێش بڕوایان بە ( تناسخ ) بووە . لەگەڵ ئەوەشا ڕۆژیان بەرستووەو ئەمانە کە بوون بە موسوڵمانو ناوبانگی ئازایی ئیمامی عەلی‌یان بیستووەو چووە بە مێشکیانا وایان زانی کە بڕواکەی پێشوویان بەمە زیندوو بووەتەوە ، دەسیان کردووە بە پەرستنی ئیمامی عەلی . ئەمانە لایان وایە ( خوا ) کە ڕۆحانی‌یە بۆ ئەوەی پایەیەکی بەرز بدا بە ئینسانیەت چووەتە لەشی ئیمامی عەلی‌یەوە ، وەکو لەمەوپێشیش چوو بوە لەشی ( بەنیامینو مووسیو عیسا ) ، وە لەدوای ئیمامی عەلی چووەتە گیانی

( سەلمانی فارسی‌و ئیمامی حوسەین‌و هەفت تەن )ەوە • بێجگە لەمە ئـەم نەفام‌و گەوجانە بڕوایان وایە کە پێغەمبەر لە لایەن ئیمامی عـەلی‌یـەوە نێرراوە بە پێغەمبەری ! لەمانە ( احمد ) ناوێکیان وتوویە ئەم قورئانـەی کە ئیستە بە دەستەوەیە ، بڕوای پێ ناکرێت ، چونکە قورئانەکە لەمـەڕ ئیمامی عەلی نی‌یە کە بۆ پێغەمبەری نارد ، بەڵکو ئەو قورئانەیە کە ئیمامی ( ابو بکر ، عمر ، عثمان ) سووتاندیان‌و هینەکەی ئیستەیان ڕێك خست • جا ئەمانە لەبابەت قورئانەوە درۆو دەلەسەیان زۆرە ، وە هەچ قورئانێکیان دەس کەوتووە سووتاندوویانە •

ئەم بڕوا چەوتە لە خۆشەویستی‌ی ئەهلی بەیتەوە دەسی پێ کردووە ، بە ئەنجام چووەتە سەر شڵی بەخوا دانانی ئیمامی عەلی‌و لەمەشا نەوەستاوە ، هاتووەتەوە سەر بڕوای کۆنیان کە ( ڕۆژ پەرستی ) بووە • ئەم نەفامانـە لایان وایە کە ئیمامی عەلی بەرز بوەتەوە چووەتە ناو ڕۆژەوە ، وەبەڕۆژ ئەڵێن ( علی الله ) !

پێشینایان گۆشتیان لا حەرام بووە ، ئەمانیش ئیستە گۆشت ناخۆن • بەڵام خواردنی گوشتی ئەوانەیان لا حەڵاڵە کـە ( ابو بکر )و ( عمر )و ( عثمان )یان خۆش ئەوێ !

بڕوای ( لەك )و ( فەیلی )یەکانی لوڕستانیش لە (علی اللی) ئەچێت ، ئیسلامەتی‌یان کزە • لەناو عێلاتی ( کەلهوڕ )و ( گۆران )دا هەنـدێـك بڕوای ئایینی هەیە لە هی جوولەکەو مەسیحی ئەچێ • ئەمانەش ئینسانی موقەددەسی وەك ( بابا یادگار )و ( هەفت تەن ) بە پێغەمبەر دائەنێن • ڕەنگە ئەم بڕوایە لە جوولەکەکانی ( بخت نصر )ەوە ڕێك خرابێت کە برابوونە ئەو نـاوە !

## بڕوای یەزیدی :

هەندێ تیرەو تایەفەی کورد هەیە ( یەزیـدی )یان پێ ئـەڵێن ٠ بڕوایەکی تایبەتی‌یان هەیە ٠ لە ناوچەی ( حەڵەب )و ( وان )و (ئەرزڕۆم) دان ٠ بەڵێ هەرە زۆریان لە ناوچەی ( مووسڵو سنجارو شـێخان )دا دانیشتوون ٠ ڕەنگە ژمارەیان بگاتە چارەکە ملیۆنێک ٠

مێژوو نووسەکان ئەڵێن ئەم ناوە بۆ ئەم نەتەوەیە لە ( یەزد )وە یـا لە ( یەزدان )ەوە کە ناوی ( خوا )ن بۆیان ماوەتەوە ٠ ئەبێ باوەڕ بێ کە ئەم ناوە زۆر کۆنە ٠ ئەڵێن لە قافقاس‌و چین‌و ( کامچاتکا ) شدا ئەمانـە هەن ، بەڵام ناویان جیایە ٠ گۆیا بناغـەی ئـەم بڕوایە ئەچێتـەوە بۆ سـەردەمی ( مانی ) وەیا ئایینی زەردەشـتی‌ی کۆن ، چونـکە یەزیدی‌یەکانیش بڕوایان بە دوو خوا هەیە کە ( ڕۆژ )و ( شـەیتان )ە وەکو زەردەشتی‌یەکان کە ( تاریی )و ( ڕووناکی )یان پەرستووەو پێ یان وتوون ( هورمز )و ( ئەهریمەن ) ٠ ئەم یەزیدی‌یانەش بڕوایان بە خوای خێر هەیە کە ئەڵێن بڵندی‌و ڕەحمەتی ئەم خوایە قـەت دوایی نایـەت‌و بڕوایان بە شەیتانیش وایە کە مادەم هەموو خراپەیەك لەوەوەیە پێویستە پەرستش بکرێ تاوەکو ئادەمیزاد لە شەڕو خراپەی دوور کـەوێ ، وە ئەڵێن چونکە خوای خێر قەت خراپەی نابێت ، ئاتاجی بـەرستش نی‌یە ٠ بەڵام ئەگەر خوای خراپە نەپەرسترێ دەست ئەوەشێنێ ، هەرچی خراپەو مەینەتێ هەیە بەسەرمان دەهێنێ ٠٠

لەبەر ئەوە ئەم نەفامانە بەناوی مەلیکی گەورەوە شەیتان ئەپەرستن وە ئەڵێن چەند هەزار ساڵێك ئەم پیشەیە دەوام ئەکا ، لە پاشا هەردوو خواکە ئەکەونە جەنگەوە ، وە لەئەنجامی شەڕەکەیانا ئەگەر خـوای خراپـە سەرنەکەوت لە گەڵ خوای خێرا ڕێك ئەکەوێ ٠ کەواتـــە لە هەردوو حالەکەدا دەستەو دایەرەی ئەم خوایە ئەبیاتەوە ٠

ئەم قەومە گەورەیەکی هەیە ( میری شێخان )ی پێ ئەڵێن و لە ( شێخان ) دائەنیشێ • دەسەڵاتی تەواوی بەسەر قەومەکەداو لەخۆی بچووکتر پیاوماقووڵیشی هەیە • فرمانەکانی شێخ ئەمانە بەجێی ئەهێنن • سەرۆکی ئاینەکە جیایە ناوی ( بابە شێخ )ە ، نوێژو ڕۆژوو بە دەست ئەمە • هەندێ وردە شێخی لەژێر دەستایە فەرموودەکانی ئەم شێخە بەجێ ئەهێنن • هەر بابە شێخە کە بتوانێ ( فتوا ) بداو ماوەی نوێژو ڕۆژووو حەرامو حەڵاڵ دانێ • ئەم دوو مەرتەبە گەورەیە کە باسمان کردن میراتی‌یە •

ئەم یەزیدی‌یانە خۆیان وەها ئەنوێنن کە بڕوایان بە ئاینەکانی تریش هەیەو ئەڵێن ( مەزهەبی مانی ) ڕاستە • لە کاتی هەڵاتن و ئاوابوونا ( سەجدە ) ئەبەنە بەر ڕۆژو لە ڕۆژی خۆیا گای بۆ ئەکەن بە قوربانی • لایان وایە خواردنی گۆشتی ( زیندەوەر )و بڕینی داری ( دۆڵی موبارەك ) گوناهە •

ژن و ژن خوازی هەر بۆ خۆیان ئەبێت کچ نادەن بە بێگانە • بە کەسێکی بێگانە مەزهەب ناڵێن ( برا ) ، بەڵکو پێی ئەڵێن ( صاحب ) •

# ناوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٣ | سەرەتا |
| ٥ | پێشڕەو |
| ٧ | سەرەتای پەیدابوونی ئادەمیزاد لە سەرزەمین |

| لاپەڕە | بابـەت |
|---|---|
| ١٢٢ | مادی بچوک |
| ١٢٤ | مەدەنیەتی نەژادی کورد |
| ١٢٨ | ئایین وبڕوا |
| ١٤١ | زمـــان |
| ١٤٦ | کورتەی تطوراتی مێژوویی زمانی کوردی |
| ١٦٤ | پەیدابوونی ئایینی ئیسلام‌و لە ناوچوونی کەیانی ئاری کۆن |
| ١٧٢ | موسوڵمان بوونی قەومی کورد |
| ١٧٦ | دوای ئیسلامەتی هەواڵی مێژوویی کوردو کوردستان |
| ١٨١ | دەوری سەربەخۆیی کورد |
| ١٨٣ | حکوومەتی سالاری‌یە |
| ١٨٤ | حکوومەتی ڕوادی لە ئازەربایخان |
| ١٩٦ | حکوومەتی دۆستەکی‌و مەروانی |
| ٢٠٩ | حکوومەتی بەرزیکانی |
| ٢١٧ | حکوومەتی ئەییووبی |
| ٢٦٣ | حکوومەتە وردەلەکانی کورد |
| ٢٦٨ | حکوومەتی زەنـد |
| ٢٨٤ | حکوومەتی ئەردەڵان |
| ٢٩٥ | حکوومەتی سۆران |
| ٣٠٣ | ئەمارەتی بابان |
| ٣٢٣ | لە دوای بێ‌هێزی خەلافەتی ئیسـلام هـەواڵی کوردو کوردستـان |
| ٣٤٧ | تازە بوونەوەی سەودای سەربەخۆیی لە کوردستان |
| ٣٤٧ | هەڵسانی کوردی ( جان پۆلا ) |

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٣٤٨ | هەرای قەڵای ( دم دم ) |
| ٣٥٦ | قەڵاچۆی خێڵاتی موکریان |
| ٣٥٩ | تازە بوونەوەی هەرای موکریان و ئەنجامەکەی |
| ٣٦٣ | لە سێ سەدەی دوایی ڕۆژهەڵاتی نزیکا |
| ٣٦٣ | هەواڵی کوردستان |
| ٣٦٥ | کورد لە سەردەمی نادرشاه دا |
| ٣٦٩ | کورد لە ١٥٠ساڵی دواییدا |
| ٣٧١ | بە کورتی تەقەلای دوایی کوردەکان |
| ٣٧٩ | وتاری تەئریخی |
| ٣٨٢ | نەتەوەی کورد هەموو کاتێک بەکەڵک هاتوە |
| ٣٨٦ | کورد لە چەرخی بیستەما |
| ٣٩٢ | هەواڵی کوردستانەکانی تر |
| ٣٩٨ | شارستانی‌یەتی کورد پاش ئیسلامیەت |